بیرەوەری

حاجی مەسیفی

# لە مەسیف-ەوە بۆ مەسیف

ئامادەکردنی:

کەیوان سەعید

٢٠٢٥

ناوی کتێب:

**لە مەسیف-ەوە بۆ مەسیف**

بابەت: بیرەوەری حاجی مەسیفی

ئامادەکردنی: کەیوان سەعید

هەڵاوێرد و جیاگردنەوەی دەنگ: سارا جەعفەر

هەڵەچنی زمانەوانی: حامد محەمەد

تایپ: راز رێبوار

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم- ٢٠٢٥

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپ: چاپخانە بینایی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣١٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە

هیچ کەس و لایەنێك ڕێگە پێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە،
جاگەر بەشێوەی کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، ئەلیکترۆنی یان
هەر شێوازێکی تری لەبەر گرتنەوە بێت.

بیرەوەری

حاجی مەسیفی

# لە مەسیف-ەوە بۆ مەسیف

ئامادەکردنی:

کەیوان سەعید

٢٠٢٥

# پێڕست

پێشەکی.........................................................................ئەرسەلان بایز.............٧
بەشی یەکەم: دیدار لەگەڵ (حاجی مەسیفی)........................................................... ٩
بەشی دووەم: یەکەم هەنگاوی ڕێگایەکی سەخت بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی ..........٧٩
بەشی سێهەم: .................................................................................................٩١
بەشی: چوارەم................................................................................................. ١٨٥
بەشی: پێنجەم................................................................................................. ٢٠١
بەشی شەشەم: دانانەوەی بارەگا لە مەسیف........................................................ ٢٢١
بەشی حەوتەم: هەڵبژاردن و قۆناغێکی نوێی خەبات..................................................... ٢٣٣
بەشی هەشتەم: هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ............................................................ ٢٤٣
بەشی نۆ: کارکردنم لە دەزگای مین.................................................................... ٢٧٩
پاشکۆ: پوختەی ژیانم ........................................................................................ ٢٩٣
لە کۆتاییدا ....................................................................................................... ٣٢٥
ئەلبوومی وێنەکان.............................................................................................. ٣٢٧

**گۆڕی زۆر کەسم بینی بۆ مافەکانیان نەجەنگان،**

**تا نەکا بکوژرێن..**

**چێ گیڤارا**

### پێشەکی

## هەڵۆ لە لوتکە نەبێ نامرێ

**ئەرسەلان بایز**

هەڵۆ لە لووتکە نەبێ ناژی، هەر لە لوتکەش دەمرێ، هەڵۆ لە سەخرتین شوێنەکان هێلانە دەکات، بێچووەکانی لەوێ چاویان دەکرێتەوەو پەروەردە دەبن. کاتێ باڵیش دەگرن لە شەقەی باڵدەدن و بەرەو کەشکەلانی ئاسمان دەفڕن. هەڵۆ ئەگەر لە لوتکە نەژی و نەمرێ هەڵۆ نیە. هەر بۆیەش هەڵۆ هەڵۆیەو، باڵندەکانی تریش باڵندەی ئاساینی.

هەڵۆ هێمای چاوتیژی و بەرچاو ڕوونی و، هەڵمەت و چنگ پڕ لە گڕە، بۆیە مرۆڤە ئازاو بە هەڵمەتەکانیش ناوو سیمای هەڵۆیان لێدەنرێت. نە هەموو باڵندەیەک هەڵۆیەو نە هەموو مرۆڤێکیش لە چەشنی هەڵۆن. ئەوانەی گیانی خۆیان نەزری خاک و نیشتیمان دەکەن و هەڵۆ ئاسا لە لوتکەکان دەمرن، بالآیان بە قەد بالآی شاخەکانی کوردستانە، بەرگی خوێناوییان گولاڵە سوورەی کوێستانەکانی نێو لێرەوارو دەم چەم و قەد پاڵی چیاکانە. هەموو سالآنێک لەگەڵ نمەی بارانی وەرزی بەهاران، لە ژێر بەفرەوە دێنە دەرەوەو دەژێینەوە.

داستانی ئازایەتی و مەرگبازی دەرویشەکانی ڕێگای هات و نەهاتی سەرفرازی کوردایەتی. برنەوێک لە شان، ڕەختێکی پڕ فیشەک لە کەمەر، جلێکی خاکی لەبەر، مەتارەیەکی پڕ لە ئاو، ڕادیۆیەکی خشەخش کەر، سکێ تێرو سکێ برسی. لەم یاڵ بۆ ئەو یاڵ، لەم پەنا تاوێر بۆ ئەویتر، ئەسپێ ون، چالاکی زیاترو کێ برکێ لەسەر مەرگ، هەموو سەرمایەی پێشمەرگە هەڵۆکانی کوردستان بوون. نەک وەک ئەمڕۆ کێ برکێ لەسەر ئەوەی کێ سامانی زیاترە. کێ زیاتر لە کاروانی ئۆتومبێلی جام ڕەشی بەدواوەیە. کێ زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵیەتیەکان و شاشەی تەلەفزیۆنەکان خۆی دەنوێنێ. ئێمە هەر وەکو دەڵێن (بە خەونی گەورە کەوتینەڕێ) بەلآم بەداخەوە نەمان توانی خزمەتگوزاری پێویست و باش پێشکەش بە میللەتەکەمان بکەین. نەمانتوانی نموونەیەکی جوان و باشی حوکمڕانی نیشانی دەوروبەرو دنیا بدەین. زیاتر لە سی ساڵە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمانین. بەلآم بە هۆی پیلانی داگیرکەران و ناتەبایی و حیزبایەتی بەرچاو تەنگی خۆشمان، گلەیی زۆری کۆمەلآنی خەڵکمان

هێنایە سەر خۆمان. دەترسم ڕۆژێک ئاهو زایەڵەی دایکانی شەهیدو ماڵە هەژارەکان بمانگرێ.

ماوەیەکە نووسینەوەی بیرەوەرییەکان بۆتە نەریتێک، تاکو ئەمڕۆ دەیان سەرکردەو پێشمەرگە لە ڕوانگەی خۆیانەوە باسیان لە مێژووی خەباتی خۆیان و شۆڕش و پێشمەگایەتی کردووە. ئەم کتێبەی کاک (حاجی مەسیفی)ش سەربردەی بنەماڵەیەکە کە هەڵۆ ئاسا لە گوندەکان چاویان کردەوەو پەروەردە بوون. شاخەو شاخیان کرد. فرمێسکیان ڕشت. زەبری بەعسیان چێشت. بۆیە قەدری ئەم ئەزموونە دەزانن و هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی دان. هەر لەو پێناوەشدا چەندین لە ڕۆڵەکانیان لە دوندەکان شەهید بوون.

نووسینەوەی ئەم یاداشتەش هەوڵێکی ترە بۆ تیشک خستنە سەر قۆناغێکی خەبات لە دەڤەرێکی کوردستان، یاداشتێکی لەو جۆرەش ئاشناکردنی نەوەی ئایندەیە بە ئازارو مەینەتی و خەباتی قۆناغێکی سەختی تێکۆشان بۆ سەرفرازی گەل و خۆشەویستی نیشتیمان.

بەهیوام ئەم یاداشتنامەیە دەرگایەکی تر بکاتەوە بۆ گەنجەکان و سوودی لێ وەربگرن هەڵەکانمان ڕاست بکەنەوەو برەو بە کارە چاکەکان بدەن. ببێتە هاندەرێک بۆ خزمەتی کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

# دیدار لەگەڵ (حاجی مەسیفی)

هەواڵنامەی کتێب

مێژوو گرنگترین بەڵگەنامە و ناسنامەی بوونی هەر گەلێکە، هەر مێژوویەکیش وابەستەی بڕیار و هەڵوێست و کار و کاردانەوەی کەسێک یان کەسانێک، بەرەیەک یان زیاتره لەسەردەمێکی دیاریکراودا، دەشێت کۆی ئەمانە خوڵقێنەری کارەساتێک یان ڕووداوێک بێت، یاخود دەرئەنجامێکی بەرهەمدار و ئاشتی خوازانە بەدووی خویدا بێنێت، من (حاجی مەسیفی) وەکو تەواوی هاوخەباتەکانم لەتافی لاوێتیدا بۆ داکۆکی کردن لە مافی گەلەکەم بەرامبەر سەرسەختترین دووژمنی کورد و کوردستان، چومە نێو بازنەی شۆڕش و بەوپەڕی پتەوی بیروباوەڕم و بەهێزی بازوم و تفەنگەکەی شانم، بەدرێژایی سالانی خەبات، ئامادەی بەرگری کردن بووم لە خاک و سەرخستنی دۆزی ڕەوای میللەتەکەم.

بڕینی ڕێگا سەخت و دژوارەکانی سەردەمی شاخ و سەرمای زستان و ڕۆژانی بەفر و رەهێڵە و زریان و باران، گەرمای سوتێنەر و تاقەت پڕوکێنی هاوین، وەڕەسیان نەکردین و چۆکیان پێ دانەداین، پێشمەرگانە بەردەوامیمان داوە بەخەبات.

لە ئێستادا تەمەنم لە نیو سەدە تێپەڕیوە، دەمەوێت ئەو ڕابردووە لە ڕێگەی نوسینەوەی بیرەوەرییەکانمەوە بەنەمری بهێڵمەوە، تا ئەم نەوەیە و نەوەکانی داهاتوو ئاشنا بکەم بەو دوێنێیەی ڕوبارێک خوێنی لە پێناودا ڕژاوە، بەو هاوڕێ و هاوسەنگەرە قارەمانانەی سنگی خۆیان لە پیناو گەیشتن بە ئازادیدا دەنا بە گولەوە.

ئێستا لە ژوورەکەی خۆم لەسەر کورسییەکی ڕەق دانیشتووم بەرامبەر بە چاوی کامێرایەک، لە ڕێگەی ڕوخسارمەوە هەستەکانی وەک خەم و ئازارەکانم، خۆشی و پێکەنینەکانم، وەک ئاوێنەیەک تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، جارجارە زەردەخەنەیەک دەکەوێتە سەر لێوم و جارجارەش بەدەم گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانمەوە، ئاهو حەسرەت بۆ ڕۆژگاری بەسەرچووی تەمەنم هەڵدەکێشم، لەگەڵ ناوهێنانی ئەو هاوڕێیانەمدا کە شەهید بوون، یان بە هۆکاری تر لە ژیاندا نەماون، دڵم تەنگ دەبێت. گەرچی بیرەوەرییە تۆمارکراوەکانیشیان بۆ ئەو سەردەمە خۆش بووبێت، بەڵام بۆ ئێستا وەک برینێک وایە و هەرگیز سارێژ نابێت... لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرەوەریانەی لەیاد ناکرێن، لەگەڵ بەبا کردنی دووکەڵی جگەرەکەمدا، گەرەکمە سەرێک بدەمەوە لە دیوارە قوڕین و بانە قوڕینەکانی (کۆگێ عەلا) و بگەڕێمەوە بۆ باوەشی پڕ لە مێهرەبانی دایکم و جارجارەی توڕەبوونەکانی باوکم. قاقاکانی

مندالّی و قامچییەکەی محەمەد (محەمەد مستەفا جوندی)ی هاوڕێم و خوێندن لە ژێر دار سنەوبەرە گەنجەکانی مەسیف، بگەڕێمەوە بۆ چاونەترسیمان لە سەردەمی ڕێکخستنەکاندا، سەردەمی پێشمەرگایەتی و تێکەڵ بوونی دەنگی تەقە و گاڵەی پێکەنین. گەلێک جاریش دەچمەوە بیری ئەو هاوڕێیانەی خوێنی خۆیان کردە خەڵات بۆ کوردستان و شەهید بوون.

تا ئێستاش لەحەسرەتی دواین دیداریاندا قوڵپی گریان هەوکم دەگرێت و فرمێسکە قەتیس ماوەکان بە چاوانمدا دێنە خوارێ.

دەمەوێت گوزەرێک بەتەمەنی پڕ لە سەرکێشییەکانی ڕابردوومدا بکەم و پەلکێشتان بکەم بۆ ڕۆژگارە پڕلە کێشمە کێشمەکانم...

هەواڵنامەی کتێب

# ڕەچەڵەکی ئێمە

ژیانم بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، ئەوانیش (قۆناغی منداڵی، قۆناغی خوێندن و قۆناغی پێشمەرگایەتین). لە هەر یەکێک لەم قۆناغانەش بەکۆمەڵێک ئەزموونی ژیاندا تێپەڕیووم، دەشێ هەندێکیان خۆش و هەندێکی تریان ئازاربەخش بن، ئەمە سروشتی مرۆڤە و ناچارە تاڵی و شیرینییەکانی ژیان ئەزموون بکات، تا زیاتر چێژی لێ ببینێت. دەتوانین بڵێین مرۆڤە کەم ئەزموونەکان تەنیا ژیاون، تامی سەرکەوتنیان نەکردووە و فێری هەستانەوە نەبوون لە شکستدا ...

من ناوم (جەمال)ە، دایک و باوکم خەڵکی گوندی گەلیاوا (گەریاوا)ن، دەکەوێتە باشووری شارۆچکەی مەسیفەوە، لە دواتردا بەوردی دەربارەی خۆم و خانەوادەکەم و منداڵیم دەدوێم، بەڵام بە پێویستی دەزانم سەرەتا دەربارەی گوندی گەلیاوا و بەرەبابەکانی ئەوێ بدوێم.

گەلیاوە (گەریاوە) لە چەند بەرەبابێکی دیار و گەورە پێک دێت، ئەوانیش بریتین لە بەرەبابەکانی (تەیاری، سۆرگوڵی، شارە بەگی، وەیسی، محەمەد گەوری، سرێمانی، ڕێوی و جاندار) جگە لە بەرە بابی جاندار، هیچ یەکێک لە بەرە بابەکانی تر بەڕەچەڵەک خەڵکی ناوچەکە نین و هەریەکە و لە ناوچەیەکی دیکەوە هاتوون، هەندێک لە بەرە بابەکان لە ڕۆژهەڵات و هەندێکی تریان لە باکوری کوردستانەوە هاتوون.

ئێمە لە بەرەبابی (تەیاری)ن، دەربارەی ڕەچەڵەکی ئێمە دەگوترێت: «باپیرانمان لە (فەلەی تەیاری) بوون لە ناوچەی هەکاری، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا و بە هۆی زەبروزەنگی عوسمانییەکان کۆچ دەکەن بۆ «گەلیاوا».

ناوی گوندی گەلیاوە دەشێ لە ناوچە جوگرافییەکەیەوە وەرگیرابێت، ئەو ناوچەیە گەلییەکی لێ بووە ئاوی پێدا هاتۆتە خوارەوە، بەڵام خەڵکی گوندەکە پێی دەڵێن (گەریاوە)، دەشێ ئەو گۆکردنە لە وەوە سەرچاوەی گرتبێت خەڵکی ناوچەکە و هەولێر پیتی (ل) دەگۆڕن بۆ پیتی (ر).

بەر لەوەی مەسیف سەلاحەدین دروست بووبێت، خەڵکی ئەم گوندە بژێوی ژیانیان لەسەر جوتیاری و ئاژەڵداری بووە، لەسەرەتادا سەر شاخی پیرمام هەمووی موڵکی خەڵکی گەریاوە بووە و کردوویانە بە ڕەزی ترێ، موڵکی هیچ گوندێکی تری تێدا نەبووە، خەڵکی گەریاوا بۆ گرنگیدان بە ڕەز و باخەکانیان هاوینان دەچوونە مەسیف

و لەوێ ڕەشماڵیان هەڵدەدا، یاخود کەپریان بە چرووی داربەڕوو دروست دەکرد، تا نزیکی کۆتایی وەرزی پایز، لە سەرەتای وەرزی زستاندا جارێکی تر دەهاتنەوە ناو گوند.

خێزانەکەی منیش یەکێک بووە لەو خێزانانە، دایک باوکی منیش زۆر زەحمەتکێش و ماندوو بوون، یەکێک لەوکارانەی باوکم هاوینان زۆر پێوەی ماندوو دەبوو، کۆکردنەوەی ترێ و میوە و هەنجیری گوندەکەی خۆمان و گوندەکانی دەوروبەر بوو، بە گوێدرێژەکەی دەیبردن بۆ ناوچەکانی دەشتی هەولێر، وەک گوندەکانی (مرکێ، قەراج، کەندێناوە و شەمامک) و زۆرێک لە گوندەکانی دیکەی سنورەکە، باوکم سەردانی دەکردن و ئەو بەرهەمانەی کۆی کردبوونەوە بۆی دەبردن، لە بەرامبەردا ئاڵوگۆڕی پێدەکردن بەو پێداویستیانەی مەبەستی بوو، لەو سەردەمەدا بەم جۆرە بازرگانی و مامەڵەیە دەگووترا «ترێ بە گەنم»، زستانانیش لە پیرمام یان شاخی ئەوبەر کانی دۆ، داری دەبڕی و دەیبرد لە عەنکاوەی شاری هەولێر دەیفرۆشت و بە پارەکەی پێداویستییەکانی ماڵی دابین دەکرد.

بەگشتی خەڵکی گوندی گەریاوا خەڵکێکی زۆر تەبا و دڵخۆش بوون، هەمیشە بۆنەکانیان بەرز نرخاندووە و حەزیان بەشادی و ئاهەنگ بووە. وەک پیرەکان دەگێڕنەوە گەر ئاهەنگ و بۆنەیەکی دیاری کراو نەبووایە، پێکەوە ئاهەنگیان گێڕاوە و گووتوویانە «بەو بۆنەیەوە کە بۆنە نییە». جگە لەو تەبابوونە نێوخۆییە، پەیوەندییان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریشدا باش بووە، بەگشتی خەڵکێکی کاسب بوون، کێشە و گرفت لەگوندی گەریاوە بەراورد بە گوندەکانی تر زۆر کەم بووە.

گەریاوە بە گوێدرێژ بەناوبانگ بووە. چونکە زۆرتر کەلوپەلەکانیان بە گوێدرێژ گواستۆتەوە، دەمەوێت ئەمە بەدەرفەتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەک دابنێم.

ساڵی ١٩٨٧ کاتێک لە بیرە نەوتەکانی کەرکوک درا، هێزەکەی ئێمە بۆ ئاغجەلەر دانرابوو، دوای ئەوەی گەڕاینەوە گەیشتینە (ئێلینجاخی کۆیە) من و دوو برادەری خۆم لە ماڵێک بووین، گوێدرێژێک لە دەرەوە زەڕی، کابرای ساحێب ماڵ گووتی: «دەرێی نێرەکەری گەریاوەییانە».

ئەو نەیدەزانی ئێمە خەڵکی گەریاوەین. گووتم: «خاڵۆ گەریاوە بە چی بەناوباگە؟» گوتی: «کوڕم نێرەکەریان هەیە دەرێی هێسترن».

بەو قسەیە زۆر پێکەنین، بەڵام لەڕاستیشدا هەر وابوو، هەموو ماڵێک گەر دوو دانەی نەبایە دەبوو دانەیەکی هەر هەبێت. چونکە کەسابەتیان کەوتبووە سەر ئەو گوێدرێژانە، دارهێنانیان لەسەر شاخ و کەسابەتی دەشت و دەریان لەسەر گوێدرێژ بوو، جوتی زەوییەکانیان بە گوێدرێژ بوو، لای ئێمە گا بەکار نەدەهات، ئەمەش وای کردبوو دانیشتووانی گەریاوا زیاتر سود لە (نێرەکەر) ببینن بۆ ڕایی کردنی کاروباری ڕۆژانەیان.

## ڕێگای نوێ یان ڕێگای هاملتۆن
## و کاردانەوی خەڵکی گوندی گەریاوا

ناکرێت باس لە مێژووی دێرینی گەریاوە بکەم و باس لە دروست کردنی ئەو ڕێگا گرنگە نەکەم، ئەم ڕێگایە شوێنگەلێکی پێکەوە بەستەوە. لە سەردەمێکدا کرا ڕێگای زۆربەی نێوان شار و شارۆچکەکانی کوردستان، ڕێگای گڵین و کاروانچێتی و بزنەڕێ بوون.

بەنزیکەی سەدەیەک بەر لەئێستا و بە دروستی لە ساڵی (١٩٢٨). مەلیک فەیسەڵی یەکەم فەرمانی دروست کردنی ئەو ڕێگایە دەدات، ڕێگایەکی سەخت و شاخاوی و لە هەمان کاتدا ستراتیجی و بازرگانیی بووە، بەتایبەت لەڕووی سیاسییەوە بۆ بەریتانییەکان ئێجگار گرنگ بووە، پایتەختەکانی (بەغداد، تاران و نیوەدەلهی) پێکەوە بەستۆتەوە لەو سەردەمەدا.

ئەم ڕێگایە لە ناوەندی شاری هەولێرەوە دەست پێدەکات و بە شاخی پیرمامدا سەردەکەوێت، بە شەقلاوە و هەریر و خەلیفان و گەلی عەلی بەگ و سۆراندا دەڕوات، تا دەگاتە حاجی ئۆمەران و لەوێ کۆتایی دێت.

درێژی ئەم ڕێگەیە (١١٥میلە) و بە نزیکەیی دەگاتە (١٨٥کم)، ژمارەیەک شار و شارۆچکەی وەک (شەقلاوە، هەریر، سپیلک، خەلیفان، گەلی عەلی بەگ، بێخاڵ، ڕەواندز، سۆران، چۆمان و حاجی ئۆمەران). پێکەوە و بەناوەندی هەولێرەوە دەبەستێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بەو پێیەی ڕێگاکە سەخت و شاخاوی و پڕ لۆفە بووە، بە پێنج قۆناغ بەکۆتا گەیشتووە، گەرچی لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵی یەکەمدا بە کۆتا ناگات، بەڵام مەلیک غازی درێژە بە تەواو کردنی پڕۆژەکە دەدات و دوای پێنج ساڵ و لە ساڵی ١٩٣٣ ڕێگایەکە بە کۆتا دەگات.

ئەم پڕۆژەیە لە لایەن ئەندازیارێکی نیوزلەندی بە ناوی (ئارچیباڵد میلی هاملتۆن)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە سوپای بەریتانیادا بووە و لەبەر دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ کارەکەی، ڕێگاکە ناودەنرێت ڕێگای (هاملتۆن).

زۆربەی خەڵکی گوندی گەریاوا و گوندەکانی دەوروپشتی مەسیفیش، لەم پڕۆژەیەدا کاریان کردووە. ڕۆژانە زەحمەتییەکی زۆریان کێشاوە بەتایبەت لە دروست کردنی لۆفەکان، چونکە لەو سەردەمەدا ئامێری پێشکەوتوو نەبووە، بەڵکو بەهێزی بازو و ئامێری سادە کاریان کردووە. بەتایبەت لەو جادە کۆنەی لە مەسیف سەردەکەوت تا دەگاتە شەقڵاوە. لە ساڵی ١٩٤١ مەلیک فەیسەڵی دووەم (مەلیکە بچکۆل) و عەبدول ئیلاهی خاڵی و عالییەخانی دایکی و نوری سەعیدی سەرۆک وەزیران و چەند بەرپرسێکی دیکەی ئەوکاتە، لەلایەن میرانی شەقڵاوە و خۆرانەوە بانگهێشت دەکرێن بۆ نانی نیوەڕۆ، لەگوندی گۆمەسپان پاش نان خواردن، بە لۆفەکانی مەسیفدا سەردەکەون بۆ سەرشاخی پیرمام، کاتێک دەبینن ئەوێ شوێنێکی دڵڕفێن و فێنک و سازگارە، بڕیار دەدەن لە سەرەتادا سێ خانوو دروست بکەن. خانووەکانیش بەم ڕیزبەندییە دروست کران.

یەکەم خانوو کە لە ئێستادا مەکتەبی سیاسی پارتییە، پێش ئەویش میوانخانەی سەلاحەدین بووە، بۆ بیلاتی مەلەکی و نوری سەعید دروست دەکرێت.

دووەم خانوو (لە ئێستادا موڵکی مام کەریم ئاغای ڕەحمەتییە) بۆ تەها یاسین هاشم دروست دەکرێت، سەردەمانێک سەرۆک وەزیران بووە.

سێیەم خانوو بە قەسری وەسی دەناسرا، بۆ ماڵی مەلیک فەیسەڵی دووەم و وەسی (عەبدول ئیلای) خاڵی دروست کرا.

دوای ئەو خانوانە پێنج خانووی تر لە خوار خانووەکەی بیلات مەلەکی بۆ وەزیرەکان دروست کران، هەموو ئەو خانووانەش لەناو ڕەز و باخی خەڵکی گوندی گەریاوادا دروستکراون، بۆیە چەند کەسێکی خەڵکی گوندی گەریاوا کە

پێکهاتبوون لە (مام قادر و مام حسێن کەریم کە مامی خۆم بوون، مام کوێخا موستەفا، مامۆستا مەلا حمدامین، عبداللە باوکی شەهید کارزان، مام عەلی عومەر و مام کاکە ڕەش) هەستان بە کۆکردنەوەی نفوسی خەڵکی گوندی گەریاوە، بۆئەوەی بچن داوای قەرەبووی زیانی ڕەز و باخەکانی خۆیان لە مەلیک فەیسەڵی دووەم بکەن.

دوای ئەوەی هەواڵی هاتنی مەلیک دەبیستن، پلانێک دادەنێن و سەرەتا دەفتەر نفوسی[1] سەرجەمماڵەکانی گەریاوەیان کۆ کردەوە، وەک تەسبیح دەیکەن بە پەتەوە و دایان بە مام کاکە ڕەش، ئەم سێ کەسە و لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، دەچنە سەر شەقامە گشتیەکە و چاوەڕێ دەکەن، کاتێک قافڵەی سەیارەکانی مەلیک دەگەن (مام کاکە ڕەش) دەچێتە بەرتایەی سەیارەکەی مەلیک و بەدەست ئاماژە بۆ دەفتەر نفوسەکانی ملی دەکات و پێی دەڵێت: «یان دەبێت ئەو هەموو خەڵکە بکوژیت، یان دەبێت مافی ئێمە بدەیت».

مەلیکیش داوا دەکات کەسێک قسەکانی بۆ وەربگێڕێت، وەرگێڕەکە تەواوی قسەکانی بۆ وەردەگێڕێت، ئەوان دەڵێن: «ئێوە هەموو ڕەزو باخەکانی ئێمەتان کردووە بە خانوو، هیچ مافێکیشمان وەرنەگرتووە، لە کاتێکدا ئەوە بەری ڕەنج و ماندوو بوونی ئێمە بووە» دوای گوێگرتن لەداواکانیان مەلیک بڕیار دەدات کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات. هەر هێندەی مەلیک دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد، دوو بڕیاری گرنگ دەردەکات .

**یەکەم:** قەرەبووی هەموو ئەوکەسانە بکرێتەوە کە ڕەز و باخەکانیان بەکاردێت بۆ میری.

**دووەم:** مافی لەپێشینەی دامەزراندن بۆ ئەو پرۆژانەی لەو سنورە جێبەجێ دەکرێن. دەبێ بۆ خەڵکی گوندی گەریاوە بێت. لەڕاستیشدا هەر وابوو، زۆرترین خەڵکی گەریاوە لە مەسیف دامەزران.

---

١. دەفتەر نفوس: ئەو دەفتەرە بوو زانیارییە کەسییەکانی تێدا تۆمار کرابوو، وەک ناسنامە، یان کارتی نیشتمانی ئێستا.

# دەربارەی مەسیف و ناوەکانی مەسیف
# مەسیف سەلاحەدین- پیرمام

ڕەنگە کاتێک باسی ئەم شارۆچکەیە دەکەین، ئاسان نەبێت سەرنج بخەینە سەر ناوێک، چونکە بە چوار ناوی جیاواز ناوزەد کراوە، بەڵام هەرچی بێت دەبێت لەبارەی شوێن و هەڵکەوتەکەیەوە بدوێین.

مەسیف یەکێکە لە گەورەترین شارۆچکەکانی قەزای شەقلاوە، بەنزیکەی (٢٨کم) لە باکوری خۆرئاوای شاری هەولێرەوە دوورە و زیاتر لە (٧٠) گوند لە سنوری ئەم شارۆچکەیەدا هەن.

سەبارەت بە ناوە جیاوازەکانی ئەو دەڤەرە.

***ناوداران:**

خەڵکی گوندی گەریاوە بە مەسیف دەڵێن: «ناوداران» ئەمەش لەژێر کاریگەری سروشتی ناوچەکەدا بووە، چونکە لەسەردەمی زوودا مەسیف تەنیا داری لێ بووە، دارەکانیش بریتی بوون لە (دار بەڕوو، دار سنەوبەر، دار باوی و ڕەزی ترێ) لە بەر زۆری دار و درەختەکان پێیان گووتووە (ناوداران).

***سەربەن:**

کۆنترین ناوی مەسیفە، گوندەکانی دەورو پشتی مەسیف پێی دەڵێن «سەربەن» سەرچاوەی وشەکە لە سەربانەوە هاتووە، چونکە لە هەموو لایەکەوە بۆی سەر دەکەویت، بۆیە کورتیان کردۆتەوە و پێیان گوتووە «سەربەن». هەندێکی دیکەش دەڵێن مەبەستیان سەر لوتکەی چیاکە بووە، واتە بە سەر چیاکەیان گووتووە (سەربان).

***پیرمام**

دوو بیروڕای جیاواز هەیە لەسەرناوی (پیرمام).هەندێک دەڵێن: « لەسەردەمی (فتوحاتی ئیسلامیدا). یەکێک لەو شەڕە گەورانەی لە ناوچەی سماقوڵی ڕوویداوە، یەکێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) بەناوی (پیر مەم) لەوێ بریندار بووە و بە برینداری دێتە سەر شاخی مەسیف و لەوێ شەهید دەبێت، هەر لەوێش دەنێژرێت، بۆیە ئەو شاخە بەناوی ئەوەوە ناو نراوە (پیر مەم)».

وە هەندێکی تر دەڵێن: «ناوی پیرمام، لەناوی یەکێک لە پیرە زەردەشتییەکانەوە وەرگیراوە، وشەی «پیر» وشەیەکی ئاڤێستاییەو بەمانای «ڕێبەری ڕۆحی» دێت. ئەمەش یەکەم پلەی عیرفانی زەردەشتییە و تەنیا کوردەکان دەتوانن بگەنە ئەم پلەیە، بۆ گەیشتن بەم پلەیەش کۆمەڵێک مەرج هەبووە. لە کۆنیشدا گەلێک ناویٚ هاوشێوەمان هەبووە وەک (پیر شالیار، پیر خدری شاهۆ، پیرە مەگروون و پیر مەنسور...) گەر زیاترلە وشەکە ورد ببینەوە (پیر مام)ە نەک(پیر مەم)، خەڵکی ئەو دەڤەرە بەهۆی تەبایی و ئەو ڕێزە زۆرەی لە گەورەکانیان ناوە، جا پەیوەندی خزمایەتیان لە نێواندا هەبوو بێت یاخود نا، پێشگری (مام)یان لەپێش ناوەکاندا داناوە. بۆیە دەشێت ئەمە ڕاستترین بۆچوون بێت لەسەر ناوی (پیرمام).

***سەلاحەدین:**

دوو ڕای جیاواز هەیە لە سەر ناوی سەلاحەدین.

یەکێک لەڕاکان ئەوەیە دەڵێن: «موتەسەریفی ئەوکاتەی هەولێر کوڕێکی هەبووە بە ناوی سەلاحەدین، بەناوی ئەو کوڕەیەوە ناوی ناوە.

بەڵام یەکێکی دی لە ڕاو بۆچوونەکان ئەوەیە لە ناوی (سەلاحەدینی ئەیوبی)یەوە وەرگیراوە.

پێم باشە لێرەدا کەمێک لەسەر ئەو بابەتە بووەستین، سەلاحەدینی ئەییوبی ناوی تەواوی (یوسفی کوڕی ئەیوبی کوڕی شازی کوڕی موزەفەر)بووە، بە بنەچە دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (دوین)ی سەر بە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بنەماڵەی هەزیانین و سەر بە خێڵی ڕەوادین.

کاتێک زێدی خۆیان جیٚ دەهێڵن و دوای ماوەیەک لەسەر شاخێکی بەرامبەر مەسیف دەگیرسێنەوە بە ناوی شاخی «کانی دۆ» هەر لەخوار شاخەکەوە گوندێک دروست دەکەن و لەخۆشەویستی گوندەکەی خۆیان ناوی دەنێن گوندی(دوین)، هەر لەویٚ پاشماوەی گوڕستانێکی گەورە هەیە، وەک دەوترێت لە سەرەتادا ئەویٚ شاربووە و دواتر وێران بووە.

سەبارەت بەوەی بۆچی مەسیف بە سەلاحەدیین ناوزەد دەکرێت، دەگێرنەوە کاتێک سەڵاحەدین و بنەماڵەکەی کۆچ دەکەن بۆ تکریت، بەسەر ئەو شاخەدا تێپەڕدەبن، لە پای خۆشەویستیان بۆ سەلاحەدینی ئەیوبی، ناوی دەنێن (سەلاحەدین).

# دیدی گۆران و سروشتی پیرمام

گۆرانی شاعیر بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی مامۆستایان لە شارۆچکەی شەقڵاوە، بە پیرمامدا تێپەڕ دەبێت، هۆنراوەیەک بۆ پیرمام دەنوسێت.

لە شعرەکەیدا دەڵێت:

**بە هەنگاوی گورج و درێژ**

**ئەبڕین ڕێگەی هەورازوو لێژ...**

**بەدەم سەرگەرمی هیواوە**

**بەباڵ ئەفڕین،**

**کۆنفرانسی دووەم ئەگرین!..**

**بە پیر مامدا تێ ئەپەڕین**

**داربەڕووی زۆر دێتە ڕێمان...**

**پیرە دار بەڕووی لاڕێمان،**

**ڕۆژێ لە ڕۆژانی زۆر زوو،**

**جۆلانەی لێ هەڵبەسترابوو،**

**ساوای ناو جۆلانەی ژێر دار**

**ئەپیرخان وەک بەرخی بەهار!**

**دایکی ساوا،**

**لەگەڵ هاژەی دووری ئاوا،**

**بەلایە لایەی شیرینی**

**خەوی خێری پێ ئەبینی**

**شیری پاکی ئەنایە دەم:**

**گەشەی پێ ئەکرد ژەم بە ژەم**

**باوکی وریای بەنوکی تیر**

هەواڵنامەی کتێب

بۆی ڕاو ئەکرد، کەڵ کەڵ، نێچیر،
بە(ڕم) پڵنگی ئەتاران
لە جۆلانەی کۆرپەلەی جوان!
نەوەی شێرکۆ: سەلاحەدین،
پاڵەوانی غەزای ڕێی دین!
ئەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس
وەک بەردی ڕووی شورا،
بێ ترس
لەبەر شیرو تیرا وەستا،
تا دەنگی( هەی ئامان!)هەستا:
لە گرۆی خاچ
کە خاچیان کردبوو بە پاچ
بۆ ڕووخاندن،
بۆ: ئاسیا پڕ لە مردن،
پڕ لە کەلاوەی شار کردن...

بە هەنگاوی گورج و درێژ
ئەبڕین ڕێگەی هەوراز و لێژ...
بەدەم سەرگەرمی هیواوە
بەباڵ ئەفڕین،
پیرمەم جێ دێڵین لەدواوە:
بەرەو لوتکەی چیای سەفین...
ڕیزی ئوتومبیل دەکێشێ،
پێچ پێچ هەتا داوێنی کێو،
لەوێ کاروان هەڵئەلوشێ
ورگی باخچەی هەڵوژەو سێو...

هەواڵنامەی کتێب

# قۆناغی منداڵی

باوکم دواهەمین منداڵی خێزانەکەی بووە، سێ براو خوشکێک لەو گەورەتر هەبوون، باپیرم چوار کوڕ و کچێکی هەبوو، کوڕەکانی ناویان (خدر، حاجی قادر، حاجی عومەر و نادر) بووە و خوشکەکەیان ناوی (فاتم) بووە.

باوکم لە گەریاوە گەنجێکی بزێو و زیرەک بووە، هاتووچۆی شاری کردووە، کچانی گوندی گەریاوا بەدزی خانەوادەکانیانەوە، پارەیان داوە بە باوکم تا بابەتی متومووروویان لە شارەوە بۆ بێنێت، دایکیشم یەکێک بووە لەو کچانەی بەدزییەوە پارەی پێ داوە تا لە هەولێر مووررووی مەرجانی بۆ بێنێت، داپیرم پێی زانیوە، عەزێتی دایکمی داوە و پێی گووتووە: «چلۆن بە نادری حەمە تەیاریت گووتیە شتت لۆ بینی؟» دواتر باوکم دەچێتە خوازبێنی و ئەوانیش ڕازی بوون بەو هاوسەرگیرییە.

سەرەتا ماڵێک لە گەریاوە دادەنێن و دواتر لە ساڵی (١٩٥٨-١٩٥٩) دێتە مەسیف، لەوێ باوکم دەبێتە پاسەوانی ئەو خانوانەی حکومەت لەمەسیف دروستی کردن، هەرجارە و لە شوێنێک، کاتێک دەبێتە پاسەوان لە ماڵی وەسیدا، جێگەی تەرخان کراوی گەراجی سەیارەی پێ دەدەن، باوکیشم ئەو جێگەیە دەکاتە ماڵ، تا ئەوکاتەی خۆی لە نزیک چوار ماڵی تر خانوویەک دروست دەکات، هەڵکەوتەی ماڵەکان بەرامبەر خانووەکەی (تەها یاسین هاشم)ە کە لەسەردەمی مەلەکییەتدا سەرۆک وەزیران بووە، لەدواتردا دەیفرۆشێت بە ماڵی کەریم ئاغای کۆڕێی ڕەحمەتی.

چوار ماڵە هاوسێکەمان بریتی بوون لە ماڵەکانی (مام حاجی عومەر، مام حاجی قوربانی، مام حاجی برایم و مام حاجی موستەفا). تەبایی نێوان ئەو پێنج خانەوادەیە جێگەی سەرنج بوو، وەک یەک خێزان لەیەکتریمان دەڕوانی، ئەم پەیوەندیە گەرمە بەجۆرێک ڕەنگی دابۆوە، ئێمەی منداڵ بەچاوی مامەوە لە گەورەکانمان دەڕوانی و گەورە کانیش ئێمەیان بە برازای خۆیان دەزانی، لەنێوان ئەو ماڵانەدا، تەنیا لەگەڵ ماڵی (مام حاجی عومەر)دا پەیوەندی خوێنی و خزمایەتیمان هەبوو، چونکە تەنیا ئەو مامی ڕاستەقینەمان بوو.

ئەم پێنج ماڵە، چارەکە سەعاتێک لەناو مەسیفەوە دوور بووین بە پێ، چونکە هەڵکەوتەی شوێنەکەی کەوتبووە خوار مەسیفەوە و پێیان دەگووت: «کۆگێ عەللای»، وەک دەگێڕنەوە گوندنشینەکانی ئەو سنورە، دوای ئەوەی تریێکانیان ڕنیوە.هێناویانەتە ئەوێ. ئەوکات کۆگایەکی گەورەی لێ بووە بۆ شێلانی ترێ و بەرهەمهێانی دۆشاو. ئەو کەسەی سەرپەرشتی کۆکاگەی کردووە پیاوێک بووە بەناوی (عەللا). لەبەر ئەوە ئەو شوێنە بە (کۆگای عەللای) ناوزەد کراوە. بەڵام بۆ ئاسانی گۆ کردن، ناوەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بووە بە (کۆگێ عەلای).

ئەو مێژووەی منی تێدا لەدایک بووم، وەک دایکم هەموو جارێک دەیگووت: «ئەو سارەی بابت چۆیتە حەجێ، ساری دواتر پایزەکی درەنگ، ئەتو لەدایک بووی»، کاتێک لە هاوتەمەنەکانی باوکمم پرسی ئەوان دەیانگووت: «باوکت ساڵی ١٩٦١چۆتە حەج» بەوپێیە من لە کۆتایی مانگی یانزە یان سەرەتای مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٦٢دا لەدایک بووم.

من لە ڕیزبەندی خێزانەکەماندا چوارەم منداڵی خێزانەکەم بووم، (کابان، یەکەمین منداڵی خێزانەکەمانە بەڵام زۆر ناژی و هەربە بچووکی دەمرێت، جەبار، یەکەمین منداڵی کوڕە و دوایی لەلایەن پارتییەوە بێ سەروشوێن کراوە، جەلال، هەر بە منداڵی سەیارەی سەربازی لێی دەدات و دەمرێت، سەبری، ئێستا لە ژیاندایە، من(جەمال)، دوای منیش کەمال، بەداخەوە لە ٩/٥/ ١٩٩٦لە شەڕی ناوخۆ شەهید دەبێت، مریەم، ئێستا لە ژیاندایە، جەلال، بەناوی برا مردووەکەمەوە ناوی دەنێن، بەڵام ئەویش دوای لەدایک بوونی بە چەند مانگێک دەمرێت، جەلیل، لە ژیاندا ماوە، خەلیل، لەلایەن پارتییەوە بێ سەروشوێن کراوە، لە پاش خەلیلیش بەلقیسەی خوشکم دێت و دوای ئەویش حەسیبە، لە ئێستادا دکتۆرەیە و لە ژیاندایە ،هەروەها خەسرەو ئێستا لە ژیاندایە).

هەرچەندە دایک ئەرکی قورس و گرانە، بەڵام گەر دایک بیت و لەگوندێک یان شارۆچکەیەکی وەک مەسیفدا بژیت، هاوکات خاوەنی چەند منداڵێک بیت لە چەند تەمەنێکی جیاوازدا، سەرباری ئەوەش ئاژەڵداری بکەیت، ئەوجا دەزانیت ئەرکی دایک بوون چەندە زەحمەتە، وێڕای کاری سەخت و گران، وێڕای جەرگ سوتان، بەڵام هێشتا دایکم ڕوو بەڕووی سەختییەکان ببۆوە و بەپێوە وەستا بوو تا ئێمە نەکەوین، ئەو بەو هەموو زەحمەتییە ئێمەی پێگەیاند...دایکم شێرە ژن بوو...

# یەکەمین بیرەوەری تاڵ

یەکێک لەو ڕووداوانـەی هەرگیز لەبیری ناکەم، مردنی جەلالی برام بوو... ئەو سەیارە لێی دا...لەو دەمەدا تەمەنی من لەنێوان سێ بۆ چوارساڵیدا دەبوو، وەک ئێستا لەبیرمە، کراسێکی سپی درێژم لەبەردا بوو، لەگەڵ ئەسعەدی هاوڕێم یاریمان دەکرد، ئەسعەد کوڕی (مام عەزیزی محەمەد حسێن)ی هاوسێمان بوو، ئێمە لەگەرمەی قاقاو پێکەنین و شادیدا بووین، لەناکاو گوێمان لەدەنگی شین و گریان بوو، ئێمە بەو تەمەنە کەمەوە زۆر بۆمان گرنگ نەبوو، مام عەزیز پێی گووتم: «جەمال، بڕۆ بزانە ئەو گریانەی سەر جادەکە چییە» چووم...بەڵام کاتێک گەیشتم تووشی شۆک بووم. دایکم دەگریاو لەخۆی دەداو پرچی خۆی دەڕنییەوە، دەلاوایەوە و هاواری دەکرد، پلکە عەیشێی دراوسێمان خێزانی مام حاجی موستەفا جوندی، بەدەست خەریک بوو مێشکی پژاوی براکەمی کۆ دەکردەوە، سەیارەیەکی سەربازی لێی دابوو، ڕاستەوخۆ مێشکی پژاندبوو، هێشتا هەمووان بەسەر تەرمەوە شینیان دەگێڕا، لـەو دەمـەدا باوکم و مام کەریم ئاغای ڕەحمەتیش لە نوێژی هەینی مزگەوتەکەی مەسیف دەگەڕانەوە، سەرەتا باوکم نەیزانی چی ڕوویداوە، تا نزیک بۆوە، هەرگیز باوکمم وا بە دڵتەنگی و خەمباری و دڵشکاوی نەدی بوو، هەرگیز باوکمم نەبینی بوو بگری، ئەو وەک منداڵ دەگریا و بە چەپۆک دەیکێشا بە سەر دەمووچاوی خۆیدا، هەمووان دەستە پاچە و بێ دەسەڵات بەسەر لاشەی ساردبۆوەی براکەمدا دەگریان، بەڵام تازە ئەو لە جەستەیەکی سارد زیاتر نەبوو، ڕۆحە پەپولە ئاساکەشی بەرەو عەرشی خودا هەڵفڕی بوو. هەرگیز ئەو ساتە پڕ لە ئازارەم لەبەرچاو لا ناچێت، دوای ئەوەی وەک هەر مردوویەکی تر شتیان و کفنیان کرد، لە بەرماڵێکیانەوە پێچا و قەمەرەیەکیان هێنا، باوکم لە پشتەوە دانیشت و براکەمی لەسەر کۆشی دانا و بردیان بۆ گۆڕستانی (شێخ پیرمام)، دەتوانم بڵێم ئەوە یەکەم بیرەوەری تاڵ بوو لە یادگەی مندا تۆمار بوو، هێندە تاڵ بوو، بەدرێژایی ژیانم ئەو دیمەنانەم لەبەرچاو لانە چووە و لا ناچێت.

# یەکەم ساڵی خوێندن

تەمەنم پێنج ساڵان بوو، یەکەم ڕۆژی دەستپێکی خوێندن باوکم منی بردە خوێندنگەی (سەلاحەدینی سەرەتایی کوڕان) و ناوی تۆمار کردم، دوای تەواو بوونی کارەکان خۆی ڕۆیشت و بەجێی هێشتم، ئەو ڕۆژە لە خوێندنگە مامەوە تاکاتی کۆتایی هاتنی وانەکان، دەبوو دواجار بەتەنیا بگەڕێمەوە ماڵەوە، ماوەی نێوان ماڵی خۆمان و خوێندنگە نزیک بە بیست خولەکێک دەبوو بە پیادە، بەڵام ئەو ماوەیە بۆ منێکی پێنج ساڵ زۆر زۆر بوو، کاتێک لە خوێندنگە هاتمە دەرەوە نەمدەزانی دەبێت بەرەو کام ئاڕاستە بڕۆم، دواجار ملی ڕێگەم گرتە بەر و بە هەنگاوی ورد و بچووکەوە ئاڕاستەیەکم گرتە بەرو هەنگاوم نا... لە بیرمە...زۆر ڕۆیشتم. بەڵام هەرنەدەگەیشتمەوە ماڵی خۆمان، ترسم لێ نیشتبوو. زۆر ماندوو بووم، ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە سەیارەیەک بەخێراییەکی زۆر بەشەقامەکەدا دەهات. کاتێک گەیشتە ئاستی من سەیارەکە وەستا. باوکم بە شڵەژاوییەوە لە سەیارەکە دابەزی و گوتی: «جەمال ئەوە لێرە چی دەکەیت؟»

گووتم:» دەچمەوە ماڕێ»

گووتی: «کورم کەنگێ ئەوە ڕێی مارێیە؟»

گووتم: «ئەی ماری ئێمە لەکوێیە؟»

هەر لەوێدا ڕوخسەتی لە کەریم ئاغا وەرگرت و دەستی منی گرت و هێنامیەوە بۆ ماڵەوە، دواجار زانیم تا یەکەم لۆفەی ڕێگەی هەولێر چووبووم. باوکم و کەریم ئاغا و چەند کەسێکی تریش بەنیاز بوون بچنە هەولێر، کاتێک لە سەر ڕێگە من دەبینن و دەوەستن. ئەو ڕووداوە کاریگەری لەسەر من و لەسەر بڕیاری باوکیشم دانا، بۆیە لەدوای ئەو ڕۆژەوە تا ساڵی داهاتوو من نەچوومەوە بۆ خوێندنگە.

# من و هاوتەمەنەکانم

ئەوانەی هاوتەمەنی من بوون

*جەمالی مام حاجی برایم، لەگەڵ جەمال زۆر هاوڕێ بووین، بەداخەوە لە دوای ٣١ی ئاب بە ئاوارەیی لە شاری سلێمانی سەری نایەوە و کۆچی دوایی کرد.

*ئازادی ئامۆزام، کوڕی مامە عومەرم بوو، بەداخەوە ئەویش لە ڕاپەڕینەکە و لە ناوچەی بەردە ڕەش شەهید بوو.

*فارس و محەمەد، برا بوون و کوڕی حاجی موستەفا جوندی بوون. فارس لەدواییدا لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کاری دەکرد، بەڵام بەداخەوە دواتر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

محەمەد لە هەمووومان گەورەتر بوو، هەمیشە خۆی بە بەرپرسی ئێمە دەزانی، دواتر پەیوەندی کرد بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و سەر بە من بوو، لەگەڵ دوو برادەری تر ئەوانیش (عەبدوڵا گراوی و محمد میکایل) بوون، دوای ئەوەی حکومەت دەیانگرێت و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دەدات، لەناو ئاودا دەیان کوڵێنێت تا شەهید دەبن.

* جار جار فارس و زیادی کەریم ئاغاش دەهاتنە لامان، بەڵام ماڵەوەیان نەیاندەهێشت زۆر تێکەڵمان ببن، ئەوانی تر هەمووومان منداڵی ئەو پێنج ماڵە بووین.

*کەمالی برام، لە ١٩٩٦/٩/٥ لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو.

*تاریق جەمیل ئاغا، ئەویش هاوتەمەنی من و کەمالی برام بوو،

*ئەسعەدی مام عەزیز، ئێستا لەژیاندا ماوە.

*سیامەندی مام محیدین، هەربەگەنجی و بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

ئەمەزانامەی کتێب

## ڕۆژگارەکانی منداڵیم

گەر ئەو ڕۆژگارانە دووبارە ببنەوە بێشک هەمان ئەو هاوڕێیانە هەڵدەبژێرمەوە و هەمان ئەو یاریانە دەکەمەوە، هەرچەند ئەو ڕۆژگارانە سادەوساکار بوون و هیچ هۆکارێکی یاری کردن و کاتبەسەربردنمان نەبوو، هەڵبەت گەر هەشبووبێت لە شارەکاندا هەبووە، یان ئەو منداڵانەی لە خانەوادەی زەنگین بوون هەندێک شتی سەرەتاییان هەبووە، بەڵام ئێمە جگە لە پێکەوەیی و هاوڕێیەتیمان هیچ هۆکارێکی ترمان نەبوو بۆ دڵخۆشی، ئێمە ڕۆژەکانی سەرتای ژیانمان بەم جۆرە بەڕێ دەکرد.

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا تەنیا پێنج ماڵ بووین، ماڵەکانمان نزیکی سەربازگە بوو. عەریفی سەربازگەکە، ناوی (گاتع) و فەرماندەی سریەی «موغاویر» بوو، «موغاویر» لەگەڵ سەربازی ئاسایی جیاوازی زۆر بوو، ڕاهێنانەکانیان زۆر قورستر بوو لە سەربازی ئاسایی. دەبوو سڵ لە خواردنی هیچ جۆرە خواردنێک نەکەنەوە. چاونەترس بن، هەر سەربازێکیش لەڕێنمایی فەرماندەکەی دەربچوایە شەللاقی دەخوارد.

محەمەد چاوی لەو عەریف گاتعە دەکرد، ئێمەی کۆ دەکردەوە و دەیبردینە لای گۆماوە گەورەکەی خوار ماڵی خۆیانەوە. بەدوای یەکدا ڕیزی دەکردین، شەرواڵەکانی تا سەرو ئەژنۆ پێ هەڵدەکردین و کراسەکانی پێ دادەکەندین، محەمەد (زمانی تۆزێک دەیگرت) بە گۆکردنێکی فسکنانەوە دەیگوت : «دەی ثەگبابینە بڕۆنە ناو ئەو ئاوەوە». هەمووشمان دەبوو بچوینایە، نەچووینایە لێی دەداین، ڕاهێنانی پێ دەکردین، هەرچی لەعەریف گاتع فێر ببوو، ئەوەی بەئێمە دەکرد، ئێمەش دەبوو بەقسەی بکەین.

ئێمەی ڕیز دەکرد و خۆشی بە شوڵکێکی گەورەوە لەدوامانەوە دەڕۆیشت، ئەو دروشمانەی لە عەریف گاتعەوە فێر ببوو بە ئێمەی دەوتنەوە، گەر هەڵەمان لە وتنەوەی دروشمەکاندا بکردایە، یان بەقسەمان نەکردایە، لەدواوە بە شوڵەکەکە دەیکێشا بە پشتماندا. یەکێک لە دروشەکان ئەمە بوو: «**تایشتا، تەعبشتا فەوج الغابە**» دەبوو ئێمەش لەدوای ئەو وەک خۆی بیڵێینەوە و دەمانگوتەوە. کەسمان بە محەمەدمان نەدەوێرا.

ژیانی منداڵی لەکۆگێ عەلای لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا زۆر خۆش و پڕ لەچێژ بوو...

## قۆناغی خوێندنی سەرەتایی

ساڵی دواتر جارێکی تر باوکم لەگەڵ خۆیدا بردمی و ناوی تۆمار کردمەوە، بەڵام ئەمجارە تەنیا نەبووم، بەڵکو لەگەڵ (جەمال و فارس و زیاد)ی هاوڕێمدا پێکەوە بووین و لە یەک پۆل بووین، محەمەد پۆلێک لەپێش ئێمەوە بوو، جەباری براشم لەپێنجی سەرەتایی بوو لەهەمان خوێندنگە، کەمال و ئازاد و فارسیش هێشتا داخڵی خوێندنگە نەکرابوون.

ئەوکات مەسیف زۆر چۆڵەوانی بوو، جگە لەوەی زستانی ئەوکات زۆر سەختتر بوو، هەندێک جار تا سەرو ئەژنۆ بەفر دەباری، وێڕای ئەوەی ئەو دەورووبەرە ژمارەیەکی زۆر سەگ و گورگی لێ بوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە نەدەترساین. بەڵکو ڕێچکەی بەفرەکەمان دەشکاند و بەرەو خوێندنگە دەڕۆیشتین. ئەو کات نە درکمان بە مەترسی ڕێگاکە دەکرد و نە دووری ڕێگاکەش شەکەتی دەکردین.

(بەڵام ئێستا کاتێک بۆ خۆشی یان پرسەیەک دەچمە مەسیف و لەو ڕێگەیەی نێوان خوێندنگە وماڵەوە دەڕوانم، ترس دامدەگرێت).

## ڕۆژانی ماست فرۆشتن

قۆناغی یەکەمی خوێندنم بەسەرکەوتوویی تەواو کرد و پشوو دەستی پێکرد، لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەستمان کرد بە ماست فرۆشتن.

هەر پێنج ماڵەکە مانگامان هەبوو، هەرکەسەو بەپێی توانا و ویستی خۆی، هەبوو مانگایەکی هەبوو، هەبوو دوان یان سیانی هەبوو، ئێمە دوو مانگامان هەبوو، دایکم شیرەکەی دەدۆشی و دواتر لە جامی بچکۆلەدا دەیکردن بەماست و ئەمجا جامە ماستەکانی دەپێچایەوە و دەمانبرد بۆ دەوری سەربازگەکە و دەمانفرۆشت، ئەوکات نەمان دەگووت: «لبن» بەڵکو هاوارمان دەکرد: «یەڵا ڕۆبە بی خمس و عەشیرین فلس» ئەو جۆرە هاوار کردنە باوکم فێری کردبووین، واتە ماست بە بیست و پێنج فلس، سەربازەکان دەهاتن و ئێمەش دوای ئەوەی هەموو ماستەکەمان دەفرۆشت، بە دەوری سەربازگەکەدا دەسوڕاینەوە بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی سەوزە و نانە وردەی سەربازەکان، پاشان دەمانبردنەوە بۆ مانگاکان.

هەرچەندە پشوی هاوین تەواو ببوو، بەڵام ئێمە لەکارکردن بەردەوام بووین. ئەو ساڵە خوێندکاری قۆناغی دووی سەرەتایی بووم، خوێندنگەکەمان دوو دەوام بوو، ئەگەر نیوەڕوان بووینایە لە کاتژمێر حەوت دەڕۆشتین بۆ ماست فرۆشتن، گەر بەیانیانیش بووینایە، لەکاتژمێر پێنج دەڕۆیشتین و نزیک کاتژمێر حەوت ماستەکانمان تەواو دەکرد. ئەو کات دەگەڕاینەوە و دەچووینە خوێندنگە.

هەواڵنامەی کتێب

# پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاکانمدا

یەکەم قۆناغی هەرمنداڵێک کاتێک دەچێتە خوێندنگە، مامۆستا دەبینێت، وەک مرۆڤێکی باڵا لێی دەڕوانێت. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لەڕوانگەی خۆیەوە باشی و خراپی مامۆستاکان دەستنیشان دەکات. نە باشییەکانیان لەیاد دەکرێت و نە خراپییەکانیان بیردەچێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک مامۆستا هەن هیچت لا جێناهێڵن، وەک دەڵێن تەنیا ئەرکی خۆیان بەجێدەهێنن و لە کۆتاییدا چاوەڕوانی پاداشتەکەی دەکەن، کاتێک دەڕۆن سوک و هاسان لەبیر دەکرێن وەک ئەوەی هەر نەبووبن، پێم وایە مامۆستاش بۆ هەندێک لە خوێندکارەکانی هەمان هەستی هەیە.

منیش کۆمەڵێک مامۆستام هەبوون زۆرم خۆشدەویستن و تا ئەم تەمەنەش لە بیرەوەرییەکانمدا ماون. یەکێک لەوان بەڕێوەبەری خوێندنگەکەمان بوو، خەڵکی دهۆک و ناوی مامۆستا محەمەدی مەلا تاهیر بوو.

لەساڵی دووهەم بەڕێوەبەرێکی نوێمان بۆ هات بە ناوی حەسەن مەلا تەیب، برای وەزیری پەروەردە (عەبدول عەزیز مەلا تەیب) بوو، ئەوان خانەوادەیەکی دیار و کوردپەروەر بوون لەناو دهۆک، مامۆستا حەسەن یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی زۆرم خۆش دەویست.

یەکێکی تر لەو مامۆستایانەی خۆشمدەویست، مامۆستا سەلاحە فەندی بوو، ئەوکات ڕابەری پۆلی دوو بوو.

هەروەها مامۆستا عوبێدم زۆر خۆشدەویست، خەڵکی کەرکوک و مامۆستای وانەی کۆمەڵایەتیمان بوو.

لەڕاستیدا خۆم خوێندکارێکی زیرەک بووم، بەگشتی مامۆستاکانم خۆشدەویست، وێڕای ئەوەی منداڵێکی سەرکێش بووم ، بەڵام هیچ کات خوێندنەکەم پشتگوێ نەدەخست و لەسەرجەم وانەکاندا زیرەک بووم، هەر بەو جۆرە قۆناغەکانی تری خوێندنی سەرەتاییم بڕی تا پۆلی شەش.

دەمەوێت مامۆستا عەباسیش لەیاد نەکەم. ئەوساڵەی من لەیەکی سەرەتایی بووم ئەو ڕابەری پۆلەکەمان بوو، ئەوکات یەکێک بوو لە کادیرە باشەکانی پارتی. بەڵام لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥بوو بە بەعسی، بەعسییەکی زۆر خراپ!

# من و منداڵانی گەڕەك

لەو سەردەمەدا هاوڕێیانی گەڕەک تیپێکی تۆپتۆپێنمان دروست کرد، تۆپمان نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێک پەڕۆمان لێکەوە دەئاڵاند، خڕمان دەکردەوە لە شێوەی تۆپێکدا و بەو تۆپە لە پەڕۆ دروست کراوە تۆپانێمان دەکرد، نە تۆپی باغە و نە تۆپی لاستیکمان نەبوو، جار جار لەسەر ئەو تۆپە پەڕۆیینە دەبووە شەڕمان و جار جار پێک دەهاتینەوە، محەمەد کاتێک تورە دەبوو، تۆپەکەی دەخستە بنباڵی و دەیگوت: «نایدەم ئەگبابینە نایدەم» تۆپەکەی دەبرد، کەسیشمان نەماندەوێرا بڵێین: «تۆپەکەمان بۆ بێنەرەوە»، هەتا کاتێک محەمەد خۆی پێی خۆشبوایە، دواتر بەخۆی و تۆپە پەڕۆیینەکەوە دەهاتەوە و دووبارە دەستمان بە تۆپانێ دەکردەوە، جگە لەتۆپتۆپێن چەند یارییەکی تریشمان دەکرد وەک، کەلانێ (هەڵماتێن) و شێروخەت (بندەستانێ)، بەتایبەتی لەجەژندا شێرو خەتمان دەکرد.

لەو سەردەمەدا زۆر دڵمان بەهاتنی جەژن خۆش بوو، زۆر چاوەڕێمان دەکرد تا جەژن دەهات، خۆشبەختانە باوکم هەبوو بوو، لەبیرم دێت هەموو جەژنێک دەیبردین بۆ بازاڕ و جلی جەژنی بۆ دەکردین.

یەکەم جار کە بیرم بێت جلی جەژنی بۆکردین، لەگەڵ مام حاجی برایمدا، پێکەوە چووینە هەولێر، بۆ من و جەمالی هاوڕێم ڕانکوچۆغەی زاخۆیی ڕەنگ شینیان بۆ کڕین، بۆ کەمال وجەباری برام ڕانکوچۆغەیەکی قاوەییان کڕی، زۆر دڵمان بەو جلانە خۆش بوو، تا فەرقی ڕۆژ هەرجارێک خەبەرمان دەبۆوە، جلەکانمان لەبەر دەکرد و تاوێک لەبەرماندا دەبوو، دواتر دامان دەنایەوە و قەدمان دەکردن و لەژێر جێگاکە داماندەنایەوە و دووبارە دەخەوتینەوە.

جەژنانە، یەکێکە لەو خەلاتە پڕ لە چێژانەی هەرچەندە کەمیش بێت منداڵ پێی دڵخۆشە، بێگومان ئێمەش زۆر دڵمان پێی خۆش بوو. ئەوەندەی لەبیرم بێت لە (٢٥فلس) تادەگاتە یەک دینار، جەژنانەم وەرگرتووە، جگە لەباوکم جار جار مامم حاجی قادریش جەژنانەی دەدایێ. جەژنانەی مام خدر بۆ ئێمە نوقڵی کورسی نەعنا یاخود لوقم بوو، بەڵام بۆ ئێمە هەرخۆش بوو، مام خدر یەکێک بوو لە براکانی باوکم دووکانی هەبوو، جەژنان دەچووینە لای ماچی دەکردین و یەکی دەنکێک نوقڵ یان لوقمێکی دەدایێ.

ئەودەمەی منداڵ بووین لە جەژناندا دەچووینە دوکانەکانی پشتی مەسیف، لەوی شێروخەتمان دەکرد، جارێک لەشێروخەتدا هەموو پارەکەم دۆڕاند، پارەم پێ نەما، کەمالی برامم لەگەڵدا بوو، مام حاجی قادری مامەمان بینی بەرەو سەرەوە دەچوو، گووتم: «کەمال بە مامم بڵێ جەژنانەمان بداتێ»، کاتێک کمال چوو بوو، نیو درهەمی بۆمن پێدا بوو لەگەڵ پانزە فلسیش بۆخۆی».

## ١١ی ئازار لە بیرەوەرییەکانی مندا

ئەو دەمەی بەیاننامەی (١١ی ئازار[٢]) لەساڵی ١٩٧٠ دەرچوو، من لە قۆناغی سێی سەرەتایی بووم، کادیرەکانی پارتی لە بۆنەکانی (١١ی ئازار) و نەورۆزدا، ڕیزیان دەکردین و خۆیان کۆمەڵێک دروشمیان ئامادە کردبوو، ئەوان دەیانگووت و داوایان لە ئێمەش دەکرد بیانڵێینەوە، ئەو دروشمانەی ئەو سەردەمە ئێمە دەمانگوتنەوە ئەمانە بوون.

«بن قەرات و بن قەرات، شێمە هەرێ فارس هات» فارس باوە قائیدی مەنتیقەی هەولێر بوو، لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، شێمەی هارونیش جاشی حوکمەتی عێراقی بوو.

«بژی بابێ مەسعودی گرتی تەختی ڕەئیسی». هێشتا مەلا مستەفا لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەوکاتە لە گفتوگۆدا بوون.

«بژی بابێ لوقمانی شەش خەریتەی لەشانی، ڕۆحم بێ بەقوربانی، خۆی و پێشمەرگەکانی».

ئێمە لەدوایانەوە دەمانگووتنەوە و هاوارمان دەکرد، بێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی دروشمەکانیان تێ بگەین.

"مستەک دان و مستەک جۆ، بمرێ جاشی بەکرەجۆ" ئەوکات ئێمە نەماندەزانی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیانە.

٢. بەبانامەی ١١ی ئازار: ئەو ڕێککەوتنە بوو لە ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی بەعس واژۆکرا، بریتی بوو لە ١٥ بڕگەی ئاشکرا و ٧ بڕگەی نهێنی، کۆی بڕگەکان بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد بوو لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام بە هۆی پابەند نەبوون بە سەرجەم خاڵەکانی بەیاننامەکەوە، دووبارە لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ هەڵگیرسایەوە.

# یەکەم سەفەرم بۆشاری بەغداد

هاوینان مەسیف پڕ دەبوو لەو گەشتیارانەی لە شارەکانی ناوەڕاست و باشورەوە دەهاتن، لەوێ خانوویان بە کرێ دەگرت و چەندیان بویستایە لەوێ دەمانەوە، بەو پێیەی ماڵی ئێمەش لە مەسیفەوە نزیک بوو، باوکیشم پاسەوانی خانووەکانی دەکرد، بۆیە لەگەڵ زۆربەیاندا دۆستایەتی پەیدا کردبوو. یەکێک لەو خانەوادانەی تائێستاش پەیوەندیمان ماوە، خانەوادەی (حاجی تالب ئەمین مەهداوی) بوو، ئەوان لە خێڵی (المهداوی) بوون، ئەو خێڵە لەدیالە دەژیان، بەڵام خانەوادەکەی حاجی تالب لە شاری بەغداد دەژیـان، بازاڕ و دوکانێکی زۆریـان لە گەڕەکی شۆریجەی بەغداد هەبوو، لەگەڵ ئێمەدا دۆستایەتیان زۆرخۆش بوو، هەتا ئێستاش پەیوەندی و هاتووچۆمان بەردەوامە.

وەک هەر هاوینێکی تر ئەوان هاتن بۆ مەسیف، ئەوساڵە من قۆناغی شەشی سەرەتاییم بڕی بوو، دەرچوو بووم بۆ یەکی ناوەندی، واتە تەمەنم سیانزە ساڵێک دەبوو، کاتی ڕۆیشتنەوەیان فازیلی کوڕی حاجی تالب داوای لەباوکم کرد منیش لەگەڵ خۆی بەرێت، باوکم لەسەرەتادا ڕازیی نەبوو، بەڵام دواجار فازیلی کوڕی حاجی تالب قایلی کرد بەوەی خۆی ئاگای لێم دەبێت و چاودێریم دەکات و دەمنێرێتەوە.

زۆر دڵم بەو سەفەرە خۆش بوو، هەستم بە شانازی و گەورە بوونی خۆم دەکرد، ئەو خێزانە دوو منداڵیان هەبوو هاوتەمەنی من بوون، ناویان ئەیاد و عەلا بوو. بەو پێیەی لەدەوری سەربازگەکە ماستم دەفرۆشت و لەگەڵ سەربازەکان زۆر تێکەڵ دەبـووم، لەهەمان کات زۆر تێکەڵی ئەو خەڵکانە دەبووین لە ناوەڕاست و باشورەوە دەهاتن بۆ مەسیف، زمانی عەرەبییەکەم زۆر باش بوو. بۆیە کێشەی زمان و تێگەیشتنم لەگەڵ ئەو خانەوادەیە و بەتایبەت ئەیاد و عەلا نەبوو، دوای ڕەزامەندی باوکم لەگەڵ ئەوان بەڕێ کەوتم بۆ شاری بەغداد. بۆ ڕۆژێک دوای گەیشتنمان بە شاری بەغداد سەمیری برا گەورەیان ئێمەی بردە شاری یاری، یەکەم جارم بوو شوێنی وا خۆش ببینم، لەگەڵ ئەوان زۆرینەی یارییەکانی ناو یاریگاکەمان تاقی کردەوە، ڕەنگە بۆ ئەیاد و عەلا ئەو چێژەی نەبووبێت، چونکە ئەوان خۆیان لە بەغداد دەژیان و لەوەیە دەیان جار چووبێتن، بەڵام بۆ من هەمووشتێک جیاواز بوو، ئەوێ ئەو دونیا خەیاڵییە بوو ئێمەی خەڵکی گوند ڕەنگە خەونیشمان پێوە نەبینی بێت،

چونکە ئێمە تەنانەت تۆپێکیشمان نەبوو بۆ یاری کردن. منیان بردە سینەما، دووبارە سینەما و دوونیای فیلم بۆمن شتێکی نوێ بوو، دوونیایەک پرسیاری لا دروست کردبووم.

ئەوان منیان بردە بازاڕ، ئەبوو نەواس، مەزارگەی ئیمام موسای کازم و زۆربەی زۆری شوێنەکانی بەغدادیان گێڕام، بۆ هەرکوێ بچوونایە منیشیان لەگەڵ خۆیان دەبرد، دوای دە ڕۆژ کۆتاییان بە سەفەرەکەم هێنا و گەڕاندیانمەوە بۆ مەسیف، نازانم ئەو دە ڕۆژە بۆ ئەوەندە کورت بوو.هەر زوو تێپەڕی...

کە هاتمەوە لە ناخەوە هەستم بە گەورەبوون و دڵخۆشی دەکرد، هەرکات لەگەڵ هاوڕێکانم کۆدەبوومەوە باسی شاری یاری بەغدادم بۆ دەکردن و پێم دەگووتن: «سواری شتێک بووم وەکو حەوزێک وابوو، ڕادەوەستایت و پالت پێوە دەدایەوە، کاتێک حەوزەکە دەسوڕا، ئەو بەشەی بن پێت دەچووە خوارەوە، تۆ بە تاقەکەوە دەنوسایت»، کاتێک باسی چەرخ و فەلەکم دەکرد دەمگووت: «دەچوومە تاقی عاسمانێ، هەموو بەغدادم لێ دیار بوو»، ئەوان بەو گێڕانەوانەی من دڵخۆش بوون، بەڵام لەسەرێکی ترەوە پێیان ناخۆش بوو من چوو بووم و ئەوان نەچووبوون، بەتایبەت محەمەد.

## من لە نێوان خوێندن و سیاسەتدا

کاتێک هەرکەسێک دەست دەکات بە گێڕانەوەی مێژووی ژیانی خۆی، ڕەنگە سوک و ئاسان لە پنتێکی چیرۆکی بوونی خۆیەوە دەست پێ بکات، بەڵام کاتێک کەسێک مێژووی بوون و بیرەوەرییەکانی و ژیانی خۆی وابەستەی مێژووی میللەتەکەی دەبێت، نە دەستپێکردنی گێڕانەوەکانی ئاسانە نە گەیشتن بە کۆتایی، چوونکە ئەو دوو بوارە وەک ئەڵقەیەک بەیەکدا دەچن و لێک جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، ڕێک وەک من، کاتێک باس لە سەردەمی خوێندن دەکەم، ناکرێت باس لەو چالاکی و بیرەوەریانە نەکەم کە منیان بە سیاسەت و پەیوەندی کردنەوە گرێ داوە، هەر بۆیە هەندێک جار ناچاردەبم قۆناغەکانی خوێندنم بە سەردەم و بیرەوەری و قۆناغەکانی شۆڕش و سیاسەت و تێکەڵ بوون و جیابوونەوەم بە حیزبەوە گرێ بدەم. هەنگاو

بە هەنگاو، لەگەڵ تێپەڕینی تەمەن و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و تێکەڵ بوونم بە حیزب و دنیای سیاسەت، لە چوار چێوەی ئەو بیرەوەریانەدا دەگێڕمەوە کە هەرگیز لەبیرم نەکردوون.

## چۆن پەیوەندیم کرد بە یەکێتی قوتابیانەوە؟

ساڵی ١٩٧٤، هێشتا شەڕ دەستی پێ نەکردبۆوە، ڕۆژێک چووم بۆ لای مستەفای ئامۆزام، ئەو سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو لە دواناوەندی پیرمامی کوڕان، لە پۆلی یەکی ناوەندییەوە تا شەشی ئامادەیی تێدابوو، خەریکی ئامادە کردنی وتارێک بوو بۆ یادی دامەزراندنی قوتابیان. وابڕیار بوو ڕۆژی (١٨ی شوبات) ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە ساز بکەن. کاتێک ئەوانم دەبینی سەرقاڵ و دڵخۆش بوون، منیش دەمویست ببمە ئەندام، بۆیە داوام لە مستەفای ئامۆزام کرد منیش وەک ئەندام لای خۆیان ناونوس بکات، ئەویش لەوەڵامی داواکەی مندا گووتی: «وەرت دەگرم، بەڵام دەبێت سبەینێ لەئاهەنگەکە بەشدار بیت»، جگە لەوەی ئەوە بۆمن ئاسانترین مەرجی ئەندامێتی بوو، لە لایەکی ترەوە زۆردڵخۆش بووم بەو چوونەم.

کاتێک فۆڕمی ئەندامێتیم لە یەکێتی قوتابیان پڕکردەوە و بەشداری یادەکەم کرد، لە رووی تەمەنەوە هێشتا زۆر منداڵ بووم، بەڵام ئەوە سەرەتای هاتنە ناوەوەم بوو بۆ کاری سیاسی و حیزبی. زۆری نەبرد شەڕی نێوان پارتی و حکومەتی عێراق هەڵگیرسایەوە.

## کاتێك شەڕ دەستی پێكرد

نیشتمان پەروەری هەستێکە خۆرسکانە لەمرۆڤدا چەکەرە دەکات، بەڵام ژینگەی دەوروبەر و چاولێکردن لە ئەندامانی ئەو خێزانەی تیایدا گەورە دەبیت، وا دەکات پێ بە پێ ئەو هەستە گەشە بکات و سوورتر بیت لەسەر بیروباوەڕەکانت و کاربکەیت لەو پێناوەدا، هەرلە منداڵییەوە پێشمەرگەم زۆر خۆشدەویست، خەڵکی گوندی گەریاوە

بەگشتی زۆر کورد پەروەر و نیشتمان پەروەر بوون، پێشمەرگەی زۆریان هەبوون، جگە لە مستەفای ئامۆزام و جەباری برام، زۆر ئامۆزا و خزمی ترم پێشمەرگە بوون، جگە لەوان، هەموو پیاوانی گەڕەکیش ئەندامی پارتی بوون و سەر بە حیزب بوون.

لەو دەمەدا سەربازگەکەیان فراوانتر کردبوو، سەربازێکی زۆریان تێدا جێگیر کردبوو، مانەوەمان لە کۆگێ عەلای زەحمەت بوو، بۆیە هەموو ماڵەکان کەلوپەلەکانیان پێچایەوە تا ئەوێ جێ بێڵن. ئەو سەردەمە ئێمە سێ لاندرۆڤەرمان هەبوو، دانەیەک بە باوکم بوو، دانەیەک بە جەباری برام و دانەیەکیشیان بەدەست شۆفێرێکی ترەوە بوو بە ناوی مام تەها، خەڵکی گوندی ئاڵمەوان بوو، جگە لە ماڵی مام حاجی قوربانی سێ ماڵەکەی تریش سەیارەیان پێ بوو، مام حاجی قوربانی ڕاستە سەیارەی پێ نەبوو، بەڵام لەگەڵ مام حاجی برایمدا لە سەیارەکەدا شەریک بوون.

وەک گووتم، خۆمان پێچابۆوە تا ئێمەش بچینە سەرەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان، بەرلە ڕۆیشتنمان دەمە و ئێوارەکەی فەرماندەی فەوجی سەربازگەکە هات، هەر پێنج پیاوەکەی کۆ کردەوە، منیش لەوێ بووم.

گووتی: «ئەنگۆ بەتەمانە بڕۆن؟»

ئەوانیش گووتیان: "ئەرێ وەڵا"

گووتی" لۆ "

باوکم گووتی: "مارمان نزیکە لە موعەسکەری ، مارێ خۆ دەبەینە شەقراوەی، مندار دەترسێن و تۆپە گەورەکانتان نێزگ مارێ مە دانایە، دەترسێن عەسکەر سبەینێ بێن بەناومان کەون" .

ئامر فەوجەکە خاوی کردنەوە، گووتی: "ئەمن کەفالەتتان دەکەم کەس حەقی بەئەنگۆدا نەبێت، ئەمن پارێزگاری لە ئەنگۆ دەکەم"

لەسەر قسەی ئەو ئامر فەوجە هەموو کەل و پەلەکانیان دانایەوە و نەڕۆیشتین، هەرچەندە ژیانمان دەست پێکردەوە، بەڵام ژیانێکی پڕ لە زەحمەت بوو. دەنگی تۆپەکان و دەنگی شکانی شوشەی پەنجەرە بچووکەکان ئێمەیان کاس کردبوو، ئەوسەردەمە بۆ ئێمەی منداڵ زۆر قورس تێپەڕی...شەڕ هەر بەردەوام بوو، کۆڕێ و سەری ڕەش بەدەست پێشمەرگەوە بوو، شەوان پێشمەرگەکان دەهاتنە ناو مەسیفەوە. ئەو شەڕە بەجۆرێک کاریگەری لەسەر ئێمەی منداڵ دانابوو، دوای ئەوەی سەربازەکان هەموو شوێنەکانیان گرت، چوونەوە ناو سەربازگەکە و سەنگەرەکانیان بۆ ئێمەی منداڵ بەجێما.

ئێمە دەچووینە ناو ئەو چاڵانەوە و دەبووین بەدوو بەش، هەندێکمان دەبووینە پێشمەرگە، هەندێکی ترمان دەبووینە سەرباز، ئەوجا بە دار لاستیک شەڕە بەردمان دەکرد، هێرشمان بۆ سەر یەکتری دەکرد، هەرئەوە بوو یەکتیریمان نەدەکوشت. دەمانویست لاسایی ڕووو بەڕووبونەوەکانی سەربازان و پێشمەرگە بکەینەوە. ڕەنگە بۆ ئەوسەردەمە چێژمان لەو جۆرە یاری کردنە بینی بێت، بەڵام ئەوە جۆرە یارییەک بوو لە دنیای منداڵانەی خۆمان دابیڕی بووین و هەستی تۆڵە و ڕق و توند و تیژی لە دەروونی ئێمەدا دروست کردبوو. شەڕ وێڕای ئەوەی هەمیشە کاولکاری وماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دێنێت، بەڵام هەندێک دۆخ دەهێنێتە ئاراوە کە ناکرێ نەتهێنێتە پێکەنین، لێرەدا دەمەوێت بیرەوەرییەکی دایکم و ژنانی گەڕەگ بگێڕمەوە.

سەرەتای دەستێکردنی شەڕی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراقی بوو، ڕۆژێک دایکم و ژنانی گەڕەک لەپێش دەرگای ماڵی ئێمە دانیشتبوون، سەرقاڵی باس و خواس بوون، لەناکاو هەلیکۆپتەرێک لە ئاڕاستەی هەولێرەوە بەرە و سەرەوە دەڕوات، هەمووان بێدەنگ دەکات و بەجارێک سەر بەرز دەکەنەوە تا باشتر فڕۆکەکە ببینن، بەو پێیەی هەمووان بەڕوونی فڕۆکەکە دەبینن، پێیان وایە خاو دەڕوات، یەکەێک لە ژنەکان دەڵێت: "دڵنیام پێک نەهاتوون".

دەڵێن: "چۆن دەزانیت"

دەڵێت: "نابینن فڕۆکەکە چەند خاوە، ئەوە عاجز بوونە و کۆپتەرەکە بە پێیان دەڕوات" هەڵبەت مەبەستی ئەوە بووە کۆپتەرەکە بەخێرایی ناڕوات، ڕەنگە بەپێ بڕوات .

## هەنگاوێك لەنێوان خوێندن و شۆڕشدا

پێشتر ئاماژەم پێدا چۆن هەر لە منداڵییەوە عاشقی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بووم، وەک هەستێکی خۆرسک، کاتێک ناوی پێشمەرگە دەهێنرا لە خۆشیدا شا گەشکە دەبووم. من و تایەر گەریاوەیی کوڕی مام حاجی ئەنوەرم پێکەوە خوێندکار بووین و ئەو لەماڵی باوکی دەژیا، ئێوارەیەکی پێنج شەممە، بڕیارماندا دوای تەواو بوونی وانەکان، بەسەردان بچینە گوندی گەریاوە، بۆ ماڵی مام حاجی ئەنوەر. سەرەتا تاهیر گووتی: «ناو گوند پێشمەرگەی لێنە».

منیش گووتم: «پێم خۆشە بێم پێشمەرگەکان ببینم»

پێکەوە دوای تەواو بوونی خوێندنگە لەگەڵ تایەردا، بەرەو گووندی گەریاوە بەڕێ کەوتین. کاتێک گەیشتینە ماڵی مام حاجی ئەنوەر، سێ پێشمەرگەی لێ بوون، ئەوانیش(مستەفای ئامۆزام، محەمەدی مام مەولود و محەمەدی مام حەمەدەمین) بوون.

بەو دیدارە زۆر خۆشحاڵ بووم، بەتایبەت کاتێک ئێوارەکەی ئەوان لەگەرمەی گفتوگۆدابوون و باسی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی و هاتنە خوارەوەی خۆیان دەکرد، منیش بەهێمنی و بێدەنگی و چێژەوە گوێم لێ گرتبوون.

لەبیرمە، یەکەم چالاکی شۆڕش دوای ئازار، لە لایەن مەفرەزەیەکەوە لێدانی ئەو ڕەبایەی خوار ئاشی مەسیفەوە بوو، لەو ڕوو بەڕووبوونەوەیەدا، کوڕێکی گەریاوەیی شەهید بوو بە ناوی (محەمەد حەمە دەمین)، پێیان دەگووت «کاکە سور» کاکە سور کاتی خۆی لە ڕێکخستنی پارتیدا بوو، چاخانەشی هەبوو لە مەسیف، زۆر جار دەچوومە چاخانەکەیی و چام لەلا دەخواردەوە، گەریاوە شەهیدی زۆری داوە، هەم لە شۆڕشی ئەیلول، هەم لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، پیاوی زۆر قارەمانی تێداچووە، دەتوانم بڵێم گەریاوە قەت بێ پێشمەرگە نەبووە، بەراورد بە گوندەکانی چواردەوری مەسیف، لەهەموویان گەورەتر بووە و ژمارەی دانیشتوانیشی لەهەمووان زیاتر بووە، پێشمەرگە و شەهیدیشی لەهەموو گوندەکان زۆرتر بووە.

## نسکۆ(ئاشبەتاڵ)

(ئاشبەتاڵ)...ڕێک هەرەسی خەونی گەورەی میللەتێک بوو، کە بۆ ڕزگاربوون چاویان لەدەست و بازووی شۆڕشگێڕان بڕی بوو، لەباربردنی هەموو ئەو ئومێد و هیوایانە بوو، کە چاوەڕوان دەکرا وەک خۆر لە ئاسمانی کوردستان هەڵبێت... (ئاشبەتاڵ) بوو بە داخی گەورەی سەر دڵ و ڕۆحی هەموو میللەتەکە، سەخت بوو، شۆڕش بەو گەورەییە و بەو بەشدارییە زۆرەی خەڵکەوە هەرەس بێنێت، ناکرێت ئۆباڵی هەموو شکستەکە بخرێتە گەردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیری نێوان سەدام و

شای ئێران، بەڵکو کرۆکی ئەو شکستە گەورەیە نەبوونی سەرکردایەتییەکی لێهاتوو تۆکمە و بێ کەمو کوڕی بوو، لەبیرم دێت هەرچەندە خەڵکێکی زۆر لە مەسیف و سەرجەم ئەوانەی کادیری پارتی بوون و تەنانەت ئەوانەشی پۆلیس بوون، بە هانای پێشمەرگەوە چوون، بەڵام شەڕ نەکرا، وەک دەگووترا: «هەزاران پێشمەرگە لە دەوری سماقوڵییە و بێ ئیشە!». سەری ڕەش لەماوەی نیو کاتژمێردا دەستی بەسەردا گیرا، دەمەو نیوەڕۆ بوو دەست بەشەڕ کرا، بەر لە هاتنی ئێوارە سەربازەکان گەیشتنە سەر ترۆپکی سەری ڕەش. گرنگترین و کاریگەرترین شوێن بوو لەو ناوچەیەدا، چونکە لەوێوە دەیانتوانی بەسەر تەواوی ناوچەکانی دەوروبەردا بڕوانن و بەئاسانی دەستیان بەسەردا بگرن.

وێڕای ئەوە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە لە شاخەکەی پشتی کۆڕێ و ئەوبەری ناوچەی زڕگوز و ناو گوندی کۆڕێ بوون، بەڕۆژێک گیرا، ئەمە لە کاتێدا بوو ئەو ناوچەیە، لەژێر بەرپرسیارێتی خاڵێکی کاک مەسعود بارزانیدا بوو بەناوی(زوبێری مەحمود ئاغای زێباری)، کە دەکاتە برای وشیار زێباری، زوبێر فەرماندەی هێزی سەفین بوو، تەواوی هێزەکەی لەژێردەستدا بوو. لەجێگەی موقەدەم عەزیز (عەزیز عەقراوی) دانرا بوو.

ئەوکەسانەی لەو سەردەمەدا ناویان دەبیستراو سەرپەل و سەرلق و بەتالیۆن بوون بریتی بوون لە (تایەرتۆفیقی زراری، عەلی میرۆی زراری، سلێمان بیرێژی). بەڵام فەرماندەی هەموو هێزەکان زوبێری کوڕی محمود ئاغای زێباری بوو.

ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن بوو، جگە لە زۆری ژمارەی پێشمەرگەکان و پەیوەندی کردنی خەڵکێکی زۆر بە هێزەکانی پێشمەرگەوە، لە زۆربەی ناوچەکان هیچ بەرگرییەک نەکرا. بە نمونە، لە دەشتی هەولێرەوە تاشاخی شیشاری دۆڵی خۆشناوەتی هیچ بەرگرییەک نەکرا.

شکستە یەک بەدوای یەکەکان ببوونە جێگەی پرسیار، هەرچەندە ئێمە لەو سەردەمەدا تەمەنێکی کەممان هەبوو، بەڵام دەمان پرسی پێشمەرگە لەکوێیە؟ بۆچی شەڕ ناکات؟ ئاخر ئێمە بەجۆرێک لە خەیاڵی خۆماندا و لەسەر مەبنای ئەو باسانەی سەبارەت بە پێشمەرگە دەمان بیست، وێنای پێشمەرگەمان وا کردبوو کە بێ وێنەن لە ئازایەتی و شۆڕشگێڕی و مەردایەتیدا. هیچ هێزێک ناتوانێت شکست بە پێشمەرگە بێنێت، گەر پێشمەرگە ئەوەندە چاونەترس و ئازان بۆچی شەڕ ناکەن؟

بۆچی دەشکێن؟ ئەمە ئەو پرسیارانە بوون من هەمیشە دووبارەم دەکردنەوە. چونکە لە بەرامبەردا ئێمە ڕۆژانە سەربازە بێ وورە و تەپۆ و بێ دەسەڵاتەکانی حکومەتی بەعسمان دەبینی.

ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارانەی خۆمانمان لەسەر زاری کادیرانی پارتیەوە بەم جۆرە دەبیست: "حکومەتی عێراق لە ١٩٧٠بۆ١٩٧٤باش خۆی خزاندۆتە ناوهێز و فەرماندەکانی پێشمەرگەی پارتییەوە، بەشێکی زۆریانی بێدەنگ کردووە، بەشێکی زۆریشی کڕیون". ئەمەش بە ئاشکرا دەبینرا، چونکە نەتوانرا بەهێزێکی هەزار کەسییەوە، پارێزگاری لە چیای کۆڕێ و دەشتی هەولێر بکرێت.

گرفتەکە تەنیا ڕێککەوتن نامەی جەزائیر نەبوو، بەڵکو گرفت نەبوونی سەرکردەیەکی شیاودا بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هەموو هێزەکان و بەڕێوەبردنیان. کەموکورتی لەبەڕێوەبردنی شۆڕش و هێزەکاندا هەبوو.

شکستەکان بەردەوام بوون، شەقڵاوە و ڕەواندز گیران، لەزوزگ و هەندرێن و لەگەروی عومەر ئاغا شەڕ کرابوو، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبوو. لەناو کادیرەکانی خۆیانەوە ئەو دەنگۆیانە بڵاو دەبۆوە، کە کێ خۆی فرۆشتووەو کێ بەپارە کڕدراوە، بەئاشکرا باسی ئەو کەسانەیان دەکرد خۆیان و میللەتەکەشیان فرۆشتبوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو حکومەتیش ئەوەندە بەهێز و بە توانا نەبوو، نە لە رووی ماددیەوە نە لە ڕووی سەربازیشەوە. ڕاستە لەسەرکردایەتی پارتیەوە هیچ فەرمانێکی کشانەوە نەبوو، بەڵام هەموو فەرمانەکان درابوونە دەست فەرماندەی هێزەکان، ئەو فەرماندانەی لە ناوچەکە بوون نەیانتوانی بەرگری بکەن، بەڵام ئاشبەتاڵەکە فەرمانی سەرکردایەتی سەرەوە بوو، ئەویش دانانی چەکی پێشمەرگایەتی بوو.

لەدوای لێبوردنە گشتییەکە هەندێک خزم و کەس کە لەسەرەوە بوون، هاتنەوە، وەک حاجی محەمەدی ئامۆزام کە بەماڵ و منداڵەوە لەسەرەوە بوون، مستەفای ئامۆزام و زۆرینەی خەڵکی مەسیف، بەڵام ئەوانەی دواکەوتن بەر لێخۆشبوونەکە نەکەوتن، هەموویانیان ڕەوانەی باشوری عێراق کرد، بۆ ناوچەی دیوانیە و ناسڕیە و کوت.

بیرەوەرییەک شیاوی باسە لێرەدا بیگێڕمەوە، چۆڵ کردنی مەرکەزەکە و بەجێهێشتنی مام تەهایە.

کاتێکک پۆلیسەکانی مەرکەزەکەی مەسیف هەموویان دەڕۆنە پاڵ پێشمەرگە، یەک پۆلیس بەناوی (مام تەها)ەوە کە پاسەوانی بانکی مەسیف بوو، بەجێ دەمێنێت، کاتێک هەموو پۆلیسەکان دەڕۆن ئەو خەوی لێکەوتووە، هیچ کەس نەیزانیوە ئەو لەوێیە تا بە ئاگای بێننەوە، بۆیە تەنیا جێ دەمێنێت و هەموو هاوڕێکانی دەبن بە پێشمەرگە، ئەوەش بۆ مام تەها دەبێتە جێگەی نیگەرانی، دوای ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە، کاتێک خەڵکی بە مام تەهای دەگووت: "تۆ بۆ لەگەڵ پۆلیسەکاندا نەڕۆیشتی؟" ئەویش لەوەڵامدا دەیگووت: "نەیان بردم"

## سەرکەشییەکی من و جەمالی هاوڕێم

من و جەمال لە قۆناغی یەکی ناوەندی بووین، باوکم دەمانچەیەکی بچووکی هەبوو، دەمزانی لەکوێی داناوە، لە دۆڵابێکدا بوو، کلیلی دۆڵابەکەش لەجزدانەکەی دایکمدا بوو، دایکیشم هەمیشە جزدانەکەی دەخستە ناو گیرفانی کەواکەیەوە. ڕۆژێک دایکم خەوتبوو، بەدزییەوە جزدانەکەم لە کەواکەی دەرهێنا و کلیلەکەم لێ دەرهێنا، دۆڵابەکەم کردەوە و دەمانچەکەم برد، پاشان کلیلەکەم وەکو خۆی دانایەوە، لەگەڵ جەمال ڕۆیشتین بۆ گەری گەریاوە، لەوێ کۆتری زۆر لێ بوو، ویستمان بچین کۆتر بکوژین، فیشەکم سوار کردبوو، پەنجەشم لەسەر پەلە پیتکە بوو، جەمالیش پەلاماری دەمانچەکەی منی دا، ئاڕاستەی لولەکەی ڕووەو من بوو، جەمال دەیویست دەمانچەکە لەدەستم دەربێنێت تا خۆی گولەکە بتەقێنێت، خێرا خێرا دەیگووت: «بیدە من»، دوو گولەمان پێ تەقاند و دەمانچە جووتی کرد.... (واتە دوو گولە بەجارێک دێنە بەر لولەی دەمانچەکە) لێشیمان نەدەزانی، بەهەمان جۆری دەرهێنانی چووم دەمانچەکەم لەشوێنی خۆی دانایەوە و دووبارە کلیلەکەم خستەوە شوێنی خۆی، کاتێک باوکم هاتەوە ئیشی بە دۆڵابەکە بوو، بینی دەمانچەکە لەسەر قەید وعامی خۆی نەماوە و تەقەی پێکراوە، دووفیشەک لەبەر دەمی لولەکەی دایە، کێ کردی ، کێ کردی، ئاشکرابوو کە من کردوومە، بانگی کردم و لێپرسینەوەیەکی باشی لەگەڵ کردم. کاتێک هەندێک شتم بیردێتەوە بەخۆم دەڵێم «لە زیادە ماوم»

# قۆناغی خوێندنی ناوەندی

دوای ئـەوەی قۆناغی پێنجی سەرەتاییم بەسەرکەوتوویی تـەواو کـرد، بۆ تاقیکردنەوەی قۆناغی شەش دەبوو بەشداری تاقی کردنەوەی ویزاری لە ناوەندی قەزا بکەین لە شەقڵاوە، بۆ ئەو مەبەستە چووینە شەقڵاوە، لە خوێندنگەی کاوێس تاقی کردنەوەکەمان ئەنجامدا.

هەمیشە لەوانەی بیرکاریدا زۆر زیرەک بووم، ئەوەی من پێم خۆش نەبوو وانەی کۆمەڵایەتی بوو، واتە (مێژو و جوگرافیا و نیشتیمانی). چونکە وانەی ڕونکردنەوە و لەبەرکردن بوون. بەڵام حەزم لەبابەتی ژمێریاری بوو، هەموو ئەویاسایانەی لەوانەی بیرکاریدا تا ئێستا خوێندوومە، هەر لە یەکی سەرەتاییەوە تاشەشی ئامادەیی، هەموویم لە بیرە.

ئەو ساڵانە لە ڕووی خوێندنەوە زۆر زوو تێپەڕین... پڕ بوون لە بیرەوەری تاڵ و شیرین. وێڕای سەختی هاتوچۆ بە سەرمای زستان و گەرمای هاوین و زەحمەتی گوزەران، بەڵام بۆ ئێمەی گەنج دیوێکی دیکەشی هەبوو.

هەرچەندە قۆناغی یەکی ناوەندیم بەسەرکەوتوویی بڕی، بەڵام لە قۆناغی دووەم لەوانەی کۆمەڵایەتی کەوتمە خولی دووەم.

لە کۆتایی قۆناغی سێی ناوەندیدا، دەبوو دووبارە بۆ تاقیکردنەوەی ویزاری بچینە شەقڵاوە.

لە خوێندنگەی سەرمەیدان تاقی کردنەوەکانمان دەکرد، بەڵام دەبوو شەوانە لەخوێندنگەی خۆشناو بمێنینەوە، خوێدنگەی خۆشناو هەر لەسەرەتای شەقڵاوەدایە لای پەیکەرەکەی کاوێس ئاغا.

لە خوێندنگەی خۆشناو شەوانە دادەنیشتین و دەستمان دەکرد بە گاڵتەو گەپ، شەوێک بۆ بەیانییەکەی تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتیمان هەبوو، گووتم: "ناخەوم و پیاچوونەوە بە وانەکەدا دەکەم"، برادەرانی تر هەموو خەوتن. من و (عەلی سەید سعید)ی هاوڕێم نەخەوتین.

لە کاتی وانە خوێندندا چاوم کەوتە سەر ڕەشی ئەو سێپا بچکۆلانەی ڕۆژانە خواردنمان لەسەر دروست دەکرد. بڕیارماندا بەو ڕەشییە دەمووچاوی هەمووان ڕەش بکەین، وامان کرد، کاتێک ئەوان هەستان بۆ نان و چا خواردن، من وعەلی خۆمان کپ

کرد، یەکەم کەس لە خەو هەستا عەبدورڕەزاق بوو، دووەم کەس ئازادی مام خەلیفە بوو، عەبدول رەزاق بەئازاد پێکەنی، ئازادیش بە عەبدورڕەزاق، بەڵام عەبدول رەزاق زیرەک بوو، دەستی بە دەم و چاویدا هێنا بینی ڕەش بووە، خێرا سەری خستەوە ناو بەتانییەکە و دەستی کرد بە پاک کردنەوەی ڕوخساری، دواتر هەرکەسێک هەڵدەستا بەوی تر پێدەکەنی، لەنێوان هاوڕێیاندا تەنیا من و عەلی ڕوومان ڕەش نەکرا بوو. کاتێک پێیان زانین شوێنمان کەوتن، ئێمە ڕامان دەکرد و ئەوان بەشوێنمانەوە، تاگەیشتینە گۆڕستانەکە، لەوێ ڕێککەوتنمان کرد و هاتینەوە. هەرچەند دۆخەکە زۆر پێکەنیناوی بوو، بەڵام ئەوانی تورە کردبوو، بەڵام ئەو تورەییەش هێندەی نەخایاند و بە خۆشی و شادیەوە ڕۆژ و شەوەکانمان تێپەڕاند.

## سەرکێشییەکانی گەنجییێتی و
## بەزمی بردنی سەیارەکەی باوکم بەبێ پرس

کاتێک لە قۆناغی سێ دەرچووم، باوکم فێری شۆفێری کردم، برا گەورەکەم زۆر باش فێری شۆفێری نەدەبوو، بەڵام من زوو فێر بووم، سەرەتا نەمدەتوانی باش کۆنترۆڵی سوکانەکەی بکەم، بەڵام هەر خۆی سوکانی لاندرۆڤەر بۆشایی ئەوەندە زۆر بوو کۆنترۆڵت پێ نەدەکرا، حەزم دەکرد شەوێک سەیارەکەی باوکم بەرمە دەرەوە، من و مامۆستا ئەمیر و جەمال و هاوڕێیەکی ترمان بە ناوی فازیل، پێکەوە پلانمان دانا، سەرەتای پلانەکە بەمجۆرە بوو.

من و جەمال لەبازاڕی مەسیف بووین، پلانمان دانا شەو سەیارەکە بەرینە دەرەوە، لەڕێگە ئەمیر و فازیلمان بینی، پێم گووتن: «ئەمشەو من جێبەکەی باوکم دەهێنم و دەچین لە مەسیفی پیاسەی پێ دەکەین» جا مەسیف خۆی تەنیا جادەکەی سەری ڕەشی هەیە، ئەوانیش بەپلانەکە ڕازی بوون، بە مامۆستا ئەمیرم گووت: «تۆ جێگەکەی خۆت بێنە دەرەوە بۆئەوەی زوو بەئاگات بێنین» فازیلیش گووتی: «منیش لەسەربان دەخەوم» ماڵی فازیل نزیکەی بیست سی کەس بوون، گووتمان: «لە سەرپەڕ بخەوە تازوو بە ئاگا بێیتەوە»، گووتی: « باش» من و جەمال سەیرمان کرد باوکم سەیارەکەی

لەپشتی بانەکە داناوە، بەدەست پاڵمان نا تا دورمان خستەوە لەماڵەوە، دواتر خستمانە ئیش، جەمال سەرکەوت و منیش شۆفێریم دەکرد، ڕۆیشتین بۆلای ماڵی مامۆستا ئەمیر، ئەویشمان لەخەو هەستاند، ئەوە بووینە سێ، دواتر چووین بەشوێن فازیلدا و چوومە سەربانەکەیان، بیست سی کەس خەوتبوو، سەری یەکەمم هەڵدایەوە ئەو نەبوو، سەری دووەمم هەڵدایەوە ئەو نەبوو. ئێستا بیردەکەمەوە و دەڵێم: "ئەگەر باوکی فازل یان یەکێک لەبرا گەورەکانی بەخەبەر بهاتنایە، دەبوو چی ڕوی بدایە!، هەرچۆنێک بوو فازیلم دۆزییەوە و بنپێیم خوڕاند، داچڵەکی و چاوی خوراند، بێ ئەوەی هیچ بڵێت شۆێنم کەوت. هەرچوارمان ڕۆشتین بەرەو سەری ڕەش.

مەسیف ئەوکاتە بەردەوام سەیارەی نەژدەی لێ بوو، دەگەڕان تا لەهەر حاڵەتێکی نەخوزراو ئامادەبن، ئەوکات پۆلیس سام و هەیبەتی هەبوو، هەمووکەس لە پۆلیس دەترسا، شوێنێک لەنێوان مەسیف و سەری ڕەش هەیە پێی دەگوترێت :"خۆرە سۆر"، نزیک گوندی ماولۆیە، لە بەشی پێشەوەی گڵیان لێ هەڵکەندووە، هەموو ئەو دەورە بۆتە کەند، منیش گووتم: "برادەران ئەو نەژدەیە بۆ ئێمە هاتووە". گوتیان: "نەبابە"، گووتم: "من دەزانم بۆ ئێمە هاتووە"، کاتێک نەژدەکە لە ئێمە نزیک بۆوە، من بەخێرایی بە ئاڕاستەی پێچەوانەدا سوڕام و پێم لێنایەوە بۆناو مەسیف، هاتمە ناو خانوەکانی مەسیف، چووم لەبەردەرگا فازیلم دانا، چومە ناوبازاڕەکە بۆ نزیک ماڵی ئەمیر، ئەویشم دانا ، من و جەمال ماینەوە، ڕێگایەک هەیە لای مەسایفی مەسیفی کۆن لای دوکانەکان، بە جەمالم گووت: "دابەزە سەیرێکی ئەمبەر و ئەوبەر بکە بزانە نەژدەکە دیار نییە". جەمال لەسەر جادەکە و لای فولکە بچوکەکە ڕاوەستا، بەدەست ئاماژەی بۆکردم و گووتی: "وەرە نیە"، منیش پێم لێنا و جەمالم سوار کرد، لەخەستەخانە کۆنەکەی مەسیف ڕەت بووم و نەژدە هاتە بەردەمم، زۆر ترسام و لەدڵی خۆمدا گووتم: "تەواو، کار لەکار ترازا..."، دوای ئەوەی ئێمەیان ڕاگرت و چوار پۆلیس لە سەیارەی نەژدەکە هاتنە خوارەوە، ئێستاش ناوی دوانیانم لەبیرە، یەکێکیان ناوی "موژدە" بوو، زۆر وریا و زیرەک و بزێو بوو، یەکێکی تریشیان ناوی "نەشئەت" بوو، موژدە هاتە لامانەوە گووتی: "ها کلاوچی ئەوە لەکوێ دێنەوە؟ ئەو سەیارەیەتان لەکێ هینایە"، هەرچەندە زۆر ترسا بووم، بەڵام خۆم وانیشان نەدا، بەڵکو خۆم کۆنترۆڵ کرد و گووتم: "بۆچی کلاوچینە، سەیارەی خۆمانە و هی باوکمە" گووتی: "ئێ ...ئێ... هی باوکتە، کەوایە سیوچەکەمان بدەرێ" زیاتر شڵەژام، چونکە سیوچمان

پێ نەبوو، بەنینۆکی پەنجە توتە ئیشم پێ کردبوو، بۆ ئەوەی ئەوان گومان نەکەن، هاوارم لەجەمال کرد: "جەمال ئەوە سویچەکە چی لێهات؟!"... لە ناو سەیارەکەدا خۆمان سەرقاڵ کردبوو، واخۆمان نیشان دەدا بۆ سویچ دەگەڕێین. دووبارە مووژدە گووتی: "وەرە... وەرە...من پێت دەڵێم سیوچەکە لە کوێیە"، ئێمەی سوار سەیارەی نەژدەکە کرد، دوو پۆلیسیشی لای سەیارەکە بەجێ هێشت.

کاتێک گووتی: "وەرە، ماڵی بابت لەکوێندەرە".من بەڕاستی ناونیشانی ماڵی خۆمانم پێدان. بەڵام جەمالی هاوڕێم ناونیشانی ڕاستەقینەی پێ نەدان، بەدەستی ڕاست ئاماژەی بە شوێنێکی نزیک کرد و گووتی: "تۆزێک سەروترە" هەرکات سەیارەی نەژدەکە لەشوێنی ئاماژەی دەستی ئەو دەوەستا، ئەو دەیگووت: "لەپێشتر". تۆزێکی تر ڕۆیشتوو دیسان نەژدەکە ڕایگرت گووتی: " کوا؟" گووتی: " تۆزێکی تر لەپێشتر"، تا گەیشتینە نزیک ماڵی ئێمە، لەوێ جەمالیان هێنایە خوارەوە و بەکێبڵ تێریان لێدا، گوتیان: "لۆ درۆت لەگەڵ ئێمە کرد، بۆ نەتگووت ماری مە تەنیشت ماری وانە".

بەمنیان گووت: "بڕۆ لەدەرگای مارێ بدە"، بەترس و لەرزەوە لەدەرگام دا، باوکم بەکراسێکی سپی درێژ و دەرپێیەکی سپیەوە و بەچاوی خەواڵویەوە دەرگاکەی کردەوە، کاتژمێر لەدووی شەو تێپەڕی کردبوو، پۆلیسەکە پێی گووت: "مام حاجی باشی".

باوکم گووتی: "فەرموون»

گوتیان: "سەیارەت هەیە؟"

گووتی:"ئا... هەیتم»

گوتیان: "لەکوێ ڕاتگرتییە»

گووتی: "لە پشت خانیە"

گووتیان: "وەرە تەماشا کە بزانە لەپشت خانی مایە؟". باوکم هات تەماشای کرد، سەیارە لەوێ نەمابوو، زانی کەتنی منە، ڕوی تێکردم و تفێکی تێکردم و دوسێ جوێنی پێدام، گووتی "ئەوە ئەتوو سەیارەت بردیە."

گوتیان:" مام حاجی خۆ مشەوەش مەکە وەرەفیلمەکەی ببینە»

باوکم چو خۆی گۆڕی و خۆی ئامادە کرد و لەگەڵ نەژدەکە سەرکەوت و هێنایانە لای سەیارەکەی، پۆلیسەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە و دەیان گووت: "ئێوە چوار کەس بوون، دەبێت دوو کەسەکەی تریشمان پێ بڵێن"، تازە کارلەکار ترازا بوو،

هەرچەندەمان کرد وازیان نەهێنا، جگە لەدان پێدانان ڕێگایەکی ترمان نەبوو. بۆیە بە ناچاری دانمان بە (ئەمیر و فازیل)یش دانا، دوای ئەوە چوینە بەر دەرگای ماڵی مامۆستا ئەمیر، لەدەرگامان دا، لە بەر ئەوەی باوکی لە ژیاندا نەما بوو، دایکی هات و دەرگای کردەوە، ناوی پلکە گولیزار بوو، هەر بەدەم ڕێگاوە، دەستی بەجنێودان کرد، بەڵام پۆلیسەکان زۆر بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کرد و گووتیان: "دایە گیان جنێومان پێ مەدە وەرە بزانە کوڕەکەت چی کردووە؟" ئەو سەرەتا زیاتر هاواری دەکرد و دەیگووت: " کوڕێ من چ ناکات و کوڕێ من فەقیرە و ...".

گووتیان: "دە توو وەرە دەرێ"

دوای ئەوەی دایکی مامۆستا ئەمیرهاتە دەرەوە و گووتی: "کوڕی من چی کردیە؟" گووتیان: "کوڕێ تو لەگەر ئەوانە سەیارەی بابێ وییان بردووە، لەڕێ ئەوانەمان گرتیە» .

هەر کە گوێی لەو قسانە بوو، لە قسەو جنێوەکانی پێشووی پەشیمان بۆوە و گووتی: "بیبەن ... بیبەن بیکوژن، مەیهیننەوە".

ئەمیرمان لە گەڵ خۆمان برد و دواتر چووین بەشوێن فازیلدا، لە دەرگامان دا، مام مستەفا هاتە خوارێ، پۆلیسەکە گووتی: "کوڕت هەیە ناوی فازیل بی".

گووتی: "بەرێ، هەیتم ".

ئێمەشی دەناسی، سەیرێکی کردین و بە جوێنێکەوە گووتی: "ئەوەچیتان کردیە؟"

موژدە گووتی: "گازی فازیلی بکە."

بە ئاوازێکەوە بانگی خێزانەکەی کرد کە ناوی پلکە زولێ بوو، زوولێ هەرزوو وەڵامی دایەوە و گووتی: "چیت دەوێ؟"

گووتی: "گازی فازیلی بکە با بێتە خوارێ". فازیل خۆی خستبووە خەوێکی قوڵەوە، وەک ئەوەی زۆر دەمێک بێت خەوتبێت، بەهەر جۆرێک بوو، فازیلیشیان هێنایە خوارەوە، مام مستەفا بۆی چوو ڕاوژییەکی تێسرەواند و جوێنی پێدا و گووتی: "بیبەن مەیهێننەوە".

هەموومانیان کۆ کردەوە و بردیانینەوە لای سەیارەکە، فازیل بە تەمەن لەئێمە گەورەتر بوو، ڕیش و سمێڵی دەرکردبوو، ئێمە هێشتا ڕیش وسمێڵمان دەرنەکردبوو، پۆلیسەکە پێی گووت: "باشە ئەوانە منداڵن، خۆتۆ گەورە و تەواویت". یەک زلەی لەپەناگوێی فازیلدا و سوڕاندی، لەجەمالیشیان دا بوو، بۆ مامۆستا ئەمیر چوون،

باوكم دەستی پۆلیسەکەی گرت و گووتی: "ئەو یەتیمە، واز لەو بێنن" دوای بیستنی ئەم قسەیە پۆلیسەکان هیچیان لە ئەمیر نەکرد.

لە کۆتاییشدا، بەباوکمیان گووت: "تۆ لە گەڵ کوڕی خۆت کەیفی خۆتە" بە هەر جۆرێک بوو لەچنگی پۆلیسەکان دەرباز بووم، ئەوانیش هەرکەسە و ڕۆیشتنەوە، من و جەمالیش لەگەڵ باوکم سەرکەوتین، بەجەمالم گووت: " تۆلەپێشدا سەرکەوە تا من دوورتربم لە باوکمەوە"، کاتێکیش گەیشتینە بەردەمی ماڵەوە و بەر لەوەی تەواو سەیارەکەی ڕابگرێت، من دابەزیمە خوارەوە و ڕامکرد، باوکم هاتە خوارێ، دوو بەردی تێگرتم بەرم نەکەوت، جەمال چووە ماڵەوە و من نەموێرا بڕۆمەوە، لەبەردەمی ماڵی کەریم ئاغا هەر هاتووچۆم دەکرد، دووبارە نەژدەکان هاتنەوە، بەتوانجەوە مووژدە پێی گووتم: "ها کوڕی باش نەچوویتەوە؟"

گووتم: "جا چۆن بوێرم بچمەوە!"

گووتی: "قەینا باتۆزێک سارد بێتەوە ئینجا بچۆرەوە".

من هاوینان لەسەربان دەخەوتم، دارێکی بەرز لە تەنیشتی دیواری ماڵەکەمانەوە هەبوو، چڵ و پۆپەکانی هاتبوونە بەشی سەربانەکەوە، چوومە سەردارەکە و لەوێوە خۆم هەڵدایە سەربان، دەورو بەری چواری بەیانی بوو چوومە سەر جێگەکە، یەکسەر خەوم لێ کەوت، کاتێک بە ئاگا هاتمەوە بینیم ، باوکم بەکراس و دەرپێ سپییەکەیەوە، لەسەر سەرم وەستاوە و توند مەچەکی گرتووم، گووتم تازە تەواو، باوکم منی بەقادرمەکاندا هێنایە خوارەوە، بردمیە ژووری پشتەوە، دایکم هات تا تکام بۆ بکات، باوکم گووتی: "بێیتە پێش سێ بەسێ تەڵاقت دەدەم؟" دایکم لەترسا نەیوێرا بێتە پێشەوە، خەریک بوو دڵیشی ئاگری دەگرت بۆم، منیش خەریک بوو زیڕەم دەکرد، گووتم: "بەخوا ئیشەکە زۆر قورس بووە"، هەر باوکم هاتە ژوورەوە، دەستم بەرز کردەوە و چەند جارێک لەسەریەک گووتم: "توبە، تۆبە، بەخوا جارێکی تر هەرگیز هەڵەی وا ناکەم". باوکم بەزەیی پێمدا هاتەوە، سەیرێکی کردم و دەستی لێ نەدام، گووتی: " تۆبە؟" گووتم: "هەزارجار تۆبە"

ئیتر منی بردە سەر جێگای نان خواردنەکە و تێر نانم خوارد.

بۆ ڕازی کردنی دڵی باوکم تا بیسەلمێنم ئیتر کاری هەڵە ناکەم، بەو بەیانییە زووە چووم بە شوێن کاردا گەڕام، ئەوکات بۆری ئاویان لەسەرەوە دەهێنا بۆناو مەسیف، کەسێک سەرپەرشتی ئەوکارەی دەکرد ناوی عەریف تەها بوو، چووم بۆلایی و پێم

گووت: ”مام عەریف تەها باوکم منی ناردۆتە لای تۆ تا کارێکم بدەیتێ“، گووتی: ”دەوەرە کوڕێ مام حاجی، سێ بۆریان پڕکەوە“.

ئەویش تۆزێک زمانی دەیگرت، لە ڕاستیدا ئەو ئیشە بۆ من زۆر قورس بوو، هەرچۆنێک بوو سێ بۆریم پڕ کردەوە، بەڵام نەمتوانی لەو ئیشە بەردەوام بم، هەر ئەو ڕۆژە حەقدەستی کارەکەی خۆمی دامێ وابزانم دینارێک بوو، دواتر لە مەسیف لە چێشتخانەیەک دەستم بەکارکردن کرد.

## کارکردنم لە چێشتخانەی سلێمانی

هاوینان دوای تەواو بوونی خوێندن دەستمان بە کارکردن دەکرد، هەرچەندە باوکم پیاوێکی دەست و دڵباش و پارەدار بوو، بەڵام هەمیشە هانی دەداین تا کاربکەین، هەربۆیە زۆر کاری جیاوازم ئەزموون کردووە، کارکردنیش لە چێشتخانەکەی مام حەمەدەمین یەکێک بوو لە ئەزموونەکانی کارکردنم.

بۆماوەی چوار مانگ لە چێشتخانەکەی (مام حەحەدەمین) وەک شاگرد کارم کرد، ناوی چێشتخانەی سلێمانی بوو، مام حەمەدەمین بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری هەڵەبجە بوو، کاتێک دەبێتە پۆلیس و لە مەسیف دادەمەزرێت. بە هۆی ئەو خۆشەویستیەیەوە کە بۆ مەسیف هەی بوو، لەوێ نیشتەجێ دەبێت و دوای ئەوەی خانەنشینیش دەبێت، ناگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵکو بڕیار دەدات چێشتخانەیەک لەوێ بکاتەوە.

ڕۆژێک چوومە لایی و پێم گووت: «مام حاجی دەمەوێت لای تۆکار بکەم.»

گووتی: «کوڕی مام حاجی، بەسەر چاو، بەڵام کارت پێ دەکرێت؟ ”.

گووتم: ”بەڵێ»

گووتی: ”باشە بەیانیان سەعات حەوت لێرە بە“.

حەوتی بەیانی دەڕۆیشتم تانزیکی نۆ و دەی شەو، هەموو ڕۆژێک بە یانزە درهەم (٥٥٠فلس)، نانیشم لەسەر ئەوێ بوو. ئەو یانزە درهەمە زۆر بوو، چونکە ئەو سەردەمە هەرزانی بوو، بۆ نمونە کیلۆیەک گۆشت بە یانزە درهەم بوو، شیشێک کەباب بەشەست فلس بوو، تشریبی ئەوکاتە باشترین گۆشتی بۆدادەنایت بە حەفتا و پێنج فلس یان سەد فلس بوو.

هەمیشە هاوینان خۆم سەرقاڵی کارێک کردووە، ناخۆشترینیان پاکەت فرۆشتن بووە. سندوقم دروستکردبوو پاکەتەکانم لەسەر دادەنا، ئەو دەم پاکەتی (مارلبۆرۆ، سۆمەر، دیمۆری، دانهیڵ، ئیمپریال، ڕۆسمەن ، گریڤن و کێنت) بوو، پێنج شەممە و جومعان هەولێرییەکان دەهاتن بۆ مەسیف. هەندێکیان بانگیان دەکردین: "پاکەت فرۆش وەرە" کاتێک دەچووینە پێشەوە دوو پاکەتیان دەبرد و پارەیان نەدەدا، بۆ ئێمە ئەو دووپاکەتە زۆر بوو، تا ئێوارە ڕەنگە دوو فلسمان قازانج بکردایە، ئەوانیش دوو پاکەتیان دەبرد، قازانجەکەمان دەڕۆیشت. ئەوە بۆ ئێمە ناخۆش بوو، بەڵام هەرچیم دەست بکەوتایە هاوینان پارەکانم لای دایکم دادەنا، زستانان بۆکاتی خوێندن و لە کاتی کردنەوەی خوێندنگەدا، هەموو پێداویستییەکانی خوێندنم پێ دابین دەکرد.

## قۆناغی خوێندنی دواناوەندیم (١٩٧٧)

قۆناغێکی نوێی تەمەنم تێپەڕاند و هەنگاوم بەرەو قۆناغێکی دیکەی ژیانم نا، لەم قۆناغە نوێیەی تەمەنمدا جگە لە ئەزموونی خوێندن، لە چەندین کاروچالاکی سیاسیدا بەشدار بووم. قۆناغی ناوەندیم بە سەرکەوتوویی بڕی وچوومە قۆناغی ئامادەیی، هەرچەندە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆرمان دا، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەی خوێندکارەکانەوە ئەو ساڵە قۆناغی چواری دواناوەندی لە مەسیف نەکرایەوە، بەپێی یاسای پەروەردە، دەبوو ژمارەی خوێندکارەکان لە هەشت خوێندکار زیاتر بێت، تا پۆلیان بۆ بکرێتەوە، بەڵام ئێمە ئەو ژمارەیەمان تەواو نەدەکرد، چونکە هەندێک لە خوێندکارەکان چوونە بەشە پیشەییەکان یان کشتوکاڵییەکان. هەندێکیش لە خوێندکارەکان چوونە بەشی (دارمعلمین- دارمعلیمات)کە دوای تەواو بوون دەبوونە مامۆستا، (دارموعەلیمین) بۆ پیاوان و (دار موعەلیمات) بۆ کچان بوو.

ڕوناک تەهای خێزانی دووەمی قاسم ئاغا، ، لە پۆلی یەک هەتا سێی ناوەندی هاوڕێی خوێندنگەم بوو، دواتر چووە دار معلیمات، هەندێکی تر لەبرادەرەکانم وەک ) عەلی مەولود، عەلی سید سعید، کاک عەبدول ڕەزاقی عوسمان دوبی، نەجات ڕەسول و خالید عەبدولا( چوونە بەشە پیشییەکانی، وەک بەشی پیشەسازی و کشتوکاڵ.

ئێمەش بۆ ئەوەی بەردەوامی بە خوێندنەکەمان بدەین دەبوو لە خوێندنگەیەک لەدەرەوەی مەسیف ناومان تۆمار بکەین، هەر بۆیە من و دکتۆر هیوا (کمال جەوهەر و کەریم فەقێ علی) چوینە ئامادەیی شەقڵاوە، بەڕێوەبەرەکەی مامۆستایەکی بەئاین مەسیحی و بە بیروباوەڕ بەعسی بوو، ناوی (ڕەمزی عەودێش) و خەڵکی شەقڵاوە بوو، بە چەند جارێک داواکاری و دوای نیشاندانی ڕەزامەندی بەڕێوەبەر، دەستمان کرد بە دەوام و خوێندن.

نزیکەی دە ڕۆژ بەسەر وانەی خوێندندا تێپەڕی بوو، نوسراوێک بۆ خوێندنگە و خوێندکاران هات، تیایدا ئاماژە بەوە کرابوو سەرجەم وانەکان بکرێنە زمانی عەرەبی، بە تایبەت وانەکانی مێژو و جوگرافیا.

جگە لەوەی ئەوە بۆ ئێمە سەخت بوو، چونکە تا ئەو دەمە ئێمە بە زمانی کوردی وانەکانمان خوێند بوو، نەک تەنیا بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ خوێندکارەکانی تریش بڕیارێکی قورس بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەک هەمیشە هەستی کوردایەتیمان زاڵ بوو، بۆیە هانی خوێندکارەکانی ترماندا پێکەوە کتێبەکان ڕەت بکەینەوە و گووتمان: "ئێمە بەعەرەبی ناخوێنین"، هەندێک بە خوێن گەرمییەوە لەگەڵمان بوون و هەندێکی تر حەزیان دەکرد لەگەڵمان بن، بەلام دیاربوو دەترسان، بۆیە بێدەنگی و خۆ دوورخستنەوەیان هەڵبژارد، کاتێک هاتە سەر ئەوەی دەنگمان هەڵبڕین و بچینە لای ژووری بەڕێوەبەر، ئەوانەی لەپۆلەکەدا بوون کەسیان نەهاتن، تەنیا من و دکتۆر هیوا چووین، کتێبەکانی مێژو و جوگرافیمان هەڵدایە بەردەمی بەڕێوەبەر، ئەو کاتێک ئەو هەڵوێستەی ئێمەی بینی زۆر توڕە بوو، هاتە دەرەوە، هەتا هێزی تێدا بوو زلەیەکی توندی لە دکتۆر هیوا دا، من هەڵهاتم، ئەو هیچ کاتێک و پێشتر هەڵوێستی وای لەخوێندکارەکانی نەبینی بوو، بەو تەمەنە کەمەی ئێمەوە چاوەڕوانی وەها هەڵوێستێکی لە ئێمە نەدەکرد، چونکە خۆی یەکێک بوو لە کادیرانی حیزبی بەعس، بۆیە هەڵوێیستی وای بۆ قبووڵ نەدەکرا، هەر ئەوەش بوو وای کرد دوا بڕیاری خۆی بدات و ئێمە وەرنەگرێتەوە و گووتبووی: "ئەوانە نابێت بێنەوە خوێندنگە، چونکە ئاژاوەگێڕ و گێرەشێوێنن" ئەو لەوە دەترسا ئێمە کاریگەری لە سەر هاوپۆلەکانمان و خوێندکارانی دیکەی خوێندنگەکە دروست بکەین، هەر بۆیە تەنیا دە ڕۆژی سەرەتا لەوێ دەوامەمان کرد و قبوڵیان نەکردینەوە، دەبوو هەوڵ بدەین لەخوێندنگەیەکی دیکە وەربگیرێین، دکتۆر هیوا چووە خوێندنگەیەک بە ناوی (مدرسە الاخوە العربیە والکردیە) لە گەڕەکی

تەیراوا، منیش لە ئامادەیی کوردستان وەرگیرام، ئەویش خوێندنگەیەکی نمونەیی بوو لەسەر سی مەتری گەڕەکی سێتاقان بەرامبەر میوانخانەی دم دم. ئەو ساڵە لەگەڵ (عەبدالرەزاق، نەجات رەسول و عەلی سەید سعید) هەرسێکیان لەئامادەیی پیشە سازی و (عەبدول واحید) لە ئامادەیی بازرگانی بوون ، ئەویش گەریاوایی بوو، خانویەکمان بەکرێ گرت بە پێنج دینار، لەشوێنێک پێیان دەگووت "بەستە پیازە". بەستە پیازە گەڕەکێک بوو لە هەولێر، ناوەکەی لەوە هاتبوو بەستێک بوو لەمبەرو لەوبەری بەستەکەوە خەڵک پیازی دەچاند.

## گوێ مەدێ و خانوەکەی باوکم

لەسەرو کارگەی مافورەوە تا چاو بڕی دەکرد، چۆڵەوانی بوو، بەڵام وردە وردە خەڵک پارچەیەک زەوی دەستنیشان دەکرد و بۆ خۆی دەیکردە خانوو، سەرەتا جێگەی سەرنجی شارەوانی نەبوو، بەڵام کاتێک وردە وردە دیاردەکە پەرەی سەند، شارەوانی زیاتر چاودێری ئەو ناوچەی دەکرد، ڕۆژانە دەهاتن بۆ سەردانی زەوییەکان، گەر پەیکەری خانوویەکی تەواو نەکراویان بەرچاو بکەوتایە و بانی نەبوایە دەیان ڕووخاند، بەڵام ئەو خانوانەی بانی بۆ کرابوایە، تێکیان نەدەدا، بۆیە خەڵکی بەشەوان دەستیان بە دروست کردنی خانوو دەکرد و بەر لە هەڵهاتنی ڕۆژ گەر بەشێوەیەکی کاتیش بوایە بانیان بۆ دروست دەکرد، ئەو گەرەکە ناو نرابوو (گوێ مەدێ) چونکە خەڵک بێ گوێدانە ڕێنمایی دەوڵەت و بێ پرسی شارەوانی ئەو خانوانەیان دروست دەکرد، لەو سەروبەندەدا بوو باوکیشم بیری لەوە کردەوە لەسەر ڕووبەری سێ سەد مەتر زەوی خانوویەک لەوێ دروست بکات، هەرواشی کرد، بە شەوێک سێ ژوور و هۆڵێکی دروست کرد. وەکو هەرماڵێکی تری ئەو سەردەمە بانەکان بەدار دەکران، ئەویش بەیەک شەو دارەڕای کرد و بە حەسیر دارەکانی داپۆشین و گڵەبانی کردن، ئەو جۆرە بانانە لە هاویناندا ژوورەکانی بە فێکی دەهێشتەوە و لە زستانانیشدا بەگەرمی.

دوای تەواو بوونی خانووەکە من و یاسینی ئامۆزام کە ئەویش لە ئامادەیی کوردستان بوو، چووینە ئەوێ.

# پەیوەندی نێوان ئێمە و دراوسێکانمان لە گوێ مەدێ

من و یاسین تەنیا پەیوەندیمان لەگەڵ دووان لە دراوسێکاندا هەبوو، ناویان (کەمال و عەبدوڵا[٣]) بوو. خەڵکی گوندی گڕاو[٤]بوون وهەر بە گڕاویش ناسرا بوون. هەرچەندە لە ئێمە گەورەتر بوون و خاوەنی خێزان بوون، بەڵام پەیوەندیان لەگەڵ ئێمەدا زۆر باش بوو، ئەوان دووپیاوی تێکۆشەری کوردپەروەر بوون و خەڵکی گڕاو بوون. هەردووکیان لە شانەی ڕێکخستنەکانی پارتیدا بوون، پێشتریش پێشمەرگەی ئەیلول بوون، ئێواران پێکەوە دادەنیشتین و تا درەنگانێک گفتوگۆمان دەکرد، دەربارەی حزب قسەیان لەگەڵ من و یاسین کرد و ئێمەش باوەڕمان بە قسەکانیان هێنا، بووین بە ڕێکخستنی پارتی، ئەوان ئێمەیان هاندا کە دەبێت هەوڵ بدەین قسە لەگەڵ هاوڕێیانی ترماندا بکەین و ئەوانیش بێنە ناو ڕێکخستنەکانی خۆمانەوە، لەیەکەم گەڕانەوەمدا و یەکەم کەس کە دەربارەی ئەو بابەتە لەگەڵی دوام (مامۆستا ئەمیر) بوو، دواتر قسەم لەگەڵ (عەبدالوهاب)دا کرد، کە یەکێک بوو لە هاوڕێیانی خوێندنگەم، ئەوانیش بە داواکەم ڕازی بوون و هاتنە ناو ڕێکخستنەوە.

یەکێکی تر لەو هاوڕێیانەم پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە کرد، ناوی ئازاد بوو، کوڕی مام خەلیفەی موختاری مەسیف بوو، بە نزیکەی بووینە شانەیەکی پێنج شەش کەسی، لەناو ڕیزەکانی پارتیداماینەوە تاساڵی ١٩٧٨. بەشی هەرە زۆری خوێندکارەکانی ئامادەیی کوردستان، یان ڕێکخستنی کۆمەڵە[٥] بوون یان ڕێکخستنی بزوتنەوەی سوشیالیستی[٦]کوردستان، هەردوکیان باڵ بوون لەناو یەکێتیدا.

---

٣. عەبدوڵا گڕاوی: لە دواییدا لەگەڵ محەمەد لە پێشتردا باسم کرد، دوای ئەوەی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەگیرێن، لەئاوی گەرمدا دەیان کوڵێنن تا شەهید دەبن.

٤.٤ گوندی گڕاوی: دەکەوێتە دۆڵێکی بەشی باشوری زنجیرە چیای پیرمام لە بناری چیای سەری ڕەش، لە ناوچەکانی خۆشناوەتی، بە دووری ٢٢کم دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری هەولێرەوە.

٥. کۆمەڵە (کۆمەڵەی مارکس-لینین)، ڕێکخراوێکی سیاسی ڕۆشنبیرییە، لە ساڵی ١٩٧٠دادەمەزرێت، سەرەتا چەند حەڵقەیەکی ڕۆشنبیری بوو، دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥و لەساڵی ١٩٧٦دا، یەکێک لە باڵە سەرەکییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکدەهێنن، ساڵی ١٩٨٢ لەسەر پێشنیاری ڕەوانشاد (نەوشیروان موستەفا) سکرتێری ئەوکاتەی کۆمەڵە، ناوی ڕێکخراوەکە لە (کۆمەڵەی مارکسی لینین) ەوە دەگۆڕن بۆ(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

٦.٦ ڕێکخستنی بزووتنەوەی سۆشیالیست: یەکێک بووە لە پێکهێنەرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

# ساڵی ١٩٧٨
# دیداری من و پێشمەرگە

ساڵی ١٩٧٧ دەنگۆی دروست بوونەوەی پێشمەرگە هەبوو، جگە لەوەی دەنگۆی دروست بوونەوەی پێشمەرگەم بیستبوو، خۆشم درکم بەو بابەتە کردبوو، هەمیشە مەراقم بوو پێشمەرگە لەنزیکەوە ببینم. بەتایبەت لەو سنورە باسی کەسێک دەکرا بەناوی (سلێمان بیرێژی). یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی خەڵکی گوندی بیرێژ بوو، لەسەرەتادا لە شۆڕشی ئەیلولدا سەرلق بوو، لەبەر ئەوەی زۆر دوای لێبوردنەکەی دوای ئاشبەتاڵەکە گەرابۆوە، دوورخرابۆوە بۆ باشور، لەمەسیف دەنگۆی ئەوە هەبوو لەناو خەڵکدا دەیانگوت: «سلێمان بیرێژی بۆتەوە بە پێشمەرگە و هاتۆتەوە شاخ» هەرچەندە زۆر تامەزرۆی بینینی پێشمەرگە بووم لە نزیکەوە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە ویستێکی ئاستەم بوو، تا ئەو ڕۆژەی ڕەشادی[٧] هاوڕێم داوای لێکردم ببەم بۆدۆڵی خۆشناوەتی، چیرۆکی ئەو دیدارە بەمجۆرەبوو.

بەو پێیەی زوو فێری شۆفێری ببووم، هاوینان بە لاندرۆڤەرەکەی باوکم کارم دەکرد و هاتو چۆی سنورەکانی دەوروپشتی مەسیفم دەکرد...جارێک هاوڕێیەکم بە ناوی ڕەشاد داوای لێکردم ببەم بۆ دۆڵی خۆشناوەتی. داواکەییم بەلاوە سەیر بوو، بۆیە پرسیم: «بۆچی ئەوێ؟»

گووتی: «دەچین شتی دەکڕین». ئەو ڕۆژە هیچ کارێکی ترم نەبوو، بۆیە دوای ئەوەی مامەڵەمان کرد بەڕێ کەوتین. بۆ ئەو دەمە کرێی ئەو هاتن و چوونە پێنج یان شەش دینار بوو.

بەڕێگای زینەتیردا ڕۆیشتین، ئەو ڕێگایەی لە زینەتیرەوە بەرەو دۆڵی بالیسان دەڕۆیشت هێشتا گڵ بوو، ئێمە نەمانزانی بوو بەهۆی دروست بوونەوەی هێزی پێشمەرگەوە ئەو ڕێگایە قەدەغە کراوە. کاتێک گەیشتین بینیمان لەسەر زینەتیر فەوجێکی سەربازی لێیە، بەرەو ڕوومان هاتن و ئێمەیان ڕاگرت.

گووتیان: «کێوە دەچن؟»

گووتمان: «دەچینە ماڵە خزمان»

---

٧. ڕەشاد: ناوی ڕەشاد بەگی خانیان پێ دەگووت بەناوی دایکیەوە، گەرنا ناوی باوکی محەمەد عەلی بوو گەریاوەیی بوو.

گووتیان: «لەکوێ»
گووتمان: «لە بالیسان» بەرپرسەکەیان وەک ئەوەی بڕوا بە قسەکانمان نەکات گووتی: "یان دەچنە ناو موخەڕیبان؟"
گووتم :"موخەڕیب کێیە؟»
گووتی: "لۆ بێرەدا هاتن"
گووتم "لۆ؟ ئێرە مەمنوعە؟"
گووتی:"مەمنوعە"
گووتم: "تازە هاتووین، نەشمان زانیوە، سەیتەرەکەی خوارێش بەئێمەی نەوتووە مەمنوعە"
گووتی: "مادام هاتوونە سەرشاخی بڕۆن، بەڵام بێرەدا نەیەنەوە"
ڕۆیشتین و چووینە (چیوێ...چیوێی سەرێ)[8] لەوێ کەسێک بانگی کردین گووتی»خەڵکی کێندەری؟»
گووتم : "خەڵکی مەسیفێ مە»
گووتی: "لەمەسیفی کوڕی کێی؟»
گووتم: "کوڕی حاجی نادریمە»
گووتی : "ئۆ هۆۆۆ .... مام حاجی خزمی خۆن"
ئەو پیاوکی باڵا مامناوەندی دەستەبوو، دەستێک جلی کوردی لەبەردا بوو، بەسەر پشتێنەکەیەوە تاقمێکی بەستبوو، لە سەرو سیمایدا قارەمانی و نەبەردی و ئازایەتی بەدی دەکرا. بە کڵاشینکۆفە موزەللیەکەی شانییەوە بەسام و هەیبەتتر دەردەکەوت، نزیکەی حەوت هەشت پێشمەرگەی لەدەور بوو، ئەوانەی لەگەڵ ئەوبوون زیاتر خەڵکی گوندی "بەرەکە" بوون، زۆر دڵم پێیان خۆش بوو، لێم دەڕوانین و تەماشای بەژن و باڵاو تاقم و تفەگەکانیانم دەکرد، یەکێک برنەوی پێ بوو، یەکێک کڵاشنکۆف، یەکێک لەپێشمەرگەکان جۆرە تفەنگێکی تری پێ بوو نەمدەزانی چییە، دواتر زانیم (ژێرسی) بوو. یەکێک لەو پیاوانەی لەگەڵی بوو ناوی (شوکری حەمەد قازی) بوو، خەڵکی گوندی بانەمانی خوار مەسیف بوو. بەپێی ئەو باس و خواسانەی دەربارەی سلێمان بیرێژی بیستبووم گومانم دەبرد ئەو بێت، ئەوەش جێگەی شانازی و دڵخۆشی بوو، لەو ساتەدا دەمویست نەڕۆمەوە و هەر لەگەڵ ئەو ببمە پێشمەرگە.

٨. چیوێی سەرێ: یەکێکە لە گوندەکانی سنوری ناوچەی خۆشناوەتی.

گووتی: «کوڕی حاجی لۆچ هاتینە»

گووتم: ”هاتوین شت بکڕین“ دەستم بۆ ڕەشاد ڕاکێشا و گووتم: ”ڕەشاد... هاوڕێمە“.

لەویا ڕەشادم پێناساند. بەخۆشحاڵییەوە مۆڵەتی ڕۆیشتنی داین و گووتی: ”سەلامان لەبابیێ خۆبکە و بلێ سلێمان بیرێژی سەلامی لێ دەکردی“ ئەوکات دڵنیابوومەوە ئەو پیاوە سلێمان بیرێژییە. گۆتم : ”باشە بەسەر چاو“ ئەوە یەکەم جار بوو لە پاش ئاشبەتاڵەکە و لە نزیکەوە بە پێشمەرگە ئاشنا بم، زۆر دڵخۆش بووم و شانازیم بەخۆمەوە دەکرد لەوەی بە دیداری ئەوان و بەتایبەت سلێمان بیرێژی شاد ببووم. بەڵام دواتر بەهۆی زۆری هاتوچۆکردنمەوە بۆ سنورەکانی دەوری مەسیف، ئاشنایەتیم لەگەڵ پێشمەرگەکانی سنورەکەدا پەیدا کرد.

هەرچەندە بابەتی سەرەکی من لەم گێڕانەوەیەدا دیدارە شادیهێنەکەی سلێمان بیرێژی و هاوەڵانی بوو، بەڵام هۆکارەکەی مامەڵەکەی ڕەشاد بوو لە خۆشناوەتی، من سەرەتا نەمدەزانی بڕیارە ئەو چی بکڕێت تا دواتر لە بابەتەکە تێگەیشتم، ڕەشاد دەچوو لەوێ فانیلەی ئێرانی (فانیلەی پیاوان) بکڕێت، لەو سەردەمەدا بەڕێگای قاچاخ دەهاتە ناو خۆشناوەتی، ئەویش لەوێ دەیکڕی و دووبارە دەیویست بەقاچاخ بیهێنێتەوە ناو مەسیف.

## ڕۆڵی هونەر و ئەدەب
## بۆ بزواندنی هەستی نیشتمانی

ئەدەب و هوونەر ئەو چەکە بێدەنگەن هەرگەلێک دەتوانێت لە ڕێگەیانەوە پەیامە گرنگ و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی بگەیەنێت، ئێمەش وەک گەنجی ئەو ڕۆژگارە عەوداڵی گەڕان بوین بە شوێن ئاوازێک، دێڕێک، وشەیەک تا هەستی نیشتمانی خۆمانی تێدا ببینینەوە. دەمەوێت ئاماژە بە یەکێک لەو بیرەوەریانە بدەم کە هەرگیز لەیاد ناچنەوە.

یەکێک لە هاوڕێکانمان بە ناوی (مستەفا کەریم) هەرچەند لەڕێکخستندا نەبوو، بەڵام وەک ئێمە دڵسۆزی کوردایەتی بوو، کاسێتی شڤان پەروەری پەیدا کردبوو، من و مامۆستا ئەمیر و مستەفا و یەک دوو هاوڕێی تر دەچووینە مەیدانی تۆپی پێکەی مەسیف، تەجیلێکمان لەگەڵ خۆماندا دەبرد و گوێمان لەگۆرانیەکانی شڤان پەروەر دەگرت، ئەو گۆرانیانەی لەو کاسێتەدا هەبوون (من کێم ، واهاتن پێشمەرگێ مە» بوون و ئەو گۆرانیانە زیاتر ورەیان بەرز دەکردینەوە و هەستی کوردایەتیان زیاتر دەجوڵاندین.

پشوی هاوینی قۆناغی چواری ئامادەیی کتێبی (تاریک و ڕوون)ی هێمن موکریانیم بەدەست گەیشت. لە لایەن (شیرزاد)ی هاوڕێمەوە کە بە بەشێرزادی مام سابیری دوکاندار لە مەسیف بەناوبانگ بوو، ئەو لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بوو، هەریەکەم ڕۆژ دەستم کرد بە خوێندنەوەی شعرەکانی مام هێمن. بەشێکی زۆری شعرەکان، شعری کوردایەتی بوون و هەستی نیشتمان پەروەری ئێمەیان دەجوڵاند.

## قۆناغی پێنجی ئامادەیی
## ١٩٧٩-١٩٧٨

پشوی هاوین بڕایەوە و دووبارە دەوام دەستی پێکردەوە، لەقۆناغی پێنجی ئامادەیی بووم، مام قادر شۆڕش کە پێشریش لە شۆڕشی ئەیلول بەرپرسی حیزبی بوو، لەناوچەی شەقڵاوە لەگەڵ کوڕێکی هاوڕێم بە ناوی کامەران لە ئامادەیی کوردستان پێکەوە بووین. دەیانزانی ئێمە هەستی کوردایەتیمان هەیە، بەڵام نەیاندەزانی ئێمە لەڕێکخستنی پارتی داین، ڕۆژێک لەپشت خوێندنگە جگەرەمان دەکێشا، کامەران هات و بەمنی گووت هەندێک کارم پێتە.

لەگەڵی کەوتمە گفتوگۆ و دەرگای بابەتی کوردایەتی و خەمی میللەت و بارودۆخی ئەو سەردەمەی ڕێکخستنەکان و حکومەتی بەعس کرایەوە. منیش دانم بەوەدا نا کە لەناو ڕێکخستندا کاردەکەم، گووتی :»سەر بە چ لایەنێکیت؟

گووتم :»پارتیم»

لەگەڵ بیستنی ئەو ڕستەیە لە زاری من ئەو ڕەنگی گۆڕدرا و بە گرژیەکەوە گووتی: «کو لەو حیزبەی؟»

گووتم :"بۆ»

گووتی: "نەتزانی چیان کردیە؟»

گووتم: "ناوەڵا"

باسی کارەساتی هەکاری بۆکردم [٩]

کاتێک کامەران باسی ئەو کارەساتە گەورەیەی هەکاری بۆ کردم، هەستم بە ستەمێکی زۆر گەورە کرد، ستەمێک کە دووژمنەکەت لێت بکات زۆر ئازارەکەی کەمترە وەک لەوەی هاو زمان و هاو خوێن و هاو نیشتمانییەکەت لێت بکات، ئەو جەختی لەوە کردەوە: «ئەو کارە بە پلانی قیادە مۆقەتەی بووە کە ناویان لە خۆیان ناوە پارتی و بە هاوکاری دەوڵەتانی ئێران و تورکیا بە ئەنجام گەیشتتووە». کاتێک شەو بابەتەکەم لە یاسین گەیاند، ئەویش وەک من بەداخ بوو، پێی گووتم: «بەیانی دەمەوێت کامەران ببینم، کاتێک یاسین کامەرانی بینی بوو، کامەران بابەتەکەی بۆ ڕوون کردبۆوە، ئەویش هەستی گۆڕدرا و لەو کارەساتە هەڵوێستمان وەرگرت و چووینە لای (عەبدوڵا و کەمال) گڕاوی و قسەمان لەگەڵدا کردن، ئەوان بەرپرسی ئێمەبوون و گووتمان: «ئێمە چیتر پارتی نابین « گووتیان: "چ بووە و چ نەبووە؟؟»

باسی کارەساتی هەکاریمان بۆ کردن. بەڵام ئەوان هێشتا بەرگریان لە پارتی دەکرد و بابەتەکەیان ڕەت دەکردەوە. بەڵام تازە ئێمە بڕیاری خۆمانمان دابوو،

---

٩.کارەساتی هەکاری: ساڵی ١٩٧٨ بەشێکی زۆری هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بەمەبەستی هێنانی چەک لە سوریاوە، بە سەرپەرشتی و فەرماندەیی (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ) کە هەرسێکیان ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، بە هێزێکی هەزار کەسییەوە دەچنە ناوچەی برادۆست، بەتایبەت بەشی هەکاری، کە سێگۆشەیەکە دەکەوێتە نێوان (عێراق- ئێران- تورکیا)وە. لەوێشەوە بە پلانێکی تۆکمە، هەرسێ دەوڵەت هێزەکانیان دەبەنە ئەو ناوچەیە و بەرەو ڕووی ئەو هێزە دەبنەوە، جگە لەوەی سەرکردایەتی پارتی (قیادە موەقەتە) و خێڵەکانی ناوچەی کورد لە باکوری کوردستان، بەشدار دەبن لەو ڕوو بەڕووبوونەوەیە دژی یەکێتی، دوای ئەوەی زۆرێک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی شەهید دەبن و هەرسێ سەرکردە (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید و حسێن بابێ شێخ) دەکەونە دەست ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی (قیادە موەقەتە) دوور لە گیانی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی شەهیدیان دەکەن.

ئەو کارەساتە هی ئەوە نەبوو وەک بابەتێکی سادە و ساکار لێی بڕوانیت. هەربۆیە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتییدا پچڕاند.

بەڵام پچڕانی ئەو پەیوەندییە ، هیچی لە هەستی کوردایەتیمان کەم نەکردبۆوە، نەورۆزان لەمەسیف، گەنجەکان لەسەر فولکەی مەسیف تایەمان کۆدەکردەوە و لەسەر یەکمان دادەنان و بەرزمان دەکردنەوە و ئاگرمان تێبەردەدا، جا هەموومان جلی کوردیمان لەبەر دەکرد، پوزەوانە و فەقیانەمان دەبەست و پەستەکمان لەبەر دەکرد و شاییمان دەکرد، کۆمەڵێک گەنجی دەنگ خۆش دەستیان دەکرد بە گۆرانی گووتن. لە وانە (سەرتیب یەحیا و مەجید مستەفا قەساب)، ئەوان گۆرانی و شعیری حەماسیان دەگووت و ئێمەش تا درەنگانی شەو هەڵدەپەرین بە دەوریاندا، لەبیرم دێت جارێک کاک سەرتیپ و ئازاد حەمەد عەلییان گرت.

کوڕێک بەناوی (محەمەد فەقێ میرزا) هەبوو لەمەسیف لە ئێمە گەورەتر بوو، هەرچەندە چەکداری حکومەت بوو، بەڵام زۆر دڵسۆزو دۆستی ئێمە بوو، کاتێک چوین بۆلای و هەواڵی گرتنی هاوڕێکانمان پێ گووت، هات لەگەڵمان بۆ دائیرەی ئەمن، بەڕێوەبەری ئەمن گووتی: "ئەوان لەناو شایی شعری قاچاخیان گوتووە" محەمەد گووتی : "وانیە، ئەوانە، فاتمێ زالمێ یان گووتیە»

ئەویش دەیگووت: "دەبێت ئەو شعرەم بۆ وەربگێڕن»

ئەویش بەعەرەبیەکەی خۆی گووتی: "اکوبنەییە،هوایە زالم، فلوەلد یحیب و بنەییە" تێکی هەڵشێلا، دوای ئەوەی هەمان شەو ئازادیان کردن، ئێمەش بڵاوەمان لێکرد و هەریەکەمان چوینەوە ماڵی خۆمان.

سەبارەت بە خوێندنی قۆناغی پێنج لەوانەیەک ئیکمال بووم کە پێیان دەگووت "نەبات"، ئەو وانەیە باسی گژو گیاو گوڵی دەکرد، لەڕووی پێکهاتە و بەرهەم هێنانەکەیەوە، وەک سەرەتاش گووتم لەدەرخیات تەمەڵ بووم... کۆمەڵێک لەهاوڕێکانی مەسیفم هاتنە لام و گوتیان، ئەم ساڵ کارێک بکە دەرنەچیت، ساڵی داهاتوو وەرەوە مەسیف و لەگەڵ ئێمە دەوام بکە" منیش ئەوانم زۆر خۆشدەویست، لە هەولێریش هەمیشە هەستم بەغوربەت دەکرد، بۆیە نەچوومە تاقی کردنەوەکەوە، هەرچەندە لای ماڵەوە نەمگووتبوو نەچووم، لەبەر خۆشەویستیم بۆ هاوڕێکانم خوم هێشتەوە و ساڵی دواتر هاتمەوە مەسیف.

# هاوینی ساڵی ١٩٧٩

دووبارە کاتی خوێندن تەواو بوو، پشوی هاوین دەستی پێکردەوە و گەڕامەوە بۆ کۆگێ عەلای لە مەسیف، لە پڕۆژەیەکی گەشتیاریدا دەستم بەکار کردن کرد، کۆمەڵێک کۆمپانیای بیانی هاتن بۆ مەسیف و لە سەری ڕەش کۆمەڵێک خانوویان دروست کرد، کۆمپانیایەکیان بەلجیکی و کۆمپانیایەکیان ئیتاڵی و ئەوەی تریان فەڕەنسی بوو، کۆمەڵێک خانوی ئامادەکراوی زۆر جوانیان دروست کرد، پێویستییەکی زۆریان بە کرێکار هەبوو، ئێمەش بەو پێیەی خوێندەوار بووین، جیاوازیمان هەبوو لەگەڵ خەڵکی نەخوێندەواردا، بۆیە کارەکانیشمان جیاواز بوو، ساڵانە کاتێک خوێندنگە تەواو دەبوو، نوسراومان دەنووسی بۆ ئەو کۆمپانیایانەی پڕۆژەکانی ئەوێیان بەڕێوە دەبرد. ئەوان پێویستیان بەئێمە بوو، بۆیە هەر هەمان ڕۆژ وەردەگیراین، بەگشتی خەڵکی مەسیف ژیانیان زۆر خۆش بوو، کەس بێ ئیش نەبوو، دوکاندار... قەساب... نانەوا....بەهۆی ئەو هەموو خەڵکەی ڕووی لە مەسیف دەکرد، بازاڕیان هەبوو. ئەودەمە مەسیف پڕ بوو لەو کەسانەی لە دەرەوەی عێراقەوە دەهاتن، وەک خەڵکانی (ئیماڕات، قەتەر، کوەیتی و سعودی) بەسەدان خانەوادە لە مەسیف و سەری ڕەش دەمانەوە، جگە لە عەرەبەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

لەناو پڕۆژەکانیشدا خەڵکێکی زۆر سەقاڵی کارکردن بوون بە پێی توانا و لێهاتوویی خۆیان، هەندێک وەک باخەوان، ئێمەش وەک (عامل جرد) واتە وەک کرێکاری پشکنەر کارمان دەکرد، کاتێک کەسێک دەهات خانوو بەکرێ بگرێت ئێمەیان لەگەڵ دەنارد، هەموو کەلوپەلەکانی ناو خانووەکەمان دەنوسی، فۆڕمێک هەبوو، کە دەڕۆیشت فۆڕمەکەمان وەردەگرتەوە، تا بزانین کەم و کورتییەکان چین، بۆ سەرەوەمان دەنوسی، بۆ ئەوەی ئەوان ئەو کەم و کورتیانە پڕبکەنەوە، بەپێی نرخی کەلوپەلە شکاوەکان لەوێ غەرامەیان دەکردن، موچەکەمان ٥٤ دینار بوو، جگە لەو ٥٤ دینارە، لەوێ سیستمێک هەبوو پێیان دەگووت "خزمەتگوزاری"، لەسەدا دەی ئەو خزمەت گوزارییە، لە هەموو شوێنەکانی وەک (چێشتخانە و باڕەکان و خانووەکان...) کۆدەکرایەوە، ئەوە دەبووە پارەیەکی زۆر، لەدواتردا دابەش دەکرایەوە بەسەر هەموو ئەو کارمەندانەی لە پڕۆژەکەدا کاریان دەکرد، مانگ هەبوو ٦٠ دینار خزمەتگوزاریمان وەردەگرت. لە زستاناندا بەو برە پارەیەی کۆمکردبۆوە، سەفەری

بەغداد و موسڵم پێ دەکرد، بەویستی خۆم جل و پێداویستییەکانم پێ دەکڕی، یارمەتی ماڵەوە و براکانیشمم دەدا، ئەوەی بهاتایەتە ئەوێ و کاری بکردایە پارەی باشی دەست دەکەوت.

## ١٩٨٠-١٩٧٩
##ساڵی دووهەمی قۆناغی پێنج

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لە قۆناغی پێنج نەچوومە تاقی کردنەوەی وانەی نەباتەوە، خۆم هێشتەوە و ساڵی دووهەمی قۆناغی پێنج گەڕامەوە بۆ مەسیف، لە گەڵ هاوڕێکانم کە بریتیبوون لە (مامۆستا ئەمیر، کاک فازیل، عەلی نور محەمەد، عەبدول وەهاب، مەغدید، دڵشاد ڕەفعەت، تاهیری مەلا محەمد و ... چەندهاوڕێیەکی تر) درێژەم بە خوێندن دا، چونکە من ساڵی دوەمم بوو لە پۆلی پێنج، لە هەموویان زیرەکتر بووم، لەکۆتایی ساڵ لەپێنج وانە بەخشرام، چونکە ئەوکاتە گەر نمرەی هەروانەیەکت سەرو (٩٠نمرە) بوایە لە تاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵ و لەو وانەیەدا دەبەخشرایت.

ئەوساڵە وانەی بیرکاریم بە پۆلەکانی یەک و دوو و سێی ناوەندی دەگووتەوە، بە تایبەت جەبر و هەندەسە، خۆم پرسیارم بۆ دادەنان، خۆم مەلزەمەم بۆ دروست دەکردن، بۆ ئەوەی بەهێز بن، دواتر لەپای ئەوماندو بوونەی کە وانەم دەگووتەوە، سوپاس و پێزانینم لە پەروەردەی هەولێرەوە بۆهات، ئەوکات بەڕێوەبەری پەروەردە بورهان ئەحمەد وەحید بوو.

دوای ئەوەی هاتمەوە مەسیف، پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێکانم پتەوتر بوو، دەرفەتی پێکەوە بوونیشمان زۆر زیاتر بوو. چونکە لە دوای دەوامی خوێندنگە هەرشەوە و لەماڵی یەکێک لە هاوڕێیان کۆدەبووینەوە و تا درەنگانی شەو دادەنیشتین. بەو پێیەی لەهەرەتی لاویدا بووین، کوردایەتی و بیرکردنەوە لە کوردایەتی و لەو زوڵم و ستەمانەی حیزبی بەعس کە دەرهەق بە میللەتەکە دەیکرد، گرنگترین بابەتی قسەوباسمان بوو، هەمیشە گفتوگۆمان لەبارەوە دەکرد، زۆرترین باس و خواسەکانمان لەسەر مەسەلەی کوردایەتی بوو.

# تەنیا شۆفێرێك نەبووم...

شۆفێری کردن لە کاتی پشووەکانی هاویندا تەنیا بۆ بەدەستهێنانی داهاتێک نەبوو، بەڵکو ئەو گەڕانانە دنیایەکی نوێی بەڕووی مندا واڵا کردبوو، ئەوەی بۆ هاوڕێکانم سەبارەت بە پێشمەرگە دەوترا و نامۆ بوو، بۆ من بەجۆرێکی تر بوو، چونکە زۆربەی جار کە دەچوومە گوندەکانی دەوروبەری مەسیف، بەدیداریان شاد دەبووم.

لە زستانی ساڵی ١٩٧٨دا دەستەیەک پێشمەرگەی گوندی گەریاوە بە ناوەکانی (مستەفای عەولا گولێ، قادر مامێزین، حامیدی مام حەمە دەمین و حاتەمی بانەمان) کە لە مەفرەزەکانی سلێمان بیرێژی بوون، هاتبوونەوە بۆ گەریاوە، هەرچەندە لەو هاتنەیاندا سلێمان بیرێژیان لەگەڵدا نەبوو، بەڵام حکومەت درکی پێکردبوون، بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەریان و لە ڕوو بەڕووبونەوەیەکدا (قادر مامێزین و حامیدی مام حەمەدەمین و حاتەمی بانەمان) لە خوار گوندی گەریاوا لە شوێنێک کە پێی دەگوترێت مێرابان، شەهید کران.

ئەو ڕۆژەی ئەوان شەهید کران، بەفرێکی زۆر باری بوو، تەرمی هەرسێکیانیان هێنایەوە مەرکەزی مەسیف، خزم و کەسەکانیان لە دوای هەوڵ و واستەیەکی زۆر توانیان تەرمەکان وەربگرنەوە و لەگەریاوا بیان نێژن.

ئەودەم زیاتر لە هەموو هاوڕێیان زانیاریم لابوو، چونکە بەسەیارەکەی باوکم دەگـەڕام، زۆر جـار شانازیم بەخۆمەوە دەکـرد کاتێ دەهـاتـمـەوە باسی بینینی پێشمەرگەم بۆ دەکردن، لەیەکێک لەو جارانەدا، بۆ هێنانی ڕەژوو (خەڵوز) بە قاچاغ چووبوومە (سەرکەندی خەیلانیان)، چونکە هێنانی خەڵوز بە ئاشکرا قەدەغەبوو، ڕێکەوتی سلێمان بیرێژیم کرد، وەک هەمیشە حکومەت بەدوای پێشمەرگە و بەتایبەت سلێمان بیرێژییەوە بوو، کاتێک ئەوانم بینی. سلێمان بیرێژی گووتی: «وەرە کوڕی مام حاجی دەربازمان کە» منیش سوارم کردن و بردمن بۆ گڕاوی بابەجیشک، کە یەکێکە لە گوندەکانی خەیلانیان، دوای دەرباز کردنی ئەوان گەڕامەوە بۆ بارکردنی خەڵوزەکان.

کاتێک شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانمدا دادەنیشتین، باسی ئەو پێشمەرگانەم بۆ دەکردن کە بەڕۆژ ڕێکەوتم کردبوون، یان ئەو هەواڵانەی دەربارەیان دەمبیست، بەگشتی باس و خواسەکانمان لەسەر بابەتی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بوو.

# سلێمان بیریژی

سلێمان بیرێژی یەکێک بوو لەو پێشمەرگە ئازاو نەبەردانەی لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، تا هەڵگیرسانی شەڕی ئێران وعێراق، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ناوچەکەدا. لە کاتێکدا حکومەتی عێراق لەوپەڕی بەهێزیدا بوو لەڕووی توانای سەربازیی و چەکدارییەوە، پێشمەرگەش بە پەنجەی دەست دەژمێردرا، ئەوانەی هەمیشە لەگەڵ سلێمان بیرێژی ناویان دەهات بریتیوون لە شوکری حەمەقەزی(۱۰) یەکێکی تر لەوانەی کە لەگەڵی بوو کوڕێک بوو بە ناوی جەوهەر(۱۱))، هەندێک لەوانەی لەگەڵی بوون خەڵکی گوندی بەرەکە و گوندەکانی دەوری مەسیف بوون، مەفرەزەیەکی بچووکیان پێکهێنا بوو، دەوری دە بۆ دوانزە پێشمەرگەیەک دەبوون، لەدۆخێکی زۆر سەختدا خەباتیان دەکرد، چونکە جەیشەکانی حکومەت و مەفرەزە تایبەتەکانی شەو و ڕۆژ بەدوایانەوە بوون، کە خوێندن کرا بە عەرەبی و گوندەکان ڕاگوێزران، ئیتر جموجۆڵ و چالاکیان زیادی کرد، حکومەتیش سور تربوو لەسەر دەستگیر کردن و شەهید کردنیان. بەتایبەت لە هەلێک دەگەڕان بۆلەناو بردنی سلێمان بیرێژی.

ئەوان سلێمان بیرێژیان بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر حکومەت لەقەڵەم دەدا، لەڕاستیشدا هەر وابوو، چونکە گاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ناوچەی خۆشناوەتی و زرارەتی و دەوروبەری مەسیف و شەقڵاوە دانابوو، خەڵک خۆشیان دەویست و توانی بووی ورەی خەڵک بەرز بکاتەوە، هەستی نیشتمان پەروەری لای خەڵکی ئەو گوندانە و دەورووبەری بژێنێتەوە، لەسەرێکی دیکەوە کوشتن یان دەستگیرکردنی سلێمان بیرێژی ئەوەندە سادە و ساکار نەبوو.

بەڵام دواجار لە لایەن یەکێک لەو پێشمەرگانەیەوە کە متمانەی تەواوی پێی هەبوو بەناوی(عەوڵا تورگ)ەوە شەهید کرا.

عەوڵا تورگ خەڵکی گوندی چێوەی سەروو بوو، چەند ساڵێک لەگەڵ سلێمان بیرێژیدا پێشمەرگە بوو، توانی بووی متمانەی تەواوی سلێمان بیرێژی بەدەست بهێنێت، بەڵام لەدواتردا بە نهێنی دەست لەگەڵ حکومەت تێکەڵ دەکات و حکومەتیش یەکەمین داوا کە لێی دەکات کوشتنی سلێمان بیرێژییە، هەربۆیە شەوی (۱۹۸۰/۶/۲۷)

---

۱۰. (شوکری حەمەقەزی: لەگوندی چێوێ شەهید دەبێت.

۱۱. جەوهەر: خەڵکی گوندی بەرەکە بوو، لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا لە گوندی بیرێژ شەهید دەبێت.

کاتێک سلێمان بیریژی و مەفرەزەکەی دەچنە گووندی بەرەکەی نزیک شارۆچکەی شەقڵاوە، عەولا تورگ پەیام بۆ دەزگاکانی بەعس دەنێرێت و لە بەئەنجام گەیاندنی کارەکە ئاگاداریان دەکاتەوە، حکومەتی بەعسیش هێزێک دەخاتە ئامادە باشییەوە بۆ پاڵپشتی کردنی.

ئەو شەوە، عەولا تورگ لە کاتژمێر (١:٤٥) خولەکی شەوداو لەکاتی خەودا سلێمان بیریژی شەهید دەکات و خۆی دەگەیەنێتە ئەو هێزەی کە بۆ پاڵپشتی کردنی هاتبوون، لەدوای بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارەی لەلایەن حکومەتەوە مەفرەزەیەکی تایبەتی بۆدەکرێتەوە، چەک و سەیارە و پارەی زۆری پێ دەبەخشن.

دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر کوشتنی سلێمان بیریژیدا و لە بەهاری ساڵی ١٩٨١دا. عەولا تورگیش کوژرا، کاتێک لە گەڵ سێ چوارێک لەچەکدارەکانی خویدا دێتە مەسیف بۆ سەیران، ئەوکات من خۆم بینیم لەیەکێک لەو خانوانەدا بوو کە پێیان دەگووت (چل و پێنج خانووە)کە و لەباخەکەیدا دانیشتبوون، وەرزی بەهار بوو، ڕۆژی دواتر گووتیان: «عەولا تورگ بەعەموودەکەی بەستۆرەوە هەڵواسراوە»، واتە شەو لەناو خانوەکەدا کوژرابوو، دەنگۆیەک هەبوو لەوەی براکانی سلێمان بیریژی کە ناویان (یوسف، تۆفیق و جوهەر)بوو، ئەوکارەیان کردبێت، ئەوکاتە ئەوانیش پێشمەرگەبوون.

## ژن بەژن

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژیاین هاوسەرگیری وابەستەی کۆمەڵێک قەید و بەند بوو، یەکێک لەوانە ژن بەژن بوو، زۆر جار لەم جۆرە هاوسەر گیریانەدا ژن دەبووە قوربانی، چونکە هەندێک جار ئەو کەسەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەکرد بەویست و ڕەزامەندی خۆی نەبوو، یان هەرکێشە و گرفتێک لە نێوان براو براژنەکەیدا ڕووی بدایە، دەبوو ئەمیش دەسبەرداری ژیانی بێت، گەرچی ژیانێکی خۆش و بێ کێشەش تێپەڕێنێت.

لەو سەردەمەدا بڕیار تەنیا بەدەست گەورەکان بوو، لەدەوری ساڵانی١٩٧٨بۆ١٩٧٩دا مام حاجی قادرم هاتە خوازبێنی سەبری خوشکم بۆ یاسینی کوڕی، باوکیشم بێ هیچ

مەرجێک ڕازی بوون و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، بە تایبەت کاتێک کە پێی گووت: «ئێوەش بەهار بۆ جەمال مارەبکەن» ئەوساڵە بەهار لەقۆناغی شەشی سەرەتایی بوو، منیش وانەی بیرکاریم پێدەگووت، بەڵام بەهار نەدەهات تا وانەی پێ بڵێم، گەرچی پێشتر وەک دوو ئامۆزا نێوانمان زۆر خۆش بوو، بەڵام لەدوای ئەو بڕیارەی گەورەکانەوە، بەهار وەک دەزگیرانێک شەرمی دەکرد.بێتە لام. بۆیە لەوانەکە کەوت، ئەوساڵە بەهار مایەوە لەوانەی بیرکاری، زۆرێک لە هاوڕێکانی دەهاتنە لام تا وانەی بیرکارییان پێ بڵێمەوە و دەرچوون، لەپای ماندوو بوونەکەم، دەرچووەکان دیاریان بۆدەهێنام، بەڵام هەستم دەکرد بەهار غیرەم لێدەکات و پێی ناخۆشە هاوڕێ کچەکانی دیاریم بۆ بێنن.

کاتێک هاوڕێکانی دەرچوون و قەڵەم و شتی جوانیان بە دیاری بۆ هێنا بووم ، بەهار خۆی لالوت کردبوو.

# ١٩٨١
# قۆناغی شەشی ئامادەیی

ساڵی ١٩٨٠بۆ ١٩٨١ قۆناغی پێنجم لەمەسیف بەڕێ کرد و بەرەو دواین قۆناغی ناوەندی هەنگاوم نا، جارێکی تر چوومەوە ئامادەیی کوردستان، لە پۆلی شەشدا لەگەڵ برادەرەکانم تێکەڵ بووین و زۆرتاقەتی خوێندنمان نەما، منیش پێم خۆش بوو نمرەیەکی بەرز بەدەست بێنم، بۆیە بڕیارمدا گەر بە باشی خۆم ئامادە نەکەم پێویست نیە بچمە تاقی کردنەوەکانەوە، هەرچەندە بەشداریم کرد لە تاقی کردنەوەکاندا، بەڵام خۆم هێشتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، بۆ ئەوەی نمرەیەکی باش بەدەست بێنم، هەر لە سەرەتای ساڵانی١٩٨١ەوە. بابەتی کوردایەتی و خولیای کارکردن لە ڕێکخستنەکان و پێشمەرگایەتی کەوتە سەرمەوە، لەبەر ئەوە پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە دروست کردبوو، سەرەتا تەنیا دەمزانی یەکێتی هەیە، تا بووم بە پێشمەرگە.

ئێمە کۆمەڵێک گەنج بووین، تینووی کوردایەتی بووین، عەلی ئامۆزام و خزمێکی تریشم بە ناوی حسێن ببوونە پێشمەرگە، پێیان دەگووت: «حسێن بلیمۆنت» کاتێک دەچوومە گوندەکانی دەوری مەسیف ئەوانم دەبینی، جارێک هەردوکیانم هێنایەوە

ناو مەسیف بە جێبەکەم، هەرچەندە لەهەرکوێ دەستگیر بکرایانایە چارەنوسی منیش هیچی لە چارەنوسی ئەوان کەمتر نەدەبوو، چونکە ئەوان جگە لەوەی پێشمەرگە بوون دەمانچەشیان پێ بوو، بەڵام من نەدەترسام، گووتیان: « لەگەڵ خۆت بمانبەرە مەسیف»، گووتم:»بەسەر چاو سەرکەون».

گووتیان:»ئەی سەربازگەکان؟»

گووتم: «کێشە نیە سڵاویان لێدەکەین تا گومان نەکەن» هەرواشم کرد، بەلای کۆڕێدا هاتم و هۆبەی هەرکییەکانی مەسیفم تێپەڕاند و لە نزیک گوندی شیوە سماق سوارم کردن و هێنامنەوە ناو مەسیف، سێ چوار ڕۆژ لە مەسیف بوون و بردمنەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان، من هەمیشە زانیاریم لەوانەوە وەردەگرت، هێشتا نەچووبوومە ناو ڕێکخستنەکانەوە، تا بەرپرسیارێتیم لە ئەستۆ بێت، بەڵام خۆم بیرم کردەوە، لەهەموو ئەو برادەرانەم وشیار ترم کە لە مەسیف پێکەوە بووین و تیپی تۆپانێ و تیپی نواندنی پیرمامان هەبوو، من لە تیپەکەدا لە کۆتا بەرگریکار یاریم دەکرد، ئێستاش بیرمە لەدوو یاریزانم دا، یەکێکیان ناوی (کارزان[١٢])، بوو، یاریزانی هێرشبەر بوو لە تیپی شەقڵاوە، کوڕێکی تریان لە تیپی شاوەیس ناوی نادر بوو، زۆر خێرا بوو، بەتوندی شەقی لەتۆپەکە هەڵدا زۆر بەرز بۆوە و بەسەر مندا تێەڕی و نەمتوانی بە تۆپەکە بگەم، منیش پێیەکم خستە بەرپێی، بەو هۆیەوە دوو تەقلەی لێدا و کارتیان بۆ بەرز کردمەوە.

تیپی نواندنی پیرمامیشمان هەبوو، کە تیپێکی هونەری بووین. ساڵانە چالاکیمان هەبوو لە بۆنەکاندا و بەتایبەت لە بۆنەی نەورۆزدا، شانۆمان پێشکەش دەکرد و ئاهەنگمان دەگێڕا، لە ساڵی ١٩٨٠دا ئەو تیپەمان دروست کرد، ئەندامانی ئەو تیپە، دە بۆ پانزە کەس دەبووین، ئەوەندەی لەبیرم بێت جگە لە خۆم (خەسرەو حەمە ساڵح، نەجات عەلی هەرکی، سەڵاح عەبدوڵا بامەڕنی، دڵشاد ڕەفعەت، تاهیر مەلامحەد، سەرتیپ یەحیا، مامۆستا ئەمیر، فازیل، عەلی نور محەمەد، مەجید موستەفا قەساب، ئازاد محەمد عەلی، یوسف عوسمان برادۆستی، نەبەز شێخ جەواد، گوڵبەیاز قادر، مژدە خەلیل، ڕووخۆش ئەسعەد و سەربەست حەسەن) بووین لە تیپی نواندنی پیرمام.

١٢. کارزان: یەکێک بوو لە یاریزانەکانی تۆپی پێ، خەڵکی شەقڵاوە بوو، لەشەڕی ئیسلامییەکاندا و لەسەر چیای هەیبەت سوڵتان شەهید بوو.

ئەوشانۆییانەی پێشکەشمان کردن بریتیبوون لە (هاوارێک لە مەهاباد، خەج و سیامەند و کاوەی ئاسنگەر)، جگە لە کاوەی ئاسنگەر کە خۆی بە کتێب هەبوو، ئەوانی تر زیاتر نەجات و یوسف دەیان نوسی، ئەوان لەئێمە زیرەک تربوون، جگە لەوەی ڕۆڵی سیناریست و دەرهێنەریان دەبینی، خۆشیان لەشانۆگەرییەکاندا ڕۆڵیان دەبینی، یوسف و سەلاح شێخ عەبدوڵاو سەرتیپ ئەکتەری زۆر باش بوون، زۆربەی جار ڕۆڵی ژنانمان دەدایە (سەرتیپ)، منیش یەک جار ڕۆڵی ژنم بینیوە لە یەکەم شانۆگەریدا، بەڵام بەداخەوە لەبیرم نەماوە ئەو شانۆگەرییە ناوی چی بوو.

## ساڵی دووەمی قۆناغی شەش

مانگی ١٠ی ساڵی١٩٨١دووبارە لە ئامادەیی کوردستان دەستم کردەوە بەخوێندن، لەوێ کۆمەڵێک هاوڕێم هەبوو خەڵکی باڵەکایەتی بوون، لەوانە (جەلال ئەحمەد، دەسکۆ ئەحمەد) هەردووکیان کوڕی ئەحمەد ئاغای ناوپردان بوون، برایەکی دیکەشیان هەبوو بە ناوی مستەفا پێشمەرگە بوو، بە مستەفا ناوپردانی ناسرابوو، یەکێکی تر لەهاوڕێکانم ناوی (ڕەفعەت وولاشی) بوو، برای حیکمەت وولاشی، یەکێکی تر لەهاوڕێکانم بە ناوی کامەران، کوڕی قادر شۆڕشی پێشمەرگە بوو، جگە لەوان کۆمەڵێک کەسی دیکەی لێ بوون هەموویان لەناو ڕێکخستنەکاندا کاریان دەکرد، بەشێکیان کۆمەڵە بوون، وەک جەودەت ئارامی شەقراوە، لەبیرم دێت ڕۆژێک سەرۆکی (الاتحاد الطلبة)[١٣] هات بۆ ئامادەیی کوردستان، کابرایەکی عەرەبی سپیکەلە بوو، بەجامانەیەک ڕوخساری داپۆشی بوو بۆئەوەی خۆر لێی نەدات، هەر هێندەی گەیشتە ناو خوێندنگەکە لەبەر هەبوونی هەستی کوردایەتی دەستمانکرد بە توانج لێدان و پێکەنین پێی، ئەویش گەڕایەوە بۆمان و سوکە شەڕێک لە نێوانمان دروست بوو، هەڵبەتە لەو سەردەمەدا ئێمە ڕقمان لە ئەندامی حیزبی بەعس بوو، چ جای ئەوەی بەرپرسیارێتیشی هەبوایە.

ئەوساڵە زیاتر خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوی بەباشی بخوێنم و نمرەی بەرز بەدەست بێنم، جگە لەو ئەرکەی گرتبوومە ئەستۆم لە تەنزیمیدا، زۆر بەباشی هەوڵم دەدا بۆ

١٣. اتحاد الطلبة: ڕێکخراوێکی سەر بە حیزبی بەعس بوو بۆ ڕێکخستنی کاروباری خوێندکاران لەناو خوێندنگەکاندا

خوێدن، یەکێک بووم لە خوێندکارە زۆر زیرەکەکان، بە تێکڕای نمرەی (٩٧) داخڵی تاقی کردنەوە بووم.

لە ٢٤-٤-١٩٧٤حکومەتی بەعس بۆردومانی زانکۆی قەڵادزێ دەکات و دەیان خوێندکارو مامۆستا و خەڵکی ئاسایی لە ئەنجامی ئەو بۆردوومانەدا شەهید دەبن.

هەربۆیە لەیادی ئەو کارەساتەدا و لەڕۆژی ٢٤-٤-١٩٨٢خەڵکی قەڵادزێ خۆپیشاندانێکیان سازدا و دواتر ئەوەیان قۆستەوە و کردیانە ڕاپەڕین، ئەو خۆپیشاندانانە تەشەنەیان کرد و گەیشتنە هەولێریش، لە هەولێر زانکۆی کارگێڕی و ئابووری و ئەندازیاری خۆپیشاندانیان کرد، هەرچەندە من خوێندکاری شەشی ئامادەیی بووم، بەڵام لەگەڵ خوێندکارانی بەشی ئەندازیاری بەشدار بووم، هەر لەو خۆپیشاندانەدا کوڕێک بە ناوی سەفا شەهید بوو، بەڵام خۆپیشاندانەکان زۆر فراوان نەدەبوون، چونکە دارو دەستەی ئەمن و بەعس و (قوەی تەواری)[١٤]، زوو دەهاتن و دایان دەمرکاندەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی ئەو هەموو زەبرو زەنگە، بەڵام خەڵک هەر دەستبەرداری داواکارییەکانی نەدەبوو، داوکاری خۆپیشاندەران لەو سەردەمدا، گەڕاندنەوەی خەڵکی گوندەکان بوو بۆ سەر ماڵ و ژیانیان، نزیک بە دووساڵ دەبوو حکومەتی بەعس خەڵکی گوندەکانی ڕاگوێزابوو بۆ ئۆردووگای زۆرە ملی کە خۆی پێی دەگووت «ئۆردوگای سەردەمیانە». ئەو ئۆردوگایانەی لەدەوری مەسیف بوون بریتیبوون لە (ئۆردوگای بەستۆرە، ئۆردوگای شاوێس و ئۆردوگای پیرزین) بۆ خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی دروستکرا بوو.

## چۆن ڕێکخستنم دروست کرد؟

ساڵی ١٩٨١بیرم کردەوە، بۆ چی ڕێکخستنێک بۆخۆم دانەنێم؟ ڕێکخستنێکی کوردایەتی، سەرەتا دەفتەرێکم هێنا پەیڕەوێکی سادەم تێدا نوسییەوە، کە لە کۆمەڵێک خاڵ پێکهاتبوو، یەکێک لەو خاڵانە سوێند خواردن بوو، دواتر وردە وردە لەگەڵ هەندێک لە برادەراندا باسی بابەتەکەم کرد، ئەوانیش پێیان خۆش بوو، هەریەکە

١٤. قووەی تەواری: هێزی فریاکەوتنی خێرا، لەو سەردەمەدا سڵیان لە هیچ پێشێلکاییەک بەرامبەر مافی مرۆڤی کورد نەدەکردەوە.

لەگەڵ یەک دووکەسێکی تر قسەی کردبوو، تا ژمارەمان گەیشتبووە بیست وهەشت بۆسی کەس. من سکرتێری پارتەکە بووم و ناومانناا (یەکێتی لە بوون و نەبووندایە). پرۆسەی ڕێکخستنەکەم بە سوێند خواردن دەست پێدەکرد، قورئانێکم بۆدانان، سوێندەکەم لەتەنیشت قورئانەکە نوسی بۆوە، ئەوان دەستیان لەسەر قورئانەکە دادەناو. یەک یەک. سوێندەکەیان بەم جۆرە دەخوارد. "سوێند بەو قورئانە، ئێمە دێینە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی لەبوون ونەبووندایە، بەو مەرجەی هیچکام لە نهنییەکانی ناو ئەو ڕێکخستنە نەدرکێنین، تا ئەو ڕۆژەی لەناو ڕێکخستنداین"

یەکێک لە هاوڕێکانمان کە پێشتر باسم کرد، ناوی دڵشاد ڕەفعەت بوو، وەرزشەوان بوو لە تیپی وەرزشی مەسیف، لەهەڵبژاردەی یانەکەدا گۆڵچی بوو، بۆئەوەی نەبینە جێگەی گومانی هیچ کەس، دەچووینە لای دڵشاد لە یانەکە کۆبوونەوەمان دەکرد، یانەکە (اتحاد الشباب) سەرپەرشتی دەکرد. لەماوەی نزیک بە مانگێکدا سێ کۆبوونەوەمان ئەنجام دا، ئەو بەرپرسیارێتییەی خستبوومە ئەستۆی ئەندامەکان، نوسینی ڕاپۆرت بوو دەربارەی هەرشتێک کە لە ناو مەسیف و دەوروپشتی مەسیف ڕووی دەدا. لەدواتردا ڕاپۆرتەکان لای (ئەحمەد حەمە زینێ)ی جێگرم کۆدەکرایەوە.

دوای ئەوەی هەموو ڕاپۆرتەکانی دەخوێندەوە، دەیکردە ڕاپۆرتێکی گشتی، بەورد و درشت ئاگاداری سەرجەم ئەو شتانە بووم کە لەمەسیفدا دەکرا، تەواوی زانیارییەکان لای من پارێزراوبوون، ڕاپۆرتەکان بەجۆرێک ورد بوو، جگە لەزانیاری ورد دەربارەی بەعسییەکان، زانیای سەرجەم کەس و خانەوادەکانیشی تێدا بوو.

ئەوان تیمیان پێکهێنا بوو، ئەو گەشتیارە عەرەبانەی هاوینان لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە دەهاتنە مەسیف، توشی گرفت دەبوون و لێک دەئاڵان و دەبوو بە شەڕی کورد و عەرەب، دەهاتن لە فولکەکە ڕادەوەستان و دیقەتیان دەدا هەرسەیارەیەکی بەغدادی و موسڵاوی و بەسراوی دەهاتن، بەردبارانیان دەکردن، مەنشەئە دەهات، بەردبارانیان دەکردن، کارەکە خەریک بوو لەدەست دەردەچوو.

ڕۆژێک سێ چوارێک لە برادەران هاتنە لام گووتیان: «فلان و فلان .... دەچنە ڕاوە کەو، ئەوان بوونەتە جەیش الشعبی[١٥]، ئێمەش خەنجەر وبۆکسخەنجەر دەبەین و لێیان دەدەین، چەکەکانیان لێ دەستێنین» ئیتر ئەو بابەتە بۆ من جێگەی هەڵوێستە

١٥. جەیش الشعبی: ڕێکخراوێکی سەربازی بوو. کۆمەڵێک خۆبەخشی مەدەنی بە بیرو باوەڕ بەعسی بوون، پارێزگاریان لە حکومەتی عێراقی دەکرد، بەتایبەت بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنەکانی ناوخۆی عێراق و بەتایبەتتر هێزە کوردەکان.

لەسەر کردن بوو، کاتێک زانیم ئەوان بەنیازی کوشتن و هێنانی چەکن، بەراوردم کردن بەو دەروێشانەی حاڵ دەیانگرێت و زۆر گەرم دەبن، بۆیە شێخیش دەچێتە لایانەوە و پێیان دەڵێت: «دەروێش ساکین... ساکین..“

دەبوومنیش بڵێم ”ساکین..“ چونکە سەر بە هیچ ڕێکخستنێکی فەرمی نەبووین، تەنانەت گەر پێیان بزانینایە دوورنەبوو لەسێدارەشمان بدەن، کەسێکیش نەدەبووە داکۆکیکارمان و نەیاندەزانی ئێمە چین و کێین.

دوای بیرکردنەوەیەکی تەواو دوو ڕۆژ دواتر لە (اتحاد شباب) کۆمکردنەوە، واتە لە شوێنەکەی دڵشاد ڕەفعەت، سەرەتا زۆر سوپاسی ماندوو بوونیانم کرد لەوەی چەند بەو ڕێکخستنەوە ماندوو بوون، چەندە بە دڵسۆزی کارەکانی خۆیان ڕاپەڕاندووە، بەڵام لەکۆتاییدا پێم گووتن: ”بەفەرمی ئەم ڕێکخستنە هەڵدەوەشێنینەوە، برادەران لێرەدا ڕادەوەستین، هەرکەس بڕوات بەلای کاری خۆیەوە، بەڵام ئێمە هەر براو کەسی یەکترین، بەردەوام ئاگامان لەکار و چالاکییەکانی یەکتری دەبێت“. ئیدی کۆتاییمان بە ڕاپۆرت نوسین و کۆبوونەوە هێنا، بەڵام لەو برادەرانەی لەگەڵم مانەوە، (دڵشاد ڕەفعەت، سەرتیپ یەحیا، مەجید موستەفا قەساب، ئازاد محەمەد، سەردار مستۆ، مەلا ڕەسوڵ عەبدوڵا، مستەفا پیرمام و تەحسین محەمەد) بوون، پیاوی وەک ئەوان چاونەترس و قارەمان وێنەیان کەم بوو، دواتر لە ڕێگەی منەوە پەیوەندیان کرد بە ڕێکخستنی کۆمەڵەوە و دووبارە لە بازنەی ڕێکخستنی کۆمەڵەدا کۆبووینەوە.

لەدواتردا کاتێک خۆم پەیوەندم کرد بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە لە ٢١-٤-١٩٨١و لەڕێگای کوڕێکی مەسیفییەوە بە ناوی محەمەد حەسەن، کە لە بنەچەدا خەڵکی گوندی گۆڕەشێر [١٦] بوو، ، ئەو ئامۆزایەکی هەبوو سەربازی هەڵهاتوو( فیراری عەسکەری ) بوو، لە گوندی دادەنیشت و پەیوەندی بە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوەوە هەبوو، ئەوکات کاک نەوشیر ساڵح کۆیی، بەرپرسی پۆلی ئەوناوچەیە بوو، ئەوسەردەمە پۆل زۆر بە بایەخ بوو، هەموو مەسیف و دەورو بەری یەک پۆل بوو، کاتێک محەمەد هاتە لام باسی ڕێکخستنی بۆ کردم، نامیلکەی (اتحات الوطنی الکردستانی لماذا؟)ی بۆ هێنام کە لە نوسینی ڕەوانشاد (مام جەلال) بوو، ژمارەیەک گۆڤاری کۆمەڵەشی بۆ هێنام زۆر بە وردی نوسرا بوو، نامیلکەیەکی

١٦. گوندی گۆڕە شێر: دەکەوێتە نزیک کۆڕێی سەر بە ناحیەی سەلاحەدین.

بچوک بوو سێ ژمارەی کۆمەڵەی تیابوو پێکەوە بەسترا بوون، منیش پێم حۆش بوو، دوای خۆم پەیوەندیم کرد بە ئەمیر و عەبدول وەهابیشەوە، ئەوانیش هاتنە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، لەدواتردا ئەو ئەرکانەی پێیان دەسپاردم وەک ڕاپۆرت نوسین و زانیاری و سەردانی پشمەرگە، بەباشی بەجێم دەگەیاندن.

## چەند ڕۆژێك بەر لە خۆپیشاندانەکەی مەسیف

بۆ خۆئامادەکردن و تاقیکردنەوەی ویزاری شەشی ئامادەیی پشومان وەرگرت، بۆیە گەڕامەوە مەسیف و لەوێ بەردەوام خەریکی پێداچوونەوەی وانەکان بووم.

ڕۆژێک بۆ پێداچوونەوەی یەکێک لەوانەکان، دەچووم بۆ غاباتەکە، غاباتێکی پڕ درەختی سنەوبەر بوو، جێگەیەکی ئارام و فێنک و خۆش بوو، بەهار بوو، کەش وهەواکەی باوەشێنی گیان و دەروونی هەر کەسێکی دەکرد، بەیانیان لە دەوری کاتژمێر شەش دەچووم بۆ ئەو غاباتانە و دەوری کاتژمێر هەشت یان هەشت و نیو دەگەڕامەوە، نانی بەیانیم دەخوارد و دووبارە دەچوومەوە غابات تا نزیکی نیوەڕۆ، ئەو مامۆستا عەباسەی کە باسم کرد، مامۆستای سەرەتاییم بوو، لەو کاتەی خەریکی ڕدێن تاشین بوو، منی بینی بوو دەچمە غاباتەکە، لە دائیرەی ئەمن شکاتی لێکردبووم و گوتبووی: «جەمال نادر دەیەوێت کاری ئاژاوە گێڕی بکات»، کاتێک دەگەڕامەوە بۆماڵەوە، لەسەر ڕێگا یەکێک لە ئەمنەکان کەناوی عەبد بوو، بەرەو ڕووم هات و توند مەچەکی گرتم و بە عەرەبی گووتی: «ها چی دەکەیت؟ مەگەر تۆ لە هەولێر نیت؟»

منیش گووتم: «با لە هەولێرم، بەڵام مۆڵەتیان داوینەتێ بۆ خوێندن»

گووتی: ”دەزانین تۆ بەتەمای چیت»

وتم :“من خوێندکارم و ڕۆژانە لێرە دەخوێنم تا نمرەیەکی باش بەدەست بێنم، هیچ شتێکم لەژێر سەردا نییە»

بەو قسانە باوەڕی نەکرد و منی بردە دائیرەی ئەمن، ئەوکات بەڕێوەبەری ئەمن ناوی (ئەبوو ئەحمەد)بوو، بەسەرمدا هـاواری دەکرد و بەهەموو هێزی خۆیەوە زلەیەکی لێدام، گووتی: ”جارێکی تر نابێت بچیتەوە ئەو غاباتە، ناشبێت بیچیتەوە بۆ خوێندنگە“مەبەستی خوێندنگەی ئامادەیی پیرمام بوو، دەیانزانی زۆر سەردانی

هاوڕێكانم دەكەم لە خوێندگەی پیرمام، لە ڕاستیشدا دەمویست ئامادەیان بکەم بۆ خۆپیشاندان، ناردی بە شوێن باوكم و جەباری برامدا كە تازە ببوو بە پۆلیس لە مەسیف، بە باوكمیان گووت: "ئامۆژگاری كوڕەكەت بكە" بە جەباریشیان گووت: "ئاگاداری بە دەست نەكات بەكونی ماردا دواتر خۆی بەرپرسیار دەبێت"، ئێوارەكەی باوكم و جەباری برام زۆریان لەگەڵ گووتم: "چ ئیشت بەسیاسەتە... تۆ خوێندكاریت و هەر ئەم ساڵت ماوە، ئەوكارە بە مەلا مستەفا تەواو نەبوون ئێستا بەتۆ تەواو دەبێت؟" منیش تەنیا سەرم بۆیان دەلەقاند و دەمگووت: "من پەیوەندیم بە هیچ كەس و لایەنێكەوە نیە"

## ڕۆژی خۆپیشاندانەكەی مەسیف

هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووم لەگەڵ برادەراندا لە مەسیف خۆپیشاندان بكەین، هەر ڕۆژە و لەشوێنێک خۆپیشاندان بوو، بۆنمونە لە (هەڵەبجە، شارەزوور، باڵەكایەتی، ڕەواندز و...)، ئێمەش دەبوو لە حكومەتی بەعسی بگەیەنین كوردین و لەگەڵ تەواوی ئەوانەداین خۆپیشاندان دەكەن، شەوێک بۆ ئەو مەبەستە من، فازیل، یوسف عوسمان، ئەمیر، عەبدولوەهاب و موستەفا كەریم، پێشوەختە پلانمان دانا، ڕۆژی (١٠ی ئایار) كە یەكەم ڕۆژی تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵی قۆناغی یەک و دووی ناوەندی و چوار و پێنجی ئامادەییە وهەموویان تاقیكردنەوەی عەرەبی و ئاینیان هەیە، خۆپیشاندان بكەین و لەخوێندنگەوە دەست پێ بكەین، ئەركەكانمان لەنێوان خۆماندا دابەش كرد، ئەركی مامۆستا ئەمیر كۆكردنەوەی ئەو ڕەحلانە[١٧] بوو كە بۆ تاقی كردنەوە دانرابوون و عەبدول وەهابیش دەبەیەک نەوت بكات بەسەر ڕەحلەكاندا و بیان سوتێنێت، كاك مستەفاش هوتاف بكێشێت و هاوار بكات. جەمالیش هێڵی تەلەفۆنەكەی ژووری بەڕێوەبەر بپچڕێنێت. من و یوسف عوسمانیش دەبوو شەوەكەی بچین سەردانی هێزی پێشمەرگە بكەین، تۆفیق بیرێژی ئەوكات بەرپرسی ئەو دەڤەرە بوو، بەرپرسی هێزی شەهید سلێمان بیرێژی بوو، ئەو هێزە ڕەوانشاد مام جەلال بۆی كردبۆوە بە

١٧. ڕەحلە: بەو كورسییە دەگوترا كە خوێندكاران لە خوێندنگە لەسەری دادەنیشتن و لە دار دروست دەكرا.

ناوی سلێمان بیرێژی برایەوە، فازیل بە لاندرۆڤەرەکەی باوکی ئێمەی تا لۆفەکانی خوارەوە برد، نزیکی کردینەوە لە کۆڕێ، لەوێوە بەپێ سەرکەوتین بۆ بیرێژ، کاتێک بەلای کۆڕێدا دەڕۆیشتین گوێم لەدەنگی عەلی مەسیفی ئامۆزام بوو، لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە بانگەوازی دەدا بۆ ڕاپەرین. بە یوسفم گووت: "ئەوە دەنگی عەلی ئامۆزامە» کاتێک گەیشتین، کاک تۆفیقمان بینی، هەواڵی عەلی ئامۆزامم لێپرسی، گووتی: "عەلیم ناردۆتە کۆڕێ"

گووتم: "یوسف، نەمگووت ئەوە دەنگی عەلییە؟"

تۆفیق بیرێژی دریژەی بە قسەکەیدا وگووتی: "مەفرەزەیەکیشم ناردۆتە ئارمەوان، تەقە بووە، بەس نازانم چی بووە"

ئەو پێشمەرگانەی ئەوشەوە لەوێ بینیمن (سەنگەر [١٨]، سەباحی سەعید ئاغا، موزەفەر مامەند و سامانی پوززام بوون).

لێردا دەمەێت بەرلەوەی درێژە بە باسەکەم بدەم بۆتان ڕوون بکەمەوە ئەو تەقانەی لەنێوان گوندی کۆڕێ و گوندی ئارمەواندا چی بوون و لەکێ کران؟

ئەو شەوە یەکێک لە کادیرە ئازاو بوێرەکان شەهید دەکرێت، کە ناوی(شێخ سلێمان) ە و خەڵکی بالیسانە، ئەو لەگەڵ جەوهەری برای تۆفیق بیرێژی و چەندکەسێکی تردا کە یەکێک لەوان ئەیوبی مەلا قادر بووە، بەڕێ دەکەون بۆ گوندی ئارمەوان، پێش ئەوەی بگەنە ئارمەوان لەشوێنێک کە ئاوی لێدەوەستێت و پێی دەڵێن گۆمگە، تەقەیان لێدەکرێت و شێخ سلێمان شەهید دەبێت، هەتا ئێستاش نەزانرا کێ بوو کەتەقەی لێکردن و شەهید بوونی شێخ سلێمان بەنادیاری مایەوە.

دیوێکی تری باسەکە ئەوە بوو، جارێک شێخ سلێمان لەگەڵ مەلا غەفور کە بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە بووە، تۆفیق بیرێژی دەگرن و عەزێتی دەدەن، وەک دەوترێت ئەوانیش تۆڵەیان لێ کردۆتەوە، من نازانم ،... «تەنیا ئەوەم بیستووە».

بەهەرحاڵ، دەمەوێت لێرەوە درێژە بە باسی خۆپیشاندانەکە بدەم.

لەگەڵ کاک تۆفیق قسەم کرد و پێم گووت: «ئێمە خۆمان ئامادە کردووە بەیانی لەمەسیف خۆپیشاندان بکەین» ئەو زۆری پێخۆش بوو، دەستخۆشی لێکردم ، گووتی: «ئێمە چیمان پێ دەکرێت؟»

---

١٨. سەنگەر: خۆی ناوی عوسمان محەمەد ڕەسوڵ، فەرماندەی کەرت بوو، لە ڕێگای هەنارە بەدەستی یەکێک لەهاوڕێکانی خۆی بەنەزانی شەهید کرا.

گووتم: "ئێمە یەک داواکاریمان هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەمشەو هێزەکەت کۆبکەرەوە، بەیانی زوو وەرن ئەو ڕەبیانەی دەکەونە نێوان مەسیف و سەری ڕەش سەرقاڵ بکەن، بۆئەوەی هێزەکەی ناو مەسیف بەپیر ئەو تەقەیەوە بێن، ئێمە لەناو مەسیفدا دەست کراوە بین، بچین خوێندنگە و ئۆرزدی بسوتێنین وبچینە سەر مونەزەمەی بەعس و ئەویش بسوتێنین»

ڕەزامەندی دەربڕی وگووتی: "بەسەر چاو خوارزا"

بڕیار درا (٧:٥٥ خولەک) چاوەڕێی تەقەی ئەوان بکەین، من و یوسف گەڕاینەوە، کاتێک من و یوسف گەیشتینە سەر شەقامە گشتییەکە، هاوڕێیەکی خۆمانمان بینی ناوی (فاخر) بوو، ئەویش لەئاغاکانی بیرێژ بوو، گووتی: "ها جەمال چ دەکەی بەو سبەینێیە لێرە؟»

گووتم: "هەندێک کارم هەبوو»

گووتی: "سەرکەون" ئێمەش سەرکەوتین و بەرەبەیان گەیشتینەوە ناو بازاڕەکەی مەسیف پێیان دەگوت "ناو کۆخان"، نزیکی (کاتژمێر٥-٦ی) بەیانی بوو، لەوێوە بەپێ چوومەوە کۆگێ عەلا.

هەرچەند بیرم لەوە دەکردەوە، دائیرەی ئەمن باوکم و جەباری برامیان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی من خەریکی کارێکم، وا خەریکین پلانی خۆپیشاندانەکەشمان جێبەجێ دەکەین... بەم کاتە درەنگەش هێشتا نەگەڕاومەتەوە بۆ ماڵەوە، ترس و نیگەرانی دای گرتبووم، نەک ترس لەخۆم، بەڵکو ترس لە وەڵام دانەوەی باوکم، چونکە دڵنیا بووم نەگەڕانەوەم بۆماڵەوە تا ئەوکاتەی شەو ئەو دەخاتە دوو دڵی و نیگەرانییەوە، هەرواش بوو، هەرگەیشتمە ماڵەوە باوکم بانگی کردم و گووتی: "وەرە لەکوێ بووی"؟

گووتم: "لەماری فازیلی مام مستەفا قەساب بووم".

گووتی: "لۆ ئەتۆ مارت نیە، لۆ لە ماری خۆت دانانیشی ؟"

زۆر لێم توڕە بوو، هیچم نەگووت، دوای خواردنی نانی بەیانی چووم بەشوێن جەمالی هاوڕێمدا، ئەویش یەکێک بوو لە دەستەی خۆپیشاندانەکە، کاتێک پێک گەیشتین گووتی: "سەری هەمووومان بە فەتارەت دەدەیت و بەکوشتم دەدەیت"

ئەو قسەیە زۆر کاریگەری لەسەر من دروست کرد، چونکە ئەو تاقانەی چوار

خوشک بوو، زۆر بیرم لەو قسانە کردەوە بۆیە کاتێک گەیشتینە لای میوانخانەی سەلاحەدین، گووتم: "جەمال پێم خۆشە تۆ نەیەیت تەنیا لێرەبە"

زۆرم لەگەڵ گووت و قایل نەبوو، گووتی: "هەر دێم»

ئێمە لە شوێنی بڕیار لەسەر دراو چاوەڕێی تەقەی برادەرانی پێشمەرگە بووین، بەو جۆرەی شەو لەسەری ڕێککەوتبووین، تەقەبکەن و ئێمەش لێرە دەستمان کراوە بێت، هەمووان کەوتبووینە شڵە ژانەوە، چونکە کاتژمێر ببوو بە هەشت و ئیتر کاتژمێر هەشتیش خوێندکار دەچوونە ژوورەوە، لەو کاتەدا مام حەسەنی کارگوزار دەرگاکانی داخستبوو، هەموو خوێندکارەکان لەدەرەوە بوون، دەبووایە پێش هەشت گوێمان لەتەقە بێت، تازە هەمووشمان ئاشکرا ببووین، برادەرانمان تێگەیاند بوو، دەبوو شتێکمان بکردایە، دوا بڕیاری خۆماندا و گووتمان: "ئەم خۆپیشاندانە دەیکەین و باجەکەی چی بێت دەیدەین"

چوومە بەردەم خوێندنگەی پیرمام و بانگی مام حەسەنم کرد و پێم گووت: "دەمەوێت مامۆستا دڵشاد ببینم"، دەیزانی مامۆستا دڵشاد زۆری خۆشدەویستم چونکە خوێندکارێکی زیرەک بووم، سەرەتا پاڵێکی پێوەنام و گووتی: " تاقی کردنەوەیە نابێت"

گووتم: "بەس من دەچم"

مام حەسن دڵی نەرم بوو، کلیلەکەی لەگیرفانی دەرهێنا و کردی بە کێلونەکەدا و ویستی دەرگا سەرەکییەکە بکاتەوە، بەهەموو هێزی خۆم پاڵێکم بە مام حەسەنەوە نا، دەرگاکە کرایەوە و گووتم :"وەرن»، برادەران هاتن و هێرشیان کرد، ڕاستەخۆ من بەرەو ژووری بەڕێوەبەر چووم، لەو ساتەدا ڕوو بەڕووی مامۆستا پەروین بوومەوە کە کچە پوری کاک د.فوئاد مەصوم بوو، مامۆستای ئینگلیزی بوو، بەشڵەژاویەوە چەندجارێک هاواری کرد: "جەمال چی بووە؟"، زۆر بە مشەوەشیەوە گووتم: "برۆ ئەولایە" و پاڵێکم پێوەنا.

کاتێک ڕۆیشتمە ژوورەوە، فەریدە فەندی هەردوو دەستی بەرز کردبۆوە و وەکو بی دەلەرزی و بەترسەوە گووتی: "ها ... جەمال چی بووە؟"

گووتم: "قسە نەکەی کوا تەلەفۆن؟» مامۆستا فەرید هەرچەندە بەعسی بوو، بەڵام کەسێکی خراپ نەبوو، لەکاتێکدا ئەو بەپێوە وەستا بوو، بە پەنجە ئاماژەی بۆ شوێنی تەلەفۆنەکە کرد. وایەرەکەم لول کرد وخەتەکەیم لێکردەوە و گرتمە مامۆستا فەرید و هاتمە دەرەوە، بێنیم کاک مستەفا بەدەنگە بەرزەکەی خۆی هاوار دەکات:

"گەڕانەوەی لادێیان، ئازادی بۆ خوێندکاران، بژی هێزی پێشمەرگە، دوژمن نزیکی مەرگە، ... سەدام نزیکی مەرگە" بەو دروشمانەوە دەڕۆیشتین، لەوکاتەدا هێزی حکومەت دای بەسەرماندا، ئەمن و پۆلیس و تەواری کە لە حەوت ڕۆژ پێشترەوە لە ئامادە باشیدابوون بۆ هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، شوڵکەکانیان کردبوو ئاوەوە، بۆ ڕۆژێکی وەها ئامادەیان کردبوو، ناچار بووین خۆمانی لێ دەرباز بکەین و پەرش و بڵاوەمان لێکرد. من و یوسف، چووینە ماڵی یوسف، ئیتر کەس ئاگای لەکەس نەما.

یویسف هاتە لام و گووتی: "حەز دەکەم خۆت دەرباز بکەیت لێرە « زۆر لام سەیر بوو، گووتم: "یوسف من و تۆ پێکەوە بووین، پێکەوە چوینەتە ناو پشمەرگەوە، وەکو یەکین، چۆن لێرە بڕۆم؟"

گووتی: "گوتی لەماڵی ئێمە مەبە»

گووتم: "باش" بەدڵشکاوییەوە لەماڵی یوسف هاتمە دەرەوە.

## دوای ئەوەی ماڵی یوسفم بەجێهێشت

ماڵی یوسفم بەجێهێشت، بەخوار مەشتەلەکەی مەسیفدا دەڕۆیشتم، لە نێوان مەشتەلەکە و شەقامەکەدا ڕەبایەیەکی سەربازی لێ بوو، منیش دەنگم بەرز کردبۆوە گۆرانیم دەگووت، تا نەبمە جێ گومان، هەتا گەیشتمە سەر شەقامە گشتییەکەی نێوان مەسیف و کۆڕێ. لەوێ (نەجاتی مام حاجی خدری گەریاوە)م بینی لای فیتەرێک، ڕۆنی سەیارەکەی دەگۆڕی، سڵاوم لێکرد و هێنامە ئەولاوە و باسەکەم تێگەیاند و پێم گووت: «دەربازم بکە» ئەویش هەر خێرا ڕۆنی سەیارەکەی گۆڕی و پێکەوە ڕۆیشتین. گووتی: "بتبەمە کوێ؟"

گووتم :"بمبەرە حوجران" ماڵی فەریدەی ئامۆزام لەوێ بوو، ژن بەژنیان پێ کرا بوو لەگەڵ خێزانی ئازادی برایدا، وێڕای ئەوەی دەمزانی ڕەنگە خوێندن لەدەست بدەم یان دەستگیربکرێم، بەڵام سوربووم لەسەر بیرکردنەوەکانی خۆم، چونکە بەرژەوەندی کوردایەتیم لەپێش بەرژەوەندییەکانی خۆمەوە دانابوو، هەمیشە گەشبینانە لەبابەتەکانم دەڕوانی، هەمیشە بیرم لەسەرکەوتن دەکردەوە نەک شکست، هەرکارێکم دەکرد دەمگووت: "سەردەکەوین لەوکارەدا».

کاتێک گەیشتمە ماڵی فەریدەی ئامۆزام، فەریدە گووتی: "چیە جەمال چی قەوماوە؟ گووتم: "خۆپیشاندانمان کردووە وهەڵهاتوومە و هاتوومەتە ئێرە".

ئەویش گووتی: "باشە، بەس لەژوورەوە بەو مەیە دەرێ"

تۆزێک لەوێ دانیشتم، دڵم توند بوو، هاتمە کۆڕێ، کۆڕێش ناوەندیی لێ بوو، لەوێش خوێندکارەکانم کۆکردەوە دەستمان کرد بە خۆپیشاندان، بەگشتی هەموویانم دەناسی، لەوێش هێز هاتە سەرمان، هەڵهاتمەوە حوجرانێ، برادەرانیش ئەوەی توانی بووی هەڵهاتبووە شاخ، بۆیە کەس دەستگیر نەکرا، بەڵام لەمەسیف خەڵک زۆر دەستگیرکران، ئەوەی لەوخۆپیشادانانەدا دەستگیر کرا (جەمالی مام برایم، فازیل، عەلی و دڵشاد خەلیفە....)و کۆمەڵێکی تر بوون، هەرچی چووبووە دائیرەی ئەمن، لەوێ پرسیاریان لێکردبوو بۆ وات کرد؟ گووتبووی: "جەمالی حاجی نادر بە ئێمەی وتووە".

ئێوارە داهات هێشتا دنیا تاریکی نەکردبوو هاتمەوە کۆڕێ، لەچاخانەکەی کۆڕێ دانشتبووم، کەسێک هاتە لامەوە وەک پێویست نەمدەناسی ناوی ( عومەر مەولان)بوو، نازانم چۆن گومانی کردبوو کە من کێم؟ دوای ئەوەی خۆی پێناساندم گووتی: "ئەتو جەمالی حاجی نادری؟»

منیش بە بەڵێ وەڵامم دایەوە، ئەو زۆر هاوڕێی عەبدوڵا خەلیفەی مەسیفی بوو، هاوڕێیەتیشیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت هەبوو لە سنورەکە، واتە هەموو هەواڵێکیان دەزانی، بە منی گووت: "مەچۆرەوە مەسیفی، دەتگرن، لەوێ باس باسی تۆیە"

گووتم: "باشە، زۆر مەمنون»

گووتی:"لێرەش مەمێنە نەک پێت بزانن و بتگرن»

منیش گووتم : "باش..." لەو قساندا بووین کەمالی برام هات، ئەو ساڵێک بەر لەمن ببووە پێشمەرگە ، گەڕانەوەی ئەویش چیرۆکێک بوو... ئەو ئێوارەیە کەمال هاتە لام، کەمال گووتی: "بۆ وات لە خۆت کرد. خوێندنەکەت تەواو نەکرد" منیش گووتم: "تازە تێپەڕی، کردمان"

کەمال گووتی: "بابم ئەمنی ناردیە، محەمەد فەقۆ هاتیتە کن مامم، گوتوویەتی جوابی لۆ جەمالی بنێرن نەیەتەوە، بێتەوە دەیکوژن"

منیش گووتم: "باش"

گوتی: "کێوە دەچی؟"

گوتم:" دەچمە زڕگوز».

گووتی: "لەویَ دەچیتە ماڵی کیَ؟"
گووتم: "دەچمە ماڵی عبدول قادری مەلا زادە"
گووتی: "پارەت پێیە؟"
گووتم: "بەڵیَ پێمە"

لەگەڵ دوایین قسەیدا دڵی پڕبوو لە گریان، چەند جارێک یەکتریمان لە ئامێز گرت، وەک ئەوەی کەسمان دەستبەرداری یەکتری نەبین، دڵمان نەدەهات ئامێزی یەکتری چۆڵ بکەین، بەڵام ئیتر کارلەکار ترازا بوو، دەبوو من هەنگاو بەرەو چارەنوسێکی نادیار بنێم و ئەویش لەحەسرەتی دووری منەوە بە دڵتەنگییەوە بگەڕێتەوە بۆ کۆگیَ عەلای.

دواجار خۆمدایە دەست قەدەر و بەرەو زرگوز بەڕیَ کەوتم.

## بۆچی کەمال دەستبەرداری پێشمەرگایەتی بوو؟

ساڵی ١٩٨١ کەمالی برام بوو بە پێشمەرگە، هێندەی نەبرد گەڕایەوە و وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا. لەلای من جێگەی پرسیاربوو، کاتێک پێمگووت: «چۆن بوو گەڕایتەوە؟»

گووتی: "پێشمەرگایەتی چی، ئەوە کەی کوردایەتییە دەستمان بەخوێنی یەکتری سوور بێت...؟ چۆن دەبێت کادیرێک دەستی بچێتە خوێنی هاوزمان و هاونیشتمانێکی خۆیی و بیکوژێت، بە بەرچاوی هەمووانەوە کادیر کادیری کوشت....»

سەرەتا من نەمدەزانی مەبەستی چی بووە، تا کاتێک بوومە پێشمەرگە لە ڕووداوەکە تێگەیشتم کە بەم جۆرە بوو...

ئازاد خۆشناو لەگەڵ شێرزاد کە خەڵکی گوندی زیارەت بوون، مامۆستا حەمید لە زیارەت شەهید دەکەن، مامۆستا حەمید یەکێک بووە لەکادیرە دڵسۆزەکان و هەرکەس بەلاڕێدا بڕۆشتایە و داوای پارەی لەخەڵک بکردایە، یان خەڵکی عەزێت بدایە ئەو لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرد، کاتێک ئازاد و شێرزادیش کارێکی لەو جۆرەیان کردبوو، ئەویش لێپێچینەوەی لەگەڵ کردبوون، ئەوانیش لە بناری چیای سەفینەوە لە گوندێک کە پێی دەڵێن زیارەت، مامۆستا حەمید شەهید دەکەن. کەمالی براشم ئەو ڕووداوە بەچاوی خۆی دەبینێت، بە دڵشکاوییەوە لەشۆڕش دەگەڕێتەوە.

# بەشی
# دووەم

# یەکەم هەنگاوی ڕێگایەکی سەخت بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی

بەوپێیەی لاندرۆڤەرەکەی باوکمم پێ بوو، لە مەسیف و گوندەکانی دەوری مەسیف کارم پێ دەکرد، شارەزای تەواوی گوندەکانی سنورەکە بووم، خەڵکانێکی زۆرم لەو دەڤەرە دەناسی، هەندێکیان ناسیاوی و تێکەڵاویان لەگەڵ باوکیشمدا هەبوو، بڕیار دان بۆ هەڵهێنانی یەکەم هەنگاو ئاسان نەبوو، بەڵام دەبوو بڕیار بدەم، یەکەم هەنگاوی بەڕێکەوتنم بۆ قۆناغێکی نوێی ژیان و چارەنوسێکی نادیار بەرەو گوندی ئارمەوان بوو لەوێشەوە بۆ زڕگوز [١٩].

بەرلەوەی بگەمە گوندی زڕگوز زۆر دڵم تەنگ بوو، بەخۆمم دەگووت: «هەموو برادەرەکانم دەستگیر کراون، تەنیا من دەرباز بووم، هەرچەند لە دانپێدانانەکانیاندا ناوی منیان هێنا بوو، بەڵام لێیان دڵگران نەبووم، چونکە تازە دەرباز ببووم. بەڵام کاتێک گەیشتمە گوندی زڕگوز، وەک بڕیارم دابوو ڕاستەوخۆ چوومە ماڵی عەبدول قادری مەلا زادە، لەوێ ئەمیر و عەبدول وەهاب و سەلاحی مام یەحیام بینی، ئەوانیش هەرسێکیان لەگەڵ مندا بەشدار بوون لە ڕاپەڕینەکەی مەسیفدا و دەرباز ببوون، زۆر دڵخۆش بووم، مام عەبدولقادر مامی عەبدولوەهاب بوو، لەگەڵ مامۆستا ئەمیریشدا خزمایەتیان هەبوو. سەڵاحیش لە سەربازییەوە بۆ ئەو خۆپیشاندانە گەڕابۆوە. ئەوشەوە بەدڵخۆشییەوە لەوێ ماینەوە و تەواوی شەوە کەمان تابەرەبەیان بە نوکتە و پێکەنینەوە بەسەر برد.

بەیانی زوو بەئاگام هێنانەوە گووتم: «هەستن با خۆمان فێری پێشمەرگایەتی و ڕۆیشتن بکەین»، دوای نان خواردن هەرچوارمان بە چیای پیرمامدا سەرکەوتین، چووین بۆ گوندی گەریاوە، گەریاوە و زرگوز دوو گوندن هەریەکەیان دەکەونە دیوێکی چیای پیرمامەوە، پێش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی گەریاوە، من وسەڵاح چووینە ماڵی مام سۆفی کە باوکی ئامۆژنم بوو، عەبدولوەهاب و ئەمیریش چوونە ماڵی سەردار مستۆ.

مام سۆفی پیاوێکی بەتەمەنی میهرەبان بوو، زۆر دڵخۆش بوو بەو چوونەمان و بەگەرمی بەخێرهاتنی لێ کردین. دوای کەمێک دانیشتن سەیری ڕوخساره ماندووەکەیم کرد و گووتم: «مام سۆفی ڕدێنت زۆر هاتووە، بۆت بتراشم؟»

١٩. گوندێکە کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای مەسیف.

گووتی: «وەڵا مەمنونم جەمال»

دوای ئـەوەی ڕدێنم بۆتاشی. هەرچەندە لابردنی ڕیشی نەیدەتوانی چرچەکانی ڕوخساری بشارێتەوە، بەڵام هەرچی بێت جوانتر و خاوێنتر دەردەکەوت. نیوەڕۆ لەوێ نانمان خوارد و چوینە لای سەردار و هەواڵی مەسیف و خوێندکارەکانمان پرسی، ئەویش بەپێی ئەو زانیاریانەی لای بوو دەربارەی گیراو و ئازاد کراوەکان بەئێمەی گەیاند، بەو پێیە زۆرینەی خوێندکارەکان ئازاد کرابوون.

ئەو شەوە لەگەریاوە ماینەوە، سەلاح یەکێک بوو لەکادیرە باشەکان، خۆی هەر خەڵکی مەسیف بوو، برای سەرتیپ یەحیا بوو. گووتی: ”ئەمن دەڕۆم، هیچ کەس نامناسێت، من لە عەسکەریمە و دەچمەوە، ئەوجارەی بێمەوە تفەنگەکەی خۆشم دەینم“. لەڕاستیشدا هەر وای کرد.

تازە کار لە کارترازا بوو، بڕیارمان دابوو کەسمان نەگەڕێینەوە و بڕۆین بۆ پێشمەرگایەتی، بەڕۆژ هاتینە ئارمەوان، لەوێوە پەڕینەوە بۆ کۆڕێ و گۆڕە شێر[٢٠] لەوێ سەنگەرو سامان هاتن بەشوێنماندا، لەگەڵ ئەواندا چووینە لای بەرپرسی ڕێکخستنی مەسیف کە ناوی (عەبدولقادر) بوو، سەربازی ڕاکردو(عەسکەری فیرار) بوو، بەماڵ و خێزانەوە لە گۆڕەشێر دەژیان و لەوێ ببوە ڕێکخستن، کاک عەبدولقادر نامەی پشتگیری[٢١] بۆ کردین و نامەیەکی بۆ کاک نەوشیر (نەوشیر ساڵح کۆیی)نوسی، دوای ئەوەی لەوێ ماڵئاواییمان کرد، لەگەڵ سامان و سەنگەر ڕێگەی بیرێژمان گرتەبەر.

کاتێک گەیشتینە گوندی بیرێژ.لەوێ تۆفیق بیرێژیمان بینی لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەدا. ئەو دەیزانی ئێمە بە مەبەستی پێشمەرگایەتی هاتووینەتە دەرەوە، داوای لێکردین لای خۆی ببینە پێشمەرگە، بەڵام من دەمویست بچمە لای عەلی مەسیفی ئامۆزام کە ئەو فەرماندەی مەفرەزە بوو، بۆیە بە تۆفیق بیرێژیمان گووت: «ئێمە لەدوای خۆپیشاندانەکەوە هاتووینەتە دەرەوە جارێ بڕیارمان نەداوە لەکوێ دەبینە پێشمەرگە»

گووتی:»بەخێربێن، کێوە دەچن؟»

من ڕاستەوخۆ بەزوبانمدا هات و پێم گووت: «دەچینە سەرکردایەتی»

٢٠. گۆڕەشێر: باکوری ڕۆژهەڵاتی مەسیف

٢١.نامەی پشتگیری: هەرکەس بچوایەتە شاخ دەبوایە نامەی پشتگیری کەسێکی باوەڕپێکراوی ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی پێ بوایە، بۆئەوەی کەسی خۆ فرۆش و ناحەز تێکەڵ بە ڕیزەکانی پێشمەرگە نەبێت.

جارێکی تر داواکەی دووبارە کردەوە و گووتی: "ئەدی لۆ لێرە نابنە پێشمەرگە؟»
گووتم: "سەرەتا دەچینە سەرەوە بزانین لەوێ چ دەگوزەرێت، دواتر دێینەوە لای جەنابت» .

زۆرێک لە خزم و ناسیاوەکانم لەهێزەکەی تۆفیق بیرێژیدا بوون، ئەو هێزەی ئەو گوزارشتی لە تەواوی دەوروبەری مەسیف دەکرد، سنورەکەی ئەو گوندی بیرێژ و ئەو گوندانەی دەگرتەوە کە دەکەوتنە دیوێکی دۆڵی خۆشناوەتییەوە، چونکە دیوەکەی تری دۆڵی خۆشناوەتی .هێزی خۆشناوەتی لێ بوو کە (ملازم خولە) بەرپرسی بوو.

کاتێک شەو داهات، تۆفیق بیرێژی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بەناوەکانی (سەنگەر، موزەفەری مام مامەند، سەباح سەعید، سامانی پورزام و ئەکرەمی حاجی عزیزی کۆڕێ) بەڕێی کردین. لە ڕێگای بیرێژەوە سەرکەوتین بۆ قیرژە[٢٢]، هەرچەندە لەسەری ڕەش ڕەبایە هەبوو، بەڵام ئێمە بەو ڕێگا پیادەیەدا ڕۆیشتین کە دەکەوتە نێوان ئەو داربەڕووە چڕ و باڵا بەرزانەی ئەملاولای ڕێگاکەیان تەنی بوو، بۆیە نەیان دەبینین، هێشتا ڕۆژ نەکەوتبوو گەیشتینە قیرژە، ئەوەی زیاتر دڵخۆشی دەکردم وهەرگیز لەبیری ناکەم، برنەوەکەی موزەفەربوو بە شانمەوە، هەستم بە شانازییەکی زۆر دەکرد و بەوپەڕی دڵخۆشییەوە هەنگاوم دەنا. وام دەزانی هەموو دونیا هی منە.

ئەوشەوە لە قیرژە، ماینەوە و بەیانییەکەی زوو بێ نانخواردن لەوێوە بەڕێ کەوتین، بێ وەستان ڕۆیشتین تاگەیشتینە دەم ئەو ڕوبارەی لە قەرانجی سەرێوە دێتە خوارێ، لەسەر ڕووبارەکە خۆمان کردەوە و دەموچاومان شت و دوای نان خواردن ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵمان هاتبوون هەموویان گەڕانەوە، جگە لە ئەکرەمی حاجی عەزیزی کۆڕێ کە شارەزای تەواوی ڕێگاکانی ئەو سنورە بوو.

ئەوەی ئێمە لێی بێئاگا بووین شەڕی ناوخۆی نێوان (یەکێتی و بەرەی جود[٢٣]) بوو،

---

٢٢. قیرژە: گوندێکە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سەری ڕەشەوە.

٢٣. بەرەی جود: بەرەیەکی سیاسی بوو، لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لە گوندی (کەوپەری) ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نوێنەرایەتی هەر یەک لە (پارتی دیموکراتی کوردستان- حیزبی سۆشیالیستی کوردستان-پارتی کۆمۆنیستی عێراق) دامەزرا. دواتر هەریەک لە پاسۆک و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان چوونە ناو بەرەکەوە، لە ساڵی ١٩٨١ناکۆکی کەوتە نێوان بەرەی جود و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، دەرئەنجامی ئەو ناکۆکییەش شەڕی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرەکەی لێکەوتەوە، ساڵی ١٩٨٣ بەرەی جود هێرشیان کردە سەر سنوری مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە زنجیرە هێرشێکدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەواوی ئەو شوێنانەی لێ وەرگرتنەوە کە لە هێرشەکەی پێشوو لەدەستی دابوو، ئەو هێرشەی یەکێتی تەواو

جگە لە سەختی ڕێگاکان و مەترسی ڕەبایەکانی حکومەت، ئەو شەڕەش هیچی لەو مەترسیانە کەمتر نەبوو، وەک دەوترێت (گولە دۆست و دوژمن ناناسێت).

بەهەر جۆرێک بوو (نامەی پشتگیرییەکانمان) لەناو شوێنی بەنەخوێنەکانماندا شاردەوە و هەرچوارمان بەڕێ کەوتین، لەنێوان خۆران وزیارەتی گەیشتینە هێزێکی سۆشیالیت کە عەریف عەلی بەرپرسی بوو، کاتێک نزیک ئەوان بووینەوە ئەکرەم باسی ئەو جیابوونەوە و شەڕەی کرد و گووتی: «من دەناسن، دڵنیام دەمگرن»

کاتێک تەواو نزیک بووینەوە لێیان، ڕایان گرتین و عەریف عەلی بەرەو ڕوومان هات.

بە ئەکرەمم گووت: "هیچ خۆت تێک مەدە من قسە دەکەم" کاتێک پێک گەیشتین عەریف عەلی گووتی: "وەرن سەرکۆتینە، کێوە دەچن؟"

گووتم: "دەچینە هیران و نازەنینێ"

گووتی: "لۆ دەچنە نازەنینێ؟»

گووتم: "فیراری عەسکەرین دەچین لەوێ دادە نیشین"

گووتی: "مادام فیراری عەسکەرین، وەرنە لای ئێمە ببنە پێشمەرگە"

گووتم: "ئێمە پێشمەرگایەتی ناکەین»

گووتی: "یان دەچنە ناو جەلالیان"

گوتم: "کەس ناناسین، خزممان لەوێن، دەچینە لای ماڵە خزمان"

دوای ئەو گفتوگۆیە ڕێگەی ڕۆیشتنی پێداین و دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن. تاگەیشتیە نازەنین. لەڕێگەی ڕۆیشتندا من و عەبدلوەهاب زۆر باش و چوست و چالاک بووین و درەنگ تر ماندوو دەبووین، بەڵام مامۆستا ئەمیر پێچەوانەی ئێمە بوو، وەک ئێمە گورج و گۆڵ نەبوو، بەدرێژایی ڕێگاکەمان تا گەیشتنمان بە سەرکردایەتی گەلێک گوندمان بڕی، هەرچەندە ئێمە کەسمان نەدەناسی، بەڵام ئەکرەم پەیوەندییەکی خۆشی لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندانەدا هەبوو، ئەوانیش خۆش خولق و خۆش ڕەفتار بوون لەگەڵ ئێمە، هەرچەندە بارو گوزەرانی خەڵکی گوند لەوسەردەمەدا لە ئاستێکی باشدا نەبوو، بەڵام ئەوان لە پێشوازی کردنیان لە ئێمە، هیچ کەم تەرخەمییەکیان نەدەکرد و هەرچی خودا دابووی لەگەڵ ئێمە بەشیان دەکرد.هەمیشە خواردن و خەوتنمان لەماڵەکانی ئەواندا بوو. دەچووینە هەر گوندێک دابەش دەبووین، من و ئەکرەم پێکەوە دەچووینە ماڵێک و ئەمیر وعەبدولوەهابیش دەچوونە ماڵێکی تر.

---

ئەوانی لە دەڤەرەکەدا بێ هێز کرد. ساڵی ١٩٨٨و دوای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی بەرەی جوود هەڵوەشایەوە و چوونە ناو ئەو بەرەیەوە.

دوای ڕێگە بڕینێکی زۆر بە ماندوویی و شەکەتییەوە گەیشتینە گوندی کاموسەک[٢٤]، تەحسین کاوانی و براکانی و هەندێک لە خزم و کەسەکانیم لەوێ بینی، لەگەڵ هەندێک هاوڕێی خۆمدا کەئەوانیش (زرار، جەباری مام سابیر، عەبدوڵای مام حاجی حسێن و شۆرش حاجی) بوون، تەحسین کاوانی بانگی ئێمەی کرد و گووتی: «ئەوە کێوە دەچن؟»

گووتمان: "دەچینە سەرکردایەتی"

دوای ئەوەی ئێمە خۆمان پێناساند، ئەو زانی هەموومان خوێندکار بووین، ئەوکاتە مامۆستا ئەمیر یەکەم ساڵی (معهد المعلمین) بوو، من وعەبدولوەهابیش پۆلی شەشی ئامادەیی بووین گووتی: "گەر بەگوێی من دەکەن ئێوە هێشتا ماوتانە بۆ پێشمەرگایەتی، بگەڕێنەوە، هەر ڕێکخستن بن، خوێندنی خۆتان تەواو بکەن، کەی بڕوانامەیەکی باشتان بەدەست هێنا ئینجا وەرن خزمەت بکەن، ئەوەش هەر خزمەتە»

گووتم : "تازە کەڵکی گەڕانەوەمان نەماوە، ئەو چالاکیانەی کراوە هەمووی کەوتۆتە ئەستۆی ئێمە، تازە حکومەت لێمان خۆش نابێ «

بەرلەوەی ئەوێ بەجێبێڵین زۆر هەوڵی لەگەڵداین تا بگەڕێینەوە و دەست بەخوێندن بکەینەوە، ئەو هەرچییەکی دەگووت لەبەر بەرژەوەندی ئێمە بوو، بەڵام کەسمان بەگەڕانەوە قایل نەبووین. بۆیە سووربووین لەسەر کۆتا بڕیاری خۆمان و سەر سەختانە دەستمان بە ڕۆیشتن کردەوە.

دوای ئەوەی گەیشتینە گوندی کونە فلوسە[٢٥] و شەو لەوێ ماینەوە، لەوێشەوە ڕێگەی سەخت و دژواری هەورازی هەورێمان گرتەبەر، دوای ماندوو بوونێکی زۆر پشوویەکمان دا. دەموچاومان شت و لەو ئاوە سازگارە تینویەتی خۆمان شکاند و دووبارە دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن، تا گەیشتینە چیوێی سەرێ، لەوێشەوە بۆ شیرێی سەروو[٢٦]. کاتێک سەیری دەرەشیر دەکەیت شاخێکی ڕێک و سەختە، بەڵام کاتی خۆی کەسێک بەناوی (عەلی شەعبان) کە فەرماندەی هێزی ناوچەکە بووە، سێ

٢٤. گوندی کاموسەک: لەسەر ڕێگای گشتی هیران و هیزۆیە چەند کیلۆ مەترێک لە شارۆچکەی هیرانەوە دوورە.

٢٥. گوندی کونەفلوسە: لەپاڵ شاخی هەورێیە گوندێکی زۆر بێ ئاوە جار جارە بەتەنزەوە دەمانگووت: "ئاگاداربە ئاوەکەی کونەفلوسە نەتبات".

٢٦. شێرێ و شیری دوو گوندن، لەژێر چیای دەرەشیرینە، بەرامبەریشیان مۆتێ یە، لە لایەکی دیکەی بەرامبەرەوە پارانەوسە، لەناو دۆڵێکدایە،

ڕێگا بە ناوەکانی (دەرەدار، دەرەزێوە و دەرەشیر) بە خەڵکی ناوچەکانی سنورەکە دروست دەکات.

وەک هەمیشە بە توێشووەکەی کۆڵمانەوە، کە لە نان و پیازوتەماتە و خەیار زیاتر نەبوو، بەڕێگای زۆر پێچاو پێچە سەختەکەی دەرەشیردا سەرکەوتین، بۆ سەر ئاوی مەلەکان[٢٧]، لەوێش دووبارە پشوماندا، هێشتا نیوەڕۆ نەهاتبوو گەیشتینە ساوسێوەکان[٢٨] نزیک ئاوەکەی ساوسێوەکان دانیشتین و تەواو خۆمان کردەوە و لەو توێشووەی پێمان بوو، تێرمان خوارد، هێندە برسی و ماندوو بووین و بە تامەزرۆییەوە پاروومان دەگلاند، وام هەست دەکرد هیچ کات نانی وا خۆشم نەخواردوە، چونکە برسی و ماندوو بووین. دوای پشوودان بەڕێگای زینی وەرتێدا بەردەوامیمان دا بەڕۆیشتن و شەوەکەی گەیشتینە وەرتێ، ئەکرەم لەوەرتێ گووتی: «لێرە ناچینە ماڵان، بارەگای زۆری لێیە و دەچینە یەکێک لەبارەگاکانی پێشمەرگە» یەکەم بارەگا کە من چوومە ناوی بارەگای کاک ئەحمەد مەولود[٢٩] بوو، ئەوکات فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی٧ی باڵەک، یەکەم کۆمەڵە پێشمەرگە کە بینیمن هەندێکیانم لێ ناسینەوە، یەکێک لەوان هاشمی هاوڕێم بوو، پێیان دەگووت «هاشمی جیهاز»، خانەوادەکانمان زۆر تێکەڵی یەکتری بوون، ئەوکاتەی باوکم خانووەکەی لەگوێ مەدێ کردبوو، ماڵی هاشم و مامەکانی لەوێ بوون، دووکانەکەی عەبدوڵای مامی بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو، زۆر جار لەوێ هاشمم دەبینی، ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کاتێک ئەوم بینی و لەئامێزم گرت، ماندوویی ئەو ڕێگە دوورە لەجەستەم دەرچوو.

هاشم گووتی: «دکتۆر زریانیش لێرەیە»

گووتم: "دکتۆر زریان کێیە؟

گووتی: "کوڕی خارم « دکتۆر زریان کوڕی مەلا عوسمانی گڕاوی بوو.

جگە لەوان کۆمەڵێک هاوڕێی ترم بینی وەک (جەلال ئلینجاغی، مامۆستا یاسین، مامۆستا جاسم و تاهیر بەکر).

---

٢٧. گوندی ئاوی مەلەکان: گوندی مەلەکان هەموویان خۆشناون و گوندێکی گەورەیە.

٢٨. ساوسێوەکان: هەوارگەی گوندەکانی هەرتەل و زێوێ یە کە هاوینان ماڵ و ڕەشماڵیان دەهێنایە ئەوێ، بەتایبەتی ئەوانەی مەڕوو ماڵاتیان هەبوو.

٢٩. ئەحمەد مەولود: یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان و فەرماندەی (٨٧ی کارۆخ)بوو، ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرامبەر بەرەی جود. لە گوندی کونەکۆتر شەهید کرا.

سەفەرەکەی ئەکرەم تاوەرتێ بوو لەگەڵمان، بۆیە دەبوو بگەڕێتەوە. ئێمەش ئەو شەوە لەبارەگاکە بمێنینەوە. هەرگیز ئەو شەوەم لەیاد ناچێتەوە...

ئەو شەوەی لەوەرتێ ماینەوە چووینە خوارەوە بۆ خانەقا، لەوێ کاتی خەو لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگەکان لەسەر کەپر جێگەیان بۆ ئامادە کردین، بەڵام تا بەیانی لەبەر جیڕە جیڕی ددانی کە لە یەکتری جوت دەکردن، نەمتوانی بخەوم، من تا ئەو تەمەنە لە جێگەی گەرم و نەرم و ماڵێکی ئارامدا خەوتبووم، تەنانەت ئەو شەوانەشی لە ماڵ دەردەچووم و لەماڵان دەخەوتم، هیچ شتێکی وا ڕووی نەدابوو. بۆیە دۆخەکەم زۆر بەلاوە نامۆ بوو.

دەبوو وەرتێش جێ بێڵین، هەرچەندە ئەوان پێیان خۆش بوو لایان بمێنینەوە. پێیان گووتین :»دەتانەوێت لێرە بمێننەوە، یان بۆ شوێنێک بڕۆن؟»

بەڵام ئێمە هاتنی مامۆستا مەجید خۆشناوی مۆسیقاری شەقڵاوە و ئەو کۆمەڵە قاچاخچییەمان بەدەرفەت زانی کە بەسەیارە دەیان بردین تا گوندی کۆمتان[٣٠].

بۆیە گووتم: «دەچینە سەرکردایەتی»، مەبەستی من لەو چوونەی سەرکردایەتی ئەوە بوو، لەوێ بەچاوی خۆمان دۆخەکە ببینین و خۆشمان پەروەردە بکەین، ئەدەبیاتی ئەو پارتە بزانین، بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەکانیان ببین.

## بەردەوامی ڕێگەی گەیشتن بە سەرکردایەتی

دوای ئەوەی لە گوندی کۆمتانەوە بەڕێ کەوتین، بۆدۆڵی شەهیدان و لەوێشەوە لەسەر ڕووباری شەهیدان لاماندا، مامۆستا مەجید جلەکانی داکەند و خۆی فڕێدایە ناو ئاوە ساردەکەوە. هەرچەندە دە دوانزە ڕۆژ بوو خۆمان نەشتبوو، بەڵام نەمان وێرا ئێمە بچینە ناو ئەوئاوە ساردەوە. دوای پشوودان لەگەڵ قاچاخچیەکان بەردەوامیمان دایەوە بە ڕۆیشتن. دوای بڕینی نشێو و سەختییەکی زۆر و بە ماندوویەتی و شەکەتییەوە گەیشتینە گوندی قەڵا تووکان[٣١]. لەوێ بارەگایەکی گومرگی پێشمەرگەی لێ بوو. لای پێشمەرگەکان پشومان دا، دوای نانخواردن جارێکی تر هێز و وزە بە بەرماندا

٣٠. گوندی کۆمتان : گوندێکە کەوتۆتە سنوری ناحیەی سەنگەسەر، سەر بە قەزای پشدەرە لە باکوری سلێمانی.

٣١. گوندی قەڵا توکان: گوندێکە دەکەوێتە سنوری ناحیەی سەنگەسەر، سەر بە قەزای پشدەرە لە باکوری سلێمانی.

هاتەوە. دووبارە درێژەمان بەگەشتەکەمان دایەوە، (قەرناقە وپشتئاشان وگوندەکانی عالیە ڕەش)مان تێپەڕاند و ئێوارەکەی گەشتینە ناوچەی سەرکردایەتی[٣٢].

کاتێک گەیشتینە ناوچەی سەرکردایەتی، بۆ یەکەم جار ئاشنایەتیمان لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا پەیدا کرد، ئەوانیش (خارە کەمال و هیمداد بەگ) و لە دەستەکەی دکتۆر فوئاد مەعسوم بوون. کاتێک ئێمە گەیشتین ئەوان لە جێگەیەک دانیشتبوون. ئێمەش چوینە لایان و سڵاومان لێ کردن. دوای ئەوەی ئەوانیش بەگەرمی وەڵامی سڵاوەکەی ئێمەیان دایەوە گوتیان: «کەی هاتینە؟»

ئیمەش گوتمان: « ئێستا هاتین».

گووتیان: «دەی بەخێربێن، لە کوێ هاتینە و خەڵکی کێندەرن؟»

گووتمان: «خەڵکی مەسیفینە»

هیمداد بەگ گووتی: «من دوو برادەرم هەنە لە مەسیفی، یەکیان ناوی محەمەد قادرە و ئەوەی تریان موحسین مستەفایە»

ئەو محەمەد قادرەی باسی دەکرد ئامۆزام بوو، ئەوان پێشتر لە (کارگەی ڕوخام) ی هەولێر پێکەوە بوون. بەو ناسیاوییەی ئەوان تۆزێک فەرامۆشی بەدڵماندا هات و خۆشحاڵ بووین.

گوتمان:»عیلاجێکمان بکەن چ بکەین؟»

هیمداد و خاڵە کەمال: «گوتیان باشە ئێوە چی دەزانن؟ بۆ لەخوارێ نەماینەوە؟»

گووتمان: «ئێمە هاتوین لێرە بمێنینەوە، پشوو بدەین و ئەدەبیاتی حیزب بخوێنینەوە و بەشداری کۆڕ و کۆبونەوەکان بکەین»

گووتیان: «ئێوە چ بونە، چتان کردیە؟»

گووتمان: «ئێمە ئەکتەر بووین»

هیمداد و خارە کەمال گووتیان: «مادەم وەیە لێرە تیپی شانۆی شۆڕش هەیە بڕۆنە ئەوێ». خانوویەکیان نیشانداین و گووتیان: «ئەوە مەکتەب عەسکەریە بڕۆنە ئەوێ و ناوتان بنوسن، لەوێ دەتان نێرنە تیپی شانۆی شۆڕش».

ڕۆژی دواتر لەگەڵ خارە کەمال و هیمداد، ڕۆیشتین بۆ (مەکتەب عەسکەری)

٣٢.ناوچەی سەر کردایەتی: دەستەواژەیەکە لە نێوان ساڵی ١٩٧٧تا ١٩٨٣بۆ ئەو ناو چەیە بەکاردەهات کە بنکەی سەرەکی سەرکردایەتی و شوێنی جێگیر بوونی دام و دەزگا سەرەتاییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێ بوو، ناوچەکەش دەکەوتە نێوان سنوری ئێران و عێراقەوە، لە باکورییەوە چیای قەندیل و لە باشورییەوە چیای مامەند. لە چەند گوندێک پێک دێن، ئەوانیش گوندەکانی (زەڵێ، خڕی ناوزەنگ، قەڵا توکان، شێنێ، پشکاوی و قوڵە هەرمێ).

کەسێک بەرپرسی ئەوێ بوو بە ناوی زێرۆ، پێیان دەگووت (زێرۆ عەسکەر). لەوێ باسی خۆمان کرد و هەرسێکمان (نامەی پشتگیری)یەکەمان بردە ناوەندی کۆمەڵە گووتیان: «ئەنگۆ چنە؟ کارتان چیە؟»

گووتم: «نامەی پشتگیریمان پێیە، بەڵام لۆ ناوەندی کۆمەڵەیە «

گووتی: «دەچنە کوێ چی دەزانن؟»

گووتمان: « دەچینە تیپی شانۆی شۆڕش»

گووتی: «بۆ ئێوە ئەکتەرن؟»

گووتمان: «بەڵێ ئێمە وەختی خۆی لەمەسیفی تیپی نواندنی پیرمامان هەبوو»

دواتر نوسراوێکی بۆ کردین بۆعەباسی ڤیدیۆ و چوینە شانۆی شۆرش.

## ڕۆژگارەکانمان لە تیپی شانۆی شۆڕش

ئەوشەوە لە بارەگاکەی خاڵە کەمال و هیمدادماینەوە، بۆ ڕۆژی دواتر (نامەی پشگیری)یەکانمان برد بۆ ناوەندی کۆمەڵە، لەناوەندی کۆمەڵە (کاک ئازاد هەورامی، کاک ئاوات عەبدولغەفور و کاک قادری حاجی عەلی) لێ بوو، لەوێ دوای بەخێرهێنان (نامەی پشگیرییەکانیان) لێ وەرگرتین و گووتیان: «دەتانەوێت بچنە کوێ؟»

گووتمان: «دەمانەوێت بچینە تیپی شانۆی شۆڕش»

گووتیان: «باشە».

نوسراوێکیان بۆ کردین بۆ بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە سەرەوەی ناوزەنگ. کاتێک لە زەڵێوە بەرەو ئەو دیوی ئەو گەرووە بەڕێ کەوتین کە دەیگەیاندینە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە، سەرنجم کەوتە سەر پیاوێکی باڵا بەرزی ئەسمەر کە شەرواڵەکەی تاسەروی ئەژنۆی هەڵکردبوو، خەریکی قورشێلان بوو. کاتێک سەبارەت بەو پیاوە پرسیم گووتیان : «ئەوە نەوشیروان مستەفایە و جێگری مام جەلال و بەرپرسی هەموو کۆمەڵەیە»

بیرم کردەوە و لەدڵی خۆمدا گووتم: «ئەو شۆڕشە سەردەگرێت، مادام ئەو سکرتێری ڕێکخستنە و جێگری مام جەلال بێت و وا بیربکاتەوە و بەم چەشنە کاربکات، ئەو حیزبە سەرکەوتوو دەبێت و نادۆڕێنێت» لە ڕاستیشدا سەرکەوت، پاش ئەو

هەموو تەکبیرو جیابونەوە و زەربە لێدانە لەسەردەستی ئەم و ئەو، پاش ئەو هەموو دوژمنایەتییەی تورکیا و عێراق و ئێران بە پارتیشەوە، یەکێتی لەناو نەچوو، زۆر لەوانیش گەورەتر بوو.

بە هەرحاڵ پەیوەندیمان کرد بە بارەگای شانۆی شۆڕشەوە، ئەوکات هەردوو تیپی شانۆی شۆڕش و تیپی مۆسیقای شەهید کارزان یەک بارەگایان هەبوو. پێکهاتبوو لە سێ ژوور و دەکەوتە خوار گۆڕستانی زەڵێوە.

ئەو هاوڕێیانەی لە تیپی شانۆی شۆڕش بوون، بریتی بوون لە (عەباسی ڤیدیۆ بەرپرسی تیپەکەمان بوو، ئازاد کەرکوکی، قادر ئەحمەد ناسراو بە حاجی، عەبدوڵا نازناوی مارف برازای عەلی بچکۆل، موئەییەد فەقێ و غازی هەولێری)، لەناو تیپی مۆسیقای شەهید کارزانیشدا کۆمەڵێک ژەنیاری باشی لێ بوو، لەوانە (ئاراز و دلێر دووبرای کەمانچە ژەن بوون، ئیدریس کوڕێکی هەولێری بوو ئامێری ئۆکردیۆنی دەژەنی، مامۆستا کامەران ژەنیاری کلارنێت بوو، شوان ژەنیاری درامس بوو، فەرهاد کوڕی شوکروڵای بابان بوو، دەنگێکی خۆشی هەبوو، هەروەها کوڕە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی تریشی لێ بوو بەناوی ئیقباڵی لە گەڵ خێزانەکەی بەناوی غەزاڵ. ئیقباڵ هەریەک لە کلارنێت و سەکسیفۆنی دەژەند).

لەو دەمەدا سەرکردایەتی بۆ ئێمە باشترین فێرگە بوو، چونکە ڕاستەوخۆ بەشداری کایە ئەدەبی و هونەری و سیاسییەکە بووین. بەردەوام بابەتمان بۆ بڵاوکراوەکانی شۆڕش دەنوسی و خۆشمان سودمان لەو بابەتانە دەبینی کە لە بڵاو کراوەکانی کۆمەڵە و بڵاو کراوەکانی نوسەراندا بڵاو دەکرانەوە.

بەردەوام کتێبمان دەربارەی (مارکس ولینین و کۆمۆنیست) دەخوێندەوە. جگە لەوەش لە هەفتەیەکدا دوو بۆ سێ جار سیمینار لە لایەن هەر یەک لە ڕەوانشادان (مام جەلال و کاک نەوشیروان مستەفا) هاوکات (قادری حاجی عەلی، ئازاد هەورامی، کاک ئاوات عەبدولغەفور و فەرەیدون عەبدول قادر)ەوە ساز دەکرا.

ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو تا باش لە ئەدەبیاتی یەکێتی تێبگەین، بۆیە دەمانویست زیاتر لەوێ بمێنینەوە تا زیاتر شارەزای ڕێکخستن و حیزبایەتی و یەکێتی ببین، بۆ ئەوەی ببین بە سەرچاوەیەک بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ کەسانی تر.

# بەزمی لێنانی نیسک

تا ئەو دەمە دەچووینە هەرجێگە و بارەگایەک وەک میوان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردین، بەڵام ئیتر دوامەنزڵگەی ئێمە ناو بارەگای هاوبەشی تیپی شانۆی شۆڕش و تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بوو، هەر دوو تیپەکە تەنیا لە چالاکییەکانیاندا جیاواز بوون. گەرنا خواردن و پاسەوانی کردن و نۆبە گرتنمان پێکەوە بوو، ڕۆژێک پێیان گووتم: «ئەمڕۆ نۆبەتی تۆیە، خواردنی ئەمڕۆمان لەئەستۆی تۆدایە»

ئەو کات خواردن لێنان لەوێ لەنیسک و نۆک زیاتر نەبوو، چونکە بارودۆخی یەکێتی زۆر خراپ بوو لەڕووی مادییەوە. هەندێک جار بۆ پێکەنین دەیان گووت: «مام جەلال لە ( ئەحمەد ساروخ) پارە قەرز دەکات بۆ حیزب» ئەحمەد ساروخ دووکاندارێکی ناو گوندەکە بوو. بەهەرحاڵ دەبوو ئەو ژەمە من نیسکێنە ئامادەبکەم، بۆیە بە ئارازم گووت: «نیسک چۆن لێ دەنرێت؟»

گوتی: «بڕۆ ئاو بکەرە سەر ئاگر و دواتر کە ئاوەکە کوڵا، نیسکەکە و تۆزێک خوێ و زەردەچەوەشی تێبکە، بەڵام ئاگاداری بە و بەردەوام تێکی بدە. ئەوکات بە هار بوو، کۆتایی مانگی پێنج و نزیک مانگی شەش بوو، چەند جۆر گیا هەبوو لەو دەوروبەرە و لە هەر جۆرە و چەند چڵێکم لێکردوە و کردمە ناو نیسکێنەکەوە و ئاگا داری بووم، دوای کەمتر لە کاتژمێرێک ئاراز هات سەیرێکی کرد و گووتی: « کوڵاوە، سفرەکە ئامادە بکەن» هەریەکە و قاپێک نیسکم بۆ تێکردن. هەر کەوچکێکیان لە نیسکەکە بدایە سەیرێکی منیان دەکرد، خواردیان و زۆریش بەلایانەوە خۆش بوو. بەردەوام دەیان گوت: «چیت کردۆتە ئەم نیسکەوە، ئەم نیسکەت بەچی لێناوە؟»

منیش دەمگووت: «جارێ بیخۆن دوایی پێتان دەرێم»

دەیانگووت: «نیسکی وامان نەخواردووە»

هیچ قسەم نەکرد تا تەواو بوون، دواتر پێم گووتن: «با پێتان بڕێم ئەونیسکێنەم کو لۆ لێناون، سەرەتا لە ئارازم پرسیوە و ئەو گووتوویەتی چۆن لێی بینێم، بەرام ئەو گیاو گۆرەی ئێرێتان دیتییە، لە هەرجۆرە گژووگیایەک بەرچاوم کەوتووە، دوسێ چڵم لێکردۆتەوە و تێمکردوە.»

ئیتر ببوو بە باو، هەرچییەک دروست دەکرا پڕ دەکرا لە گژوو گیای ئەو دەورەوبەرە.

# شانۆی فایلی ٦٧

یەکێک لەو شانۆگەریانەی لەو سەردەمەدا نمایشمان کرد، شانۆییەک بوو بەناوی (فایلی ٦٧) بەرلەوەی ئێمە بچینە ئەوێ پێشتر لە زەڵێ و شێنێ نمایش کرابوو، بەڵام کاتێک ئێمە چووین، تیپێکی گەڕۆکمان دروست کرد بەناوی (تیپی نواندنی گەڕۆک) لە زەڵێ، ئەندامانی تیپەکە بێجگە لە من، پێکهاتبوون لە (کاک عەباسی ڤیدیۆ، غازی هەولێری، عەبدولوەهاب مەسیفی، مامۆستا ئەمیر، ئازاد کەرکوکی، موئەییەد فەقێ و مارفی برازای کاک عەلی بچکۆل)، کاتێک هاتینە خوارەوە بۆ دێگەڵە و هەرێمی باڵەک و کەرتی ڕێکخستنی چۆمان وهێزەکانی ئەو دەوروبەرە، جارێکی تر شانۆیی (فایلی ٦٧)مان نمایش کردەوە. یەکێک لەوانەی هاتبوو بۆ بینینی نمایشەکەمان (قادر خەباتی) فەرماندەی هەرێمەکە بوو، شانۆییەکەمان دەربارەی ئاوارەیی و دەربەدەری و بەجێهێشتنی خاک بوو.

ئامادەکاریمان کردبوو ئەو شانۆگەریە لە دۆڵی سەرکەپکان و لە دۆری پیرنگانێ بە ئامادە بوونی سوار ئاغا[٣٣] نمایش بکەین. بەڵام نەکرا، چونکە ماڵی ئەنوەر بەگ، کوێخا ڕەسوڵی بێتواتەیان کوشتبوو، جگە لەوەش تەرمەکەیان بەدوای سەیارەوە بەستبۆوە و ڕایانکێشا بوو تا لای ماڵەکانی سەر ئەشکەوتان و لەوێ سوتاند بوویان، ئەوە یەکێک بوو لەو ڕوداوە دڵتەزێنانەی هیچ کات لەیاد ناکرێت.

ئەوەی جێگەی باس بوو، ئەنوەر بەگ و منداڵەکانی جاشی حکومەتی بەعس بوون و فەوجیان هەبوو.

(ڕەشۆ)ش کوڕی کوێخا ڕەسوڵی بێتواتە بوو، فەرماندەی کەرت بوو لای سوار ئاغای عەباس ئاغا کە فەرماندەی هەرێمی چواردە بوو، هێزەکەی سوار ئاغا لە دۆڵی پڵینگان بوو. لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا هێز سەرکەوت بۆ سەر ئەشکەوتان، کە شوێنی ماڵی ئەنوەربەگ بوو.

بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە شانۆییەکەمان نمایش نەکرد و گەڕاینەوە.

---

٣٣. سوارئاغا: سوار ئاغا کوڕی عەباس ئاغای ئاکۆ بوو، خانەوادەیەکی کورد پەروەر بوون.

# بەشی
# سێهەم

## دۆخی ئێمە لەوەرتێ

بارو دۆخمان بەرەو خراپی دەچوو، چونکە نەپارەمان پێ مابوو، نە جل و بەرگێکی باشمان لەبەردابوو، بۆیە چووینە لای کاک عەباسی ڤیدیۆ و پێمان گووت: «ئێمە لە وەرتێ دەمێنینەوە، دەنێرین بەدوای خزم و کەسمان»

گوتی: «باشە»

لە ڕێگای هاشم و دکتۆر زریانەوە. بە نامەیەک باوکمم لە خراپی بارو دۆخ و گوزەرانی خۆمان ئاگادار کردەوە، هەر لە نامەکەدا نوسی بووم، بەرلەوەی بێیت سەرێک لە ماڵی مامۆستا ئەمیر و عەبدولوەهاب بدە و پێداویستیەکانی ئەوانیش لەگەڵ خۆت بێنە.

چەند ڕۆژێک دواتر کاتژمێر لە دەوری دە بۆ یانزەی نیوەڕۆ بوو، لە بارەگاکەی ئەحمەد مەولوود دانیشتبووین، سەیرم کرد باوکم بەرەو سەرەوە دێت منیش گوتم: «باوکم و ئێرە؟» ئیتر بەرەو ڕووی چووم و باوەشم پیاکرد و ماچم کرد. کاتێک ویستم هاشمی پێ بناسێنم، باوکم گووتی: «دەیناسم ئەوە کوڕی عومەرە»، دکتۆر زریانم پێناساند و گوتم: «ئەوە برازای مام حاجی حەمەد عەلیە ئامۆزای عەبدوڵایە»

باوکم بە بینینی من هەم کەیف خۆش بووهەم دڵتەنگ. ئەو ڕێگا دوورەی لەبەر خاتری دیداری ئێمە بڕی بوو، حەفتا دیناری بۆ من هێنا، پارەی بۆ عەبدولوەهاب و ئەمیریش هێنا بوو. دوقاتیشی لەسەر یەک لەبەر کردبوو، تا لەوێ دانەیەکیان بداتە من. بوژاینەوە و بە پارەوە گەڕاینەوە سەرکردایەتی.

## کۆنفڕانسی دووی کۆمەڵە

کاتێک من گەڕامەوە، هێشتا سەرکردایەتی دابەشکاری کارو چالاکییەکانی هەر بە شێوازی هەرێم بوون، ناوزەنگیش یەکێک بوو لەو هەرێمانەی تا دوای کۆنفڕانسی دووی کۆمەڵە، هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکرا، بەڵام لەو کۆنفڕانسەی لە ناوزەنگ بەسترا، گۆڕانکاری گەورە و بەرچاو ڕوویاندا.

سیستمی گشتی بەڕێوەبردنی حیزب گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هات، هەرێمەکان دابەش بوون بۆ تیپ، واتە هەر هەرێمێک بوو بە چەند تیپێک، مەڵبەند

دروست بوو تەشکیلات کرا.هەرچەندە من وەک ئەندام تیایدا بەشدار نەبووم، بەڵام لە سەروبەندی کۆنفرانسەکەدا لەوێ بووم.

نزیک مانگی حەوت عەلی مەسیفی ئامۆزام هاتە سەرکردایەتی. بڕیارمان دا پێکەوە بچینە خوارەوە و هێزێک پێک بێنین و بچینە لای تەحسین کاوانی کە سەرەتا فەرماندەی کەرت بوو لە هێزی خۆشناوەتی و ملازم خولەش بەرپرسی هێزەکە بوو.

دوای ئەوەی هێزی خۆشناوەتی بوو بە تیپی ٨٣ی هەورێ و ملازم خولە بوو بە سەرتیپ، تەحسین کاوانی بوو بە (فەرماندەی کەرتی دوو)، عەلی مەسیفیش بوو بە جێگری کەرتەکە، ئەو کەرتە تایبەت بوو بە شەقڵاوە، هەریر، مەسیف، دەڤەری زرارەتی، خەیلانەتی، بناری سەفین و دەورو بەری شەقڵاوە.

لەساڵی١٩٨٢ بۆ یەکەم جار کە هاتینەوە ناوچەکانی خۆمان، وەکو مەفرەزەیەک جیا بووینەوە و بە تەحسین کاوانیمان گووت: «دەچین جەولە (دەورییە) یەکی دەوروبەری مەسیف دەکەین» هەرچەندە هەر کەرتە و سێ مەفرەزەی هەبوو، بەڵام ئێمە تەنیا یەک مەفرەزە بووین. عەلی مەسیفی فەرماندەمان بوو، ئەو هەر خۆی فەرماندەی مەفرەزە و جێگری فەرماندەی کەرتیش بوو.

عەلی مەسیفی بۆ من و هەموو ئەوانەی لەناوچەکەدا بوون قوتابخانە بوو، مامۆستا و پەروەردەکاری کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و سیاسی و حیزبایەتیمان بوو.

زۆر شت لەو فێربووین، وەک پارتیزانی و ڕێز گرتنی خەڵک و کۆمەڵگە و چاونەترسی و ئازایەتی و هێرش بردن. عەلی مەسیفی هەموو پێوەرەکانی پیاوەتی، مەردێتی و جوامێری تێدا بوو، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبوو لە گەڵ پێشمەرگە و گوندنیشنەکاندا. خەڵکی هیچ گوندێک نەبوو لە سنووری خۆشناوەتی و دەوروبەری مەسیف ئەوی خۆش نەوێت، هەرگیز زیانی بۆ هیچ کەسێک نەبوو، ئازاری هیچ کەسێکی نەدەدا، مەگەر ئەوەی کەسێک کردار و ڕەفتارێکی زۆر ناشرین و قێزەونی نواندبێت. زۆر ڕێزی لە خەڵک دەگرت و خەڵک خۆشی دەویست، هەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەی خەڵک بۆ عەلی مەسیفی وای کردبوو، هیچ کەسێک کاری بەسەرمانەوە نەبێت و هەواڵی ئێمە بە دەسەڵات نەگەیەنێت.

هەرچەندە هەندێک جار کێشەشمان دەبوو، چوونکە ئەو سەرکردەیەکی سەربازی بوو، سەربازیانەش بیری دەکردەوە. بەڵام کێشە و گرفتەکانمان هێندەی نەدەخایاند و پێک دەهاتینەوە.

ئێمە پێمان وابوو ئەو لە هەندێک دۆخدا نەرمی دەنوێنێت، بەڵام دواجار تێدەگەیشتین ماف بەو بووە، چونکە ئەو زۆر شتی دەزانی و بە ئێمەی نەدەگووت.

جارێک دوای ماندوو بوونێکی زۆر بەشەکەتی گەیشتینە گوندێک، بڕیاربوو لەو گوندە پشوو بدەین، بەڵام ئەو سور بوو لەسەر ئەوەی خۆمان کۆکەینەوە و ئەوێ بەجێ بێڵین. ئێمە بەوە نا قایل بووین و دەمانگووت: «بهێڵە کەمێک لێرە پشوو بدەین»

بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر نەمانەوەمان، ئێمە نەمان دەزانی ئەو هەواڵی بۆ هاتووە و مانەوەمان لەو گووندەدا بە قازانجی ئێمە نییە. لە دواتردا لەو بابەتە تێگەیشتین، کە ئەو زانیاری لەسەر هێزەکانی حکومەت هەبوو لەوناوچەیەدا.

هەرچەند ئێمە کادیری سیاسی بووین، بەڵام نەمان دەتوانی لە قسەی دەرچین، جارێک لەقسەی دەرچووین و لە شێخ مەمودیان لێی هەڵگەڕاینەوە بەڵام زوو پێک هاتینەوە.

## ئەو ڕۆژەی دایکی عەلی مەسیفی هات

هاوین بوو، لە گوندی زڕگوزی نزیک مەسیف بووین، عەلی مەسیفی گووتی: «دایکم دێت دەچینە گوندی ئارمەوان» من هەر زوو ڕەزامەندیم دەربڕی لە گەڵی بڕۆم، چونکە دایکی ئەو ئامۆژنی منیش بوو، بۆ ئەو مەبەستە (سامان، سەنگەر، حاتەم هەرووتی، مامۆستا جەبار، نوری پێمان دەگووت نورکە، ئیدریس و قادر خۆرانی)مان بەجێهێشت.

من وعەلی پێکەوە، بە قەراغ ڕووبارەکەی خوار زرگوزەوە ڕۆیشتین. بۆ ئەوەی کەس نەمان بینێت.تا گەیشتینە ئارمەوان کە نزیکی جادەی هاملتۆنە. کاتێک ئێمە گەیشتین، ئامۆژنم لەوێ بوو، خواردن و کەلوپەلیشی بۆ هێنا بووین. ئێمە لە گەرمەی دانیشتنماندا بووین بینیمان، زیل و ئیڤای سەربازی لە ئارمەوانەوە بەرەو زرگوز دەڕۆن. هێندەی نەبرد بوو بە تەقە، هەر خێرا دەستمان دایە تفەنگەکانمان و بەقەراغ ڕووبارەکەوە ویستمان بگەڕێینەوە بۆ زڕگوز، هێشتا نەگەیشتبووین. لەناو یەکێک لەباخچەی هەنارەکانی ئەوێدا (سەنگەرو سامان و حاتەم هەرووتی)مان بینی، گوتمان: «ئەدی ئەوانی تر کوان؟»

گوتیان: «ئاگامان لێیان نییە»

ئەوان بەمجۆرە بابەتەکەیان باس کرد: «لە کاتێکدا عەبدولقادر خۆرانی، لە خاڵی پاسەوانی تەنیشت خوێندنگەکە نۆبەتی پاسەوانی دەبێت، ئاوێنە و شانەی بەدەستەوە دەبێت و خەریکی قژ داهێنان دەبێت، ئاگاداری نزیک بوونەوەی هێزی سەربازی نابێت، بۆیە خەڵکی گووند ئاگاداری دەکەنەوە و ئەویش دەستڕێژێک دەکات، دوای دەستڕێژەکەی ئەو، حکومەت دەگەنە ناو گووند « شەڕێکی ئەوتۆ ڕووی نەدابوو، تەنیا دەستڕێژەکەی عەبدولقادر بوو، پێشمەرگەکان هەر زوو، خۆیان گەیاندبووە باخچە گەورەکانی هەنار لە رزگوزو ئاژگە، حکومەت ناوچە بەرزەکانی گرت.

هەر جۆرێک بوو تا نزیکی شەو زۆربەمان یەکمان گرتەوە و ئەوشەوە چووینە چیا و بۆ بەیانییەکەی گەڕاینەوە ناو گووند.

# ١٩٨٣
# دوای دروستکردنی تیپەکان.

ساڵی ١٩٨٣دوای ڕێکخستنەوەی کەرت و تیپەکان، لە کەرتی دووی تیپی ٨٣ی هەورێ، کە ملازم خولە تێیدا سەرتیپ بوو، لەگەڵ تەحسین کاوانیدا ماینەوە، بەڵام بە هۆی ئـەوەی لەو کاتەدا ملازم خولە بریندار بوو، عەبدوڵای مام عەلی بوو بە سەرتیپ، قادر دۆشکەش جێگری تیپ بوو. فاروقی عەلی مەولوودیش ڕابەر سیاسیمان بوو.

لەمانگی یەکی ساڵی ١٩٨٣ تەحسین کاوانی گەڕایەوە بالیسان و ئێمەش لە چیوێی سەرێ لەگەڵ عەلی مەسیفی ماینەوە. ڕۆژانـەش بۆ نان خواردن دابەش دەبووین بەسەر ماڵەکانی چیوێی سـەرودا و شـەوانەش بۆ خۆمان دادەنیشتین کڵاو کڵاوێنمان دەکرد، جارجارەش حاتەم هەروتی بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی بۆ دەگوتین و ئێمەش تەپڵمان بە تەنەکە لێدەدا. جگە لەو هەندێک جاریش عەلی مەسیفی حەیرانی بۆ دەگووتین، ئەو دەنگی زۆر خۆش بوو، زۆر جار ئەو گۆرانی و حەیرانانە خۆی هۆنراوەکەی دادەنا بۆ ئەو کچەی خۆشی دەویست، هەندێک

جاریش سەنگەر گۆرانی بۆ دەگووتین. ئەو ناوچانە هەمووی ئازاد کراو بوون و هێزەکانی یەکێتی تێیدا باڵا دەست بوو. هێشتا شەڕی ناوخۆ لەو سنورەی ئێمە دەستی پێ نەکردبوو، شەوانە لەناو حوجرەی مزگەوتی چیوێی سەرێ دەماینەوە و لەوێش دەخەوتین.

کۆتا مانگی زستان بوو، هێشتا کەش و هەوای بەفراوی و بارانی بە خوڕ و باو زریانی بەهێز کۆتاییان نەهاتبوو، دژایەتی کردنی ئێمە لەلایەن (تۆفیق، جەوهەر و یوسف) بیرێژیەوە بەردەوام بوو، هەرسێکیان برا بوون و تۆفیق براگەورەیان بوو، ئەوان خۆیان بە یەکێتی دادەنا و هەرسێکیشیان هێزیان لەبەر دەستدا بوو، بەراورد لەگەڵ هێزەکەی ئێمەدا کە عەلی مەسیفی فەرماندەیی دەکردین و ژمارەمان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، دژایەتییەکی نابەرامبەر بوو، لەهەمان کاتدا لە لایەن هێزەکانی پارتیشەوە دژایەتی دەکراین، ئەمەش وای کردبوو دەبوو بەردەوام لە ئامادە باشیدا بین و هەمیشە وریای دەوروبەر بین، دەچووینە هەر گوندێک دەبوو زۆر ئاگادار بین، هەریەکەمان شەوانە دوو بۆ سێ جار کاتی پاسەوانیمان بەردەکەوت. جگە لە پاسەوانی کردنەکە دەبوو بەیانیان دووانمان کاتژمێر پێنج بچینە بەرزترین جێگەی گوند، نەوەک حکومەت لە ناخافڵدا چواردەورمان بدات.

چونکە لە پێشتردا بە هۆی کەمتەرخەمی یەکێک لە پێشمەرگەکانەوە بەناوی (مامۆستا کاوە مەخموری) لە قەڵاسنجیسەرێ شەڕێکی گەورە ڕوو دەدات، هەر چەندە ئەو شەڕە بە سەرکردایەتی سەید کەریم بەڕێوە دەچێت و لە کۆتاییدا سەرکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراو بەدەست دێنن. بەڵام ئێمە هەمیشە ئەو ئەزموونە تاڵەمان لەبەر چاو دەگرت.

بەراورد بە پارتی و سۆشالیست و شیوعی، یەکێتی بەهێزێکی کەمەوە لەو دەڤەرە بوو، سۆسیالیست جگە لەوەی هێزێکی بێ شوماری لەبەردەستدا بوو، کەسایەتی ئازا و قارەمان و چاونەترسی زۆریان لەگەڵدا بوو، نمونەی وەک (عوسمان بانی مارانی، لەتیفە سوور، دکتۆر ڕەشید، دەحام برای فارس باوە و کوڕەکانی فارس باوە، کاک نایف، کاک کەریم، قادر مستەفا و مامە غەفە ...) هەندێک لەوان لەدواتردا هاتنە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. پارتی و لەو سنورە هێزی زۆری نەبوو. تەنیا یەک هێزی هەبوو قادر مستەفای قەرەموکی فەرماندەیی دەکرد.

# چالاكییەكانی سەرەتا
# یەكەمین چالاكیمان لە ساڵی ١٩٨٣دا:

دوای پڕكردنەوەی فۆڕمی زانیارییەكان، هاتینە خوارەوە. هەواڵیان هێنا (عەبدوڵای حەمەدی شیرینیێ) كە فەرمانبەری میری بوو لە كۆڕێ، كلاشنكۆفی قۆناغ داری لە جەیشی شەعبی وەرگرتووە، ئێمەش بەبیستنی ئەو هەواڵە چووین بۆ كۆڕێ، ڕاستەوخۆ بۆ ماڵی (جەیش شەعبییەكە) سەرەتا ناو ماڵەكە گەڕاین و نەمان دۆزییەوە، دواتر عەلی مەسیفی چاوی كەوتە سەر پێ پلیكانەكان، كاتێك ڕۆیشتینە سەربان كەسمان نەبینی، دواتر زانیمان لەناو كولانەی مریشكەكاندا خۆی حەشار داوە، بە هەر جۆرێك بوو لەوێ بردمان.

ئەو كات بە پێی ئەو یاسایانەی شۆڕش دایبنابوو. بۆ جاش و جەیش شەعبی دەبوو بارمتەیەكی ڕۆحی لێ وەربگیرێت لەگەڵ بڕی ٦٠٠دیناری عێراقیدا و بەڵێننامەی پێ پڕبكرێتەوە لەوەی جارێكی تر پەیوەندی بەو دامەزراوەیەوە نەكات، هەموو بەرپرسانیش دەستكراوە بوون لە جێ بەجێكردنی ئەو یاسایەدا. بۆیە ئێمەش بەپێی ئەو یاسایەی شۆڕش مامەڵەمان لەگەڵدا كرد، لەسەر دەستی خەڵكی گوندی كۆڕێ و مام جەبار كە یەكێك بوو لە پیاوە ناودارەكانی كۆڕێ و عەلی مەسیفی زۆری خۆشدەویست و ڕێزی زۆر لێ دەگرت، ئازادمان كرد.

# دروست كردنەوەی ڕێكخستن

دەبوو كارێك بكەین و دووبارە دەست بە دروست كردنەوەی ڕێكخستن بكەین، من و مامۆستا ئەمیر هەمیشە پێكەوە بووین و بۆ هەربابەتێك ڕاو بۆچوونی یەكتریمان لا گرنگ بوو، بۆ ئەو بابەتەش پێكەوە بڕیاری دروست كردنەوەی ڕێكخستنمان دا، بۆ ئەو مەبەستە بڕیارمان دا سەرەتا پەیوەندی بكەین بەو هاوڕێیانەی لە مەسیف و لە دروست كردنی ئەو حیزبەدا [٣٤]لە گەڵمان بوون و بەندە سكرتێری بوو. بەشێكی زۆر لە هاوڕێیان بە داواكەی ئێمە قایل بوون و پشتیوانیان كردین و ژمارەشیان نزیكەی

٣٤. یەكێتی لە بوون و نەبووندایە: ئەو حیزبە بوو لە مەسیف دامانمەزراند و من سكرتێری بووم.

سی کەس دەبوو، ئەو هاوڕێیانەش بریتی بوون لە (مەلا ڕەسول، تەحسین زڕگوزی، سەردار مستۆ، مستەفا کەریم کاکە ڕەش، یاسین محەمەد مەولوود، ئەحمەد حەمە زینێ، مستەفا پیرمام ، سلێمان وسو، مامۆستا یاسین، مەغدید خدر، یوسف خدر، مامۆستا ئەکرەم، جەمال ئیبراهیم، مامۆستا ڕەفیق، مامۆستا ڕەفیق محەمەد دەروێش، محەمەد میکائیل، محەمەد مستەفا جوندی، عەبدوڵا گراوی و.......) هەریەک لەو کەسە شۆڕشگێڕانە، کۆمەڵێک تایبەتمەندییان هەبوو پێی دەناسرانەوە. یەکێک لەوان مەلاڕەسوڵ بوو، کەم کەس هەبوو وەک ئەو ئازا و قارەمان و چاو نەترس بێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مرۆڤێکی بە هەڵوێست و جوامێر بوو، بەردەوام هاوکاری ئێمە و پێشمەرگەش بوو، ئەو کارانەی ئەو دەیکرد بۆ ئێمە، بە هەمووکەس نەدەکرا، بەڵام بەداخەوە لەدواتردا حکومەتی بەعس دەستگیری کرد و شەهیدی کرد.

کارەکان بەم جۆرە لەناو هاوڕێیاندا ڕێکخرا بوو، من و مامۆستا ئەمیر ئەو هاوڕێیانەمان کۆدەکردنەوە، تەحسین لە ناو مەسیف کاری ڕێکخستنی ئەو کەسانە بوو دەهاتنە ناو ڕێکخستنەکەمانەوە، مەلا ڕەسولیش لە ناو مەسیف چەندین شانەی ڕێکدەخست، بەگشتی من هەموو ئەوانەم نەدەناسی کە پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکەمانەوە هەبوو، بەڵکو تەنیا ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەوانەدا هەبوو چالاک و دیار بوون و کەسانی بە کردار بوون.

## دووەم چالاکیمان١٩٨٣

نزیکەی ناوەڕاستی وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٨٣ بوو، لە گوندی قەرانجی سەرێوە بووین لە بناری چیای سەفین. لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیانەوە کە لە ڕێکخستندا بوون، هەواڵم بۆ هات یەکێک لە هاوڕێکانم بە ناوی (خالید محەمەد موسا) ژنی دەهێنا و بڕیار بوو ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ بکات، لەو ئاهەنگەشدا دووکەس ئامادە دەبن کە پیاوی حکومەتی بەعس بوون و دەبوو تەمبێ بکرێن.

دەمەوێت دان بە ڕاستییەکدا بنێم، زۆر دەمێک بوو بەهاری دەزگیرانم نەبینی بوو، بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕام بۆ بینینی. بیستنی ئەو هەواڵە بۆ من دەرفەتێک بوو تا ئەو چالاکییە بکەمە بیانوو بۆ بینینی بەهار، ڕاستە لە ڕێگەی سەردار مستۆوە

ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانماندا هەبوو، ئێستاش کاتێک بەهار باس لەو دەمانە دەکات و دەڵێت: «هەرکات سەردار مستۆ کتێبی زیندەوەرزانیەکەی بۆ بهێنامایە، دەمزانی نامەی تۆی تێدایە».

دوای بیستنی هەواڵی ئاهەنگەکە چووم بۆلای عەلی مەسیفی و بابەتەکەم تێگەیاند و ئەویش ڕەزامەندی چالاکییەکەی دەربڕی. گیسکێکیان کڕی بوو، سەنگەر سەری بڕی و کەوڵی دەکرد، دەستمان کرد بە ئامادەکاری لێنانی گۆشتەکە، مەنجەڵ و نان و پیازمان لە گوند هێنا و دوای کوڵانی گۆشتەکە تێرمان خوارد.عەلی مەسیفی گووتی: «خواردنی ئەو گۆشتە بەلاش نییە و چالاکیم دەوێت.»

هەرئەو شەوە بەندە، عەلی مەسیفی، حاتەم هەروتی، مامۆستا ئەمیر، سامانی پوررزام، سەنگەر، کاکە ڕەش و نەجاتی ئامۆزام بەیەکەوە هاتین بۆ مەسیف. کاکە ڕەش و نەجاتمان لای پردەکە بەجێ هێشت، هەندێکیشمان چووینە پێشتر بۆئەوەی بە بێ کێشە و سەلامەتی بگەڕێنەوە.

دوای دابەش کردنی هاوڕێیان. من وعەلی مەسیفی و حاتەم هەرووتی[٣٥] هاتینە نزیک شاییەکە، ئەو دووکەسەی ئامانج بوون، هاتبوونە شاییەکە و هەر زوو ڕۆیشتبوون، بەڵام کوڕێکی تری لێ بوو بە ناوی (فرسەت)، بەدەم هەڵپەڕین و سەرچۆپی گرتنەوە گۆرانی دەگووت، لەڕاستیشدا دەنگی زۆر خۆش بوو، جۆش و خرۆشێکی تایبەتی بە شاییکەران و ئامادە بووان بەخشی بوو، هەر زوو دەنگەکەم ناسییەوە و گووتم: «ئەوە دەنگی فرسەتیە» فرسەت جەیش شەعبی بوو.

ئەو شەوە دەستەیەک پێشمەرگە بووین و هەریەکەمان خەیاڵمان لای نێچیرێک بوو، ئەوان دڵیان لای گرتنی فرسەت و من لای دیدەنی بەهار، ئەوەش بۆ من مانایەکی دیکەی دەبەخشی، بەر لە ڕۆیشتن بۆ ئەو چالاکییە، قاتێکی کوردی تازەم لەبەر کردبوو، پوزەوانە و فەقیانەم پێچا بوو، هەشت مەغزەنی ژێرسێم لەکەمەرم بەستبوو، تفەنگێکی ژێرسێی ئەڵمانیشم بەدەستەوە بوو، خۆم بە پاشا نەدەگۆڕییەوە، هەر هەنگاوێک لە گۆڕەپانی شاییەکە نزیک دەبوومەوە، دڵم زیاتر و خێراتر لێی دەدا، بەجۆرێک بە تەواوی دەنگی لێدانەکانی دڵمم هەست پێ دەکرد، کاتێک نزیک گۆڕەپانەکە بوومەوە، بەهارم بینی، لەسەر سەکۆیەک وەستا بوو لەگەڵ ئەسمەری هاوڕێیدا. چوومە بەردەمیان وەستام و زەردەخەنەیەکمان بۆ یەکتری کرد، ئەسمەر

٣٥. حاتەم هەرووتی: لە لایەن پارتیەوە بێسەروشوێن کرا، پێشمەرگە بوو، دەنگیشی زۆر خۆش بوو، هەمووکات لە ڕێگادا و بە دەم رۆیشتنەوە حەسەن زیرەکی بۆ دەگوتین و ئیسراحەتمان دەکرد.

گووتی: « بەهار ئەوە جەماڵە» کەسمان بەزار هیچمان نەگووت، بەڵام نیگاکانمان هەموو ئەو قسانەی کرد کە لەناو دڵماندا پەنگی خواردبۆوە، دوای چەند ساتێک لە یەکتری ڕامان، بەرەو ڕووی فرسەت ڕۆیشتم و لە سەر چۆپییەکە دەرم هێنا و لەگەڵ خۆمدا بردم، عەلی مەسیفی چوو سەرچۆپیەکەی گرت و گووتی: «تێکی مەدەن» بەدەم سەرچۆپی گرتنەوە و بەدەنگە خۆشەکەی دەستی کرد بە گۆرانی گووتن و هەمووان لە شایی وئاهەنگەکە بەردەوام بوون، ئێمەش فرسەتمان بە هەورازەکەدا هێنایە قەرا سنجێ سەروو، ئەو پێڵاوی پاژنەداری لە پێدا بوو، بە دەم ڕێگای هەوراز و سەختەوە پاژنەی پێڵاوەکانی لێ بوونەوە، دواتریش پێڵاوەکانی لەپێ داکەندرا. کاتێک فرسەتمان هێنا، بەهیچ جۆرێک نە سوکایەتیمان پێکرد، نە لێمان دا. چونکە پێشتر هاوڕێمان بوو.

دوای ئەوەی دووسێ ڕۆژ لای خۆمان هێشتمانەوە، باوک و براکانی هاتن و بوونە تکا کاری، دوای ئەوەی بەڵێننامەمان پێ پڕکردەوە لەوەی جارێکی دی بەشداری لە جەیش شەعبیدا نەکات، ٦٠٠ دیناری عێراقی و بارمتەیەکی ڕۆحیمان لێ سەند و ئازادمان کرد.

## سێهەم چالاکیمان

چواردە پێشمەرگە بووین، ڕۆژێک لە ناوچەی ئاژگە و زڕگوز دەگەڕاینەوە بۆ ناوچەی قەراسنج و بناری سەفین، بە ماندوویەتی و برسێتی لە حوجران پەڕینەوە، کەسیشمان پارەمان پێ نەبوو، کاتێک گەیشتینە مزگەوتی تەوسکە لاماندا پشویەک بدەین، لەوێ قاسەیەکی ئاسنمان بینی بە قفڵێکی بچووک کلیل درا بوو، قاسەکەمان هەڵتەکاند زرینگەی پارە ئاسنەکانی ناوی دەهات، بە مامۆستا ئەمیرم گووت: « کێ هێندەی ئێمە پێویستی بەو پارەیەیە، هەموومان برسی و تینوین، پارەی پاکەتێک پسکیتمان پێ نییە، با ئەو قاسەیە هەڵبچڕین وپارەکەی دابەش بکەین» ئەمیریش بە پێشنیارەکەم ڕازی بوو، بەڵام عەلی مەسیفی گووتی: «نا.. نابێت ئەو کارە بکەین، چونکە ئەوە پارەی مزگەوتە».هەرچەندە عەلی مەسیفی ڕەزامەندی لەسەر شکاندنی قفڵەکە نەبوو، بەڵام من و ئەمیر قفڵەکەمان شکاند و کردمانەوە، چەند جۆرە دراوێکی

جیاوازی تێدابوو وەک (پارەی کاغەز، درهەم و فلس و ڕوبع) کاتێک پارە کانمان بژارد چواردە دیناربوو، بەلامانەوە سەیر بوو، چونکە ئێمەش چواردە پێشمەرگە بووین، یەکی دینارێکمان بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەش کرد. بەڵام عەلی مەسیفی پارەکەی وەرنەگرت، بەشێکی هۆکارەکەش بۆ ئەو ئەفسانەیە داگەڕایەوە کە دەگووترا: «هەرکەس پارەی ئەو مزگەوتە بەرێت پیسایی بە خۆیدا دەکات» من و ئەمیریش، بێ گوێدانە ئەو قسەو باسانە پارەکەی عەلی مەسیفیشمان لە نێوان خۆماندا دابەش کرد، لەڕاستیدا ئەو پارەیە بۆ کەسێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵام ساڵانە پێداویستی و کەم و کوڕییەکانی مزگەوتەکەیان پێ پڕ دەکردەوە، کاتێک چوینە قەراسنجێ ڕاستەوخۆ خۆمان کرد بە دووکانەکەی (مام ساڵح)دا، یەک دوو پاکەت جگەرەم کڕی، لەگەڵ پێشمەرگەکاندا پسکیت و ساردیمان کڕی و تۆزێک لە برسێتییەکەمان کەم بۆوە و بەرەو مێرگەسەر بەڕێ[٣٦] کەوتین.

گرنگە بۆ مێژوو کەسانی وەک مام ساڵح لە یاد نەکرێن. ئەو باوکی محەمەد، خەلیل و ئەحمەد بوو، پیاوێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر بوو، هەمیشە لە خزمەتی ئەو پێشمەرگانەدا بوو کە دەچوونە گوندەکەوە. هەر کات کەسێکی ڕێبواری لە بەردەم مزگەت ببینیایە، دەیبردە ماڵەوە و هەرچی خوا بیدایە بۆ ئەو ژەمە لەگەڵ میوانەکەی بەشی دەکرد.

## هەمیشە بەرەو پیری ئاشتی چووین

وەک لەپێشتردا ئاماژەم پێدا، ئێمە بەمەبەستی ئاشتەوایی. بەرەوگوندی نێرەنگین بەڕێ کەوتین، ئەو بەرپرسانەی نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان دەکرد لەناوچەکە بریتی بوون لە (مامۆستا عەلی حەوێز، فاروق عەلی مەولود و تەحسین کاوانی).[٣٧]

٣٦. مێرگە سەر: لە دۆڵی بالیسان بوو، شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەک بوو.

٣٧. لەمانگی شوباتی ١٩٨٣ لە دەشتی هەولێر شەڕێکی قورس لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرەوی جود ڕووی دا، یەکێتی هەوڵ و کۆششێکی زۆری کرد بۆ وەستاندنی شەڕەکە، بۆ ئەو مەبەستەش هەر یەکە لە (مامۆستا عەلی حەوێز، تەحسین کاوانی و فاروقی عەلی مەولود)ی دیاری کرد وەک نوێنەری خۆی. پاش چەندین کۆبوونەوە لە گەل نوێنەرەکانی بەرەی جود، توانرا شەڕەکە بوەستێنرێت و دیلەکان بگۆڕنەوە.

(ملازم خدر) وەک نوێنەری حیزبی شیوعی.
(قادر مستەفا قەرەموتکی)وەک نوێنەری پارتی.

هەریەکە لە (قادر عەزیز، قادر مستەفا و دەحام باوە) نوێنەرایەتی حیزبی سۆشیالیستیان دەکرد.

بە سەرکردایەتی هەریەک لەوانەی باسم کردن، لە نێرەنگین کۆبوونەوەی لایەنەکان بەسترا، بە مەبەستی ئاشتەوایی و هەڵنەگیرساندنی شەڕ لە نێوان بەرەی جود و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لەو سنورەدا بەگەیشتنی ئێمە و ئامادەبوونی سەرجەم لایەنەکان دەست بە کۆبوونەوە کرا، بە هاودەنگی سەرجەم لایەنەکان بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ درا. لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن کە بریتیبوون لە:

یەکەم : ئەو هێزانەی ئێمە کە پێشتر هاتبوون و پێکهاتبوون لە تیپی بیست و یەکی کەرکوک و کەرتی چواری جەباری مامە ڕیشە، بگەڕێنەوە سنورەکانی خۆیان و هێزەکانی ئەوانیش بڵاوەیان پێ بکرێت.

دووەم: ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی بەرەی جود و یەکێتیدا بە دیل گیرا بوون، ڕادەستی یەکتری بکرێنەوە.

وێڕای ئەو کۆبوونەوەیە، بۆهەمان مەبەست و ڕێکخستنەوەی سنورەکان چەندین کۆبوونەوەی تر کرا، لەو کاتەدا ئەو گوندانەی لە سنوری یەکێتیدا بوون بریتی بوون لە (گوندەکانی ئاوەمار، سێ کانیان، سێگرتکان، شەیتان و ئۆمەرگومەت)، سنوری گوندەکانی بەرەی جوود بریتی بوون لە گوندەکانی (دەوبەستی شەرغە) کە پێکدێت لە گوندەکانی (قەشقە، خوڕ خوڕ، بەلەبان، بەردبڕ، بەردەسپی، نێرەنگین و میرکە).

لەکۆتایی مانگی دوودا بوو، لایەنەکان هێشتا لە سەروبەندی کۆبوونەوەدا بوون، نیوەڕۆیەک لە گوندی ئاومار لایەنەکان سەرقاڵی کۆبوونەوە بوون و من و سامانی پوورزاشم لە دەرەوە بووین، من زۆر شەکەت و ماندوو بووم، تیشکی خۆرەکە مەیلی خەوی پێدا بووم، هەرلەسەر پەلکە گیاکان خەو بردمییەوە، لە ناکاو بەدەنگی سامانی پوورزام بە ئاگا هاتمەوە کە پێی گووتم: «هەستە قەوما»

گووتم: «چی بووە؟»

گووتی: «هەموو ئەندامانی بەرەی جود بەڕاکردن چوونە خوارێ بۆلای سەیارەکانیان و کۆبونەوەکە تێک چووە».

# مانگی چواری ١٩٨٣
# ئاگری هەڵگیرسانی شەڕ شەهیدکردنی (شەماڵ و سەرباز )

بارو دۆخ تاڕادەیەک ئاسایی بوو، زیاتر لە بیست ڕۆژ دەبوو لە دەشتی هەولێر بووین. شەوی ٢١ی ٣ی١٩٨٣واتە شەوی نەورۆز ئەوێمان بە جێهێشت و لە جادەی (کۆیە_هەولێر) پەڕینەوە و گەڕاینەوە بۆ بارەگاکانی خۆمان لە چیوێی سەرێ.

تەحسین کاوانی و هێزەکانی تر، چوونەوە شوێنی خۆیان. مامۆستا عەلی حەوێز کە پێشتر لە مەڵبەند بوو، دووبارە گەڕایەوە بۆ مەڵبەند، دوای بیست و دوو ڕۆژ لە گەڕانەوەمان بۆ بارەگاکانی خۆمان، هەواڵمان پێ گەیشت لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/١٥ فەرماندە و جێگری فەرماندەی تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە، کەوتوونەتە بۆسەیەکی بەرەی جود کە لە مەفرەزەیەکی حیزبی سۆشیالیست و شیوعی پێکهاتبوون. (شەماڵ و سەرباز) لەکەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی(سەعدی گەرمکی و کامەران ) بەدەستی (ڕەسوڵ بەردەشانی) لە باداوان شەهید دەکرێن، ڕەسوڵ بەردە شانی سەر بە حیزبی سۆشیالیست بووە و خزمی (ڕەسوڵ مەمەند) بووە.

پوختەی باسەکە بەم جۆرە بووە، شەهیدان شەماڵ و سەرباز و چەند پێشمەرگەیەکی تر بەسەیارە دێن و لە دۆڵی خەلەکانەوە دەیانەوێت بچن بۆ باداوان، بێ ئاگا لەوەی لە دەشتی هەلێر کۆبوونەوەکان ئەنجامی باشیان نەبووە و ڕێککەوتنەکان هەڵوەشاونەتەوە، بۆیە کاتێک دەگەن بە کۆمەڵێک پێشمەرگەی شیوعی و سۆشیالیست، ڕەسوڵ بەردەشانی بێ ڕێزی بە پێشمەرگەکانی یەکێتی دەکات و بیانوویان پێ دەگرێت، هەر لەوێدا شەهیدیان دەکات.

ئەم کارەی بەرەی جود بەگشتی پێشمەرگەکانی یەکێتی و بە تایبەت پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیەی توڕەکرد، وێڕای ئەوکارەساتەی ڕوویدا بوو، هێشتا یەکێتی هیچ پلانێکی هەڵگیرسانی شەڕ و تۆڵەکردنەوەی نەبوو. بەڵام بەرەی جود پێدەچوو زۆرپێشتر ئامادەکارییان بۆ شەڕ کردبێت، تەواوی هێزەکانیان کۆکردبۆوە و لە ئامادە باشیدا بوون.

کاتێک جەوهەر بیرێژی کە فەرماندەیەکی پارتی بوو، بارەگاکەی خۆی لە چیوێی سەرێ جێهێشت و چووە خەتێ، بۆ ئێمە جێگەی پرسیاربوو، دواتر زانیمان لەشوێنی خۆیەوە ئاگادارکراوەتەوە چیوێی سەرێ بەجێ بێڵێت، چونکە بەگشتی بارەگاکانی ئێمە لە چیوێی سەرێ بوون.

ئەوان ڕۆژێک بەرلەوەی هێرش بکەنە سەر مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دۆڵی بالیسان، هەر دوولا کۆبوونەوەیان کردبوو، بڕیاریان دابوو شەڕ نەکەن، بۆیە ئێمە نەپلانی هیچ شەڕێکمان هەبوو، نە ئامادەکاریشمان بۆ ئەو شەڕە کردبوو.

بەڵام ئەوان پلانی تەواوی هێرشەکەیان داڕشتبوو، ئەوەش لە کاتێکدا هەر ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەکە، واتە لە (١٩٨٣/٤/٢٧) کاتژمێر چواری بەرە بەیان، لە هەر چوار لاوە هێرشیان کردە سەر مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەتا پاش نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو، بەر لەهاتنی ئێوارە دەستیانگرت بەسەر مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا.

شەڕێکی زۆر نابەرامبەر بوو، چونکە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێ نزیکەی سەد پێشمەرگە دەبوون، بەڵام ئەوان تەواوی ئامادە کارییەکانیان کردبوو، بەهێزێکی زۆری پڕچەکەوە ئەو هێرشەیان کرد، شیاوی باسە دوای جیا بوونەوەی سۆشیالیست لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سنورەکە، زۆرینەی هێزەکە بوون بە ئەندام و لایەنگری حیزبی سۆشیالیست. ئەوەش ناهاوسەنگییەکی لەنێوان هێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی سۆشیالیستدا دروست کردبوو.

لەو شەڕە نا بەرامبەرەشدا کۆمەڵێک کادیرو پێشمەرگە بریندار و شەهید بوون، لەوانە ( ئەحمەد قەمبەری پیاوێکی ئازا و فەرماندەی کەرتی یەکی دەشتی هەولێر بوو، هەروەها یەکێک بوو لەو کەسانەی لە ناوچەکەی خۆیدا زۆر خۆشەویست بوو، هەرچەند نەخوێندەوار بوو، بەڵام پیاوێکی ئازاو بەجەرگ و قارەمان بوو)، هەروەها (علی نەبی) بریندار بوو، گولەیەک بەر پشتی کەوت، بەڵام تا کۆتا هاتنی شەڕەکە بەردەوام بوو.

دوای ئەوەی پێشمەرگەکان لە گوندی بالیسان کشانەوە، بەرەو بیراوا و پشتی بیراو و شیرێ هاتن و ئەو ناوچانەیان لە بەرەی جود پاک کردەوە، لەو دەمەدا هێزەکەی ئێمە لە شیرێ بوو، لەسەر شاخی مۆتێ. کە بەسەر گوندی شیرێ و گوندی مێرگەسەردا دەڕوانێت. لەو دەوروبەرەش ماڵی ئەنوەر بەگی لێ بوو، کە چەکداری حکومەت بوو.

ماڵی ئەنوەر بەگ و ئەو هێزەی پارتی لەو سنورە بوون، شەوێک پێش هێرشەکە کۆبوونەوەیان کردبوو، پلانی هێرشکردنیان بۆ سەر ئێمە داڕشتبوو، بەڵێنی هاوکاریان

بەیەکتری دابوو لەڕووی چەک و پێداویستییەکانی ترەوە، بۆیە لە ڕۆژی دواتردا، هێزی پارتی و هێزیماڵی ئەنوەر بەگ لە یەک کاتی دیاریکراودا لە بانە سەر و مۆتە وە هێرشیان کردە سەرمان. هێزەکانی ئێمە لە نوسەک و بانەسەر بوون. لەو هێرشەدا ماڵی ئەنوەر بەگ شاخی مۆتەیان گرت. بەڵام نەیانتوانی بێنە گوندەکان.

هاوکات لەگەڵ هێرشەکەی بەرەی جوددا بۆ سەر مەڵبەندی سێ لە گوندی مەلەکان، بەرەی جود یەکێک لە کادیرە پلە بەرزەکانی یەکێتی شەهید دەکەن بەناوی (شەهید پێشڕەو چەمچەماڵی)[٣٨] لە ناشتنی تەرمەکەیدا من لەوێ بووم. دوای ماوەیەک باوک و دایکیشی هاتن بۆ سەر گۆڕەکەی، بەڵام پێیان باش بوو تەرمەکەی هەر لەوێ بێت و نەیگەڕێننەوە بۆ چەمچەماڵ.

چیای دەرەشیر نەگیرا بوو، هێزەکانی ئێمەی پێوە بوو، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە چیایەکماینەوە کە کەوتبووە نێوان دەرەشیر و بیراوا.هەتا ڕێکەوتی یەکی ئایار ڕەوانشاد کاک نەوشیروان بە خۆیی و هێزێکەوە هێرشی کردە سەر بەرەی جود لە قرناقە و پشت ئاشان و ئاشقولکە.

## گەیشتنی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا و بە هێزبوونەوەی یەکێتی

ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٣ ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا بە هێزێکی زۆرەوە گەیشتە ناوچەکانی سنوری مەڵبەندی سێ، هێرشێکی چڕی کردە سەر بارەگاکانی بەرەی جود، دوای هاتنی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان بەو هێزە زۆرەوە لە ڕێکەوتی (٥/٣) هێزەکانی بەرەی جود ورەیان ڕووخاو دۆڵی بالیسانیان چۆڵ کرد.

سەرەتا نەماندەزانی دۆڵی بالیسان چۆڵ کراوە، تا مام حاجی عومەر و مام حەسەن کەریم هاتنە سەردانمان، کاتێک ئەوان گەیشتن، دوای هەواڵپرسین و هەندێک باس و خواس گوتم: «بە کوێدا هاتنە ئێرە؟»

---

٣٨. شەهید پێشڕەو چەمچەماڵی: یەکێک بووە لە کادیرە پلە بەرزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەرچووی زانکۆی کارگێڕی و ئابووری و خەڵکی شاری چەمچەماڵ بووە. تونێلەکەی سلێمانی لە چیای ئەزمەڕ بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە.

گووتی : «بە بالیساندا هاتین»
گووتم: «چۆن پارتی و سۆسیالیست نەیبینین؟»
گووتی:» کەسی لێ نەماوە»

هەر زوو ئەو هەواڵەم بە برادەران ڕاگەیاند، دواتر لەگەڵ سەرجەم هەڤاڵاندا کە ژمارەمان دە کەس دەبوو، کەلوپەلەکانمان کۆکردەوە و ئامادەکاریمان کرد و هاتینەوە ناو گوندی بالیسان.

هاتنی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا بۆ دۆڵی بالیسان بە خۆی و هێزەکەیەوە ترس و لەرزێکی زۆری لەدڵی دوژمنەکاندا چاند، هەربۆیە باوکێک و دووکوڕیان ڕاسپاردبوو کاک نەوشیروان مستەفا بکوژن، بەڵام هەرزوو ئاشکرابوون و هەرسێکیان ڕەوانەی دادگای شۆڕش کران.

## نەوشیروان مستەفا و ڕێکخستنەوەی مەڵبەندی سێ و تیپەکەمان

کاتێک ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە نازەنینەوە هات بۆ سماقوڵی، کەرتەکەی ئێمەی هەڵبژارد لەگەڵیدا بمێنینەوە، واتە بەشێک لە کەرتی دوو کە عەلی مەسیفی فەرماندەمان بوو، بە گەیشتنی کاک نەوشیروان مستەفا بۆ ناوچەکە، تۆفیق بیرێژی کە فەرماندەی ٩١ی سەفین بوو، لەگەڵ براکانی خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردبۆوە.

بۆ ئەو مەبەستەش کاک نەوشیروان مستەفا لە هەوڵی ڕێکخستنەوەی تیپەکەدا بوو، پەیامی بۆ کاک جەبار فەرمان نارد تا ببێتە سەرتیپی تیپی٩١ی سەفین، هەرچەندە کاک جەبار فەرمان هاتە سماقوڵی، بەڵام داواکەی کاک نەوشیروان مستەفای ڕەت کردەوە، چونکە خۆی پلەی بەرز کرابۆوە و کرابوو بە (لێپسراوی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە) لە گەرمیان و خانەقین، سەرقاڵی کاری ڕێکخستن بوو.

دوای کاک جەبار فەرمان، کاک نەوشیروان مستەفا عەلی نەبی کردە سەرتیپی تیپی ٩١ی سەفین و شۆڕش حاجی بووە جێگری قەرماندەی تیپ، عەلی مەسیفیشی کردە فەرماندەی کەرتی چوار، لە کەرتی دووی تیپی ٨٣ی هەورێوە ئێمەی گواستەوە بۆ کەرتی چواری تیپی ٩١ی سەفین.

سنوری چالاکی کەرتەکەی ئێمە ( بناری سەفین، دەوروبەری مەسیف، ناوچەی خەیلانی و زراری) بوو، دوای ڕێکخستنەوەی مەڵبەند و تیپەکان، چووینەوە شوێنەکانی خۆمان و دەستمان کردەوە بە چالاکی. لەگەڵ کەرتی تیپ لە چالاکیدا بووین، مانگی تەمووز بوو هاتینە گوندی فریز، هەواڵمان پێگەیشت ڕۆژانە دوو سەرباز لە ( ڕەبایەکانی) خۆیان دێنە خوارەوە بۆ ئاو هێنان، ئەوەش بە دەرفەت زانرا بۆ ئەنجامدانی چالاکیەک، چوار پێشمەرگە بۆسەیان بۆ سەربازەکان دانا و بەدیلیان گرتن و دەستکەوتەکانی ئەو چالاکیە قەناسێک و کلاشنکۆفێکی سیخۆ بوو.

## ئەو شەڕەی تێیدا بریندار بووم

لە سوسێ بووین، هەواڵی خراپ بوونی باری تەندروستی برازاکەی عەلی نەبیان هێنا، کە ناوی کاکە لاس بوو بە ( زەردە) بانگیان دەکرد، پێشمەرگە بوو، بزیشکەکان بێهیوایان کردبوو لەژیان، ئەوەش بۆ عەلی نەبی مایەی خەم و دڵتەنگی بوو، بۆیە هەندێک لە پێشمەرگەکانی ناردەوە دۆڵی بالیسان و ئێمەش چەند پێشمەرگەیەک لە گەڵی چووین بۆ دۆڵی گولانە لە سەرکەپکان و لەوێوە بۆ دارەبەن، کاتێک ئێمە گەیشتین، برازاکەی کۆچی دوایی کردبوو، ئەوەش ئەوەندەی تر ئازارەکەی سەر دڵی عەلی نەبیان زیاد کرد، لەکاتی گەڕانەوەماندا، ئاگادرییان کردینەوە بچین بۆ وەرتێ. لە خانەقا ویستمان پشو بدەین، بەڵام هەواڵیان پێداین بچین بۆ زارگەلی کە گوندێکە لەسەر جادەی خانەقا.

١٩٨٣/٨/١٣دوای بڕینی ڕێگایەکی زۆر بە پێ، لە ئێنزێ و لێوژێوە کە لە بناری چیای قەندیلدا بوو، بەشەکەتی و ماندوویەتی و برسێتییەوە لە جێگەیەک لاماندا بۆئەوەی تۆزێک پشوو بدەین، هەندێک خۆراکی لەقووتوو نراومان پێ بوو، هەوڵمان دەدا ئەوخۆراکانە کەمێک گەرم بکەین و بیخۆین.هەواڵیان گەیاندە لای عەلی نەبی لە زووترین کاتدا هێرش بکەینە سەر بارەگاکانی بەرەی جود. ئەوان بە بەرزاییەکانی سەرو گوندەکانی ئێنزێ و لێوژێ و لە تەنیشت دۆڵەکەوە بوون، لە ڕۆژهەڵاتمانەوە

سەنگەرەکانی سۆشیالیست بوو، لە جێگەیەکی عاسی و دڵنیادا بوون، لە باکوریشمانەوە بارەگاکانی پارتی ڕاستەوخۆ ڕوو بەڕوومان بوون.

لەو ڕووو بەڕووو بوونەوەیەدا چەند پێشمەرگەیەکمان پێکرا لەوانە (ئەحمەد جەمیل کە گولە بەر ئەژنۆی کەوتبوو.) هەروەها یەکێکی تر لە بریندارەکان بە ناوی(چالاک) خزمی علی نەبی بوو.

هەریەکەمان لەپشت بەردێکەوە لە ئامادەی هێرش بردندا بووین، من و مامۆستا ئەمیر و عەلی مەسیفی، لەڕیزی یەکتری بووین و لای ڕاست و لای چەپی مامۆستا ئەمیرمان گرتبوو.

مەودای نێوانمان لەگەڵ بارەگاکەی پارتی زۆر نەبوو، تەواوی هەستم لای سامانی پوورزام و بەختیار سارتکە بوو، زۆر نزیکتر ببوونەوە لە بارەگای پارتییەکان، یەکێک لە پێشمەرگەکانی پارتی جامانەی سوری لەسەر بوو، بە سامانی گووت: «چەکەکەت دانێ» سامانیش ڕەشاش بڕنەوی پێ بوو، تفەنگەکەی سوار بوو، بەرزی کردەوە و پێکای. ئەوانیش لە بەرامبەردا دەیان ڕومانەیان تێگرتین، لەو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەدا هێزی گولەیەکی ئۆمێک چەند مەترێک هەڵیدامە سەرپشت و سوڕام، لەولاترەوە سۆشیالیست ئێمەیان بینی و کەوتینە بەر هێرشی گولەی ئەوانیش، لەژێر ڕێژنەی گولە بارانی هەردوولادا، گولەیەک لە ئاڕاستەی سۆشیالیستەکانەوە هات بە تەنیشت فەقەراتمدا تێپەڕی و لە کرکڕاگەی قۆڵمەوە دەرچوو، ئەمجارە تەواو کەوتم، لە هەموو ئاڕاستەکانەوە گولە ڕووە و ئێمە دەهات.

عەلی مەسیفی ئازایانە بەرەو ڕووم ڕایکرد و ڕایکێشام بۆ پەنا بەردێک، حاتەم هەرووتی و کاکە ڕەش هەر زوو گەیشتنە لام، کاکە ڕەش لە کۆڵی کردم و بردمیانە خوارەوە و لەجێگەیەکی پارێزراو منی دانا کە تەقەی هیچ لایەک نەیدەگرتەوە.

بە هۆی سەختی و قوڵی برینەکەمەوە، خوێن وەک فوارە بە جەستەما دەهاتە خوارەوە،. دەمگوت: «بەر کوێم کەوتووە؟ پێم بڵێن تا بزانم دەمرم یان دەمێنم» دەیانگوت: «سەلامەتی» پێیان نەدەگوتم کوێم بریندار بووە.

هەندێک جار ڕووداوگەلێک بۆ مرۆڤ دێتە پێش هەرگیز بەخەیاڵیشیدا گوزەری نەکردووە، دەمەوێت لێرەدا ئەم گێڕانەوەیە وابەستەی بیرەوەرییەکی لە پێشینەی تربکەم.

من و کاکە ڕەش جگە لەوەی پێکەوە پێشمەرگە بووین، هاوڕێی منداڵی یەکتری بووین. جارێک بە دەم ڕێگاوە تەیرێکی زۆر ڕەشی جوانم لەسەر بەردێک بەدی کرد و گووتم: «کاکە ڕەش نیشانەیەک لەو تەیرە دەگرمەوە بزانم لێی دەدەم یان نا» نیشانەم لە تەیرەکە گرتەوە و پێکام، کاتێک تەیرەکەم هێنا، ڕیخۆڵەی هاتبووە دەرەوە و گووتم : «کاکە ڕەش هەمووکات کوردەواری دەڵێت: داری لە برین وەرمەدە» منیش دارم لە برینەکەی وەردەدا « کاکە ڕەش لەوکاتە ناخۆشەدا منی هێنایە بیری ئەم تەیرە و پێی گووتم: «دەڵێی چی منیش دار لە برینەکەت وەردەم، بیرتە ئەو کاتە چیت دەگووت؟»

گووتم: «کاتی ئەوەی نییە بمگەیەنەرە شوێنێک».

وڵاخێکیان هێنا و منیان خستە سەری و کاکە ڕەش و نەجاتی ئامۆزام هێنایانم بۆ نەخۆشخانەکەی زارگەلی، کاتێک لەوێ دایاننام، هەموو گیانم ڕەق بوو، نازانم بەهۆی هیلاکیەکەوە بوو، یان بەهۆی زۆری ئەو خوێنەوە بوو کە لێم ڕۆیشتبوو، قاچ و دەستم بۆ نەدەجوڵا، هاوارم دەکرد و بە نەجاتی ئامۆزامم گووت: «قاچم بۆ بجوڵێنە»، لەوێ یاریدەدەرییێکی پزیشکی (معاون توبی) بە ناوی سەرکەوت، فریا گوزاری خێرای لابوو، هەر زوو ئازارشکێنێکی پێدام، هەموو گیانم خاو بۆوە، دواتر کەوتە پاک کردنەوەی جێگەی برینەکەم.

پاش خواردنی حەبەکان دەستبەجێ گیانم خاوبووەوە و هەر زوو لە ڕێگایەکی سەرەکییەوە بە لاندرۆڤەرێک منیان لە زارگەلییەوە گواستەوە بۆ پڵینگان و دۆڵە رەقە. کاتێک گەیشتم بینیم، لەوێ بۆ بریندارەکان کەپری گەورەیان دروست کردووە، جێگە یەکیشیان بۆ من ئامادە کردبوو، لە زووترین کاتدا و دوای گەیشتنم دەستیان کرد بە چارە سەرکردنم، بەردەوام دکتۆر شەوکەت و دکتۆر شالاو کە دوو کتۆری زیرەک ودڵسۆز و وریای شۆڕش بوون، ڕۆژانە بەبێ ماندوو بوون، یەک یەک بریندارەکانیان بەسەر دەکردەوە و تەواو ئاگاداری باری تەندروستیان بوون و خواردن و دەرمانەکانیان لەکاتی خۆیدا پێ دەدان.

یەکێک لە بریندارەکانی ئەوێ کوڕێکی خەڵکی گوندی خاڵخالان بوو بە ناوی جەلیل، هاوەن بەر پێی ڕاستی کەوت بوو، برینەکەی تادەهات زیاتر ڕەش دەبۆوە و کرم تێی دابوو. کاتێک دکتۆر شالاو سەرپەرشتی ئەو نەخۆشەی دەکرد، ئاگاداری کردەوە بۆ سەلامەتی ژیانی دەبێت ئەو قاچە ببڕنەوە، لەوێ سڕکردنی گشتی نەبوو،

بۆیە چەند دەرزییەکی سڕکردنی شوێنی (بەنجی مەوزووعیان) بۆکرد و بە موشاری داربڕینەوە قاچەکەیان بۆ بڕییەوە و دواتر بۆیان دووریەوە.

یەکێکی تر لە بریندارەکان کوڕێک بوو بە ناوی عوسمان لە تیپی بیست و یەکی کەرکوک، ئەویش گولەیەک بەر شانی کەوتبوو، گولەکە لە شانیدا مابۆوە، توشی خوێنبەربوونی کردبوو، بە ئاستەم دەیتوانی هەناسە بدات، دکتۆر شاڵاو پشکنینی بۆکرد و گووتی : «دەبێت بە سڕکردنی شوێنی (بەنجی مەوزوعی) چیستیوپی بۆ بکەین لە بەینی حەوتەم و هەشتەم پەراسوو خوێنەکەی لێ بەتاڵ بکەینەوە» عوسمان گووتی: « کاکە نامەوێت بێ هۆشم بکەن، تەنیا کاسێتێکی حەسەن زیرەکم بۆ بخەنەسەر» ئەوانیش تەسجیلێکیان هێنا و حەسەن زیرەکیان خستە سەر و دکتۆریش کاری خۆی دەکرد، بە منیشیان گووت: «تۆش دەبێت ئەو نەشتەرگەرییە بکەیت» منیش لە دڵی خۆمدا گووتم: «ئەو بە حەسەن زیرەک بێ هۆش بووە من بەچی بێ هۆش دەبم!» بەڵام من بەئەندازەی ئەو خراپ نەبووم.

دکتۆر شاڵاو بۆ بەیانی هات بیستۆکی پشکنینەکەی بۆ هێنام و دەیگووت: «هەناسە بدە «منیش هەناسەم دەدا. گووتی: « تۆ باشتری نایەوێت» ڕاستی کرد، من بە هەندێک دەوا باش بووم و ئازارم نەما، لەوێ ماینەوە تا بارودۆخم باش بوو.

لە نەخۆشخانە زاوایەکیماڵی دکتۆر هیوام بینی، ماڵیان لە پیرزین بوو گووتم: «دەتوانی هەواڵ بۆ خزم و کەسەکانم بنێریت بڵێی بریندار بووە؟»

گووتی:» بەڵێ»

دوای چەند ڕۆژێک جەباری برام و باوکم و دایکم ومام حاجی قادر و دەسگیرانەکەم هاتن، بە بینینی ئەوان هیچ ئازارێکم نەما. لەدوای ئەوەی هەواڵی بریندار بوونی من گەیشتەوە مەسیف، پۆل پۆل خزم و کەسەکانم دەهاتنە سەردانم و جل و بەرگی نوێ و پارە و خواردنیان بۆ دەهێنام. ئەو هاتنانەی ئەوان هەمیشە خۆشحاڵی دەکردم، کاتێک دەهاتن تا ئێوارەیەکی درەنگ لام دەمانەوە و بەر لەهاتنی شەو بەڕێ دەکەوتنەوە بۆ مەسیف.هەرکات باوکم دەهات بۆلام پارەی بۆ دەهێنام، جیاوازی لە نێوان من و هاوڕێ پێشمەرگەکانی ترمدا نەدەکرد و پارەی بەسەر ئەوانی تریشدا دابەش دەکرد.

# مانگی ١١ی ١٩٨٣
# و
# شەڕی بێتواتە

یەکێتی بە فەرماندەیی ڕەوانشاد مام جەلال پلانێکی تۆکمەی دانا بۆ گرتنی ناحیەی بێتواتە. بەپێی ئەوپلانەی کە داندرابوو، دەبوو ڕەوانشاد مام جەلال هێزەکان دابەش بکات و سەریانبخات بۆ چیای ماکۆک، ئەو ناوچەیە لە ژێر دەستی هێزەکانی حکومەتی عێراقیدا بوو، یەکێک لە قورسترین ڕەبایەکانی ئەو سنورە، ڕەبایەی کڵاوی دێوانە بوو، کاتێک ئەو ڕەبایە گیرا ئیتر زاڵ بووین بەسەر هەموو ناوچەکەدا.

ئێمەش لای خۆمانەوە هێزەکانمان دابەش کرد بەسەر چیوێ و شیرێدا، هەر بەپێی پلانەکە، لە مێرگەسەر سەرکەوتین بۆ هەرمک و بێناتان و لەوێشەوە بۆ بەرۆژ، بەر لەگەیشتنی ئێمە خەڵکی گوندەکان هەڵهاتبوون.

# شەڕی یەکەممان
# گرتنی زینی هەرتەلێ

یەکەمین هێرشمان بۆ سەر یەکێک بوو لە ڕەبایەکانی زینی هەرتەلێ، کە جاشی ماڵی ئەنوەر بەگی تێدا بوو، خۆیان نەدەدا بەدەستەوە، دوای بەرەنگارییەکی زۆر توانیمان ئەو (ڕەبایە) بگرین و لەوێشەوە بەرە و گرتنەوەی شاخی شیشار چووین، کاتێک ئێمە گەیشتین هەموو هێزە چەکدارەکانی ئەنوەربەگ ئەوێیان چۆڵ کردبوو، چووبوونە گوندەکانی دەوروبەری بێتواتە.

لەدوای شەڕێکی قورس و ماندوو بوونێکی زۆر، بۆ پشودان ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و بەیانییەکەی هەستاین تا ئەوێ بە جێ بێڵین، دواتر زانیمان یەکێک لە پێشمەرگەکانمان بە ناوی قاسمی مەلا ڕەشید، کە پێمان دەگووت:» شێخۆ» لە شیشار جێمان هێشتبوو. دوای ئەوەی لە شیشارێوە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن،

گەیشتینە ڕۆژئاوای گوندی بێتواتە.لەوێوە هێرشمان کردە سەر ئەو دەبابانەی بەتەنیشت ماڵی ئەنوەر بەگەوە وەستابوون و لە بەرامبەرەوە لە هێزەکانی ئێمەیان دەدا، لەو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەشدا، کوڕێکی کەرکوکی و کوڕێکی تر بەناوی (ناسر خۆرانی)کە فەرماندەی کەرت بوو، لە ڕەبایەکانی ئەوێیان دەدا و هەردووکیان شەهید بوون.

ڕۆژی ١٩٨٣/١١/٢٢ گەیشتینە گوندی بێتواتە و هەموو گوندەکانی ئەو سنورەمان گرتەوە. کەم کەم هێزەکان لەو دەوروبەرە دەهاتنەوە و یەکتریمان دەگرتەوە، بەر لە دەستپێکی ئەو هێرشانە بۆ ناسینەوەی یەکتری، بڕیارمان دابوو کڵاو و جامانەکانمان هەڵگەڕێنینەوە، تا لە خەڵکی ئاسایی و چەکدارو جاشەکانی ماڵی ئەنوەربەگ جیا بکرێینەوە، دوای ئەوەی هێزەکانمان جارێکی تر کۆبوونەوە، بەرەو ماڵەکانی ئەنوەر بەگ بەڕێ کەوتین کە لەسەر ئەشکەوتەکانی بێتواتە دروستی کردبوون.

## ئەوەی لەماڵەکانی سەرئەشکەوتان گووزەرا!

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەستمان هێنا بوو، هێزەکانمان لە ماڵەکانی ئەنوەر بەگدا کۆکردەوە و دوای نان خواردن و پشوودان، گەورەیی و خاوێنی ئەو ماڵانە و بوونی کەلوپەلە گران بەها و دەگمەن و نایابەکان سەرنجی تەواوی پێشمەرگەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا.

وێڕای ئەو هەموو کەلوپەلە نایابەی ئەوێ، هێندە پەرۆشی کێشانی جگەرە بووم، کاتێک چووینە ئەوێ و ژوورێکی پڕ لە تووتنم بینی، بە پێشمەرگەکانم گووت: «کەس دەست لەم ژوورە نەدات، هەموو ئەو تووتنە هی منە» ئاخر لەو سەردەمەدا توتنمان لە ناو پەڕە سیگاردا دەپێچایەوە و هەمیشە دەبوو کیسەیەک توتنمان پێ بێت، وێڕای ئەو قسەیەی کردم، کاتێک ڕۆیشتین تەنانەت کیسەکەشم لە تووتن پڕ نەکرد، ئەوە لەکاتێکدا بوو دەستکاری هەندێک کەلوپەلی ئەوێ کرا، وەک خۆم هەرگیز لەگەڵ ئەوکارانەدا نەبووم.

# شەڕی عەلییەکان

لە ئۆپەراسیۆنی بێتواتەدا ئێمە چەکێکی کلاشینکۆفمان گرتبوو، بەچەند ڕۆژێک دواتر و بەیانییەک عەلی مەسیفی و عەلی نەبی لەسەر کلاشنکۆفەکە بەشەڕ هاتن. عەلی نەبی فەرماندەی تیپ بوو دەیگووت: «دەبێت ئەو چەکە لای ئێمە بێت» لە بەرامبەریشدا عەلی مەسیفی دەیگووت: «نایدەین خۆمان گرتوومانە، ئێمەش پێشمەرگەمان هەیە و پێویستمان بە چەکی زیاترە» ئەم جۆرە دەمەقاڵێیەی نێوانیان سەری کێشا بۆ گرژی و ئاڵۆزی زیاتر و دواجار عەلی مەسیفی بە زویری و دڵتەنگییەوە لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگەدا ئەوێیان بەجێ هێشت.

بەرلەوەی بڕوات، زۆرم قسە لەگەڵدا کرد و دڵنەواییم کرد و هەوڵمدا لەو بڕیارەی پاشگەزی بکەمەوە، بەڵام سودی نەبوو، لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بوو ئەوێی بەجێهێشت، هەرچەند لەگەڵیدا نەڕۆیشتم، بەڵام هەمیشە دڵێکم لای ئەو بوو.

هەر لەدوای ڕۆیشتنی ئەو هەواڵم نارد بۆ براکانی خۆم و عەبدوڵای برای، تا بە هەمووان هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە بدەن.

لەو سەروبەندەدا عەلی نەبی کاردانەوەیەکی زۆر خراپتری هەبوو، مەفرەزەیەکی ڕێکخست و ناردی بەدوای عەلی مەسیفی دا و ڕای سپاردبوون کە: «بیگرن و ئەگەر خۆی نەدا بەدەستەوە بیکوژن». یەکێک لەوانەی لە مەفرەزەکەدا بوو، سامانی پورزام بوو، من بە سامانم گووت: «مەچۆ با کێشەکە گەورە نەبێت، من هەوڵ دەدەم قایلی بکەم و بگەڕێتەوە». بەڵام ئەویش بەقسەی منی نەکرد و ڕۆیشت.

دواتر سامانی پورزام بۆی گێڕامەوە و گووتی: «ئەحمەد هیرانی کە بەرپرسی ئەو مەفەرەزەیە بۆ گرتن یان کوشتنی عەلی مەسیفی دروست کراوە، عەلی مەسیفی دەبیننەوە، بەڵام هیچ یەکێک لە فەرمانەکانی عەلی نەبی جێ بەجێ ناکەن، تەنیا ڕایان سپاردبوو بێتەوە و پێکەوە بە گفتوگۆ بابەتەکە چارەسەر بکەن. کاتێک عەلی مەسیفیش لەگەڵیان هاتبۆوە گوندی ئاژگە. لە نیوەی شەودا خۆی و برادەرانی ئاژگە بەجێ دەهێڵن و هەریەکە و بەلایەکدا دەڕۆن، دواتر هەموویان لە جێگەیەکی دیاریکراودا یەکتری دەگرنەوە، بەمجۆرە لەدەست مەفرەزەکەی ئەحمەد هیرانی هەڵدێن.»

دوای ئەو ڕووداوە جارێکی تر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە کەوتمە هەوڵدانێکی زۆر، بەمەرجێک قایل بوو کە لە ڕێکخستنەوە بە فەرمی داوای گەڕانەوەی بکەن. بۆیە داوام

لە کاک قاسم عەزیز و شێخ قادر کرد بە فەرمی بانگی عەلی مەسیفی بکەنەوە، ئەوانیش داواکەیان ڕەت نەکردمەوە و گووتیان: «با بێتەوە ئێمە وا دەکەین کێشەکەی لۆ حەل کەین». بەو جۆرە عەلی مەسیفی گەڕایەوە، بردیانە لای رەوانشاد مام جەلال و ئەویش سەرەتا لێی تورە بوو، دەمانچە چواردە خۆرەکەی لێ سەندبوو، گولەکانی دەرهێنا و پێی گووتبوو: «عەلی مەسیفی بووی بە پارتی و شیوعی لە من! ئەو هەڵگەڕانەوەیە چیە؟»

ئەویش گوتبووی: «غەدریان لی کردم» سەرەتا رەوانشاد مام جەلال زۆر گرنگی بە قسەکانی عەلی مەسیفی نادات و دەڵێت: «بیبەن زیندانی بکەن»چوونکە عەلی نەبی لای رەوانشاد مام جەلال زۆر بە خراپە باسی کردبوو.

دوای ئەوەی بردیانە کانی بەردی، منیش چوومە لای کاک قاسم عەزیز و کاک شێخ قادر و گووتم: «لەسەر قسەی ئێوە ناردوومە بەدوایدا ئێستا ناخۆشە بگیرێت»

گووتیان: «خەمت نەبێت ئەم دوو ڕۆژە لای خۆمانی دادەنێین» دوای زانینی ڕاستییەکان دۆخەکە تەواو ئاسایی بۆوە.

نزیکی مانگی دوانزە بوو، مەڵبەندی سێ سەرقاڵی دروست کردنەوەی تیپی بەڕانەتی بوون، عەلی مەسیفی کرایە فەرماندەی کەرتی چوار، فوئادە ڕەش بوو بە جێگری کەرت و بەندەش ڕابەر سیاسی کەرت.

شاخەوان عەباسیان کردە سەرتیپ و کاک ڕێباز بوو بە جێگری، تیپەکەی ئەوان پێکهاتبوو لە چوار کەرت، کەرتی یەک ( مەجیدە سور) کەرتی دوو (ساڵح ڕەسوڵ گەڕە سۆری )، کەرتی سێ (مەلا سلێمان) و کەرتی چوار(عەلی مەسیفی) بوو، ڕابەر سیاسی تیپ (غازی قادر ئاغا)بوو، مەلا ئیبراهیم ئاغاش لێپرسراوی ئیدارەی تیپ بوو، بورهانی سەعید سۆفیش بوو بە جێگری کەرت، غازی قادر ئاغاش ڕابەر سیاسی تیپەکە بوو.

## دەنگۆی دانوستان

لە کۆتایی مانگی دوانزەدا، ئێمە لە کاموسەک بووین، دەنگۆی دانوستانمان بیست، ئەویش لە ژیانی شۆڕش و تێکۆشاندا جۆرێکە لە خەبات، هەم یەکێتی پێویستی بەو دانوستانە هەبوو، هەم بەعسیش.

لەو سەردەمەدا و بە دروستی لە ساڵی ١٩٨٣دا، یەکێتی لە دۆخێکی سەختدا بوو، لە هەموو لایەکەوە دژایەتی دەکرا، هەم لە لایەن حکومەتی بەعس و جاشەکانی سنورەکەوە، هەم لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە، هاوکات لە لایەن ئێرانیشەوە بە هۆکاری دروستکردنی هێزی پشتیوانی، بۆ هاوکاری کردنی حیزبە کوردییەکانی رۆژهـەڵات بە دژی پاسدارانی ئێران دادەنـرا. ساڵی ١٩٨٣ساڵێکی پڕ لە شەڕ و خوێن و ناڵەباری بوو، بۆیە پێشمەرگەکانی سنورەکان هەموویان ماندوو بوون، ئەو پێشمەرگانەی چەند وەخت بوو یەکێتی کۆی کردبوونەوە، هەرچی وزەیان هەبوو لە شەڕدا بەکاریان هێنا بوو، خەریک بوو لە پێ دەکەوتن.

لەو دەمـەدا باشترین بڕیاری یەکێتی هەڵبژاردنی گفتوگۆ بـوو، خەباتی ئەو لەچەکەوە ببووە خەباتی ڕاوێژ کردن.

یەکێک لە گرنگترین سودەکانی دانوستان، جگە لە حەوانەوەی ڕۆحی و جەستەیی پێشمەرگەکان، توانرا لە نێو شار و شارۆچکەکاندا بارەگاکان ڕێک بخرێنەوە ، بۆ نموونە: تیپی بەڕانەتی بەمجۆرە دابەش بووین.(کەرتی سێ بارەگاکەی لە پیرزین، بارەگای تیپ لە بەحرکە، بارەگای ئێمە لە گەزنە و بارەگای کەرتی دووی مام سالح لە عارەبکەند) بوو.

لەناو ئۆردووگاکانیشدا بـەردەوام باسـی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان دەکـرد، خەڵکانێکی زۆر هاتنە نـاو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە و بەردەوام کۆڕو کۆبونەوەمان پێ دەکردن، سەردانمان دەکردن و خەڵکێکی زۆرمان لە یەکێتی کۆ کردەوە، ئەو تیپانەی پێشتر سەد کەس بوون، بوون بە چەند سەد کەسێک، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە گەشەیەکی باشمان کرد.

گفتووگۆ کردن ڕادەسـت بوون نیە، بـەڵام هەندێک لەو سەردمەدا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە یەکێتی خۆی ڕادەستی حیزبی بەعس کـردووە. بەڵام ئێمە بۆیە گفتوگۆمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی میلەتەکەمان هەڵبژارد، تا چیتر خوێن نەڕژێت و کەس نەکوژرێت چ پێشمەرگە و چ سەربازی عێراقی. باشترین ڕێگا ئەوەیە تۆ بتوانیت بە گفتوگۆ دەست کەوتەکانت بەدەست بێنیت، لەو پێناوەشدا خەباتمان کرد و سەلماندیشمان کاتێک حکومەت نەهاتە پێش و حەقەکانی ئێمەی جێ بەجێ نەکرد، شەڕمان لەگەڵ کرد و تەسلیم نەبووین.

# بەرەو دانوستان

لە سەروەختی دروست بوونی گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی بەعسدا، من لە دۆڵی بالیسان بووم نزیک گوندی زیخان، ڕۆژێک ڕەوانشاد مام جەلالم بینی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بەسەر شەقامە گشتییەکەدا پیاسەیان دەکرد، پرسیاری ئەو کەسە نەناسراوەم کرد. براکەم گووتی: «ئەوە دلێر سەید مەجیدە» هێندەی نەبرد کۆپتەرێک نیشتەوە.

عەبدول ڕەحمان قاسملۆ و کاپتنی کۆپتەرەکە و ئەفسەرێک لە کۆپتەرەکە هاتنە خوارەوە و ڕەوانشاد مام جەلال بەرەو تەکییەکەی شێخی زیخان پێشوازی لێکردن، کە خانوویەکی گەورە بوو، پاش ماوەیەک لەوێ هاتنە دەرەوە و ڕەوانشاد مام جەلال و کاپتنەکە بەدەم گفتوگۆ کردنەوە لە چیای مۆتێیان دەڕوانی، دواتر گووتیان کاپتنەکە گوتوویەتی: « لەکاتی بۆردوومان کردن لە چیای مۆتێ چواردە فیشەک بەر کۆپتەرەکەم کەوتووە».

کاتی ڕۆیشتن، جگە لەمیوانەکان کە لە کۆپتەرەکەدا بوون، ڕەوانشاد مام جەلال، فەرەیدون عەبدول قادر، مەلابەختیار، ملازم عومەر، دکتور کەریم[٣٩] و موزەفەر چاو شین سواری کۆپتەرەکە بوون و بەرەو شوێنی دیاری کراوی کۆبونەوەکە ڕۆیشتن.

ئەو کات ژمارەی پێشمەرگەکان لە بەڕانەتی، لە سەد پێشمەرگەوە بۆ سێ سەد پێشمەرگە زیادی کردبوو، جگە لە فراوان بوون و زیاد بوونی ڕێکخستنەکان، بەپێی یاسای تیپەکان دەبوایە هەرتیپێک ژمارەی پێشمەرگەکانی ٢٥٠-٣٠٠ پێشمەرگە بێت. بەڵام بە هۆی زۆری پەیوەندی کردنی پێشمەرگەی نوێوە، ژمارەی تیپەکان زیادی کرد.

لەو سەردەمەدا پەرە بە دروست کردنی (فەوج)دەدرا بۆ جاشەکانی سنورەکە، یەکێک لەو جاشانەی کە لە شەڕی بێتواتەدا تێکمان شکاند، ئەنوەر بەگ بوو.

لە سەروبەندی دانوستاندا، لە چوار چێوەی زیاد بوونی تیپەکان، تیپێک بۆ ڕەشۆ[٤٠]

---

٣٩. دکتۆر کەریم : لەو سەردەمەدا سکرتێری مام جەلال بوو.

٤٠. ڕەشۆ: لەپێشتردا باسمان لە کوژرانی مەلا ڕەسوڵی باوکی ڕەشۆ کرد بەدەستی پیاوەکانی ئەوەنوەربەگ، وەک دەوترا پێشتریش کوڕێک یان دوو کوڕی ماڵی ئەنوەر بەگ لە باخەکەی خۆیان بەر ئەڵغام کەوتبوون، تاوانەکەیان خستبووە ئەستۆی ڕەشۆ و لە دەرئەنجامدا تۆڵەیان لە مەلا ڕەسوڵی باوکی کردەوە.

دروست دەکرێت، بۆئەوەی لە سنورەکەی خۆیان بمێنێتەوە، ئەویش هێزێکی پێکەوەنا بۆ سەرپەرشتی ناوچەکە.

گفتوگۆی نێوان هەردوو لایەنەکە بەردەوام بوو. حکومەتی عێراقی هەندێک لە داواکانی یەکێتی پشگوێ دەخست، یەکێک لەو داوایانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. سنورداركردنی پێکهێنانی (فەوجی خەفیفە) بوو کە حکومەت پێی دەگووتن: «ئەفواجی بەرگری نیشتیمانی» بەڵام تا دەهات ئەوان زیاتر گرنگیان بە دروستکردنی ئەو جۆرە (فەوجانە)دەدا و زۆر جار لەگەڵیان ڕووبەڕووی کێشە و گرتن و کوشتن دەبووینەوە، ئەوان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە هان دەدران تا گرفت و کێشە بۆ ئێمە دروست بکەن.

فەوجەکەی شێمەی هارونی یەکێک بوو لە فەوجە خراپەکانی ناوچەکە لە دژی پێشمەرگە، جگە لەو (ماڵی سەید قەهار و ماڵی قەتۆی مامەند ئاغای گەردی)ش، بە کەسانی خراپەکار ناویان دەرکردبوو، هاوکات مەفرەزەکانی (عومەر سۆفی، عومەر حەسەن و ڕەحمان بێشا)ش هیچیان لە ناوبانگی خراپی سەید قەهار و قەتۆ و شێمە کەمتر نەبوو، بەردەوام بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕان، دەرهەق بە کورد و بە خەڵک و بە پێشمەرگە، دەستیان لە خراپەکاری نەدەپاراست.

دوای ئەوەی چەند ڕوو بەڕووبوونەوەیەک لە نێوان ئێمە و ئەواندا، ئێمە بارەگامان بردە گەریاوای گوندەکەی خۆمان.

یەکێک لە شەڕە دیارەکانی ئەوکاتەی هەولێر، کە ڕووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوونی سەفینی مەلا قەرە و مەلا عەزیز لەگەڵ پێشمەرگەدا بۆهەولێر، لەوێ فەوجێکی جاشەکانی سەید قەهار دەوریان دە گرن. بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی لای بەحرکە، چووین بۆناو هەولێر و سەفینی مەلا قەرەمان ڕزگار کرد.

لە دوای ئەوە حکومەتی عێراق هانی شێمەی هارونیدا هێرش بکاتە سەر گەزنە و لەوێش شەڕێکی زۆر قورس ڕوویدا، لە بەیانیەوە تا شەو درێژەی کێشا، بەڵام شوێنەکانی بۆ نەگیرا.

حکومەت پشتی شێمەی هارونی و فەوجەکەی دەگرت. بۆئەوەی شەڕی کورد بە کورد بکات، هەر کامێکمان بکوژرابنایە هەر کورد بووین، حکومەتی عێراقیش باکی بە گوژرانی کەسمان نەبوو. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی گەزنە بەسەرکەوتوویی، بریندارەکانمان هێنایەوە گەریاوا و لەوێ برینەکانیان پاک کرایەوە و چاودێری دەکران.

# ١٩٨٤

پاش شەڕی گەزنە بارەگامان بردە گوندی گەریاوە کە هەموویان خزم و ناسیاو بوون، لەوێش لەگەڵ فەوجەکەی جەمیل ئاغای کۆڕێ کە تازە دروستی کردبوو، سێ شەو و سێ ڕۆژ بەشەڕ هاتین، لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا خەڵکی گەریاوا زۆر پشتگیریان کردین و بەردەوام لەگەڵمان بوون، دواتریش لەسەر داواکاری ئەوان گوندی گەریاوامان بەجێ هێشت و بەرەو گوندی (ئاژگە) بەڕێکەوتین، لەوێش بارەگای کەرتمان دەمەزراند. یەکێتی جگە لە بنکە و بارەگا سەرەکیەکانی خۆی، بۆ هەموو تیپەکان بنکە و بارەگای تایبەت بە خۆیانی دانا، چونکە پیش ساڵی ١٩٨٤سەرجەم تیپەکان گەڕۆک بوون. بەسەر گوندەکاندا دابەش دەبوون و لەوێش دەبوایە بۆ پەیداکردنی خۆراک ڕووبکەنە ماڵەکان.

دوای ئەو ڕوداوانە گەڕاینەوە گوندی زیارەت لەوێ بنکەو بارەگامان دانا، پاش گەڕانەوەمان بۆ ناوچەی بەڕانەتی، بەشی زۆری گوندەکانی ئەو دەڤەرەمان چەک کرد و بەشێک لە ئاغاکانی گوندەکانیشمان بەدیل گرتن، بەڵام لە دواتردا لەسەر بڕیاری ڕەوانشاد مام جەلال، کاک شاخەوان عەباس ئاغاکانی ئازاد کرد و گەڕاینەوە بۆ زیارەت.

## کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵە

یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە مێژووییەکانی ساڵی ١٩٨٤ بەستنی کۆنفڕانسی سێهەمی کۆمەڵە بوو لە مێرگەپان. بەر لە بەستنی کۆنفڕانس بابەتێکی گرنگ لە ئارادا بوو، ئەویش ڕاوبۆچوونی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا بوو، بەگشتی ڕاکان دابەش دەبوون بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا. ئەوانیش بابەتی (کوردستانی عێراق و عێراق چێتی)بوو، هەندێک پێیان وابوو ئەوە عێراق چێتییە و لە دژی بیروباوەڕی کوردوستانیەتی کۆمەڵە بوون. ئەم بابەتەش قسەو باسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و دواجار لەو کۆنفڕانسەدا بە زەقی دەرکەوت، دواتر لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە بەشی زۆری ئەوانەی پشتیوانی بۆچوونەکانی مەلا بەختیاریان دەکرد دەرنەچوون. تەنانەت هۆکاری دەرچوونی مەلا بەختیاریش پشتیوانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا بوو، لەوەی کادیرەکانی ئاگادار کردبۆوە دەنگی پێ بدەن.

# هاتنه دەرەوەی کاک کۆسرەت بۆ ناو شۆڕش

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی لە میانەی بەستنی کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵەدا رووی دا و بووە خاڵی وەرچەرخان لەناو ریزەکانی یەکێتی، دەرکەوتنی کاک کۆسرەت بوو وەک لێپرسراوی رێکخراوی کۆمەڵە لە شاری هەولێر، پێشتر لە پێناو ئاشکرا نەبوونیان ئەندامانی شار بە دەمامکەوە بەشداری کۆنفرانس دەبوون، بەڵام لەم کۆنفرانسەدا کاک کۆسرەت و هاورێکانی مەبەستیان مانەوە بوو، هەربۆیە لە یەکەم رۆژی کۆنفرانسەوە دەمامکیان لادا و بە ئاشکرا بەشداریان لە کۆنفرانسەکە کرد، ئەو هاوڕێیانەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ بریتی بوون لە (بەکرە سور، عەبدوڵا تۆفیق ، بێستون، مامۆستا ڕێبوار و بەهرۆز قەشقە). هاوکات لە کۆتا رۆژی کۆنفرانس کاک کۆسرەت بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردرا، لە یەکەم گەشتیدا بە هاوڕێیەتی رەوانشاد مام جەلال هاتە گوندی بێستانە و بەحرکە، دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ و پاش کۆتایی هاتنی دانوستان، هێزەکانی یەکێتی سەرلەنوێ رێکخرانەوە، سەرەتا هەولێر کرایە دوو مەڵبەند، مەڵبەندی ٣ کاک حەسەن کوێستانی کرایە بەرپرسی و مەڵبەندی ٤ کاک کۆسرەت، بەڵام دواتر هەردوو مەڵبەند یەکخران ناوی لێنرا مەڵبەندی ٣، هاوکات کاک کۆسرەت بوو بە لێپرسراوی مەڵبەندەکە، مەڵبەندی ٣ سەرپەرشتیاری تێکڕای تیپەکانی سنوری هەولێری دەکرد، لە حاجی ئۆمەرانەوە تا شارەدێی باقرت لە خوارووی هەولێر سنوری چالاکی مەڵبەندی ٣ و تیپەکان بوو. هاتنە دەرەوەی کاک کۆسرەت لەسەر ئاستی گشتی و بەتایبەت بۆ هەولێر، دەسپێکی وەرچەرخانێکی گەورە بوو، گۆڕانکاری گەورە و بەرچاوی بەدواداهات، لەوانە:

- توانی سەرجەم تەشکیلاتەکان بە تیپ و رێکخستنەکانەوە بگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکی هەولێر، لە کاتێکدا پێشتر بەو شێوەیە نەبوو.
- ئازایی و لێهاتوویی کاک کۆسرەت ورە و گڕوتینی زۆری بە رێکخستن و هێزەکان بەخشی.
- جۆری چالاکییەکان لە بەرگری کردنەوە گۆڕا بۆ هێرش بردن.
- فراوانکردنی بازنەی چالاکیەکان کە هەندێک جار لە سنورەکانی ناوچەی بەرپرسیارێتی دەردەچوو.

- بەهۆی پەیداکردنی ئەو داهاتەی لە ناوچەکە بەدەست دەهات، توانرا کۆی هێزەکان بارەگای خۆیان هەبێت و بارگرانی لەسەر جوتیار و گوندنشینان کەم بێتەوە.
- برەودان بە چالاکی و دروستکردنی چەندین مەفرەزەی ناوشار لە پێشمەرگەی ئازا و قارەمان.
- پێگەیاندنی چەندین کادری سیاسی و عەسکەری و راسپاردنیان لەوەی بە ئەرکی خۆیانەوە هەستن.

## دانوستان و شەهید کردنی پێشمەرگە لەلایەن جاشەکانەوە

هێشتا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی عێراق لە گفتوگۆدا بوون، گەرچی هەندێک لە هاوڕێیان و بەتایبەت گەنجان زیاتر حەزیان بەسەرکێشی و تورەکردنی حکومەت بوو. یەکێک لە هاوڕێیان دروشمە هەرە سەرەکیەکەی بەعسی گۆڕی بوو، لە (امه عربیه واحده، ذات رساله خالیده)وە کردبووی بە (امه عربییه راقیصه، ذات رساله ناقیصه)، بەگەورەیی لەسەر تەختە ڕەشەکەی خوێندنگەیەک نوسی بووی.

لەو سەردەمەدا پێشمەرگەکان کۆمەڵێک کاری نەشیاویان دەکرد، هەرچەندە کارەکان ئەوەندەش گەورە نەبوون، بەڵام کاتێک ئەو هەواڵە گەیشتەوە بە رەوانشاد مام جەلال، خێرا بروسکەیەکی کرد بۆ هەموو تیپەکان و داوای لێکردن (سەرجەم ئەو کارە قێزەونانە بووەستێنن، تا گفتوگۆکان دەرئەنجامێکی باشیان هەبێت).

بەڵام حکومەتی بەعس لەو سەردەمەشدا جاشەکانی لە پێشمەرگە هان دەدا، ئەو هاندانەش شەهید بوونی چەندین ڕۆڵەی قارەمانی میلەتەکەی لێکەوتەوە. وەک شەهید کردنی هەریەک لە (سەید کەریم هاودیانی، سەباح هاودیانی و نەهرۆ عەبدوڵڵا).

شەهید کردنی سەید کەریم هاودیانی لە تاسلوجە هەمووانی نیگەران کرد، وەک دەیانگێڕایەوە بەم جۆرە بووە: دوای ئەوەی (سەید کەریم هاودیانی) لەسەرکردایەتییەوە کە ئەوکات لە سورداش بوو، دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بەرلەوەی بگاتە سلێمانی لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/٩/١٥) لەتاسلوجە دەکەوێتە کەمینی حەمەی حەسۆوە و هەرلەوێدا شەهیدی دەکەن.

ئەم ڕوداوە کارەساتبارەش هەمووان و بەتایبەت رەوانشاد مام جەلال نیگەران دەکات، چوونکە (سەید کەریم هاودیانی) یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی رەوانشاد مام جەلال و لە پیاوە ئازاو گەورەکانی یەکێتی نیشتیمانی. لەبەر چاونەترسی و ئازایەتییەکەی دۆست و دوژمن بەهەند وەری دەگرن، لەهەر شوێن و هەر دەورییەیەکدا بوایە، کەس نەیدەوێرا خۆی لە هێزەکەی بدات.

دوای شەهید کردنی سەید کەریم هاودیانی لە ڕێکەوتی(١٩٨٥/١/٢٤) مامە ڕیشەش بە پلانی حکومەت و ئیستخباراتی عێراق، لەڕێگەی تەحسین شاوەیسەوە بە خۆنزیککردنەوە و زیافەت کردنەوە مامەڕیشە لەخشتە دەبەن و شەهیدی دەکەن.

شەهید کردنی ئەو دوو قارەمانە هەمووانی تاساند و چاوی پڕ فرمێسک کردین، ڕەگی تۆڵە و لەناو بردن و تەفروتونا کردنی بکوژانمان لە دڵدا چەقی بوو.

بەڵام رەوانشاد مام جەلال لە پێناو بەدیهێنانی خەونی گەورەی میللەتدا ئارامی گرت و ئێمەشی ئارام کردەوە، پێی وابوو مادام گفتوگۆ و دانوستانەکان لە پێناو بەرژەوەندی میللەتدایە، دەبێت بگاتە ئامانج.

لە کۆتا کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی بەعس، حکومەتی عێراق بە بەشێکی زۆر لە داوکارییەکانی یەکێتی قایل بوو، لەبەرامبەردا پێشنیارێکی هەبوو، سەدام حوسێن بە رەوانشاد مام جەلالی گووتبوو: «با شەڕ نەکەین، شەڕ باش نیە، زۆرمان بڕیوە و کەممان ماوە، ئەوەش چارەسەر دەکەین. ئەگەر دەتانەوێ لە خاسەوە کەرکوک دەکەینە دوو پارچە، لایەک ئێوە ئیدارەی بدەن و لایەک ئێمە»

رەوانشاد نەوشیروان مستەفا و فەرەیدوون عەبدول قادر بە رەوانشاد مام جەلالیان گووتبوو: «با ڕێککەوتنەکە واژۆ بکەین»

بەڵام رەوانشاد مام جەلال گووتبووی: «پەنجەشم ببڕن بەبێ کەرکوک واژۆی ناکەم»

تورکیا ئەو ڕێککەوتنەی پێ خۆش نەبوو، چونکە ڕێککەوتنی حکومەتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بە مەترسییەکی گەورە دەزانی بۆ خۆی، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا پارتی کرێکارانی کوردستان، بەهێزترین و سەرسەخت ترین ئۆپۆزسیۆنی کورد بوون لە تورکیا، هەندێکیان چووبوونە قەندیل و بەشێکیشیان لە سنوری وڵاتی تورکیادا مابوونەوە، دان نان بە کورد لە عێراق کێشەی تورکیای

گەورەتر دەکرد، لەبەر ئەوە دەستپێشخەری کرد بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ عێراقدا و بەپێی ڕێککەوتنەکە، هەردوولا دەتوانن بە پلانی سەربازی و بۆ لەناو بردنی ئۆپۆزسیۆنی هەردوولا، بەقوڵایی بیست کیلۆمەتر بچنە ناو خاکی یەکترییەوە .

دوای ئەوەی دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق هیچ دەرئەنجامێکی باش و یەکلاکەرەوەی نەبوو، هیچ ڕێککەوتنێک نەکرا و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕێگای مەکتەبی سیاسییەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد، تێیدا ئاماژەی بە کۆتایی هێنانی گفتوگۆو پچڕانی پەیوەندی دابوو، لەو پەیامەی مەکتەبی سیاسیدا، خەڵکی دڵنیا کردەوە و پێی گووتن: «ئێمە گفتوگۆمان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەو میلەتە کردووە و قازانجی تایبەتی هیچ کەسێکی تێدا نەبووە و ڕادەست نەبووین و نابینە نۆکەری بەعسیش، ئەمەش بە کردەیی دەسەلمێنین».

دوای ئەو بەیاننامەیە، حکومەتی عێراق وەفدێکی تری نارد و گووتی: «ئەگەر گفتوگۆش نەکرێت با ڕێکەوتن لە سەر(هودنە)بکەین».

حکومەتی عێراق لەشەڕێکی سەخت و خوێناویدا بوو لەگەڵ ئێران، هەموو ئەو شوێنانەی پێشتر لە ناوخۆی عێراقدا ڕەبایەی لێدانا بوو دژی پێشمەرگە، چۆڵی کردبوون و سەربازەکانی گواستبۆوە بۆ سنووری شەڕگەکان، لە بەسراوە تادەگاتە سنوری ناوچەی هەورامان، دواتر تەشەنەی کرد بۆ ناوچەکانی پێنجوێن و حاجی هۆمەران.

هەرچی دەکرد و دەکۆشا، دەیویست لە ڕێگەی گفتووگۆوە یەکێتی قایل بکات بە ئاگربەستی نێوانیان. چونکە نەیدەتوانی لە هەمان کاتدا شەڕی پێشمەرگە و ئێران بکات. لەو دەمەدا پێشمەرگە کۆنترۆڵی هەموو ئەو ناوچانەی کردبوو کە پێشتر لەژێر دەستی حکومەتی عێراقیدا بوون لە دەرەوەی شارەکان.

دوای ڕێکنەکەوتن و نەسازان حکومەتی بەعس داوای هودنە و ئاگربەستی لە یەکێتی دەکرد، داوای دەکرد هیچ نەبێ تا کۆتا هاتنی جەنگی ئێران-عێراق ئاگربەستەکە بەردەوام بێت، لە بەرامبەردا ئامادە بوو چەند شارەدێ و شارۆچکەیەک تەسلیم بە یەکێتی بکات بۆ کردنەوەی بارەگا و حەوانەوەی هێزەکانیان، ئامانجی حکومەت لەم پێشنیارە سود وەرگرتنی بوو لەو هێزانەی لە کوردستان دژ بە یەکێتی بەکاری دێنان، دەیەویست لە جیاتی شەڕی یەکێتی ئەو هێزانە بباتە سنور و روو بەڕووی ئێرانیان بکاتەوە، هێزەکانی حکومەت لەو سەردەمەدا خۆی لە دوو فەیلەقی گەورەی یەکی

سلێمانی و پێنجی هەولێردا دەبینیەوە، ئەمە جگە لەو چەکدارە کوردانەی لە ژێر ناوی (افواج خفیفة) و مەفرەزە تایبەتەکان ڕێکی خستبوون، بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئەم پێشنیارە و خستنە بەرباسی لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی و لێکۆڵینەوە بۆ ئەنجامگیری بڕیار لێدان، یەکێتی داوای چەند ڕۆژێک مۆڵەتی لە وەفدەکەی حکومەت کرد.

لەو سەروبەندەدا مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان کە خەڵکی هەولێر و کادرێکی بەرچاو و دیاری یەکێتی شۆڕاگێڕان بوو، لەسەر ئەوەی لەو کۆنفرانسەی لە ساڵی ١٩٨٤ لە دۆڵی بالیسان بەستبوویان و پلەی پێویستی پێ نەدرا بوو، پەیوەندی دەکات بە ئیستخباراتی عێراق و ڕاپۆرتێکی ئێجگار خراپی لەسەر دۆخی ناوخۆی یەکێتی بۆ نوسیبوون، لە ڕاپۆرتەکەیدا هاتبوو: «دۆخی ئێستای یەکێتی لەوپەڕی خراپی دایە، خەریکە جیابوونەوەیەکی دیکە لە ناویاندا ڕوو دەدات و یەکێتی بەو بەهێزییە نامێنێتەوە کە ئێوە لێی دەڕوانن، جگە لەوەش من پەیوەندیم بە کۆمەڵێک لە سەرتیپەکانی یەکێتیەوە کردووە کە ڕۆڵێکی باڵایان هەیە و سەرجەمیان بڕیاری دەرچوونیان لە یەکێتی و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی حکومەت داوە، لەو کەسانەش ئەمانەن: سوارا ئاغا فەرماندەی هەرێمی ١٤، عەلی نەبی فەرماندەی تیپ، حەمەی کاک هەمزە فەرماندەی تیپ و فەقێ حەسەن فەرماندەی تیپ».

دوای وەرگرتنی ئەو زانیاریانە حکومەتی عێراق لە بەڵێنەکەی بۆ ئاگربەست و هودنە پاشگەز بۆوە، بۆیە دواجار یەکێتی کۆتایی هێنان بە دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕاگەیاند و دەستی بە شەڕ کردەوە، لە یەکەم چالاکیدا ڕەبایەکانی دابان هەلاج و قەرەتیکان و دۆڵی شەدەڵەی کۆنترۆڵ کرد. بەڵام ئەو زانیارییانەی مامۆستا موحسین بۆ ئیستیخباراتی ناردبوون، ڕاست دەرچوون. دروستبوون و جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش زیانێکی گەورەی گەیاندە یەکێتی، هاوکات تەسلیم بوونەوەی ئەو سەرتیپانەی ناویان لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو، دیسان بە زیانی یەکێتی شکایەوە، چونکە هەر یەکەیان بەرپرسی سنورێکی گەورەی جوگرافی بوو، هاوکات پیاوی ئێجگار ئازا و لێهاتوو بوون، لێ زۆری نەخایاند دوای تەسلیم بوونەوەیان هەریەکەیان ژێر بەژێر پەیوەندییان کردەوە و هاوکارییەکی زۆری یەکێتیان کرد، بە تایبەت لە سەردەمی ئەنفالەکان و دوای گرتنی سەرکردایەتی یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٨، لە دەربازکردنی پێشمەرگە و خێزانەکانیان بۆ دیوی ئێران ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو.

# داستانی دابان_ هەللاج

پاش کۆتاییهاتنی گفتوگۆ، یەکێتی پلانێکی تۆکمەی دانا بۆ پاککردنەوەی زنجیرە چیای هەللاج و دابان و قەرەتیکان و دۆڵی شەدەڵە. بە بەشداری تیپەکانی (مەڵبەندی یەک و دوو و سێ)، لە شەوی (١٩٨٥/٢/١٥) هێرشەکان دەستیان پێکرد و لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا، ئەو شوێنانە هەمووی گیران و گورزێکی گەورە لە دوژمن درا، هاوکات وەڵام دانەوەی ئەوانەش بوو کە دەیانگووت: «یەکێتی تەسلیم بۆتەوە و جارێکی تر شەڕی پێ ناکرێتەوە»

بەشی زۆری داستانەکانی پێش داستانی دابان_ هەللاج، شەڕی پارتیزانی یان بەرەیی بوون، لە چوارچێوەی بەرەنگاریی و خۆڕاگریدا بووە بەرامبەر هێرش و پەلاماری سوپا و جاش و دەربازبوون بووە لە بۆسە، بەڵام داستانی دابان – هەلاج لەڕووی پلانەوە، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە و مەکتەبی عەسکەری بڕیاری هەڵبژاردنی کات و شوێنی هەڵمەتەکانی پێشمەرگەی داڕشتبوو، لە رووی شوێنیشەوە نزیک بوو لە بارەگا سەرەکییە تۆکمەکانی سوپاوە، لەڕووی کاتیشەوە هەم کاتی هێرشەکە زۆر کورت خایەن بوو، هەم وەڵام بوو بۆ پڕوپاگەندەی ناحەزان و نەیارانی یەکێتی لەو سەردەمەدا، هاوکات لەسەر ئاستی دەرەوە ئەم داستانە زیاتر هێز و توانای یەکێتی ناساند، میدیا و حزب و ڕێکخراوە سیاسییە جیهانییەکان پێشتر وەک پێویست زانیاریی ئەوتۆیان لەسەر یەکێتی نەبوو، یان هەندێک جار لە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی ناحەزانی یەکێتیدا پێیان وابوو کە یەکێتی پەیوەندیی لەگەڵ رژێمی بەعسدا هەیە، لەدوای داستانی دابان - هەلاج و داستانەکانی دواترەوە کە دەبوونە هەواڵ لە میدیا جیهانییەکاندا، زیاتر ئاشنابوون بە توانا و رۆڵی یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسیی عیراق و کوردستاندا، بەڵام ئەوەش بۆخۆی لایەنی سەلبی هەبوو کە بۆ یەکێتی بووە مایەی سەرئێشە، چونکە بەهۆی جەنگی عیراق – ئێرانەوە، زۆربەی وڵاتانی زلهێز و خاوەن گاریگەری لەسەر سیاسەتی جیهان لەڕووی بەرژەوەندیی ئابووریی و سیاسییەوە، پشتیوانیی رژێمی عیراقیان دەکرد، بۆیە رژێمیش ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ناساندنی یەکێتی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا بە لایەنگری ئێران، بۆیە نەک هەر پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ حزب و رێکخراوە بیانییە چەپ و سۆشیالیستەکاندا کاریگەریی لەسەر حکومەتی ئەو وڵاتانە نەبوو،

بەڵکو بەشێک لەو حزبانە و میدیا جیهانییەکانیش چاوپۆشییان لە تاوانەکانی رژێم دەکرد، کە دواجار ئەو چاوپۆشییە کارەساتەکانی وەک کیمیابارانی هەڵەبجە و بالیسان و شێخ وەسانان و سێوسێنان و گۆپتەپە و عەسکەر و زنجیرە شاڵاوەکانی ئەنفالی بەشوێن خۆیدا هێنا.

لەسەر ئاستی ناوخۆش تەوژمێکی گەورەی بوژانەوەی بە هێزی پێشمەرگە و رێکخستنە نهێنییەکان دا و گیانی فیداکاریی و مقاوەمەتی بەهێزتر کرد، بەجۆرێک لە جۆرەکان هێزە سەربازییەکانی رژێم لە هێرش و هەڵمەتی پێشمەرگە دەسڵەمینەوە، بەڵام بەراورد بە پێشتر هێزە ئەمنییە داپڵۆسێنەرەکانی رژێم لەناو شاردا دڕندانەتر بەربوونە گیانی خەڵکی بێ دیفاع و گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە و لایەنگرانی یەکێتی کە بەهۆی ماوەی مفاوەزاتەوە زۆرێک لە هەوادارانی یەکێتی و رایەڵەکانی رێکخستن ئاشکرا ببوون، بۆیە لە بەرامبەر هەر چالاکییەکی پێشمەرگەدا، چەند کەسێکیان لە شوێنی رووداوەکە دەستگیر دەکرد و بەشێوەیەکی دڕندانە گولەبارانیان دەکردن.

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان رۆڵێکی ئێجگار کارا و گرنگی هەبوو لە سەرجەم کایەکانی خەباتی سیاسی و چەکداریدا، لە یەکەم پەیامیدا لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەوتنی داستانەکەدا توانی ببێتە پارسەنگی هەموو ئەو میدیا زیکن و زەردانەی لە ماوەی ساڵێکی مفاوەزاتدا نوقڵانەی کۆتاییهاتنی هێز و توانای یەکێتییان لێدەدا.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە دەقی ئەو پەیامەی ئێزگەکە وەک خۆی بنوسرێتەوە بۆ مێژوو کە بە دەنگە پڕ جۆش و خرۆشەکەی کاک فەرهاد سەنگاوی خوێندرایەوە:

ئەمجارە بەفریش گڕی گرت...

میللەتە خۆشەویستەکەمان.. تاجی سەری پێشمەرگە... گوێ رادێرن بۆ ئەم هەواڵە.. بۆ ئەم مژدەی سەرکەوتنە.. خۆزگە ئێوەش تەماشاکی مەیدانی شەڕ دەبوون و دەتانبینی کە چۆن هاتن، کەرت کەرت، تیپ تیپ، هەزاران سوارەی مەریوان، بازی بەرزەفڕی گەرمیان، ئاسکی تیژڕەوی شێروانە، هەڵۆی هەڵمەتی شارباژێڕ، شێری قەرداغ و ئاسۆس، پڵنگی تووڕەی پێنجوێن، بەوری چاوتیژی سەگرمە، یەکانەکانی خاڵخاڵان، پەڵخی شەڕەنێزی سورداش، هێزی گورجوگۆڵی کەرکوک.. پێش ئەوەی سواری ئەسپی سەرکێشی بڕوابن بەرەو هەواری هەڵمەت.. کراسی رەشی دایکی شەهیدانیان ماچ

کرد، چاویان گێڕا بە دێهات و کانی و داروبەردی راگوێزراو و کاولکراوی کوردستاندا و هەریەک مشتێک خۆڵی هەڵگرت، سوێندی پێ خوارد، نەسرەوتن تا سەرکەوتن. تۆڵەی شەهیدان سەید کەریم و هاوڕێکانی، مامەڕیشە و هاوڕێکانی، هەموو ئەو شەهیدانەی لەماوەی گفتوگۆدا شەهیدکران......

دوای ئەوەی دەقی هەواڵی چالاکییەکە بە سەرجەم کوردستاندا بڵاوبۆوە، ئیتر لە زۆربەی ناوچەکان شێوازی شەڕ لە شەڕی بەرگریی و بۆسە دانانەوە، گۆڕرا بۆ شەڕی ئازادکردنی ناوچە و شەڕی بەرەیی درێژخایەن و هەر لەو ساڵەدا چەند ناوچەیەک بە سەنتەری ناحیەوە رزگارکران وەک قەرەداغ، سەنگاو، دێگەڵە، رواندز و چەند گوندێکی دەورەبەریان و ئاستی چالاکیی پێشمەرگە لە گرتنی رەبییەوە گۆڕرا بۆ گرتنی بارەگای سریە و بارەگای فەوج.

لەو داستانە بێ وێنەیەدا ١٧ رەبیە و سێ بارەگای سریە گیران و زنجیرە چیای دابان هەلاج چەرماوەند و هەردوو گوندی شەدەڵە و هۆمەرقەوم ئازادکران و بە شەڕەکەی سەرجادەی دوکان – سلێمانییەوە نزیکەی ٥٦٠ کەس لە هێزەکانی رژێم کوژران و نزیکەی ١٥٠ کەسیشیان لێ بەدیلگیرا و بە سەدان پارچە چەکی قورس و سوک و جیهازی بێسیمی راکاڵ و پێداویستیی سەربازی و نەخۆشخانەی گەڕۆکی مەیدانی و بەداله دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بوو، جگە لەوەی دەیان تانک و زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازیش تێکشکێنران و دوو کۆپتەریش خرایە خوارەوە.
دیارە باجی ئەو سەرکەوتنەش خوێنی گەشی ١٧ فەرماندە و پێشمەرگە بوو، ئەوانیش بریتیبوون لە شەهیدان: شێخ فاروق فەرماندەی کەرتی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ، مام والی باریکەیی فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، شوان حەکیم حەمەڕەش، شامیل حەمە عەلی (رێبوار)، کاوە تەیفور ئیبراهیم، سەلیم سەلام (رەوەند)، شەفیق کاکل (هێمن)، فەخرەدین عەلی رەزا (هەردی) لە تیپی ٢١ی کەرکوک، سەید ئیبراهیم لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، عوسمان عەلی محەمەد لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، ئیسماعیل عەبد محەمەد لە تیپی ٥٣ی شێروانە، عوسمان مەحمود محەمەد (شەهاب) لە تیپی ٣٣ی سلێمانی، محەمەد عەزیز، عەبدولخالق عەزیز (ئاسۆ) لە تیپی ٣١ی پێنجوێن، ئەحمەد عوسمان، هەمزە خدر، ئومێد ئەحمەد، عەزیز شەوگەڕی و هادی عەبدول لە تیپی ٩٣ی کۆیە.

# جیاکاری کردن لە نێوان چەکدارەکان

چەکدارەکانی حکومەتی عێراقی لای ئێمە جیاواز بوون و دابەشمان کردبوون بەسەر دوو بەرەدا، ئەوانیش (چەکدارەکانی حکومەت و جاشەکان بوون). ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەخۆیان بەئێمەوە هەبوو هاوکاریان دەکردین و زەرەر و زیانیان نەبوو، پێمان دەگووتن (چەکدارەکانی حکومەت)، بەڵام ئەوانەی دەمانزانی کار بۆ حکومەت دەکەن و کەسانی بەد ڕەفتارن، پێمان دەگووتن (جاش).

عومەر حەسەن کە سەرەتا تەنیا فەرمانبەرێکی ئاسایی بوو لە فەرمانگەی کشتوکاڵی مەسیف، بەڵام پیاوێکی بەعسی بوو و کاری بۆهەواڵگری (ئیسخبارات) دەکرد. بەو هۆیەوە حکومەتی بەعس زۆر گرنگیان پێ دەدا و مەفرەزەیەکی تایبەتیان بۆ کردەوە، هەموو ئەو چالاکیانەی لە سنورەکەیدا دەیکرد، دژی پێشمەرگە بوو. عەزیەتی گوندنشینەکانی دەدا و هەوڵی گرتنی ئەو کەسانەی دەدا لە ڕێکخستندا کاریان دەکرد. لە پای ئەو خراپەکاریانەی کە دەیکرد، پلەکەیان بەرز کردەوە و فەوجێکی سێ سەد کەسیان بۆ دروست کرد و کردیانە فەرماندەی فەوج، کاتێک بارەگاکەی هێنایە کۆڕێ، هیچ کەس ئامادە نەبوو کاری بۆ بکات، بۆیە کەسی بۆ کۆ نەدەبۆوە، من ئەوەم بەدەرفەت زانی و لەگەڵ برادەراندا گفتوگۆم لەبارەی ئەو بابەتەوە کرد و پێم گووتن: «با هەندێک لە برادەرانی ڕێکخستن بچنە فەوجەکەیەوە و دابەش ببن بەسەر ڕەبایەکاندا، تا ئەوان ببنە هۆکارێک بۆ کارئاسانیمان لە هاتووچۆ و چالاکییەکانماندا.

گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی برادەرانمان چوار لەو ڕەبایانەی بە قۆنتەرات لێ وەربگرن، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە سماقوڵی سواری سەیارە بین تا ناو کۆڕێ کەس کاری پێمانەوە نەبێت. ئەو برادەرانەش بریتی بوون لە (سلێمان وسو، مەلا ڕەسول، مستەفا پیرمام، فەرهاد محێدینی کۆڕێ، وەستا شاکر، ئیسماعیل قادر قەسەلی، بورهان جبرەئیل، معروف ئەحمەد، یاسین ئەحمەد و جەبار ئەحمەد) ئەوانەمان نادرە لای عومەر حەسەن و پێمان دەگووتن: «(چەکداری حکومەت)». دەبوو هەر ڕەبایەیەک هەشت چەکداری لێ بێت، بەڵام ئەوان پارەی هەشت چەکدارەکەیان وەردەگرت و تەنیا سێ چەکدار لە ڕەبایەکەدا دەوامی دەکرد. ئەو بڕە پارەیەی بە هەر چەکدارێک دەدرا (٨٥دیناری عێراقی) بوو، بەڵام ئەوان بەسێ کەس پارەی

هەشت چەکدارەکەیان وەردەگرت و لەنێوان خۆیاندا دابەشیان دەکرد. حکومەتیش تەواو بێ خەیاڵ بوو لەو سنورانەی ئەو ڕەبایانەی لێ بوو. وەک پێشتر پلانمان بۆ دانا بوو، هەرچوار ڕەبایەکەی کۆڕێ کەوتنە دەستی ئەو هاوڕێ ڕێکخستنانەی کە من ڕامسپاردبوون، هەرکات بمان ویستایە لە سماقوڵیەوە بە سەیارە دەهاتین تا سولاوگە کە بارەگای سەرەکی من لەوێ بوو. زۆر جار کەرتەکانی بەرانەتیش کە شەش حەوت سەیارە بوون لەگەڵ خۆم دەمهێنان، لە قەلاسنجێوە دەهاتینە دۆڵی تەوسکێ و دەچوینە حوجران و لەوێش دەهاتینە کۆڕێ. هەرپێداویستتیەکمان هەبوایە لە پێشتردا پێمان ڕادەگەیاندن. کاتێک دەچووین هەموو ئەو شتانەیان ئامادە دەکرد کە پێمان گووتبون، بارمان دەکردن و دەمان بردە ناوچە ئازاد کراوەکان.

جگە لەوەی ڕاستەوخۆ هاوکاریان دەکردین، هاوکات نموونەی زۆربەی مۆڵەتی فەوجەکانیان پێ دابووم، بەو مۆڵەتانە پێشمەرگەم پێ دەناردەوە شار، تەنیا گرفتی ئەو مۆڵەتانە ئەوە بوو، ئەگەر ئەو پێشمەرگانە بە هەر هۆکارێک بکوژرانایە، بەپێی ئەو مۆڵەتنامانە وا دەردەکەوت کە جاش بن. بۆیە زیاتر بۆ ئەو پێشمەرگانەم بەکاردەهێنا کە بەتەمەن بوون، یان ناویان نەهاتبۆوە بۆ سەربازی، ئەگەر پێویستییەکمان هەبوایە ئەوانم ڕادەسپارد لە ناو شار بیهێنن.

ڕۆژێک لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا لەوبەری مەسیفەوە دەهاتینەوە لای جادەی شەقلاوە، بە مەسیف دەپەڕینەوە بۆ حوجران، زۆر ماندوو برسی بووین، بۆیە لەوێ نانمان خوارد، چووینە ڕەبایەی برادەران تا لەوێ پشو بدەین، گووتیان: «مەڕۆن بەیانی گۆشت کەنغەرمان بۆ دێت» ئێمەش قایل بووین و ئەو شەوە لەوێ ماینەوە. بەیانیەکەی زوو هەڵیانساندین گووتیان :»هەستن حکومەت هات«. بینیمان عومەر حەسەن کە (فەرماندەی فەوج) بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک چەکدار لە خوار ڕەبایەکەوە بوون، دیار بوو هاتبوون بۆ سەرژمێری. منیش بە هاوڕێکانم گووت: «هەموو هەستن سەری خۆتان دەربێنن ئەوان بۆ سەرژمێری هاتوون. دەیانەوێ بزانن ڕەبایەی چەند کەسی تێدایە، حەوت کەس بۆ هەشت کەس بووین و سەری خۆمان دەرهێنا، فەرماندەی فەوج سلاوی لێ کردین و ئیتر ڕاست ڕۆیشت.

جارێکی تر من و( کاک بورهانی سەعد سۆفی، بەشدار کەپۆ و ئەکرەم ئۆخسری) سێ شەو و سێ ڕۆژ لە ڕەبایەکەی سەردەربەندی کۆڕێ ماینەوە.

ئەو چەکدارانەی کۆڕێ هەرکی بوون، هەموو پەیوەندیان بە منەوە هەبوو، لە ڕووی ڕێکخستنەوە مانگانە لەموچەکەی خۆیان ئابوونەیان دەدا. بەگشتی هەرکیەکانی کۆڕێ زۆر باش بوون لەگەڵ ئێمە، کاتی وا هەبوو دوو شەو بۆ سێ شەو لەماڵیان دەماینەوە، لە گوندی کۆڕێ جگە لەوانەی لە ڕێکخستنەکانی خۆمان بوون، پیاوێکی مەردی لێ بوو بە ناوی مام جەبار، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پشتگیری کردن و هاوکاری کردنی ئێمەدا، بۆ هەموو شتێک ڕێنمایی باشی دەکردین، پیاوێکی زۆر تێکۆشەر بوو، کاتی خۆی پێشمەرگە بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا.

## مانگی سێ

لە مانگی سێی هەمان ساڵدا، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ کە بەرپرسی مەڵبەندی سێ بوو، سەرجەم هێزەکانی سنورەکەی کۆ کردەوە، بۆ دەستگرتن بەسەر ڕەبایەکانی نێوان کۆیە و دێگەڵەدا، دوای ئەوەی دابەشی کردین بەسەر ڕەبایەکاندا، لەدوای کاتژمێر دوانزەی شەوەوە هێرشمان کردە سەرڕەبایەکان و چوار ڕەبایەمان گرت. ئەوتیپانەی لەگەڵ ئێمە بەشداریان لەو چالاکییەدا کرد بریتی بوون لە (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٥ی بەڕانەتی).

لەو چالاکیەدا ئێمە لەسەر جادەکەی نێوان دێگەڵە و گۆمەتار بۆسەمان دانابوو، عەلی مەسیفی سەر پەرشتی دەکردین، بەشی زۆری ڕەبایەکان گیران، تەنیا دوو شەهیدمان دا، ئەوانیش (نەجات دوبسی و یەکێک لەکوڕەکانی مەلا محەمەد نیرەنگینی بوو بەناوی سلێمان) یەکێک بوون لەخانەوادە کوردپەروەرەکان و بەدرێژایی شۆڕش شەهیدێکی زۆریان داوە، جگە لە سلێمان، دوو کوڕی تریشی لەسێدارە دران.

لەهەمان مانگدا و چەند ڕۆژێک بەر لە نەورۆز، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ جگە لە من، ناردی بەشوێن (عەلی مەسیفی، سامان، سەنگەر، مامۆستا ئەمیر و دکتۆر هیوا) دا. و پێی گووتین هێزتان لەگەڵ دەنێرم و بچن بۆ لۆفەکانی (مەسیف-کۆڕێ ) و لۆفەکانی (مەسیف_ هەولێر) و(ناو مەسیف) و(سەری ڕەش)، لەوێ بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزدا بکەن و تێکەڵ بە خەلکی ئەوێ ببن، تا بزانن سەنگ و قورسایی هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەدا بوونی هەیە.

هێندەی لەبیرم مابێ ئەوانەی لەو چالاکییەدا بەشداریان کرد لەگەڵمان بریتی بوون لە (شاخەوان عەباس و مەفرەزەکەی، مەجید میرخان، فاقە و لاوە) و منیش ڕێنیشاندەریان بووم، بەرپرسیارێتی سەری ڕەش بە ئێمە سپێردرابوو. سامانی پورزاشم بەرپرسیارێتی (منەزمەی بەعس) مەسیفی لە ئەستۆ بوو، عەلی مەسیفی و مام غەفور، بەرپرسیارێتی یانە شەوانەکەی مەسیفیان لە ئەستۆ بوو.سەنگەر بەرپرسیارێتی لۆفەکانی دیوی کۆڕێی لە ئەستۆ بوو.کاکە ڕەش بەرپرسیارێتی لۆفەکانی دیوی هەولێری لەئەستۆ بوو. بڕیار بوو ئەوان بازگە دابنێن و گفتووگۆ لەگەڵ خەڵکدا بکەن. مامۆستا ئەمیر و دکتۆر هیوا و کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا چوونە ناو خەڵکەکەوە.

لەکۆتایی ئاهەنگەکەدا، شاخەوان عەباس بەمنی گووت: «خۆت و چەند پێشمەرگەیەک ئاربیجییەک بنێن بە ڕەبایەکەی سەری ڕەش»

بۆ ئەو مەبەستە ( من و فاقەو لاوە) و دوو پێشمەرگەی تر ڕۆیشتین بۆ نزیک ئەو ڕەبایەی کە کەوتبووە نێوان دوو ڕیزە خانووەوە، ڕیزێک لە خانووەکان پێیان دەگووت خانووی دێلتایەکان، بانەکانیان سێگۆشە بوو، لە لایەن یۆگۆسلافییەکانەوە لەسەر شێوازی کوخ دروست کرابوون. ڕیزە خانووەکەی تریش ئیتالیەکان دروستیان کردبوون و پێیان دەگوت (ڕیکۆ) ئەم جۆرە خانووانە ئامادە کراو بوون.

بەکورتی دوو ئاربیجیمان نا بە ڕەبایەکەوە و هەندێک دەستڕێژیمان کرد و دواتر گەڕاینەوە.

## شەهید بوونی سامانی پورزام

شەهید بوونی سامانی پورزام یەکێکی تربوو لەو داستانە پڕ لەقارەمانێتیانەی کەرتەکەی ئێمە بۆ مێژوو تۆماری کرد، لە گەڵ سامان دایکمان خوشکن، ئەو ناوی ڕاستە قینەی (ئیبراهیم ساڵح مستەفا) بوو. بەرلەوەی ببێتە پێشمەرگە لە نێوان سەری ڕەش و مەسیف شوان بوو، بەو هۆیەوە شوێن نەبوو لەو ناوچەیە شارەزای نەبێت،

ڕاستە کوڕێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام تا بڵێی ئازاو بوێر و لێهاتوو بوو. ساڵێک بەر لە من ببووە پێشمەرگە لای تۆفیق بیرێژی، ئەو زۆر بە دڵگەرمییەوە بەشداری لە چالاکییەکانی پێشمەرگەدا دەکرد.

بۆ ڕاوێژکردن هاتە لای من و عەلی مەسیفی و گووتی: «من دەچمە مەسیف، چاودێری بازگەکەی نێوان مەسیف-هەولێر دەکەم» بۆ ئەو مەبەستە، چەند جارێک لە گەڵ خارە واحید چوون و تەواوی زانیارییەکانیان هێنایەوە، عەلی مەسیفیش بەپێی زانیارییەکان دەستی کرد بە دانانی پلان بۆ هێرش کردنە سەر ئەو بازگەیە. بەپێی ئەو پلانەی کە داینا، کۆمەڵێک پێشمەرگەی لەگەڵ خۆیدا برد، ئەوانیش (قەهار گەزنەیی، کاکە ڕەش، ستاری مام مەجید مەسیفی، جیهانگیرعەلی عومەر، کەمالی برام، سامان و سەنگەر و...)بوون. زۆر هەوڵمدا منیش لەو چالاکییەدا بەشداری بکەم ، بەڵام عەلی مەسیفی ڕێگەی نەدا و گووتی: ”دەبێت هەر یەکێکتان بێن، نابێت دوو برا بێن“ شەوی دە لەسەر یانزەی نیسانی١٩٨٥دوای ئەوەی ڕۆیشتن بۆ شوێنی مەبەست، دابەش ببوون و دەستیان گرتبوو بەسەر بازگەکەدا، دوای ئەوەی دڵنیابوون تەقەی تێدا نەماوە، کەمال و جیهانگیر دەچنە سەر سەربانی بازگەکە و بۆ دڵنیایی ڕوممانەیەک بەلولەی زۆپاکەدا دەخەنە ناو بازگەکەوە، بەڵام کاتێک سامان دەیەوێت پێش کەمال و جیهانگیر بچێتە ژوورەوە، لەبەر دەمی دەرگاکەدا یەکێک لە بریندارەکان دەیپێکێت و هەر لەوێدا شەهید دەبێت، دوای شەهید بوونی، کۆتایی بە چالاکییەکە دەهێنن و هەوڵی گواستنەوەی تەرمەکەی دەدەن.

تەرمەکەیان لە پیرمامەوە گواستبۆوە بۆ سەرجادەی (سەری ڕەش-مەسیف) و لەوێشەوە بردبوویان بۆ گوندی (ماولۆ)، ئەوخەڵکانەی لەو گوندە دەژین زۆر دۆستایەتیان لەگەڵ ئێمەدا هەبوو، زۆرینەیان خەڵکی گوندی گەریاوەن، لەوێ دەچنە ماڵی مام حاجی مستەفا و ئەویش وڵاخێکیان دەداتێ بە دوو گوونییە کاوە بۆ ئەوەی تەرمەکەی لەسەر بار بکەن، بەو جۆرە جێگایەک بۆ تەرمەکە چاک دەکەن و بەڕێی دەکەنەوە بۆ زیارەت، هەرچەندە ئەوان ویستیان تەرمەکە بەخاک بسپێرن، بەڵام من ڕێگەم نەدا و گووتم : ”نابێت ئەوشەهیدە بەخاک بسپێردرێت تا پلکم دێت“ بە یەکێک لە پێشمەرگەکاندا کە مێردمنداڵێک بوو بە ناوی (ئیسماعیل) هێشتا ناوی بۆ سەربازی ناهاتبۆوە، پێمان دەگووت :“بچوک“ ناونیشانی ماڵی

خۆمانم پێدا و ڕەوانـەم کرد بۆ مەسیف، تا بچێت بابەتەکە لەباوکم بگەیەنێت و ئەویش پورم بهێنێت، ڕۆژی دواتر بەرەبەیان پورم گەیشتە بارەگاکەمان لە زیارەت، دوای گەیشتنی ئەو و دوامالئاوایی لە تەرمی کوڕەکەی، شەهید سامانمان بەخاک سپارد، لەپاش ناشتنی تەرمەکەی شەهید سامان، لە ڕێگای کاک سەمەد گۆڕەشێرییەوە پەیامم بۆ حاجی محەمەدی ئامۆزام نارد کە لەکارگەی مەڕمەڕی هەولێر کاری دەکرد، بۆ ئەوەی دوو کێلی مەڕمەڕم بۆ بنێرێت. دوای ناردنی کێلەکان گۆڕەکەییم بۆ هەڵبەست، لە سەر گۆڕەکەی ئەم بەیتە شعرەم نوسی بوو "مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم، کە سور بووە لەخوێنا جەستەم، شەهیدی دەستی زۆردارم، بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم.»

دوای ڕاپەڕینیش داوام لەماڵی پوورم کرد تەرمەکەی بگەڕێنینەوە، بەڵام ئەوان گووتیان: "لێرە شەهید بووە و گۆڕی لەوێ بەنسیب بووە، تازە نایگەڕێنینەوە».

## یەکەمین هێرشی حکومەت بۆ زیارەتی بناری سەفین

لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/١٢/١٥) بۆ یەکەمجار حکومەت هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگە لە زیارەت. بەڵام بەر لە هێرشەکە، حکومەت بە پلانێکی تۆکمە و سیستمێکی نوێی باوەڕپێنەکراوی گرتە بەر، بەپێی پلانەکە، هەرچی کەسو کاری پێشمەرگە بوو هێنانی بۆ ئەو ناوچانەی پێشمەرگەی لێیە و لەوێ بەرەڵای کردن، بەنمونە: بەشی زۆری خانەوادەکانی سنوری بەڕانەتی و هەولێر بوو، لەدەربەندی گۆمەسپانی دانان. لەوێوە ژن و پیاو و منداڵ هەموویان بەپێ هاتنە زیارەت، بەڵام لەو خانەوادانەدا خێزانی ئێمەی تێدا نەبوو.

دوای ماوەیەک، ئێوارەکەی هەواڵیان بۆ هێنایین کە حکومەت شەوی ١٥\١٤هێرش دەکات.

مامۆستا ئەمیر ڕابەر سیاسی کەرتی یەک و دوو بوو، من ئەو کاتە ڕابەر سیاسی کەرتی سێ وچوار بووم، لە ڕووی یەکێتیەوە وامان دابەش کرد بوو جگە لە کاری ڕێکخستن .

کاک کۆسرەت ڕەسوڵ لەڕێگەی جیهازەوە پەیامی بۆ مەلا سلێمان نارد کە ئەوکات فەرماندەی کەرت بوو گوتی: «کەرتی سێ بچێتە گوندی کێشکە»، ئێمەش لەگەڵ کەرتی سێ بەڕێکەوتین بۆ کێشکە، نیو سەعاتێک لەوێ بووین و دواتر گوتیان: «بگەڕێنەوە زیارەت» لە زیارەت بڕیاری دابەشکاری کەرتەکان بەمجۆرە درا.

* کەرتی یەک و دوو لەناو زیارەت بمێننەوە و خوار زیارەت بگرن.

*کەرتی سێ بچنە پشتی سولاوکە و ناو دارۆکان بەرامبەر چیای سەفین، ئەو جێگایە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی زیارەتەوە.

*کەرتی چواری عەلی مەسیفی بچێتە ڕۆژئاوای زیارەت، لە بەینی گوندی خۆران و زیارەتدا.

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر لەکاتی گەڕانەوەدا من و نەهرۆ و دکتۆر هیوا، بەڕێکەوتین بۆ سولاوکە و ناو دارۆکان. کاتێک ویستم بەلای مامۆستا ئەمیردا تێپەڕم، بینیم ناساغ بوو، گووتم: «مامۆستا ئەمیر لەگەڵ ئێمە وەرە»

گووتی:» لۆ»

گووتم: « ئەتو نەخۆشی وەرە لەگەڵ کەرتەکەی مە بە، دکتۆر هیوا[٤١]ش لەگەل مەیە و کاک نەهرۆش لەوێندەرە، لەگەڵ وان دەبین»

گووتی: «عەیبە دوایی کەرتی یەک و دوو دەڵێن ڕابەر سیاسی ئێمە ڕۆیشت، نایەم» زۆرم داوا لێکرد قایل نەبوو، هەربۆیە لەگەڵ کەرتی یەک و کەرتی دوو لە زیارەت مایەوە. بەیانی زوو شەڕ دەستی پێکرد، عەلی مەسیفی لە ڕۆژئاوای زیارەت ڕوو بەڕووی جاشە هەرکییەکان بۆوە.

ئێمە ڕوو بەڕووی جاشەکانی عوسمان بەگی شەقڵاوە بووینەوە، لەکاتێکدا ئەوان بەسەر شاخەکاندا دەهاتنە خوارەوە، عوسمان بەگ سەرپەرشتی فەوجەکەی دەکرد. بەڵام فەوجەکەی عوسمان بەگ جاشەکانی خراپ نەبوون، مەگەر حکومەتی بەعس داوایەکی قورسی لێ بکردنایە بۆ شوێنێک، گەرنا لە خۆیانەوە نەدەچوون ڕاوە پێشمەرگە بکەن. یان خەڵک لە ناوشار بە گرتن بدەن. هەرچەندە باوکی لە شۆڕشی ئەیلولدا بەدەستی پێشمەرگە دەکوژرێت، بەڵام عوسمان بەگ هەوڵی تۆڵەکردنەوەی نەدەدا و ڕق لەدڵ

٤١. دکتۆر هیوا: دکتۆری تیپەکەمان بوو.

نەبوو وەک هەندێک عەشیرەتی تر، ڕاستە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بوون، بەڵام لەبەر ناو و کەسایەتی بنەماڵەکەیان کاری نابەجێیان دژی پێشمەرگە نەدەکرد.

ئەو شەڕە هەر لە بەیانی زووەوە دەستی پێکرد تا شەو، حکومەت تەنیا زیارەتی گرت، جاشە هەرکیەکان نەیان توانی لە ڕۆژئاواوە بێن وجاشەکانی عوسمان بەگیش نەیانتوانی بێنە خوارەوە.

کاتێک شەو داهات چووین بۆ سۆراغ کردن، لەسەرەتادا هەواڵمان پێگەیشت: پێشمەرگەیەک لەگەڵ سابیر ڕەسول بەمۆڵەت هاتووە ماڵومنداڵەکەی ببینێت و شەهید بووە، هاوکات مامۆستا ئەمیر و چەتۆ موهەندیس دەستگیر کراون. چەتۆ موهەندیس تازە وەک ڕابەر سیاسی هاتبووە شوێنی شێخ خالید، بەڵام دوای دوو سێ ڕۆژ، ئەو هەواڵە پشتڕاستکرایەوە بەوەی چەتۆی موهەندیس شەهید کراوە و مامۆستا ئەمیریش بە بریندار لە لایەن جاشەکانی ماڵی قەتۆی مامەند ئاغاوە دەستگیر کراوە، وەک دەیانگێڕایەوە، کاتێک چووبوونە سەر مامۆستا ئەمیر بە بریندار، پێی گوتون: «ڕادەستی بەعسم مەکەن»

ئەوانیش گتوویانە: «ڕادەستت دەکەین»

مامۆستا ئەمیریش تفێکی تێکردوون و جنێوی پێداون، دوای ئەوەی مامۆستا ئەمیر بە بریندار دەبەنە نەخۆشخانەی سەربازی لە هەولێر و دکتۆر سەرکەوت کە لەوێ دەوامی دەکرد، پەیاممان بۆ نارد و پێمان ڕاگەیاند هەرچیت پێ دەکرێت بیکە و چی بە ئێمە دەکرێت پێمان بڵێ تا مامۆستا ئەمیر ڕزگار بکەین. زۆر هەوڵی دابوو، بەڵام بە هۆی توند و تۆڵی ڕێو شوێنی چڕی چاودێری، هەوڵەکانی بێ ئاکام بوون. دوای چاک بوونەوەی دەیبەن بۆ ئەبووغرێب لە غدا.

چونکە من و مامۆستا ئەمیر هاوڕێی منداڵی یەکتری و هەمیشە پێکەوە بووین، بەردەوام بیرم دەکردەوە و بەشوێن ڕێگە چارەیەکدا دەگەڕام بۆ ئازاد کردنی. بۆ ئەو مەبەستە ناردم بە دوای مەلا ڕەسوڵدا و پێمگووت: «خۆت دەزانی مامۆستا ئەمیر گیرایە، دەبێت شتێک بکەین کە ڕزگاری بکەین».

گووتی: «چی بکەین»

گووتم: «مەسیف وەک هاوینە هەوارێک هاوینان خەڵکی مەسوول و دەوڵەمەندی زۆر بۆ دێن، کەسێکی حکومەت دەگرین و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکەین»

لەو سەردەمەدا مەسیف پرۆژەیەکی گەشتیاری زۆر گەورەی تێدا بوو، کۆمەڵ کۆمەڵ خانووە دروست کراوەکان جیا کرابوونەوە و هەر کۆمەڵە خانووە و پرسگەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو کە ناوی گەشتیارەکانی تێدا تۆمار دەکرا.

مەلا ڕەسول پێشنیارەکەمی پەسەند کرد، ئەو پیاوێکی زۆر ژیر و ئازا بوو، ئێواران بەسەر پرسگەکاندا دەگەڕا و بە هەر جۆرێک بوایە لەناوە تۆمارکراوکانی دەکۆڵییەوە.

لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری خۆیدا ناوی (نەقیبێکی فڕۆکەوان)ی موسڵاوی دەبینن کە بۆ مانگی هەنگوینی هاتۆتە یەکێک لە خانوەکان، هەر ئەو ئێوارە خۆیان ئامادە دەکەن و شەو دەچنە سەریان، ژنەکە دەگرن و دەیخەنە ژورێکەوە و نەقیبە فڕۆکەوانەکە دێنن.

ئەو ڕۆژەی ئەوچالاکییەی تێدا ئەنجام درا، من لە گوندی گۆڕە شێر بووم. کاتێک گەڕامەوە، مەلا ڕەسول دەرکەوت لەگەڵ دوو برادەر و کابرایەکی عەرەبی لەگەڵ بوو، دەمانچەیەکی تاریقی پێدام کە هی نەقیبەکە بوو.

گووتم: «چییە؟»

گووتی: «ئەوە هی نەقیبە فڕۆکەوانەکەیە، ناسنامەکەیم خوێندەوە نەقیبی فڕۆکەوانی و خەڵکی موسڵ بوو، گووتم: «دەبێت ئەو مامۆستا ئەمیرە بەو نەقیبە ڕزگار بکەم»

نەقیبە فڕۆکەوانییەکەم لەگەڵ خۆمدا برد و دەمانچە تاریقیەکەیم دا بە برادەران و گووتم: «بۆخۆتان».

هێنامە مقەڕەکەی خۆم لە زیارەت، چوومە لای کاک کۆسرەت و بابەتەکەم تێگەیاند، گووتم: «پەیام دەنێرم بەڵکو لەگەڵ مامۆستا ئەمیر بیگۆڕینەوە».

گووتی: «باشە لە سماقوڵی داینێ».

نەقیبە فڕۆکەوانەکەم بردە زیندانەکەی سماقوڵی کە مەجید میرخان بەڕێوەبەری بوو، ڕادەستی مەجید میرخانم کرد و بە نەقیبەکەم گووت: «خزم و کەست دەسەڵاتدارە لە موسڵ؟»

گووتی:» بەڵێ»

گووتم: «دەتوانن هەموو شتێک بکەن؟»

گووتی: «وەکو چی؟»
گووتم: «پێشمەرگەیەکمان گیرایە بتگۆڕینەوە»
گووتی: «ئاسانە»
گووتم: «زۆر گرنگە»
ناونیشانی ماڵ و خێزانم لە نەقیبەکە وەرگرت و نامەیەکم پێ نوسی بۆ ماڵی باوکی. ئەو تەنیا لە نامەکەدا نوسی بووی: «ئەو کەسەی دێتە لاتان توشی هیلاکەتی نەکەن».
ناردم بەدوای (محەمەد فەقۆ)دا کە مەفرەزەی هەبوو لەکۆڕێ، نامەکە و ناونیشانەکەم دایە و محەمەد فەقۆ لەبەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەی بۆ مامۆستا ئەمیر هەیبوو گووتی: «لەبەر خاتری مامۆستا ئەمیر بۆ ناو ئاگریش بێت لەپێناوی ئەودا ئەوکارە دەکەم» بۆیە دوای وەرگرتنی ناونیشان بەرە و موسڵ بەڕێ کەوت.
دوای ئەوەی دەگاتە موسڵ و بە پێی ناونیشانەکان ماڵەکە دەدۆزێتەوە و نامەکەیان دەداتێ و بابەتەکەیان تێ دەگەیەنێت، ماڵی باوکی نەقیبەکە زۆر بەتەنگ مانی کوڕەکەیانەوە بوون، لە محەمەد فەقۆیان پرسی بوو: «کۆڕەکەمان ماوە؟»
ئەویش لەمانی کوڕەکەیان دڵنیای کردبوونەوە، ماڵەکەش گووتیان: «ئێمەش هەوڵێکی جدی دەدەین، کوڕەکەی ئێمە مایە؟»
گووتی: «ئەکید مایە»
هەرچەندە خانەوادەیەکی دەست ڕۆیشتوو بوون و توانی بوویان بچنە دیداری سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق (سەدام حسێن)، بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێک بە گۆڕینەوەی کوڕەکەی ئەوان بە مامۆستا ئەمیر قایل نەبوو گووتبووی: «نەک کوڕەکەی ئێوە، هەزاری وەک کوڕەکەی ئێوە گیرا بێت، ئەو دەرگایە ناکەمەوە لەگەڵ موخەڕیبان بیگۆڕمەوە» خانەوادەی نەقیبەکە بەدڵشکاوییەوە گەڕاندبۆوە بۆ موسڵ.
مامۆستا ئەمیر بێ سەرو شوێن بوو، لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراق، خانەوادەکەی چوونە سۆراغی و لەسێدارەدانەکەیان بۆ پشت ڕاست کردبوونەوە، بەدروستی لە ڕێکەوتی (١٢/١٠/١٩٨٦) لە سێدارە درابوو.

# سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش

بابەتی ئاڵای شۆڕش[٤٢] لەبرەودا بوو، دەتوانم بڵێم بەشی زۆری هەموو تیپ و مەڵبەند و کەرت و ئۆرگانەکانی یەکێتی گرتبۆوە ، ساڵی ١٩٨٥بەئاشکرا بۆ ناساندنی خۆیان نامیلکەیان دەرکرد، ئەوەش بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە و ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش نەشیاو بوو.

ئەوان لە هەوڵی جیاکردنەوە و ڕێکخستنی حیزبێکی نوێدا بوون بە ناوی (ئاڵای شۆڕش)، لەدوای ئاشکرابوونی ئەو بابەتەش، کاردانەوەی زۆری لە ناو ئەندامان و کادیرانی یەکێتیدا لێکەوتەوە، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نابێت حیزب لەناو حیزبدا دروست بکرێت، ئەو هەوڵدانەش بۆ جیاکردنەوەی حیزبێکی نویّ لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، وەک هەر جیابوونەوەیەکی تر لە ناو حیزب و لایەنەکانی تردا، پەیوەندی بە جیاوازی ڕادەربڕین و جیاوازی بیرو ڕاوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە ڕیز بەندی و پلە بەندی و پۆستەوە هەبوو، بەو پێیەی لەو سەردەمەدا پارە نەبوو تابێتە هۆکاری گرفت و کێشەی نێوخۆی حیزبەکان، بەڵام هەمووان خۆیان بە شیاوی پلە و پۆست دەزانی و بنەمای گرفتەکانیش لەسەر ئەو خۆ بەشیاو زانینە بوو.

بۆ سەلماندنی ئەوەی بابەتەکە جیاوازی بیرو ڕا نەبووە، دەبێت تیشک بخەینە سەر کۆنفرانسی سیّ، کە تیایدا هەرکەسەو بە ئازادی ڕای خۆی دەربڕیوە و تێبینی و

٤٢. ئاڵای شۆڕش: ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لە بەرئەنجامی ململانێی نێوان باڵەکانی کۆمەڵە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە وەک ڕەوتێکی فیکری دەرکەوت، تا ساڵی ١٩٨٤و بەستنی کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵە لە مێرگەپان، لەوکاتەوە بەتەواوی ناکۆکیەکانیان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا گەیشتە لوتکە، لە ساڵی ١٩٨٥دا ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لە قەرەداغ کۆبوونەوەیەکی گەورەیان ڕێکخست و کۆمیتەیەکیان لە پێنج ئەندام بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان پێکهێنا، ئەوانیش برتیبوون لە (مەلا بەختیار، شێخ عەلی، پشکۆ نەجمەدین، حاجی مەمۆ و موحسین عەلی ئەکبەر)، هەمان ساڵ هەریەک لە (مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەدین و شێخ عەلی) لەلایەن یەکێتی نیشتمانیەوە دەستگیر کران، ساڵی ١٩٨٨پشکۆ نەجمەدین لە شاری سەردەشت ڕایکرد، هەمان ساڵ شێخ عەلی ئازاد کرا، ساڵی١٩٨٩ مەلا بەختیار ئازاد کرا. ساڵی ١٩٩٢ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکیان گرت، ساڵی١٩٩٣جارێکی تر هاتنەوە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ڕەخنە و پێشنیارەکانی بەیان کردووە، کاتێک هەڵبژاردن کراوە، هەندێک ئەندام وەک پێویست بۆ چوونەکانیان بەهەند وەرنەگیراوە و دەنگیان بەدەست نەهێناوە، ناکرێت جارێکی تر و لە ڕێگایەکی ترەوە هەوڵی چەسپاندی بۆچوونەکانی خۆیان بدەن و دەست بکەن بە بانگەشە بۆ ئەو بیرو بۆچوونانەی کە مەبەست و ئاماژەی کەسی لە پشتییەوە حەشار دراوە، بە تایبەت لەناو پێشمەرگەدا، کە بە دڵ گەرمییەوە و لەپێناو خاکدا خەباتی کردووە و خوێنی ڕشتووە.

بۆ یەکلا کردنەوەی ئەو مەبەستە، ناوەندی کومەڵە لەمانگی یەکی ساڵی ١٩٨٦پلینیۆمێکی کرد، پاش ئەوەی (مەلا بەختیار، پشکۆ نەجمەدین و شێخ عەلی) گیران، لە پلینێومەکەدا بڕیار درا ئەوانە لەسێدارە بدرێن، چونکە پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیان کردوە و بەبێ پرسی کۆمەڵە، ناوی کۆمەڵەیان لاداوە و ویستوویانە حیزبێکی نوێ و ڕێکخستنێکی نوێ لەناو کۆمەڵە دروست بکەن. لەکۆی ئەندامانی بەشداربووی پلنیۆمەکە تەنیا (عەبدوڵا تۆفیق) دەنگی بەو بڕیارە نەدابوو.

## کاریگەری ئاڵای شۆڕش

دامەزرێنەرانی ئاڵای شۆڕش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سەرجەم تیپەکان دروست کردبوو، سەبارەت بە تیپەکەی ئێمە، کە تیپی٨٥ی بەڕانەتی بووین و زیاتر لە دووسەد پێشمەرگە بووین، .زۆرێک لە پێشمەرگەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو تۆمەتانەوە کە بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵبەستران و لە خەبات سارد بوونەوە و خۆیان ڕادەستی حکومەتی بەعس کردەوە، هەندێکیش ڕۆیشتنە پاڵ ئەوان.

یەکێک لەوانەی نزیک بوو فریوی ئەوان بخوات و کاریگەری لەسەر دانرابوو، عەلی مەسیفی ئامۆزام بوو، کاتێک هاتە لام و هەندێک قسەی کرد، زانیم توانیویانە کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونەکانی ئەویش دابنێن و دەیویست ئێمەش شوێن ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە بکەوین، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێمە توانیمان عەلی مەسیفی لە بۆچوونەکانی پەشیمان بکەینەوە و تێی بگەیەنین کە ئەوانە بیروباوەڕێکی ڕاستەقینەیان نییە، بەڵکو تەنیا بۆ بەلاڕێدا بردنی کادیرەکانە لەپێناو بەدەست هێنانی

پلە و پۆستی خۆیاندا، وەک دەبینرا یەکێک لەوان کە لە پێشتردا خۆی بەکەسی دووەم دادەنا لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە کۆنفرانسی سێ بە تەواوی کەوت، بەڵام لە کۆتا رۆژی کۆنفرانسدا بە پشتیوانی کاک نەوشیروان مستەفا دەنگی بەدەست هێنا و دەرچوو.

یەکێکی تر لەوانەی تەواو کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەوانەوە کادیرێک بوو بە ناوی (وەرزێر)، کاتی خۆی لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە بوو، لێپرسراوی پۆلی مەسیف و دەوروبەری بوو، کۆمەڵە بوو، لەدواتردا ئەویش بوو بە یەکێک لەوانەی کە بیروباوەڕەکانی بەرپرسانی ئاڵای شۆڕش ئاڕاستەی دەکرد و کایرگەری لەسەر خەڵک دروست دەکرد.

مەلابەختیار دەیگووت: "گەر بڕیار نییە لە گەڵ ئێمە بمێننەوە، بڕۆن خۆتان ڕادەستی حکومەتی بەعس بکەنەوە، چونکە ئەوان زۆر لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دیموکراتی ترن" ئەوەی ئەوان کردبوویانە وێردی سەرزاریان تەنیا ئەوە بوو کە دەیانگووت: "نەوشیروان پیاوی مام جەلالە، مام جەلایش پیاوێکی دیکتاتۆرە و باوەڕی بە دیموکراتی و مافی مرۆڤ نیە" بەڵام لەڕاستیدا سەرجەم ئەو تۆمەتانە دوور بوون لەڕاستیەوە.

لە کاتێدا هەمووومان دەزانین رەوانشاد مام جەلال چۆن بووە و چۆن مامەڵەی لە گەڵ کادیرەکانی و دۆخە جیاوازەکاندا کردووە، وەک دەبینین لەسەختترین دۆخەکاندا و لەزەمەنی بێ ئومێدیدا، دەستی دایە ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بە هێزو ورەیەکی پۆڵایینەوە دژی داگیرکەر و نەیارەکانی کورد دروست کردەوە، ئەو تۆمەتانەی ئەوان بۆ رەوانشادان مام جەلال و نەوشیروان مستەفایان دروست دەکرد، تا ڕادەیەکی زۆر بێ ویژدانی بوو. چونکە هیچ سەرکردەیەک بە ئەندازەی مام جەلال دیبلۆماسی نەبوو، بە پلان کاری نەکردووە، لە بەرامبەردا کاک نەوشیروان مستەفاش کەسایەتییەکی دوربین و ڕۆشنبیر و بە پلان بوو، هیچ کام لەو سەرکردانەش کەباس دەکرێن، بە ئەندازەی ئەو نەیانتوانیوە وەک پێویست سەرنج بخەنە سەر ڕووداوەکان و لێی وورد ببنەوە، لە هەر بارودۆخێکدا پێشبینی ڕووداو و پێشهاتەکانی دواتری دەکرد و دەیزانی کاروکاردانەوەکان بە چ ئەنجامێک دەگەن، هەربۆیە لەکاتی پێویست و لە دۆخی گونجاودا دەستی دەکرد بە تەشکیلاتەکان و دابەش کردنی هەرێمەکان و دروست کردنی بەتالیۆن و دروست کردنی تیپ و کەرتەکان.

یەکێک بوو لەوکەسانەی زۆر بە گەشەکردنی کۆمەڵەوە ماندوو بوو، بەتایبەت لە دوای جیابوونەوەی حیزبی سۆشیالیستەوە لە ساڵی ١٩٧٩.

کاک وەرزێر و هەندێک لە برادەران دوای بەخشینەوەی ئەو تۆمەتانە هەڵهاتن، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ داوای لێ کردم بچم قسە لەگەڵ (ئەبوو بەکر خۆشناو) دا بکەم، کە یەکێک بوو لەو کادیرانەی لەگەڵ مەلا بەختیاردا بوو، داواکەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵم قبوڵ کرد و چووم بۆ گوندی خۆران بولای ئەبوو بەکر خۆشناو، کە لەوێ بە تەنیا لە ناو خزم و خانەوادەکەی لە خانوویەکدا دەژیا، لەڕاستیدا ئەو جگە لەوەی دەمێک بوو لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا بوو، لە هەمان کاتدا پیاوێکی شاعیر و نوسەریش بوو. کاتێک لەئامادەیی کوردستان بووین، ئەو دووساڵ لەپێش ئێمەوە دەیخوێند، دوو کتێبی دەرکردبوو، یەکێک لەکتێبەکانی ناوی (کریستۆڤەر کۆلۆمبس کیشوەرێکی تر دەدۆزێتەوە) بوو ، کاتێک چوومە ماڵەکەی ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا بریتی بوو لە کتێبخانەکەی، دەیان کتێبی باشی تێدا بوو، دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر کتێب و دنیا بینی و بارو دۆخە نەخوازراوەکان و ئەوبابەتانەی کە لە ئارادا بوون، پێمگووت: "کاک کۆسرەت منی لەدوو ناردوی" ئەویش دوای میواندارییەکەی لەگەڵم هات بولای کاک کۆسرەت ڕەسوڵ.

بەڵام وەرزێر گەڕابۆوە بۆ ڕۆژئاوای مەسیف، چونکە کاتی خۆی بەرپرسی پۆلی ئەو سنوورە بوو، بەرپرسی پۆل لەو سەردەمەدا، پۆستێکی زۆر باڵا و سنورێکی جوگرافیای گەورەی لەبەر دەستدا بوو، کەرتی ڕێکخستنەکان لەسەر ئاستی قەزاکاندا بوو، بۆ نمونە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە، بە هەموو ناحییە و سەرجەم گوندەکانەوە بوو، سنوری مەسیف وەرزێر سەرپەرشتی دەکرد، ئەوان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ورەی پێشمەرگە و خەڵکی سنورەکە دروست کرد، بوونە هۆکاری ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە پێشمەرگە خۆیان ڕادەستی حکومەتی بەعس بکەنەوە، بەڵام ئەو دۆخە وردە وردە بەرەو چارەسەر ڕۆیشت و ئەوانەی دەستیان لەو کاریگەرییەدا هەبوو دەستگیر کران.

# ساڵی ١٩٨٦

پاش ئەوەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ لە ساڵی ١٩٨٤ بوو بە لێپرسراوی مەڵبەندی (٤)، خانەوادەکەی کە پێکهاتبوون لە (باوکی و دایکی و...).هاتبوون لە سماقوڵی دەژیان، لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/١/٥) حکومەتی عێراق هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەکانی (دۆڵی سماقوڵی، زیارەت و بارەگاکانی ئێمە). مام ڕەسوڵی باوکی کاک کۆسرەت، پیاوێکی بێگەردی ئاینی بوو، دوای گرتنی سماقوڵی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دەیگووت: «گەر کاکە لێرەبا سماقوڵی نەدەگیرا» بێگومان ڕاستیشی دەکرد، چونکە ئامادەبوونی کاک کۆسرەت بۆ خۆی وزە و هێزێکی زیاتری بە پێشمەرگەکان دەبەخشی، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی بەشداری شەڕەکانی دەکرد و دەچووە ڕیزەکانی بەرەی جەنگەوە، لەسەنگەرەکانی پێشمەرگەدا شەڕی دەکرد، بەڵام لەو دەمەدا کاک کۆسرت بەمەبەستی بەشداری کردن لە پلینیۆمەکەی کۆمەڵە، لە سەر کردایەتی بوو، گرنگترین بابەتی ئەو پلنیۆمە دەربارەی کێشەی (ئالای شۆڕش) بوو.

حکومەتی عێراقی بەپلانێکی داڕێژراو و تۆکمە و بە هێزێکی زۆرەوە لە چەند لایەکەوە هێرشیان کرد. لە قۆڵی کۆیەوە هێرشیان کردە سەر سماقوڵی، لەباکورەوە بۆسەر گوندەکانی ونکە و عەلیاوا و لەوێوە بۆ شانی بەنەباوێ، لە قۆڵی دەربەندی گۆمەسپانیشەوە هێرشیان کردە سەرگوندی زیارەت، جاشەکانیش لەلایەکی ترەوە هێرشیان کردە سەرمان، بەهەموو جۆرە چەکێک هێرشمان کرایە سەر، لە شاری کۆیە و دێگەڵەوە کەسنەزانیان تۆپباران دەکرد. شەڕ تا دوای خۆرئاوابوون بەردەوام بوو، بەڵام لەکۆتاییدا بە هۆی ماندوویی پێشمەرگەکانەوە، دوای بەرگرییەکی زۆر و بێوێنە، دواجار ئەوان بەو هێزە زۆرەی لەگەڵیان بوو، توانیان دەست بەسەر سماقوڵیدا بگرن و ئێمەش چووینە سەر سەفین، لەو شەڕەدا یەکێک لە پێشمەرگەکان بریندار بوو بە ناوی کەمال[٤٣]، لەتیپی بەڕانەتیش پێشمەرگەیەک شەهد بوو بە ناوی دڵشاد.

حکومەت دوای گرتن و سوتاندنی بارەگاکان، لەو ناوچانە کشایەوە.

---

٤٣. کەمال: پێشمەرگەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو، ناوی نهێنی (قیتۆ) بوو، بە هۆی برینداریيەکەیەوە تا ئێستاش کەم ئەندامە، لە دانیمارک دەژی.

# دوای سوتانی بارەگاکان

دوای ڕووخاندن و سوتاندنی سەرجەم بارەگاکانمان لە (زیارەت، سولاوکە، ناوداروکان، سوسێ و سماقوڵی) لەسەفینماینەوە، بەڵام سەختی زستان و بارینی بەفرێکی زۆر و بۆردوومان کردنمان لەلایەن حکومەتەوە بەتۆپ و تەیارە، لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە تەواو شەکەت و ماندووی کردبووین، لە لایەکی دیکەوە نەمانی ئازوقە تەواو تەنگی پێ هەڵچنی بووین، سێ چوار ژەم بوو هیچمان نەخواردبوو، برسێتی تەواو بڕستی لێ بڕی بووین، لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا، چەکدارەکانی (جەمیل ئاغای کۆڕێ...) بەلاندرۆڤەرێک لە زیارەتەوە سەردەکەون بۆ سەفین، پێشمەرگەکانی ئێمەش نایاننناسن، بۆیە تەقەیان لێدەکەن، ئەوان هاوار دەکەن: «حاجی مەسیفی بانگ بکەن» منیش سەرەتا نەمزانی کێن، تا خۆیان ناساند، ئینجا زانیم چەکدارەکانی جەمیل ئاغای کۆڕێن کە لە پێشتردا باسم لێوە کردوون، گووتیان: «شتمان لۆ ئەنگۆ هینایە»

کاتێک چوومە خوارەوە، یەکێکیشان لێ کوژرابوو، ناوی(سدیق هەرکی) بوو، گووتم: «کو زانیتان ئێمە لێرەین»

گووتیان: «بەدووربین سەیرمان کردوون»، ئەوان خۆیان لەفەوجەکەی خۆیان دزیبۆوە تا ئەو برە زۆرە لە خۆراک و ئازوقە بۆ ئێمە بێنن، وەک کارەکانی پێشتریان هەمیشە پشتو پەنا و هاوکارمان بوون، لەسەرەتادا خۆیان لە ڕێکخستنەکانی ئێمەدا بوون، من ڕامسپاردن تا ببنە چەکداری حکومەتی عێراقی، تا لە ڕێگەی ئەوانەوە کاروچالاکییەکانمان بەرفراوانتر بکەین، بێگومان هەرواش بوو، هەندێک جار بێ ترس و خەم دوو سێ ڕۆژ لەلایان دەماینەوە و ئەوان لە پێناوی ئێمەدا هەموو کارێکیان دەکرد. دوای دووشەو و ڕۆژ لەهاتنی ئەو ئازووقەیە بۆمان، بڕیارماندا بێینەوە ناوگوندەکان.

دەبوو بە ناو بەفردا بڕۆینە سەر ڕێگەی هیران شەقڵاوە، لەنیوەی ڕێ، دوان لەبرادەرەکان توانای ڕۆیشتنیان لەدەست دا، زۆرمان هەوڵ لەگەڵ دان، بەڵام بەهۆی زۆری بەفرەکەوە توانای ڕۆیشتنیان نەما، ئەوانیش (کرمانج خۆرانی و سەلام مەجید ناسراو بە سەلامی جیهاز)بوون، ناچار دەبوو بیرێک لە خۆمان بکەینەوە و کارێک بکەین، گەرنا ئێمەش توانای ڕۆیشتنمان لەدەست دەدا و هەمووومان لەناو بەفرەکەدا ڕەق هەڵدەهاتین، بۆیە ئەوانمان جێ هێشت و خۆمان گەیاندە گوندی ئاقوبان، لەوێ

هەر زوو خەڵکی گوندەکە وڵاخیان ئامادە کرد و ناردمان بەشوێنیاندا، زۆری نەبرد ئەوانیان هێنایەوە ناو گوند، ئەوشەوە بە برسێتی و تینوویەتی چووینە یەکێک لە ماڵەکان، هەرچەندە خۆراکی ئەو شەوەیان سادە و ساکار بوو، تەنیا (هێلکەو ڕۆن و ماست و مرەبای هەنجیر )بوو، بەڵام ئەوەندە بەچێژەوە دەمانخوارد، هەرگیز ئەو تام و چێژەی لە ژێردانەکانمدا دەرناچێت.

دوای ئەوەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ لە پلنیۆمەکە گەڕایەوە، پەیامی بۆ ناردم تا لەڕێگەی ڕێکخستنەکانمەوە هەندێک ئازووقە بۆ بارەگاکانی سماقوڵی دابین بکەم، بۆ ئەو مەبەستەش من و بورهانی سەعید سۆفی و دوو پێشمەرگەی تر لەجادەی مەسیف-شەقڵاوەوە گەیشتینە گوندی ئارمەوانی سۆفیان، لەوێش چووینە ماڵی مام ساڵح ، ناردم بەشوێن برادەرێک لە ڕێکخستنەکانی سنووری مەسیف. ئەوانەی هاتن بریتی بوون لە (سەلاحی مام وسو، سەلامی مام وسو، هادی و غەریب) و پێمگووتن: «هەرچیتان کردووە کارێک بکەن بۆ کۆکردنەوەی هەندێک ئازووقە و حاڵمان خراپە».

شیاوی باسە لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی خەڵکی هەردوو گوندی ئارمەوان بکەم کە بەرامبەر بەیەک بوون. بەگشتی خەڵکی هەردوو ئارمەوانەکە پیاوی زۆر مەرد و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزیان تێدا بوو، بۆ نمونە پیاوانی مەردی وەک (خەلیفە وسوو، مام ساڵح، مام حاجی عومەر، مام حاجی حەسەن و مام سابیر زڕگوزی) لە گوندی ئارمەوانی سۆفیان. هەروەها لە ئارمەوانی کۆسانیش کەسانی زۆر باش و خانەدانی لێ بوو کە هەمیشە بەسەرو ماڵ لە خزمەتی ئێمەدا بوون.

بە هەوڵ و ماندووبوونی هەمووان و بە هاوکاری خەڵکی سنوورەکە، لە مەسیفەوە بڕێکی زۆر خۆراکیان نارد (فاسۆلیا، نوک، لوبیا،برنج، ڕۆن، دۆشاوی تەماتە و ئارد)، بەنزیکەی کۆی ئازووقەکان باری سێ چوار وڵاخ بوو، هەندێکمان دا بە سماقوڵی و هەندێکیشیمان بردە لای خۆمان.

## بنیات نانەوەی بارەگاکان

لە کۆتایی مانگی سێ و سەرەتای مانگی چواردا جارێکی تر دەستمان کردەوە بە بنیات نانەوەی بارەگاکانمان، هەر لەو سەروەختەدا بوو لە سەرکردایەتییەوە

ناردیان بەدواماندا بۆ بەرگری کردن و پاراستنی بنکە و بارەگاکانیان، لەبەر ئەوەی هەوڵی هێرشی حکومەتی عێراقی بۆسەرناوچەی سەرکردایەتی هەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا ئەوانەی لە سەرکردایەتی بوون بریتی بوون لە (پاسەوانی بارەگاکان، دەزگای ڕاگەیاندن، مەکتەبی سیاسی، ناوەندی کۆمەڵە، یەکێتی نوسەران و یەکێتی مامۆستایان)، لە بوونی هەر مەترسییەکدا ئاگاداری تیپەکانی ئێمەیان دەکرد، چونکە خۆیان هێزی پێویستیان نەبوو، بۆ ئەو مەبەستە ئێمەیان بانگ کرد بۆ دەشتی کۆیە، ماوەیەک لەدەشتی کۆیە و گوندەکانی دەوروبەری ماینەوە وەک (سوێرەڵە و قازی بەگیان، کانی ڕەش، مەلا زیاد، ساتوقەڵا، قزلەر، کانی بی، دۆندار، سورەڵە، خەرابە و بۆگە).

لەو سەروەختەدا لە خەرابە بووم کە کاک کۆسرەت ڕەسوڵ، ناردی بەدوامدا و گووتی: «برادەرێکی سۆشیالیست بەناوی (عوسمان بانی مارانی) هاتۆتەوە، کەرتێکی بۆ دەکەینەوە، تۆ ببە بە یاریدەدەری کەرتەکەی» بەڵام من ئەو داوایەم ڕەت کردەوە و گووتم: «من هەرلەسەرەتاوە لەناو یەکێتیدا بووم و ئەو واچەند ساڵە لەناو سۆشیالیست دایە، من ئامادە نیم ببمە یاریدەدەری ئەو لە کاتێکدا خۆم (ڕێکخەری کومەڵە و ڕابەر سیاسیش) بووم»

لەدوای نەمانی مەترسی، لە سەرکردایەتییەوە گەڕاینەوە بۆ گوندی (تیمار). لەتیمارەوە لەگەڵ ڕێنیشاندەرێکدا چووینە گوندی هەرمۆتەی سەر بە مەسیحییەکان، ئەوشەوە لەماڵێکی بە ئاین مەسیحیدا ماینەوە، ئەوان بەوپێیەی نزیکی شار بوون، بارودۆخی سیاسی و ئابووری ناوچەکەیان زۆر لەبار بوو، لە کەشێکی ئارامدا دەژیان، لەهەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ خەڵکی گوندەکاندا جیاواز بوون، چەند کچێکیان هەبوو خوێندەوار بوون و وەک کەسانی ڕۆشنبیر دەردەکەوتن، بۆ ئێمە جێگەی سەرنج بوون، چونکە لە گوندەکەی ئێمە کچەکان بەو ئازادیە بیرو ڕای خۆیان دەرنەدەبڕی و لە گەڵ پێشمەرگەکان نەدەکەوتنە گفتوگۆی سیاسییەوە، ئەوان دەربارەی شۆرش و حیزبەکانی ناوشۆڕش پرسیاریان زۆر بوو، بۆیە دوای گفتوگۆیەکی چڕ لە سەر ئەو بابەتانەی ئەوان پرسیاریان لەبارەیەوە دەوروژاند و دوای خواردنی نانی ئێوارە، شەو گەڕاینەوە ئەو بارەگایەی کە بڕیاربوو لێی کۆ ببینەوە.

# برینداربوونی عەلی مەسیفی

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٦عەلی مەسیفی بریندار بوو، بەدەستی چەکدارەکانی عومەری حاجی سەلام کە یەکێک بوو لە (جەیش الشعبییە) بەدڕەفتارەکانی کۆڕێ، هەرکات هێزی پێشمەرگەی لە هەرشوێنێک ببینیایە، ڕاپۆرتی لێ دەدان. هەتا ئەوەندەی بۆی بکرایە زیانی لە پێشمەرگە دەدا و تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن، عەلی مەسیفیش کاتێک ئەوەی بە چاوی خۆی دەبینی، ئەوەندەی تر تووڕە و نیگەران دەبوو، بۆیە جارێک ویستی تەمبێی بکات، بە خۆی و هێزەکەیەوە چوونە سەر ماڵەکەی، بەڵام لەو نێوەندەدا تەقە دروست بوو، خێزانەکەی کوژرا و عەلی مەسیفیش بریندار بوو.

عەلی مەسیفی گولە بەر سییەکانی کەوتبوو، توشی خوێن بەربوونی ناوەکی کردبوو. کاتێک کاک کۆسرەت ڕەسوڵمان لە دۆخی خراپی عەلی مەسیفی ئاگادار کردەوە، هەر زوو بروسکەی بۆ دکتۆر زریان کرد تا بگاتە هانای عەلی مەسیفییەوە، لە دۆخی بێهۆشی دابوو، بەردەوام وڕێنەی دەکرد و جنێوی بەهەمووان دەدا، تەنانەت بە دایکیشی، بەڵام کاتێک دکتۆر زریان گەیشت و خوێنە زیادە مەییوەکەی بۆ دەرهێنا، دووبارە لەڕووی دەروونییەوە بارودۆخی ئاسایی بۆوە، بەڵام دەبوو لە زووترین کاتدا بیگەیەنینە نەخۆشخانەی شۆڕش لە سەرگەڵو بەرگەڵو، تا لەوێ تیشکی بۆ بگیرێت و لە دۆخی تەندروستی دڵنیا بینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش، من و شێرکۆی خوشکەزای لەگەڵی ڕۆیشتین. کاتێک لە نەخۆشخانەی شۆڕش تیشکیان بۆ گرت، زانرا گولەکە لە سییەکانیدا پەرت بووە، بۆیە پێویست بوو لە زووترین کاتدا بنێردرێتە وڵاتی ئێران و لەوێ کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدرێت.

ڕەوانشاد مام جەلال لە دۆخەکە ئاگادار کرایەوە و ئەویش ڕەزامەندی لە سەر ئەو سەفەرە دەربڕی و من و شێرکۆ تا سەفرە و زەرون کە هاوسنوری کوردستان و ئێرانە، هاوسەفەری بووین، دوای ئەوەی ئەوان سەفرە و زەرونیان بە جێهێشت من گەڕامەوە، سەفرە و زەروون لەو دەمەدا کرابووە کۆمەڵگەیەک زیاتر مامەڵەی کەلوپەلی قاچاخی لێ دەکرا، جگە لەوەش، لەوێ سینەما و حەمام و زۆر شتی تری لێ بوو.

عەلی مەسیفی دوای چارەسەری پێویست، ژیانی لە مەترسی ڕزگار کرا و دوای باش بوونی تەندروستی، جارێکی تر گەڕایەوە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان.

## هۆبەی هەرکییەکان

هۆزی هەرکییەکان گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، زستانان دەهاتنە دەڤەرەکەی ئێمە و لە کۆمەڵێک هۆبەدا دەژیان، بە ئەندازەی پێویست شوێنیان بۆ ئاژەڵەکانیشیان دابین دەکرد، ئەو زەویانەی هۆبەکانیان لەسەر دامەزراندبوو. هی گوندەکانی (زڕگوز، ئاژگە، زیارەت و شێخ مەمودیان)بوو. ساڵانە لەبری ئەو پارچە زەویانەی بۆ نیشتەجێ بوون و لەوەڕگە بەکاریان دەهێنا، کرێیان دەدا بە ئەنجومەنی گوندەکان،[٤٤] لە دواتردا ئەو پارانەیان بۆ خزمەت کردنەوەی گوندەکان بەکار دەهێنایەوە، بەشێکی زۆر لە هەرکییە سۆرانییەکان لە ناوچەی مەسیف دەژیان، هەر دەپانزە ماڵێک و هۆبەیەکیان پێکهێنا بوو.

هۆبەی ماڵی (مام ئەسعەد سنجێ) لە سەروی ئارمەوانەوە بوو، تەنیشتی ئەوان و لە بەرامبەر زڕگوز هۆبەی ماڵی (مام حاجی عارەب و مام حاجی عەلی) بوو، هەروەها هۆبەی ماڵی حاجی حارس چەلەنگان و هۆبەی ماڵی حاجی سۆرۆ هەبوو، ئەوانیشت تێ دەپەڕاند هۆبەکانی شێخ مەمودیان بوو، لە بەرامبەر ئەم هۆبانەشدا هۆبەکانی (شوە سماق) هەبوو، جگە لەوانە لە زیارەتیش (هۆبەی زیارەتی کۆرێ)ی لێ بوو، لەتەنیشت ئەوانەوە دووداره بزماره هەبوو، خەڵکی ئەو ناوچەیە بڕوایان وابوو «گەر مرازێکت لەدڵدا بێت و دەنکە بزمار بەدارەکەدا دابکوتیت، مرازەکەت بەدی دێت»، لەو دوو داره بزماره دانەیەکیان هی (مام حاجی عەودیش) بوو. ئەوی تریش هی (مام حاجی سمایل) بوو. لە وێوە تێدەپەڕیت دەگەیشتیتە هۆبەکانی سەروچاوە، لە پێشتردا ئەوێ گوند بووە و ماڵی (ئەسعەد ئاغای هەرکی) لە ئاغای گەردییەکانی دەکڕنەوە.

## بە ئەمەکی و مەردی هۆبەی هەرکییەکان

هەرکییەکان کەسانی مەرد و بە وەفا بوون، تەنانەت ئەگەر چەکداری حکومەتیش بوونایە هەرگیز ناپاکیان لێ نەدەکرین و هەمیشە هەوڵی پاراستنی ئێمەیان دەدا.

٤٤. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئاواییەکان: سەرەتاییترین هەڵبژاردن بوو لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە هەر گوندێکدا چەند پیاوێک کاندید دەکران و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە سێ پیاو دەبوونە ئەنجومەنی گوند، ئەم پرۆسەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١ دەستی پێ کرد و تا سڵی ١٩٨٨ بەردەوام بوو.

ڕێزی زۆریان لێ دەگرتین و باشترین پێخەفی خۆیانیان بۆ ڕادەخستین. لە باشترین خۆراکی خۆیان تێریان دەکردین، جگە لەوانە دەمەوێت نمونەیەک لە مەردی و جوامێری ئەوان لێرەدا باس بکەم.

ڕۆژێک برادەرانی ئێمە لە نێوان لۆفەکانی مەسیف و هەولێردا کە پێمان دەگووت: «١٤لۆفەکە» بازگە دادەنێن. لەو ساتەدا لاندرۆڤەرێکی پڕلە چەکدار بە بەردەمیاندا تێدەپەڕن، ئەمان ئاگاداریان دەکەنەوە کە بووەستن، بەڵام ئەوان ناوەستن و زیاتر پێی لێ دەنێن، بۆیە برادەرانی ئێمە ناچار دەبن تەقەیان لێ بکەن، دواتر زانرا ئەوانیش هەر چەکداری حکومەت بوون، بەڵام بە هۆی نەزانیین و لێک تێنەگەیشتنەوە ئەو ڕووداوە ڕوویداوە و دوو هەرکی و سۆرانییەک لەوێدا دەکوژرێن، دەبوو تەرمەکان بهێننەوە بۆ هۆبەکانیان، یەکێک لەو هەرکیانەی لەوێ دەکوژرێت، ناوی (مام میرۆ) یە، ڕیش سپی و خاوەن کەسایەتییەکی دیاری سنورکەی خۆیەتی. لە سەروەختی ئەو ڕووداوەدا کە دواتر ئاماژەی پێ دەدەم، سێ پێشمەرگەی ئێمە بەناوەکانی (هیوا، بچوک و سۆران مەسیحی) بەهۆی ئەوەی شەویان بەسەردا دێت لەو گوندە دەمێننەوە، (هیوا و بچوک)دەچنە ماڵی مام خالید و سۆرانیش دەچێتە ماڵی مام میرۆ.

دوای ڕووداوەکە حاجی خالیدی برای مام میرۆ، (هیوا و بچوک) دەباتە گەوڕی بەرخەکانەوە، تا کەس نەیان بینێت. پاشان دەچێتە ماڵی مام میرۆ و سۆرانیش دەباتە خوار بەستۆرە و پێی دەڵێت: «لێرە خۆت بشارەوە نەوەک گەنجەکانی ئێرە لە تۆڵەی مام میرۆدا زیان بە ئێوە بگەیەنن» کاتێک تاریک دادێت، هەرسێکیان بەڕێ دەکات و پێیان دەڵێت: «تا ماوەیەکی زۆر مەگەڕێنەوە ئێرە، تا دۆخەکە ئارام دەبێتەوە و ئەو ڕووداوە بیر دەچێتەوە». بەو جۆرە ژیانی ئەو سێ پێشمەرگەیە لە مردن و تۆڵە کردنەوە ڕزگار دەکات، لە کاتێکدا کە ئەو ئازیزترین برای لەدەست داوە، بەڵام بەتەنگ ژیان و پاراستنی سێ پێشمەرگەوەیە، کە دەکرا تۆڵەی لەدەست دانی براکەی لەوان بکاتەوە.

لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی ئەو پێشمەرگانە بۆ لەوێ بوون؟

سۆران دوای ئەوەی دەستبەرداری ئاڵای شۆڕش دەبێت و پەیوەندی دەکاتەوە بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، داوای نامەیەک لە کاک کۆسرەت دەکات بۆ گەڕاندنەوەی وەرزێر، دوای ئەوەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ نامەکەی دەداتێ لەگەڵ (هیوا براغی و بچوک)دا دەڕۆن تا وەرزێر بگەڕێننەوە بۆ ناو یەکێتی و نامەی

پشتگیرییەکەی کاک کۆسرەتی بدەنێ، بۆ ئەو مەبەستە چەند گوندێک دەگەڕێن تا وەرزێر بدۆزنەوە، سەرەتا دەچنە (قەرەموکیان) لەوێ نابێت، دواتردەچنە (بەربیان) و لەوێش نابێت. بۆیە کاتێک شەویان بەسەردا دێت دەچنە ماڵی مام میرۆ و حاجی خالیدی برای. کاتێک دەنگی تەقەکان دەبیستن زۆر سەرسام دەبن، دواجار لە بابەتەکە تێدەگەن و دەزانن مام میرۆ بەدەستی برادەرە پێشمەرگەکانی ئەمان کوژراوە.

## شەڕی قەیوان ماوەت
## ١٩٨٦-٩-٦

ئۆپەراسیۆنی قەیوان ماوەت، ئەو ئۆپەراسیۆنە گەورە بوو لە ڕێکەوتی (٦-٩-١٩٨٦) لە نێوان حکومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگە ڕوویدا و ماوەی (١٠٣) ڕۆژی خایاند، بەشێکی زۆری ناوچە ئازاد کراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتنە ژێر دەستی هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە.

حکومەتی عێراق لەو هێرشە بەرفراوانەیدا کە لە سنورەکانی قەیوانەوە تادەگاتە ماوەت، کردبوویە مۆڵگەی خۆیی و بەهێزێکی زۆری سەربازیەوە کە پێکهاتبوون لە ( جەیش وجاش) و بە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو، ئەو ناوەی تەنی بوو، لەو هێرشانەدا جگە لە چەکی ئاسایی بە تۆپ و تانک و زرێپۆش پڕ چەک کرابوون وەک هێزی زەمینی، هاوکات بە فڕۆکەی گەورە و بچووک بێ دەست پاراستن بۆردوومانی ناوچەکانی دەکرد، ئەوە لە کاتێکدا بوو ئێرانیش لە لایەکی ترەوە دەیویست سنورەکان ببەزێنێت و بێتە ناوچەکەوە.

بنکەو بارەگا سەرەکییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەگشتی کەوتبووە چەقی ئەو شەڕو ململانێیەوە، لە ناوچەکانی شاربازێڕ و دۆڵی جافایەتیدا لەدۆخی بەرگریکردندا مایەوە، بۆ ماوەی (١٠٣) ڕۆژ بەرگریمان کرد.

هەرچەندە هێزەکەی ئێمە لەو سەردەمەدا لەوێ نەبوو، بەڵام بەردەوام لە ڕێگەی ئەو دەنگوباسانەی ڕۆژانە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە دەمانبیست، دەمانزانی شەڕێکی گەورەی نابەرامبەرە و لە سنوری شاربازێڕ و دۆڵی جافایەتی یەخەی بە هێزەکانی پێشمەرگە گرتووە.

هەر لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو شەڕەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆرینەی هێزەکانی لە ناوچە جیاوازەکانەوە کۆکردەوە و داستانێکی دیکەی تۆمار کرد بەناوی داستانی ڕزگاری، ئێمەش یەکێک بووین لەو تیپانەی کە بەشداری ئەو داستانەمان کرد.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنی پڕ لەنەبەردی و خوێناوی (قەیوان—ماوەت)، رەوانشاد مام جەلال کە لەو سەردەمەدا لە یاخسەمەر بوو، لە گەڵ برادەراندا بیریان لەوە کردەوە ئەگەر بارودۆخ بەو شێوەیە بەردەوام بێت، حکومەت زیاتر دێتە پێشەوە و شوێنەکانی ژێر دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیاتر بەر تەسک دەبنەوە، بۆ ئەو مەبەستە پلانێکیان دانا بۆگرتنەوەی ئەو شوێنانەی کەوتبوونە ژێر دەستی حکومەتی عێراقییەوە، لە ڕێکەوتی (١٩-٣-١٩٨٧) بەشی زۆری تیپەکان بانگهێشتی سەرکردایەتی کران و تیپەکەی ئێمەش (تیپی ٨٥ی بەرانەتی) یەکێک بوو لەو تیپانەی بانگهێشتی سەرکردایەتی کرا بوو. لەو سەروەختەدا عەلی مەسیفی پلەی بەرز کرابۆوە بۆ جێگری تەحسین کاوانی، واتە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

دوای بانگهێشتنامەکە لە ڕێگەی جیهازی تیپەوە، بەڕێ کەوتین بۆ دەشتی کۆیە و لەوێشەوە بۆ گوندی (کانی مازوو) و پاشان بەچیای کۆسرەتدا چوینە خوارەوە بۆ دەریاچەی دووکان بۆ گوندەکانی( ئالیقە و تۆربە) دوای نان خواردن و پشوودان لە گووندی (تۆربە)وە لەگەڵ تیپی ٩٩ی بیتوێندا کە (ئازادی حەمە گەمحان) سەرتیپی بوو، دەبوو بپەڕینەوە.

خەڵکی گوندی تۆربە، بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکانی ڕۆژانەیان بەلەمی بچووکیان بەکار دەهێنا، بەڵام بە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق تەواو کۆنترۆڵی ناوچەکەی کردبوو، لەسەر چیای سارا و قەرەسرتەوە ڕبایەی دانابوو، چەندین جار بە دۆشکە و گولە هاوەن بەلەمەکانیانی تێکشکاندبوو، بەڵام خەڵکەکە لەبەر پێویستی زۆریان بەو بەلەمانە، دووبارە دروستیان کردبۆوە، بۆیە ئەو ناوچەیە مەترسییەکی زۆری لەسەر بوو، بەڵام بەهەر جۆرێک بوو توانیمان بەو بەلەمانەی کە لەبەر دەستدا بوون بگەینە بنگرد لەوبەری دەریاچەکە، کۆتا گروپ کە پەڕینەوە (بەندە، نەهرۆ سەعید سۆفی، علی مەسیفی ، مەلا سلێمان و عەبدوڵای مەلا قادر )بووین، دوای بیست و پێنج خولەک گەیشتینە ئەوبەر دەریاچەکە. بەکانی توودا

تێپەڕین و لە بەردەوامی ڕۆیشتنەکەماندا بەر لەوەی بەسەر چیای ئاسۆسدا سەربکەوین بۆ (کۆریس) کە بەرز ترین لوتکەی چیاکە بوو. کاک مستەفا چاوڕەش لە بناری چیاکەدا ڕای گرتین، ئەو فەرماندە و ڕێنیشاندەرمان بوو، بێ پێشەکی دەستی کرد بە قسەکردن: «دەچین ئەو چالاکیە دەکەین، ئەو چالاکیە بۆ ئەوەیە ڕێگاکانی خۆمان کۆبکەینەوە...»، بەم جۆرە بەردەوامی دا بەقسەکانی، دوای تەواوبوونی قسەکانی ورەیەکی زۆری بەخشی بە ئێمە. وردە وردە بەردەوامیمان دا بە ڕۆیشتن و هەنگاونان بۆ سەرکەوتن، وێڕای دژواری ڕێگاکە، لەبەر نسرمی ناوچەکە هێشتا بەفر نەتوابۆوە و پاشماوەکەی ببووە بەستەڵەک، دەبوو زۆر بە وریاییەوە هەنگاو بنێین، هێشتا لەنیوەی ڕێدا بووین، عەلی مەسیفی بەدڵێکی پڕەوە وەک ئەوەی دڵنیا بێت لە نەگەڕانەوەی، لەسەر تاتە بەردێک دانیشت و دەستی کرد بە حەیران گوتن:

«دەلێ وایێ..دەلێ وایێ

بابە لەوێ شەڕێ...لەوێ بەڵایێ

ئەمن دەرێمە کچە حەیرانێ،

دەچمە ئەوێ سەفەرێ

توخوا لە پاش من جووت شەمامەی باخەرێ

لەدەست کەس مەنێ..........»

ئەم حەیرانەی بۆ کچێک بوو کە خۆشی دەویست.

دوای ئەو پشووە کورتە بەردەوامیمان دا بە ڕۆیشتنەکەمان، دەبوو لەوێوە بچین بۆ (سەفرە و زەروون و گەڵاڵەی شینکایەتی) کە بەرپرسیارێتی ئەو ناو چانەمان پێ سپێردرا بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە، لەگەڵ ( تیپی ٩٩ی بتوێن و ٤٣ی ئاسۆس )کە خاڵە نەبەز فەرماندەی تیپ بوو، هەروەها تیپی چل و چواری چەکوش (شێخ سەدرەدین) سەرتیپی بوو، لەژێر ڕینماییەکانی کاک مستەفا چاوڕەش، چونکە ئەو ڕابەرو ڕێنیشاندەر و سەر پەرشتیکارمان بوو، شیاوی باسە بلێم یەکێک بوو لەو پێشمەرگە ئازا و قارەمان و چاونەترسانەی کە هەمیشە دەبووە سەر چاوەی ورە و هێزی پێمان بۆ ڕۆیشتن و هێزی دەستمان بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمن.

## لەکانی توو چیم بینی؟

دوای چەند ڕۆژێک مانەوەمان لەو شوێنەی بۆمان دیاری کرابوو، هیچ خۆراکێکمان پێ نەما، داوام لە عەلی مەسیفی کرد ڕێگەم بدات بچمە کانی توو، لەوێ هەندێک خۆراک بکڕم و بیهێنمەوە بۆ پێشمەرگەکان، بەڵام کاتێک چوومە کانی توو، بینیم حکومەتی عێراق کانی تووی کیمیاباران کردووە، دوو پێشمەرگەی ئێمەش کە پێشتر لەوێ مابوونەوە لەبەر کەم تەمەنییان، لەگەڵ خۆمان نەمان هێنابوون، کیمیایی لێی دابوون، یەکێک لە پێشمەرگەکان ناوی (شەمسەدینی کوری مام سەمەد) خەڵکی قەراسنجی خوارو بوو، شەهید بوو، ئەوەی تریشیان بە ناوی (حاتەم) بریندار ببوو، لەدواییدا پێمان دەگووت: «حاتەم کیمیایی» ئەو خەڵکی گوندی گڕاوێی خوار مەسیف بوو.

هەرچەندە وەرزی بەهار بوو، بەڵام هێشتا ئەو بەفرەی باری بوو تەواو نەتوابۆوە و زەوی تەڕ بوو، ئەو قومبەلانەی لەکانی تووی دابوو، زەوییەکەیان چاڵ کردبوو، ژمارەی چاڵەکان سێ بۆ چوار چاڵ دەبوون، شەمسەدین و حاتەم بە نەزانینەوە لە چاڵەکاندا دەستکاری ساچمە و قومبەلەکانیان کردبوو، بۆیە زیاتر کاریگەری لەسەر دروست کردبوون، کاتێک بینیمن، هێشتا شەمسەدین مابوو، دوای ئەوەی گوێزامانەوە بۆ بەرگەڵو، توانرا چارەسەر بۆ حاتەم بکرێت، بەڵام شەمسەدین لە نەخۆشخانەکەی بەرگەلوو شەهید بوو.

## بەرەو داستانی ڕزگاری

دوای دابەشکردنی هێزەکان، لە شەوی ١٣/١٤-٤-١٩٨٧ خۆمان ئامادە کرد و لەگەڵ ڕێنیشاندەرێک ڕۆیشتین بەرەو (سەفرە و زەرون، گەڵاڵە و ناوچەی شیکایەتی)، بەپێی ئەو پلانەی داندرا بوو، هێرشەکان دەستی پێکرد، سەرجەم ئەو گوند و ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەستی حکومەتی عێراقەوە بەزیادەوە لەماوەی کەمتر لە بیست و چوار کاتژمێردا کەوتنەوە ژێر دەستی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە بە مەبەستی کەمێ پشودان گەڕاینەوە بناری چیای ئاسۆس، بەڵام یەکێک لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی لەوێدا ڕوویدا، شەهید بوونی (خالیدی

کوڕی مام ئەحمەد) بوو بە دەستی نزیکترین هاوڕێی خۆی بە هەڵە، خالید کوڕی موختاری گوندی نۆغەرانی دەشتی شەمامکی هەولێر بوو، هەر لە زووەوە لە ڕێکخستندا بوو. دەبوو بە هەر جۆرێک بێت تەرمەکەی خالید بەڕێ بکەینەوە بۆ ناو خانەوادەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ دوو پێشمەرگە و حەسەن تەرجانیدا بەڕێمان کرد.

جارێکی تر چیای ئاسۆسمان بڕی و هاتینەوە گوندەکانی کانی توو، لەوێشەوە بۆ سێدەرەی دۆڵی جافایەتی و پاشان دوای خۆ ڕێکخستنەوە بە تراکتۆر بەرەو مالومە بەڕێ کەوتین. بەرلەوەی ئێمە بگەڕێینەوە، دووبارە حکومەتی عێراقی بە هێزێکی زۆر و چەکی پێشکەوتووەوە هێرشێکی پێچەوانەی بە شێوەیەکی بەرفراوان کردەوە سەر ئەو گوند و ناوچانەی کە پێشمەرگە ئازادی کردبوون، لەو هێرشەشدا وەک هەمیشە قورسترین جۆری چەکی بەکار دەهێنا، هەرچەندە هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەی یانزە ڕۆژ بە ورەیەکی پۆلاییینەوە ڕوو بەرووی سەرجەم ئەو هێرشانە دەبۆوە، بەڵام هەندێک لەو شوێنانە دووبارە کەوتنەوە دەستی حکومەتی عێراق، کۆتا شوێن کە شەڕی تێدا مابوو چیای گۆجاڕ بوو، شاخێکی ڕووتەن و بەردەڵان، بە درێژایی ڕۆژ شەڕێکی قورس بەردەوام بوو، حکومەت بە فڕۆکەی مێک و فڕۆکەی سیخۆ و بە دەیان کۆپتەری بچووک و گەورەی پلاکتۆس سێ لای چیاکەیان گرتبوو، نزیک بە ئێوارە دوای بەرگرییەکی بێ وێنە فەرمانی کشانەوە بە هێزی پێشمەرگە دەگات.

## شەهید بوونی عەلی مەسیفی
## هاوڕێیەکی هەمیشە نەمرم

عەلی مەسیفی (عەلی حسێن کەریم) جگە لەوەی ئامۆزام بوو، هاوخەبات و هاو سەنگەر و هاوڕێی منداڵیم بوو، دەڵێم تا ئێستاش هاوڕێمە...چونکە گەر لەمانای وشەی هاوڕێ تەواو ورد ببیتەوە، مانایەکی زۆر لەوە گەورەتری هەیە کە ڕۆژانە بە ئاسانی دەیهێنینە سەر زارمان، هاوڕێ واتە هاوڕێگا، هاوهەنگاو ...ئەو بۆ من مانایەکی تری هەبوو کە هیچ وشەیەک ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، گەر لەسەرەتای بیرەوەرییەکانمەوە تائێستا سەرنجتتان دابێت، لە کۆی ئەزموونی ژیان کردنم و تێپەڕینی ڕۆژگارە تاڵ و شیرینەکانمدا هاو بیرەوەریم بووە، گەر بمەوێت لە عەلی

مەسیفی بدوێم و بیناسێنم، دووبارە پێویستە بگەڕێمەوە بۆ سەرجەم ئەو بیرەوەریانەم کە لەسەرەتاوە باسم کردوون، وەک ئەوەی یەک ژیان ژیابێتین و یەک مێژوومان تۆمار کردبێت. لەدوای عەلی مەسیفی دەکرێت تەواوی ژیانم ببێت بە دووقۆناغەوە، قۆناغێک لە گەڵ عەلی مسیفی و قۆناغێک دوای عەلی مەسیفی...

هێندە سەختە ئازاری لەدەست دانی، زار توانای وتنی نییە، بەڵام هەرچی بێت، دەبێت ئەو وەک چاونەترسترین و قارەمانترین پێشمەرگە و خەباتگێڕ، لە مۆزەخانەی مێژووی پڕ شکۆمەندی ئەم گەلە و لەڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بپارێزین.

لە ڕێکەوتی (٢٣-٤-١٩٨٧) دوای فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، من لەمالومە بووم. بەڵام عەلی مەسیفی لەگەڵ (کەمالی برام، حەمە زیاد، ئیدریس و شوان) و هێزە پۆلاینەکەیدا لە ترۆپکی شاخی گۆجاڕ بوون. دوای ئەوەی فەرمانی کشانەوەیان پێ دەدرێت لە بەرامبەر هێزە پڕچەکەکەی حکومەتدا، دڵی ڕێگە نادات ئاسان سەنگەر چۆڵ بکات و دەیەوێت کۆتا زەبر بە دووژمن بگەیەنێت، دەیەوێت بە ئاربیجییەکەی شانی دواهەمین گولە بنێت بە ڕەبایەکەی بەرامبەرەوە، بەڵام بەر لەوەی عەلی مەسیفی دواهەمین نیشانەی خۆی بپێکێت، دەپێکرێت و گولەیەک بە ڕوومەتی دەکەوێت و هەر لەوێدا شەهید دەبێت.

هەواڵی شەهید بوونی عەلی مەسیفی و هێنانی تەرمەکەی بۆ مالومە، بۆ ئێمە بە ئەندازەی ڕمانی چیای پیرمام هەواڵێکی کەمەر شکێن بوو، چونکە ئەو بۆ ئێمە مامۆستا و ڕێنیشاندەر و چیای پیر مام بوو...

ئەو شەوە لە مالومە ماینەوە، بەیانیەکەی من و حەمە زیاد و شوان و کاک عومەر تەرمەکەمان ئامادە کرد و (شێخ محەمەدی سەرگەڵو) بە لاندرۆڤەرەکەی ئێمەی گەیاندە سەرگەڵو.

لەوێشەوە وڵاخی بۆ گرتین و بۆی ئامادە کردین بۆ گواستنەوەی تەرمەکە. هەر ئێوارەکەی لەوێوە بەڕێکەوتین بۆ قەمچوغەی نزیک دووکان، شەوەکەی بە هیلاکی و ماندوێتیەوە لە جادەی دووکان سلێمانی پەڕینەوە، دەبوو لەکاتی پەڕینەوەماندا بە بەردەمی یەکێک لە ڕەبایەکانی حکومەتی عێراقیدا تێپەڕ ببین کە لەژێر بەرپرسیارێتی فەوجەکەی عوسمان بەگی شەقڵاوەدا بوو. بەر لەوەی بگەین پەیاممان بۆ نارد و پێمان گووت: «دەمانەوێت تەرمی عەلی مەسیفی لەجادەکە

بپەڕێنینەوە»، هەرچەندە چەکداری حکومەت بوو، بەڵام پیاوێکی بە هەڵوێست بوو، گەر حکومەت کارێکی دیاری کراوی پێڕا نەسپاردایە، هەرگیز زیانی بۆ پێشمەرگە نەبوو، هەر بۆیە لەوێش هەڵوێیستێکی جوامێرانەی نواند و گووتبووی: «بابێن بەخێر بێن سەرچاو»

دوای پەڕینەوەمان لە جادەی ( سلێمانی _دووکان) گەیشتینە گوندی تەلان، لەوێ ڕامان نەگرت و تەنیا پشوویەکی کورتمان دا، دووبارە کەوتینەوە ڕێ بۆ گوندی چەمی ڕەزان و لەوێشەوە بۆ گۆپتەپە و پاشان پەڕینەوە بۆ گوندی کانی بی.

لە گوندی کانی بی چووینە ماڵی برادەرێکی ڕێکخستنمان بەناوی ( قوباد) خەڵکی کۆیە بوو، بەڵام لەوێ دادەنیشت. کاتێک گەیشتین زۆر هیلاک و ماندوو بووین، لەگوندی مالومەوە تا ئەوێ ڕێگایەکی دوور و درێژە و بێ پشوودان بەرێگاوە بووین. ئەو شەوە بە شەکەتی گەیشتینە ئەوێ، وێڕای ئەوەی خزمەتێکی زۆری ئێمەیان کرد، قوباد خۆی جێگەیەکی گونجاوی بۆ تەرمەکە ڕێکخست و تا بە یانی پاسەوانی کرد.

بەیانیەکەی گوتم: «کاک قوباد لێرە تەرمەکە دەشۆین بەجوانی، ئەگەر کفن هەیە کفنی دەکەین».

بەشێکی زۆر لەو هاوڕێیانەم کە لە پێشمەرگایەتی پێکەوە بووین و بەداخەوە شەهید بوون، خۆم شتوومن و کفن و دفنم کردوون، لەوانە «سامان، سەنگەر، عەلی مەسیفی، نەجاتی برای هاشم جیهاز و فوادە ڕەش».

هەر زوو کفنی پەیدا کرد، من و کاک قوباد و ئەو چەند پێشمەرگەیەی لە گەڵمان بوون، تەرمەکەمان شت و کفنمان کرد، هەواڵمان نارد بۆ (کاک ڕەهبەری سەید ئیبراهیم) کە سەرتیپی ( تیپی ٩٣ی کۆیە) بوو لە گوندی تیمار، تا لەوێوە وڵاخمان بۆ ئامادە بکات.

دەمەو ئێوارە بوو گەیشتینە (گوندی تیمار) و هەموو شتێک ئامادە بوو، بۆیە هەر زوو لەوێوە دووبارە بەڕێ کەوتینەوە. چەندین گوندمان بڕی تاگەیشتینە ڕووباری کۆیە، بەردەوام چاوم لەسەر جڵەوی وڵاخەکە بوو، هەر زوو ئاگادارم کردەوە کە جڵەوەکە شل نەکات، بەڵام دیار بوو هێزی ئەو هەر ئەوەندە بوو، لە چاو تروکانێکدا جڵەوەکە لەدەستی شل بوویەوە و وڵاخەکە بازیدا و تەرمەکە کەوتە خوارەوە، دواجار تەرمەکەمان هەڵگرتەوە و خستمانەوە سەر وڵاخەکە و بەستمانەوە و بەردەوامیمان دایەوە بە ڕۆیشتن.

دوای برینی دەیـان گوند و چیا و تێپەڕاندنی ئەو ڕەبایە پڕ لە مەترسیانەی کە دەهاتنە سەر ڕێگەمان، لە کۆتایی شەودا گەشتینە سماقوڵی سەروچاوە، لەوێ ماینەوە تا بەرەبەیان، تراکتۆریێکمان پەیدا کرد و تەرمەکەمان گەیاندە گوندی زیارەت.

ئامۆژنم ئەو ژنە قارەمانە بوو کە هەمیشە لە پشتمان بوو، بەتایبەت لە دۆخە سەخت و دژوارەکاندا.هەرگیز لە یادم ناچێتەوە کاتێک بریندار بـووم، هەمیشە سەردانی دەکردم و وەک عەلی مەسیفی کوڕی لەمنیشی دەڕوانی.

دەبـوو باسی ئـەوە بکەم بـەرلـەوەی ئێمە بگەینەوە زیـارەت، لـە ڕێگەی تیپەکانمانەوە ماڵی مامان ئاگادار کـردبـۆوە، کاتێک ئامۆژنم گەیشت، ئێمە تەرمەکەی عەلی مەسیفیمان لە مزگەوتەوە دەگواستەوە بۆ گۆڕستان، من وەک منداڵ بەسەر ئەو تەرمە ماندووەدا دەگریام، دەگریام بۆ ڕۆژانی پێکەوە بوونمان، بۆ لەدەست دانی ئەو مامۆستایەی کە فێری زۆر شتی کردم، لەو ساتەدا ئامۆژنم بێ ئەوەی یەک تکە فرمێسک بە چاوەکانیدا بێتە خـوارەوە، هاتە لامەوە و بە تووڕە بوونەوە پێی گووتم: «لۆ تۆ نەتدەزانی عەلی بۆ ڕۆژێکی واهاتیە، عەیبە بۆتان، ئەگەر پیاون نابێت بگرین بڕۆن شوێنی بگرنەوە» ئەم قسانەی ئەو لە کاتێکدا بوو کە دایکی عەلی مەسیفی زۆر خۆشدەویست، بەڵام ئەو لە سۆنگەی پڕاو پڕ لە کوردایەتییەوە ئەوەی گووت، ئەوەی ورەی بە ئەژنۆی شکاوی ئێمە دەبەخشی ئامۆژنم بوو.

ئەو هەمیشە قارەمان بوو، ڕێک وەک شەهید عەلی مەسیفی کوڕی چاونەترس بوو.

## ئۆپەراسیونی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق

دوای کۆتایی هاتنی داستانی ڕزگاری، ئەو هێزانەی کە بەشداری داستانەکەیان کردبوو، گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان ، بەڵام هەمیشە پێشمەرگە لە هەل دەگەڕا بۆ ڕزگار کردنی هەر بستێکی خاکی کوردستان، هەمیشە لە ئامادە باشیدا بوو، بۆ ئەو مەبەستەش، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ چاوی لەسەر ڕزگار کردنی تەق تەق بوو، هەربۆیە پلانێکی تۆکمەی داڕشت بۆ ڕزگار کردنی.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٥/٢٩چەند هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی سێ و هەر دوو تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ خاڵخاڵان پێکهێنرا، کاک (عەبدولرەحیم عەبدوڵا) کە بەرپرسی سەربازی مەڵبەند دوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە شوێنی بۆ دیاری کردین، ئێمەش دابەش بووین، دوو ڕەبایەیەی سەر ئەو دوو گردۆلکەیەی کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی کۆیە-تەق تەق بە (کەرتی چواری بەرانەتی و کەرتی سێی بەرانەتی) سپێردرا کە ئەوکات (سەنگەر عوسمان محەمەد) فەرماندەی کەرتەکەمان بوو، هێزەکانی تریش بە پێی پێویست دابەش کرا بوون.

ئێمە توانیمان دەستبگرین بەسەر ئەو ڕەبایەدا کە بۆمان دەستنیشان کرابوو، بەڵام بەداخەوە کەرتی سێ ڕەبایەکەیان بۆ نەگیرا و دوو پێشمەرگەی قارەمانیش لەو ڕوو بە ڕووبوونەوەیەدا شەهید بوون، ئەوانیش (سەلام محەمەد گۆران[٤٥]) و ئیسماعیل (بچوک) بوون.

بچووک سەرەتا بریندار بوو، بۆیە من و دکتۆر هیوا و کاک نەهرۆ لاندرۆڤەرێکمان ئامادە کرد تا بچووکی پێ بگەیەنینە نەخۆشخانەی شۆڕش لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو، هەر چەندە ئەو جگەر و گورچیلەی پێکرابوو، باری تەندروستی خراپ بوو، بەڵام بە ڕووکەش چاوەڕوانی مردنی لێ نەدەکرا، چونکە بەردەوام قسەی دەکرد، هەرچەندە هیوای زۆری بە ژیان بوو بەردەوام دەیگووت: «زوو بمگەیەننە جێگەیەک با نەمرم».

لەدووای ماندوو بوونێکی زۆر ویستمان لە کۆپتەپە پشوویەک بدەین و بەڕێ بکەوینەوە، لەسەر سەکۆیەک بچوکمان دانا و تا ئەو ساتەش بەردەوام قسەی دەکرد، بەڵام هێندەی نەبرد باری تەندروستی تێکچوو، هەر لەوێدا شەهید بوو.

لەدوای گەڕاندنەوەی تەرمەکان بۆ قوڕ قوڕە، شتمن و کفنم کردن و هەریەکەیانمان ناردەوە بۆ مەنزڵگەی خۆی.

لەو ئۆپەراسیونەدا جگە لەو دوو شەهیدەی مەڵبەندی سێ، عەبدولرەحمان عەبدوڵا بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی دوو شەهید بوون.

لەگەڵ ئەوانەشدا هێزەکانمان توانیان بە پێی ئەو پلانەی کە دارێژرا بوو، تەق تەق ئازاد بکەن، حکومەتی عێراقی ١٦٠ کوژراوی هەبوو لەگەڵ ٤٧ برینداردا.

---

٤٥. سەلام محەمەد گۆران: یەکێک بوو لە پێشمەرگە قارەمانەکان و محەمەد گۆرانی باوکی پیاوێکی دەنگ خۆش بوو بۆ حەیران و لاوک، لە شەڕی شاخۆران گۆرانی بەسەر پارتی و شۆڕشی ئەیلولدا دەڵێت، بەڵام لەشەڕی ناو خۆدا لەلایەن پارتییەوە شەهید کرا.

# شەهید بوونی (سەردار)

سەردار شەهید بوو...ئەمە ئەو هەواڵە جەرگ بڕو دڵتەزێنە بوو بەرگوێم کەوت، جارێکی تر دڵی لەرزاندمەوە، سەروەختی ئەو شەهید بوونە من لەوێ نەبووم، بە فەرمانی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ (تەحسین کاوانی و ئاسۆ ئەڵمانی)هێزەکەی ئێمەیان کۆکردبۆوە بۆ بەرەنگار بوونەوە و دەرکردنی ئەو هێزەی حکومەتی عێراقی کە هاتبوونە سەر چیاکانی کێشکە لە ڕۆژ هەڵاتی هەولێر.

بەرلەوەی لە چۆنێتی و ساتی شەهید بوونی (سەرداری سەعید سۆفی) بدوێم، دەمەوێت باس لە شۆڕشگێڕی و ماندوونەناسی خۆیی و خانەوادەی بکەم.

مام سەعید لە ساڵی ١٩٦٣ لەسەر کوردایەتی دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەیەک لە موسەیەب لەگەڵ هەردوو مامم (مام حاجی قادر و مام حسێن) زیندانی دەکرێن، دوای ئازاد کردنیشی ئەو ڕێچکەیە بەرنادات و لە کوردایەتی بەردەوام دەبێت، هەربۆیە کوڕەکانیشی ڕێچکەی باوکیان دەگرن و لەسەر هەمان پەروەردەی کوردایەتی گۆش دەبن، دوای ئەوەی (نەهرۆ و بورهان)ی کوڕی دەبنە پێشمەرگە، جارێکی دی مام سەعید و سەرجەم کوڕ و کچەکانی دیکەی و خێزانەکەی دەستگیر دەکرێن، هەر لەدوای ئازاد بوونیان لەڕێگەی کاک نەهرۆی کوڕی داوا لە باوکی هەرێم (مام کەمال ئاغا) دەکات ڕێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە و دەربازیان بکات.

مام کەمال ئاغاش داوا لە مام مشیر ئاغای گۆران دەکات، ئەویش داواکەی بەجێ دەگەیەنێت و ماڵی مام سەعید و منداڵ و خێزانەکەی دەچنە گوندی بامەرزێ کە مام مشیر ئاغایە لەو گوندە، لەوێش دەچنە ماڵەکانی ئێمە و مام سەعید، حاجی محەمەدی ئامۆزام دەناسێتەوە، کە کاتی خۆی مام حاجی قادری باوکی حاجی محەمەد لەگەڵ مام سەعید لە موسەیەب پێکەوە گیراون، پاشان حاجی محەمەدی ئامۆزام لەگەڵ خزمەکانی تردا بە سەیارەی خۆیان ماڵی مام سەعید دەگوازنەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان لە بادینان.

سەرەتا مام سەعید ماڵەکەی دەهێنێتە گوندی سوسێ، لەدواتردا خانوویەک دروست دەکات لە گوندی بیرۆکان و لەوێ دەست بە ژیان دەکەنەوە، وێڕای ئەوەی لەوێ ماڵ دروست دەکاتەوە و ماڵەکەیان دەبێتە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی ئەو دەڤەرە. خۆیی و هەر شەش کوڕەکەی دەبنە پێشمەرگە، جارێکی دیکە دەکەونەوە

بەر هێرشە زەمینی و ئاسمانییەکانی وەک تۆپ و تەیارەکانی حکومەتی عێراقییەوە، بەڵام ئەوە ڕێگر نابێ لە بەردەم هەستی بەرزی کوردایەتیان و وەک هەمیشە ئازا و چاونەترس ڕوو بەڕووی هەموو پێشهاتە نەخوازراوەکان دەبنەوە. تا ئەو دەمەی ساڵی ١٩٨٨ لە گەڵ خانەوادەکەی دەچنە شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەردار یەکێک بوو لە کوڕە ئازا و جەربەزەکانی مام سەعید و سەرەتا لە مەفرەزەکانی ناوشاردا کاری دەکرد، لە یەکێک لە چالاکییەکانیدا لەگەڵ (ئەیوب و بەختیار) حکومەتی عێراق دەهەژێنێن و بە هەموو لایەکدا دەنگ دەداتەوە، ئەویش لێدان بوو لە (ئیبراهیم زەنگەنە)ی پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر کە یەکێک بوو لە پیاوەکانی حیزبی بەعس، لەو چالاکییەدا سەردار ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت، هەمووان توشی شۆک دەبن بە وەها چالاکییەک لە ناوەڕاستی شاری هەولێر و گەورەترین مۆڵگەی حیزبی بەعس.

لەبەر ئازایەتی و لێهاتویی لە ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی کەرتی تیپ لە تیپی٨٥ی بەڕانەتی.

لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٧ حکومەتی عیراقی سوپا دەباتە بەرزاییەکانی گوندی کێشنە بە مەبەستی چاودێری کردن و هەراسان کردنی پێشمەرگە (تەحسین کاوانی فەرماندەی تیپ و ئاسۆ ئەڵمانی جێگری) بە مەبەستی دەرپەڕاندنیان لەو شوێنە هێزەکانیان کۆکردەوە، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧هێرش دەبەنە سەر سوپای حکومەتی عێراقی و ئەگەرچی هێرشەکەیان سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام بەداخەوە لەوێ و لە هەمان ڕۆژ سەردار دەگاتە کاروانی نەمران. خۆشەویستی کاک کۆسەرت بۆ شەهید سەردار وا دەکات بەرپرسیارێتی شەهید بوونەکە بخاتە ئەستۆی تەحسین کاوانی و ئاسۆ ئەڵمانی، بەڵام هەموومان کۆک بووین لەسەر ئەوەی هەر پێشمەرگەیەک کاتێک چەکی شەرەف دەکاتە شان، ئەگەرەکانی شەهید بوونی لەپیش هەموو ئەگەرەکانەوەیە، بەڵام ئیدی ئەوە دڵی کاک کۆسرەت بوو، هەموشیان دەیانزانی سەرداری چەندە خۆش دەویست، بۆیە ئەوان بێدەنگ بوون زەمەن برینی هەموانی چارەسەر کرد.

شەهید سەردار جگە لە ئازایی و نەبەردییەکەی خوێنەرێکی باش بوو، کەسێکی تێگەیشتوو ڕۆشنبیر بوو، زۆر جار پێکەوە دادەنیشتین و گفتوگۆمان دەربارەی چینی چەوساوە و نەتەوە و بابەتەکانی ڕۆژ دەکرد، هەڵگری بیر و باوەڕی چەپ بوو، هەمیشە بەرگری لە ڕەش و ڕووت و زەحمەت کێش و جوتیار دەکرد.

# ئۆپەراسیۆنی دێگەڵە

دوای گرتنی تەق تەق، لە پێناو فراوان کردنی ناوچە ئازاد کراوەکاندا، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ هەموو هەوڵەکانی چڕ کردبۆوە بۆ فشار کردن لە سنورەکانی مەڵبەندی سێ، کە لەژێر دەستی حکومەتی عێراقی دابوون.

بۆ ئەو مەبەستەش لەدوای ئۆپەراسیۆنی تەق تەق، لە کۆتایی مانگی ئاب پلانێکی تۆکمەی داڕشت بۆ ئازاد کردنی دێگەڵە، بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنەش داوا لە تیپەکانی (٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوغ، ٩٠ی باواجی، ٩١ی سەفین، ٩٣ی کۆیە و ٨٣ی هەورێ)کرا، تا ئامادە بن بۆ ئەو ئۆپەراسیونە، دوای ئەوەی تیپ و کەرتەکان کۆ کرانەوە وبە پێی پێویستی خاڵە دەستنیشانکراوەکان دابەش کران،١٩٨٧/٩/٤ دەستمان کرد بە جوڵە و هێرشمان دەست پێ کرد، تیپی ٨٥ی بەرانەتی کە لە دوای عەلی مەسیفییەوە (ئاسۆ ئەڵمانی) کرایە جێگری فەرماندەی تیپ، یەکێک لەو قەڵا سەخت و دژوارانەی پێ سپێردرا کە بارەگای فەوجی ١٥٦ی جاشەکانی لێ بوو.

بەڵام کەرتەکەی ئێمە لەگەڵ تیپی بەڕانەتی نەبوو، لەگەڵ دوو کەرتی تیپی ٩١ی سەفین بووین بۆ گرتنی ڕەبایەی سەرشاخی دێگەڵە کە لە گوندی عەلیاواوە دەهاتی.

لە ماوەیەکی کەمدا سەرکەوتن ڕاگەیێندرا و دوژمن زیاتر لە ١٥٠ سەرباز و جاش و جەیشی لێ کوژرا و دەستگیرا، زیاتر لە ٢٠٠ پارچە چەک و دە سەیارە و چەندین سندوق فیشەک دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بوو..

لەو ئۆپەراسیونەشدا پێشمەرگە سێ شەهیدی هەبوو بەناوەکانی (ئیسماعیل ونکەیی، حەسەن ئیسماعیل بانی مارانی و مامە ڕەش) لەگەڵ شەش بریندار‌دا.

ئەو ئۆپەراسیۆنە سەرکەوتنێکی گەورە و مەزن بوو بۆهێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەو سەرکەوتنە یەک بەدوایەکانەش ترسێکی زۆریان خستبووە دڵی هێزەکانی حکومەتی عێراقییەوە، سەربازەکان و جاشەکانی سنورەکە هەموویان لەترس و لەرز و دڵە ڕاوکێدا بوون، ئەم ترسەش بە جۆرێک پەرەی سەند کە هەندێک لە فەوجەکانی دەربەندی گۆمەسپان، بە نوێنەرێکیاندا پەیامیان بۆ دەناردین و دەیانگوت: «تەقەمان لێ مەکەن، چیتان دەوێت بۆتان دەکەین»

ئێمەش ئەوەمان بەهەل دەزانی، چونکە یەکێتی هەمیشە سروشتێکی ئاشتی خوازانەی هەبووە و هەرگیز پێی خۆش نەبووە لە هاو زمان و هاو خوێنەکانی خۆی بکوژێت و لەگەڵیاندا لە جەنگدا بێت، ئێمە دەمانویست لەگەڵ مەفرەزە کوردییەکان (ئەفواج دیفاع وەتەنی )دا زیاتر لێک تێبگەین، کارێک بکەین لە جێگەی دژایەتی کردن هاوکاریمان بکەن. ئێمە ئەو ئەزموونەمان پێشتر لە مەسیف تاقی کردبۆوە و تارادەیەکی زۆر سەرکەوتووش بووین. چونکە هەمیشە لەڕێگەی ئەوانەوە ئاگاداری هێرش و هەر جموجۆڵێکی سەربازی هێزەکانی حکومەتی عێراق بووین.

ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ئامانج پوچەڵ کردنەوەی مەرامی گڵاوی حکومەتی عێراقی بوو. رژێمی بەعس دەیویست شەڕەکە بە خودی کورد بکات و بەهەر بارێکدا بێت لە نەوە و ڕەچەڵەکی کورد ببڕێتەوە. بۆیە هەر زوو پەیامەکانیانمان دەگەیاندە (تەحسین کاوانی و ئاسۆ ئەڵمانی) و ئامادە کاریمان دەکرد بۆ گفتو گۆکردن لە نێوانیاندا، هەمیشە مەرجی ڕێککەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئەوە بوو کە فەوجەکانی ئەوان دوای نیوەڕۆ بنکەو بارەگاکانیان چۆڵ بکەن و پێشمەرگە شوێنیان بگرێتەوە و هەر ڕۆژە و کەرتێک لەجێگەی ئەوان بازگە دابنێ. یەکێکی تر لە مەرجەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گواستنەوەی چەک و پارە و فیشەک و هەر پێداویستییەکی تری تایبەت بە پێشمەرگەبوو بە ئازادانە.

بەم جۆرەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، پلانی نوێ بە سەرکەوتوویی بە کۆتا گەیشت و دێگەڵەش ئازاد کرا، بەڵام دوای کۆتا هاتنی ئەو چالاکییە، هاتینەوە سنورەکانی خۆمان و گوندەکانی خۆمان.

## شەڕی سماقوڵی

لە ناوەڕاستی هاویندا دوای ئەوەی حکومەتی عێراق هیرانی چۆڵ کرد، کاک کۆسرەت هێزێکی گەورەی ڕێکخست بۆهیران، بەڵام ئەو هێزەی کە گەیشتنە هیران پەیامیان بۆ کاک کۆسرەت نارد و ئاگاداریان کردەوە لەوەی حکومەتی عێراقی پلانی هێرشێکی گەورەی بۆ سەر سماقوڵی داڕشتووە.

لەگەڵ سێ پێشمەرگە بە ناوەکانی (خورشید گراوی، حاتەم کیمیا و کاک عومەر مەولان) لە ڕۆژئاوای مەسیفەوە دەگەڕاینەوە، جگە لە پێشمەرگەکان ( فەرهاد محێدین، ئیسماعیل قادر قەسەلی، وەستا شاکر، مەلا ڕەسوڵ و...) کۆمەڵێکی تریش کە لە ڕێکخستنەکانی یەکێتدا بوون و کۆمکردبوونەوە، بە چەکەوە لەگەڵمان هاتن.

هێزێکی زۆر لەجادەی (مەسیف- شەقڵاوە)بڵاوەیان پێکرا بوو، بۆیە ئێمە لەپشتەوە لەگوندی زێبارۆک و ناوکەندانەوە بۆیان هاتین و لەگوندی حوجران لێمان دان، لەو لێدانەدا زیانێکی زۆرمان پێ گەیاندن و دووسەیارەمان سوتاندن. ئێمە سەرەتا تەنیا بۆ سەرلێشێواندن و پەرت بوونیان چووین و زیاتریش لەو ئامانجەی دامان نابوو پێکامان. وێڕای ئەو زیانە زۆرەی لێمان دابوون، دوای پەرش و بڵاو بوونەوەی هێزەکانیان، هەندێکیان هەڵهاتن بۆ مەسیف. بە هەر جۆرێک بوو توانیمان ئەو بەرنامانە پوچەڵ بکەینەوە کە ئەوان دایان نابوو، دوای ئەو چالاکییەش برادەرانی ڕێکخستنم ناردەوە بۆ سەر ماڵ و ژیانی ئاسایی خۆیان. خۆشمان لەکاتی گەڕانەوەدا لەسەر کەندی خەیلانیان برادەرێکی شیوعیمان بینی ناوی مەعروف بوو، گووتمان: «شارەزای ڕێی سیساوایت؟»

گووتی: «من شارەزامە»

گووتم: «وەرە با ئەمشەو بپەڕینەوە» هەر زوو وەک ڕێنیشاندەرێک ڕەزامەندی خۆی دەربڕی لە گوندی باسترمەوە ئێمەی پەڕاندەوە بۆ سیساوا و لەوێشەوە بۆ گوندەکانی گەرەوان و بەرەکە و کەوەرتیان و کاموسەک و نازەنین. کاتێک گەیشتینە سماقوڵی هێشتا شەڕەکە کۆتایی نەهاتبوو، کاک کۆسرەت دەست خۆشی لێ کردین.

ئێمە لە گفتوگۆدا بووین و لەسەر شاخی بنە باوی (موهەندیس دەشتی) شەهید بوو، هەفتەیەک بوو هاوسەرگیری کردبوو، هەرچەندە کەس ڕەزامەندی لەسەر ئەو هاتنەی موهەندیس نەبوو، بەڵام ئەو وەک هەر پێشمەرگەیەکی تر پێی شەرم بوو شەڕ بێت و بەشداری نەکات. بۆیە خێزانەکەی لە ناوچەی ئازادکراو بەجێ هێشتبوو، خۆشی هاتبوو بۆ شەڕ، چونکە لەو سەردەمەدا خۆشەویستی نیشتیمان لە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی کەسییەوە بوو، نەک هەر هێندە، بەڵکو ئامادەی هەر قوربانییەک بووین و شەهید بوون لەو پێناوەدا ئەوپەڕی شانازی بوو.

حکومەتی عێراق نەیتوانی لەو سنورانە بە ئامانجی خۆی بگات، بۆیە دوای

شەڕێکی قورس لە ناوچەی کانی ماسی، بەخێرایی هێزەکانی کشاندەوە و کۆمەڵێک شتی زۆریان لە پاش بە جێما، کە بریتی بوون لە (دوو بۆ سێ سەیارەی سەربازی و هەندێک جێی فیشەک و خواردنی لە قووتوو نراو و زۆر شتی تر).

دوای ئەو نەبەردییەی پێشمەرگە کە لەماوەی دوانزە ڕۆژی شەڕکردندا لە سماقوڵی نواندیان، ورەی مەڵبەند زۆر بەرزبۆوە و لەبەرامبەردا حکومەت ترسێکی زۆر خراپی لێ نیشت.

## شەهید بوونی ئازیزێکی تر
## (شەهید سەنگەر)

سەنگەر ناوی تەواوی (عوسمان محەمەد ڕسوڵ) بوو، فەرمەماندەی کەرتی چواری تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو، دەمەودەمی خۆرئاوابوون بۆ دابین کردنی هەندێک پێداویستی بارەگاکەی، بە سەیارە ڕێۆ سەربازییەکەی کەرت دەچێتە گوندی هەنارە، چونکە لەو سەردەمەدا خەڵکی گوندی هەنارە زۆرینەیان لە دۆستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون و بەشێکیشیان هێزی پشتگیری[٤٦] بوون، زۆر پەرۆش بوون و بە تەنگ داواکارییەکانی پێشمەرگەوە دەهاتن، ئەو پێشمەرگانەی لە سنورەکەش بوون، بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانیان سەردانی گوندی هەنارە و گوندەکانی دەوری هەنارەیان دەکرد و هەرچیان بویستایە، لەڕێگەی خەڵکی ئەو گوندانەوە بۆیان دابین دەکرا، ئەو چوونەی سەنگەریش هاوکات دەبێت لە گەڵ چوونی کاک (بورهان) فەرماندەی کەرتی سێ و مەفرەزەکەی بۆ هەمان شوێن. کەسیان لە چوونی ئەوی تریان ئاگادار نابن، بەو پێیەی بارەگاکانمان لێکەوە دوور بوو، بەکاری زۆر پێویست نەبوایە نەماندەتوانی یەکتری ئاگادار بکەینەوە.

سەنگەر دوای پەیداکردنی پێداویستییەکانیان، دەیەوێت بەرەو بارەگاکەی خۆی بگەڕێتەوە، لەهەمان کاتدا کاک بورهان و مەفرەزەکەی بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە

٤٦. هێزی پشتگیری: بەو گوندنشینانە دەگوترا کە لە سنوری ناوچە ئازاد کراوەکاندا چەکدار بوون، بەڵام بە فەرمی لە هیچ یەکەیەکی پێشمەرگەدا نەبوون، لە هەر هێرشێک بۆسەر گوندەکەیان یان ناوچەکەیان شان بەشانی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد و ملکەچی فەرمانە سەربازیەکانیان دەبوون، کاتێکیش مەترسی نەدەما، دەگەڕانەوە سەر کارەکانیان.

دێن بەرەو گوندی هەنارە، هەریەکەیان بە دیوێکی گردێکی سەر ڕێگەی بەستۆرەدا سەردەکەون، تا هەر دووکیان نەگەنە ترۆپکی گردەکە یەکتری نابینن.

لە ساتی ئەو یەکتر بینینەدا هەردوولایان دەشڵەژێن و هەریەکەیان پێی وایە ئەو سەیارەیەی بەرەو ڕووی دێت سەربازی حکومەتی عێراقە، بۆیە کاک هەرێمی کەمال ئاغا کە ماوەیەک بوو ببووە پێشمەرگە، کاتێک لە ناکاودا چاوی دەکەوێتە سەر سەیارە سەربازییەکەی سەنگەر. تەقەی لێ دەکات و دەیپێکێت، یەکەمین گولە بەر ناوچەوانی دەکەوێت و بە برینداری دەبرێتە سماقوڵی، لەگەڵ بیستنی هەواڵەکەدا بەرەو سماقوڵی بەڕێ کەوتین. کاتێک گەیشتین و دۆخەکەمان بینی، ئەو هێشتا هەناسەی دەکێشا. بەڵام ئیتر هیچ چارێکی نەبوو، بۆیە ناردمان بە دوای خانەوادەکەیدا کە لە خۆران دادەنیشتن، بەڵام بەداخەوە تا ئەوان گەیشتن، سەنگەر شەهید بوو.

دوای بەخاک سپاردنی شەهید سەنگەر لە تەنیشت هاو خەباتان و هاوڕێیانییەوە شەهیدان عەلی مەسیفی و سامان لە زیارەت، تەواوی ڕووداوەکەمان لە خێزانەکەیی و خانەوادەکەی گەیاند و پێم گووتن: «ئەگەر ئەو ڕووداوە بەمەبەست بوایە، خۆم تۆڵەم دەکردەوە و بەدوایدا دەچووم»

لەڕاستیشدا هەر وابوو، بەدواداچوونی وردم بۆ ڕووداوەکە کرد، بەڵام هەم پێشمەرگەکانی خۆمان و هەم لە پێشمەرگەکانی کەرتەکەی کاک بورهان هەمان وەڵامی منیان دایەوە و بە هەمان شێوە ڕووداوەکەیان گێڕایەوە.

ڕوودانی ئەو ڕووداوە لەکاتێکدا بوو فەرمان لە سەرەوە کرابوو، بۆهەر حاڵەتێکی خوازراو یان نەخوازراو کە ڕوو دەدات، بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست، دەبێت بکوژ بکوژرێتەوە، ئەو بڕیارە بەسەر چەند پێشمەرگەیەکیشدا جێبەجێ کرا، بۆیە هەر زوو کاک کۆسرەت فەرمانی دەسگیر کردن و لێکۆڵینەوەی بۆ کاک هەرێمی کەمال ئاغا دەرکرد.

هەرێمی کەمال ئاغایان دەستگیرکرد و گواستیانەوە بۆ بالیسان بۆلای (بەهرام خۆشناو) کە بەڕێوەبەری سجن بوو لە گوندی خەتێ.

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، هەمیشە لە هەوڵدا بووم و بۆ ئەو مەبەستە چوومە حوجران وناردم بەدوای باوکی شەهید سەنگەردا، کە ئەوکات لە مەسیف دادەنیشتن. باوکی کاک سەنگەر پیرە مێردێکی کەنەفتی دڵ پڕ لە ئاهو حەسرەتی چاوەڕوانی و بێ ئوومێد لە دیداری جگەرگۆشەکەیدا، بە ڕیشێکی

سپی و دوو چاوی کز و بێ تینەوە، گوێی لەمن گرتبوو، هەر یەک لە وشەکانی منیش چرچێکیان لە ڕوخساریدا زیاد دەکرد، بەڵام دوای بیستنی ڕاستییەکان و تێگەیشتن لەوەی کە ئەو ڕووداوە هیچ مەبەست و ڕقێکی لە پشتەوە نەبووە، دڵە میهرەبانەکەی نەرم بوو، تا دڵی دایک و باوکێکی تر وەکو خۆی نەبێت بە ئاو، بۆیە ڕەزامەندی ئازادی بۆ بکوژەکەی سەنگەری کوڕی دا، ئەو هەڵوێستە مەردانەیەی ئەو لە کات و ساتێکدا بوو، کە ئەنجامی بڕیارەکە زۆر نزیک بوو لە جێبەجێ کردنەوە.

دوای ڕەزامەندی دانی بردم بۆلای کاک کۆسرەت، کاک کۆسرەت زۆر ڕێزی لە خۆی و لە بڕیارەکەشی گرت. مام محەمەدی باوکی شەهید سەنگەر بە سۆزەوە دەگریاو دەدوا، بەدەنگێکی پڕ لە تاسە و حەسرەتەوە بە کاک کۆسرەتی گوت: «ئەو کوڕە لۆمە، نە سجنی بکەن، نە بیکوژن، لە بەر ئەوەی جەمال (مەبەستی من بوو) هەموو شتەکانی لۆ گێڕایمەوە و پێگوتیمە، ئەگەر بە ئەنقەست با خۆم دەمکوشتەوە، لەبەر هەندێ من هیچم لەبەر دڵ نیە».

کاک کۆسرەت گووتی: «ئەوە بڕیاری کاک نەوشیروانە»

مام محەمەد گووتی: «جیازێکی لۆ بکەن و پێی برێن بابی سەنگەر لێرەیە و وا دەرێ».

داواکەی مام محەمەد قبوڵ کرا و کاک هەرێم ئازاد کرا، بەڵام مام محەمەد بەدڵێکی شکاو و بە دووچاوی تەڕی پڕ لە ئەسرینەوە بەڕێ کرایەوە بۆ مەسیف.

لەدوای شەهید بوونی شەهید سەنگەرەوە جارێکی تر کەرتەکە ڕێکخرایەوە و کاک تەحسین بوو بە سەرتیپ و کاک ئاسۆ بوو بە جێگری تیپ، ( شکور بایز) بوو بە ڕابەر سیاسیمان و (بێستون) کە ناوی عومەر بوو، بوو بە بەرپرسی ڕێکخستنی کۆمەڵە. کاک ئاسۆ و کاک تەحسین، پێیان گووتم: «لە بەر ئەوەی کەرتەکەی ئێنگۆ هەموو زیاتر خزم و کەسی یەکن، خەرکی مەنتیقەینە. عەزدەکەین ئەتوو سەرپەرشتیان بکەیت وەک فەرماندەی کەرت».

گووتم: «من خەریکی ئیش وکاری حیزبایەتی ئەولایمە»

گووتیان: «قەیناکە ئەو ئیشەش لەپاڵ ئەو ئیشە بکە»، داواکەی ئەوانم ڕەت نەکردەوە و بووم بە فەرماندەی کەرت.

# بارودۆخی گوندەکان

ساڵی ١٩٨٧نـەک تەنیا بۆ پێشمەرگە، بەڵکۆ بۆ سەرجەم گوندنشینەکان و بە تایبەت ئەو گوندانەی ناوچەی ئازادکراو بوون و لە سنوری هێزەکانی پێشمەرگەدا بوون، پڕ لە دەردەسەری و نەهامەتی بوو، وێڕای بۆردوومان و هێرش کردنە سەر ئەو گوندانە، حکومەتی عێراق ناچاری کردن گوندەکانیان بە جێ بێڵن و ڕوبکەنە ئۆردووگا زۆرەملێکان، یان ڕووبکەنە شارەکان.

حکومەتی عێراقی لە سەرەتای هاوینەوە، پلانێکی دوورمـەودای بۆ سەرجەم گوندەکان و شارەکان دانابوو، بە جۆرێک هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێی دەکردن و ڕۆژ بەڕۆژ بڕیاری نوێی لە دژی کورد و گوند نیشنەکان و پێشمەرگە دەردەکرد، ئەو دەیویست، تەواوی ناوچە کورد نشینەکان (تەعریب و تەبعیس)بکات، کورد بتوێنێتەوە و لە ڕیشەوە بیانسڕێتەوە، هەرچەندە درێخی نەدەکرد لە جێبەجێ کردنی بڕیارە شوم و نابەجێکانیدا، بەڵام هێشتا نەیتوانی بەمەرامەکانی بگات.

یەکێک لەو بڕیارانەی کە دابووی دوای چۆڵ کردنی زۆرینەی گوندەکان، هەر کەسێک لە سنووری هەرگوندێک ببینرایە یان بگیرایە حکومەت فەرمانی کوشتن و لە سێدارەدانی بۆ دەردەکرد.

حکومەت بەپێی بڕیارێک ئابڵوقەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خستە سەر هەموو ئەو گوندانەی کە پێشمەرگەی لێ بوو، بـەوەش جگە لە قەدەغەی هاوردەکردنی خواردەمەنی بۆ پێشمەرگە، هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی گوندەکاندا پچڕاند. هەندێکی زۆری لەگوندەکان سووتاند و تەفاندەوە و خەڵکەکەی بەرەو ئۆردووگا زۆرە ملێکان ڕاگوێزا. تا نەبنە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە. هەموو ئەم کارانەشی لە پێناوی ئەوەدا بوو کە سەرجەم دەرگاکان بە ڕووی پێشمەرگەدا دابخات و سنوورەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە بە تەواوەتی بەرتەسک بکاتەوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێکخستنەکانمان لە سنوری مەسیف و دەورووبـەری زۆر باش بوون و هەمیشە بە تەنگ پێشمەرگەوە بوون، زۆر باکمان بەو کاردانەوانەی حکومەت نەبوو. گەرچی بێ کاریگەریش نەبوو. چونکە ئەوکاردانەوانە ببووە هۆی نەمانی پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە. ئەو گوندانەی سنووری ئێمە کە چۆڵ

کرابوون بریتی بوون لە گوندەکانی (زیارەت، خۆران، قەلاتسنج، قرژە، سارتکە، حاجی ئەحمەد، عەلاوە و سورەبان) لە ڕۆژئاوای مەسیفیشەوە بریتی بوون لە گوندەکانی (ئاژگە، زڕگوز، زیارەت، هۆبەی هەرکییەکان، گڕاو و گەریاوە).

بەڵام ئەو جێگایانەی کە هێزەکانی خۆیانیان لێ مۆڵ دابوو، نزیک بوون لە جادەی سەرەکییەوە. چۆڵ نەکرا بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە (ئۆردوگای بەستۆڕە، گوندی کۆڕێ، هەردوو گوندەکەی ئارمەوان و گوندی حوجران). ئەم گوندانە کەوتبوونە سەر جادەی سەرەکی نێوان مەسیف و شەقلاوە.

تا دەهات ئابڵوقەکە زیاتر دەبوو، ئاگاداری بەشێکی زۆری گوندەکانی (دەشتی هەولێر، ناوچەی مرکێ، شەمامک، قەراج و کەندێناوا) کرا تا گوندەکانیان چۆڵ بکەن.

جگە لەو کارانەش، زۆربەی زۆری سنورەکانی مین ڕێژ کرد، بە تایبەت ناوچەکانی شارباژێڕ و پێنجوێن، چونکە ئەو ناوچانە هاوسنوری وڵاتی ئێران بوون، بەڵام هەندێک جار پێشمەرگە بە نەزانی دەکەوتنە ناو ئەو کێڵگە مین ڕێژکراوانەوە و هەنێکیان گیانیان لەدەست دەدا و هەندێکیش تا کۆتایی تەمەنی دەبوو بە کەم ئەندامی بمێنێتەوە، چونکە گەرنەشی کوشتایە یەکێک لە پەلەکانی دەپەڕاند، یاخود نابینای دەکردن، بە پێی جۆری مینەکە و ئەو دۆخەی کارەساتەکەی تێدا ڕوو دەدا.

لەهەندێک شوێن بە ئەندازەی تۆو چاندێکی گەنم و جۆ مین بەسەر زەوییەکاندا تۆوکرا بوو، هەندێک لەو مین و لوغمانە هەر بەڕونی و ئاشکرا بەسەر زەوییەکەوە دیار بوون، هەندێکیش لەمینەکان لە ژێر زەویدا شاردراوە بوون.

سەدام حسێن و دارو دەستەکەی بەرنامەیەکی تۆکمەیان دانا بوو، دوای قۆناغی یەکەم کە چۆڵ کردنی گوندەکان بوو، دەست بکەن بە هەنگاوی دووەم بۆ شارو و شارۆچکەکان. نمونەی ئەوەشمان بینی کە چۆن قەڵادزێی لە قەزایەکی کۆنەوە گواستەوە بۆ کۆمەڵێک ئۆردووگا، لەوانە (سەنگەسەر، تووەسوران و ژاراوە) کە هەموویان ئۆردووگای گەورە بوون و کاتی خۆی گوندەکانی سەرسنوری ڕاگواستبووە ئەو شوێنانەوە، جارێکی تر تێکیدانەوە و ڕایگواستنەوە بەرەو ئەو ئۆردووگا تازانەی لە حاجیاوا دروستی کردبوون.

جگە لەوانە لەبەرنامەیدا بوو کۆیە بەو هەموو گەورەییەوە کە هەژماری گوندێکی بۆ دەکرد، لەگەڵ ڕانییەدا بیان گوێزێتەوە بۆ سنورێکی پارێزراوی ژێردەستی خۆی. تا کوردەکان نەتوانن هیچ پاڵپشتیەک لە شۆڕش بکەن.

ئەو دەیویست سلێمانی و هەولێرو دهۆکیش وەک کەرکوک تەعریب بکات و بەرەو ڕەوشێکی نادیاری ببات و ناوی نەمێنێت. بەڵام خۆشبەختانە نەیتوانی پلانە گڵاوەکانی جێبەجێ بکات و دوای ڕاپەڕین سەرجەم ئەو گوندانەش کە چۆڵ کرابوون ئاوەدان کرانەوە.

## تا داگیرکەر هەبێ
## پلان دانان بۆ ئازادی بەردەوامە

بە تێپەڕینی هەر ڕۆژێک، دەبوو چاوەڕوانی لەدەستدانی ئازیزێک بکەین، ئەو ئازارە ببووە بەشێک لە ئێمە، هەرچەند لە دڵدا کەس جێگەی کەس پڕ ناکاتەوە، بەڵام لەدوای لەدەست دانی هەر ئازیزێک دەبوو بە ناچاری جێگەکەی بە پێشمەرگەیەکی دیکە پڕ بکەینەوە، لە دوای لە دەستدانی عەلی مەسیفییەوە کەرتەکەمان ناونا (کەرتی چواری شەهید عەلی مەسیفی) لەدوای شەهید بوونی(شەهید سەنگەر)یشەوە، جارێکی تر گۆڕانکاری لە کەرتەکەماندا کراو بەم جۆرە بەرپرسیارتییەکان دابەش کرانەوە.

من بوومە فەرماندەی (کەرتی چواری شەهیدعلی مەسیفی)، محەمەد گاینجی بوو بە (جێگری کەرت) هەروەها فەرماندەی مەفرەزەکانیشم بریتی بوون لە (کەمالی برام) و(نەجیم کە نازناوی پیرۆت)بوو، (کەمال جەوهەر_نازناوی ڕێبوار)بوو. هەموو مەفرەزەکانی سنوری کەرتەکەم جگە لەکاتی ئەنجامدانی هەندێک چالاکی، هەمیشە پێکەوە بووین، بەڵام لەکاتی پێویستیدا بۆ هەرمەفرەزەیەک شوێنێکی تایبەتیم دیاری دەکرد. بەشی زۆری ئەو چالاکیانەی کە دەکرا کەرتەکە هەمووی پێکەوە بوون، سنوری مەفرەزەکەی کاک پیرۆت ناوچەی (دۆڵی هەنارە) بوو، سنوری مەفرەزەکەی کەمالی برام ناوچەی (مەسیف) بوو، هەروەها سنوری مەفرەزەکەی ڕێبوار ناوچەی (باشووری مەسیف) بوو.

لەدوای شەهید بوونی شەهید عەلی مەسیفییەوە من و کەمالی برام ڕەچاوی ئەوەمان نەدەکرد کە پێکەوە نەچین بۆ شەڕ، لەبەر ئەوەی من ببوومە فەرماندەی کەرت، دەبوو لەگەڵی بم، بەڵام بە پێی گونجاندنی بارودۆخەکە هەندێک کات ئەو دەچوو، هەندێک کات من دەچووم، هەندێک کاتیش پێکەوە دەچووین.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧وەک کاردانەوەیەک دژی ئەو هەموو زوڵم و زۆر و نادادییەی دەرهەق بە گوندنشینەکان و پێشمەرگە دەکرا، کاک کۆسرەت هێزێکی زۆری کۆکردەوە، بۆ سەر ناوچە عەرەب نشینەکانی (گوێڕ)کە هەموویان نەتەوەی عەرەب بوون وهاتبوونە گوندە چۆڵکراوەکانی کوردستان و چەکداری حکومەتی عێراقی بوون.

لەو هێرشەدا لەسەر فەرمانی کاک کۆسرەت کاک محەمەد گاینجی لە شوێنی من چوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە لە تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ و کۆمەڵێک پێشمەرگەی لەگەڵ هێزەکەی خۆیدا برد.

ئەو چالاکییە بەجۆرێک گەورە بوو، دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و حکومەتی عێراقی تووشی شۆک کرد. چونکە ئەو پێی وابوو بە ڕاگواستنی گوندەکان و گرتنەوەی ناوچە ئازاد کراوەکان و ئەو ئابڵوقەی لەسەر هێزی پێشمەرگە دایناوە، پەلوپۆی هێزی پێشمەرگەی لە بێخەوە دەرکێشاوە، بەڵام ئەوە وەڵامێک بوو بۆ ئەوەی پێی بڵێین هەرگیز چۆک دانادەین.

ئەو ناوچەی چالاکییەکەی لێ ئەنجام درا. زۆر دوور بوو، هیچ کات دەستی پێشمەرگەی پێ نەگەیشتبوو، بەڵام مەڵبەندی سێی هەولێر بە سەرکردایەتی کاک کۆسرەت توانی زەبرێکی ئەوەندە کوشندەیان لێ بدات کە گوندەکانی تریشی پێوە چاوترسێن بن.

جگە لەوەی ڕۆژ بەڕۆژ، پێشمەرگە بە هێز و ورەیەکی زۆرەوە چالاکی دەکرد، لە ڕووی ژمارەشەوە ڕوو لە زیاد بوون بوو، هەربۆیە حکومەتی عێراقیش ئەوەندەی پێی بکرایە هەوڵی بەرتەسک کردنەوەی سنورەکانی پێشمەرگەی دەدا.

## گرتنی فەوجی غازی بەگ لە مەسیف
## لە مانگی ١٩٨٧/١٢

کاک کۆسرەت ئامادەکاری کردبوو بۆ (گرتنی فەوجی غازی بەگ)، بەڵام تاکە لەمپەری بەردەم ئەنجام دانی ئەو چالاکییە، دابین کردنی خۆراک بوو بۆ ئەو ژمارە زۆرە پێشمەرگەی کە دەبوو لەو چالاکییەدا بەشداری بکەن، بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا ناردی بەشوێن مندا و پلانەکەی بۆ ڕوون کردمەوە و داوای لێکردم دڵنیای بکەمەوە

له دابین کردنی خۆراک بۆ پێشمەرگەکان، منیش بە پشت بەستن بە ڕێکخستەکانی مەسیف، کە هەمیشە هاوکار و پشتیوان بوون، دڵنیام کردەوە لە دابینی کردنی خواردن بۆ سەرجەم پێشمەرگەکان و هەر واشم کرد، بۆم دابین کردن.

دوای کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هەردوو تیپی ( ٨٥ی بەڕانەتی و ٩١ی سەفین) تیپی ٩١ی سەفین بە دیوی (مەسیف_هەولێر)دا بەڕێ کەوتن، تیپی بەرانەتیش بە هەمان ڕێگەدا سەرکەوتن. خاڵی یەک گرتنەوەی تیپەکان گوندی (زیارەتی مەلازادان)ی مەسیف بوو.

من لەگەڵ ئەواندا نەڕۆیشتم، بەڵکو بە مەبەستی ئامادەکاری خۆراک بۆ پێشمەرگە، بە دیوی تەوسکەدا ڕۆیشتم و لەوێشەوە بۆئارمەوان، شەو گەیشتمە ماڵی (تەحسین زرگوزی) کە یەکێک بوو لەو کوڕە چاونەترس و ئازایانەی هەمیشە پشتمان پێ دەبەست. کاتێک گەیشتین، بابەتەکەم تێگەیاند و پێم گووت: «بەیانی زوو بچۆرە مەسیف، مەلا ڕەسوڵ بدۆزەرەوە، لەگەڵ برادەران خواردنی زیاد لە دووسەد کەسمان بۆ دابین بکە، دواتر لە زیارەت چاوەڕێتان دەکەم». ئەو داواکارییەی من لە دۆخێکی زۆر سەختدا بوو، چونکە بەگشتی وەک پێشتر باسم کرد زۆرینەی گوندەکان چۆڵ کرابوون. کۆپتەر بەردەوام دەگەڕا وهەرکەسێک یان هەر ئاژەڵێکیان ببینیایە، لێیان دەدا و دەیان کوشت و دەستیان لە هیچ نەدەپاراست.

بەگشتی پێشمەرگەکان لە زیارەتی مەلازادان بەسەر مزگەوتەکە و ئەو ماڵانەدا دابەش ببوون کە هێشتا حکومەت تێکی نەدابوون. وەک هەمیشە کاک کۆسرەت منی ڕادەسپارد بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان. لەم چالاکییەشدا. دوای وەرگرتنی زانیاری ورد لە لایەن مەلا ڕەسوڵەوە و بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بۆی پەیدا کردبووین، دەمانزانی کامە ڕەبایە بەتاڵە و کامە ڕەبایە خەڵکی تێدایە، لەسەر ڕێگاکەمان ڕەبایەیەکی ئاوەدان هەبوو، کەپێیان دەگووت: «ڕەبایەی حەوزی ئاوە کەی مەسیف) [٤٧] فەوجی غازی بەگ و ماڵەکانی جەمیل ئاغا و ئەکرەم ئاغای کۆڕێی لێ بوو. کە موستەشار بوون و ماڵیان لە مەسیف بوو.

گرتنی ڕەبایەی (حەوزی ئاوی مەسیف) لە ئەستۆی تیپی ٩١ی سەفیندا بوو. گرتنی ماڵەکانی جەمیل ئاغا و ئەکرەم ئاغای کۆڕێیش کە دەکەوتنە ڕۆژئاوای مەسیفەوە

---

٤٧.حەوزی مەسیف: حەوزێکی گەورە بوو، دەکەوتە باکوری ڕۆژئاوای مەسیفەوە و لە بەرزاییدا بوو، لە بیرەکانی گوندی بانەمان و بیرەکەی نزیک گوندی ئارمەوانەوە ئاویان بۆ هەڵدەدا، دوای ئەوەی ئاوەکەیان پاک دەکردەوە، دابەشیان دەکرد بەسەر مەسیف و سەری ڕەشدا، لە تەنیشتیەوە رەبایەکی لێ بوو پێمان دەگووت رەبایەی حەوزی مەسیف.

و بەرامبەر ماڵەکانی ئێمە لە کۆگێ عەلای، بۆ تیپەکەی ئێمە دانرا، کەتیپی بەڕانەتی بووین.

کاک سەفین کەرتەکانی دابەش کرد بەسەر دوو شوێندا. کەرتێکی بۆ ڕەبایەی حەوزی ئاوەکە دانا و کەرتێکیشیان دەبوو بێنە خوارەوە بۆ فەوجەکەی غازی بەگ، کە لەناو قەسری وەسیدا بوون، چواردەورەکەیان بە گڵ کردبووە شورا.

بەر لە وەی پێشمەرگەکان بەڕێ بکەون، من و فوئادە ڕەش[48] ، کاک ئاسۆ ئەڵمانی، مەلا ڕەسوڵ وعوسمان بانی مارانی پێشتر هاتین بۆ دانانی نەخشەیەک بۆ بەرچاو ڕوونیمان. تا بزانین ئاربیجی و بیکەیسی دەستەی هێرشبردن لەکوێ دابنێین.

بە یادی منداڵیمەوە لەو گەڕەک و کۆڵانە ڕامام کە جێگەی دەیان یادەوەری خۆش و پڕ لە قاقای پێکەنین و دەیان سەرکێشی بوو، جگە لەماڵی باوکم کە لەکۆگێ عەلاوە کۆچیان کردبوو بۆ بادینان[49]. ماڵەکانی تر هەر لەوێ دژیان. سەیرێکی ماڵی جەمالی هاوڕێمم کرد، خانووەکەیان نۆژەن کرابۆوە و بانەکەی کرابوو بە (کۆنکرێت) پێشتر گڵ بوو، گڵۆپێکیان لە دیوی کۆڵانەوە دانابوو، ڕووناکییەکی زۆری دەدا، بۆیە هەر زوو گڵۆپەکەم لێکردەوە و وەک ڕێنیشاندەرێکی شارەزا پێشیان کەوتم .

یەکێک لە مەفرەزەکانمان بۆ دانانی ئاربیجی چووە سەر (فندق عمال)، چوونکە بینایەکی بەرز بوو و دەیڕوانی بەسەر ناو ماڵەکاندا، بەگشتی بە پێی پێویست جێگەی سەرجەم مەفرەزە و هێزەکانمان دەستیشان کرد، لەکاتی گەڕانەوەماندا، پاسەوانەکانی ماڵی جەمیل ئاغا لەڕێگەی ڕۆشنایی (بلاجکتۆر)ەکەی ماڵی مام مستەفاوە ئێمەیان بینی و تەقەیان لێ کردین.

بە جیهاز پەیوندیمان کرد بە کاک سەفینەوە و ئاگادارمان کردەوە لە ئاشکرابوونمان، پێشنیارمان کرد بۆ سەرلێشێواندی پاسەوانەکانی ماڵی جەمیل ئاغا، چالاکییەکە کاتژمێرێک دوابخەین، تا بەلاڕێیاندا بەرین و وابزانن تەنیا چەند پێشمەرگەیەک بووە

---

٤٨. فوئادە ڕەش: فوئادە ڕەش فەرماندەی کەرتی یەک بوو، بارەگاکەی لە سولاوکە بوو، بە خێزانەوە لەوێ دژیان و نۆ منداڵی هەبوو، دوای شەهید بوونی بردیانەوە بۆ زیارەت و لە تەنیشت کاک علی و هاوڕێیانی ترەوە بەخاک سپێردرا. ئەو پیاوێکی زۆر بەڕێز وشۆڕشگێڕو ئازا بوو، هەمیشە پابەند بوو بە بڕیارەکانی حیزبەوە.

٤٩. کۆچکردنی ماڵی باوکم: بە هۆی کوشتنێکی بە هەڵە، ماڵی باوکم لە مەسیفەوە چونە ناوچەی بادینان، لەبەر نەڕژانی خوێنی زیاتر و تەشەنە نەکردنی دوژمنایەتی، ئەگەرچی دواتر باوکم بووە قوربانی ئەو دوژمنایەتیە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە بەتەواوی ئاشت بوینەوە.

و تەواو. چونکە ماوەی نێوان ئێمە و ئەوان زۆر نزیک بوو، بەئاسانی یەکتریمان دەبینی.

بەڵام لەبەر دژواری دۆخەکە و ساردی کەش هەوا، کاک سەفین کاتەکەی دوانەخست و گووتی: «پێشمەرگەکان لە کن ساتری خۆڵەکەن و ڕەشەباکەشی زۆر بەهێزە، ئەوان ناتوانن تا کاتژمێرێکی تر بمێننەوە». بۆیە لەکاتی دیاریکراودا شەڕ دەستی پێکرد.

من و کاک محەمەد گاینجی و فوادە ڕەش پێکەوە لەبەردەم یەکێک لە خانووەکانی مەسیفەوە تەقەمان لە ماڵێکی جەیشی شەعبی دەکرد، فوئادە ڕەش بە چیچکانەوە دانیشتبوو، من و محەمەد گاینجیش لەدوایەوە بە پێوە وەستابووین. لەماوەی چاو تروکاندنێکدا ئاگرێکم بینی لەبەردەمی فوئادە ڕەشەوە بەرز بۆوە، کاک فواد گووتی: « کورە پێمکەوت» لە گەڵ کاک محەمەد لەوێ دوورمان خستەوە و سەیرمان کرد گولەیەک بەر سکی کەوتووە.

دوای کۆتایی هاتنی چالاکییەکە و گرتنی سەرجەم ڕەبایەکانی غازی بەگ کشاینەوە. ئێمە کاک فوئادمان بردە ماڵی ناسیاوێکمان لە لای حەوزی ئاوەکە و هەر بە سەیارەکەی ئەوان کە جۆری (لاند کرۆزەری شلە خەجێ) بوو، کەمالی برام لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا فوئادیان بە زیارەتدا برد بۆ ئاژگە.

بەڵام کاک فوئاد بە هۆی سەختی برینەکەیەوە، توشی خوێن بەربوون بوو، لە هەمان کاتدا لەبەر نەبوونی پزیشک و کاری فریاگوزاری خێرا و پێویست، لە ئاژگە گیانی سپارد.

# پلانی یەکەم چالاکی (١٩٨٨)
# گرتنی سەری ڕەش بوو

یەکێک لە هاوڕێکانم[٥٠] خەڵکی گوندی کۆڕێ بوو، (دار معلمینی) تەواو کردبوو، ببوە مامۆستا، بیستم (عەدەم تەعەروزی جاشایەتی( وەرگرتووە، چەند جارێک بە دۆست و هاوڕێیانیدا پەیامی بۆ ناردم و داوای دەکرد لە جێگەیەک یەکتری ببینین،

٥٠. هاوڕێکەم: بەمەبەست ناوی تەواوی (هاوڕێکەم)م نەنوسیوە لە بەر هەندێک هۆکاری تایبەت.

بەڵام بەو هۆیەوە کە دڵم لێی شکابوو، بەردەوام داواکەییم ڕەت دەکردەوە یان دوام دەخست، کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەو دیدارە، بۆیە هاوڕێیانیش ئەوەیان پێ باش بوو ئەگەر بۆ جارێکیش بووە یەکتری ببینین، تا دڵنیابینەوە و بزانین چ کارێکی گرنگی بەمن هەیە.

دواجار داواکەی هاوڕێیانم قبوڵ کرد و بە مەبەستی ئەو دیدارە چوومە ماڵی براکەی لە کۆڕێ. کاتێک لەگەڵ ئەو هاوڕێیەمدا یەکتریمان بینی، گلەییم لێ کرد و گووتم: "دەبا تۆش ئێستا وەک من پێشمەرگە بای، بهاتبای لێرە خزمەتی خەڵک و یەکێتیت کردبا" بەڵام ئەو دوای هێنانەوەی کۆمەڵێک پاساو، مەبەستی دیدارەکەی بۆ ڕوون کردمەوە و گووتی: "ئەگەر هاوکاریم بکەن من دەتوانم چالاکیەکی زۆر گەورە بکەم، چالاکییەک لە هەموو ناوچەکە دەنگ بداتەوە"

منیش گووتم: "چیت پێ دەکرێتن؟"

گووتی: "من دەتوانم سەری ڕەش بگرم"

گووتم: "چۆن و بەرنامەت چییە؟ سەری ڕەش کو دەگیریت؟"

گووتی: "ئێوە بەس پشتگیریم بکەن لەو پێداویستیانەی کە دەمەوێت، من دەتوانم ئاسانکاری بکەم و ئێوە هێز بهێنن وپێکەوە بیگرین"

منیش گووتم: "باشە، وەرە بارەگاکەی خۆم لە گوندی سولاوکە ( کەرتی چوار لە سولاوکە).[٥١]

ئەو هاوڕێیەم لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ هاتن بۆ بارەگاکەمان لە سولاوکە، وەک پێشتر بڕیارمان لێ دابوو، لەوێشەوە بەڕێ کەوتین بۆ سوسێ، لەوێش چووینەماڵی کەمالی برام و دواتریش چووینە لای کاک ئاسۆی جێگری تیپ، کاک ئاسۆم جیاکردەوە و گووتم: «ئەو دوو برادەرە هاتوون بەنیازی کارێکین، خۆت دەزانی بە لێزمە باران دەبارێ، لاندکرۆزەرەکەتمان بدەرێ دەچینە لای کاک کۆسرەت» کاک ئاسۆ ڕەزامەندی دەربڕی و سەیارەکەی پێداین، ئێمەش بەڕێ کەوتین.

---

٥١. دابەشکاری کەرتەکان بە جوگرافیای سنورەکە:
کەرتی یەک لە سولاوکە بوو.کەرتی دووی (عوسمان بانی مارانی) لە نێوان سولاوکە و زیارەتدا بوو، کەرتی سێ لەناو دارۆکان و کەرتی چواری ئێمەش هەر لە سولاوکە بوو لە خانووەکانی (ئیشغال)، دوای تێکدانی چاکمان کردبوونەوە و کردبوومانەوە بە بارەگا، مەڵبەند و کەرتی سێ و خەستەخانە و بەشێکی زۆر لە بنکە و بارەگاکانی ترمان لە سماقوڵی بوو.

هێندەی نەبرد لە نێوان سماقوڵی و سوسێ، لە لای (داری حەمە) سەیارە کوژایەوە. بە هۆی ئەو بارانە بەخوڕەوە کە دەباری، نەماندەتوانی بیخەینەوە کار، بۆیە بە ناچاری لەناو سەیارەکەدا دانیشتین، پاش ماوەیەک ڕوناکی سەیارەیەکمان بینی لە سماقوڵیەوە بەرەو ڕوومان دەهات. گووتمان: «هەرکەسێک بێت تا دەچین و دێینەوە سەیارەکەی لێ وەردەگرین، با ئەو لەناو سەیارەکەی ئێمەدا دابنیشێت».

کاتێک پێک گەیشتین بینیمان چەند کەسێکن. ئەوانەی لە سەیارەکەدا بوون بریتی بوون لە (عومەر مەولان، وەستا شەوکەت و جەمیل حوجرانی) وەستا شەوکەت یەکێک بوو لە ڕیش سپییەکانی گوندی کۆڕێ و لە ڕێکخستنەکانی کاک کۆسرەتدا بوو. پیاوێکی زۆر تێکۆشەر و ئازا و بە وورە بوو.

داوای سەیارەکەم لە مام شەوکەت کرد و گووتم: "سەیارەکەی خۆتمان بدەرێ" بەڵام ئەوان سەیارەکەیان نەداینێ و مام شەوکەت پێی گووتم: " تۆ چەندین شەو بە بەر باران و ڕەهێڵەدا ڕۆیشتوویت، ئەمشەویش برۆ". ئەوان ڕاستیان دەکرد، بەڵام ئەو شەوە من تەنیا نەبووم، بەڵکو دووکەسی دیکەم لەگەڵدا بوو. هەرچەندە لەو ساتەدا زۆر تووڕە بووم، بەڵام دواتر بەخۆمم گووت: "ئەوانیش مافی خۆیانە، ئاخر تا ئێمە دەچینە لای کاک کۆسرەت و دەگەڕێینەوە کاتێکی زۆرمان پێ دەچێت و ئەوانیش زۆر ماتڵ دەبن"، بۆیە هەر دوای ڕۆیشتنی ئەوان، (مەلا ڕەسوڵ و هاوڕێکەم)م لەسەیارەکە دابەزاند و بە پێ بەڕێکەوتین، نزیکی ١٢ی شەو بوو گەیشتینە بارەگاکەی کاک کۆسرەت لە سماقوڵی.

کاتێک هەواڵی کاک کۆسرەتمان پرسی، کاک دارا کە جێگری مەفرەزەی پاسەوانی کاک کۆسرەت بوو. گووتی: "خەوتووە"

گووتم: "دەبێت بانگی بکەیت"

گووتی: "کو بانگی بکەم؟"

گووتم: " ئیشەکەی ئێمە زۆر زەرورە، ئەوانە لە مەسیفەوە هاتوون" ئەویش زۆر بەترسەوە چوو بانگی کاک کۆسرەتی کرد، کاتێک کاک کۆسرەت هاتە دەرەوە و ئێمەی بەو شێوەیە بینی کە هەموو گیانمان لە ئاوهەڵکێشرا بوو گووتی: "حاجی بەو نیوەشەوە چ دەکەی؟ لە چ دەگەڕێی؟"

گووتم: "ئیشەکی زەرور هەیە"
ئێمەی بردە دیوەخانەکەی خۆی، زۆپای داری بۆ هەڵکردین، لە ژووری دانیشتنەکەی خۆی دانیشتین، مەلا ڕەسولی دەناسی، چوونکە پێشتر دوو جار چووبووینە لای، تەنیا هاوڕێکەمم پێناساند و کرۆکی بابەتەکەم تێگەیاند.
گووتی: " زۆر باشە" بە دڵخۆشییەوە دەست خۆشی لە هاوڕێکەم کرد و گووتی: "لەگەڵ حاجی لە پەیوەندی بە، چیت پێویست بوو ئێمە پشتگیری و پشتیوانیت دەکەین" کڵاشنکۆفەکەی کاک دارا و دەمانچە چواردەخۆرەکەی لە من وەرگرت و لەگەڵ هەندێک پارەدا بۆخەرجی دای بە هاوڕێکەم.
دوای گەڕانەوەمان لای کاک کۆسرەت، جارێکی دی چووینەوە ماڵی کەمالی برام و ڕۆژی دواتریش چووینەوە لای کاک ئاسۆ و ناونیشانی شوێنی سەیارەکەیمان پێدا و (هاوڕێکەم و مەلا ڕەسوڵ)م بەڕێکردەوە، خۆشم گەڕامەوە بۆ سولاوکە.
بەردەوام ئێمە لە پەیوەندیدا بووین. جارێکی دی لەگەڵ هاوڕێکەمدا کۆبووینەوە و پێکەوە بەشوێن ڕێگە چارەیەکی گونجاودا دەگەڕاین بۆ ئەنجام دانی ئەو چالاکییە، ئەمەش بەپێی پلانێکی گونجاو و تۆکمە. دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ هاوڕێکەم گووتی: "ئەو فەوجەی ئێستا لەسەری ڕەش دەوام دەکات فەوجەکەی تۆفیق بیرێژیە و لە لایەن شێخ حەمەدەمینی شێخ کاکە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەو فەوجانەش سەر بە جاشەکانی ماڵی شێخ کاکەی هەولێرن کە ناو و ناوبانگێکی زۆریان هەیە و تەکیە و خانەقایان لە هەولێر هەیە.
هاوڕێکەم و جەوهەر بیرێژی هاوڕێی یەکتری بون، بەڵام هەر زوو هاتبوونە کۆڕێ، کاتێک شێخ حەمەدەمین سەرپەرشتی گشت فەوجەکان بە جەوهەر بیرێژی دەسپێرێت، ئەویش داوا لە هاوڕێکەم دەکات کە چەند کەسێک بۆخۆی کۆ بکاتەوە تا سرییەیەکی بۆ دروست بکات.
کاتێک لەو گفتوگۆیەدا هاوڕێکەم باسی لە دروست بوونی سریەکە کرد و گووتی: "من ناتوانم سریە دروست بکەم، چونکە کەس شک نابەم لەگەڵمدا بێت"
گووتم: "ئێمە خەڵکت بۆ پەیدا دەکەین خەمت نەبێت".
دوای گەڕانەوەم لای هاورێکەم، بۆ ئاگاداربوون لە پلان و ڕەوشەکە سەردانی

کاک کۆسرەتم کرد، ئەو هەر زوو هەواڵی ئامادەکاری چالاکییەکەی پرسی و منیش ئەو زانیاریانەی کە پێم بوو، پێم گووت.

بەرلەوەی چالاکییەکە بکەین، هەر لەوێوە بروسکەی کرد بۆ (تیپی قەرە چووغ و دەشتی هەولێر) و لە بروسکە نامەکەدا داوای (١٥٠) پێشمەرگەی کردبوو، بەڵام بەداخەوە ئەوان بە (١٥) پێشمەرگە تێگەیشتبوون، کاتێک پێشمەرگەکان هاتبوون و لە دیوی دێگەڵەش گیریان خواردبوو، نەگەشتبوون بە کاک کۆسرەت. بۆیە ناچار تیپەکانی (کارۆخ و باڵەک و سۆران وهەوری) هێنا بۆ هاوکاری کردنی تیپەکەی ئێمە.

بۆ ئەو مەبەستەش پانزە بیست کەسم وەک ڕێنیشاندەر و شارەزا لەگەڵ خۆمدا هێنا، هەندێکیان لای من پێشمەرگەبوون، هەندێکی تریان لە ڕێکخستنەکانی ناوشاردا بوون. جگە لە کەرتی چوار هیچ کام لە کەرتەکانی تر شارەزایان لەگەڵدا نەبوو.

سەرجەم ئەو پێشمەرگە و ڕێکخستنانەی سەر بەکەرتی چوار بوون، لە دوو شوێنی جیاوازی ماڵی کەمالی برام دامنان، تا کەسیان بە کەسیان نەزانن. ئەوانەی کۆڕێم لەسەرەوە لە ژورێک دانا بوو، ئەوانەی مەسیفیش لە خوارەوە لە ژورێکی تر، کەسیان بە یەکیان نەدەزانی، لە بەر ئەوەی ئەوان لە کاری ڕێکخستندا کاریان دەکرد. نەدەبوو لە یەکتری ئاشکرا بن. کاتێک هێزەکان هاتن، ڕێنیشاندەرەکانم دابەش کرد بەسەریاندا و هەر هێزە و ڕێنیشاندەرێکم لەگەڵیاندا نارد.

بەو هۆیەوە ئەو هێزانەی کاک کۆسرەت بروسکەی بۆ لێدا بوون، نەیانتوانی بوو لە دەروازەی سەرەکییەوە بێنە ژوورەوە و نەگەیشتنە ئەو گازینۆیەی کە بۆ یەکگرتنەوەیان دیاری کرابوو، چالاکییەکە نەکراو گەڕاینەوە. خۆمان ئاشکرا نەکرد، تەنانەت هیچ تەقەیەکیشمان نەکرد، چوونکە تەقە لەدەست ئەو هێزەدا بوو کە دەبوو بگاتە گازینۆکەی سەرەوە و ئەویش نەگەیشت.

لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەشدا کاک کۆسرەت سور بوو لەسەر گرتنی سەری ڕەش. بۆیە دوای گفتوگۆیەکی چڕ توانیم قایلی بکەم تا بە پلانێکی تۆکمەترەوە هەوڵی گرتنی سەری ڕەش بدەین.

# پلانی دووەم بۆ گرتنی سەری ڕەش

کاک کۆسرەتم لە دروستکردنی سریەیەک بۆ هاوڕێکەم ئاگادار کردەوە. داوام لێ کرد دە پێشمەرگەی خۆمان هەڵبژێرین بۆ ئەوەی بچنە ناو سریەکەوە، ئەویش دووان لە گرنگترین ڕەبایەکانیان بۆ وەربگرێت. هەمان بابەتم لەگەڵ کاک ئاسۆدا کردەوە و پێم گووت: «هاوڕێکەم جگە لە برایەکی و مامی، کەسی دیکەی لەگەڵدا نییە، بۆیە دەبێت بە هەر جۆرێک بووە دە پێشمەرگەی بدەینێ»

دوای ئەوەی بە داواکەم قایل بوو، دەبوو دە پێشمەرگە هەڵبژێرین کە نەناسرێنەوە و خەڵکی ناوچەکە نەبن، بۆ ئەو مەبەستە دە پێشمەرگە دیاریکران.

دوای ئەوەی سریەکەی وەرگرت، پەیامم بۆ نارد کە بێتە گوندی قێرژە و خۆشم پێشمەرگەکانم ئامادە کرد و لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگەکانمان کە ئیڤایەکی عەسکەری پێ بوو، پێمان دەگووت: «سەعدی مزۆری» بەرێکەوتین بەرەوگوندی قیرژە، ئەوێ یەکێک بوو لە ناوچە ئازاد کراوەکان و لە دەستی پێشمەرگەدا بوو، کاتێک ئێمە گەیشتین، هاوڕێکەم لەوێ چاوەڕێی دەکردین. دوای ئەوەی پێشمەرگەکانمان پێ سپارد، من و سەعدی گەڕاینەوە، بەدرێژایی ڕێگاکە چەند جارێک پرسی: «ئەو پێشمەرگانە بۆ کوێوە چوون؟ ئەو پیاوە کێ بوو؟» بەڵام هیچ کاتێک وەڵامی دروستی پرسیارەکەیم نەدایەوە، یان بابەتەکەم دەگۆڕی، چونکە ئەوە بابەتێک بوو تەنیا من و کاک ئاسۆ دەمانزانی، بەڵام دواتر کاک ئاسۆ کاک تەحسین کاوانیشی ئاگادار کردەوە.

لەو ماوەیەدا کە پێشمەرگەکان لە ڕەبایەکان مانەوە، نامەیەکی کاک کۆسرەتم بەدەست گەیشت کە بۆ هاوڕێکەمی نوسی بوو، دەبوو بەهەر جۆرێک بووە ئەو نامەیە بگەیەنمە دەستی هاوڕێکەم. بۆیە یەکێک لە پێشمەرگەکانم بانگ کرد بەناوی (پیرۆت) و ناونیشانی دوو ڕەبایەکەی بیرێژم پێداو گووتم: «دەبێت ئەم نامەیە بگەیەنیتە دەست هاوڕێکەم» هەر زوو بەسەر چاوی کرد و ویستی بڕوات، چەند جارێکی تر ناونیشانەکەم بۆ دووبارە کردەوە و گووتم: «دڵنیابم کە دەزانیت کام ڕەبایە دەڵێم؟» ئەو دڵنیای کردمەوە کە دەزانێت هاوڕێکەم لەکام ڕەبایەیە.

بەڵام کاتێک دەڕوات بەهەڵە دەچێتە نزیکی دوو ڕەبایەی ترەوە، ئەوانەی لەو ڕەبایەیەدا بوون دوو برای خەڵکی گوندی خۆران بوون، بەناوەکانی (بەزاز و جەلیل) کوڕی حاجی عەلی مەلا کەریم خۆرانی بوون.

پیرۆت چەند جارێک بانگی هاوڕێکەم دەکات، یەکێک لە براکان وەڵامی دەداتەوە. پیرۆت دەڵێت: «..... لێرەیە؟»

ئەویش دەڵێت:»بەڵێ، لێرەیە وەرە ژوورەوە»

هەرچەندە ئەو زۆر لە پیرۆت دەکات تا بچێتە سەرەوە، بەڵام پیرۆت ناچێت و بەردەوام دەڵێت: «بەو بڵێ بێتە خوارەوە»

ئەم نەچوونەی پیرۆت گومان لای چەکدارەکە دروست دەکات، بۆیە دەست دەکات بە تەقەکردن لێیان و پیرۆت و ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵی دەبێت هەر زوو خۆیان تل دەکەنەوە و خۆیان دەرباز دەکەن.

کاتێک هەواڵ هات و گووتیان: «هەنێک کەس بریندارن و لە ڕەبایەکەوە تەقەیان لێکراوە و ئێستا لەکۆڕێن» هەر زوو لەدڵی خۆمدا گووتم: «ڕەنگە ئەوتەقانە لە پیرۆت کرا بێت» بۆیە هەرزوو چوومە کۆڕێ و ڕاستە و ڕاست بۆلای پیرۆت.

کاتێک بینیم هەموو گیانی بریندارە، وێڕای ئەوەی پێم ناخۆش بوو، بەڵام نەمتوانی زاڵ بم بەسەر تووڕەبوونەکەمدا و زۆر لۆمەم کرد و پێم گوت: «ئیشەکەت لە ئێمە تێکدا، کاک کۆسرەت بەمە بزانێت هەردووکمان سزا دەدات»

کە گەڕامەوە بۆ لای کاک کۆسرەت ڕووداوەکەم بۆ باس کرد، هەرزوو گووتی: «خۆ ئاشکرا نەبوون؟»

گووتم:»نەخێر، چونکە نە چوونەتە ژوورەوە».

کاک کۆسرەت گووتی: «کەوایە هەواڵ بنێرە بۆ هاوڕێکەت تا ئامادەکاری بکەن و لە شەوی ٢٨/٢٧-١ چالاکییەکە ئەنجام دەدەین».

بە مەبەستی ئامادەکاری و دانانی نەخشە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە، چەند جارێک چووین بۆ بینینی سەری ڕەش، تا بە چاوی خۆمان شوێنەکان ببینین وبتوانین نەخشەیەکی گونجاو بۆ سنورەکە بکێشین و خاڵە گرنگ و سەرەکییەکان دەستنیشان بکەین.

جاری یەکەم: مەلا سلێمان و سوارە بێستانە و دەحامی برای فارس باوەم لەگەڵ خۆم برد، ئەوکات (مەلا سلێمان جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و سوارە بێستانە و کاک دەحامییش فەرماندەی کەرت بوون).

بۆئەوەی نە ناسرێنەوە هەریەکە و ناوێکی نوێم لێ نابوون، کاک دەحامم ناو نابوو (هەژار)، سوارە بێستانەم ناو نابوو (هیوا)، مەلا سلێمانیشم ناونابوو(مامە

قاله) مەلا سلێمان لەبەر ئەوەی پێشتر لەتیپی بەڕانەتیدا بوو، ئەو سنورانە زۆر گەڕابوو، خەڵکێکی زۆر دەیناسی. برادەرێکم کاتێک ئێمەی بینی، هاتە تەنیشتم گووتی: «ئەوە مەلا سلێمان نییە؟» برادەرێکی تریش هات هەمان پرسیاری کرد، گووتم: «هەو نیە، بەس زۆر بەو دەچێت، ئەوە مامە قالەیە لە دەشتی هەولێرەوە هاتووە».

جاری دووەم: ئەم جارە من و کەریمە ڕەش و دوو پێشمەرگەی تر بۆ هەمان مەبەست چووین، ئەوشەوە چووینە ماڵی برادەرێک کە لە ڕێکخستنەکانی خۆماندا بوو، ناوی (مەعروف حەمەد قاپ ڕەش) بوو، جگە لە خۆی چەند برایەکی تریشی لە ڕێکخستنەکانی خۆماندا بوون، یەکێک لە براکانیشی کە ناوی (بەکر) بوو، لەشەڕی ئێران- عێراقدا بە هۆی لەدەست دانی قاچێکییەوە باری دەروونی تێکچوو بوو، کاتێک ئێمەی بینی گووتی: «حاجی مەسیفی ئەوە جەلال تاڵەبانی وادەزانێ حوکمی زاتی لە ماڵی ئێمەیە تۆی ناردۆتە ماڵی ئێمە؟»

منیش بۆ دڵ ڕاگرتنی ئەو گووتم: « نا...نا کاک بەکر، هاتووم لێرە پێکەوە حوکمی زاتی وەربگرین» دیار بوو بەو دیدارەی ئێمە دڵخۆش نەبوو، بۆیە گووتی: «لێرە بڕۆنە دەرەوە» ئێمە قسەکانی ئەومان لەدڵ نەدەگرت، چونکە دۆخی ئەومان دەزانی، بەڵام کاک مەعروفی برای ئەو هەڵوێستەی پێ خۆش نەبوو، بەکری بردە دەرەوە و هەندێک قسەی بۆ کرد و ڕازی کرد کە لەوێ بمێنینەوە.

جاری سێهەم: چوار فەرماندەی کەرتم لەگەڵ هاوڕێکەمدا ناردە سەری ڕەش، ئەوانیش بریتی بوون لە (هاشم شەمامکی، فاقە مەخموری، عوسمان بانی مارانی و کەریمە ڕەش)، لەوێ چووبوونە گازینۆکە و لەگەڵ فەرماندەی فەوجێکی عەسکەری بەدەم چا خواردن و جگەرە کێشانەوە کەوتبوونە گفتوگۆ و دەمەتەقێ.

کاتێک فەرماندەی فەوجە عەسکەرییەکە بە هاوڕێکەمی گووتبوو: «ئەمانە کێن؟»

ئەویش گوتبووی: «جاشی منن»

هاشم بەرپرسی کەرت بوو، زۆر ئازاو چاونەترس بوو، لە گەرمەی باس و خواسەکاندا بە هاوڕێکەمی گووتبوو: «با ئەو فەرماندەی فەوجە بەرین» بەڵام هاوڕێکەم لە پێناو تێکنەدانی پلانە گەورەکەدا ڕەزامەندی لەسەر ئەوکارە نەدابوو.

**(شایەنی باسە کە بڵێم هاشم یەکێک بوو لە کادیرە حیزبیەکانی ناوچەی هەولێر،**

**ساڵی ١٩٨٦ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناوچەی شەمامک بوو، لەدواتردا بە پێی دابەشکاری ڕێکخستن، ناوچەی شەمامک درایە بەڕانەتی، کاک شاخەوان داوای لە من کرد و گووتی: «دەبێت بچیت سەرپەرشتی ئەو ناوچەیە بکەیت لە ڕوی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە»**

**منیش داواکەیم قبوڵ کرد و لەگەڵ هاشم دەورەیەکی (جەولەیەکی) ئەو سنورەم کرد. لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ هاشمدا بووم، لەوە تێگەیشتم کە پیاوێکی چەندە حیزبی و چەندە ئازایە، جگە لەوەش ڕێز و خۆشەویستییەکی بێسنوری لە ناوچەکەدا هەبوو، لە هەموو گوندەکان ڕێکخستنی زۆر باشی هەبوو.»)**

دوای ئەوەی لە سەری ڕەشەوە دێنە مەسیف، کوڕە هاوڕێیەکی (هاوڕێکەم) دەبینن بە ناوی (فەرمان هەرکی) ناسراو بە(فەرعۆ هەرکی)، فەرماندەی سریەیە، بە هاوڕێکەم دەڵێت: «خودێ خودێ ئەوانە جاش نین، خودێ ئەوانە پێشمەرگەنە تۆ هێناوتنە مەسیف» بەڵام هاوڕێکەم دان بە ڕاستییەکەدا نانێت و دەڵێت: «ئەوانە جاشن لە هەولێرێ هێناومن».

دوای بینین و دەستنیشان کردنی شوێنەکان. هێزەکانی (تیپی ٩١ی سەفین، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرە چوغ، ٨٥ی بەڕانەتی و تیپی مەڵبەندی سێ) جەنگی فەقیانی سەرتیپ بوو، جەعفەر شێخ مستەفا بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی سێ، هەروەها لە گەڵ مەفرەزەکەی مامۆستا چەتۆی بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، کاک شاخەوانی بەرپرسی ڕێکخراو، کاک مەجید میرخان بە خۆیی و مەفرەزەکەی کە لێپرسراوی سجن بوو لە سماقوڵی گرتک، هەموو کۆبوونەوە و هەرلەوێ هێزەکان بەسەر ناوچەکانی سنورەکەدا دابەش دەکران.

(هێزێک بۆ گازینۆکە، هێزێک بۆ مەرسەدەکە، هێزێک بۆ خانووەکانی سەدام حسێن، هێزێک بۆ فەوجەکە، چەندین هێزی تریش بۆ ڕەبایەکانی دەوروپشتی سەری ڕەش).

جگە لە ڕێبەری هێزەکان. چەند پێشمەرگەیەکم وەک ڕێبەر نارده لای هەریەک لە (کاک لادێ شەقلاوەیی و مامۆستا بەکر) کە ڕەبایەیان بۆ داندرا بوو، (کارزان، فاتیح و مەلاقەرە)کە فەرماندەی کەرت بوون و لەگەڵ کاک سەفیندا بوون بۆ گرتنی فەوجەکە.

# شەوی هێرش

لە شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٨، شەوێکی ئەنگوستە چاو، زەوی سەهۆڵ بەندان، لە کەشێکی سارد و سڕدا، جگە لە سامناکی و لورەی ڕەشەبا و هەڵکردنی زریان، ساردی کەش و هەوا پەنجەکانمانی بە لولەی تفەنگەکەی دەستمانەوە سڕ کردبوو، کاتژمێری (سفر) بۆ دەست پێکی هێرشەکەمان (١١:٤٥) خولەک بوو. هەمووشتێک بەپێی ئەو نەخشەی کێشرا بوو پلانی بۆ دانرا و ئامادە بوو، تەنیا ئاماژەیەک بەس بوو بۆ دەستپێکی ڕوو بەڕوو بوونەوەکانمان.

لەکاتژمێر(١١:٤٥خولەک) تەقە دەستی پێکرد، من زۆر لە ڕەبایەکەوە نزیک بووم، بەڵام لەبەر کپی کەش و هەواکە هەستم بە تەقەکان نەدەکرد، یەکێک لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ مندا بوو بۆ گرتنی ڕەبایەکە، (ئەحمەد جەمیل) بوو کە عەدەد ئاربیجی بوو. بەڵام بەداخەوە ئەو ئاربیجیانەی کە دەیتەقان هیچیان شوێنی مەبەستیان نەپێکا. ئەوەش دەرفەتێکی دا بە جاشەکان بۆ بەرگری کردن لە خۆیان تەقە بکەن. ئەو تەقانەی ئەوان دەیانکرد، بەسەر ئێمەدا دەچووە خوارەوە بۆ لای کاک کۆسرەت و ئەوان. زۆرینەی هێزەکانمان ئەو شوێنانەیان گرت کە بۆیان دانرابوو، هەر ئێمە و شوێنێکی تر مابوو. ئەوەش لای کاک کۆسرەت جێگەی پرسیار بوو، بۆیە کاتێک جیهازی بۆ کردین بە توڕەیی و بێ ئوومێدییەوە گووتی: «گەر ناتوانن ئەو ڕەبایە بگرن با دارا بنێرم» (دارا فەرماندەی مەفرزە بوو).من دڵنیام کردەوە لەوەی کە دەیگرین، دەستەی هێرش بردنەکەی من بریتی بوون لە (کەمالی برام، سەرباز گڕاوی، ئەحەمەدە هێڕ،هونەر خۆرانی، ئیدریس گەریاوەیی و کاک سەعید مەسیفی) بۆیە کاتێک کەمالی برام گوێی لەو قسانەی کاک کۆسرەت بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەو قسانە نیگەرانی کرد، ڕاست بەرەو ناو ڕەبایەکە ڕۆشت، هێندەی نەبرد ڕەبایەکەی گرت. چەکدارەکانی ناو ڕەبایەکە هەڵهاتبوون بۆ گازینۆکە، نەیانزانی بوو گازینۆکەش گیراوە، دوای گیرانی ڕەبایەکە کاک خورشید گڕاویم[٥٢] نارد بەدوای کاک کۆسرەتدا، تا بیانهێنێتە سەرەوە بۆ گازینۆکە، خۆم بەرەو گازینۆکە چووم.

---

٥٢. خورشید گڕاوی: پیاوێکی زۆر تێکۆشەر و حیزبی بوو، بەشێکی زۆری خزم و کەس و کارەکەی یان لە ڕێکخستندا بوون، یان پێشمەرگە بوون، زۆریان ئازار چەشت لە پێناو کورد و یەکێتیدا، خۆی لە شەڕی ناوخۆ گیرا و بێسەروشوێن کرا.

کاک ئاسۆ بۆی گێرامەوە گووتی: «هاتنە کنم گووتیان: «خاڵە خاڵە جەلالیەکان ڕەبایەی ئێمەیان گرت» منیش گووتم: «دانیشن لێیان دەستێنینەوە، لەگەڵ دانیشتن گووتمان: «چەکەکانتان دانێن»

کاتێک من گەیشتمە گازینۆکە، چەکیان لێ وەردەگرتن، بە تووڕەبوونەوە پێم گووتن: «شەڕ بۆ کێ دەکەن؟ خۆتان بۆکێ بە کوشت دەدەن؟» منداڵێکیان لەگەڵدا بوو دەیگووت : «خاڵە من تەقەم نەکردوە» دیار بوو ئەو منداڵە خەڵکی هەولێر بوو.

دوای گرتنی سەری ڕەش کاک کۆسرەت و ئەوان گەیشتن و لە کۆگای گازینۆکەدا، زیاتر لە هەزار و پێنج سەد کلاشنکۆفی تێدا بوو، کاک کۆسرەت بە من و هاشم شەمامکی گووت: «بڕۆنە ژوورێ، ئەو چەکانە بدەنە پێشمەرگە، هەرپێشمەرگەیە و دوو چەک هەڵگرێت، حاجی تۆ خەڵکی مەنتیقەکەی ئاخر کەس وەرە خوارێ»

لەسەر داوای کاک کۆسرەت چەکەکانمان بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەش کرد، چەکەکان لە جۆری (کلاشنکۆفی موزەلی، تەکتیرۆف) بوون.

جگە لە بەدیل گرتنی ١٣ جاش و دەست بەسەرداگرتنی کۆگای چەکەکان. لە بەردەمی گازینۆکەشدا دەبابەیەک و چوار ناقیلەی لێ بوو، یەکێک لە پێشمەرگەکان کە خزمی خۆم و ناوی کەمال بوو، لە کاتی سەربازیدا شۆفێری دەبابە بوو، چووە ناو دەبابەکەوە، بەڵام نەیتوانی لێی بخوڕێت، چونکە تەنیا بۆ دواوە دەڕۆیشت و بۆ پێشەوە نەدەجوولا، هەربۆیە سەفینی مەلا قەرە ئاربیجییەکی پێوەنا تا تێکی بشکێنێت، دەبوو باسی ئەوەش بکەم، لە سەرەتای شەڕەکەوە تا کۆتاییەکەی کامێرامانێکمان لەگەڵدا بوو بە ناوی (دڵشاد)، زۆرینەی شەڕەکەی وێنە گرت، تەنانەت ساتی تێکشکانی دەبابەکەش.

بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا پێنج پێشمەرگە شەهید بوون و شەش پێشمەرگە لەناو بەفردا ڕەق بوونەوە، بە ناوەکانی (هاشم رەشید نادر، جەلال حەمەد پیر داود، رەمزی جەبار عەلی، عەدنان سەمەد تۆفیق، کەمال عەزیز ئەحمەد، هێرش سوارە ئەحمەد، سۆران ئیسماعیل، شێرزاد عەبدولسەمەد، عوسمان مامەند، عەزیز مەولود، فەخرەدین سالّح، نوعمان زرار و عەلی ئەحمەد کەریم مەخموری) یەکێک لەو پێشمەرگانە پێشمەرگەی من بوو، ناوی(عوسمان مامەند) بوو، پێش ئەوەی بەڕێ بکەوین نەخۆش بوو، هەرچەند زۆر هەوڵم دا نەیەت، بەڵام ئەو جگە لەوەی

پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، دەترسا بە نەهاتنی وەک پێشمەرگەیەکی ترسنۆک سەیر بکرێت، کاتێک گەڕامەوە بارەگاکەی خۆمان، لەبەر پەرۆشیم هەر زوو پرسیم: «کوا عوسمان؟»

گووتیان: «مومکینە لەماڵی سەربەستی کوڕە پوری بێت» چونکە هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە تەنیا لەگەڵ ئەو بینرا بوو، بۆ هەواڵ پرسینی دوو پێشمەرگەم نارد بۆ ماڵی سەر بەست کە ئەوانیش هەر لە سولاوکە بوون، کاتێک گەڕانەوە گووتیان: «لەوێ نەبووە، سەربەست گووتوویەتی من ئاگام لێی نییە»

لەو ساتەدا ترسێک بە دڵمدا هات و بەکاک خورشیدم گووت: «بەخوای شەهید بووە و بەجێ ماوە، بۆ بەجێتان هێشتووە؟»

دوو پێشمەرگەم نارد تا بەدوای تەرمەکەیدا بگەڕێن، جگە لەوەی تەرمەکەی عوسمانیان دۆزی بۆوە، چاویان کەوتبوو بە دوو پێشمەرگەی تریش کە لەسەرما سڕ ببوون، ڕەنگە گەر پێشمەرگەکانی ئێمە درەنگ بکەوتنایە، ئەوانیش بمردنایە.

لەو شەوەدا بارەگاکەی ئێمە زۆرێکی لەو پێشمەرگانە لە مردن ڕزگار کرد، چونکە نزیک ترین بارەگا بوو، هەروەها بەهۆی ئەو زۆپا دارەوە کە گەرمییەکی زۆری هەبوو، توانرا هاوکاری ئەو پێشمەرگانە بکرێت کە سەرما خەریک بوو ژیانی لێ دەستاندنەوە، بەڕاستی ئێمە قایم بووین و توانیمان دڕ بەو شەوە زەنگە بدەین.

ئەوانەی شەهید بوون (مام عەلی) فەرماندەی مەفرەزە بوو لای کاک بورهان، ماوەیەکی کەم بوو بە خۆی و خێزانەکەیەوە لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە، لەناو پارتییەوە هاتنە ناو یەکێتییەوە، برای (مامۆستا مەلا عەزیز مەخموری)بوو. شەهید (فەخرەدین) فەرماندەی کەرتی ٩٣ی کۆیە بوو، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا.

ئەو سەرکەوتنە دەنگ و سەدایەکی زۆر گەورەی هەبوو، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جار و لە شەوێکی زۆر سەخت و دژواردا لەلایەن پێشمەرگەوە گیرا. هەروەها دەمێک بوو ئەو (مەرسەدە فەلەکیانە)ی کە لەوێ بوون، کاریگەرییەکی زۆر خراپیان بەسەر ناوچەکەوە هەبوو، گەرچی نەمانتوانی سود لە مەرسەدەکان وەربگرین بۆ هێزەکانی خۆمان، بەڵام هەموویانمان تێکدا. گەورەیی چالاکییەکە بە جۆرێک دەنگی دابۆوە لە ئاژانسەکانی وەک (مۆنتیکارلۆ، دەنگی ئەمریکا و لەندەن) باسیان لێوە کرد و گووتیان: «خانووەکانی سەرۆک کۆماری عێراق لە سەری ڕەش بەدەستی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گیراون».

دوای کۆتایی هاتنی ئەو چالاکییە، هاورێکەم لە گەڵ ئەو پێشمەرگانەی پێمان دابوو، هاتنە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە و کاک کۆسرەت کردیە فەرماندەی کەرتی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

لـەدوای گیرانی سەری ڕەش و گەڕانەوەی ئەو پێشمەرگانەی کردبوومانن بە سریەکەی هاوڕێکەم، بۆیان دەگێڕامەوە و دەیان گووت: «شەوانە جێگری فەوجەکە کە ناوی (موزەفەر بیرێژی)بوو، سەیری ڕووناکاییەکەی ئێوەی کردووە و بە ئێمەی گووتووە: «ئەو ڕوناکیە دەبینن؟»

ئێمەش دەمانگووت:» بەڵێ»

دەیگوت: «جەلالی لەوێنە»

پێشمەرگەکان دەیانگووت: «موزەفەر نەیدەزانی کە ئێمە لەوێوە و لەلایەن تۆوە نێردراوین، زۆر جار کە دەهاتە لامان باسی تۆی بەخراپە بۆ دەکرین، بەڵام ئێمە هیچمان نەدەگووت» کاتێکیش کە موزەفەر پرسیاری ئێمەی لە هاوڕێکەم کردبوو، لەوەڵامدا پێی گووتبوو: «ئەوانە برادەر و خزمی خۆمن لە هەولێرەوە هێناومن».

یەکێک لەو وێنە پڕ ئازارانەی هەرگیز لەبەرچاوم لاناچێ، وێنەی ئەو پێشمەرگەیە بوو کە لەناو بەفرەکەدا خەوی لێکەوتبوو، کاتێک هاتمە خوارەوە لە نێوان قیرژە و گوندی سارتکە، زەویەکەی هەمووی بەفر و ئاو بوو، پێشمەرگەیەکم بینی نازانم تیپی (٩١بوویان ٨٦)، لەناو ئەو بەفر و بارانەدا خەوی لێ کەوتبوو، دەتگوت لە ئوتێلی پێنج ئەستێرەیە، زۆر هەوڵم لە گەڵیدا و بانگم دەکرد و تەقەم بە چوار دەوریدا کرد، لەگەڵ دوو پێشمەرگە بەرزمان کردەوە، هەڵنەستا، بەردەوام دەیگوت: «لێم گەڕێن، خەوم دێت بابخەوم». حەوت پێشمەرگەمان بەو شێوەیە ڕەق ببونەوە.

# بەشی
# چوارەم

# ڕەشەبای ئەنفال

حکومەت جگە لەو شوێنانەی لەدوای داستانی ڕزگاری گرتبوونیەوە، هەموو هەوڵێکی بۆگرتنی سەرکردایەتی بوو، بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە سەرکردایەتی، داوایان کرد بچین بۆ هاوکاری کردنیان. هەر بۆیە بەشێک لەتیپی ٨٥ی بەڕانەتی، بەفەرماندەیی کاک (ئاسۆ ئەڵمانی) کە پێکهاتبووین لە (کەرتی یەک، کەرتی سێ، کەرتی چواری شەهید عەلی مەسیفی و مەفرەزەکەی کاک ئاسۆ) بەرەو ناوچەی سەرکردایەتی بەڕێکەوتین.

سەرەتا لە زیارەتەوە بەڕێکەوتین و کاتێک گەیشتینە گوندی شەوگێڕ (دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی کۆیەوە)، دنیا تاریکی کردبوو، لەوێشەوە بە گوندەکانی (بۆگد، کڵێسە، تەلان، قەمچوغە و سەرمۆرد)دا پەڕینەوە، لەشەقامی سەرەکی (دووکان-سلێمانی)یشەوە بەرەو گوندی (ئۆمەر قەوم و شەدەڵە).

شەوێک لە شەدەڵەوە لەگەڵ هەریەک لە (کاک نەهرۆ، مەلا سلێمان وعەبدوڵای مەلا قادر) بڕیارمان دا بچین بۆ لای کاک نەوشیروان لە بەرگەڵو، ئەو شەوە لای کاک نەوشیروان ماینەوە، بەڵام کاتێک لەخەو هەستاین، هەستمان بە بۆنێکی نامۆ دەکرد، من و کاک نەهرۆ گووتمان: "ڕەنگە بۆنی داگیرساندنی زۆپا دارینەکە بێت" بۆیە زۆر گرنگیمان بە بۆنەکە نەدا، کاتێک دەمانویست بگەڕێینەوە بەسەرگەڵوودا، بینیمان هەر خەڵکەو بە کێوەکەدا دێنە خوارەوە، کاتێک سەبارەت بەو دۆخە لە کەسێکمان پرسی گووتی: "ئەمشەو حکومەتی عێراقی سەرگەڵووی تۆپباران کردووە و کیمیاییشی ڕشتووە" بەو هۆیەوە خەڵکەکە هەمووی بەرەو کێوەکان هەڵهاتوون.

کاتێک چووینە ناو سەرگەڵوو، بینیمان دوو پێشمەرگەی خۆشمان بەر ئەو گازە ژەهراوییە کەوتوون، کە ناوەکانیان (یاسین_بە نازناوی کارزان) لەگەڵ (کەمال_بە نازناوی ڕێبوار). سەرگەڵومان بەجێهێشت و دووبارە گەڕاینەوە بۆ گوندی شەدەڵە.

شەوێک پێش ئەوەی گوندی شەدەڵە لە لایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە بگیرێت، بروسکەیان بۆ کردین کە شەدەڵە جێ بێڵین و بچینە گوندی مالومە، لەکاتی جێهێشتنی گوندی شەدەڵە ڕادوێکەم و چەند شریتێکی بیکەیسیم لە مزگەوتەکە لە لای ناسیح خەیلانی دانابوو، بەڵام پێم وابوو کە ئەو کەلوپەلانەم لای کاک سەعید داناوە، بۆیە لە نیوەی ڕێ کاتێک بینیم کاک سەعید ڕادوێکە و شریتەکانی پێ نییە، زۆر تووڕە بووم، پێم گووت: "کوا ڕادوێکەم؟"

گووتی: "نازانم لای من نەبووە"

بەڵام من سوربووم لەسەر ئەوەی کە لای ئەو دامناوە و دەنگم بەسەریدا بەرز کردەوە. هەرچەندە هیچی نەووت، بەڵام بە تورەییەوە بەو تۆپ بارانە گەڕایەوە بۆ مزگەوتەکە بۆ هێنانی شتەکان.

زۆر دڵم لای بوو، کاتێک شتەکانی هێنا و بەسەلامەتی گەڕایەوە زۆر دڵخۆش بووم، هەربۆیە بۆ دڵدانەوەی بۆنانخواردنی ئێوارە لەکاتی دابەش بووندا، بانگم کردە لای خۆم و پێکەوە چووینە یەکێک لەو ماڵانەی شەدەڵە کە لە بناری شاخەکاندا خانوویان دروست کردبوو، ئەو ماڵەی ئێمە چوو بووین برنج و مەرەگەیەکی زۆر خۆشیان هەبوو. بۆ گەیشتن بە مالوومە، لە دۆڵی مێرگەپانەوە ڕۆیشتین بۆ قزلەر و چۆخماخ و لەوێشەوە بۆ مالومە.

لە مالومەشەوە جارێکی تر پەیامیان بۆناردین تا بچینە گەڕەدێ، کاتێک ئێمە گەیشتینە گوندی گەڕەدێ کە بەرامبەر گوندی گاپیلۆنە، حکومەتی عێراقی بە هێزێکی زۆری پڕچەکەوە و بە تانک و زرێپۆشەوە گەیشتبووە گوندی گاپیلۆن.

جگە لەوەی تیپەکەی ئێمە کەرتەکانمان بۆ نۆبەت گرتن بەسەر بەرزاییەکەی گەڕەدێوە ئاڵوگۆڕ پێ دەکرد، ئەگەر کەشوهەوا سارد بوایە، بۆ نۆبەت گرتن کەرتەکەی خۆم دەکردە دوو گروپ، شەوێک کەشوهەوا زۆر سارد بوو، بۆیە هەندێکم لە برادەران لەگەڵ (کەمال_ڕێبوار) نارد بۆ نۆبەت گرتن و پێم گووتن: "لەکاتژمێر ( ١٢) خۆشم دێمە لاتان" بەڵام هێشتا کاتژمێر نزیکی (١٠ی شەو) بوو کەمال هاتە خوارەوە و گووتی: "کاک حاجی بگە، جەماعەت هەموو ڕەق بوونەوە". هەرزوو سەرکەوتینە سەر شاخ و کاتێک گەیشتم بینیم، سێ پێشکەرگە بە ناوەکانی (ئارام، تاریق و کارزانی کچکە)[٥٣] ڕەق هەڵهاتوون و بێ ورتە و بێ جووڵەن، هەر زوو ئاگرم بۆ کردنەوە و جوڵەم پێکردن، دوای ئەوەی وردە وردە هاتنەوە سەرخۆ، ئەوانم ناردە خوارەوە و ئەو شەوە ئێمە لەوێ ماینەوە.

کاتێک ڕۆژ بۆوە بە دووربین سەیری شاخی گۆجاڕم کرد و بینیم، حکومەت لەو سنورە خەریکی دامەزراندن و بەهێز کردنی خۆیەتی، لەڕووی سەربازی و چەکی قورسەوە، وەک (دۆشکە و هاوەن و ....) ئێوارەکەی لەگەڵ کاکە ڕەشدا کە

٥٣. (ئارام و تاریق و کارزانی کچکە) سێ پێشمەرگە بوون، پێکەوە گیران و پێکیشەوە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە سێدارە دران.

جێگری کەرت بوو، لەجێگەی (کاک بورهان) و لەگەڵ هێزەکەی (شیروان چاو شین) بە مەبەستی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمەدا هاتبوون، هێزە زۆر و مۆڵ دراوە پڕ چەکەکەی حکومەتم نیشاندا و پێمگووت: «ڕەشۆ خۆت بگرە ئەمشەو، حکومەت هێرش دەکات».

دوای جێهێشتنی ئەوان چوومە لای کاک ئاسۆ و پێمگووت: «کاک ئاسۆ ئەمڕۆ و بەیانی حکومەت هێرش دەکات».

گووتی: «کو؟»

گووتم: «لە بەیانییەوە کەمن لەوێمە، حکومەت هێز و چەک دەهێنێتە سەر گۆجاڕ» هەر لەسەر مەبنای پێشبینیی و زانیارییەکانم، کاک ئاسۆ پەیامی نارد بۆ کاکە ڕەش و ئاگاداری کردەوە کە ئەوانیش زۆر وریا و ئاگاداربن و پاسەوانیی بەهێز بکەن، حکومەت هێرش دەکات.

لە دەوروبەری کاتژمێر چواری سەر لەبەیانیدا حکومەت هێرشی کرد، (جوامێر) سەرتیپی (تیپی ٢١ی کەرکوک) کە سە پەرشتی خاڵی یەکەمی دەکرد و پێکهاتبوون لە دوو ڕەبایە لە سەر گەورەدێ، بێ بەرگری کردن ڕادەستی حکومەتی عێراقی کرد.

دوای گیرانی ڕەبایەکان پێشمەرگەکان کشانەوە بۆ گەورەدێ، ئەو ڕادەست کردنە بۆ ئێمە ببووە جێگەی پرسیار، بەڵام دواتر زانرا جوامێر دەستی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا تێکەڵ کردووە، هەرچەندە لای منیش جێگەی گومان بوو، چونکە کاتێک ناردمانە لای بۆ فیشەک، بە بیانوی ئەوەی کە فیشەکیان لانییە، ڕەتی کردبۆوە فیشەکمان بداتێ، لە کاتێکدا دەمانزانی فیشەکێکی زۆری لایە. دوای بەدواداچوونێکی وردی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان، بە تەواوی ئاشکرا بوو لە گەڵ حکومەتی عێراق دەستی تێکەڵ کردووە، بەهۆی پشتڕاست کردنەوەی ئەو تۆمەتانەی خرابووە ئەستۆی، دادگای شۆڕش سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد.

لە دۆخێکی زۆر سەخت و دژواردا بووین، حکومەت بە جۆرێک خەریکی بۆردوومان بوو، تۆپ وەک تەرزە دەباری، وێڕای ئەو ئاگربارانە کاک ئاسۆ و هەندێک لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەک سەرکەوتن بۆ بەرزاییەکانی گەڕەدێ، دوا بەدوای ئەوانیش (میکائیل) کە فەرماندەی کەرت بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا سەرکەوتن.

ئێمە هێشتا لە ناو گوندی گەڕەدێ بووین بۆ پارێزگاری کردن لە گوندەکان، لەبەر خەستی تۆپ بارانەکان یەکێک لە فەرماندەی مەفرەزەکانم بەناوی (پیرۆت) ناردبووە لای گۆڕستانەکە تا لە بەرەوپێش هاتنی هێزەکانی حکومەت ئاگادارمان بکاتەوە، گەڕایەوە، بەڵام لەبەر ئاگاداری لە هەر مەترسییەکی دۆخەکە جارێکی تر ناردمەوە هەمان شوێن. خۆم لەناو گونددا مامەوە بۆ دەستخستنی خۆراک بۆ پێشمەرگەکان.

تا دەمەو ئێوارە لەژێر لێزمەی تۆپ و گولەباراندا ماینەوە و دواجارهەریەک لە (ئەحمەد، سەعید، هونەر و سەرباز) م لەگەڵ ئەو پێشمەرگە ئازاو قارەمانانەی مابوونەوە ناردە سەرەوە، کۆتاجار خۆشم سەرکەوتم و چوومە لایان.

یەکێک لە پێشمەرگەکانمان بە برینداری لە نێوان دەیان تەرمی سەربازی عێراقی و پێشمەرگەدا بەجێما بوو، بە ناوی کاروان کە خەڵکی سوسێ بوو، بە مەبەستی ڕزگارکردنی لە شەهید بوون، بانگی یەکێک لەو پێشمەرگانەم کرد کە ئامۆزای کاروان بوو بەناوی هێمن، داوام لێکرد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا بچن بیهێننەوە. خۆشمان بەتەقە کردنەوە بەرگریمان دەکرد تا ئەوان ئاسانتر بتوانن بیهێننەوە، مەبەستمان بوو سەربازەکان بە خۆمانەوە سەرقاڵ بکەین تا ئەوان کاروان ڕزگار دەکەن. بەڵام بەرلەوەی ڕزگاری بکەین ئەویش شەهید بوو.

لەو سەروەختەدا هاوەنێک دای بە بەردەم من و ئەحمەدە هێڕ و هونەردا، بەڵام خۆشبەخاتە هاوەنەکە نەتەقییەوە و ئەو جارەش خۆم و سەرجەم ئەو پێشمەرگانەی نزیک هاوەنەکە بووین، لە مەرگی حەتمی ڕزگارمان بوو. تا زیاتر لە ئێوارە نزیک دەبووینەوە زریان و بەفر ڕوو لە زیاد بوون بوو، لە هەمان کاتدا ئەو سەربازانەی کە هەردوو ڕەبایەکەی تیپی ٢١ی کەرکوکیان گرتبوو، دەهاتنە خوارەوە. ئەو هێزەی حکومەتی عێراقیش کە لە بەرامبەر ئێمەدا بوون، کشانەوە بۆ گۆجاڕ، دوای ئەوەی ئێمەش بروسکەمان بۆ هات بکشێینەوە، لەو شەڕەشدا سێ شەهیدمان دا.

(میکائیل) دوای بریندار بوونی دەست و قاچێکی، بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا، کۆتا قسە گووتی: "تەرمەکەم بنێرنەوە..." لە دوای گوتنی ئەو ڕستەیە گیانی سپارد، یەکێکی تر لە شەهیدەکان، کوڕێک بوو بەناوی (هەژاری جەلال شێرە) یەکێک بوو لە پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکان و لەخانەوادەیەکی کوردپەروەر بوو، تۆپ دای لە سەنگەرەکەیان و بە بەرچاوی ئێمەوە تەرمەکەی هەڵدا بە ئاسماندا، بێجگە لەوان چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش برینداربوون، لەوانە (سەعدی مزووری و نوری) نوری خەڵکی گوندی براغ بوو.

دوای ناشتنی تەرمەکانی (کاروان، میکائیل و هەژاری جەلال شێرە) لە بەرگەڵو، بروسکەیان بۆ کردین بچینە دابان و هەلاج، جێگەی ئەو تیپەی دەشتی هەولێر بگرینەوە کە پێش ئێمە لەوێ بوون. بەڵام بە داخەوە لەماوەی مانەوەماندا لەوێ وەک تیپی بەرانەتی، یەکێک لە ئازاترین پێشمەرگەکانمان بەناوی (مەلا سلێمان) پێکرا و بریندار بوو. ئەو جێگری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو.

سوپای عێراق بەردەوام هەوڵی دەدا بۆ دەست بەسەراگرتنی هەلاج و دابان، بەڵام پێی نەدەکرا، جگە لەو هەوڵانە، جارێک بەهێزێکی زۆرەوە هێرشیان هێنا، بەڵام ئەو جارەش بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانەی کە بریتی بوون لە (کاک سەعدی، پیرۆت، نەجاتی ئامۆزام، تاریق و کاک سەعید مەسیفی) کە چوار کەس بوون لە پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان، لە ڕەبایەکەدا بوون و نەیان هێشتبوو سەرباز لە سەر جادەکەوە سەربکەوێت. بەمجۆرە هەموو هەوڵەکانیانمان پوچەڵ دەکردەوە و تا چۆڵکردنی سەرکردایەتیش دابان و هەلاج نەگیرا.

کەرتەکەی من و کەرتەکەی شەفە چاوشین کۆتا دووکەرت بووین کە سەرکردایەتیمان بەجێ هێشت، ئەویش دوای سوتاندنی خانووەکانی دەزگای ڕاگەیاندن، سوتاندنی ئەو خانوانەش لەسەر داوای ملازم عومەر بوو.

## سوتانی دەزگای ڕاگەیاندن

کۆتا دوو کەرت کە مابۆوە لەسەر دابان و هەلاج، کەرتەکەی من (لەتیپی بەڕانەتی) و کەرتەکەی شەفە چاوشین بوو لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بە هەردوو کەرتەکە نزیکەی پەنجا پێشمەرگە دەبووین، بەرەو خانووەکانی بەشی ڕاگەیاندن چووین بە مەبەستی سوتاندنیان لە سەر داوای (ملازم عومەر). پێشمەرگەکان بەرلە سوتاندنی خانووەکان ئەوەندەی پێیان کرا ئەو کاسێتانەیان هەڵگرت کە تێیدا چالاکییەکان بەدەنگی فەرهاد سەنگاوی تۆمار کرابوو، لەگەڵ تەسجیلێکی دووکاسێت و هەندێک بڵاوکراوەدا.

دوای سوتاندنی خانووەکان ئەوێمان بە جێ هێشت و لە کەرکەرەوە بەرەو سیرەمێرگ ڕۆیشتین، کاتێک شەو داهات، بۆ پشوودان لەگەڵ پێشمەرگەکان لەدەوری

ئاگرێک کۆ بوینەوە و یەکێک لە هاوڕێکانمان بەناوی (دلێری حاجی بەکر)، بەو تەسجیلە سۆنیە دووکاسێتەی لە ڕاگەیاندن هێنا بووی، کاسێتێکی (سەید محمەدی سەفایی) خستبووە سەر و پێشمەرگەکان لەگەڵیدا گۆرانیەکەیان دەگووتەوە، ئەو دیمەنە هێز و ورەیەکی زۆری بەمن بەخشی و لەدڵی خۆمدا گووتم: «دوای ئەو هەموو شکست و شەڕ و شەکەتی و ماندووییە، ئەمە ورەی پێشمەرگەکانمان بێت، هەرگیز یەکێتی ناکەوێت».

## گەڕانەوە بەرەو بارەگاکانمان

وەک ئەوەی لە خاڵێکەوە دەستمان پێکردبێت و بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ هەمان خاڵ. هەنگاو بە هەنگاو دەمانویست بگەینەوە ئەو خاڵەی لێیەوە دەستمان بە خەبات و تێکۆشان کرد، دوای زنجیرەیەک شەڕی ناوخۆ و شەڕی حکومەتی عێراقی و ڕژانی خوێنی دەیان هاوخوێن و لەدەست دانی ئازیزان و کەم ئەندام بوونی سەدان پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست، دوای دەیان شکست و هەستانەوە و سەرکەوتن، دەمانویست ڕێگاکانی گەیشتنەوەمان بە سەرکردایەتی ببڕین.

تەنیا یەک ڕۆژ دوای ئەوەی شاناخسێمان بەجێ هێشت، کیمیا باران کرا. کاتێک گەیشتینە سنوری ئێران، بەو (مینی بووسانەی) لە لایەن (ئیدارەی یەکێتییەوە) بۆمان ئامادە کرابوو، بەرەو سەردەشت بەڕێ کەوتین و لە شەوی (٢٠\١٩)ی ئازار گەیشتینە سەردەشت و بەسەر ماڵەکانی ئەوێدا بۆ نان خواردن و پشوودان دابەش بووین. هەرچەند بۆ خەڵکی سەردەشت مایەی دڵخۆشی بووین و ڕێزێکی زۆریان لێگرتین، بەڵام ئەو هێزە زۆرەی ئێمە لەناوسەردەشتدا بۆ دەوڵەتی ئێران مایەی ترس بوو، بۆیە هەر زوو کەوتنە خۆیان و ماڵ بە ماڵ گەڕان و پێشمەرگەکانیان کۆ کردەوە و هەر بەو مینی بووسانەی پێی هاتبووین گوێستیانینەوە بۆ دەرەوەی سەردەشت.

شەوی ( ٢١\٢٠ی ئازاری ١٩٨٨) لە گوندێک بووین لە نێوان قاسمە ڕەش و سەردەشت، بەناوی گوندی (کۆڕبناو)، ڕۆژی دواتریش لەوێوە بەڕێ کەوتین بۆ گوندی قاسمەڕەش، پاشان بەرەو ناوزەنگ، دوای ئەوەی هێزەکان لە زەڵێ کۆکرانەوە، دووبارە بە بناری قەندیلدا بەڕێ کەوتینەوە بەرە و عالیەڕەش و ڕەزگە

و مارەدوو، بەهۆی شەکەتی و ماندووییمانەوە لە بارەگاکانی دیموکرات لاماندا و ئەوانیش پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین و دووبارە بەرێ کەوتینەوە بەرەو ( قرناقە و پشتئاشان)، لەوێ دووکانی لێ بوو، پێویستییەکانی خۆمان کڕی.

دووبارە لەوێشەوە بەرێ کەوتینەوە بۆ قەڵا تووکان و وەرتێ، کاتێک گەیشتینە وەرتێ لەڕێگەی جیهازەوە هەواڵی کوژرانی (مستەفا قەیسمان) پێ گەیشت، لە لایەن پێشمەرگەوە بەهاوکاری ڕێکخستنەکانی مەسیف و لە شارۆچکەیەکی مەسیف، بە سزای گەل و شۆش گەیەنرا بوو. (مستەفا قەیس) جگە لەوەی بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی بەعس بوو لە مەسیف، بەڕێوەبەری یەکێک لە پرۆژەکانی سەری ڕەش بوو. بەڵام زۆر ئەشکەنجەی کرێکارەکانی ئەوێی دەدا و خراپ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن.

## بڕیارێکی ناچاری...

بەر لەوەی ئێمە بگەینەوە شوێنەکانی خۆمان، کاک کۆسرەت (ئەحمەد جەمیل) ی لەشوێنی من دانابوو، بۆیە کە من گەیشتمەوە، منی کردە ڕابەر سیاسی تیپ. لەو سەروەختەشدا بەهۆی شڵەژان و ناهەمواری بار و دۆخەکەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دەرباز بوونی ئەو خانەوادانەی لەوێ بوون، داوای کرد ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ خێزانەکانیاندا ماونەتەوە، ئامادەکاری بکەن بۆ ڕۆیشتن بۆ سنوری ئێران، هەرچەند ئەو ڕێگایانەی دەبوو پێیدا تێپەڕ ببوینایە، ئەو گوندانە بوون کە ڕەبایەکانی (سوارئاغا[٥٤] و حەمەی کاک هەمزە[٥٥] و عەلی نەبی[٥٦]) لێ بوو، بەڵام هەریەک لەوان گەرچی پیاوی حکومەتی عێراقی بوون، هاوکارییەکی زۆری ئەو خەڵکانەیان کرد کە دەیانویست بەرەو سنورەکان بڕۆن. بۆیە زۆربەی خێزانەکان لەسنوری گوڵان (حەمەی کاک هەمزە) و لە سنوری دارەبەن (عەلی نەبی) و لە ناوچەی ئاکۆیان (سوار ئاغا) ڕێگەیان بۆ دەکردنەوە، تا بە ئاسانی بتوانن خۆیان بەرەو سنوری ئێران دەرباز بکەن.

٥٤. سوارئاغای ئاکۆ: لە پێشتردا فەرماندەی هەرێمی ١٤بوو.

٥٥. حەمەی کاک هەمزە: حەمەی کاک هەمزەی گوڵان لە پێشتردا سەرتیپ بوو.

٥٦. عەلی نەبی:لە پێشتردا فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین بوو، لەدواتردا هاتەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و شەهید بوو.

# ٨-٨-١٩٨٨و
# کاریگەرییەکانی بەیاننامەکە

دوای زنجیرەیەک شەڕی خوێناوی، دوای هەوڵی چڕی سڕینەوەی کورد لەسەر نەخشەی کوردستان بە بیانووی جیاواز، دوای وێرانکردنی نزیکەی چوار هەزار گوند و ئەنفال کردنی سەد و هەشتا و دوو هەزار گوندنشین بە نۆ قۆناغ، دوای ڕشتنی کیمیایی بەسەر هەڵەبجە و لێکەوتەی پێنج هەزار قوربانی، هێشتا شەڕی قڕ کردنی کورد لە لایەن حکومەتی عێراقەوە درێژەی پێ دەدرا، لە بەرامبەردا بەرگری پێشمەرگە بە وورەیەکی پۆڵاییینەوە بەردەوام بوو، لەو سەروبەندەدا و بە دروستی لە ڕێکەوتی (٨-٨-١٩٨٨) لە تەلەفزیۆنەوە بەیاننامەی ڕێککەوتنی (ئێران_عێراق) خوێندرایەوە و خەڵکی بە بۆنەی ئەو هەواڵە خۆشەوە، لە گشت لایەکەوە کردبوویانە تەقەی خۆشی، ئەو شەوەی ئەو پەیامە خوێندرایەوە من لەگوندی کۆڕێ بووم لە ماڵی (ڕەشید کۆڕێیی)، پێمان دەگووت: «ڕەشۆ» سەرەتا گوێمان لەو تەقانە بوو کە لە مەسیفەوە دەکرا، نەمانزانی چ باسە، دواجار لەناو کۆڕێش گوێمان لەتەقە بوو، ماڵی ڕەشۆ نە ڕادیۆیان هەبوو نە تەلەفزیۆن. ناچار بۆ بیستنی هەواڵ چووین بۆ ماڵێکی تر کە تەلەفیزیۆنیان هەبوو، لەوێ گوێمان لە پەیامی ڕاگرتنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق- ئێران) بوو.

سوپای عێراق لە هێرشەکانی بۆسەر هێزی پێشمەرگە بەردەوام بوو، دوای کۆتایی هاتنی شەڕە گەورەکانی (خۆشناوەتی، مەلەکان و وەرتێ). یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزەکانی پوخت کردەوە. ئەو کەسانەی سەڵت بوون و خۆیان مەبەستیان بوو، لەوێ مانەوە و تەشکیل کرانەوە وەک پارتیزان لە ناوچەکەدا.

هێزێک لە بەڕانەتی تەشکیل کرا بە فەرماندەیی کاک ئاسۆ. هەروەها بە فەرماندەیی (بەندە، کاک جەلال ئینجاغی، کاک هاشم جیهاز و کاک بێستون) و کاک ڕێبازیش بەرپرسی هەمووی بوو، لەگەڵ نزیکەی دووسەد پێشمەرگەدا.

بەڵام بارودۆخەکە بەجۆرێک نالەبار بوو، حکومەت دەستی گرتبوو بەسەر سەرجەم گوندەکانی سنورەکەدا، تەنانەت لەنێوان گوندەکانی (حوجران و کۆڕێدا) نەتدەتوانی بێیت و بچیت، کە ماوەی نێوانیان تەنیا دە خولەک بوو. بەدرێژایی

دۆڵی هەنارە و دۆڵی بەستۆرە تا دەگاتەوە زرارەتی و سەرجەم گوندەکان، هێزی دابەش کردبوو، بەهۆی سەختی و نالەباری بارودۆخەکەوە، ڕۆژ بەڕۆژ پێشمەرگە خۆی ڕادەست دەکردەوە. چونکە حکومەتی عێراقی تا دەهات زیاترهەوڵی بەر تەسک کردنەوەی سنورەکانی ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی دەدا، بەتایبەت لەو کات و ساتەدا کە لەشەڕێکی وەها گەورە ڕزگاری ببوو، بەشێکی زۆری هێزەکانی بەرەو سنورەکانی کوردستانی هێنا و یەک لەدوای یەک شەڕی هەڵدەگیرساند.

## زویر بوونم

سەروبەندی سەرەتاکانی ئەنفال، ئێمە کۆمەڵێک کلاشینکۆفمان لە گوندی کۆڕێ دانابوو، هەندێک برادەر ویستی فرۆشتنی ئەو چەکانەیان هەبوو، منیش لەسەر ئەو بابەتە هەڵوێستم وەرگرت و پێم ناخۆش بوو، بۆیە بە هەڤالانم گووت: «من دەڕۆم»

گووتیان: «لۆ دەڕۆی؟»

گووتم: «من لۆ تیجارەت لێرە نیم، ئێوەش گەر خۆتان تیجارەت دەکەن کەیفی خۆتانە»

لە دوای ئەو زویر بوونەم، شوێنی مانەوەی من زیاتر لە گوندی ماولۆ بوو لە نێوان سەری ڕەش و مەسیفدا، ئەو گوندە تەنیا چوار بۆ پێنج ماڵی لێ بوو، هەموویان خزم و کەسی خۆم بوون، بۆ من شوێنێکی گونجاو و پەنا بوو، هەندێک جاریش دەچوومە ناو ڕەزەکانەوە و لەوێ دەمامەوە.

لەو ماوەیەدا بیرم لەوە کردەوە پەیام بۆ (سەلاح بابۆ)ی کوڕی پورم بنێرم، ئەو بەرپرسی ( قەریەی فەڕەنسی) بوو لە مەسیف، تا خانوویەکم لەوێ بۆ بگرێت و شەوانە دوای دەورییە کردن بچمەوە ئەوێ، کوڕە پورەکەم داواکەی منی پەسەند کرد و بڕیار بوو لەماوەی هەفتەیەکدا هەموو شتێکم بۆ ئامادە بکات، بەڵام لە کۆتایی هەفتەدا، وەڵامی بۆ ناردمەوە کە لیوایەکی عەسکەری بارەگایان هێناوەتە ناو قەریەی فەڕەنسییەوە.

دواجار و بە ناچاری بڕیاری جێهێشتنی نیشتیمانم دا.

# یەکەم هەنگاوی جێهێشتنی نیشتمان

دوای ئەوەی بڕیامدا کوردستان جێ بێڵم و وەک زۆرێکی تر لە هاوڕێ و هاو خەباتەکانم ڕووبکەمە خاکی غەریبی، سەرەتا قسەم لەگەڵ (محەمەد گاینجی)دا کرد، ئەو جێگری فەرماندەی کەرتەکەمان بوو، هەرچەندە خۆی بڕیاری مانەوەی دابوو، بەڵام دەیویست خانەوادەکەی لەو جەنجاڵی و مەرگە ساتە ڕزگار بکات. هەریەکەمان لە لایەن خۆمانەوە دەستمان کرد بە هەوڵدان و گەران بەدوای ڕێگایەکی بێ مەترسی تردا، بۆ ئەو مەبەستە، من قسەم لەگەڵ ئەو کەسانەدا کرد کە پێشتر لە ڕێکخستنەکانی خۆماندا بوون و لە هەرکییەکانی ئەوێ بوون، ئەوان گووتیان: «ئێمە دەتوانین تەنیا لەڕێگەی تورکیاوە کارەکانی سەفەر کردنتان بۆ ئاسان بکەین، چونکە یەکێک لە گەورەترین فەوجەکانی سنوری نێوان (عێراق- تورکیا) بەدەست (فەرزەند ئاغای هەرکی)یەوەیە، لە ناوچەی خێرەزۆک ئێمە ڕادەستی ئەوانتان دەکەین و ئەوانیش لەوێوە دەربازتان دەکەن. چونکە لە گەڵ خەڵکی ئەوگوندانەدا دۆستایەتییەکی باش و خۆشیان هەیە و زیاتر سەرقاڵی کاری ئاڵوگۆڕی مەڕوماڵاتن و هەندێک جار مەڕوماڵات دەبەنە تورکیا، هەندێک جاریش لەوێوە دەیانهێنن».

بەر لەوەی سەفەر بکەین، ناردم بەدوای مەلا ڕەسوڵدا و پێمگووت: «پێویستە تۆش خێزانەکەی خۆت بهێنی، چونکە حەوانەوەی تۆ لەمەسیفدا زەحەمت دەبێ» نیگەرانی بووم، چونکە ئەو زۆرێک لە کارەکانی بە ئاشکرا کردبوو، لەنێو خەڵکدا دیار بوو، هەروەها پێشتر هەندێک برادەر هەبوون بەرگریان لێ دەکرد، بەڵام لەو سەروەختەدا مەلا ڕەسوڵ بەتەنیا نەیدەتوانی ڕوو بەڕووی ئەو ئەو دۆخە سەختە ببێتەوە و برادەرانیش ئەو دەسەڵاتەیان نامێنێت بەرگری لێ بکەن، چونکە تا دەهات حکومەتی عێراقی خۆی بەهێزتر دەکرد لە ناوچەکەدا و دەسەڵاتەکانی لە هەمووشوێنێک بەکاردەهێنا، چیتر پێویستی بە چەکدار و جاشەکان نەدەما و ڕۆڵی ئەوانی تەواو لاواز کردبوو، بۆیە توانیمان مەلا ڕەسوڵ قایل بکەین تا ئەویش منداڵەکانی بهێنێت.

بۆ ئەو مەبەستەش خێزانەکەی هێنا بۆ کۆڕێ، تا پێش خۆمان، خێزانەکەی ئەو و خێزانەکەی محەمەد گاینجی ڕەوانە بکەین، ئەو شەوە مەلا ڕەسوڵ برادەرێکی خۆی بینی بوو لە کۆڕێ، برادەرەکە گەرەنتی ئەوەی کردبوو کە پشتیوانی لێ دەکات و ناهێڵێت لە مەسیف بگیرێت، ئەوەش هۆکارێک بوو تا مەلا ڕەسوڵ لە بڕیارەکەی

پاشگەز بکاتەوە، کاتێک هاتەوە لای ئێمە گووتی: «من نایەم» زۆرم هەوڵدا لە گەڵ ئێمەدا بێت و پێمگووت: « ئەو برادەرە هیچی پێ ناکرێت لۆ توو».

بەڵام مەلا ڕەسوڵ سوربوو لەسەر ئەوەی لەگەڵماندا نەیەت، ئێمەش هیچمان پێ نەکرا، وەک پێشتر بڕیارمان دابوو پێش خۆمان خێزانەکەی محەمەد گاینجیمان لەگەڵ عەبدوڵا هەرکی زاوای مام حاجی عەلیدا نارد.

دوای دوو ڕۆژ لە ڕۆیشتنی خێزانەکەی محەمەد گاینجی، جلی هەرکیان بۆ هێناین، جلەکانمان پۆشی و کڵاو و جامانەی هەرکیانمان لەسەرنا، من و زراری زاوای محەمەد گاینجی و عەباسی مام حاجی عارەب و عەبدوڵای زاوای مام حاجی عەلی بە سەیارەی بەڕازیلی و بە(عەدم تەعەروزی فەوجی ٧٦ی فەرزەند هەرکی)یەوە، بەڕێکەوتین. بە (کۆڕێ_شەقڵاوە_سپیلک_مێرگە سور_گۆڕەتوو)دا و لەوێشەوە بۆ بارەگای فەوجەکەی فەرزەند هەرکی کە هاوسنورە لەگەڵ تورکیا و لە پشتی گوندی گۆڕەتووەوە، لەناوچەی خێرە زۆک. کاتێک ئێمە گەیشتین، بردیانینە ناو خێمەیەکەوە، لەخێمەکەدا هەریەک لە محەمەد سەلیم و ئیبراهیم فەقۆ دانیشتبوون، ئەوان کەسانی ناسراو بوون و لە هەرکییەکانی مەسیف بوون، محەمەد سەلیم هەر زوو لە بابەتەکە تێگەیشت، بەڵام فەقۆ دیتنی منی لەوێ بەلاوە سەیر بوو، بۆیە گووتی: «ها جەمال، هاتووی تەسلیم بیتەوە؟» منیش گووتم: «ئەرێ وەڵا، دۆخەکە گۆڕاوە و ئیترهاتیمە لای ئاغای تەسلیمم کاتەوە».

هەر لە خێمەکە هاتمە دەرەوە چاوم کەوت بە کوڕێکی مام حاجی عارەب، ئەوانیش فەوجیان هەبوو، لە هەرکییەکانی مەسیف بوون، هەرچەند ڕووی خۆم لێ وەرگێڕا، بەڵام ئەو ڕوو بەڕووم وەستا و گووتی: «ها جەمال چدەکەی لێرە؟»

منیش گووتم: «هاتیمە تەسلیم ببمەوە»

هەر زوو بە عەباسم گووت: «عەباس تا زووە دەربازمان کە، ئەوانە قسەیەک بکەن حاڵمان باش نابێ»

ئێمە بەرەو ئەو ڕووبارە دەچووین کە کەوتبووە نێوان سنوری هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیاوە، بەڵام بەرلەوەی بگەینە دەم ڕووبارەکە، لە دووەرەوە (شێرۆ)م ناسییەوە کە مەفرەزە خاسە بوو، لە دڵی خۆمدا گووتم: «ڕەنگە هەواڵیان لێ دابێتین، گەرنا ئەو مەفرەزەیە بۆ لێرەیە!» ئێمە لە جێگەی خۆمان هەڵوێستەیەکمان کرد و چاوێکیشمان هەر لەسەر ئەوان بوو، بەڵام ئەوان زۆر ئێمەیان بە هەند وەرنەگرت، دوای کەمێک مانەوە لای ئاوەکەیان جێ هێشت.

هەر دوای ڕۆیشتنی ئەوان، ئێمەش لە ئاوەکە پەڕینەوە بۆ سنوری تورکیا و بۆلای ئەو خێزانە مەڕدارەی لە ڕەشماڵدا و لە دەم ئاوەکە گوزەرانیان دەکرد، عەباس و عەبدوڵا بە هۆی مامەڵەی مەڕدارییەوە دەیان ناسین، پێش ئێمە خێزانەکانی محەمەد گاینجی و کاک زوراریشیان بەوان سپاردبوو، سەبارەت بە ئێمە قسەیان لەگەڵدا کردبوون، بۆ ڕۆژی دواتر و دوای گەڕانەوەی عەباس و عەبدوڵا، خاوەن ماڵ ئێمەشی بەڕێ کرد و نزیکەی کاتژمێر و نیوێک بە پێ ڕۆیشتین، تا گەیشتینە لای پیاوچاکێک کە پێیان دەگووت (شێخ فەرخ) لەو ناوچەیەدا خاوەن ئەفسانە بوو، لە دواتردا بە گوندێکدا ڕۆیشتین بە ناوی هەنارە، لە وێشەوە بەرەو گوندێکی دیەکە ڕۆیشتین ناوی (موسەکان) بوو، لەو گوندە ئێمەیان بردە ماڵی موختاری گوندەکە، کاتێک موختار ئێمەی بینی گووتی: «من دەبێت قەرە قول لە هاتنی ئێوە ئاگادار بکەمەوە» بۆ ئەو مەبەستە ڕۆیشت و پاش کەمێک چەند جەندرمەیەکی تورک خۆیان کرد بەماڵی موختاردا و ئێمەیان لەگەڵ خۆیاندا برد، یەکێک لە کوڕەکانی محەمەد گاینجی بەناوی (کاروان) کە پێشتر قۆڵی شکابوو، بە قۆڵ بەستراوی لەگەڵمان بوو، کاتێک ئێمەیان بردە ڕەبایەکەی خۆیان و دەستیان بە پرسیار کرد، ئێمە گووتمان: «پێشمەرگەی پارتین» چونکە لەو دەمەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ پارتی کرێکاراندا ڕێکەوتنیان کردبوو، ئەوەش بۆ تورکیا قبوڵ کراو نەبوو، بۆیە کاتێک پرسیاریان لێ کردین لەکوێوە هاتوون، گووتمان: «لە ئامێدییەوە» چونکە ئامێدی یەکێک بوو لەو سنورانەی لە ژێر دەستی پارتیدا بوو. بەردەوام بوون لە پرسیار و گووتیان: «ئێوە چەند کەس بوون؟»

گووتمان: «ئێمە زۆر بووین، بەڵام دوای ئەو ڕووداوانـە کەس ئاگای لەکەس نەماوە، هەرکەسەو بەلایەکدا ڕۆیشتووە و ئێمەش هەواڵمان لە کەس نەماوە». دوای پرس و جۆیەکی زۆر لە کۆتاییدا محەمەد گاینجی گووتی: «ئەوە کوڕەکەمە لەسەر وڵاخ لە ڕێگە کەوتۆتە خوارەوە و باسکی شکاوە» ئەوان وەک ئەوەی بڕوا نەکەن، خێرا کوڕەکەیان بانگ کرد و دەستە پێچراوەکەیان کردەوە و بینیان جگە لەو شکاوییەکەی، بە هۆی پێچانی توندەوە هەموو قۆڵی بووە بە برین، هەر خێرا برینەکەیان بۆ پاک کردەوە و جارێکی تر قۆڵیان بۆ پێچایەوە، دواتر بانگی موختاریان کرد و پێیان گووت: «ئەم شەو ئەم میوانانە بەرە ماڵەوە و خزمەتیان بکە، تا بەیانی سەیارەیان بۆ دەگریت و بەڕێیان دەکەیت بۆ شەمزینان».

بۆ ڕۆژی دواتر موختاری گوند دوو سەیارەی ڕینۆی بۆ ئێمە گرت و بەڕێی کردین. لە ڕێگا شۆفێری ڕینۆکە شریتێکی شڤان پەروەری بۆ خستبووینە سەر، بەڵام هەرکات دەگەیشتینە بازگەکانی جەندرمە، کابرای شوفێرکاسێتەکەی بە کاسێتێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکرد و دەیشاردەوە، دوای تێپەڕبوونی بازگەکە دووبارە کاسێتەکەی (شڤان پەروەر)ی دەخستەوە سەر.

لەدرێژەی ڕۆیشتنماندا، بە تەنیشت ئەو ڕووبارەوە دەڕۆیشتین کە گوندەکانی سنوری کوردستانمان لێوە دیار بوو، بەچاوی خۆمان دەمان بینی چۆن ئەو سەربازە عێراقیانە وەک سن و کولە داویانە بەسەر گوندەکاندا و ئاگر لەماڵەکان بەردەدەن، دوای ماوەیەکی تر لە ڕۆیشتن چاومان کەوت بەدوو کۆپتەر کە سنوری خاکی تورکیایان بڕی و لە یەکێک لە سەربازگەکاندا نیشتنەوە، لە خەیاڵی خۆمدا وام بیردەکردەوە کە ئەو دوو کۆپتەرە بۆئێمە هاتوون، بۆیە بە محەمەدم گووت: "ئەو کۆپتەرانە لۆمە هاتینە، ئێستا دەمان بەنە ئەو موعەسکەرەی کۆپتەرەکانی تێدا نیشتوونەتەوە"

محەمەدیش بۆ پشت ڕاست کردنەوەی قسەکەم گووتی: "وەڵا دوور نییە"

بۆیە خۆم نەگرت و لە شۆفێری ڕینۆکەم پرسی: "ئەو کۆپتەرانەی عێراق کو هاتنە ئێرە"

گووتی: "برا، ڕۆژی زۆر دێ، ئیشیان هەیە، دوای تەواوبوونی ئیشەکانیان دەگەڕێنەوە" کاتێک دڵنیا بوومەوە، ئیتر ئارامی بە دڵمدا هات. بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن تا گەیشتینە شەمزینان.

لە شەمزینان ئێمەیان بردە ناو سەربازگەیەکەوە، هێندەمان زانی هەشت جەندرمە لە بەرامبەر ئێمە و بەرپرسەکەیاندا (استرح و استاعید) فەرمانی سەربازییان کرد و میلی تفەنگەکانیان هێنایەوە و ڕاوەستان. سەیرێکی محەمەدم کرد و گووتم: "ئەوە لۆ مە هاتینە، ئێستا ڕەمیمان دەکەن" محەمەدیش بەسەر ڕاوەشاندنێک لە بۆچوونەکەم دڵنیای کردمەوە.

هێندەی نەبرد هەشت جەندرمەی تر بە ئاڕاستەی پێچەوانە هاتن و بە هەمان شێوە بەرامبەر هەشت کەسەکەی تر وەستان و هەمان کرداریان دووبارە کردەوە. لەدواییدا تێگەیشتین کە ئەوانە پاسەوانی قولەکانن و کاتی ئاڵوگۆڕ پێکردنیانە. دوای ڕۆیشتنیان جارێکی تر ئاهێک بە دڵماندا هاتەوە و بە دڵخۆشییەوە گووتمان: "ئەمجارەش لە مردن ڕزگارمان بوو".

دواجار ئەفسەرەکە هات قسەی لەگەڵدا کردین و فەرمانی کرد بمانبەنە بازاڕ تا نان بخۆین و دوای نان خواردن، دوو ڕینۆمان گرت و بەڕێکەوتین بۆ سنوری ئێران.

دونیا خەریک بوو تاریکی دەکرد، کاتێک گەیشتینە ناوچەی ئورمیەی نزیک سنوری ئێران، پادگانەکانی ئێرانمان لێوە دیاربوو، چونکە ئەوان لە بەرزیدا بوون و ئێمەش لە دامێنی چیای ئاراراتدا، هەر چەند ئەوان ئێمەیان بینی و زانیان خێزانمان لە گەڵدایە، بەڵام بەو هۆیەوە کە دنیا تاریکی کردبوو، نەمانوێرا بچینە سەرەوە بۆ لایان تا ڕۆژ بۆوە، ئەو شەوە لەو کەشوهەوا ساردەدا و لەو ناوچە ڕووتەڵانەدا ماینەوە، هیچ دارێکی لێ نەبوو بۆ سوتاندن، ئەو گژوگیایەش کە کۆمان دەکردەوە، هەر زوو ئاگری دەگرت و زووش خامۆش دەبۆوە. هەر کە دنیا ڕووناک بۆوە، من و محەمەد بەرەو پادگانەکە بەڕێ کەوتین، دووبارە ئەوانیش بە هەمان شێوەی جەندرمەکان لێمان کەوتنە پرسیار کردن و ئێمەش هەمان وەڵاممان پێدانەوە و پێمان گووتن: "پارتین"

گووتیان: "دەتانەوێت بچنە کوێ؟"

گووتمان: "دەمانەوێت بچینەوە بارەگاکانی خۆمان لە ڕاژان و لە زێوێ" هەندێک ماتڵیان کردین و پاشان ڕێگەیان پێداین بە بەردەمی ڕەبایەکانیاندا بچینە خوارەوە بۆ گوندێک کە پێیان دەگووت (گوندی شەقڵاوە)، بەڵام ئەو شەقڵاوەیە سنوری ئێران بوو، هەر لەوێ لاندرۆڤەرێکمان گرت تا بمانگەیەنێتە زێوێ.

لە ئۆردووگای زێوێی سنوری ئێران یەکێک لە هاوڕێ پێشمەرگەکانی خۆمم بینی بەناوی (شیروان سابیر) کە لاندرۆڤەرێکی پێ بوو، جگە لە شیروان برادەرێکی مەسیفی تریشم لەوێ بینی، دوای دەمەتەقێیەک پرسیاری ماڵی کەمالی برامم کرد، شیروان گووتی: "ئەوان ماڵیان لە نەغەدەیە".

گووتم: "چۆن دەتوانین بگەینە نەغەدە؟"

گووتی: "دەبێت بەرگە بکەن، لەلای کاک نەهرۆ لە پەیوەندییەکان".

گووتم: "دەتوانیت ئەمشەو ئێمە ببەیت؟"

لەبەر ئەوەی کاک نەهرۆ لە شنۆ دەوامی دەکرد، دڵنیای کردینەوە دەمانباتە شنۆ، هەندێک پارەمان گۆڕیەوە و بەڕێ کەوتین، نزیکی شەو بوو گەیشتینە شنۆ، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و دووبارە بەیانی بەڕێ کەوتینەوە بۆ نەغەدە.

من چوومە ماڵی کەمالی برام و محەمەد گاینجی و خێزانەکەشی خانوویان بۆ خۆیان بەکرێ گرت.

# بەشی
# پێنجەم

# دوابڕیار

وێرای بڕینی ڕێگای سەختی پێشمەرگایەتی و گیان فیداییم، وێڕای وەنەوزدانمان لە ژێر ڕەحمی گوللەدا، وێڕای هاوڕێیەتیمان لەگەڵ ئەو تفەنگەی وەک بارێکی قورس بەشانمانەوە شاخەوشاخ و دۆڵاودۆڵ دەمانگێڕا، هەندێک جار ئەو ماندوو دەبوو، بەڵام ئێمە نا. سەروەختی ئەنفالی بەدناو بە دڵشکاوییەوە دەکشاینەوە، بەڵام نە شانمان دەست بەرداری تفەنگ دەبوو، نەپێیەکانمان هێزی لێ دەبڕا و نە وورەمان بەردەدا، هێشتا ئامانجی سەرکەوتن و گڕی تۆڵە لەناخماندا کڵپەی دەسەند

سنوری نیشتمانم بڕی و دوای ئەوەی چومە خاکی ئێرانەوە و لە نەغەدە بۆ ماوەیەک لە ماڵی کەمالی برام گیرسامەوە، بەڵام کەڵکەڵەی نەسرەوتن هەر لەسەرمدا بوو، بۆیە لە نزیکترین دەرفەتدا چوومە مەهاباد بۆلای کاک کۆسرەت و هۆکارەکانی هاتنەدەرەوەی خۆمم بۆ ڕوون کردەوە، ئەویش گووتی: «دواتر وەرە بۆ قاسمە ڕەش، دەمەوێ لەوێ بتبینم»

لە دیداری دواترمدا لە قاسمەڕەش و لەگەڵ کاک کۆسرەت، هەندێک پارەی دامێ بۆ خەرجی، لەوێ مامەوە تا دووبارە تیپەکانیان تەشکیل کردەوە، لەبەر کەمی پێشمەرگەکان تیپەکانیان تێکەڵ کردەوە، بۆ نمونە: تیپی بەڕانەتیان تێکەڵ بە تیپی ٩١ی سەفین کرد، دوو سەرتیپی هەبوو، کە سەرتیپی پلە یەک (هەمزە شێنەیی) و سەرتیپی پلە دوو (کارزان شەقڵاوەیی) بوو. هەروەها دوو ڕابەر سیاسی هەبوو، من ڕابەر سیاسی پلە یەک بووم و(دلاوەری) برای مامۆستا حەمید کەریم شانەی کۆیەش ڕابەر سیاسی پلە دوو. لەبەر ئەوەی ڕابەر سیاسی بووم هەندێک جار کۆبوونەوەم بە پێشمەرگەکان دەکرد لەسەر خراپی دۆخی پێشمەرگە، جار جارە کاتێک بۆ کۆبوونەوە دەچوومە قاسمە ڕەش، هەریەکە لە ( کاک نەشیروان، کاک ملازم عومەر، کاک کۆسرەت، کاک فەرەیدوون عەبدول قادر و قادری حاجی عەلی)م دەبینی، هەرچەندە خۆیان بارەگاکانیان لە بلەکێ بوو، بەڵام بۆ کۆبوونەوەکان دەهاتنە سەرکردایەتی. سەبارەت بە خۆشم بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو بارەگادا دەمامەوە و هەندێک جاریش دەچوومەوە بۆ نەغەدە و هەندێک جاری تر دەچوومەوە بۆ ماڵی خۆمان لە (خانێ). بەو جۆرە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا خۆمان گونجاند.

# ساڵی ١٩٨٩

پێشمەرگە لە دۆخێکی ئێجگار سەختدا بوو، چونکە هیچ داهاتێکی لەبەردەستدا نەبوو بۆ بەڕێکردنی ژیان و گوزەرانی، تاهاتنەوەی ڕەوانشاد مام جەلال لە دەرەوەی وڵات.

دوای گەڕانەوەی ڕەوانشاد مام جەلال، سەرجەم کادیرەکانی کۆکردەوە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سەر یەک کۆبوونەوەی پێکردین، لەو دوو کۆبوونەوەیەدا وێڕای باس کردنی ئەو کێشە و گرفتانەی لەو سەردەمەدا دۆخەکە هێنابوویە ئاراوە، دوو باسی تر ببوونە گرنگترین تەوەری گفتوگۆ کردن، لەوانە:

**یەکەم/** پرسی دۆخی کورد و یەکێتی و هێزی پێشمەرگە بوو.

**دووەم/** پرسی یەکلاکردنەوەی چارە نوسی مەلا بەختیار، کە هێشتا زیندانی بوو لای یەکێتی.

سەبارەت بە دۆسییەی مەلا بەختیار ڕای زۆر جیاواز هەبوو، هەندێک دەیانگووت: «ئەگەر بەر بدرێت دەبێتە خەتەر بەسەر یەکێتییەوە و حیزب دروست دەکاتەوە» هەندێکی تر دەیان گووت: «ئەو لەگەڵ ئێوەدا بێ وەفا بووەوە و گەر بەربێت دەچێتە پەنا حیزبێکی تر، بەتایبەت لەم دۆخـەدا، ڕەنگە بۆ یەکێتی ببێتە کێشـە» هەندێکی دەیانگووت: «دەبێت لە سێدارەی بدەن، چونکە کێ ناڵێ خۆی ڕادەستی حکومەت ناکاتەوە و ڕێکخستنەکانمان ئاشکرا ناکات؟» ئیدی قسەو گفتوگۆی زۆر لەو بارەیەوە کرا، بەڵام دواجار ڕەوانشاد مام جەلال مەلا بەختیاری ئازاد کرد و گەڕایەوە بۆ بارەگاکەیان لە زێوێ، کاک عیماد ئەحمەد سەرپەرشتی ئەو بارەگایەی دەکرد.

بە هۆی ئەوەی دووان لە هاوڕێکانی مەسیفم لەوێ بوون بە ناوەکانی (کاک سەلاح سەربەنی و د. کاوە خەلیل حەسن) لەگەڵ زراری مەلا گچکە. بەو هۆیەوە جار جار دەچوومە سەردانی بارەگاکەیان لە زێوێ و هەندێک جاریش لەوێ دەمامەوە. ڕەوانشاد مام جەلال لەو دوو کۆبوونەوەیەدا ورەی ئێمەی زۆر بەرز کردەوە، چونکە لە دەرەوە کەسانی پلە بەرز و نوێنەرانی هەریەک لە وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا)ی بینی بوو، لە پێناو پرسی کورد قسەی لەگەڵ کردبوون.

هەر لەو کۆبوونەوانەدا ڕەوانشاد مام جەلال بە ناڕاستەوخۆ ئاگاداری کردینەوە لەوەی دۆخی حکومەتی عێراق لەو باشییەی ئێستادا نامێنێتەوە، بە هۆی ئەو لە

خۆبایی بوونەی سەدام حسێنەوە، کە پێی وایە هەرچی بوێت دەتوانێت بیکات، چونکە سەدام بە هۆی جەنگی (ئێران- عێراقەوە) توشی قەرزێکی زۆر بووە و لە پێناو دانەوەی ئەو قەرزەشدا پەنا بۆ ڕێگە چارەی تر دەبات.

لەدواتریشدا بینیمان چۆن حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتی (کوەیت) کەوتە ململانێ لەسەر نەوت و بیانوو گرتن بە کوەیت، تا گەیشتە ئەوەی لە ٢-٨-١٩٩٠ پەلاماری وڵاتی کوەیتی دا.

## تووڕەبوون لە ناهەقی کردن بەرامبەرم

زویربوونی ئەم جارەم لە سەر سڕینەوەی ناوەکانمان بوو بۆ هەلی خوێندن. وەک لەسەرەتادا بەوردی باسم لێوە کرد، کە خوێندکاری شەشی ئامادەیی بووم و بە هۆی یەکێک لە خۆپیشاندانەکانەوە لە خوێندن دابڕام، هەرچەندە یەکێک بووم لە خوێندکارە زیرەکەکانی خوێندنگەکەم، لەو سەردەمەشدا (زەماڵە)ی خوێندنیان بۆ بیست و یەک کەس کرد، تابچن لەدەرەوە درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن، یەکێک لەوانە من بووم، لە لیستەکەدا ناوەکەی من چواردەهەمین کەس بوو، دواتر بینیم لە سەر تابلۆکە ناوی من و یەکێک لە هاوڕێکانم بەناوی (عوسمان بالیسانی) سڕدراوەتەوە و لە جێگەکەی ناوی دووکەسی دیکەیان نوسیوە، ئەوانیش (ئاکۆ و ئاسۆی شێخ جەنگی) بوون.

ئەوەش منی زۆر تووڕە کرد و دوای قسەکردنم لەگەڵ کاک کۆسرەت و کاک شاخەوان، لەمانگی (٧ی ١٩٩٠) بە نهێنی (ئیختیفا) گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم لە بادینان، بەڵام جار جار بەو کارتەی لە لایەن فەوجی (٥٩)ی ماڵی مام موشیرەوە بۆم کرابوو، دەهاتمە هەولێر، ئەو (عەدەم تەعەرووزە) کەریمی کوڕی مام موشیر بۆی دەکردم، بەو شێوەیە لەگەڵ خزم و ئەو هاوڕێیانەمدا کە پێشتر پێکەوە پێشمەرگە بووین، ئاسانتر دەمتوانی هاتووچۆ بکەم، بەردەوام دادەنیشتین و تا درەنگانی شەو گفتووگۆمان دەربارەی بارودۆخەکە دەکرد، بەڵام بەداخەوە کاتێک گەڕامەوە ناو برادەران و یەکەمین کەس هەواڵی مەلا ڕەسوڵم پرسی گووتیان: "دائیرەی ئەمنی مەسیف گرتوویەتی و بردوویانە بۆ هەولێر، لەو کاتەوە بێ سەروشوێنە" من بەرلەوەی بڕۆم دەمزانی دەسگیر دەکرێت، چونکە هیچ کەسێک نەبوو پشتیوانی

لێ بکات و پەنای بدات، لەسەرێکی دیکەشەوە ئەو لەناو مەسیفدا هەندێک کاری بە ئاشکرا کرد بوو، وەک (تەقە کردن لە مستەفا قەیس و چالاکییەکانی ناو مەسیف) هەر لە پێشترەوە لە هەوڵی گرتنیدا بوون، بەڵام هەمیشە محەمەد فەقۆ بەرگری لێ دەکرد و ئەوانیش بە ئاسانی بۆیان نەدەگیرا، کاتێک بەدواداچوونم بۆ بابەتی گیرانەکەی کرد، لە سەردانێکمدا جەمالی هاوڕێم هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە و گووتی: "لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا گیراوە".

## مانگی دووی ١٩٩١

مانگی دووی ساڵی ١٩٩١ ڕۆژێک بەمەبەستی بینینی برادەران چوومە هەولێر، ئەو برادەرانەی لەو سەردەمەدا بەردەوام لە پەیوەندیدا بووین بریتی بوون لە (تەنیا، کۆدۆ، نەبەز، شێرزاد، نەوزاد، هاوار گەلاڵی و سەعیدی ئامۆزام). کاتێک گەیشتمە هەولێر تەنیا و نەوزاد گووتیان: «برادەرێک هاتۆتە لای مە و باسی لەوە کردووە یەکێتی پلانی داناوە ڕاپەڕین بکرێت»

گووتم: «ئەو برادەرە کێیە؟»

گووتیان: «خولە» پێشنیارم کرد بچین بۆلای خولە.

هەرسێکمان چووین بۆ لای خولە و پێکەوە دانیشتین، گووتمان: «ئەو زانیاریانەت لە کێ وەرگرتیە؟»

گووتی: «لە مستەفا ئیبراهیم قەڵادزێی و مەلا قادر» کاک مستەفا نازناوی (شاسوار) بوو. مەلا قادریش برای (شەهید عەبدول ڕەزاق) بوو، هەردووکیان نێردەی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان بوون بۆ ناوچەی هەولێر.

داوام لە خولە کرد دەرفەتێک بڕەخسێنێت بو بینینی یەکێک لەو دوو نێردەی کاک نەوشروان، ئەویش کاتێکی دانا بۆ یەکتر بینینی من و مستەفا ئیبراهیم لە ئاقاری باداوان.

بۆ ئەوەی گومانمان لێ نەکەن، لەو دیدارەدا لەگەڵ مستەفا ئیبراهیم هەر بەدەم پیاسە کردنەوە بەرنامەکەمان داڕشت و دەستمان کرد بە دروست کردنی شانە چەکدارەکانی بروسک، (شانەی چەکدارەکانی بروسک تایبەت بوون بە شاری هەولێر)،

پێنج سەد شانەیان دا بە من، ٢٥٠ دیناری سویسریشی دامێ بۆ خەرجی و گووتی: «هەرچییەکت پێویست بوو لە ڕێگەی خولەوە ئاگادارمان بکەرەوە».

دوای ڕۆیشتنی بەنهێنی چوومە مەسیف و لەوێش برادەرانی سنورەکەم کۆ کردنەوە و ئاگادارم کردنەوە لە دۆخەکە، دواتر چوومە بەستۆرە و برادەرانی ئەوێشم ڕێکخست، پاشان چوومە کۆڕێ و سەرجەم ڕێکخستنەکانم کۆکردەوە و ڕێکمخستنەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان ئاسانتر بێت، کاک هاوار گەلاڵیم کردە بەرپرسی شانەکانی (مەسیف، بەستۆرە و کۆڕێ).

ڕۆژانە لەگەڵ (تەنیا، کۆدۆ، محەمەد ساڵح قەراسنجی، هونەر، کاک سەعیدی ئامۆزام، جەمال، ڕێبوار و مەعروف)دا کۆ دەبووینەوە، جگە لەوەی سەرقاڵی بینینەوە و ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی سنورەکە بووین، لەهەوڵی بینینی کەسانی دیکەشدا بووین، یەکێک لەوان (کاک مەلا قادر بوو) کە جارێک لەماڵی (نەبەز و نەوزادی کوڕی مامۆستا محەمەد[٥٧]) قسەمان لەگەڵ کرد. جارێکیش بۆ هەمان مەبەست بە تەنیا بینیم، هەروەها لە ڕێگەی (مەعروفەوە)، سەعدوونمان بینی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بوو، خەڵکی ناسرپە بوو لە هەولێر دادەنیشت.

جگە لەوان بە ناوی کاک کۆسرەتەوە، سەردانی بەشێکی زۆر لە (موستەشار) ەکانم کرد، یەکەم جاریش لە ڕێگای مامۆستا محەمەدی باوکی (نەبەز و نەوزاد) ەوە چووینە لای (سەعید ئاغای ڕۆستێ)، دوای ئەوەی بابەتەکەم لەگەڵدا باس کرد، گووتی: «جارێ باس مەکەن، بەڵام هەرچیتان پێویست بوو من ئامادەم».

دوای ئەویش چووینە لای مام عەلی مەحمودی ڕەحمەتی، ئەویش گووتی: «چیتان دەوێتن لۆتان دەکەم». لە دواتردا چەندین جۆر چەک و فیشەکی بۆ پەیدا کردین.

لە ڕێگای یەکێکی تر لە برادەرەکانەوە کەناوی ڕزگار بوو، سەردانی (حەسەن دۆسە)مان کرد، کە مەفرەزە خاسەی هەبوو، خەڵکی گوندی قەراسنجی بناری سەفین بوو، سەرەتا بە ترسەوە چووین بۆ ئەوێ، بەڵام کاتێک نزیکی ماڵەکەی بووینەوە و هەستمان ڕاگرت، گوێمان لە ڕادوێی دەنگی گەلی کوردستان بوو، ئەوەش لە ترسەکەی کەم کردینەوە و هەنگاوێک لە مەبەستەکەمان نزیکی کردینەوە، بۆیە کاتێک چووینە ژوورەوە و دوای سڵاو کردن، پێم گووت: «ئێستا لە ڕانیەوە لای کاک کۆسرەتەوە دێمەوە، ئەو سڵاو و ڕێزی هەبووە بۆت و گووتوویەتی کاک حەسەن برادەری خۆم بووە و چیتان دەوێت داوای لێ بکەن»

---

٥٧. نەبەز و نەوزاد برا بوون، نەبەز لە ڕاپەڕیندا شەهیدبوو، نەوزادیش لەشەڕی گەردەلول شەهید بوو.

دوای بیستنی ئەو قسانە، گەرمتر لە سەرەتا بەخێر هاتنی کردین و لە ئامێزی گرتم و بەدڵخۆشییەوە گووتی: «یاخوا بەخێر بێن، کاک کۆسرەت کەنگێ دەگاتە ئێرە؟»
منیش گووتم: «بە هیمەتی ئەنگۆ دەگاتێ»
گووتی: «چت دەوێ لۆت بکەم؟»
گووتم: «خۆت ئامادە بکە بۆ هەرکاتێ کە پێمان گووتی»
بەو جۆرە خەڵکێکی زۆرمان لە سنورەکانی خۆماندا ڕێکخست.
شیاوی باسە بڵێم ئەو ماڵانەی کە سەروەختی ڕاپەڕین زۆر سودمان لێیان بینی و هەمیشە بۆ کۆبوونەوەکانمان دەرگایان بەڕووماندا واڵا بوو، بێ سڵ کردنەوە پشت و پەنامان بوون، هەریەک لە ماڵەکانی (مامۆستا محەمەد، ماڵی تەنیا، ماڵی کۆدۆ و ماڵی مامۆژنم) بوون.
دوای ڕێکخستنی شانەکان و کۆکردنەوەی ئەندام، لە هەوڵی کۆکردنەوەی چەکدا بووین، هەربۆیە بیرم لەوە کردەوە ئەو چەکانەی لەکۆڕێ دامناون بە هەر ڕێگایەک بووە بیان هێنمەوە بۆ هەولێر، سێ ڕۆژ پێش گرتنی هەولێر واتە لە ڕێکەوتی (٨-٣-١٩٩١) لە گەڵ عومەر عەولا و مام مەجید کە جگە لەوەی پێشمەرگەی کۆن بوو، کاری تەکسی دەکرد، بەمەبەستی هێنانی چەکەکان بەرەو کۆڕی بەڕێ کەوتین، بەڵام بەر لەوەی بچینە کۆڕی، بەرەو لای کاک بورهان ڕۆیشتین لە سێوکە و دواتریش چووین بۆ لای مەلا سلێمان لە بەحرکە، پاشان لەگەڵ مامۆستا جەبار و کاک کارزان زیارەتی سەردانی کاک تەحسین کاوانیمان کرد لە کاوانیان، کە ئەوکات (کاک تەحسین کاوانی، کاک بورهان و مەلا سلێمان) وەک مەفرەزەی پێشمەرگە هاتبوونە دەوروبەری هەولێر و بە شارو شارۆچکەکاندا بڵاوەیان پێ کرابوو، لەدوا جاردا بەمەبەستی هێنانی چەکەکان بەرەو کۆڕێ چووین، دوای هەڵگرتنی چەکەکان پێش کاتژمێر پێنج گەیشتینە بازگەی شاوێس، لەوێ ئێمەیان ڕاگرت و ڕێگریان لە چوونمان بۆ هەولێرکرد و گووتیان: «مەنعە تەجەول»ە، هەرچەند هەوڵماندا بێ سود بوو، ڕێگەی گەڕانەوەیان نەداین، بۆیە ناچار لەسەر داوای عومەر عەولا چووینە پیرزین بۆ ماڵی زاوایەکی، سەرەتا نەمدەزانی زاواکەی کێیە، تا کاتێک دەرگاکەی لێ کردینەوە بینیم (عەبدوڵای حاجی قادر)ی هاوڕێمە، من و عەبدوڵا لە ئامادەیی کوردستان پێکەوە هاوپۆل و هاوڕێ بووین، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دواتر بە پشتی بازگەکەدا چووینە ناو هەولێرەوە.

# بەرنامەی ڕاپەڕین

## پەیامی کاک کۆسرەت بۆ راپەڕینی هەولێر

## لە باوکی ڕێناسەوە بۆ شانە چەکدارەکانی بروسك، نزیکین لێتانەوە دەست بەکاربن

بەرنامەی ڕاپەڕین لە ئێستادا زۆرێک لە کەسایەتی و لایەنەکان خۆیان دەکەنە خاوەنی، بەڵام بە پێی هەموو بەڵگەکان یەکێتی نیشتمانی کوردستان، خاوەنی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینە و پلان داڕێژەری کۆی پرۆسەکەیە. ئەو بەڵگە حاشا هەڵنەگرانەش پشت ڕاستی هەموو ڕاستییەکان دەکەنەوە، بەنمونە: کاتی دیاری کراوی جێبەجێ کردنی پلانەکە لەدەستی یەکێتیدا بوو، نەک کەس و لایەنێکی تر، ئاگادارینامەی دەنگی گەلی کوردستان (٧ی مانگ زەماوەند بکەن) بوو بۆ سلێمانی. ناردنەوەی مەفرەزەکان پێش ڕاپەڕین بۆ دەوروو بەری شارە گەورەکان و شارۆچکەکان، جگە لە هێزەکانی یەکێتی، هیز و مەفرەزەی هیچ لایەنێکی دیکەی لەگەڵدا نەبووە، ئەمانەش سەلمێنەری ئەوەن کەمافی خاوەنداریێتی ڕاپەڕین تەنیا بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. لەناو یەکێتیشدا داڕێژەی کۆی پلانەکە، رەوانشاد کاک نەوشیروان و برادەرانی سەرکردایەتی بوون، هەرچەند لەو سەردەمەدا رەوانشاد مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بووە. بەڵام جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هیچ حیزبێک پلان و شانەی چەکداری نوستوی نەبوو.

لەدرێژەی جێبەجێ کردنی پلانەکاندا و دوای ئازادکردنی ڕانیە و سلێمانی، بە شەڕێکی قورس شەقڵاوە ئازاد کرا، چونکە لە بارەگای هەواڵگریدا بەرگرییەکی زۆریان کرد، بەڵام مەسیف بەبێ تەقە ئازاد بوو، چونکە شانە چەکدارەکانمان بەدیوی کۆڕێ و دیوی بەستۆرەدا سەرجادەکەیان گرتبوو، دوای ئەوەی بەرپرسەکانی بەعس کە لەناو مەسیفدا بوون، لەوە تێدەگەن ناتوانن لە ڕێگەی کۆڕێ و بەستورەوە دەرباز بن، پەنا دەبەنە بەر ناوچەی زرارەتی و لەوێشەوە بۆ موسڵ، بەر لە نیوەڕۆ خۆیان دەربازدەکەن. هەربۆیە بەر لە ئێوارە و هاوکات لەگەڵ گەیشتنی کاک کۆسرەت، بەبێ تەقە مەسیف ئازاد دەکرێ.

ئەوەشەوە کاک کۆسرەت لە مەسیف مایەوە، دووان لە برادەرەکانم بەناوەکانی (ئیدریس مەسیفی و بەختیار کاوانی) ناردە لای، کاتێک گەڕانەوە گوتیان: «ئەمشەو پەیامەکەی کاک کۆسرەت لە ڕادیۆ بڵاو دەکرێتەوە» پەیامەکەشی بەم جۆرە بوو (لە باوکی ڕێناسەوە بۆ شانە چەکدارەکانی بروسک، نزیکین لێتانەوە دەست بەکاربن»

# ١١-٣-١٩٩١
# ڕۆژی ڕزگار کردنی هەولێر

ئەو شەوە زۆربەمان چووینەماڵی کاک تەنیا، لە گەڕەکی (حی الشرطه)، دەوروبەری پێنجی بەیانی بوو خۆمان ئامادە کرد. کاک تەنیا و کاک هاوار و هەندێک لە برادەرانی تر، چوونە سەر مەرکەز شورتەی فاروق لە سەبعە نیسان، کاتێک ئەوان چوو بوون بەشێک لە شانەکانی تری بینی بوو، وەک (کاک پیرۆت نەبی، یوسف بەحرکە و براکانی)، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تردا. پێکەوە هێرشیان کردبووە سەر مەرکەز شورتەکە و گرتبوویان، ئەویش یەکەم شوێنی هەولێر بوو کە ئازاد کرا، هەر بۆیە ناوی گەڕەکی سەبعە نیسانیان گۆڕی بە گەرەکی ڕاپەڕین، چونکە ئەویش بوو بە دەروازەی ڕاپەڕینی شاری هاولێر.

هەمان ڕۆژ کاتێک چوومە تەیراوا، بەکۆڵانی ماڵی بایز جەمیل ئاغای گەردی ڕەت دەبووم، بینیم کابرایەکی درێژی هەرکی و چەند چەکدارێک بەردەمی ماڵی جەمیل ئاغایان گرتووە، ئەوەش لە کاتێکدا بە فەرمانی سەرەوە هەموو چەکدارەکانی حکومەت لێبوردنیان بۆ دەرکرابوو، نزیک بوومەوە و گوێم لە گریان و قیژەی ژنان بوو، کاتێک لە دۆخەکەم پرسی، تێگەیشتم کە ئەو کابرا هەرکیە پێشتر ناکۆکی لەگەڵ بایز جەمیل ئاغادا هەبووە و ئەوەی بەهەل زانیوە تا تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە. بۆیە قسەم بە کابرای هەرکی گوت و خۆی و چەکدارەکانیم دەرکرد و بایز جەمیل ئاغام لە چنگی ئەوان دەرباز کرد.

دوای دەربازکردنی بایز جەمیل ئاغا بەرەو پارێزگای هەولێر چووین، تا ئێمە گەیشتین پارێزگای هەولێر گیرا بوو، تاکە شوێنێک زۆر بەرگری تێدا کرا، بینای مەجلیسی (تەنفیزی و تەشریعی) بوو، دۆشکەیەک لە سەربانی بیناکە دانرا بوو، ڕێگری دەکرد لەوەی نزیکی بیناکە ببینەوە، بۆیە چوینە سەربانی ماڵێکی بەرامبەر و لەوێوە، بە تەنیام گووت:
«ئاربیجییەک بنێت بە دۆشکەی سەر بینای مەجلیسی (تەنفیزی و تەشریعی)یەوە»

تەنیا نیشانە شکێنێکی باش بوو، نیشانەی لە دۆشکەکە گرتەوە و بە یەکەم گولە ئاربیجی دۆشکەکەی پێکاو بردی بە ئاسماندا، دوای پێکانی دۆشکەکە، من و سەعیدی ئامۆزام پەڕینەوە بۆ سەر ئەمنی بەلدە، بەگەیشتنمان بۆ ئەمنی بەلدە تەقە نەما، کاتێک چووینە ژوورەوە، دووان لە ئەمنەکان دەیان ویست بێنە دەرەوە، بۆیە هەردووکیانمان گرت، من ویستم ئەو دوانە بەدیل بگرین و سودیان لێ وەربگرین، بەڵام کاتێک بینیم خەڵکە داخ لە دڵەکەی هەولێر وایان دەزانی من پارێزگاریان لێ دەکەم، لولەی

تفەنگەکانیان کردە ئێمە، کاتێک پێیان گووتم: «دیارە تۆش لەگەڵ ئەوانی» زانیم کار لەکار ترازاوە و تازە ناتوانرێت بەر بە توورەیی ئەو خەڵکە بگیرێت، بە ناچاری دەست بەرداری ئەمنەکان بووم، تا ئەوان بە سزای گەل و میلەتیان بگەیەنن. هەر هەمان ڕۆژ دوای گرتنی ئەمنی بەلدە، مودیریێتی ئەمنیش گیرا، تەشریعی و تەنفیزی گیرا، تاکە شەڕی گەورە کە لەناوهەولێردا کرا، لە ناو بارەگای هەواڵگری شیمالیدا بوو، تا نزیکی نیوەڕۆ بەردەوام بوو، بەڵام بەکورتی هەر هەمان ڕۆژ و بە هاوکاری شانە چەکدارەکان و خەڵکی داخ لە دڵی هەولێر، تەواوی شاری هەولێریان پاک کردەوە.

خەڵک بەگشتی زۆر داخ لەدڵ بوون، چونکە من مێژووی زۆرێک لە وڵاتان و گەلانی ژێردەستەم خوێندۆتەوە، بەڵام هیچکام لە دیکتاتۆرەکان هاوشێوەی سەدام و دارودەستەکەی دڵ ڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ گەلەکەی خۆیاندا نەکردووە، نەک سنورەکانی دڵ ڕەقی، بەڵکو سنورەکانی دڕندەییشی تێپەڕاند، بە ئەنفال کردن و ڕشتنی کیمیایی بەسەر هەزاران کەسی بێتاواندا، دڕندەیی خۆی بەرامبەر گەلی کوردستان سەلماند، هاوکات تەنیا بەرامبەر خەڵکە گشتییەکە دڵ ڕەق نەبوو، بەڵکو زۆرێکیشی لە دۆست و نزیکانی خۆی کوشت. بەشێکی زۆر لەوانەی دامەزرێنەری حیزبی بەعس بوون، لەڕۆژێکدا کوشتنی، هەر بۆیە خەڵک بێسنور بێزار و بێتاقەت بوون لەدەست ستەم و زوڵم و زۆرییان. من سەرکەوتنی گەورە لەناو هەولێرەوە دەبینم، چونکە هیچ شوێنێک بەئەندازەی هەولێر گرنگ نەبوو، لە بەر ئەوەی هەولێر پایتەختی هاوینەی سەدام حوسین بوو، بەشی زۆری مۆڵگا گەورەکانی حیزبی بەعس لەناو هەولێردا بوون، لەوانە (مقەڕی فەیلەقی پێنج، مەرکەزی هەواڵگری باکوری عێراق، مودیریەتی ئەمنی باکوری عێراق، هەردوو مەجلیسەکە تەشریعی و تەنفیزی)، بەگشتی سەرجەم دەسەڵاتە گەورەکانی بەعس لە هەولێر بوو، بۆیە گرتنی هەولێر چاو شکاندنێکی گەورە بوو بۆ بەعس، لە هەمان کاتدا سەرکەوتنێکی گەورەش بوو بۆ هەموو میللەتەکەمان.

ڕۆژی دواتر، واتە ١٢-٣ پرسیاری کاک کۆسرەتم کرد و گووتیان: «لە مەرکەز شەباب دادەنیشێت» کاتێک چووم بۆ لای لەگەڵ حەسەن کوێستانی دانیشتبوون، بە بینینی من لە جێگەی خۆیان هەستان و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە و دەستخۆشی زۆریان لێکردم.

لەدواتردا کاک کۆسرەت گووتی: «هێزت لەگەڵە؟»

گووتم: «بەڵێ»

گووتی: «ئەو کەسانەی گیراون هەموویان لەگەڵ خۆت دەبەیتە سجنی محەتە»

# زیندان و چەند بیرەوەرییەك

دوای ئەوەی کاک کۆسرەت ڕای سپاردم دیلەکان بگوێزمەوە محەتە کۆنەکە، کە پێشتریش ئەوێ سجنی حکومەتی عێراق بوو. کاتێک چووم هەرچی بەدیل گیرا بوو، کۆمەڵ کۆمەڵ دەیان هێنایە ئەوێ، کۆی ئەو دیلانەی کە هێنایانن نزیکەی سێ سەد کەس دەبوون، بەهەر جۆرێک بوو وەک شوێن گرفتمان نەبوو، بەڵام پەیدا کردنی خۆراک بۆ ئەو هەموو نەفەرە بۆ خۆی گرفت بوو لەو سەر وەختەدا، چونکە نە پارەیەکی وا لەبەر دەستدا بوو، نە کەسیش هەبوو بتوانێت خۆراکی ئەو هەموو دیلە پەیدا بکات، گەر وابڕوات لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا هەموویان لە برسا دەمرن، بۆ ئەو مەبەستە بانگی یەکێک لە دیلەکانم کرد کە مفەوەزی ئەمن بوو، پێم گووت: «ئێوە پێشتر نانی سجنەکانتان چۆن دەدا؟»

گووتی: «موعتەمیدمان هەبوو خۆراکیان بۆ دروست دەکردن»

گووتم: «ماریان دەزانی؟»

گووتی:»ئا...برادەرمە»

کاتێک گەیشتینە بەردەمی ماڵی (موعتەمیدەکە) بە تووڕەییەوە پێم گووت: «ئەتۆ ئەو هەموو ئەزراقەت لەماریێ خۆ دانایە، بەتەمای چیت؟»

گووتی: «تا ئێستا کەس لێی نەپرسیوم، خۆتم لێ تووڕە مەکە»

گووتم: «٣٠٠ سجنمان هەیە، دەبێت خواردنی هەرسێ ژەمەکەیان بۆ ئامادە بکەیت»

گووتی: «بەسەر چاو»

دوای ئەوەی لە دابین کرنی خواردن بۆ دیلەکان دڵنیا بوومەوە، تەواوهەستم بە ئاسودەیی کرد. بەو جۆرە بوومە بەڕێوەبەری زیندان لە هەولێر.

دەبوو ئەوانەی بەدیل گیراون پۆلێن بکرێن و بەپێی پلە و پۆستەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش چوومە لای کاک کۆسرەت و پێم گووت: «با جاشە هەرکییەکان بەر بدەین، لە بەر ئەوەی هەندێک لە هەرکییەکان پێشتر زۆر هاوکاری ئێمە بوون، هەروەها جگە لەوەی لێبوردنیشیان بۆ دەرچووە، ناتوانین خواردنی ڕۆژانەی ئەو هەموو کەسە دابین بکەین» کاک کۆسرەت ڕەزامەندی لەسەر داواکەی من دەربڕی و سەرەتا هەموو جاشە هەرکییەکانمان ئازاد کرد. کە لەهەردوو بینایەی تەنفیزی و تەشریعی گیرابوون.

سەربازەکایش زۆر بوون، جگە لەوانەی خۆمان بە دیلمان گرتبوون، هەرکەسێک لە هەر شوێنێک سەربازێکی عێراقی ببینیایە دەیهێنا بۆ زیندان. بەو پێیە بڕۆیشتایە ژمارەی دیلەکان تادەهات زیاتر دەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش دووبارە قسەم لەگەڵ کاک کۆسرەت کردەوە و ئەویش لەسەر ئازاد کردنیان هاوڕابوو، بەڵام بەر لەوەی ئازادیان بکەین، یەکێک لە زابتەکان (کەمال جەوهەر[58])ی دەناسی، پێشتر کەمال لە فەوجەکەی ئەوان شۆفێری دەبابە بوو، هەر کەمنی دەبینی دەچووم بۆ سەردانی کردنی دۆخی دیلەکان هاواری دەکرد : «کاک حجی، کاک حجی، انی عندی شوغل عندک» (کاک حاجی هەندێ کارم پێت هەیە) سەرەتا من نەمدەزانی ئەو چ کارێکی بەمنە، دواتر کاتێک بانگم کرد زانیم، پێشتر لەسەر بەرتیل وەرگرتن لەهەواڵگری (اسخبارات) گیراوە، بۆیە هەموو دەستەی (استخبارات)ی دەناسی، کاتێک من تۆمارەکەم دروست کردبوو، ئەوان خۆیان بە (جندی مکلف احتیات) تۆمار کردبوو، ئەو زابتە گووتی: «ئەوانە هەموویان درۆ دەکەن»، پەنجەی خستە سەرناوی کەسێک، بەناوی (موسەنا) گووتی: «ئایا دەزانی ئەمەیان کە خۆی بە (جندی مکلف احتیات) نوسیوە، رائیدە؟!»

پێکەوە پلانێکمان دانا، دەستێک جلی کوردی کردە بەری و کڵاو و جامانەی بەست و دەموچاوی هەڵبەست و گووتی: «تۆ ناوەکان بخوێنەرەوە، لە هەر ناوێکدا شانم لێدای، بزانە ئەوە پلە دارە، لەدواییدا پلەکەت پێ دەڵێم» بەو جۆرە توانیمان پاکتاوی ناوەکان و پلە سەربازیەکان بکەین و بۆمان دەرکەوت (ڕائید، عەقید، مولازم و نەقیب) ی تێدایە. لە کاتێکدا هەموویان خۆیان بە (جندی مکلف احتیات) لەقەڵەم دابوو، ئیتر دوای ساغ بوونەوەی پلەو پۆستەکان، سەربازە ئاساییەکانمان ئازاد کرد.

یەکێک لەوانەی لای ئێمە گیرابوو ناوی (عەبدول ڕەزاق مەرعی) بوو، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی لای مەخمور بوو، کوردی باش دەزانی. پلەکەی ئەو ڕەفیق حیزبی بوو، لەهەمان کات نائیب ئەمن عام بوو. جیام کردەوە و پرسیم: «مەلا ڕەسوڵ دەناسی؟» سەیرێکی کردم و هچی نەگووت، دواتر گووتم: «قسەم بۆ بکە دەیناسیت؟»

گووتی:»دەیناسم«

گووتم: «کو ناسیت؟»

گووتی: «کاتی خۆی ئامۆزایەکی منیان لەسەر ڕێگەی (گوێڕ- مەخموور) گرت، بردیان و کوشتیان، دەستی مەلا ڕەسوڵی تێدا بووە»

٥٨. کەمال جەوهەر: ناسرابوو بە ڕێبوار لە پێشمەرگایەتی فەرماندەی مەفرەزە بوو.

گووتم: «کێ گووتی؟»

گووتی: «یەکێک لەوانەی لە چالاکییەکە لەگەڵیاندا بووە، ناوی ئازاد بوە، ئازاد دوای تەسلیم بوونەوەی ئەو زانیاریەی دا بە مە»

لە ڕاستیشدا هەر بەو جۆرە بوو کە ئەو باسی لێوە دەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق خۆدی ئازاد بکوژێت و دواجار مەلا ڕەسوڵیش لە مەسیف بگرن، دواتر مەلا ڕەسوڵیش دەکوژن فڕێی دەدەنە هەمان ئەو شوێنەی کە (عەتیەی[٥٩]) لێ فڕێدراوە، عەبدول ڕەزاق دانی بەوە دانا کە خۆی بە هەمان شێوەی ئامۆزاکەی گرتویەتی و کوشنویەتیەوە.

لە دواتردا ڕێگەم پێدا یەک جار سەردانیکەری بێت، کاتێک کەسو کارەکەی هاتن بۆ ئەو دیدەنییە، گووتیان: «سێ ملیۆن دیناری سویسریتان دەدەینێ، تەنیا ئازادی بکەن» بۆ ئەو سەردەمە پارەیەکی ئێجگار زۆر» بەڵام من ڕازی نەبووم و گووتم: «تەنیا ئەمجارە بۆتان هەبووە چاوتان پێی بکەوێت، دواتر ڕەوانەی دادگای دەکەین، ئەو حوکمی دەدات، ئێمە پیاوەکانی بەعس نین، چاومان لە پارە و پولەوە بێت».

جگە لەو کەسێکی دیکەی پلەداریش گیرا بوو، کورد بوو، خزمەکانی هەردوولا چووبوونە لای کاک مەسعود، کە ئەوکات بەرپرسی (مەسئولی) بەرەی کوردستانی بوو، ئەویش نامەی بۆ کاک کۆسرەت نارد کە ئەو دوانە ئازاد بکات، کاک کۆسرەت پەیامی بۆمن نارد کە ئەو دوانە لەوانی تر جیا بکەمەوە، منیش لەسەر داوای کاک کۆسرەت ناردمنە شوێنێکی تر.

لەو سەروەختەدا شەڕ لە کەرکوک بەردەوام بوو، دوای ئازاد کردنی کەرکوک لە ٢١ی ٣دا، جارێکی تر حکومەتی عێراقی هێرشێکی پێچەوانەی دەست پێ کرد و لە ٣٠ مانگدا کەرکوکی گرتەوە و لە پردێوە بەرەو هەولێر دەهات.

منیش دەبوو تەکبیرێک لەو دیلانە بکەم، بۆیە چوومە گەراجی مەسلەحە ( لەنزیک بازاڕی نیشتمانی ئێستا) چەند پاسێکی مەسلەحەم هێنا بۆ ناو محەتە و دیلەکان و هێزەکەی خۆمم بەسەر پاسەکاندا دابەش کرد و لە هەولێر دەربازم کردن و بردمنە مەسیف، رەوانشاد کاک نەوشیروان لەوێ بوو، دیلەکانم لە (مەرکەز شورتە)

٥٩. عەتییە: ئامۆزای (عەبدول ڕەزاق مەرعییە) و بەرپرسی مونەزەمەی حیزبی بەعس بوو لە مەخمور، ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن مەلا ڕەسوڵ و کۆمەڵێک برادەری ترەوە لەسەر جادەی گوێڕ دەگیرێت و بە سزای گەل و شۆڕش دەگەیەنرێت.

ی مەسیف دانا و خۆم چوومە لای کاک نەوشیروان و گووتم: «کاک ئەو شیروان ئەو سجنانە چ لێ بکەم؟» ئەویش گووتی: «منیش نازانم، دەتوانیت لێرە ئەو سجنانە ئیدارە بدەی؟»

گووتم: «نەوەڵا»

گووتی:»برۆ بۆ لای کاک کۆسرەت یان کاک مەسعود بزانە ئەوان بۆچوونیان چۆنە؟» بەهەرحاڵ جارێکی تر دەستگیرکراوەکانم گواستەوە بۆ (مەرکەز شورتە)ی شەقڵاوە و ئیتر من هیچ پەیوەندییەکم پێیانەوە نەما.

جارێکی تر هێزەکەی خۆمم کۆکردەوە و بارەگایەکمان لە سەرمەیدان دانا، ڕۆژی ٧ی چوار هێز گەیشتبووە کۆڕێ، لەکاتی هێرشی یەکەمدا جگە لە هێزەکەی حەسەن کوێستانی، بەشێک لە هێزی (حەمیدە فەندی، دکتۆر سەعید و عومەر عوسمان)یش لەوێ بوون، ئەوان پارتی بوون، بەرگرییەکی باشیان کردبوو، نەیان هێشتبوو حکومەتی عێراق زیاتر بێتە پێشەوە. شەوی ١١\١٠ی ٤ پەیامیان بۆ ناردم و گووتیان : «لە حوجران شەڕە « بۆ بەیانییەکەی گەیشتمە حوجران، کاتێک من گەیشتم، کاک کۆسرەت گووتی: «حاجی تا زووە برۆ ئەو ڕەبایەی پێشەوە بگرە» ئەو ڕەبایەی بۆی دەستنیشان کردبووم دەکەوتە ڕۆژئاوای حوجرانەوە، پیش من کاک وەیسی لێ بوو کە فەرماندەی مەفرەزەکەی کاک کۆسرەت بوو. ئەو هاتە خوارەوە و من چووم شوێنی کاک وەیسم گرتەوە.

لەناو سەنگەرەکاندا بووین، حکومەت هاوەنێکی دوخانی لەخوار ئێمەدا، بە کوڕەکانی دەوری خۆمم گوت: «پەرش و بڵاو بن، هاوەنی ئەمجارە دەکەوێتە ناو ئێمە ...» قسەکەم تەواو نەکردبوو هاوەنەکە کەوتە ناومانەوە، ئامۆزایەکی کاک شاخەوان بە ناوی (فەرهاد) کوڕێکی باڵابەرزی بە خۆوە بوو، لەبەردەمی مندا هەلا هەلا بوو، منیش لە چەند شوێنێکەوە بریندار بووم، بەو هاوەنە کۆمەڵێکی زۆر لە برادەران برینداربوون وەک (محمەد ساڵح قەراسنجی، تەنیا کاوانی و ئەنوەر...).لە سەنگەری ئەو ڕەبایەدا حەوت بریندار و شەهیدێکمان دا.

کاتێک چوومە خوارەوە کاک کۆسرەت گووتی: «بچۆ بۆ نەخۆشخانەکە» چووم بۆ نە خۆشخانە و برینەکانیان بۆ پاک کردمەوە و بۆیان بەستم، دووبارە گەڕامەوە بۆ ناو ڕەبایەکە، هەرچەندە کاک کۆسرەت گووتی: «لۆ هاتیەوە؟» گووتم: «برینەکانم سوکە، هیچ نیە». لەو ساتەدا دەنگۆی وەستانی شەڕی نێوان ئێمەو حکومەتی عێراق بڵاو بۆوە.

ئەو شەڕەی دەربەندی کۆڕێ زیاتر یەکێتی کردی، گەرچی لە ئێستادا کە ئەو شەڕە دەگێڕنەوە تێکەڵی دەکەن و زۆر لایەن باس لە ئازایی و قارەمانێتی خۆی دەکات، بەڵام بۆ مێژوو ئەو شەڕە جگە لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان، هیچ لایەنێکی تر تێیدا بەشدار نەبوو، بەشێک لەوان باسی تێکشکاندنی دەبابە دەکەن، بەڵام هەم لە ٧ی مانگ دەبابە تێک شکێنرا هەم لە ١١ی مانگ، چونکە دوای شەڕەکەی ٧ی مانگ کاک کۆسرەت وەکو فەرماندەی بەرەکانی جەنگ، سەرجەم بەرەکانی دابەش کرد، بەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆڕێ سەر بە یەکێتی بوو، هێزێکی گەورەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەفرەزەکەی (دکتۆرسەردار)ی زەحمەتکێشانی لێ بوو، لەچەند بەشێکی بەرەی ڕۆژئاوادا چەند هێزێکی سەر بە (پارتی، سۆشیالیست، شیوعی، ئیسلامی و پاسۆک)ی لێ بوو.

لەو هێرشەدا کە حکومەتی عێراقی کردی لە شەوی ١١\١٠ی مانگدا، یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکان بەناوی (فاروق گڕاوی) شەهید بوو، شەهید فاروق لە هێزی دەشتی هەولێر بوو، هەریەکە لە (ڕەحمان سەیدە، تەحسین کاوانی و سەفینی مەلاقەرە) بە فەرمانی کاک کۆسرەت بەگوندی زێبارۆکدا سەرکەوتن بۆ سەرچیا و لەوێوە بە ئەودیوی چیادا چوونە خوارەوە، بۆ گرتنەوەی ئەو شوێنانەی کە گیرا بوون، دوای شەڕێکی سەخت بەری ڕۆژئاوایان هەموو گرتەوە کە بە هۆی جێ هێشتنەوە کەوتبووە دەستی سوپای عێراق. تا دەمەو نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو، دواتر بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ دەرکراو دەستکرا بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق.

## دانانی بارەگا لە شەقڵاوە

دوای ڕاگرتنی شەڕ، ئێمە بارەگامان لە شەقڵاوە دانا، بارەگاکە لە بینای ئاگرکوژێنەوەکە و خوێندنگەی کاوێس بوو، چونکە هێزەکەی ئێمە زۆر بوون و کاک شاخەوان سەرپەرشتی دەکردین.

مانەوەی ئێمە لە شەقڵاوە لە سەروبەندی کۆڕەوەکەدا بوو، هەزاران خێزان ماڵ و حاڵیان بە جێ هێشت و لەترسی زەبروزەنگی حکومەت و هێرشەکانی بۆ گرتنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، بەرەو سنورەکان بە برسێتی و تینوێتی بەڕێ کەوتن، دوای

دەرچوونی بڕیای (٦٨٨) بۆ پاراستنی ژیانی خەڵک، کە خۆی دەبینییەوە لە نەفڕینی فڕۆکە بە ئاسمانی کوردستاندا لەسەر هێڵی ٣٦ و٣٤ و چەند بڕیارێکی تر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دەرچوو، لەهەمان کات ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتیش هاتە ناوچەکە.

ڕۆژێک کاک شاخەوان هات بەدوامدا و گووتی: «کاک نەوشیروان کاری پێتە» کاتێێک چوومە لای کاک نەوشیروان گووتی:»وەرە حاجی، من دەناسیت؟»

گووتم: «ئەی چۆن ناتناسم!»

گووتی: «تەبیعەتی من دەناسی؟»

گووتم: «بەڵێ»

گووتی: «ئەوە خاچی سوری نێو دەوڵەتی هاتوونەتە لام، بڕیار وایە ئازووقە بێنن بۆ ئەو خەڵکە ماڵ وێرانە، کاک شاخەوان تۆی دەستنیشان کردووە، خۆت و هێزەکەت دەبێت پاسەوانی ئەو کۆگایانە بکەن کە ئازووقەکەی لێ دادەنێن. حاجی مەسیفی خاچی سور بێتە لای من و بڵێت یەک کیلۆ برنج دزراوە، یەک قوتوو دۆشاوی تەماتە دیار نەماوە، بەگۆڕی شەهیدان ئیعدامت دەکەم»

گووتم: «بەسەر چاو»

گووتی: «جگە لە پاسەوانی کردنی ئازووقەکان، دەبێت چەند کەسێک لە مەفرەزەکەت کە زمان زان و لێهاتووبن، لەگەڵ ستافەکەی خاچی سوردا بنێریت، کاتێک ڕۆژانە دەچن بە لۆری ئازووقە بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن»

منیش کۆمەڵێکم لەو برادەرانە هەڵبژارد کە زمانی ئینگلیزیان باش بوو، لەوانە (مستەفای کاکە ڕەش، عەلی نور محەمەد، دکتۆر ئازادی پورزام و چەند کەسێکی تر) هەموویان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا بوون، ئینگلیزشیان دەزانی، ئەوانەم لەگەڵ ستافەکەدا نارد.

ئەوان خۆراک و ئازووقەکانیان لە کۆگا گەورەکەی بنکەی ئاگرکوژێنەوەی شەقڵاوە دانا، ڕۆژانە لۆرییەک یان دوانیان لێ بار دەکرد و لە شەقڵاوە تا حاجی ئۆمەران دەچوون، ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەی نزیک بە سێ مانگ بەردەوام بوو.

دوای سێ مانگ ڕەوانشاد کاک نەوشیروان ناردیەوە بەدوامدا و پێی گووتم: «ستافی خاچی سور کارەکانیان تەواو بووە و دەگەڕێنەوە، بانگهێشتم کردوون تۆش وەرە»

کاتێک ئێمە گەیشتین ئەوان وەسفی منیان دەکرد و باسیان لەوە دەکرد کە چۆن کەسێکی دەست پاک و پابەند بووم بەکارەکانمەوە و سەرجەم کارەکانم بە باشی ڕاپەڕاندووە، چۆن توانیومە بە باشی سەرپەرشتی کارەکان بکەم. جگە لەوە باسیان لە باشی و زمانزانی و دەستپاکی ئەو پێشمەرگانە کرد بۆ هاوکاری کردنیان بۆم ناردبوون، وێڕای هەموو ئەوانە دڵخۆشبوون بەوەی زۆر بە باشی پارێزگاری لە کۆگاکانیان کراوە. لەڕاستیدا هەموو هەوڵێکی خۆم خستبووە گەڕ تا بتوانم باش ئاگاداری کۆگانیان بم، لەبیرمە ڕۆژێک یەکێک لەبرادەران دووپاکەت پەنیری خواردبوو، کاتێک بەوەم زانی دووپاکەت پەنیرەکەم کڕییەوە و بردمەوە لە جێگەی خۆی دامنایەوە.

دوابەدوای ئەو وەسفانەی ئەوان کاک نەوشیروان گووتی: «حاجی گیان هەر ئەوەم لێ ڕادەبینیت» بە شاخەوانیشی گوت «ئافەرین پیاوێکی چاکت هەڵبژارد»

کاک شاخەوانیش بەو وەسفانە زۆر دڵ خۆش بوو، چونکە من بژاردەی ئەو بووم و لەو ماوەیەدا کارێکم نە کردبوو کە ئەویشی پێ لەکەدار بکەم. هەر خوودی کارەکەش کارێک و ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانی و مرۆڤایەتی بوو، بەرامبەر بەو ئاوارانەی کە هاوزمان و هاونیشتمانی خۆمان بوون. ئەو کارەی خاچی سوری نێودەوڵەتی کردیان، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەو ئاوارانە دانا.

## ئاهەنگی ژن گواستنەوە
## ١٤-٦-١٩٩١

ژیان تا ڕادەیەک ئاسایی ببۆوە، بۆیە بیرم کردەوە منیش پێویستەماڵ و خێزان دروست بکەم، بۆیە ناردم بە دوای دایکم و برا گەورەکەمدا و بابەتەکەم بۆ ڕوون کردنەوە، بەڵام دایکم گووتی: «دەبێت دووبارە دەزگیرانەکەت مارە بکەیتەوە» منیش ڕازی بووم، جاری داهاتوو کە هاتنەوە دەزگیرانەکەم و ئامۆژنمیشیان هێنابوو، ناردم بەدوای (مەلا نەجیم بالیسانی)دا تا لە یەکتریمان مارە بکاتەوە.

مەلا نەجیم بالیسانی لە شەقڵاوە دەژیا و مامۆستای ئاینی بوو، یەکێک بوو لە فەرماندە ئازاو قارەمانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو، پێشتریش مامۆستای ئاینی بوو لە مزگەوتی حوجران، ئەوکاتە ڕۆژانی

هەینی خەڵک لە مەسیف و کۆڕێوە بەتایبەتی دەهاتن بۆ حوجران بۆ گوێ گرتن لە وتارەکانی مامۆستا نەجیم، چونکە وتارەکانی شۆڕشگێڕانە بوون و خەڵکیش تینوی گوێگرتن بوون لەو بابەتانە. هەرچەندە مزگەوتەکە بچوک بوو، بەڵام هەندێک جار خەڵک لە بەر باران دەوەستان تا لە وتارە پڕ لە کوردایەتییەکانی بێ بەش نەبن.

دوای مارە کردنەوەکە چوومە لای کاک کۆسرەت و پێم گووت: «دەمەوێت دەستگیرانەکەم بگوێزمەوە» ئەویش زۆری پێخۆش بوو.

کاک ڕێباز یەکەم کەس بوو لە شەقڵاوە ژنی هێنا، ڕۆژی دووشەمە بوو، ئاهەنگی گواستنەوەی لە بەردەم خانوەکەی قایم قامدا بۆ ساز کرد.

دوای ئەویش من لە ١٤ی٦ی١٩٩١بڕیاری گواستنەوەی دەزگیرانەکەم دا، بۆ ئاهەنگەکەمان هەموو برادەرانم بانگهێشت کرد و جگە لەوان برادەرانی خاچی سوریشم بانگهێشت کرد. ئەوان گووتیان: «ئێمە لە بابەتی ئازووقەدا هاوکاریت دەکەین» بەڵام چونکە کاک نەوشیروان ئەو سوێندەی خواردبوو، لە بەر ئەو نەمدەوێرا هیچ بڕیارێک بدەم، بۆیە کاتێک پرسم پێکرد گووتی: «گەر ئەوان لەسەر خواستی خۆیان هاوکاریت بکەن ئاساییە»

ئاهەنگەکەی ئێمە زۆر گەورە بوو، لە ڕۆژی پێنج شەمەوە دەهۆڵ و زوڕنا و شایی بوو، ڕۆژی هەینی بووک گواستنەوەکە بوو.

لە بەر گەورەیی ئاهەنگەکە خواردنێکی ئێگجار زۆر لێنرا بوو، جگە لەدابین کردنی برنج و ڕۆن، بەشێکی زۆریش لە خزم و کەسەکانم مەڕیان بۆ سەربڕی بووم، یەکێک لە پێشمەرگەکان کە ئەو هەموو خواردنەی بینی گووتی: «ئەو هەموو خواردنە بە (ئومەمی موتەحیدە)ش دابین ناکرێ، ئەتو کو توانیت ئەو هەموو خواردنەی ئامادە بکەی».

خواردنەکان لە لایەن چەند هاوڕێیەکی خۆمەوە لێنرا، ئەوان کاتی خۆی پەیمانگای (فندقییە)یان تەواو کردبوو، ئەو پەیمانگایە تایبەت بوو بە چۆنێتی چێشت لێنان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری، ئەوانەی چێشتەکانیان لێنا (حسێن عەلی عومەر، مستەفا خدر، ڕۆستەمی مام شێخە سورخان، سەلمان عوسمان و مەلا زادە) بوون.

پێش نانخواردنی نیوەڕۆ لە شەقڵاوە بەرێ کەوتین بۆ پێشوازی کردن لە بووک، جگە لە سەیارەکەی سەفینی مەلا قەرە کە ئامادەکرا بوو بۆ هێنانی بووک، هەرچی پێشمەرگە بوو سەیارەی پێ بوو، لەگەڵمان هاتبوون، لەتەنیشت دەبابەکەی خوار حوجران چاوەڕێی هاتنی بووک بووین.

بوک بە مارسیدسێک لە هەولێرەوە دێت، لەخوار مەسیفەوە و لە تەنیشت فندق گۆرانەوە دەگەنە بازگەیەکی سەربازی، هەر لەوێ بووک لە مارسیدسەکە دادەبەزێنن و دەڵێن ئێوە بەتەمان ئەو مارسیدسە بەرن و لە ئێران بیفرۆشن، ئەمان هەرچی دەڵێن و ئەوان باوەڕیان پێ ناکەن.

هەربۆیە مام حاجی ئەنوەرم کە گەورە و ڕیش سپی هەمووڵامانە، لەگەڵ دوو خوشکی خۆی بە تەکسیەک بووکیان هێنا. دوای گەیشتنیان مام حاجی ئەنوەرم لەگەل سەیارەیەکی تر سوار کرد و من و بووک و دوو خوشکی لەگەڵ سەیارەکەی کاک سەفین سەرکەوتین.

یەکێک لە پێشمەرگەکانی پارتی گووتی: «ئەم جەلالیانە بووک گواستنەوەکەشیان شەڕە» ناهەقیشی نەبوو، چونکە سەیارەی پێشمەرگەکان بەردەوام خەریکی پێشکەوتنیان بوو لەگەڵ یەکتری و بەو جۆرە خۆشی خۆیانیان دەردەبڕی، ئەوەندە خۆیان کێشا بوو بە سەیارەکەی کاک سەفیندا، کاک سەفین توڕە بوو لە حوجران ڕای گرت، گووتی: «ناهاژووم» سەعاتێک لەبەری پاڕاینەوە، تا دوا جار قایل بوو، بانگی ئارۆز و فەخرەدینی کرد و پێی گووتن: «هەردووکتان لەدوای منەوە دەبێت بڕۆن و نە هێڵن هیچ سەیارەیەکی تر بێتە دووی من»

بەو جۆرە ڕۆیشتین تاگەیشینەوە شەقڵاوە. لەوێ بە ئامادەبوونی پێشمەرگە و بەرپرسی سەرجەم لایەنەکان شاییەکە بەردەوام بوو، هەموو شاییەکە بە کامێرای ڤیدیۆ لە لایەن زوهێر عەبدول مەسیحەوە وێنە گیراوە، ئەو یەکەم کەس بووە لە هەولێر کامێرای ڤیدیۆیی بەکار هێناوە. یەکێک لە هاوڕێکانی تریشم بەناوی دڵشاد ڕەفعەت چایچی هاوکاری دەکرد.

هەرچەندە بەهۆی کارێکی گرنگەوە کاک کۆسرەت نەیتوانی بوو بەشداری ئاهەنگەکە بکات، بەڵام یەک دوو ڕۆژ دوای تەواو بوونی ئاهەنگەکە بانگی کردم و گووتی: «ئاهەنگەکەت چەندەی تێچوو؟»

گووتم: «سێ هەزار دیناری سویسری»

بانگی شاخەوانی کردوو گووتی: «سێ هەزار دینارەکەی بدەرەوە من دوایی پارەکەت پێ دەدەمەوە» بەمجۆرە تێچووی ئاهەنگەکەم کەوتە ئەستۆی کاک کۆسرەت و ئەوانەی لە خاچی سور هاوکارییان کردم.

## بەشی شەشەم

# دانانەوەی بارەگا
# لە مەسیف

سەرەتای مانگی هەشتی سالی ١٩٩١ کاک کۆسرەت بە دوایدا ناردم و گووتی: «بۆ ناچیتەوە مەسیف؟»

منیش گووتم : «کاک کۆسرەت حکومەت لە دەربەندی کۆڕێیە و مەسیف یەک فیرقە عەسکەری لێیە، بچمە مەسیف چی بکەم؟»

کاک کۆسرەتیش گووتی: «حاجی دەڵێی دەترسێی؟»

منیش بەو قسەیە تورە بووم و گووتم: «ناترسم دەچم»

هەمان ڕۆژ ئەو دە بۆ دوانزە پێشمەرگەی بە پێویستم دەزانین و لە شەقڵاوە لە گەڵم بوون، ئاگادارم کردنەوە و پێم گوتن: «خۆتان ئامادە بکەن» هەر وەک زەمانی پارتیزانی چووینە ئارمەوان و لەوێشەوە سەرکەوتین و چوومە ناو مەسیفەوە.

شەو بوو، کاتێک گەیشتینە ناو مەسیف، ڕاست چووینە ناو ئەو بینایەی پێشتر جێگەی ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی بەعس (اتحاد نیساء) بوو، لەسەر سەربانی بیناکە ئالام هەڵکرد و ئەو پۆستەرانەم هەڵواسی کەوێنەی شەهیدەکانی لە سەر بوو، کۆمەڵێک بڵاوکراوەشم لەگەڵ خۆمدا هێنابوو، بارەگام لەوێ دامەزراند. کاتێک ڕۆژ بۆوە، خەڵکی مەسیف هاتن بۆلامان و زۆر دڵخۆش بوون بەوەی یەکێتی بارەگای هێناوەتە ناو مەسیفەوە، لەگەڵ ئەوەی بۆ ئەوان جێگەی خۆشحاڵی بوو، مایەی سەر سوڕمانیش بوو، لەبەر ئەوەی تائەوکاتە هیچ لایەنێک نەیوێرا بوو لەوێ بارەگا دابنێت، چونکە حکومەتی بەعس هێشتا بارەگاکانیان لە دەربەندی کۆڕێ بوو، بەیانیەکەی (نەقیب عەبدول ڕەزاق)[٦٠] هات بۆلام و گووتی: «کێ تۆی هێناوەتە ئێرە؟»منیش پێم گووت: «من کوڕی ئەم شارەمە»

گووتی: «کێ مەسولی تۆیە؟»

منیش گووتم: «مەسولی من کاک کۆسرەت ڕەسوڵە»

گووتی: «ئێمە کۆسرەت ڕەسوڵ ناناسین، ئێمە فارووق جەمیل[٦١]دەناسین»

پاشان گووتی: «دەبێت لێرە بار بکەی «

منیش گووتم: «بار ناکەم «

گووتی: «کو بارناکەی، نەڕۆی سبەینێ بە دەبابە بە سەرت دەکەوم»

گووتم: «تۆ بە دەبابە پانم دەکەیتەوە؟ من خەڵکی ئێرەم و لێرەش ناڕۆم بڕۆ

٦٠. نەقیب عەبدول ڕەزاق: ئەفسەری هەواڵگری فیرقە بوو لەبارەگای مەسیف.

٦١. فارووق جەمیل: ئەندامی لیژنەی هەماهەنگی نێوان حکومەتی عێراقی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە سنوری هەولێر و دەوروبەری.

دەبابەکان بێنە». بەیانیەکەی هاتەوە دەستی کردەوە بە هەڕەشە کردن و گووتی: «بۆ ناچیت وەرەقەیەک لای فاروق جەمیل بێنیت؟»

گووتم:» من بە قسەی کاک کۆسرەت ڕەسوڵ هاتووم کە مەسولی فاروق جەمیلیشە، من لێرە ناڕۆم».

دوای ئەو دەمە قاڵییە ڕۆیشت و تا دوای چەند ڕۆژێک نەهاتەوە. ئەو بابەتە کاتێک بوو بەرەی کوردستانی[٦٢] لە ساڵی ١٩٩١ لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا.

## محمەد فەقۆ و دانانی بارەگاکەی لە مەسیف

محەمەد فەقۆ لە پێشتردا لە مەسیف مەفرەزە خاسە بوو، لەگەنجیدا زۆر هاوڕێ و برادەری یەکدی بووین، کاتێک لە برادۆستەوە هاتن بۆ مەسیف، کوڕێکی هاوتەمەنی ئێمە و گەنجێکی شیک پۆش بوو، ئەوان بۆ ئیش کردن و دابین کردنی بژێوی ژیانیان بە خێزانەوە هاتبوونە مەسیف، محەمەد فەقۆ دوو برای تریشی هەبوو، براگەورەکەی ناوی (ئیجۆ) و برا بچوکەکەشی ناوی (عومەر) بوو. لەناو خەڵکی مەسیف خۆشەویست بوو.

نەورۆزان وەک ئێمە بەگوڕ و تینەوە هەتا درەنگانی شەو بەشداری ئاگر کردنەوە و هەڵپەڕین و گۆرانی وتنی دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە بووین بە پێشمەرگە، ئەو چەکی بۆ حکومەتی عێراقی هەڵگرت، تا ئەوکاتەش گیانی کوردایەتی تێدا بوو، نەورۆزان گەنجەکانی کۆدەکردەوە و بەدیاریانەوە دەوەستا تا ئاگر بکەنەوە و خۆشی خۆیان دەرببڕن، لەو سەردەمەدا حکومەت ئاگر کردنەوەی قەدەغە کردبوو، بەڵام ئەو پاسەوانی دەکردن تا کەس ئازاریان پێ نەگەیەنێت.

---

٦٢. بەرەی کوردستانی: بەرەی کوردستانی ئەو چەترە بوو، هەموو لایەنەکان لە ژێر سایەیدا بوون، پێش دروست بوونی بەرەی کوردستانی، کۆمەڵێک شەڕی برا کووژی لە نێوان لایەنەکاندا ڕوویدا کە هەمووان تێیدا زەرەرمەند بووین، هەڵگیرساندی ئەو شەڕانەش مێژوو دەیسەلمێنێت لە ئەستۆی کێدا بوون، بەڵام دروست بوونی بەرەی کوردستانی بۆ میللەتیش جێگەی دڵخۆشی بوو، چونکە تەنانەت دروشمەکانیشمان دروشمی گشتی بوون و گوزارشتیان لە لایەنێکی دیاری کراو نەدەکرد، بە نمونە کاتێک دەوترا "بژی هێزی پێشمەرگە، سەدام نزیکی مەرگە" یان دەوترا:"چیتان دەوێت دەوێت هاوڵاتی، نان و ئاشتی و ئازادی".

یەکێک بوو لەو پیاوە کوردپەروەرانەی هەمیشە پشتمان پێ دەبەست و ئەوەندەی پێی بکرایە هاوکاری دەکردین، لە شەڕی گرتنی تەواوی ناوچەی سماقوڵی، گوزەرانمان زۆر خراپ بوو، ئەویش فەرماندەی فەوجی عەولا ئاغای بارەکی دەکرد و بارەگاکە لە ئاکۆیانی نزیک شاری ڕەواندز بوو، هەموو ئەو خواردنە لە قووتوو نراوەی حکومەتی عێراقی بۆ فەوجەکەی ناردبوو، بردبوویە کۆڕێ و لەوێوە بە برادەرانی ڕێکخستنەدا بۆ ئێمەی نارد. جگە لەوە لە ناردنی فیشەک و گولە ئاربیجی بۆ ئێمە هیچ کات درێخی نەدەکرد.

جارێک کاک کۆسرەت پەیامی بۆ ناردم کە (جەلال حاجی) خەزوری کاک حەسەن کوێستانی بریندار بووە و بە هۆی زۆری برینەکانی جەستەیەوە، باری تەندروستی ناجێگیرە، منیش محەمەد فەقۆم ئاگادار کردەوە و ئەویش گووتی: «با بێتە کۆڕێ» لەوێوە لەگەڵ خۆی بردی بۆ نە خۆشخانەی سەربازی لە شاری بەغداد و بە نەشتەرگەری سەرجەم ساچمەکانی جەستەیان بۆ دەرهێنا، دوای باش بوونی باری تەندروستی بە موسڵدا گەڕاندیەوە بۆ کۆڕێ، کاتێک من چووم بەدوای جەلالدا بۆ کۆڕێ، لەڕێگە باسی ئەوەی بۆ کردم کە محەمەد فەقۆ چەند بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە هاوکاری کردووە.

لەدوای ئەوەی حکومەت زانیاریەکی زۆر لەسەر محەمەد فەقۆ کۆدەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٩٠ دەزگای ئەمنی عێراق دەستگیری دەکەن، زۆربەی ئەوکارانەی لە ناوچەکەدا کرابوو، خستبوویانە ئەستۆی محەمەد. کاتێک ئەو ئازاد کرا من لە هەولێربووم. پەیامی نارد بمبینێت، هەرزوو چوومە مەسیف و ئەوم لەماڵی برادەرێک بینی و داوای کرد بیبەمە لای کاک کۆسرەت.

پێش ئەوەی بیبەمە لای کاک کۆسرەت، بابەتەکەی بۆمن باس کرد و گووتی: «موقابەلەی استخباراتی عێراقیم کردیە، وەعدم داینێ کە ئازادم بکەن، بچم ئاژاوە و شەڕ لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بکەم».

وێڕای ئەوەی کەسێکی بەدەسەڵات و بە هێز و چاونەترس بوو، هەرچی بویستایە دەیتوانی بیکات، بەڵام کاتێک لێم پرسی: «جا ئەوە دەکەی؟»

گووتی: «کو دەیکەم، هەر خواخوام بوو لەدەستیان دەرباز بم»

کاک کۆسرەت هەر کە هەواڵی بەر بوونی محەمەد فەقۆی بیست گووتی: «بە بەلاش بەرنەدرایە» دوای ئەوەی محەمەد فەقۆ ڕاستییەکانی پێ گووت. کاک کۆسرەت

گووتی: «من تۆم زۆر خۆشدەوێت، چونکە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی زۆر هاوکاری ئێمەت کردووە، زۆر ئیشت لۆ مە کردیە، بۆیە حەزناکەم هیچت بەسەر بێت، تەنیا لەگەڵ حاجی بە»

محەمد فەقۆش دڵخۆش بوو بە و پشتیوانییە و گووتی: «باشە بەسەر چاو».

محەمەد وەک بەڵێنی بە کاک کۆسرەت دابوو، هاتە ناو هێزی پێشمەرگەی دەشتی هەولێرەوە و لای کاک سەفین تیپێکمان بۆ دروست کرد. لە شەڕەکەی دەربەندی کۆڕێشدا لەگەڵ کاک سەفین ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی.

لەو سەروبەندەدا و بێ ئاگادارکردنەوەی ئێمە هاتبووە ناو مەسیفەوە و هێزەکەی لەناو ماڵە کۆنەکەی بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەکە جێگیر کردبوو، کردبووی بە بارەگا، ئێمە کاتێک زانیمان کارلە کار ترازا بوو، من و کاروان گەریاوایی و نەجاتی ئامۆزام و ئەحمەد ڕەسوڵ کە ناسرابوو بە (ئەحمەدە هێڕ) بەرە و نەخۆشخانەکەی مەسیف دەڕۆیشتین، لە ناکاو تەقە دەستی پێکرد، هەر زوو گەڕامەوە بۆ بارەگاکەی خۆمان و کاتێک گەیشتمەوە بینیم مولازمێکی دوو نەجمەی سەر بە عەبدول ڕەزاق، لەوێ چاوەڕێم دەکات. گووتم: «چیە ئەوە؟»

گووتی: «بارەگایەکی دیکەشتان هێناوەتە ناو مەسیف»

گووتم : «بارەگای چی، بابچین؟»

کاتێک نزیک بووینەوە لە خانووەکەی بەڕێوەبەری پێشووی ناحییە، بینیم سەربازەکان هەموو لەسەر زەوویەکە ڕاکشاون و بە بیکەی سی و بە ئاربیجی تەقە لە خانووەکە دەکەن.

بە مولازمەکەم گووت: «بیان وەستێنە و شەڕ ڕاگرە»

مولازمەکە هاواری لە سەر بازەکان دەکرد و دەیگووت: «بە فەرمانی قائید فرقە، شەڕ ڕاگرن».

ئەوانیش بێ گوێندانە مولازم بەردەوام تەقەیان دەکرد.

بە مولازمەکەم گووت: «شەڕ ڕانەگری لێیان دەدەم»

ئەوان هەر تەقەیان نەوەستاند. بۆیە من و ئەو سێ پێشمەرگەیەی لەگەڵمدا بوون، هاتینە سەر جادەکە و ئێمەش دەستمان کرد بەتەقە بە ناویاندا، لەگەڵ هەڵهاتنی سەربازەکان شەڕەکە گەورە بوو، مستەفا کەریم کاکە ڕەش هاوپۆل و

لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش لەگەڵ من بوو، لە سەربانی بینای مەرکەز شورتەی مەسیفەوە بە بیکەیسییەکەی کۆنترۆڵی دۆخەکەی کردبوو، نەیهێشتبوو شۆفێری دەبابەکان بگەنە دەبابەکانیان تا بێنە ناو مەسیف.

لەهەمان کات هەریەکە لە هێزەکانی (عوسمان بانی مارانی و بورهانی سەعید سۆفی) گەیشتن، دوای هاتنی هەریەکە لە (فاروق جەمیل و قائید فیرقە) شەڕ ڕاوەستا، هەرچەندە ئێمە بێ زیان بووین، بەڵام ئەوان زیانێکی گیانی زۆریان لێکەوتبوو، ٦٥ کەسیشمان لێ بەدیل گرتبوون.

لەدوای ڕاگرتنی شەڕ لەسەر داوای فاروق جەمیل دیلەکانمان ئازاد کرد. هێزەکانی کاک بوورهان وکاک عوسمان چوونەوە شوێنەکانی خۆیان، بۆ ڕۆژی دواتر قائید فیرقە هات بۆلام و گووتی: «بۆ واتان لێکردین...؟!»

گووتم: «ئەمن بەعەبدول ڕەزاقم گووت، ئیمە خەڵکی مەنتەقەینە، ئێمەت پێ دەرناکرێ»

گووتی: «تۆ موشکیلە نەبووی، برادەرەکەت کە لەدواییدا هات موشکیلەی بۆنایەوە»

گووتم: «منیش ئاگاداری هاتن و دانانی بارەگای محەمەد فەقۆ نەبووم، بەڵام نەدەبوو تەقەی لێ بکەن، بهاتبان منتان ئاگادار بکردایەتەوە»

لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەوەی کە ڕوویدا بوو، گووتی: «بۆ شتێکی دیکە هاتووم تا یارمەتیم بدەی، ئێمە سبەینێ لێرە بار دەکەین، لە دەربەندی کۆرێوە سەحب دەکەینەوە، دەچینە ئەوبەری بەستۆڕەی»

گووتم: «چت بۆ بکەم؟»

گووتی: «کاتێک لێرە دەڕۆین، کارێک بکە ئەو منداڵانەی مەسیفی نەکەونە دوومان بە بەردان»

گووتم: «بەسەر چاو خەمتان نەبێت»

بۆ ڕۆژی دواتر خۆم لە فولکەکە ڕاوەستام و سەیارەکانیانم بەڕێ کرد و لەدوای کۆتا سەیارەشەوە خۆم ڕۆشتم بەدوایاندا تا لە گوندی بانەمان ڕەت بوون. دواتر خۆم گەڕامەوە.

دوای گەڕانەوەم، بەرەو شەقڵاوە ڕۆیشتم بۆ لای کاک کۆسرەت.

گووتم: «عەسکەر سەحبی کرد»

به سەرسوڕمانەوە گووتی: «لە کویێ سەحبی کرد؟»

گووتم: «مەسیف و سەری ڕەشیان لە دەربەندی کۆڕێوە بەجێهێشت تا ئەوبەر بەستۆرەی»

لەدواتردا باسی خانووەکانی مەسیفم بۆ کرد و پێم گووت: «ناو مەسیف کۆمەڵێک خانووی گەورەی گەشتیاری لێنە، بەشی هەموو مەکتەبەکانی ئێمە دەکات، بە بارەگاکانی مام جەلالیشەوە، هەموو ئەو خێزانە ئاوارانەی کەرکوک دەگرێت کە دەرکراون، هەر ئەو خانەوادانە بۆ مەش دەبنە هێزێکی پاڵپشتی لە مەسیف»

کاک کۆسرەت هەر زوو پێشنیارەکەی منی پەسەند کرد، هەر بۆیە نامەیەکی نوسی و پێیدا ناردم بۆ ڕەوانشاد مام جەلال. ئەویش ئەو کات لە (فندق سیاحی) یەکەی شەقڵاوە بوو، کاک حاکم قادر سکرتێری بوو، کاتێک نامەکەم دا بە حاکم قادر و ئەویش بردی بۆ ڕەوانشاد مام جەلال، پاش کەمێک گووتی: «با بێت».

کاتێک چوومە ژوورەوە ڕەوانشاد مام جەلال چاویلکەکەی تۆزێک هێنایە خوارەوە و بەدەنگێک کە تۆنی تووڕە بوونی تێدا بوو گووتی: «ها چت دەوێ؟»

منیش هەموو ئەو پلان و بەرنامەیەی بۆ کاک کۆسرەتم باس کردبوو، بۆ ئەویشم باس کرد.

گووتی: «ئەتوو عومرت چەندە؟»

گووتم: «نزیکی ٢٨ ساڵم»

گووتی:»ئەتوو ئەو وەختەی مندار بووی»

گووتم: «کەی؟»

گووتی : «ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥)، لەو ساڵانەدا ماڵی کاک مەسعود خۆیان و زۆرێک لە خزم و کەسەکانیان لە ئێران گیریان خوادووە، لە ئێستاشدا کاک مەسعود بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نێردەیەکی (وەفدێکی) بەرەی کوردستانی لە بەغدادن، لەوێوە بروسکەی بۆ کردووم کە ماڵەکانی خۆیان و سەرجەم ئەو خانەوادانەی لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئێرانەوە نەگەڕاونەتەوە، دێنێتە مەسیف و سەری ڕەش، هەر بۆیە دەبێ تۆش حاجی لە پێشوازیاندا بیت و ڕێزیان لێ بگری، دواتریش دەبێ بچیتە لای کاک مەسعود و هەرچی پێویست بوو بۆی دەکەیت»

منیش گووتم: «مەسیف و سەری ڕەش زۆر گەورەیە، بەشی هەردوولامان دەکات» بەڵام ئەو هەر سوربوو لەسەر قسەکانی خۆی، لە ڕاستیشدا ئەوێ زۆر

گەورە بوو، ئەگەر لەنێوان خۆشماندا دابەشمان بکردایە، بەشی دەکردین و تەنانەت شەڕی ناوخۆش ڕەنگە لەساڵی ١٩٩٤دا دروست نەبوایە. ڕەنگە ئەگەر پێش ئەوان ئێمە بچووینایە هەر شەڕ دروست نەبوایە، یەکێتیش لەوە زۆر سودمەند دەبوو، بەڵام تازە هەموو شتێک تێپەڕی...

هەر بۆیە لەدوای ئەو بینینەی رەوانشاد مام جەلال، ئیدی بە یەکجاری وازمان لەو پێشنیارە هێنا.

## هەوڵی گرتنی خانوەکان

بەرلە دانانی بارەگاکەی محمەد فەقۆ و دروست بوونی شەڕ، پارتی دوو مەفرەزەی بە فەرماندەیی عەلکە تۆپچی (یەکێک بوو لە فەرماندەکانی پارتی) ناردبووە مەسیف، مەفرەزەیەکیان بۆ سەری ڕەش و خانووەکانی سەدام، مەفرەزەیەکیش لە خانووەکانی خوار مەکتەب سیاسی ئێستایاندا بوو، ئەوان بۆ ئەوە هاتبوون هێزەکانی حکومەتی عێراقی بکشێنەوە و ئەمان شوێنەکانیان بگرنەوە. کاک مەسعود بەرزانیش بۆ هەمان مەبەست سەردانی بەغدادی کردبوو، تا هەموو هەولێکی خۆی بخاتە گەڕ بۆ وەرگرتنی ئەو خانوانەی پێشتر سەدام حسێن بۆ خۆی دروستی کردبوون، هەردوو مەفرەزەکە عەلکە تۆپچی سەرپەرشتی دەکردن، لە کاتی ڕوودانی شەڕەکە لە مەسیف هیچ تەقەیەکیان نەکرد.

بەڵام لە دوا جاردا ئەوان سەرجەم خانووەکانی مەسیف و سەری ڕەشیان گرت وماڵەکانیان هێنایە ئەوێ.

جگە لەوەی هەموو خانووەکانیان گرت و دەستکاری نەخشەی خانووە کۆنەکانیان کرد، ئەو زەویانەشیان کردە خانوو کە دەکەوتە نێوان خانووەکانەوە.

لەو سەرو بەندەدا کۆمەڵێک خانووم لە خوار کۆمیتەکەی خۆم گرت، کە خانووەکانی کۆمەڵگەی (و)یان پێدەگووت. زۆرێک لە برادەرانم ئاگادار کردەوە کە بێنە ناو ئەو خانوانە، بەڵام نەهاتن، بۆیە لە کۆتاییدا ئەوانیش ماڵە پارتی هاتنە ناویەوە.

# لەکەرتەوە بۆ کۆمیتە

پلەو پۆستەکان لە سنوری شەقڵاوە دارێژرابوونەوە، مەلا نەجیم کرابووە بەرپرسی کۆمیتەی شەقڵاوە و عەبدوڵا کانی بەردی و تەها کانی بەردی کرابوونە کارگێڕی کۆمیتە، هەروەها کۆمیتەی شەقڵاوە لە پێنج کەرت پێکهاتبوو بەو شێوەیە تاساڵی ١٩٩١( شەقڵاوە- مەسیف – هیران - بالیسان – هەریر)

١-کەرتی شەقڵاوە (کاک محەمەد سەلیم)

٢-کەرتی مەسیف (حاجی مەسیفی)

٣-کەرتی هیران (م. جەوهەر هیرانی)

٤-کەرتی بالیسان (مەلا خالید)

٥-کەرتی هەریر (جەمال هەرووتی)

بۆیەکەم جاریش مەڵبەندی سۆران کرایەوە و تەشکیلاتکەی بەمجۆرە بوو.

١-مامۆستا چەتۆ حەویزی (لێپرسراوی مەڵبەند)

٢-نەهرۆ سەعید سۆفی (جێگری مەڵبەند)

٣-کارگێڕەکانی مەڵبەند (محەمەد سوڵتان، مامۆستا سەعید، شێخ فەزل هیرانی، مامۆستا کاوە و نیشتمانخان)

بەو پێیەی زۆرینەی خەڵکی مەسیف لایەنگری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، تا دەهات لەڕووی ڕێکخستنەوە گەشەمان دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە سنوری مەسیف زۆر گەورە و فراوان بوو، ئەم شوێنانەی دەگرتەوە (کۆڕێ، بەستۆرە کە ئوردوگایەکی زۆر گەورە بوو، ناوچەی زرارەتی کە چل بۆ پەنجا گوند دەبوو)، جگە لەو شوێنانەی ناومان هێنان مەسیف نزیگەی ٧٨ گوندی لەخۆ دەگرت.

بەمجۆرە ڕۆژ بەڕۆژ ڕێکخستنەکانی ئەو سنورە ڕووی لە فراوانی بوو، هێزێکی ڕێکخراوی بەرچاویشمان هەبوو لە کۆمەڵێکی زۆر لە پێشمەرگەی ئازا و چاونەترس پێکهاتبوو، ئەم خاڵانە وای کرد بیر لەوە بکەینەوە بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکان کۆمیتەیەک لە سنورەکە دابمەزرێنین، بۆ ئەو مەبەستەش ڕاپۆرتێکمان نوسی و داوامان کرد مەسیف لە کەرتەوە بکرێتە کۆمیتە.

لەوەڵامی داواکەماندا، مەڵبەندی سۆران و مەکتەب ڕێکخستن ڕەزامەندیان دەربڕی، لەو سەردەمەدا کاک (عومەر فەتاح) بەرپرسی مەکتەب ڕێکخستن بوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ یەکەم کۆمیتەمان لە مەسیف درووست کرد.

دوای ئەوەی لەکەرتەوە بووین بە کۆمیتە بەم جۆرە پەیکەری کۆمیتەمان دارشت.

کەرتی ڕێکخستنی کۆڕێ، عومەر مەولانمان کردە بەرپرس، پیاوێکی زۆر ئازا بوو، لە زۆرینەی چالاکییەکانی پێشمەرگەدا لەگەڵ ئێمە بەشدار دەبوو، بەگشتی لە خێزانێکی کوردپەروەری یەکێتیدا بوو، هەر لەسەر ئەو بیرو باوەڕەیان زۆر جار لەگەڵ پارتیدا توشی کێشە و نارەحەتی دەبوون.

کەرتی ڕێکخستنی بەستۆرە، محەمەد خدرمان کردە بەرپرسی، خەڵکی گوندی گەریاوە بوو، بەڵام لە بەستۆرە دادەنیشێت، لە پێش ڕاپەڕینەکەدا برایەکی لەلایەن مەفرەزە خاسەکانەوە لە دەواجینەکانی خوار مەسیف شەهید کرا و لە خێزانەکەشی باوک و دایک و سێ خوشکی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن.

کەرتی ڕێکخستنی بناری سەفین، مامۆستا یاسین عەلی قادرمان کردە بەرپرسی، کۆنە ڕێکخستن بوو، لە گوندی قەڵاتسنج سەر بە کەرتەکەی من بوو.

کەرتی ڕێکخستنی مەسیف. لەلایەن هەریەک لە برادەران (مامۆستا شکور هەرکی، عەلی نور محەمەد و ئەحمەد ئیبراهیم)ەوە بەڕێوە دەبرا، هەریەکەیان ڕۆڵی بەرپرسی کەرتی مەسیفیان دەبینی.

کەرتی ڕێکخستنی زرارەتی، میرخان زرارەتیمان کردە بەرپرس، پێشمەرگەی کۆن بوو، لەگەڵ ئەوەی کوڕێکی ئازا بوو، زۆریش ڕۆشنبیر بوو.

ئەوانەشی لەگەڵ مندا لەناو کۆمیتە بوون ( مامۆستا جەبار شێخە )وەک جێگری من و (سەردار عەبدول کەریم و مەولود کۆمفۆ)ش ئەندام کۆمیتە بوون.

کاروان گەریاوەییش بەڕێوەبەری ژمێریاری کۆمیتەکەمان بوو، بەندەش بوومە بەرپرسی کۆمیتە و بە هەمووومان کۆمیتەمان بەڕێوە دەبرد.

جگە لەو هاوڕێیانەی باسم کردن، دوای یەکگرتنەوەمان لەگەڵ ( زەحمەت کێشان و باڵەکەی ئاڵای شۆڕش) هەریەکە لە (کاک تاهیر خەیلانی و کاک سەرتیپ یەحیا) هاتنەلای ئێمە کە پێشتر لەگەڵ ئاڵای شۆڕش بوون، (کاک سەربەست حەسەن)

یش هاتە کۆمیتەکەمان کە پارتی گەل بوو، هەرسێکیان بوون بەکارگێڕی کۆمیتە. مامۆستا حسێن مەلا عومەر و کاک ساڵح رەشێوی رەحمەتی ئەندام کۆمیتە بوون.

کۆمیتە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردندا بوو، خەڵکی مەسیف زۆر پەرۆشی کۆمیتە بوون و سەردانیان دەکردین و تەبایەتی و برایەتی هەبوو، ڕاستە هەندێک گرژی و ئاڵۆزی دەکەوتە نێوان ئەندامانی ئێمە و پارتییەوە، بەڵام هەمیشە و هەر زوو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانمان دەدا، تا ئەو کاتەی هێرشیان کردە سەر کۆمیتەکەمان.

## بەشی حەوتەم

# هەڵبژاردن و قۆناغێکی نوێی خەبات

دوای تێپەڕینی کۆی ئەو ئەزموونە تاڵانەی شاخ، قۆناغێکی پڕ لە ململانێ لە دوای ڕاپەڕینەوە هاتە ئاراوە و خەڵکی لە دۆخێکی سەخت و دژواردا بوون، سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت دەبوو ڕێکبخرێنەوە و دووبارە کاروبارەکانی ڕۆژانەی خەڵک ڕێڕەوی یاسایی خۆیان بگرنەوە بەر، ئەوەش کات و پلانی دەویست، بۆیە بەر لە هەر هەنگاوێک بیر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرایەوە، ئەوەش بۆ میللەتی کورد بەگشتی و بۆ سەرجەم لایەنەکان پرۆسەیەکی نوێ بوو.

پرۆسەی هەڵبژاردن بەرئەنجامی بڕیاری بەرەی کوردستانی بوو[٦٣]، چونکە لەو سەردەمەدا حکومەتی عێراق سەرجەم دامودەزگا ئیدارییەکانی خۆی کێشایەوە، بەڕێوەبردن بۆشاییەکی زۆری تێکەوت، زۆر کەس پێی وابوو هەڵبژاردن نەکرایە و سیستمەکە بە بەرەی کوردستانیەوە بەڕێوە بچوایە باشتر بوو، بەڵام ئەوە لە ڕووی یاساییەوە نەدەکرا، چونکە ئەو دام و دەزگایانە بە یاسا ڕێکخرا بوون، گەرچی بەرەی کوردستانی لەو حیزبانە پێکهاتبوو کە لە شۆڕش و تێکۆشاندا پێکەوە بوون، بەڵام دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان، ئەرکی شۆڕش گۆڕدرا بۆ بەڕێوەبردن، ئەوەش ئەرکێکی قورس بوو، چونکە بەرەی کوردستانی نەیدەتوانی وەک پێویست ئەو هەرێمە بەڕێوە بەرێت، لەبەرئەوەی هەر حیزبە و ڤیتۆی خۆی هەبوو، بۆیە هەڵبژاردن باشترین بژاردە بوو، چونکە هەرسێ دەزگای ( پەرلەمان و حکومەت و دادوەری) تێدا کارا دەکردەوە، بە جۆرێک هەریەکە و دەست بەکار بێت لەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆی، بە نمونە: پەرلەمان ناوەندی بڕیاردانە، حکومەت بۆ بەڕێکردنی ئیشوکارەکانی ڕۆژانەیە، هەروەها دادوەریش بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانە لە ناو هەرێمدا.

١٩٩٢/٥/١٩ بە ڕۆژی هەڵبژاردن دەستنیشان کرا و هەر یەکە لە لایەنەکان تا ڕۆژی هەڵبژاردن ئازاد بوون لە چۆنێتی بانگەشە کردن و کۆکردنەوەی دەنگ بۆ لایەنەکەی خۆیان. ئێمە لە مەسیف جگە لە بارەگاکەی خۆمان شوێنێکمان لە ناو بازاڕی مەسیف بە کرێ گرتبوو، جگە لەوەی تەواوی شوێنەکەمان سەوز پۆش کردبوو، ستریۆیەکی

٦٣. بەرەی کوردستانی: لە هەشت پارت و لایەنی کوردستانی باشور پێکهاتبوو، ئەوانیش: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، پاسۆک، پارتی گەل، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان-عێراق. لە ڕۆژی ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ ڕاگەیەنرا، ئامانج لە پێکهێنانی کار و خەباتی پێکەوەیی بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق.

گەورەشمان دانابوو، ڕۆژانە ئەو گۆرانیانەمان پێ لێدەدا کە لە شاخ تۆمار کرابوون، یان ئەو بەیاننامانەی لە شاخ و لە کاتی سەرکەوتن و هەڵمەتەکانی پێشمەرگە بە دەنگوسەدای فەرهاد سەنگاوی و هەستی پڕ لە نیشتمان پەروەرییەوە دەیخوێندنەوە، ڕۆژانە کادیر و ئەندامانی ڕێکخستن دەهاتنە ئەو بنکەیەوە، هەندێک جاریش سەردانی ئەو کەسانەمان دەکرد کە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بە پێویستمان دەزانین.

بەڵام مەسیف لەڕووی دیمۆگرافیەوە زۆر گۆڕدرا بوو، بۆ نموونە: هەمووهێزو مەکتەبەکانی پارتی لەخانووەکانی ناو مەسیف و سەری ڕەش کۆببۆوە .

پێش ئـەوەی هـەڵـبـژاردن بکرێت، کـاک مەسعود نوێنەرانی سـەرجـەم لایەنە جیاوازەکانی کۆکردەوە، نوێنەرە ئامادە بووەکان جگە لە من وەک نوێنەری یەکێتی بریتیبوون لە (کاک مەحمود فامێ وەک نوێنەری پارتی، کاک کارزان شەقڵاوەیی وەک نوێنەری سۆشیالیست، کاک تاهیرمەلا سەید وەک نوێنەری شیوعی، کاک لەزگین حسێن وەک نوێننەری پارتی گەل). ئامانج و پەیامی ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و باش بەڕێوەچوونی پڕۆسەکە بوو، کاک مەسعود بارزانی گووتی: «سبەینێ هەڵبژاردن دەکرێت و شتێکی نوێیە، یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان پڕۆسەیەکی وا بەڕێوە دەچێت، دەبێ هەموومان بە گرنگیەوە تەماشای بکەین و هەوڵ بدەین پشێوی و یاساشکێنی نەکرێت»

لەوەڵامی داواکەی ئەودا گووتم: «هێز و دەسەڵات لە مەسیف لای خۆتانە، ئەگەر ئامۆژگاری برادەرانی خۆتان و کادیرەکانتان بکەن لەوەی پشێوی و یاساشکێنی نەکەن، ئەوە کەس نایکات» گووتی: «ڕاسـت دەکـەی، من ناهێڵم کادیری ئێمە و پێشمەرگەی ئێمە هیچ یاساشکێنیەک بکەن» گووتم: «ئەمەش کەسمان یاساشکێنی ناکەین، هەوڵ دەدەین پرۆسەکە سەرخەین» ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەو پڕۆسە گرنگە، پڕۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئێمە پڕۆسەیەکی نوێ بوو، بەڵام بۆ پارتی بەجۆرێکی تربوو، چوونکە ئەوان زیاتر لە وڵاتی ئێران بوون، شارەزاییەکی باشتر و زیاتریان هەبوو لەو بابەتەدا، هەربۆیە چەند فێڵێکیی گەورەیان لە یەکێتی کرد.

هەرچەند بۆ دابەش کردنی سندوقی دەنگدان لیژنەیەکی هاوبەش پێک هێنرا، بەڵام پارتی یەکەمین یاساشکێنی خۆی لەوێوە دەست پێ کرد، ئەو کارانەی پارتی کردی بۆ سەرکەوتنی خۆی و شکست هێنانی یەکێتی لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبینییەوە،

بۆ نمونە: پارتی لەکاتی دابەشکردنی سندوقەکاندا، بۆ ئەو شوێنانەی کە دەیزانی خۆی دەنگی زۆری تێدا بە دەست دەهێنێت، سندووقی زۆری دەنـارد، بـەڵام بۆ ئەو شوێنانەی لایەنگرێکی زۆری یەکێتی لێ بوو، سندووقی کەمی دەنارد، ئەمەش بۆ ئەوە بوو خەڵکێکی زۆر لە سەرەدا بوەستێت و لەو وەستانە بێزار بن، یاخود دەرفەتیان بۆ دەنگدان کەم بێتەوە.

## ١٩٩٢/٥/١٩ و رۆژی هەڵبژاردن

بەیانی زوو خۆمان ئامادە کرد و بە ڕێکەوتین، چووینە ئەو خوێندنگایەی کە قۆناغی سەرەتاییم لێ خوێندبوو، ناوی خوێندنگەی سەلاحەدینی سەرەتایی کوڕان بوو، ئەو خوێندنگایە کرابووە بنکەی دەنگدان لە مەسیف.

دووەمین یاساشکێنی پارتی لە بنکەکان بوو، پێشتر ئاگاداری سەرجەم لانگران و کادیرانی خۆی کردبۆوە لەدوای پارشێوەوە بچن لە بەردەم وێستگەکانی دەنگداندا بووەستن، تا هەلی زیاتر بۆ دەنگدان بە دەست بهێنن. کاتێک چوومە بەردەم خوێندنگە بینیم ڕیزێک بۆ ژنان و ڕیزێک بۆ پیاوان کراوەتەوە و هەر ڕیزە و بەدرێژی کیلۆمەترێک خەڵک وەستاوە، بۆ من و نوێنەرانی سەرجەم لایەنەکانی دیکەش جێگەی پرسیار بوو.

سەبارەت بەو بابەتە لەگەڵ نوێنەری حیزبەکانی تردا قسەم کرد و گووتم: «ئەگەر وا بڕوات برادەرانی ئێمە دەنگدانیان بەر ناکەوێت»

گووتیان: «چ بکەین؟»

گووتم: «ئێستە دەچم بە کاک حەمەدەمین دەڵێم ئەو سەرپەرشتیی ئێرە دەکات» چومەلای گووتم: «کاک حەمەدەمین دیارە ئەو برادەرانە پێشتر هاتون ڕیزبوونە، ئێمەش دەمانەوێت ڕیزێک لە ناوەندی بکەینەوە»

گووتی: «نابێت کاک حاجی، تێک دەچێت».

گوتم: «ئەگەر نەکرێت ئێمەش تێکی دەدەین، ئێوە فێڵتان لە ئێمە کردووە، دیارە تۆش لایەنی پارتی دەگریت» لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر قایل بوو بەوەی برادەرانی ئێمەش ڕیزێک بگرن، برادەرانی ئێمە پێشتر هیچ ئامادەکارییەکیان نەکردبوو، زیاتر لەدوای کاتژمێر دەوە وردە وردە دەهاتن بۆ دەنگدان.

لە درێژەی بەڕێوەچوونی پڕۆسەکەدا، هەندێک کێشەی بچوک ڕویاندا، یەکێک لەوانە کارمەندێکی بەڕێوەبەردنی پرۆسەکە بە ناوی سەباح کە تۆزێک زمانی دەیگرت، کاتێک ژنێکی بەتەمەنی نەخوێندەواری خزمی من لە کاتی دەنگدانەکەدا داوای هاوکاری لێکرد، ئەو بەویستی خۆی دەنگی بۆدا، سەرەتا لێی پرسی دەنگ بە چ ڕەنگێک دەدەیت؟ ئەو گووتی: «لۆم لە کەسکی بدە « بەڵام ئەو ڕەنگە زەردەکەی بۆ هەڵبژارد، دواتر لەنێوان سەرۆکەکاندا گووتی: «کێ وەک سەرۆک هەڵدەبژێریت؟»

پیرەژنەکە گووتی: «مام جەلال»

ئەم جارەش کاک مەسعود بارزانی بۆهەڵبژارد. کاتێک ئەوەم بینی ئارامم نەما و پشتەملیم گرت و بانگی کاک حەمەدەمینم کرد و گووتم: «وەرە کاک حەمەدەمین، ئەوە کارمەندەکەتە هێناوتانە» بانگی ژنەکەشم کرد و گووتم: « تۆ چیت پێ گووت؟ لە ڕەنگەکان گووتت لە چی بدە ؟»

ژنەکە گووتی:» گووتم لە کەسک بدە» منیش بە کاک حەمەدەمینم گووت:» سەیربکە لە زەردی داوە»

گووتم: «ئەی لە ڕەسمەکان؟»

ژنەکە گووتی: «پێم گووتووە لە مام جەلالی بدە»

منیش گووتم سەیر بکە لە کاک مەسعودی داوە، کاک حەمەدەمین سەیرکە ئەوانە هۆکاری تێکدانی ئەو پڕۆسەیەن، ئێمە نین، دەری نەکەی ناهێڵم ئەو پڕۆسەیە بەڕێوە بچێت».

کاک حەمەدەمین پۆلیسی بانگ کرد دەریان کرد و زیندانیان کرد هەتا پڕۆسەکە تەواو بوو، پڕۆسەکە تادرەنگی شەو بەڕێوە چوو، لەوێ پێکەوە لەسەر مێزەکە سندوقەکەمان هەڵڕشت و دەنگەکانمان جیاکردنەوە، ئێمە ئەو کاتە لە مەسیف هەزار و پێنج سەد و شتێک دەنگمان هێنا بوو، پارتی دوو هەزار و سێسەد دەنگی هێنا بوو، بەنزیکەیی بە هەشت سەد دەنگ ئەوان لەپێش ئێمەوە بوون.

مەسیف چەقی هێزی پارتی بوو، سەرجەم بارەگاکانیان لەوێ بوو، بە بارەگای سەرۆکیشەوە، جگە لەو خێزانانەی دوای ڕاپەڕین گەڕابوونەوە و لە سەرجەم خانووەکانی مەسیف و سەری ڕەشدا نیشتەجێیان کردبوون، ئەو خێزانانەشیان بۆ هەڵبژاردن هێنایەوە کە لە ئێران مابوونەوە، لە هەردوو میوانخانەکەی مەسیفدا

جێگەیان بۆ کردبوونەوە تا دوای دەنگدانەکە. دەنگدان ئەو کاتە کۆنترۆڵ نەدەکرا، نەدەتوانرا لیستێک بکەیت و پشتی پێ ببەستی، ئەو دەنگدانە بەجۆرێک بوو هیچ ناسنامەیەکیشت پێ نەبوایە دەتتوانی دەنگ بدەیت.

دوای تەواو بوونی کاتی دیاریکراوی خۆی، دوو کاتژمێری دیکە کاتی دەنگدان درێژ کرایەوە، دوای تەواو بوونی پرۆسەکە و جیاکردنەوەی دەنگەکان بە گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان ٥١ کورسی بەدەست هێنا بو، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش ٤٩ کورسی، زەرەرمەندی یەکەم لەو پرۆسەیەدا شاری سلێمانی بوو، بەدوای ئەودا ناوچەی پشدەر و ڕانیە بوو، بەهۆی کەمی ژمارەی بنکە و سندوقی دەنگدانەوە، خەڵکێکی زۆر و بە هەزاران کەس نەیانتوانی دەنگ بدەن، لە دهۆک ژمارەی دەنگدەران زۆر زیاتر بوو لە ژمارەی دانیشتوان کە لە فۆڕمی خۆراکی حکومەتی عێراق دیاری کرا بوو، بەپێی ژمارەی دەنگدەران، مردوی سەرقەبرانیش دەنگی دابوو.

دوای دەرچوونی ئەنجامەکان کۆبوونەوەیەک کرا، تێیدا ڕەوانشاد کاک نەوشیروان پێشنیاری ئەوەی کردبوو. مادام پارتی خۆی بە هێزی یەکەم دەزانێت، با ئەم چوارساڵە ئەو دەسەڵات بگرێتە دەست و ئێمەش ببینە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام پێشنیارەکەی ئەویان پەسەند نەکردبوو، کۆدەنگ بوون لەسەرئەوەی: «بەشداری لە حکومڕانی بکەن، چونکە سەرەتایە، لەودەمەشدا بارودۆخی دارایی زۆر خراپ بوو، بۆیە ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی یەکێتی و پارتی نیوە بە نیوە بن لە پەرلەمان و لە حکومڕانیدا.

بۆئەوەی نەتوانن بەشداری پەرلەمان و حکومڕانی بکەن، لەو پرۆسەیەدا مەرجێک وەکو لەمپەر لە بەردەم حیزبە بچووکەکاندا دانرا بوو، بەپێی ئەو مەرجە دەبوو لە سەدا حەوتی دەنگەکان بەدەست بهێنن، ئەو کات دەیانتوانی نوێنەریان لە پەرلەمان و حکومەتدا هەبێت، ئەو ڕێژەیەش بۆ سەرجەم حیزبەکان زۆر بوو، بۆیە نەیانتوانی بەشداری پەڕلەمان و حکومەت بکەن.

ئەو لیستانەی بەشداری دەنگدانیان کردبوو پێکهاتبوون لە (پارتی، زەحمەتکێشان لەگەڵ یەکێتیدا، پارتی گەل وسۆسیالیست پێکەوە و ئیسلامیەکان).

هەریەک لە (مام جەلال و کاک مەسعود و مەلا عوسمانی بزوتنەوە و دکتۆر مەحمود عوسمان) خۆیان هەڵبژاردبوو بۆ ڕابەری.

ئەو ئێوارەیەی ڕێککەوتنەکە کرا، خەڵک بە دڵخۆشیەوە هەموو هاتنە فولکەکەی مەسیف و لەوێ دەستکرا بەشایی و هەڵپەڕکێ و هەموولایەنەکان پێکەوە دڵخۆشی خۆیان بۆئەو سەرکەوتنە دەردەبڕی، میللەت دڵی بەو هەڵبژاردنە زۆر خۆش بوو، چونکە یەکەم جار بوو کورد نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت و پەرلەمان و حکومەتی خۆی هەبێت، بەو هیوایە بوون لە ڕووی داراییەوە کاربکەن بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکە و باشترکردنی باروگوزەرانی خەڵک. حوکمڕانی پێک هات، سەرۆکایەتی پەرلەمان درا بە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەت درا بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یەکەم سەرۆکی حکومەت لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر فوئاد مەعسوم بوو، جێگرەکەی دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس بوو. سەرۆکی پەرلەمان کاک جەوهەر نامیق بوو، نەژادی عەزیز ئاغا جێگری بوو.

سەرجەم وەزارەتەکانیش بەدوو لیست دابەشکران، نیوەی وەزارەتەکان بۆ یەکێتی بوون و جێگرەکانیان پارتی بوون، نیوەکەی تریش بۆپارتی بوون و جێگرەکانیان یەکێتی بوون. وەک یەک دەسەڵاتیان هەبوو، سەرجەم ئیشوکارەکانیان پێکەوە دەکرد، هەرچەندە کێشە دروست دەبوو، بەڵام هەر زوو کێشەکان چارەسەر دەکران.

هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان بە شێوەی لیستی داخراو بوو.

## بارودۆخی دارای زۆر خراپ بوو

ساڵی ١٩٩٣بەو پێیەی دکتۆر فوئاد مەعسوم مامۆستای زانکۆ بوو، زیاتر سەرقاڵی کارو بارەکانی ناو زانکۆ بوو، جگە لەوەش بینای حکومەتی هەرێم لە ناو شاری هەولێردا بوو، ئەوەش بۆ دکتۆر فوئاد زەحمەت بوو، ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی یەکێتی بڕیاربدات. دوای لاچوونی دکتۆر فوئاد، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ بکاتە سەرۆکی حکومەت. لەبەر ئەوەی کاک کۆسرەت خەڵکی هەولێر بوو، دەیتوانی زیاتر و باشتر کاروبارەکان بەڕێوە بەرێت، جگە لەوەش کاتی خۆی لە ناوحکومەتدا فەرمانبەر بوو.

حوکمڕانی بەو جۆرە بەردەوام بوو، دوای ڕێکخستنەوەی حکومەتیش جارێکی دی بە پێی پلەبەندی سەربازی عیراقی هێزی پێشمەرگە ڕێکخرایەوە، هەر یەک

له فیرقه و لیوا و فەوج و سریە دروست کران، پێشمەرگەی تەواوی حیزبەکان بەشداریان تێدا کرد و پلە فەرماندەیەکانیش بە شێوەی فەرماندە و جێگر دابەش کران بەسەر قەرماندەکانی یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تردا.

یەکێک لەو کێشانەی لە چەمچەماڵ دروست بوو، پەنادانی تەحسین شاوەیس بوو لەلایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەحسین شاوەیس جگە لەوەی جاشێکی خۆفرۆش بوو، بە بڕیاری هەواڵگری حکومەتی عێراق و بە بەرنامەیەکی پلان بۆ دارێژراو مامە ڕیشە شەهید دەکات، کە یەکێک بووە لە پێشمەرگە قارەمان و گیان لەسەر دەستەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کاک مەسعود بارزانی پەنای دەدات و بۆ ئەو مەبەستەش بە تایبەت دەچێتە لای ڕەوانشاد مام جەلال و داوای لێ دەکات ژیانی ئەو بکوژە خۆفرۆشە پارێزراو بێت، ئەو پەنادانەش خزم و کەسەکانی مامە ڕێشە زیاتر تووڕە دەکات.

## جەماله ڕەش و ڕوداوەکەی دواناوەندی پیرمام

یەک دووجار فرەنسۆ حەریریم لە مەکتەب سیاسی بینی بوو، بەڵام جارێک لەسەر جەماله رەشی کۆنە بەعسی لە مەکتەب سیاسی پارتی بانگ کرام، کە ئەوکات بەڕێوەبەری ئامادەیی پیرمام بوو، ئەگەرچی لە زەمانی بەعسدا و بە پشتگیری بەعسیەوە لە هەمان خوێندگە بەڕێوەبەر بوو، دوای راپەرینیش پارتی هەمان پۆستی پێ دابۆوە، ئەو بەعسییەکی زۆر خراپ بوو لە ئامادەیی پیرمامی تێکەڵاو، شەڕ و پشێوی لە نێوان خوێنکارانی یەکێتی و قوتابیانی پارتیدا دروست کردبوو، کاتێک برادەران هاتن و بەمنیان گووت، منیش زۆری لێ داخ لە دڵ بووم و چوومە سەری و پێم گووت: «جەماله ڕەش ئەوە بۆ ئەو هەموو بەزمە دەنێیتەوە توو؟ کاتێک خوێندکاران لە هەلبژاردن بردوویانەتەوە، بۆ لایەنگری قوتابیان دەکەیتە دژی خوێندکاران؟.»

وەڵامی دامەوە و گووتی: «خوێندکاران ئاژاوە دەنێنەوە»

منیش هەتا توانیم ڕاژگێکم (زلەیەکم ) لێدا، یەکێک لە کوڕەکانی کاک مەسعود بارزانی بە ناوی وەیسی کە لەوێ دەیخوێند، لە مەکتەب سیاسی ئەو رووداوەی

باس کردبوو، ئەوانیش پەیوەندیان پێوە کردم و گووتیان: «زەحمەت نەبێ تا ئێرە وەرە»

گووتم: «کێی جەنابت؟»

گووتی: «ئازاد بەرواری»

گووتم: «من وا نایەم، دەبێت لە ڕێگەی یەکێتییەوە داوای من بکەن»

کاتێک پەیەیوەندیم بە کاک (دکتۆر فوئاد و مامۆستا چەتۆ)ەوە کرد، ئەوکات کاک دکتۆر فوئاد (لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی) بوو، مامۆستا چەتۆش (لێپرسراوی مەڵبەندی٦ی سۆران)بوو.

ئەوان گووتیان: «دەبوو کەسێکت بناردایە»

گووتم: «دەبوو خۆم بچم، چونکە کەسێکی زۆر بودەڵەیە»

گووتیان: «بڕۆ قسەیان لەگەڵدا بکە و تێیان بگەیەنە کە چەند نامەرد و بودەڵەیە»

کاتێک من چووم، کاک ئازاد بەرواری و کاک فەڕەنسۆ هەریری دانیشتبوون، بە چوونە ژوورەوەم لەبەرم هەستان، لەبەر ئەوەی تەنیا ناوی منی بیستبوو دکتۆر عیزەدین بەرواریش داوای کردبوو هەر کات چووم بەویش بڵێن تا من ببینێت، بۆیە بە چوونی من ناردیان بە دوای رعیزەدین بەرواریدا و ئەویش هات.

دوای ئەوەی بابەتەکە کرایەوە گووتم: «ئێوە بەقەد من جەماله ڕەش ناناسن، من خوێندکاربووم لەو خوێندنگەیە، یەکێک بووە لە خراپترین پیاوەکانی بەعس و یەکێک بووە لە تێکدەرەکانی ناو ئەو خوێندنگەیە، دەبوو ئێوە لە بەڕێوەبەرێتی هەر لایبدەن، ئەوانەن کەدێن ئاژاوە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا دروست دەکەن» هەرچەندە گوێیان لێگرتم و قسەکانی منیان بە هەند وەرگرت، بەڵام گووتیان: «دەبوو بە ئێمەت بگووتایە، خۆمان بە جۆرێکی تر چارەسەرمان دەکرد، خۆت نەچوویتایە بۆ خوێندنگە».

گووتم: «غەدرێکی زۆر گەورەی کردبوو، کە پێویست بوو خۆم بچم».

دوای گفتۆگۆکانیشمان ئیدی ماڵئاواییم لێ کردن و ئەوانیش وەک رێز تادەرەوە لەگەڵم هاتن.

لەگەڵ ئەوەی نەدەکرا شەڕی چەندین ساڵەی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی لەشاخ وا بە ئاسانی لە یاد بکرێ، بەڵام کاتێک ئەو وردە ئاڵۆزیانە دروووست دەبوون، زاڵ دەبووین بەسەریدا و کەم تا زۆر چارەسەردەکران تا ساڵی ١٩٩٤.

## بەشی هەشتەم

# هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ

هەمیشە کاتێک دەمانەوێت ڕووداوێک بۆ مێژوو تۆمار بکەین، دەبێت لەسەر مەبنای ڕاستییەکان ئەو ڕووداوانە بگێڕینەوە، هەندێک کاتیش بۆ گێڕانەوەی مێژوویەک دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوە لە پێشینەکان، هەربۆیە شەڕی ناوخۆ کە یەکێکە لە کارەساتە گەورەکان و سەنگەر گرتنی برایە بەرامبەر برا و کوشتنی برایە بە دەستی برا و ڕژانی خوێنی هاوڕێ و هاو خەباتە، دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، کاتێک باسی ئەو شەڕە نەگریسە دەکرێت پەنجە توانای نوسینی نییە، مرۆڤ نازانێت لەکوێی ئەو نەهامەتییەوە دەست پێ بکات، بەڵام هەندێک کات وەک دەوترێت: «شەڕە و یەخەت دەگرێ، ئەگەر نەیکەیت خوا دەتگرێ» بەو جۆرە بەرۆکی گرتین. هەرچی بێت دەبێت سوچێک بدۆزینەوە تا بیکەینە دەروازە بۆ نیشاندانەوەی ئەو ڕۆژگارە تاڵە، ئایا گرفتەکان وەرگرتنەوەی چەند دووکانێکی حەسۆ میرخان بوون لەلایەن عەلی کوڕییەوە؟ کە خۆی لە ڕێکەوتی (١٩٨٣/٩/١) لە شەڕی ناوخۆدا لەکونە کۆتر کوژرا؟ یان پاشخانێکی دیکەی هەبوو؟؟؟.

عەلی کوڕی حەسۆمیرخان لە مەسیف دەژیا، پارتی ڕای سپارد وەک فەرماندەی سریە لە (موئتەمەر وەتەنی)[٦٤] دەوام بکات، ئەوانەشی لەناو سریەکەیدا بوون هەموویان پارتی بوون.

عەلی حەسۆ میرخان بە مەبەستی وەرگرتنەوەی کۆمەڵە دووکانێک لە قەڵادزێ، سریەکەیی و چەند کەسێکی پارتی لە بنکەی ئاسایشی مەیسف لەگەڵ خۆی دەبات، لە قەڵادزێ لەگەڵ خاوەن موڵکەکان گرژی و ئاڵۆزی دەکەوێتە نێوانیانەوە و پێیان دەڵێت: «دەبێت ئەو موڵکەم بدەنەوە، نەمدەنەوە دەیڕوخێنم» لەو نێوەندەشدا شەڕ هەڵگیرساو (مام شوان) شەهید بوو.

کاک مستەفا چاوڕەش بەرپرسی یەکەمی مەڵبەندی ڕانیە بوو، (عەلی نەبی و سمایل وەرتێی) دەنێرێت تا شەڕەکە تەشەنە نەستێنێ، ئەوکات ئەوان بەرپرسی سەربازی بوون، دوای بەڕێکەوتنیان لەڕانییەوە بۆ قەڵادزێ، کاتێک دەگەنە (گردی حوسنی) دەبینن عەلی حەسۆ میرخان خۆی دامەزراندووە، هەرچەندە عەلی نەبی و سمایل وەرتێی تەنیا بۆ کۆنترۆڵ کردنی شەڕەکە چوون، بەڵام عەلی حەسۆ و

٦٤. مؤتمر وطني عراقي: کۆکەرەوەی هەموولایەنە سیاسییە عێراقی و کوردییەکان بوو دژی سەدام حسێن، ئەحمەد چەلەبی سەرۆکایەتی دەکردن.

جەماعەتەکەی هەر لەوێ لێیان دەدەن و(عەلی نەبی شەهید دەکەن) و (سمایل وەرتێ) ش بریندار دەکەن، لەبەر سەختی برینەکەی ئەویش لە دواتردا شەهید دەبێت. بەو جۆرە ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێت، عەلی حەسۆ میرخان و هەندێک لەو کەسانەی لەگەڵی بوون لەهەمان شەڕدا دەکوژرێن.

ئاگری ئەو شەڕەی عەلی حەسۆ میرخان لەسەر چوار دوکان هەڵی گیرساندبوو، تا دەهات تەشەنەی دەکرد، هەرچەندە پارتی بێبەری بوونی خۆی لەو ڕەفتارەی عەلی حەسۆ میرخان ڕادە گەیاند و دەیگوت: «بێ ئاگاداری ئێمە چووە» بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو، چونکە عەلی حەسۆمیرخان فەرماندەی سریە بوو لە (موئتەمەری وەتەنی عێراق)، چلۆن دەکرێ بە بێ پرسی بەرپرسی یەکەمی ئەوێ ئەو هێزەی لەگەڵ خۆی بردبێت؟ جگە لەوەش ئەو لەگەڵ خۆی دوو کەسی لە بنکەی ئاسایشی مەسیف بردبوو. ئەوەش جێگەی پرسیارە، چۆن دەکرێت پارتی ئاگاداری ئەو پلان و پەلاماردانە نەبووبێت؟ دوای ئەوەی رەوانشاد مام جەلال لە دەرەوەی وڵاتەوە لە دۆخەکە ئاگادار کرایەوە، بروسکەی بۆ مەکتەبی سیاسی کرد و گووتی: «بە هەر شێوەیەک بێت کۆنترۆڵی شەڕەکان بکەن، کارێکی وابکەن شەڕەکە زیاتر تەشەنە نەکات بۆ شوێنی دیکە، دان بە خۆتاندا بگرن، کاک مەسعود بارزانی چی گووت ئەوە بکەن». ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئێمە بوو ئەوەبوو، برادەرانی ئێمە بە گوێی کاک مەسعودیان دەکرد، بەڵام بەرپرسەکانی پارتی بە گوێی کاک مەسعودیان نەدەکرد، تا دەهات زیاتر شەڕەکەیان گەشە پێ دەدا، بەتایبەت فازل میرانی و کاک نێچیر ڕۆڵێکی خراپیان لە تەشەنە پێکردنی ئەو شەڕەدا هەبوو. لە دوای شەهید بوونی عەلی نەبی کە ڕۆڵێکی بەرچاو و قارەمانانەی گێڕا بوو لە ڕاپەڕینی ڕانییەدا، زیاتر خۆشەویستی کردبوو لە ناو خەڵکدا، هەموو خزم و کەسەکانی پیاوی ئازاو مەرد بوون، ئەوەیان پێ قبوڵ نەکرا، لە ڕانیە هێرشیان کردە سەر لقی پارتی و گرتیان، ئەوانیش لە بادینان تۆڵەی لقی ڕانیەیان کردەوە و هەموو بارەگاکانی یەکێتیان گرت، بە گشتی ئاگری ئەم شەڕە تا دەهات زیاتر بڵێسەی دەسەند و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە و لە هەر شوێنێک هەر لایەنێک دەسەڵاتدارتر بوایە، هێرشی بۆ سەر بنکەو بارەگای ئەوی تر دەکرد و دەیگرت.

# هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی براکوژی لە مەسیف
# ١٩٩٤/٥/١

بەندە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتە بووم، وەک هەر سەرە مانگێکی تر ئەنجومەنی کۆمیتەم کۆ کردبۆوە و قسەم بۆ دەکردن، لە گەرمەی گفتوگۆدابووین دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە قسەکانی پێ بڕین، کاتێک وەڵامی پەیوەندییەکەم دایەوە (کاک قادر ساڵەح) بوو. دوای سڵاو کردن گووتی: «ئاگاداری ئەو بارودۆخەی؟»

گووتم: «بارودۆخی چی کاک قادر؟»

گووتی: «شەڕ ڕویداوە کۆمەڵێک شەهید بوون، عەلی حەسۆ کوژراوە و ئێستا تەرمەکەی بە کن ئەنگۆدا دەهێننەوە، ئاگاتان لە خۆتان بێت»

دوای داخستنەوەی پەیوەندییەکەی کاک قادر، بە برادەرانم گووت: «بە داخەوە شتێکی خراپ ڕویداوە» ئەوەندەی تێگەیشتبووم بابەتەکەم لە برادەران گەیاند.

دەبێت لێرەدا باس لەوە بکەم، بەر لەو شەڕەش پارتی بیانووی پێ دەگرتین و دووکاری ئێمە ئەوانی زۆر تووڕە کردبوو.

یەکەم: تەواو کردن و نۆژەن کردنەوەی خانووەکەی (علی حەسەن عامری)بوو لە مەسیف، لەسەر فەرمانی کاک کۆسرەت بۆ ڕەوانشاد مام جەلال تەواومان کرد، تا هەرکات هاتە مەسیف لەوێدا بحەسێتەوە.

دووەم: کرانەوەی تەلە فزیۆنی گەلی کوردستان بوو، بوورجی کەناڵەکە لەتەنیشت بارەگای کۆمیتەکەی ئێمە دانرا بوو، بورجێکی بەرز بوو، ئاڵایەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشمان بە نوکەکەیدا هەڵواسی بوو، ئەوەش تادەهات پارتی زیاتر توڕە و سەغڵەتتر دەکرد، شێخ فەزل هیرانی (ئەو کاتە کارگێڕی مەڵبەندی سۆران بوو) کاتێک هات بۆ کۆمیتە و ئاڵاکەی بینی، بە سەربادانێکەوە گووتی: «زۆر دەترسم ڕۆژێک لە جێگەی ئەو ئاڵایە ئاڵای پارتی لێ بشەکێتەوە».

ناهەقیشی نەبوو، چونکە بەردەوام گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هێزەکاندا هەبوو، هەریەک لە ( ئەحمەد چەلەبی، هێرۆخان، کاک مەسعود و دکتۆر فوئاد مەعسوم) بەردەوام لەسەر خەت بوون تا ئەو ناکۆکیانە تەشەنە نەکەن، بەڵام هەرچیان کرد نەیان توانی زاڵ بن بەسەر ئەو شەڕەدا.

لەدوای شەڕەکەی عەلی حەسۆ میرخانەوە، ئێمەش بەخۆ کەوتین و خۆمان ئامادە کرد، تا نەوەک لە ناکاو شەڕ ڕووبدات، لە ڕێکەوتی ٣ی مانگ کاک کۆسرەت هاتە مەسیف و چووە لای کاک مەسعود، بەرلەوەی بگەڕێتەوە، هاتە لای ئێمە و گووتی: «حاجی قسەم لەگەڵ کاک مەسعود کردیە و پێم گووتیە گەر ئێوە بە کۆمیتەکەی ئێمە سەغڵەت دەبن، دەیبەمەوە هەولێر».

ئەو گوتوویەتی: «کاک کۆسرەت ئەوە جنێوە بە ئێمەی دەدەن، ئەوانە میوانی ئێمەن، هەموو کوردستان ببێتە گۆمی خوێن، ئەو کۆمیتەیە کەس ناتوانێت دەستی لێ بدات».

پارتی هێزێکی لە خەستەخانەکە دانابوو بەرامبەر بە کۆمیتەکەی ئێمە، شەوانەش لە خوار کۆمیتەکەوە کەمینی دادەنا، وێڕای ئەوەش کاک مەسعود پەیوەندی بە هێرۆخانەوە کردبوو، پێی گووتبوو: «حاجی مەسیفی هێزی هێناوەتە ناو مەسیف و دەیەوێت شەڕمان لەگەڵ بکات» هێرۆخانیش دکتۆر فوئاد مەعسومی لەبابەتەکە ئاگادار کردبۆوە، دکتۆر فوئاد پەیوەندی پێوەکردم و گووتی: «ئەوە کاک مەسعود گلەیی لێت هەیە حاجی»

گووتم:» بۆ؟»

گووتی: «دەڵێت هێزت لە مەسیف کۆ کردۆتەوە؟»

گووتم: «ئێمە هێزمان هەر نییە، بەڵام هەندێک لە برادەران لە کۆڕێ و بەستۆرە و هەنارەوە هاتوون، تا بزانن وەزعەکە کووە؟»

گووتی:»هەمووان بنێرەوە»

گووتم:»ئاخر کو دەبی»

گووتی:»من پێت دەڵێم هەموویان بنێرەوە»

من ئەوانەی هاتبوون بەڕێم کردنەوە، ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی ٤ی مانگ. دکتۆر فوئاد هاتە مەسیف، لەکاتی گەڕانەوەیدا ئەو پێشمەرگانەی لەناو نەخۆشخانەکەدا بوون، هاتن ڕێگەی لێ بگرن، هەرزوو ئێمەش چووینە سەر جادەکە، من هەوڵمدا تەقە نەکرێت، گەرنا هەر ئەو ڕۆژە دکتۆر فوئاد مەعسومیان دەکوشت، بەڵام بە سەلامەتی بەڕێمان کرد.

هەمان ڕۆژ کەمالی برام کە جێگری ئاسایش بوو هات بۆلام و گووتی: «خاڵم گووتوویەتی ئەمڕۆ کەسێکی بارزانی هاتۆتە لام تا لەوە ئاگادارتان بکەمەوە پارتی بەنیازن لەکۆمیتەکە بدەن».

منیش گووتم: «بڵێم چی، دکتۆر فوئاد وادەڵێت، کاک کۆسرەت وادەڵێت»

کەمال بۆ خۆی و چوار پێنجێک لە ئاسایشەکان هاتنە کۆمیتە، شەو لەوێ بوون، دوای کاتژمێر هەشتی شەو، زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، کاتێک وەڵامی پەیوەندییەکەم دایەوە گووتی:»سلام علیکم، کاک حاجی خۆتی؟»

وەڵامی سەلامەکەم دایەوە و گووتم: «بەڵێ، فەرمووو»

گووتی: «من سیدادم، برای کاک مەسعود، برای جەنابی سەرۆک»

منیش گووتم: « فەرمووو...»

گووتی: «من هەندەک شتم زانیە، حەزدکەم توو یەقین کەم، ئیتمینانت کەم، هیچ شتەک بەرامبەر ئەنگۆ ناکرێ، ئەوە قسەی من نییە قسەی جەنابی سەرۆکە، هیچ خۆتان مەشێوێنن، هەموو کوردستان ببتە گۆمی خوێن، کەس ناتوانێت دەست بۆ ئیوە درێژ بکاتن، ئەوە قسەی جەنابی سەرۆکە، ئەوەی دەست بۆ ئیوە درێژ بکات، واتە دەست بۆ مالا بارزان دریژ دەکاتن».

منیش بە سەر سوڕمانەوە گووتم: «کاک سیداد من نازانم، ئێمە لەشەڕ نین لەگەڵ ئێوە، نەهێزمان بەرامبەر هێزی ئەنگۆیە، نە شوێنەکەشمان هی ئەوەیە کە شەڕی ئێوە بکەین، نازانم کێ ئەو قسانە بۆ ئێوە دەهێنێت، ئیوە هێزێکتان بەرامبەر بە ئێمە داناوە لە خەستەخانەکە، ئەو هێزە بۆ لێرەیە؟».

گووتی:»کێ هێنایتی؟»

گووتم: «نازانم ئێوە دەزانن»

گووتی: «باشە من عیلاجی دەکەم»

دوای داخستنەوەی پەیوەندییەکە، گومانم لە قسەکانی کاک سیداد هەبوو، پەیامەکەی کاک سیدادم بۆ برادەران ڕوون کردەوە و پێم گووتن: «پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت: تفەنگی تۆ خاڵیە، بەڵام دڵی من وە ناریێ».بیرم هەرلای ئەو کابرا بارزانییە بوو بۆ دەبێت وابڵێت؟؟؟

پەیوەندیم کرد بە دکتۆر فوئاد مەعسومەوە و لە تەلەفۆنەکەی کاک سیداد ئاگادارم کردەوە، ئەویش گووتی: «زۆرباشە، ئێوەش ئیستفزازیان مەکەن»

گووتم: «چیان ئیستفزاز کەین، چ مان بەدەستە ئیستفزازیان کەین؟»

ڕاستە دوای ئەو پەیوەندییە هێزەکە لەوێ نەما، بەڵام بەیانی دوای کاتژمێر نۆ، دووبارە هێزەکە هێنرانەوە ئەوێ.

کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی (فڕانسۆ هەریری) تەلەفۆنی بۆ کردم. گووتی: «قسەم لەگەڵ محەمەد هەرکی بەرپرسی ناوچەدا کردوە، پێکەوە دابنیشن، پیاسەیەکیش بەناو جادەکەی مەسیفدا بکەن بۆئەوەی خەڵک بزانێت کە لە ناو مەسیفدا هیچ نییە».

گووتم: «زۆر باشە، بەسەر چاو»

دوای ئەو تەلە فۆنم بۆ محەمەد هەرکی کرد. گووتم: «کاک فەڕەنسۆ قسەی لەگەڵ کردی؟»

گووتی: «بەڵێ»

گووتم: «توو دێی یان من بێم؟»

گووتی: «جوابت دەدەمەوە»

بەڵام زۆر چاوەڕێم کرد. نە خۆی هات و نە پەیوەندی کردەوە. تا نزیکی نیوەڕۆ سەرجەم برادەرەکانم ناردەوە ماڵەوە تا نان بخۆن، تەنیا خۆم و دوو پێشمەرگە ماینەوە، ئەوانیش (ئەیوبی مەلا قادر و نەجات مەولود[٦٥])بوون. دوای هاتنەوەی برادەران چووم بۆ ماڵی جەباری برام، کە لە پشتی نەخۆشخانەکەوە بوون، بۆ چوونم بۆ ئەوێ دەبوو بەناو هێزەکەدا بڕۆم، لەماڵی جەبار خەریکی خواردنی چا بووم، کاتێکم زانی شوشەی پەنجەرەکەی پشتمەوە هاڕەی کرد، هێندەم نەزانی بووە ئاگر باران. بەر لە هەر شتێک دەستم دایە تەلە فۆنەکە و تەلە فۆنم بۆ کۆمیتە کرد، کەمالی برام وەڵامی دامەوە و گووتی: «ئەو وەعد و بەڵێنانەی بەتۆیان دابوو هیچی ڕاست نەبوو، قسەکەی من ڕاست بوو، ئەوەتا لە هەموولایەکەوە لێمان دەدەن» جگە لە پارتییەکان، ئەو ئەندامانەی لە بزووتنەوەدا بوون و دوای شەڕی نێوان یەکێتی و بزووتنەوە[٦٦] پارتی پەنای دابوون، ئەوانیش هێرشیان کردبوو، پاشماوەی هێزەکەی عەلی حەسۆ میرخانیش لە لایەکی دیکەوە هێرشیان کردبوو، دوو پێشمەرگەکەم نارده سەربان و خۆشم کەوتمە تەلەفۆن کردن بۆ هەولێر، ئەویش لە ڕێگەی هەردوو هاوڕێی منداڵیم (فارس و زیاد)ی کەریم ئاغا، ئەوکاتە ئەوان لە فەرمانگەی کارەبا بوون، بۆ ئەوەی ڕاستەخۆ لە بەدالەوە قسەکانمان نەبیستن، لە ڕێگەی ئەوانەوە پەیوەنیم بە (دکتۆر فوئاد مەعسوم)ەوە کرد، ئەوان بیستۆکی تەلە فۆنەکانیان پێچەوانە دەکردەوە و دەیاندا لەیەک، تا من و دکتۆر فوئاد بتوانین بەو ڕێگەیە قسە بکەین. لەو پەیوەندییەدا باسی دۆخەکەم بۆ کرد و تێمگەیاند کە پارتی خاوەنی هیچ

٦٥. نەجات مەولوود: کارمەندی ئاسایش بوو بە نەجاتە گچکە ناسرا بوو.

٦٦. مەبەست بزووتنەوەی ئیسلامیی.

کام لە بەڵێنەکانی خۆیان نەبوون، بە هەموو لایەک و بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان کردۆتە سەرمان.

دوای ئەو لەگەڵ مامۆستا چەتۆ قسەم کرد کە (بەرپرسی مەڵبەند) بوو.

بۆ جاری دووهەم کە پەیوەندیم کردەوە بە دکتۆر فوئاد مەعسومەوە گووتی: «ئەوە کاک بەختیار و عارف تەیفور لە ڕێگەن و بەرەو لای ئێوە دێن»

کاتژمێر چوار بوو دواجار پەیوەندیم کردەوە بە کۆمیتەوە، کەمالی برام وەڵامی دامەوە و گووتی:»وەزع لەو پەڕی خراپیدایە، تەنیا یەک گولەم پێماوە، ئەویشم حازر کردووە خۆمی پێ بکوژم»

لەو ساتەدا من دڵم دەدایەوە و گووتی: «ئەوە گەیشتنە بەر دەرکەی کۆمیتە.... پەیوەندییەکە پچڕا».

لەو ساتە وەختەدا لەماڵی ئێمەش شین و هەرا بوو، چونکە (فاخری کوڕی جەباری برام و حەسیبەی خوشکم) بریندار بوون، برازاکەم لە کاتی چوونی بۆ سەربان گولەیەک بەر قاچی کەوت، خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆیشت، هەرچۆنێک بوو توانیم توند بە پارچە پەڕۆیەک برینەکەی بۆ ببەستم، تا خوێنەکەی بوەستێتەوە، چونکە لەبەر زۆری ئەو خوێنەی لێی دەڕۆیشت، دوور نەبوو بمرێت.

دوای گیرانی کۆمیتە منیش خۆم ئامادە کرد بچمە سەربان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان، بەڵام لەو ساتەدا (جەوهەرئاغای هەرکی) زۆری کرد و گووتی: «دەبێ بێیتە ماڵی ئێمە» هەرچەندەم کرد ڕێگەیان نەدا، بەزۆری دایکم و ئەوان گووتیان: «دەبێ بڕۆیت گەرنا بێن ئێمەش دەکوژن» بە نابەدڵی و دڵتەنگییەوە دەمانچەکەم هەڵگرت و چوومە ماڵی جەوهەر ئاغا، لەوێ دەمانچەکەم خستە سەر سەری خۆم و گووتم: «سوێند بخۆ کە تەسلیمی پارتیم ناکەیت؟» سوێندی خوارد کە من تەسلیمی پارتی ناکات، جەوهەر ئاغا خەزووری (وەجیە)ی برای کاک مەسعود بارزانی بوو.

کاتێک (وەفدەکە) گەیشتن، کۆمیتە گیرا بوو. پارتی لە مەلا هۆمەرەوە تا ناو مەسیف چل بازگەیان دانابوو، ئەو چل بازگەیەش بۆ ئەوە بووکارێک بکات ئەو نێردەیە لە کاتی خۆیاندا نەگەن، ئەوەندەیان لە ڕێگە ماتڵ کردبوون، کە ئیدی زۆر درەنگ کەوتن و تا ئەوان هاتن ناو کۆمیتە گیرا بوو، پارتی خەریکی تاڵان کردنی کۆمیتە بوون و تەرمەکانیان دەهێنایە دەرەوە.

خۆشناو زیاد خۆرانی یەکەم شەهیدی ناو کۆمیتە بوو، جگە لەو زۆر دڕندانە نۆ پێشمەرگەیان بە ناوەکانی (ئەحمەد قادر مەحموود، خدر ڕەحمان خدر، موحسین محەمەد مەولوود، عەزیز سابر پیرە، فەرمان مستەفا حەمەد، هیوا سلێمان عەبدوڵا، حەسەن حسێن مەلا، موخلیس غەفور حسێن و عومەر سلێمان سەمەد) دەستگیر کردبوو، لەدواتردا بەدارەوە بەستبوویاننەوە و گولەبارانیان کردبوون.

هەمان ڕۆژ دوو منداڵیان شەهید کردبوو، دانەیەکیان بە ناوی (بەهزاد) بۆ سەعی کردن لەماڵ هاتبووە دەرەوە، دانەکەی تریشان بەناوی (ئیسماعیل خدر عەوڵا) کاتێک ویستبووی بەرەو کۆمیتە بڕوات، لەگەڵ (ڕزگار وەسمان خدر) بە گولە لەسەر خانووەکەی رەوانشاد مام جەلال شەهید کرا، کۆی شەهیدەکانی ئەو ڕۆژە (١٣) شەهید بوون، جگە لەو شەهیدانە لەگەڵ نزیکەی بیست کەسی دیکەدا کەمالی برام بە برینداری گیرا، ئەوانەی گیرابوون ناو بەناو ئازادیان دەکردن، بەڵام ئەوانەی مانەوە و ئازاد نەدەکران (کەمالی برام، خورشید گڕاوی، مەجید کەرکوکی و تەنیا) بوون. جێگەی باسە بەرلەوەی هێرش بکەنە سەر بارەگاکەمان، کاتێک تەنیا ویستبووی بچێت بۆ بازاڕ لەبەردەم مەکتەب سیاسی خۆیان دەستگیریان کردبوو.

ئەوەی شیاوی باسکردنە ئازایەتی ئەو هەژدە پێشمەرگەیە بوو، بۆ ماوەی چوار کاتژمێر توانیان بەرگری لە خۆیان و کۆمیتە بکەن، لە بەرامبەر سێ هەزار چەکداری (پارتی و بزوتەوەی ئیسلامی و موئتەمەری وەتەنی)دا بووەستنەوە، هەرچەندە لەو هێرشە نابەرامبەرەدا هەریەکە لە (کەمالی برام و کاک سەعید مەسیفی) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، دەرئەنجامەکەی شەهید بوونی یانزە پێشمەرگەی قارەمان و دوو منداڵی بێتاوانی لێکەوتەوە...

کاتژمێر ١٢ی شەوی هەمان ڕۆژ (ئەحمەد ڕۆژ بەیانی کە فەرماندەی لیوای تایبەت بوو لەگەڵ محەمەد هەرکی) هاتنە ماڵی جەوهەر ئاغا[٦٧]، جەوهەر ئاغا فەرمووی ژوورەوەی لێ نەکردن و تەنیا لە دەرەوە گوێی لە داواکەیان گرت، ئەو ژوورەی منی لێ بووم پەنجەرەکەی لەسەر کۆڵان بوو، بۆیە ئاسان گوێم لە قسەکانیان بوو، جەوهەر ئاغا ڕووی لە محەمەد هەرکی کردوو پێی گووت: «تۆ هەر شەرمە داوایەکی وا لەمن بکەی»

٦٧. جەوهەر ئاغا: جەوهەر ئاغای هەرکی کوڕی ئەسعەدی فەتاح ئاغای هەرکییە، لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵان یەکێک بووە لە فەرماندە سەربازییەکانی پارتی، جگە لەوەش ڕیش سپی و گەورەی هەرکییەکانی ناوچەی سۆرانن.

به ئەحمەد ڕۆژبەیانیشی گووت: «خودیَ، خودیَ مەگەر نێچیرو مەسعود خۆ بێنە ئێرە، گەرنا ئەو کوڕە تەسلیمی کەس ناکەم» بەمجۆرە بۆ ماوەیەک بە پارێزراوی لەویَ مامەوە.

دوای ئەوەی لە ڕۆژی شەڕەکە بەختیار کاوانی بەرەو سلێمانی دەچێت و سەرجەم کارەساتەکە بۆ کاک کۆسرەت باس دەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دیلەکانی پارتی لە سلێمانی ئازاد کراون، کاک کۆسرەتیش دوای بیستنی ئەو هەواڵە، فەرمان دەردەکات و هەموویان دەگەرێننەوە، پەیام بۆ پارتی دەنێرێت و دەڵێت: «کەپووی حاجی بەخوێندا بێت، هەموویان دەکوژم»

## جێهێشتنی مەسیف

لەدوای چەند ڕۆژ مانەوەم لە ماڵی جەوهەر ئاغا، جەوهەرئاغا لە لایەن خزمەکانی خۆم و پارتیشەوە بەر تانە درابوو، هەراسانیان کردبوو، خزمەکانی من لە پەرۆشیان تەلەفۆنیان بۆ دەکرد و هەڕەشەیان لیَ دەکرد، کە ئەگەر من شتێکم بەسەر بێت ئەوان تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، پارتییەکانیش دەیانگووت: «شەرمە بۆ جەوهەر ئاغا داڵدەی حاجی داوە» لەو سەروبەندەدا پەیامم بۆ جەباری برام نارد بچێتە هەولێر.

چوارهەمین ڕۆژ کە من لە ماڵی جەوهەر ئاغا بووم بە لاندکرۆزەرەکانی کاک مەسعوود (کەریم جومعە) هات، دانەیەکیان چەند پاسەوانێکی تێدا بوو، دانەکەی تریشیان تەنیا خۆی و شۆفێرەکەی تێدا بوون، کەریم جومعە سکرتێری یەکەمی کاک مەسعود بوو، کاتێک هاتە ژوورەوە هێشتا ئەو خۆیانی بەستەم لێکراو دەزانی و گووتی: «چەند جارمان گووت کاک حاجی با ئەوە نەکریَ»

گووتم: «خۆ من هجومی سەر مەکتەب سیاسی ئەنگۆم نەکردیە، ئێوە هاتوونەتە سەر کۆمیتەکەی ئێمە و ئەو پێشمەرگانەشتان شەهید کردووە»

گووتی: «چیە واز لەزمانی خۆ ناهێنی؟»

گووتم: «جا ناهەقم؟»

لەو ساتەدا جەوهەر ئاغا پشتی منی گرت و گووتی: «خودیَ خودیَ ئەنگۆ غەدرێکی گەورەی لەو مرۆیانەی کرد»

دواجار گووتی: «کاک فەرەیدوون لەمەکتەبی سیاسییە، لەگەڵ وی برۆ بۆ شەقڵاوە بۆ لای کاک کۆسرەت» ئەودەم شەقڵاوە لیژنەی هەماهەنگی لێ بوو، بۆئەوەی شەڕ تەشەنە نەکات لیژنەکە لە چەند ئەندامێکی هەر دوولا پێکهاتبوو، ئەندامانی لیژنەکەش پێکهاتبوون لە (کەریم سنجاری، ئازاد بەرواری، فەرەیدون عەبدول قادر، کاک کۆسرەت ڕەسوڵ، حەسەن کوێستانی و فازیل میرانی).

کاتێک ویستمان برۆین، جەوهەر ئاغاش خۆی ئامادە کرد لە گەڵمان بێت، کەریم جومعە پێی گووت: «پێی ناوێ تۆ بێیت لەگەڵمان»

ئەویش گووتی: «خودێ ئەز دێم، هەتا ئەو کوڕەی بەدەستێ خۆ تەسلیمی کاک کۆسرەت نەکەم، وازناهێنم» هات و لەگەڵ ئێمە سواری سەیارەکە بوو، من و جەوهەر ئاغا لەدواوە دانیشتبووین، کاتێک گەیشتینە مەکتەب سیاسی، گووتیان: «کاک فەرەیدوون ڕۆشتووە». لە دڵی خۆمدا گووتم: «ئەوەش فێڵێکی ترە» جەوهەر ئاغا سەیرێکی منی کرد، زانی کە لێکدانەوەیەکی باشم نییە.

گووتی:» کەریم، کاک فەرەیدوون بۆ دەرچووە؟»

بە سەرسامییەکەوە گووتی: «خودێ دەبوو چاوەڕێی منی کردبا، نازانم! خۆ برادەرانی یەکێتی زۆر بێ سەروبەرن، ئەو ئەمنی ناردیە بەدووی حاجی».

خۆمان هاتین، لە مەسیفەوە بەرێ کەوتین بۆ کۆرێ، من بەدرێژایی ڕێگاکە چاوەڕوانی ئەوە بووم لە جێگەیەک لابدات و گولە بارانم بکەن، بەردەوام وام بیردەکردەوە، چونکە ئەوان زۆر ڕقیان لەمن بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکی مەسیف زۆر منیان خۆش دەویست و زۆرینەیان یەکێتی بوون، دوای ئەوەش کە تەلە فزیۆنی گەلی کوردستان دەستی بە پەخش کردبوو، شەوانە گەنجەکانی مەسیف دەهاتنە کۆمیتە و تا درەنگانی شەو دادەنیشتن، ئەمەش بە جۆرێک دەنگی دابۆوە، کە خەڵک و خۆشیان دەیانگوت: «کۆمیتەکەی یەکێتی لە مەکتەب سیاسی پارتی قەرەباڵغترە» ئەوەش ڕقی ئەوانی بەرامبەر بە من و کۆمیتەکەمان ئەستورتر کردبوو.

دوای ئەوەی گەیشتینە یەکەمین بازگەی پارتی، دووان لەو کەسانەم بینی کە پێشتر لەناو ڕێکخستنەکانی خۆمدا بوون، کاتێک منیان بینی بێ ئەوەی هیچ بڵێن کشانەوە دواوە. دوای ئەوەی لەوێ دەرچووین بە جیهازەکەی دەستی پەیوەندی کرد بە فاروق جەبارەوە، کە لە سەر لۆفەی سەربەرزاییەکەی حوجران بوو، ئاگاداری

کردەوە لەوەی منی لەگەڵم، تا ئەویش برادەرانی خۆیان ئاگاداربکاتەوە و کێشە دروست نەبێت، بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن تاگەیشتینە لای کاک فاروق.

کەریم جومعە گەڕایەوە و جەوهەر ئاغاش لەگەڵ مندا مایەوە، کاک فاروق سەیارەی بۆ پەیدا کردین و بەڕێ کەوتین بۆ لای کاک کۆسرەت، کاتێک گەیشتینە هۆڵەکەی مەڵبەندی سۆران، پڕبوولە بەرپرسانی هەردوولا، (کەریم سنجاری و ئازاد بەرواری و فازیل میرانی و...) هەندێک بەرپرسی تری پارتیش لەوێ بوون. دوای ئەوەی لە لایەن هەموانەوە بەخێرهاتن کرام، فازیل میرانی گووتی: «خودێ شەرمە، عەیبە، نەدەبوو ماڵا بارزان، لەماڵا خۆدا کەس بکوژن».

گووتم: «ئەوان فێڵیان لێ کردین، کاک سیداد خۆی گووتی: ئێوە میوانی کاک مەسعودن و کەس ناتوانێت دەستتان بۆ درێژ بکات. دواجاریش هەموو بەڵێنەکانیان شکاند»

کاک کۆسرەت بۆ ئەوەی هیچ لێکەوتەیەکی تری نەبێت، بەڵام بە دڵێکی پڕ لە قسەوە گووتی: «لێگەڕێ حاجی، هیچ مەڵێ»

چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە و پاشان گەڕامەوە بۆ هەولێر...

## دروست کردنەوەی کۆمیتە

دوای چەند ڕۆژێک مانەوەم لە شەقڵاوە، ئەوێم بەجێهێشت و چووم بۆشاری هەولێر، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری برادەرانی ئێمە ئاوارەی شاری هەولێر ببوون، لەوێ جارێکی تر کۆمیتەکەمان دروست کردەوە، ئەو هێزەی لە مەسیفەوە هاتبوون و ئاوارە بوون، هەموویانم کۆکردەوە و لە بازگەی شاوەیس ئەرکم پێ سپێردرا، لەوێ لیوایەکی ڕەوانشاد مام جەلالیشمان لەگەڵدا بوو.

هەر یەکەم ڕۆژ دوای وەرگرتنی بازگەکە، لەگەڵ هاشم جیهاز و عوسمان بانی مارانی ئەو بارەگایەی پارتیمان گرت کە لە شاوەیس بوو، ئەو مەفرەزەی پارتی کە لەوێ بوون، هاتنە ناو ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، لە هەمان کاتدا دوو ئەرکمان لەسەر شان بوو، یەکەم لە ڕیزی پێشەوە سێ ساترمان هەبوو، دووەمیان ئەرکی بازگەکە بوو، بۆیە ئەو بازگەیە درا بە ئێمە، چونکە زۆرینەمان خەڵکی مەسیف بووین، تا ئەوەندەی بۆمان بکرێ ڕێگری بکەین لە هاتووچۆی کادیرەکانی پارتی کە

له ناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزێ و سلێمانییەوە دەهاتن، بەو هۆیەوە یەکێتی سەرجەم بارەگاکانی پارتی لە هەولێر گرتبوو، پارتی تەنیا لە مەسیفدا مابۆوە، دوای گرتنی ئوتێل شیراتۆن ئیتر پارتی دەستی تەواو لە هەولێر بەربوو. پاش دەرچوونی پارتی لە هەولێر، لە هەموو لایەکەوە هەوڵ دەدرا بۆ هێنانەوەی پارتی بۆ ناو هەولێر، لە لایەن پاریس و ئەنقەرە و تارانەوە، ئەمە جگە لە هەوڵی ناوخۆ کە لە لایەن حیزبە سیاسیەکانی دیکە و موئتەمەری وەتەنی عێراقی و ڕیش سپی و پیاو ماقوڵانی سنورەکەوە ئەنجام دەدرا.

کاک نەجاتی عومەر ئاغای سورچی بۆی گێڕامەوە و گووتی: «جارێک مەلاکان لەگەڵ نێچیر لەماڵی نەجات کۆبببوونەوە، مەلاکان گووتبوویان:» ئێوە شەڕتان لەسەر چیە؟ لەسەر پارەیە، پارەش ئەوە ناهێنێت».

نێچیریش گووتبووی:»نەخێر، ئێمە شەڕمان لەسەر پارە نیە، شەڕمان لەسەر دەسەڵاتە، ئەگەر ئێمەش دەسەڵاتمان نەبێت لەو هەرێمە و لەناو کورد دا، هەموو میللەتی کورد دەخەمە ژێر پێڵاوەکانم» **(ئەم زانیاریانە بە ڤیدیۆ وێنە گیراوە).**

بەردەوام پارتی هەڕەشەی دەکرد و دەیگووت: «دەبێت هەولێر لەچەک دابماڵرێ و ....» زۆر شتی دیکەشی دەگووت، بەڵام نە گەیشتنە هیچ دەرئەنجامێک.

## پلانی شکست خواردووی پارتی بۆ گرتنەوەی هەولێر (١٩٩٥/٣/٢٧)

پارتی هەوڵی دەدا بە هەر نرخێک بووە هەولێر بگرێتەوە، لە دواجاردا پارتی بەبیر کردنەوەی خۆی پلانێکی زۆر تۆکمەی بۆ گرتنەوەی هەولێر داڕشتبوو، بەو پێیەی من پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ خەڵکی مەسیف هەبوو، جیهازێکی (ئەلینکۆ)م ناردبووە ناو مەسیف. هەموو ڕۆژێک زانیاری و جموجۆڵەکانی ناو مەسیفم وەردەگرت و دەمنارد بۆ سکرتاریەتی مام جەلال.

لەدواتردا لەشکری چواری هەولێرمان دروست کرد، سەرەتا بە فەرماندەیی (شێخ جەعفەر) بوو، دوای ئەو (مامۆستا بەکر) بوو بە فەرماندەی لەشکرەکە، جێگرەکانیش بریتی بوون لە (عوسمان بانی مارانی، بورهانی سەعید سۆفی و مامۆستا موحسین). منیش ڕابەرسیاسی لەشکر بووم. دکتۆر موراد بەرپرسی ئیداری لەشکر بوو، تەواوی

هێزەکانمان دابەش کردبوو، لە ڕێکەوتی (١٩٩٥/٣/٢٧) پارتی هێرشێکی زۆر گەورە و بەربڵاوی دەست پێکرد. ئێمەش لەبەر ئەوەی لە پێشتردا ئاگاداری پلانەکەیان بووین، تەواو خۆمان ئامادە کردبوو، تەنانەت ئاگاداری ئەو ساتە بووین کە لە ڕێگەی جیهازی سیپانەکەی سیداد بارزانییەوە ئاماژە درا یە (محەمەد موحسین) و پێیان گووت: «محەمەد دەستبەکار بن» .

شەڕ دەستی پێکرد و لە هەموو ئەو قۆڵانەوە کە هێرشیان کردبوو، پارتی شکا، لەناوچەی سێبەردان و شاوەیس پارتی هاتە پێشەوە، لە شاوەیس لیواکەی سکرتاریەتی لێ بوو بە فەر ماندەیی (هاشمی مام عەلی)، لە سێبەردانیش هێزەکەی عوسمان بانی بارانی، شەڕێکی زۆر قارەمانانەیان کردبوو، شەهید و برینداری زۆریشیان دابوو، منیش لەگەڵ کۆدۆدا بووم و خێرا پەیامم نارد بۆ کاک کۆسرەت تا هێزێک بنێرێت بۆ ئەو ناوچانە، هەر زوو کاک کۆسرەت مەفرەزەکەی خۆیی و هەندێک پێشمەرگەی ئازای تری لەگەڵ خویدا هێنا و لە درێژەی شەڕەکەدا شاوەیس و سێبەردانمان وەرگرتەوە، پارتی خراپ شکا و خەسارەتێکی زۆریشیان دا، تەرمەکانی پارتیمان لە مزگەوتی (حاجی ئیبراهیم گەردی) کۆکردەوە و لە دواتردا بە خێرخوازاندا بۆمان ناردنەوە تا بیان نێژن. بەو جۆرە شەڕەکە کۆتایی هات.

## هەوڵی دووەم و شکستی دووەم

جگە لەوەی هەمیشە پارتی لە هەوڵی گرتنەوەی هەولێردا بوو، بەردەوام شەڕی نێوان بارەگاکان لە شوێنە جیاوازەکان بەردەوام بوو، هەندێک جاریش ئاگربەست دەکرا، بەڵام نەدەتوانرا کۆنترۆڵی هەڵچوونی پێشمەرگەکانی هـەردوولا بکرێت، هەرچەندە زیاتر پێشمەرگەکانی ئێمە سەرقاڵی چالاکی بوون لە دژی حکومەتی عێراقی، ئەوکاتە سنوری نێوان ئێمە و حکومەتی عێراقی زۆرگەکانی کەندێناوا بوو، چەند جارێک یەکێتی هێرشی بۆ سەر مۆڵگەکانی حکومەتی عێراقی کرد لە ناوچەکەدا و زۆرگەکانی گرت و دواجار چۆڵی دەکردەوە، هەر لەوهێرشانەشدا هەندێک جار دەستکەوتی باشی دەبوو لەڕووی چەک و تەقەمەنییەوە و چەند جارێک زرێپۆشیان گرت.

ئێمە سەرگەرمی ئەو هێرشانە بووین، کە پارتی لەگەڵ ئیسلامییەکان لە هەڵەبجە بە دیوی ئێراندا سوڕانەوە و پێنجوێنیان گرت، ئەوە لە کاتێکدا بوو جگە لەوەی هیچ هێزێکمان لە پێنجون نەبوو، ئاگربەست و شەڕ ڕاگیرا بوو، هەربۆیە بەسەرکردایەتی (کاک جەبار فەرمان) هێزێک کۆ کرایەوە و چوون پێنجوێنیان لێوەرگرتنەوە، لەو شەڕەدا (عوسمانی قالە مونەوەر)کوژرا، کە سەرکردەیەکی سەربازی پارتی بوو، وەک دەیانگووت: «یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی سۆشیالیست بووە، دواتر چۆتە ناو پارتییەوە»

**(وەک لە زاری خەڵکانێکی سلێمانییەوە باس دەکرا، ئەو ڕۆژەی تەرمەکەی عوسمانی قالە مونەوەر دەگاتەوە سلێمانی، پارتی دەیەوێت بە ڕێپێوان تەرمەکە بنێژن و هەرواش دەکەن، بەڵام ئەوان لەو ڕێپێوانە مەبەستێکی دیکەیان هەبوو، دوای ناشتنی تەرمەکە هێرش دەکەنە سەر مەڵبەندی سلێمانی، کە لەو کاتەدا تەنیا چوار پێشمەرگەی تێدا دەبێت، شەڕ لە نێوان ئەو چوار پێشمەرگەیە و هێزێکی زۆری پارتیدا ڕوودەدات، بەڵام ئەو چوار پێشمەرگەیە بەرگرییەکی بێوێنە دەکەن و ناهێڵن مەڵبەند بگیرێت، شەڕەکە بەردەوام دەبێت تا هێزی ئاسایشی یەکێتی دەگات، خەڵکەکە بڵاوەی لێ دەکەن و هەندێکیشان لێ دەگرن.)**

پارتی و ئیسلامییەکان دوای شکستە یەک لەدوای یەکەکانیان بۆ گرتنەوەی هەولێر، ڕێگەیەکی نوێیان هەڵبژراد، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بردە بەر هێنانی هێزی پاسداری ئێرانی لە ڕێگەی ڕانیە و قەڵادزێوە، بە ڕاجیمە و تۆپی ئێرانییەوە هێرشەکانیان دەست پێکرد، بەڵام دووبارە لەوەشدا شکستیان هێنا.

پارتی لەگەڵ ئێراندا ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە لەسەر ئەوەی کە پێدەچوو داوایان کردبێت ئێران ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکان بکات، بەڵام ئەو نەیکردبوو، چونکە سیاسەتی هەرێمی و دۆخی ناوچەکە وا دەخوازێت و نابێت هیچ کام لەو حیزبە ڕکابەرانە تەواو بتوێنەوە و لەناو بچن، سیاسەتی ڕاست و دروست ئەوەیە دەبێت ڕێز لە پەیوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێ بگیردرێت، نەک خۆ ڕادەست کردن، بە نمونە: سنوری نێوان یەکێتی لەگەڵ ئێراندا، لە خانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران هاوسنورن کە بە هەزاران کیلۆ مەترە، ناکرێت بەزەقی دژایەتی یەکتری بکەین، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی دۆستایەتی بکەین، بەڵام خۆمان و سیاسەتی خۆشمان ڕادەست نەکردووە، وەک ئەوەی پارتی کردوویەتی بۆ تورکیا، هیچ سنورێکی خاکی کوردستان نییە کە

ئێران پادگان و بارەگای لێ دانابێت، جگە لەوەی لەڕووی دبلۆماسیەوە بەفەرمی نوسینگەی قونسوڵی لێیە.

لەبەرامبەردا بە پێچەوانەوە سەرەرای هەبوونی پەیوەندییەکی دۆستانەی گەرم و گوڕ لەنیوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی ئێرانیدا، بارەگای هەردوو حیزبی (دیموکرات و کۆمەڵە) کە دووحیزبی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری دژە ئێرانن، لەزۆنی سەوزدا بە ئاشکرا هەبوون و هەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حەکیمانە و دبلۆماسیانەی جەنابی مەرحومی مام جەلال کە نەک تەنیا دەستی گرتبوو بە چەپکە گوڵەکەی یەکێتییەوە، بەڵکو دەیویست چەپکە گوڵ بۆ تەواوی دنیا دروست بکات.

## خیانەت کۆتا ڕێگە چارە بۆ گرتنەوەی هەولێر
## ٣١ی ئاب

دوای سەرجەم هەوڵە نەزۆکەکانیان بۆ گرتنەوەی هەولێر، بیریان لەوە کردەوە پەنا بەرنە بەر سەدام حوسێن، ئەو پیاوەی زیاتر لە چوار هەزار گوندی خاپوور کرد، سەد و هەشتاو دوو هەزار کوردی گوندنشینی ئەنفال کرد، بە چەکی کیمیایی زیاتر لە پێنج هەزار گەنج و پیر و ژن و پیاو و منداڵی خنکاند، زیاتر لە حەوت هەزار بارزانی زیندە بەچاڵ کرد، هەزاران پێشمەرگەی شەهید کرد و هەزاران دایک و باوکی ئەم وڵاتەی جەرگ سوتاو کرد، ئەو کەسەی هیچ ڕێگایەک نەما نەیگرێتە بەر بۆ قڕکردنی گەلی کورد، هەتا ئێستاش ماڵ نییە برینێکی سەدام و دارو دەستەکەی بە دڵیەوە نەبێت و بە ئازارێکی بێ کۆتاییەوە نەناڵێنێت، بەتایبەت ئەو نەوەیەی لە پێش ڕاپەڕیندا ژیاون و دەزانن ئەو دۆزەخەی حکومەتی عێراق بۆ ئەم میللەتەی داخستبوو چەندەی ڕۆح تێدا سوتاندووە، چونکە بە مردن و لەسێدارەدان و شەهید کردنی کەسێک، خانەوادەیەک جەرگ سوتاو بووە، هەرچی بوترێت لە سەر درەندەیی بەعس هێشتا کەم گووتراوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانە لەباتی ئەوەی پارتی هەوڵی ڕێککەوتن بدات لەگەڵ یەکێتیدا و دەست لە براکوژی هەڵبگرێت، نامەیەک بۆ سەرۆکی پێشووی عێراق (سەدام حسێن) دەنوسێت و ئاماژە بەو دەکات، گەر هەولێر نەگرنەوە یەکێتی هەولێر ڕادەستی وڵاتی ئێران دەکات.

لە بەرامبەردا سەدام حسێن ئەوەی بە هەل و دەرفەتێکی باش زانی بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێتەوە خاکی کوردستان، وەڵامی کاک مەسعود بارزانی دایەوە و پشتگیری خۆی بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە دەربڕی، بە سەرکردایەتی (قوسەی) کوڕە بچووکی جێ بەجێکرا.

ڕۆژێک بەر لەهێنانی تانک و زرێپۆشەکانی سەدام بۆ ناو هەولێر، من لە بازگەکە بووم، برادەرێکی خۆم لە موسڵ هاتبۆوە، ویستبووی بە کەڵەکدا بێتەوە و تا خەباتیش هاتبوو، لەوێ زەعیم عەلی و کۆمەڵێک بەرپرسی پارتی و کۆمەڵێک پلەداری عێراقی بینی بوو لە ناوچەی پارتی لە کۆبوونەوەدا بوون. چەندین تانک و زرێپۆشیش ئامادە کرا بوون.

کاتێک ئەو قسانەم بیست، بردم بۆ لای کاک کۆسرەت کە لە بینای پەیوەندیەکانی یەکێتی بوو.

کاتێک کابرا ئەو زانیاریانەی بۆ منی باس کردبوو جارێکی تر بەوردی بۆ کاک کۆسرەتی باس کردەوە، کاک کۆسرەت فاکسەکەی هەڵگرت و چووە ژوورەکەی خۆی. بە فاکس پەیوەندی کرد بە (بارەگای موئتەمەری عێراقیەوە) لە بەریتانیا، (ئاراس حەبیب فەیلی) وەڵامی پەیوەندیەکەی دایەوە. ئاراس کاتێک لە مەسیف بوو بەڕێوەبەری مەکتەبی ئەحمەد چەلەبی بوو، ئاراس و براکەی هەردووکیان گومانیان لە سەر بوو کە دەستیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەیە، لەگەڵ پارتیش هاودەست بوون، هەربۆیە کاتێک کاک کۆسرەت باسی هاتنی حکومەتی عێراقی کرد بە پێشڕەوی پارتی، بەڵام ئەو کاک کۆسرەتی لەوە دڵنیا کردەوە کە ئەگەر حکومەتی عێراق ئەوە بکات، ئەمریکا لێی قبوڵ ناکات، هەرچەندە کاک کۆسرەت پێی گووت لە زووترین کاتدا مامۆستا ئەحمەد چەلەبی لەو بابەتە ئاگادار بکاتەوە، بەڵام ئەو گووتی: «مامۆستا ئەحمەد چەلەبی لە سەفەرە».

هەموو ئەوانە لە کاتێکدا بوو هەریەکە لە کاک بەرهەم و ئەحمەد چەلەبی و ئەمریکییەکان بە کاک کۆسرەتیان گووتبوو کە پارتی ناتوانێت حکومەتی عێراق بهێنێت و حکومەتی عێراقیش ناتوانێت بێتە هەولێر، هەموومان وامان پێشبینی کردبوو.

دوای گەڕانەوەم لە لای کاک کۆسرەتەوە بۆ ئەرکەکەی خۆم، بۆ ڕۆژی دواتر کاتێک شەڕ دەستی پێکرد کاک کۆسرەت ناردی بەدوای من و کاک بورهاندا، گووتی: «دوو تیپ لەگەڵ خۆتان ببەن و بچنە باداوان، ئاگاداری ڕێگاکە بن» ئێمەش

برادەرانمان ئاگادار کردەوە و گووتمان: «ئێوە باش ئاگاداری شوێنەکانی خۆتان بن» ئەوێمان جێهێشت و دوو تیپمان برد و چووینە باداوان.(قاسم ڕشید)مان لەگەڵ هات دۆشکەی پێ بوو.

گەر ئێمە پێشتر ئاگادری ئەو پلانە بووینایە، یان لانی کەم فریوی وەعد و بەڵێنەکانمان نەخواردایە، دەمانتوانی ئەو هێزەی سنوری هەولێر کە پەرش و بڵاومان کردبوو، کۆی بکەینەوە و چواردەوری هەولێری پێ مەحکەم بکەین. ئەوکات پارتی وحکومەتی عێراقی نەیاندەتوانی هەولێر بگرن.

بەپێی ئەو پلانەی پارتی و جەیشی عێراقی بە سەرکردایەتی (قوسەی) کوڕی دووەمی سەدام حسێن دانرا بوو، بەیانی زوو تۆپ بارانی ناوچەکانی گوێڕ و خەبات دەستی پێکرد.

کە شەڕ دەستی پێکرد، ئێمە لە باداوا بووین، پارتی و حکومەت دووسێ جار لەلای بنە سڵاوە وکەسنەزانەوە هێرشیان کرد بۆ سەر باداوان، بەڵام بەرگرییەکی باشمان کرد، هەتا لای ئێوارەش هێزەکەی ئەوان نەیتوانی بێتە ناو باداوانەوە.

ئەو هێزە گەورەیەی عێراق کە لەماوەیەکی کەمدا توانی بێتە ناو شاری هەولێرەوە، ئەو هێزە بوو کە لەناوچەی خەباتەوە هات و لە عەین کاواوە پشتی هێزەکەی ئێمەیان گرت، جگە لەو هێزە، لە هەریەک لە قۆڵەکانی گوێڕ و قوشتەپەوە هێرشیان دەکرد، لەو هێرشانەشدا بە هۆی پەرشو بڵاوی هێزەکانمانەوە نەتوانرا بە باشی بەرگری بکرێت و لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەکی زۆر شەهید بوون، بە تایبەت هێزەکەی ئەنوەر دۆڵانی کە هێزەکەی لە نێوان پردێ و قوشتەپە بوو.

ئێوارەکەی پاش کاتژمێر چوار و نیو بۆ پێنج بەشی زۆری هێزەکانمان لە باداوا کۆبوینەوە، کاک کۆسرەت گووتی: «کۆڵان بە کۆڵان شەڕ دەکەم و هەولێر بەجێ ناهێڵم» بەڵام مەلا بەختیار و کاکە حەمەی حاجی مەحمود و کاک قادرعەزیز و کەمال موفتی بە هەموویان هەوڵیاندا و کاک کۆسرەتیان قایل کرد و پێیان گووت: «ئەو شەڕە بەو بارودۆخەی ئێستا تێی کەوتوین ناکرێت، با بگەڕێینەوە و خۆمان ڕێک بخەینەوە پلانێکی تر دادەنێین بۆ گرتنەوەی هەولێر»

ئەو شەوە بانگی مام غەفوریان کرد تا ڕێبەری بکات، چونکە ئەو شارەزای ئەو دەشت و دەرە بوو، مام غەفور و دوو پێشمەرگەی دیکە پێش کەوتن. هەموو هێزەکە بەسەیارەوە دوایان کەوتین تا گەیشتینە چەمرگە. لەوێ هێزەکانمان دابەش کرد.

دوای پشوودانێکی دوو ڕۆژە، ڕۆژی (٩/٥) هێزەکانمان کۆ کردەوە، تا هێرش بکەین و بنەسڵاوە و دارەتوو بگرین و لەوێشەوە بچینەوە ناو هەولێر.

چونکە من و کاک بورهان لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە بیست و سێ ملیمەکەمان پێ بوو، چووینە سەر زورگەکان، ڕەبایەیەک هەبوو لەسەر پونگینە تیپی لەشکرەکەی کاک ڕەفعەتی تێدا بوو، سەرتیپەکەیان ناوی تالیب بوو، بەرگرییەکی زۆریان کرد، بەڵام پارتی زۆر بە قورسی وبە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ کردن و ڕەبایەکەی گرت. لەهەمان کاتدا، دکتۆر هیوا و عومەر هەمزە و حەوت پێشمەرگەی تر، لە پونگینە دەرچووبون و نزیکی بنەسڵاوە بوونەوە، پارتیەکان سەرکەوتن و دوای گرتنی پونگینە، پشتی ئەو حەوت پێشمەرگەی ئێمەیان گرت وهەر حەوتیان گرتن و گولەبارانیان کردن.

ئێمە لەوێ کشاینەوە، پارتی زۆر بەخێرایی کەوتنە دوامان، یەکێک لە سەرتیپەکانی لەشکرەکەی ئێمە بەناوی عومەر عەدێ، هەر لەویا پارتی گرتی و شەهیدی کرد، دووری نێوانمان چەند مەترێک زیاتر نەبوو، هێندەی نەمابوو کە من بگرن، شوفێرەکەم بە خێراییەکی زۆروە هاتە بەردەمم، فریا نەکەوتم سەرکەوم دەستم بە سەیارەکەوە گرت و بە خێراییەکی زۆر دوورکەوتینەوە، بەو جۆرە لێیان دەرباز بووین و چووینە پشتی گردیش. لەگردیش جارێکی تر دابەش بووینەوە، بە هۆی ماندوویی و بێ پلانی هێزەکەمانەوە، هێزەکەمان توانای بەرگری کردنێکی باشی نەبوو، ئێمە لە سەنگەرەکان دابەش بووین، من و کاک سەفین مەلا قەرە و بورهانی سەعید سۆفی و مام غەفور و کەمالی برام لە شوێنێک کۆ بووینەوە، ئەو کاتە کەمال نەخۆش بوو، منیش زۆرم پێ گووت: «تو مەیە سەرێ لەخوارێ ئیسراحەت بکە» بەقسەی نەکردم.

لە پشتی گوندی گردیش بووین، کاک کۆسرەت فەرمانی پێکردین سەرکەوین، من و سەفین لە ڕەبایەکەی پێشەوە ڕاوەستا بووین، لەناکاو دەستی بەکەمەریەوە گرت وهاواری کرد: «حاجی گولەم پێکەوت» لەو ساتەدا من سەیری کەمالم دەکرد کە سەردەکەوت، گوتم: «وەرە لای من» بەڵام ئەو گوێی لێ نەبوو، کەمالی برام قەناسەکەی منی پێ بوو، منیش کلاشنکۆفەکەی ئەوم پێ بوو، کەمال بە قەناسەکەوە دامەزرا و سەیری خوارەوەی گردەکەی دەکرد، منیش چاوم لێی بوو کەمال تلی دەخوارد، کەوتە خوارەوە کە هەڵدێر بوو، هەرخێرا بەرەو ڕووی چووم و کەمالم گرتەوە، بۆئەوەی نەکەوێتە هەڵدێرەکەوە، بەڵام کەمال دەستبەجێ گیانی سپیارد بوو،

گوڵەی قەناس بەر دڵی کەوتبوو، لە ناخەوە هاوارم دەکرد: «توند لە ئامێزی خۆتم بگرە برا، من نامەوێ تۆ بە یادەوەرییە نەفرەتییەکان بسپێرم»

کەمال بۆ من بڕبڕەی پشت بوو، سەفین و قەندیل بوو، دوای ئەو ماڵم وێران بوو، خێرا کردمە کۆڵم و بردمە خوارەوە، کاک کۆسرەت و کاک فاروق و ئازۆ و ملازم عومەر گووتیان: «چی بووە حاجی؟»

گووتم: «کەمال بریندارە»

گووتیان: «بیبە لای دکتۆر بەدرەدین» بەڵام کەمال دەست بەجێ شەهید ببوو.

برادەرایەتی باشم لەگەڵ ئاغاکانی گرجانێ هەبوو، بۆیە کەمالم بردە ئەوێ، لە گرجان شتیان و کفن و دفنیان کرد و نزیکی دوانزەی شەو بە خاکمان سپارد.

بەیانییەکەی لەگەڵ خەسرەو و جەلیلی برام و ئەو مەفرەزەی لەگەڵم هاتبوون، گەڕاینەوە بۆ شەڕگە، کاتێک گەیشتم گووتم: « کاک کۆسرەت و ئەوان لەکوێن؟»

گوتیان: «لە دێگەڵەن»

منیش چوومە دێگەڵە، کاتێک چوومە ژورەوە کاک کۆسرەت و ملازم عومەر دانیشتبوون، گووتی: «حاجی کەمال کوانێ؟»

گووتم: «کەمال هەر لەوێ شەهید ببوو، بەڵام من لەبەر جەنابت قسەم نەکرد» ئەویش گووتی: «فاروقیش شەهید بوو»

گووتم: «بە چی؟»

کاک کۆسرەت گووتی: «هەر ئەنگۆ ڕۆیشتن لە کنەمە ئەفلاق جەوی لێیدا و شەهیدی کرد»

سێ ڕۆژ پاش شەهید بوونی کەمالی برام، هەواڵم بۆ هات کە دایکم و ئەوان هاتوونەتە گرجانێ، چوومە لایان و هەواڵی شەهید بوونی کەمالی برامم پێ گووتن، دواتر دایکم بردە سەر گۆڕەکەی کەمال، دایکم دەگریا و بەلاواندنەوە گووتی: «کوڕم لۆ تو بگریم یا بۆ دوو لاوێ هەولێرێ؟» مەبەستی خەلیل و جەباری برام بوون. وەک ئەوەی بە زمانی حاڵ کەمال وەڵامی دایکم بداتەوە و بڵێیێت: «دایە مەگری، لە جیاتی گریان سەهۆڵاوێک و چڵێک گوڵم بۆ بێنە، ئاخر من لێوەکانم هێشتا تینووی ژیانە و دڵم تینووی نیشتیمان»

لە دواتردا نەجاتی ئامۆزام بۆی گێڕامەوە کە خەلیل و جەبار داوایان کردبوو بچنە ماڵی مەحمود ئاغای برای جەوهەر ئاغای هەرکی لە (دڕەشە)، بەڵام لەوێ بە زۆری

( وەجیە بارزانی زاوای جەوهەر ئاغای هەرکی) دەبرێن، هەرچەند مەحموود ئاغا و سامی برای ڕێگا نادەن و بەرگریان زۆر لێ کردبوون و گوتبویان : «عەیبە ئەوان هاتینە ماڵ مە، سبەینێ بۆ ئێمە ناخۆشە»، بەڵام (وەجیە) دەڵێت: «بێ خەم بن من دەیانبەمە لای خۆ نەک خەڵک تەشقەرەیان پێ بکات، دەیانبەمە لیوای تایبەت و خۆم ئاگاداریان لێ دەکەم» هەتا کاتێک لە لیوا تایبەتەکەدا بوون، چاوپێکەوتنیان هەبوو، ئەو خاڵەم کە پێشتر باسم کرد، دووکانی هەبوو، ڕۆژانە سەردانی کردبوون و نانی بۆ بردبوون، شەوێک سەیارەیەک هاتبوو بردبوونی، لەو شەوەوە بێ سەرو شوێنن.

## بەردەوامی هێرشەکانی حکومەتی عێراق و پارتی لە لایەك ماندوویی و پەرشوبلاوی هێزەکانی ئێمەلە لایەکی دیکەوە

پارتی تەنیا بەگرتنی هەولێرەوە نەوەستا، تا دەهات زیاتر دەهاتە پێشەوە، ئێمەش تا دەهات زیاتر ماندو و شەکەت و ئاوارە دەبووین، تا دەهات شەهید و بریندارمان زۆر دەبوو، لە بەرامبەردا فیشەک و گولەمان کەمی دەکرد، دەرفەتێکی گونجاو نەبوو بۆ ڕێکخستنەوە و یەک خستنەوەی هێزەکانمان، چونکە ئەوان بێ ڕەحمانە بە تۆپ و تانک و زرێپۆش و چەکی قورس و سوکەوە پێ بەپێ بەدوای کشانەوەکانماندا دەهاتن، وەک بینرا، ئەوان لەپێناو بەدەست هێنانی دەسەڵاتی خۆیاندا، دەستبەرداری ئەخلاق و ئاداب و عورفی کوردەواری بوون، پێش تانک و زرێپۆشەکانی گەورەترین و دڕندەترین دووژمنی کورد کەوتن و هێنایانەوە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان. ئیتر بۆیان گرنگ نەبوو، چی ڕوودەدات و ئەنجامەکەی بەکوێ دەگات، تەنیا گرنگ ئەوە بوو دەسەڵات بگرنەدەست، تەنانەت ئەگەر بە گرتنە دەستی خاکێکی خاپور کراویش بێت.

بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بوو، پارێزراو بوونی ڕۆحی هاوڵاتیان و لەدەست نەدانی یەک بەدوایەکی ئەو پێشمەرگە قارەمانانە بوو، کە لە چەندین هێرش و لەچەندین شەڕدا چۆکیان بە سوپای حکومەتی عێراق دادابوو، بۆیە لەو هەلومەرجەدا و لە ڕێکەوتی ٧ی ئەیلول، رەوانشاد مام جەلال لە گوندی کانی وەتمانی سەر ڕێگای ڕانیە _دووکان، لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا کۆبۆوە، لە و کۆبوونەوەیەدا بڕیاری کشانەوە بۆ سەر سنور درا.

ئەوان لە خەیاڵی خاوی خۆیاندا پێیان وابوو جارێکی تر و ببڕای ببڕای یەکێتی نەبۆی دەکرێت، نەپێی دەکرێت بگەڕێتەوە خاکی کوردستان، پێیان وابوو خۆیان دەبنە حاکمی ئەو هەرێمە، ئەوان هەتا ئێستاش کادیرەکانیان بۆ پاساو هێنانەوەی کوشتن و بڕینەکانی خۆیان دەڵێن: «هەولێر لەسەردەمی یەکێتیدا پڕ بووە لە کوشتن و بڕین و دزی و تاڵانی» بەڵام خەڵکی هەولێر گەواهی ئەوە دەدەن جیاوازی نێوان سەردەمی یەکێتی و سەردەمی پارتی چۆن بووە، لە ٣١ی ئابەوە تا ئێستا چارەنوسی ٧٤ کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان نادیارە، ئەوەش جۆرێکە لە ئەنفال کردن، بەشێک لەو کادیرانە براو ئامۆزاو کەسی من بوون، هەندێکیان بۆ پاراستنی گیان و ژیانیان خۆیان ڕادەستی پارتی کردووە، ئەوانیش بە جێگەی پاراستنیان، ئەنفالی کردوون. ماڵی سەرجەم کادیرەکانی یەکێتی لە هەولێر تاڵان کرا، ماڵی کادیری سەرجەم حیزبەکان لەوێ تاڵان کرا، بارەگای سەرجەم لایەنە تورکمانەکان سوتێنران و کادیرەکانیان ڕادەستی حکومەتی بەعس کرد، دژی ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان و موئتەمەری عراقی و حەسەن نەقیب و کۆمەڵەی ویفاق، هەرچی پێیان کرا کردیان، زۆرینەی کادیرەکانیان ڕادەستی حکومەتی عێراقی کرد.

هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو، ئێمە لە بازگەکەی شاوەیس بووین و ڕێگەمان بە چوونی دەیان کادیری پارتی دەدا بۆ ئەوەی بچنە ناو مەسیفەوە و لەوێ ژیان بکەن، لەوانە (مام عەلی کوردەی حاجی ئۆمەران کە دەیگووت: «دەمەوێت بچمە مەسیف نەک لە هەولێر توشی گرفت بم» سوک و هاسان ڕێگەی ڕۆیشتنمان پێدا، زۆرینەی ئەو ماڵە هەرکیانەی پێشتر دەمناسین و هاوکارم بوون، ڕێگەی ڕۆیشتنم پێدان، لۆریم بۆ گرتن و ڕەوانەی گوندەکەی خۆیانم کردنەوە.

بەڵام دەزگای پاراستنی پارتی هەتا ئەوەندی پێی دەکرا و پێی کراوە وێنەی منی لەبەر چاوی خەڵک ناشرین کردووە، وەک کەسێکی بکوژ و تاڵانچی، بەڵام ئەوانەی لەگەڵ من بوون دەزانن هەرگیز مامەڵەی خراپم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکردووە، بە پێچەوانەوە ئەوانەشی کارێکیان کردبێت، لەسەریان هاتوومەتە دەنگ، لە هەمان کاتیشدا لەپیناو خاکی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیدا ئامادە بووم خوێنی خۆشم بڕێژم. بەڵام ئەوان بە هێنانەوەی سوپای عێراق دووبارە قەتماغەی برینە کۆن و نوێکانی خەڵکی کوردستانیان هەڵدایەوە و خوێیان پێدا کرد.

# یەکەم گەردەلولی تۆڵە

دوای ئەوەی ئێمە گەیشتینە قاسمەڕەش بۆ لای کاک کۆسرەت، وردە وردە سەرجەم هێزەکان لەوێ کۆبوونەوە، جارێکی دیکە خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانمان بووین و ئەو چەکانەی هەمان بوو کۆمان کردنەوە، ڕێکخستنی نوێ بۆ هێزی پێشمەرگە کرایەوە.

ئەم خۆڕێکخستنەوەیە، لە لایەن (ئێران و تورکیا و ئیسرائیل)ەوە پێشبینی کراو بوو، چونکە ئەوان پێیان وابوو ئەم شکستەی یەکێتی کاتییە و هێندە نابات پێگەی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، ئەم پێشبینیانەی ئەوان ببووە بابەتی ڕۆژی ڕۆژنامەکانیان و لە بارەیەوە بە شێوەی جیاواز دەدوان.

ئیسرائیلییەکان پێیان وابوو بڕیاری تاڵەبانی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی بۆ ناو خاکی ئێران، لە تاکتیکەکانی ڕابەری گەورەی چین (ماوتسی تۆنگ) دەچێت، ئەو لە کاتی سەختیدا بڵاوەی بە هێزەکانی دەکرد و لە دەرفەتی گونجاودا هێزەکانی کۆ دەکردەوە و گورزی کاریگەری لە دوژمن دەوەشاند.

ڕەوانشاد مام جەلال لەو دۆخە ئاڵۆزەدا و لە (٢٠ی ئەیلول) لە زەڵێ کۆی کردینەوە، زۆر گەشبینانە وتارێکی بۆ خوێندینەوە، هەمیشە وورەی بەرز بوو، لەو دۆخە خراپەی ئێمەی تێدا بووین، ئەو پێدەکەنی و قسەی خۆشی بۆ دەکردین، بەڵام لە هەمان کات دانی بەوەدا ناو گووتی: «ماڵی مەلا مستەفا گەورەترین خیانەتیان کرد، بەڵام ئێمە دەگەڕێینەوە». هەر لەوێ و دوای کۆبوونەوەکە، هێزەکانی دابەش کرد بۆ گەڕانەوە، هێزەکەی ئێمەیان گواستەوە بۆ چەمی چۆمان، لە وێشەوە هاتینە گوندی سورەبان و بە درێژایی ئەو شاخە دابەش بووین، لەوێ ماینەوە تا کاتژمێر سفری هێرش بردن.

هێزەکان بەم جۆرە دابەش کران. هێزەکەی کاک عومەر فەتاح بۆ سنوری سەیران بەن و ناوچەی پێنجوێن. هێزەکەی کاک جەبار فەرمان بۆ سنوری گەرمیان و دەربەندیخان، هێزەکەی کاک کۆسرەت بۆ سلێمانی تا چوارتا، هێزکەی کاک عوسمانی حاجی مەحمود بۆ سنوری شاناخسێ تا سلێمانی.

لە ڕۆژی (١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) و دوای ٤١ڕۆژ لە داگیرکردنی هەولێر، هێزی پێشمەرگە لە هەموو قۆڵەکانەوە دەستی بە جێبەجێ کردنی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی تۆڵە کرد. هەر لە هێرشی یەکەمدا سەرجەم ڕەبایەکانی پێشەوەمان گرت، تا ڕەبایەکانی ناحیەی باسنێ توشی هیچ شەڕێک نەبووین، بەڵام ئەوێش هەر زوو گیرا و جگە لە گرتنی سەیارەیەک، چەند کەسێکیشمان لە داردەستەکانی حکومەتی عێراقی بەدیل گرت. پێ بەپێ دەهاتینە پێشەوە، تا شەوەکەی گەیشتینە کەناروێ، ئەو شەوە لە سەر فەرمانی کاک کۆسرەت بڕیار بوو لەوێ پشوو بدەین، بەڵام من و مەفرەزەکەم کە پێکهاتبوون لە (میرخان زراری، ئیدریس، بەژدار کەپو، سەرباز گڕاوی، هونەر، جەلیل و خەسرەوی برام، نەجاتی ئامۆزام، نەجاتی محەمەد عەلی و نەجات مەولود ...) لە گەڵ هەندێک پێشمەرگەی تر ناوەکانیانم لەیاد نەماوە، نزیکەی بیست پێشمەرگە دەبووین، بەرەو چوارتا ڕۆیشتین، لەڕێگە کاک جەواد بەحرکەمان بینی، گووتی: «مەچن، کەمینی پارتی لێیە» بەڵام ئێمە هەر لە بەرزاییەکەی کەنارویێوە ڕۆیشتین بۆ ئەوەی لە کەمینەکە بدەین، ئەوان بێ ئەوەی هیچ بەرگرییەک بکەن هەڵهاتن، هەر ئەو شەوە گەیشتینە چوارتا و لەوێ ماینەوە، بۆ بەیانییەکەی میرخان زراری لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگە چوونە قەڵاچوالان و دوای دووسێ کاتژمێر گەڕانەوە و گووتیان: «قەڵاچوالان چۆڵە و هیچ کەس و هێزێکی لێ نیە»

لەو گفتوگۆیەدا بووین، کاک کۆسرەت بە خۆی و هێزەکەیەوە سەرکەوتن، هاتنی کاک کۆسرەت و هێزەکەی هاوکات بوو لەگەڵ ئەو هێزە زۆرەی پارتی کە بە فەرماندەیی کاک مەسعود بەرزانی و نێچیر بارزانی، لە ئەزمەڕەوە دەهاتنە خوارەوە، بە سەدان سەیارەوە هاتە ناو قەڵاچوالانەوە، هێزەکەی کاک عوسمانی حاجی مەحمودیش لە شاناخسێوە هاتبوون، ئەوانیش نەیانزانی بوو هێزی پارتی هاتۆتەوە بۆ ناو قەڵاچوالان، بۆیە لەوێ ڕوو بەڕووی یەکتری بوونەوە، شەڕێکی قورس لەنێوان چوارتا و قەڵاچوالاندا ڕوویدا، ئەوانەی لەو شەڕەدا لەگەڵمان بوون (کاک ئاسۆ. بورهانی سەعید سۆفی، عوسمان بانی مارانی، هێمنە ڕەش، عەبدوڵا بۆر و ئەنوەری عەزەباوە) بوون.

ئەوان سێ هێرشی زۆر خەستیان کرد بۆ گرتنەوەی چوارتا، بەڵام بۆیان نەگیرایەوە، پارتی لەدوای کاتژمێر چوارەوە بە تەواوی شکا.

شیاوی باسە، هەریەکە لە کاک مەسعود و نێچیر، لە سەری ئەزمەڕەوە فەرماندەیی شەڕەکەیان کردبوو، چونکە هەرگیز نەیاندەوێرا بێنە ڕیزی پێشەوە، کاتێک هێزەکەیان تێکشکا لە لایەن هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، کۆمەڵێکیان بە دووکاندا گەڕابوونەوە، هەرچەندە لەو هەڵهاتنەیاندا دەکەونە بۆسەوە، بەڵام نەیپێکرا بوون.

بە ئەزمەڕدا هاتینە خوارەوە هیچ شەڕێک نەبوو، بیرمە نزیکی ١٢ی شەو بوو سلێمانیمان گرتەوە، بە جادەی تویمەلیکدا هاتینە خوارەوە هەموو خەڵک لە خۆشی هاتنەوەمان لە ماڵەکانی خۆیان هاتنە دەرەوە، ئەوەش جێگەی شانازی بوو بۆ یەکێتی، ڕاستە بە درێژایی مێژووی دروست بوونی تا ئەمڕۆ تووشی دەیان شکست بووە و زۆرینەیان بە هۆی ناپاکی و دەوروبەرەکەیەوە بووە لەوانە (کارەساتی هەکاری)، بەڵام هیچ کام لەو شکستانە چۆکیان بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دانەداوە، چونکە ڕیشەی لەناو خەڵکی کوردستاندا داکوتاوە، خەڵک یەکێتی خۆشدەویست، یەکێتی هەر لەدوای دروست بوونی شۆڕشی نوێوە بە پەیڕەو و پڕۆگرامێکی سەردەمیانەوە بۆ خزمەتی خەڵک دروست بوو، هەتا ئێستاش بە هەمان پلانەوە کاری بۆ دەکات، بەڵام هەمیشە ڕێگری بۆ پڕۆژە و بەرنامەکانی دادەنرێت، تا نەهێڵن یەکێتی لەوان باشتر دەربکەوێت، چونکە خۆیان ناتوانن بگەنە ئاستی یەکێتی.

لە زووەوە تا بەئەمڕۆ هیچکام لە حیزبەکان، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا وەکو یەکێتی بیست سەرکردەی لەشەڕدا نەبۆتە قوربانی میللەتەکەی، کام حیزب سەرکردایەتییەکانیان لە سەنگەری پێشەوە بووە و لە هێرش بردندا شەهید بووە؟ جگە لە یەکێتی... بە هەزاران کادیری سیاسی و سەربازی و بەرپرسمان لێ شەهید بووە، زۆرینەی ئەوانەی لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیدا بوون، دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان بوون، بەڵام لە پێناو پاراستنی خاک و زمانەکەیاندا سنگی خۆی بە گولەوە دەنا.

ئەو خەڵکەی لەدەوری یەکێتی کۆ ببونەوە، لەسەر بنەمای بۆچوون و پەیڕەو و پڕۆگرام و کردار و ڕەفتارەکانی بوو.

# بەردەوامی جەنگێکیماڵوێرانکەر

ئەو شەوە لە ناو بینای پارێزگادا ماینەوە و پشووماندا، دەمەو نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، چوومە (فندق ئەبو سەناء) لای کاک عیماد نانم خوارد، کوڕێکی بە ئاین مەسیحی خەڵکی سلێمانی بوو، زۆر دڵسۆز و هاوکارمان بوو، دوای پشوویەک جارێکی دیکە خۆمان کۆ کردەوە و بەڕێ کەوتین بەرەو شارۆچکەی دوکان.

دواتر لە دوکانەوە بەرەو کۆیە ڕۆیشتین، لەسەر چیای باواجی دووبارە بەرگری کرا، بەڵام لەوێش تێکمان شکاندن و کۆیەشیان چۆڵ کرد، لە قۆڵی پشدەریشەوە ئەو هێزەی کاک محەمەدی حاجی مەحمود ڕابەرایەتی دەکردن، هاتن لەگەڵ چەند برادەرێکی ئێمە و برادەرانی زەحمەتکێشاندا هێرشیان کرد، قەڵادزێ و ڕانیەیان گرتەوە، دواجار لەگەڵ هێزەکانی پشدەرو قەڵادزێ بەرەو دۆڵی بالیسان و سەرکەپکان و وەرتێ ڕۆیشتین و یەکمان گرتەوە.

لەوێشەوە بە فەرمانی کاک کۆسرەت بەرەو دۆڵی سماقوڵی چووین، بڕیار بوو لەگەڵ ئەو هێزەی لەوێ بوو، پێکەوە بچین بۆ (سوسێ، سولاوک و سەری ڕەش)، هێزێکمان بە دۆڵی شەقڵاوەوەدا و هێزێکی تریشمان بە جادەکەی کۆیەدا بۆ دێگەڵە دەڕۆیشت، شەو بوو گەیشتینە (بنەباوێ)، لەوێ هێزمان سەرخست و ویستمان ڕەبایە چۆڵەکانی پارتی لە (بنەباوێ) بگرین کە بەرامبەر سوسێ بوو، پاشان لەوێوە هێرش بکەین، بەڵام پارتی هێرشی پێچەوانەی کرد و (تەنیا حەمەدەمین) شەهید بوو، تاکە کەس بوو بۆشایی شەهید کەمالی لەدڵی مندا پڕ کردبۆوە، دوای شەهید بوونی کەمالی برام ئەوم بە پشت و پەنای خۆم دەزانی، چونکە زۆر ئازابوو، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە هاتە تیپی بەڕانەتی و لەو دەمەوە تەنیام دەناسی.

جگە لە تەنیا، کوڕێکی تر خەڵکی تەیراوا بوو، ئەویش شەهید بوو، بە کۆمەڵێک خەڵکدا ئەوم ناردە گوندی گرجان لەوێ لای کەمالی ڕەحمەتی برام بینێژن، شەهید تەنیامان بۆ نەهات، تەنیا لە شاخەکە هێنامانە خوارەوە و لە خوار ئاوەکە شاردمانەوە و گژوگیامان بەسەردا دا، لەبەر ئەوەی پارتی لە هێرشێکی زۆر گەورەدا بوو، ئێمەش پێ بە پێ کشاینەوە و هاتینەوە دووکان، کاک کۆسرەت کۆبوونەوەی بە ئێمە کرد، کۆمەڵێک فەرماندەی سەربازی بووین و بریتیبووین لە (بەندە، مام غەفور، کاک بورهان، کاک ڕێباز بێرکۆتی و بەشی زۆری بەرپرسەکان)، لەو کۆبوونەوەیەدا کاک

کۆسرەت بێتاقەتی لە ڕوخساریدا بەدی دەکراو بەدەنگێکی پڕ لە بێ ئومێدییەوە گوتی: «ڕاستم پێ بڵێن ئێوە شەڕ دەکەن یان نا» ئێە هەموومان هاوڕا بووین، بۆیە لە وەڵامدا گووتمان: «بەڵێ شەڕ دەکەین».

یەکێک لە (زەخیرەی تەقەمەنییەکان) لای کاک جەبار بوو، بۆ ڕێگری کردن لە پەڕینەوەی پارتی، لەبەری ئەو بازگەیەی کە لێوەی دێتە ناو دووکانەوە و بەدرێژایی ڕێگاکە تا پیرەمەگرون هێزی لێ دامەزراندبوو.

چەک و جبەخانەکەی ئێمە لەناو لۆریەکدا بوو لای شۆڕشی سەید مەجید، ئەویش لەولای کاک جەبارەوە بوو، کاک کۆسرەت بە وەیسەدا پەیامی بۆ کاک شۆڕش نارد، تا لۆریەکە بێنێتەوە لای خۆمان، چونکە فیشەکمان زۆر کەم پێ مابوو. دوای هاتنی لۆرییەکە خۆمان ئامادە کرد بۆ شەڕ.

کاک کۆسرەت گووتی: «حاجی بڕۆ بۆلای ڕێباز بێرکۆتی و مامۆستا سەیفەدین و کاک بێستوون، بانگیان بکە»

کاک ڕێباز تا ئەوکاتە لەبن شاخەکەدا بوو، لە خوارەوە بە خۆیی و ڕاجیمەکەیەوە هاتە سەرەوە، کاتێک پەیامی کاک کۆسرەتم بە (مامۆستا سەیفەدین و کاک بێستوون) گەیاند، کاک بێستوون هات، بەڵام مامۆستا سەیفەدین گووتی: «نایەم» زۆر جەختم لە هاتنی کردەوە بەڵام نەهات، من نەمزانی ڕۆژی پێشووتر لەگەڵ کاک بێستوون لێک زویر بوون.

لەدوای من کاک کۆسرەت کەریمە ڕەشی نارد، بە توڕەییەوە گووتی: «حاجی لۆ نەهاتن»

گووتم: «ئەوەتا خۆت قسەی لەگەڵ بکە»

هێشتا مامۆستا سەیفەدین قایل نەبوو بێت، بەڵام لە دواجاردا بە خۆیی و هاوەنە ١٢٠ملیمەکەیەوە هات، کاک کۆسرەت ڕاجیمەکە و هاوەنەکەی دابەش کرد و بەمنی گووت: «کوا سەیارەکەت»

گووتم: «لای مەفرەزەکەمە، ئەوان لەگەڵ کاک بورهان بۆ ڕەبایەکانی سەری سارا چوون، واجبیان لەوێیە»

دواتر من و کاک کۆسرەت و چەند پێشمەرگەیەک بە مێکزەمینییەکەی شێخ جەعفەر، ڕۆیشتین بۆ سەر سەدی دووکان، چووینە شوێنەکەی مام غەفور، ڕەبایەکەی دوو سێ خانوو لەپشت ڕەبایەکەی کاک ئاسۆوە بوو، بەرامبەر ڕەبایەکەی پارتی بوون،

لەو ڕەبایەیەی پارتییەوە تەقەمان لێکرا. من و مام غەفور و برادەران هەموو خۆمان شاردەوە بۆ ئەوەی گولەمان بەر نەکەوێت. بەڵام کاک کۆسرەت بە بیکەیسی وەڵامی تەقەکانی دانەوە، هێندەمان نەزانی، ئەوانەی لەو ڕەبایەیەدا بوون هەڵهاتن، کاک ئاسۆ و برادەران پەڕینەوە و لەوبەریش پارتی شکا، یەکێک لەو شتانەی زۆر دڵی خۆش کردین. کوژرانی تەحسین شاوەیس بوو لە لایەن هێزەکانی ئێمەوە، ئەو بکوژی مامە ڕیشە بوو، زۆر بێ شەرمانە لە چاو پێکەوتنێکدا دەڵێت: «مام جەلال هۆکاری کوشتنی مامە ڕیشە بووە، چونکە خۆشی نەویستووە، بە مامە ڕیشەی گووتوە برۆ تەحسین شاوەیس بکوژە، پێش ئەوەی من بکوژێت، من کوشتم» بەداخەوە هێندە نزیک بوو لە پارتییەوە ناویان لێ نابوو «کوڕەکەی بارزانی».

شەڕ هەر درێژەی هەبوو، تا زۆرینەی ئەو شوێنانەمان گرتەوە کە پێشتر حوکممان تێدا دەکرد.

هەرچەندە بەڕووکەش و بە تکای خەڵکی خێرخواز و دەوڵەتانی دەرەوە و بێنەو بەردەیەکی زۆر، شەڕەکە ڕاگیرا، بۆ مەبەستی وەستانی شەڕ لە ئەنکەرە ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان ڕەوانشاد مام جەلال و کاک مەسعود بارزانیدا واژۆ کرا.

## ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە

ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو لە دوای (٣١ی ئابی ١٩٩٦)ەوە لە نیوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە سەر چەند خاڵێکی گرنگ، بەئامادەبوونی نوێنەری هەریەکە لە وڵاتانی (تورکیا، ئەمریکا و بەریتانیا) لە وڵاتی تورکیا و لە ئەنکەرە واژۆ کرا.

سەرەکیترین خاڵ لەو ڕێککەوتننامەیەدا بریتی بوو لەوەی نابێت هیچ کام لە لایەنەکان پشت بە هێزی دەرەکی ببەستن، هەروەها جەخت کردنەوە لە سەر ئازادکردنی دیل کراوەکانی هەردوولا برگەیەکی تری ڕێککەوتننامەکە بوو، دابەش کردنی داهاتی گومرگەکان و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن، دوو داواکاری تری ڕێککەوتننامەکە بوو، وێڕای ئەم خاڵانە، کۆمەڵێک خاڵی گرنگی تر ئاماژەیان پێ درا بوو، ئەم ڕێککەوتنە بە ئامادەبوونی نوێنەری پارتی (سامی عەبدول ڕەحمان) و (محەمەد تۆفیق ڕەحیم) نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان واژۆ کرا.

بەڵام هەردوای ڕۆژێک لەو واژۆکردنە، پارتی لە زۆرینەی ئەو خاڵانەی ناو ڕێککەوتننامەکە پەشیمان بوویەوە، لە گرنگترین خاڵەکانی ( پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش، داهاتی خاڵە سنورییەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن) پاشگەز بۆوە.

وێڕای چەندین کۆبوونەوەی یەک بەدوای یەکی تر بۆهەمان مەبەست و لەوڵاتی تورکیا لە ئەنکەرە، چەندین ئەگەر و گرفت دەخرایە بەردەم دواخستن و نەکردنی کۆبوونەوەکان، هەرچەند بە هەوڵی نوێنەرانی (ئەمریکا، بەریتانیا و تورکیا) کۆمەڵێک بەڵێن واژۆ کرایەوە، بەڵام بێ دەرئەنجام بوون، چونکە پارتی هیچ کات وابەستەی ئەو بەڵێنانە نەبوو.

## ئەو کاتەی بوومە بەڕێوەبەری ئاسایش

دوای گەردەلولی یەکەم زۆر ماند و شەکەت بووم، لە بارودۆخێکی سەختدا بووم، جگە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و شەهید بوونی کەمالی برام و بێ سەروشوێن بوونی (جەبار و خەلیل)ی برام، سەرپەرشتی کردنی خانەوادەکانیشیان لە ئەستۆی مندا بوو، هەربۆیە چوومە لای کاک کۆسرەت و گووتم: «توانا و تاقەتی پێشمەرگایەتی و کارکردنی ناو حیزبم نەماوە لە ئێستادا» چونکە لەو دەمەدا، هەم کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگە بووم، هەم ڕابەرسیاسی لەشکر بووم، کاک کۆسرەت گووتی: «باشە ماوەیەک پشوو بدە».

دوای ماوەیەک پشوو، کاک کۆسرەت فەرمانێکی بۆ دەرکردم تاببم بە (بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە کۆیە). ئەوە لە دەمێکدا بوو ئاسایشی هەولێر هەمووی لێک هەڵوەشابۆوە، بۆ ئەو مەبەستە بینایەکم گرت و ناردم بەدوای هەموو ئەو کارمەندانەی پێشترلە ئاسایشی هەولێر بوون و کۆمکردنەوە. ئەوەی نابێت لەبیر بکرێت ڕۆڵی گرنگی کاک حاکم قادر بوو لە بونیاد نانەوەی ئاسایشی هەولێردا، ئەو کات ئەو بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو.

لە دووەم گەردەلولی تۆڵەدا، من لە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێرد ابووم لە کۆیە، ئەرکی بەشداری کردنیان لەو شەڕەدا پێ سپاردم، لە سەر ویستی

ئەوان هێزەکەم بردە ناو ڕەبایەکانی کەلی سور، لە تەقتەقەوە بۆی دەچیت و بەرامبەر قەشقە و خورخورە، هەتا شەڕەکان وەستا بە یەکجاری، من لەو ڕەبایانەدا مامەوە و دواترگەڕامەوە سەر بەرپرسیارێتییەکەم لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە کۆیە.

بە گشتی ڕۆژانە سەرقاڵی بەڕێکردنی کارو باری ئەو ئاوارانە بووم کە لە هەولێرەوە ماڵ و ژیانیان لێ تێکچوو بوو، بەشی زۆری ئاوارەکان ( پۆلیس، ئاسایش، پێشمەرگە و فەرمانبەری حکومی) بوون.

نێوانم لەگەڵ سەرجەم ئەو برادەرانەی ئەوێ خۆش بوو، بە نمونە: کاک ئەرسەلان بایز بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر بوو لە کۆیە. کاک سمکۆ دزەیی پارێزگاری هەولێر بوو لە کۆیە، کاک نەوزاد کاکە ڕەش قایمقام بوو، کاک بورهانی سەعید سۆفی سەرلەشکر بوو، برادەرانی دیکەش هەموو جێگر و سەرتیپ و فەرماندەی هێز بوون.

هەمووان پێکەوە ڕۆژ و شەو لە هەوڵدا بووین بۆ بەڕێوەبردنی کارو بارەکانی ڕۆژانەمان، ڕۆژێک پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لە لایەن دلاوەری ئەحمەد مەجیدەوە بۆ هات، ئەو کات قائیمقامی دووکان بوو، گووتی: «کێشەیەک لە نێوان دیموکرات و ئیتلاعاتی ئێراندا ڕوویداوە، دیموکراتەکان بەرازیلیی و پیکابێکیان پێیە، ئەگەر هاتنەلاتان ڕایان بگرن هەتا کێشەکە چارەسەر دەبێت»

لەدوای ئەو حاکم قادر تەلەفۆنی کرد ئەویش گووتی: «حاجی ئاگاداری ئەو ڕوداوەی؟»

گووتم: «بەڵێ»

گووتی: «بەرازیلییەکی سپی و پیکابێکن کەلوپەلی برادەرانیان بردووە، ڕایانگرە هەتا کێشەکە چارەسەر دەکەین»

گووتم: «باش»

لەدوای کاک حاکم، کاک سمکۆی پارێزگار تەلەفۆنی کرد، ئەویش هەمان داواکاری هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە منیش چووم بازگەکەم ڕێکخست، ملازم ئەرسەلان حەمەسورم برد وگووتم: «کاک ئەرسەلان ئەمە کێشەیەکی سیاسییە و ئیدارەی ئێرە بدە و بازگە دروست بکە، مەهێڵە هیچ کێشەیەک دروست بێت، هەرکاتێک ئەوان هاتن بیانهێنە بۆ لای من» لەو سەروەختەدا کاک ئەرسەلان بایزیش پەیوەندی پێوە کردم،

کەمێک بە ڕەقی قسەی کرد، منیش گووتم: «هەریەک لە کاک حاکم قادر و کاک دلاوەر و کاک سمکۆ، بۆ هەمان بابەت پەیوەندیان کردووە، لەژێر فەرمانی ئەواندام و دەبێت ئەو ڕێکارە یاساییانە بگرمەبەر...» لەو قسانە بووین محەمەد حەسەن پور لە پەیوەندیەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران بوو هات، خۆی ناساند و بەخێرهاتنم کرد و گووتی: «ڕوداوێک ڕویداوە، لە برادەرانی ئێمەیان داوە و یەکێک شەهیدە و یەکێکیش بریندارە».

گووتم: «کاک محەمەد ئاگاداری بارودۆخەکەم و منیان تێگەیاندووە، ئێوەش لەوانتان داوە و لەوانیش کوژراوە، دەبێت کێشەکە هێور کەینەوە»

ئەویش گووتی: «نابێت، من هێز دێنم»

منیش گووتم: «هێز مەهێنە، هێز دەبەیتە کویێ؟ کێشەکە کۆتایی پێهاتووە، لەوێ ئیتڵاعاتی لێ نەماوە تا بچیت بەدوایاندا، برادەرانیش لە ڕێگان وا دێنەوە»

گووتی: «من هێز دەبەم»

گووتم: «ناتوانی»

دوای ڕۆیشتنی ئەو چوومە بازگەکە و بە ملازم ئەرسەلانم گووت: «ئەگەر محەمەد حەسەن پور بە هێزەوە بەم سەیتەرەیەدا هات ڕایمەگرن» دوو میکزەمینی پڕ پێشمەرگەی برد و لە سەیتەرەکەیدا و ڕاینەگرت، پیکابەکە پێش ئێمە دەرباز بوو چوو بووە ناو دیموکرات، کاک محەمەد بە ئێمەی نەگووتبوو پیکابەکە گەشتۆتە لایان.

هێندەی نەبرد، لەناو تەکسییەکدا برینداریکیان هێنایە بازگەکە بۆ لای من لە دائیرە، گووتم: «ئەوە کێیە؟» گووتیان : «دیموکراتە و بریندار بووە» چوومەلای، گووتی: «بارودۆخم زۆر خراپە» بۆیە ئاسایشێکی خۆم لەگەڵ نارد تابیبەنەوە بۆ دیموکرات.

محەمەد حەسەن بە هەیبەت سوڵتاندا چووبووە دووکان، لەو کاتەدا لە بازگەکەوە دەستکرا بە تەقە کردن، هەرزوو چووم، بەڵام کاتێک گەیشتم شەڕەتەقەکە کۆتایی هاتبوو، گووتم: «ئەرسەلان چی بووە؟».

گووتی: «کاک حاجی هاتن قسەمان لەگەڵ دەکردن، ڕاست تەقەیان کرد و نەجات[٦٨] و ئەو ئاسایشەیان شەهید کرد کە لای کاک فاروق عەلی مەولودەوە هاتبوونە لامان».

لەو ڕووداوەدا دووان لە ئێمە شەهید بوون و سێ کەسیش لە دیموکرات، بە جۆرێکی هێندە خراپ لە رەوانشاد مام جەلالیان گەیاندبوو، بە کاک کۆسرەتی

---

٦٨. نەجات: پاسەوانی تایبەتی خۆم بوو.

گووتبوو: «حاجی ڕەمی بکەن» لە ڕاستیشدا ڕووداوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو.

بەڵام کاک کۆسرەت پشتی منی بەرنەدابوو، گووتبووی : «حاجی مەسیفی پێشمەرگەی کۆنە و هیچی لەسەر نەبووە تائێستا، بابچین لێکۆڵینەوە بکەین و لەدواتردا بڕیار بدەین».

بۆ ئەو مەبەستە، کاک ملازم عومەریان نارد و هەموو ئەوانەی لە ئەرکدا بوون، لەگەڵ خۆی بردنی بۆ ئاسایشی گشتی.

ڕۆژی دواتر منیش چووم بۆ ئاسایشی گشتی، کاک سەرکەوت بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بوو، کاک حاکم قادر بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، من دوو ڕۆژ لەوێ مامەوە، بۆ هەمان مەبەست لیژنەیەکیان دروست کرد، لیژنەکە پێکهاتبوولە (مەحمود کۆیی وەک سەرۆکی لیژنە، کاک نزار لە وەزارەتی ناوخۆ و کاک ئەحمەد موسا). ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ هەموومان کرد، دیموکرات بەو لیژنەیە ڕازی نەبوون و گووتیان : «دەبێت بیدەنە دادگای حکومەت» ئەوانیش دایان بە دادگای حکومەت.

لەسەر ئەو دۆسیەیە من وەک گەواهیدەر بانگی دادگا کرام و هەرچی ڕاستی بوو گووتم، هەرچەند هەریەکە لە (ملازم ئەرسەلان، کاک فاروق و کاک مەریوان) تۆمەتبار کران. بەڵام بەو پێیەی ئەوان کارمەندی ئاسایش بوون و لە ئەرکدا بوون، هێرشیان کراوەتە سەر، کاردانەوەی ئەوانیش بۆ بەرگری کردن بووە لە خۆیان، بۆیە بە بڕیاری دادوەر ئازاد کران.

گەرچی دیموکراتەکان پارێزەری تایبەت بە دۆسییەکەی خۆیان هەبوو، هاوکات ئەوەی تێدەپەڕی بە پێی یاسابوو، بەڵام ئەوان کۆتا بڕیاری دادگایان بەدڵ نەبوو. دوای ئەو ڕووداوە، کاک کۆسرەت ناردی بەدوامدا و گووتی: «لەبەر ئەوەی دۆخەکە باش نییە، بۆ تۆ واباشە نەچیتەوە ئەوێ، پشویەک بدە هەتا شوێنێکی گونجاوت بۆ دەدۆزمەوە» هەرچەند ئەو بارودۆخەم زۆر پێ ناخۆش بوو، هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەبوو شەڕ ڕوو نەدات، سێ جار چووم بۆلای ملازم ئەرسەلان و پێم گووت: «کارێک بکە هیچ ڕوونەدات، گەر تەقەشیان کرد ئێوە تەقە مەکەن تا دێنە لای من» بەڵام ئەو ڕوداوە ڕویدا و هیچ لە دەسەڵاتی مندا نەبوو.

# دووەم گەردەلولی تۆڵە

دوای ڕێککەوتننامەکەی ئەنقەرە کە لە دوای گەردەلولی یەکەوە واژۆ کرابوو، پارتی خۆی بە ماف خوراو دەزانی و وەک ئەوەی لە ژێر فشاردا ئەو ڕێککەوتننامەیەی واژۆ کردبێت، بۆیە بەردەوام هەوڵی نانەوەی پشێوی دەدا، هیچ کات خۆی وابەستە و پابەندی ئەو ڕێکەوتننامەیە نەدەکرد، بۆ ئەوان سەخت بوو جارێکی دیکە یەکێتی لەناو هەولێردا ببینن، بۆ ئەو مەبەستە زۆر لایەنی پەیوەندیدارمان ئاگادار کردەوە، بەڵام هیچ دەرئەنجامێکی نەبوو.

هەربۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان چیتر بەرگەی ئەو کارانەی نەدەگرت، لە ساڵی ١٩٩٧هێزێکی زۆری کۆکردەوە و لە ژێر ناوی دووەم گەردەلولی تۆڵەدا، هێرشی کردە سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی، هەموو ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەستی پارتیدابوون گرتنیەوە، ئەوەش بۆ پارتی دۆخێکی دیکەی کەمەر شکێن بوو، هەر بۆیە بۆ جاری سێهەم ناپاکی کرد و ئەم جارەش لە پیناو مانەوەی خۆیاندا پەنایان بردە بەر وەرگرتنی هاوکاری لە دوژمنێکی سەرسەختتری گەلی کورد ئەویش وڵاتی(تورکیا) بوو، بە هەنجەتی ڕێککەوتنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان) ئەمەشیان بە مەترسییەکی گەورە لە قەڵەمدا بوو بۆ سەر خاکی تورکیا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان سنورەکانی فروان کردبوو تا سەری ڕەش، نزیک بووینەوە لە شەقڵاوە و لەوێشەوە بۆ بانیلۆک، لە لایەکی دیکەشەوە گەیشتینە نزیک خەلیفان و لە شاخەکە چووینە خوارەوە بەرەو سیساوا و برادەران جادەی (هەریر_ شەقڵاوە)یان گرت، هاوکاتی ئەو بەرەو پێشچوونانەی ئێمە، سەرجەم ماڵە کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی بە خانەوادەکانی ماڵی بارزانییەوە و تەنانەت ماڵی کاک مەسعودیش مەسیفیان چۆڵ کرد.

ئەوان بە هاوکاری هێزێکی زۆر و بە دەبابە و تۆپ و تەیارەکانی تورکیا، هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستان و زیانێکی زۆریان لە ئێمەدا.

من دژی کورد کوشتنم، ڕقم لە برا کوژیە، چوونکە هەمووی خەسارەتە بۆ خۆمان، شەڕی براکوژی بەناڕاستەوخۆ ئەو ئامانجە گەورەیە دوژمن هەوڵی بەدی هێنانی دەدات، ئاسانترین ڕێگە و پلانی دوژمنە بۆ قڕکردنی خۆ بە خۆ، بێ

ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداری ئەو قڕکردنە بێت، بەڵام هەمیشە یەکێتی کاردانەوەی هەبووە، نەک لە پێناو بەدەست هێنانی دەسەڵاتدا کار بۆ ئەو مەبەستە بکات. ئەوەش مێژوو سەلماندویەتی و وێڕای ئەوەش، لە بەرامبەردا هیچ کات لە بەرەکانی جەنگ نەترساوە ئەگەر شەڕێک بەرۆکی گرتبێت، بەڵام پارتی ڕێک بە پێچەوانەی ئەم پرەنسیپە رەفتاری کردووە، هەمیشە و هەر کاتێک هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕێک بووبێت، دوای شکان و ڕاکردنی لە بەرەکانی جەنگ، بە بیانوویەک پەنای بۆ دووژمنێکی سەرسەختی ئەم گەلە بردووە، بە نمونە هێنانی (ئێران، تورکیا و عێراق) بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو شوێن و دەسەڵاتانەی لەدەستی داوە.

لەو شەڕە نابەرامبەرەدا لەگەڵ هێزی زەمینی و ئاسمانی تورکیا، ئێمە هێزەکانمان کشاندەوە ئەو ناوچانەی پێشووتر لێی بووین.

دەرئەنجامی ئەو شەڕەش ڕێککەوتننامەی (واشنتن)ی لێ کەوتەوە، هەرچەندە کاک مەسعود بەرزانی گووتبووی (ئەو دەستەم دەبڕم جارێکی تر تەوقە لەگەڵ مام جەلالدا بکات) بەڵام لە کۆتایی ڕێکەوتننامەکەدا کردی...

هەر دوا بەدوای ئەو ڕێکەوتننامەیە، بۆ ئەوەی بیانوو بە یەک نەگرن، هێزێکیان تەشکیل کرد و ناویان لێنا بوو (PMF)، ئەو هێزە بەرپرسەکەیان تورک بوو، چەند جارێکیش لە کۆیە سەردانم کرد ناوی (حەسەن قەپڵان) بوو.

## ڕێککەوتننامەی واشنتن

ڕیکەوتنامەی واشنتۆن لەلایەن ڕەوانشاد مام جەلا و کاک مەسعود بەرزانی لە ڕێکەوتی (١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨) لە ڕێوڕەسمێکدا لە واشنتن واژۆ کرا، ئەو ڕێککەوتننامەیە بە ئامادەبوونی هەریەک لە (دیڤت وێڵشی-وەک گەواهی دەر) و (ئەندرۆ مۆرسن- لێپرسراوی بەشی عێراق) و هەر یەک لە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە نوێنەرایەتی (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح و وشیار زێباری) و چەندین کەسایەتی و نوێنەری وڵاتانی تر بەڕێوە چوو.

بەرهەمی ئەو ڕێککەوتنە پێکهێنانی حکومەتێکی کاربەڕێکەر بوو لە ماوەی سێ مانگدا، ئەمەش بۆ ئامادەکاری هەڵبژاردنێکی دروست دوای نۆ مانگ، جگە لەوە کۆمەڵێک ئەرک خرایە ئەستۆی ئەو حکومەتە کاربەڕێکەرە وەک (ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخەکان و ڕێکخستنەوەی داهاتی خاڵە سنورییەکان) .

هەر هەمان ڕۆژ و دوای واژۆ کردنی ڕێکەوتننامەکە، هەردوو لا بە یاوەری (مارتن ئیندەک) سەردانی خاتوو(مادلین ئۆلبرایت)یان کرد، ئەویش دڵخۆشی خۆی بۆ ئەنجامی باشی ڕێککەوتنەکە دەربڕی و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا واژۆی ڕێککەوتن نامەکەی ڕاگەیاند.

بەشی نۆ

# کارکردنم
# لە دەزگای مین

قۆناغێکی نوێی خەباتم تێپەڕاند و لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی دیکە و زۆرجیاوازدا بەردەوام بووم، مانگی یانزەی ساڵی ١٩٩٧بە فەرمانی کاک کۆسرەت کە ئەوکات سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان – سلێمانی بوو، بوومە (بەڕێوەبەری تەنسیق) لە بەڕێوەبەرایەتی (مین)، بەرپرسیارێتییەکەی من ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی (یونۆپس)[٦٩] و دامو دەزگاکانی حکومەت بوو، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کاروبارانەی تایبەت بوون بە (مین).

هەرچەند سەرەتا بەکاک کۆسرەتم گووت: "من هیچ لەو کارە نازانم"

بەڵام کاک کۆسرەت گووتی: "وردە وردە فێردەبیت، سەردانێکی دکتۆر کەمال فوئادیش بکە".

دەبێت لێرەدا ئەوە بڵێم، حکوومەت دوو ئیدارەیی بوو، لە ئیدارەی سنوری یەکێتی (کاک کۆسرەت) سەرۆکی حکومەت بوو، کاک (دکتۆر کەمال فوئاد)یش جێگری بوو، پیاوێکی زۆر باش و مێهرەبان بوو. کاتێک چوومە لای گووتی: "من بۆتۆ زۆرم پێ خۆشە، بەس یەک شت بە گوێی من بکە دەبێت ئەو ڕیشەت بتاشیت"

گووتم: "بەسەرچاو".

هەر بە بۆنەی وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە نوێیەمەوە، کاک حاکم قادر قاتێکی ڕەشی لای دلێر مامەی ڕەحمەتی بۆ بە دوورین دام، لەبەر ئەوەی چەند ساڵ بوو لە پێشمەرگایەتی هەر جلی کوردیم لەبەر کردبوو، جگە لەوەش زۆر گرنگیم بە قات لەبەرکردن نەدەدا.

کاک جەمال فوئاد دکتۆرای هەبوو، کاتی خۆشی لە سێکتەرێکی UN لە فاو کاری کردبوو، پیاوێکی زیرەک و پڕۆفیشناڵ بوو لەکارەکەی خۆیدا، جگە لەوە زمانزانێکی باش بوو، زیاتر لە دەرەوە دەژیا، تازە پۆستی (وەزیری پەیوەندی و هاوکاری) وەرگرتبوو، بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەش سەر بەو وەزارەتەی ئەو بوو، ڕۆژێک بۆ پیرۆزبایی کردنی پۆستەکەیی و بەخێرهاتنەوەی لە دەرەوەی وڵات چووم بۆلای، گووتی: "ئەتو ناوت چییە؟"

گووتم: "بەخۆم ناوم جەمال نادرە، بەڵام پێم دەڵێن حاجی"

گووتی: "ئەوە مەتەڵە"

٦٩. یوۆپس: کورت کراوەی (United Nations Office for Project Service) نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان، یەکێکە لە نوسینگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەگان، ناسراو بە (UNOPS)

ئەو بەو دۆخە ڕانەهاتبوو، چونکە چەند ساڵ بوو لە دەرەوەی وڵات بوو، ڕۆژێک بەکارێک من چوومە نوسینگەکەی، بینیم هەریەک لە (کاک شێخ جەعفەر، کاک حامیدی حاجی غالی و مام ڕۆستەم...) و کۆمەڵێک کەسی دیکە لە ژووری چاوەڕوانی دانیشتبوون، هاتبوون بۆ بەخێرهاتنەوە و پیرۆزبایی لێکردنی پۆستەکەی، سکرتێرەکەی کچێک بوو ناوی تریفە بوو، کاک جەمالی لە هاتنی میوانەکان ئاگادار کردبۆوە، ئەویش گووتبووی: "من مەوعیدم لەگەڵیان هەیە؟؟؟" چونکە ئەو لەسەر ئەو یاساو پەیڕەو و پرۆگرامانە ڕاهاتبوو کە میوان بەر لەوەی بێت، دەبێت پێشتر کاتی ئەو میواندارییە وەربگرێت، یان کاتی چاو پێکەوتن وەربگرێت.

ڕۆژێک چوومە لای دکتۆر کەمالی برای دکتۆر جەمال و پێم گووت: " دکتۆر جەمال من ناناسێت، بەڵکو تۆ قسەی لەگەڵدا بکەیت، هەرچەندە من بەڕێوە بەرم، بەڵام ئەو ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی (یونۆپس) دەکات، لە کاتێکدا وا پێویستە پەیامەکانی ئەو لەڕێگەی منەوە بە ئەوان بگات، بۆ هەربابەتێکی پەیوەستدار بە ڕاپەراندنی کارەکانەوە گفتوگۆ لەگەڵ مندا بکات".

دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێک تریفەی سکرتێری پەیوەندی پێوە کردم گووتی: "کاک دکتۆر جەمال دەڵێت بێتە خوارەوە".

دوای داخستنەوەی تەلەفۆنەکە ڕۆیشتم، کاتێک چوومە ژوورەوە دکتۆر جەمال بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم و گووتی: "من تۆم نەناسی داوای لێبوردن دەکەم، تۆ پیاوێکی تێکۆشەری، دەڵێن لە پێشمەرگایەتی توشی زۆر حەوادیس بویت"

منیش گووتم: "بەڵێ زۆر.. دوو برام بێ سەروشوێنن و برایەکیشم شەهیدە"

ئەویش گووتی: "تۆ لەمەودوا هەرکارێکت هەبوو بە خۆمی بسپێرە، تەنانەت ئەگەر ئەوکارەت بە مام جەلالیش بێت" ئەوە سەرەتای پەیوەندی نێوان من و دکتۆر جەمال فوئاد بوو. هەمیشە گرنگییەکی زۆری بەمن دەدا و پێکەوە بەردەوام گفتوگۆمان دەربارەی بابەتەکان دەکرد.

لەو ئۆفیسەی لەناو وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری هەمانبوو، سێ کەس بووین (بەندە، کاک میران وکاک سەرتیپ یەحیا)، کاک سەرتیپ یەحیا لەمەسیف لەگەڵمدا کارگێڕی کۆمیتە بوو، بەگشتی سەرجەم کارەکان ڕێکخراوی (یونۆپس) ڕای دەپەڕاند، کاری ئێمە تەنیا هەماهەنگی و ڕێکخستنی کاروبارەکان بوو.

لەو ماوەیەی لەوێ بووم، چەند گەشتێکمان ئەنجام دا، لە یەکێک لە گەشتەکانمان بۆ وڵاتی ئەمریکا بوو، لەلایەن (مؤتمر وطنی عیراق)ەوە بانگهێشتکرا بووین، ئەو کات بارەگایان لە وڵاتی بەریتانیا بوو، بەڵام پارەیان لە وڵاتی ئەمریکا وەردەگرت بۆ کردنەوەی ئەو خولانەی پێویست بوون بۆ پێگەیاندنی کادیری پێشکەوتوو لە بوارە جیاوازەکاندا، ئێمەش بە مەبەستی بینینی خول لەگەڵ (کاک ڕۆژ خەڵکی سلێمانی بوو، نەرمینخان، کاک سەرهەنگ فەرمانبەری منداڵ پارێز بوو) چووین.

بەردەوام بۆ برەودان بە کارەکەم لەهەوڵی بەرەوپێشچووندا بووم، هەمیشە هەر بابەت و کارێکم نەزانیبا، پرسیارم لەبارەوە دەکرد، زۆربەی جار دەمنارد بە دوای ئەو کارمەندانەی لەوێ کاریان دەکرد و پرسیارم دەربارەی بەڕێوەچوون و ئەنجام دانی کارەکانیان دەکرد، دوای تێپەڕینی ماوەیەک تەواوشارەزاییم لەسەرجەم کارەکاندا پەیدا کرد.

بەرنامەی هەڵگرتنەوەی مین، کارێکی هەروا سادە و ئاسان نییە، بەڵکو بوارێکی زۆر فراوانە، پرۆسیجەرێکە UN دایڕشتووە، لە هەموو ئەو وڵاتانەی سنورەکانیان مینی تێدایە پەیڕەو دەکرێت.

هەرچۆن هەڵگرتنەوەی مین پێویستی بە شارەزایی و پلان و بەرنامەی تایبەتە، چاندنیشی بە هەمان شێوە یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێک مین هەبوون، هی سەردەمی مەلەکیەت بوون بە پێی سیستم چێندرا بوون، بەڵام مینەکانی سەردەمی حکومەتی بەعس بێ گوێدانە هیچ یاسا و ڕێسایەک وەکو تۆو بچێنی، زەوی مین ڕێژ کردبوو، بێگوێدانە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی پرۆسەکەی بە ئەنجام گەیاند بوو، بۆ نموونە: مینی دەبابەی چاندبوو هەر لە تەنیشت ئەوەوە مینی ڤاڵماراشی (مینێکە تایبەتە بە مرۆڤ) چاند بوو، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک مینی دەبابەکەی دەرهێنا، ڤاڵماراکەی پێدا بتەقێتەوە.

بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسەیە زۆر قورس بوو، هەرچەند لە سەرەتادا پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچمە ناو کارەکەوە باوەڕم نەدەکرد بەو جۆرە سەخت بێت، دەمگووت: "ئەو پارچە زەویە بچووکە سێ ڕۆژ کاتی بۆ چیە؟" تا ئەو کاتەی خۆم ڕاستەوخۆ چوومە ناو پرۆسەکەوە.

ئەو کاتەی لەوێ کارم دەکرد، کۆمەڵێک کاری باشمان بە ئەنجام گەیاند، بەڵام بەر لە ئێمە هەردوو ڕێکخراوی(MAG-کۆمەڵەی ئامۆژگاری مین)و(NPA-ی نەرویجی)

کاری باشیان کردبوو، ئەم دووڕێکخراوە پارەیان لە خەڵکی خێرخوازی وڵاتە دەوڵەمەندەکان کۆدەکردەوە و دەهاتنە ئێرە کێڵگە مینەکانیان پێ پاک دەکردەوە.

MAG بەر لەئێمە و هەر ڕێکخراوێکی تر، دووکاری زۆر گەورەی ئەنجامدا بوو، لەوانە دروست کردنی کۆمەڵێک تیم بوو بۆ دەستنیشان کردنی کێڵگەکانی مین، گەر ئەو کارە نەبوایە ڕێژەی ئەوانەی لوغمیان پێدا تەقیوەتەوە ڕەنگە بۆ سێ ئەوەندەی ئێستا زیادی بکردایە، ژمارەی بەرکەوتووانی مین نزیکەی (١٢هەزار) کەسە، دوورنەبوو، بگاتە(١٠٠هەزار)، ئەوان لەسەر قسەی گوندنیشنەکان نیشانەی تایبەتیان بە دەوری زەویە مین ڕێژکراوەکاندا دادەنا، جگە لەو تیمانە کۆمەڵێک تیمی تریان دروست کردبوو بۆ هۆشیاری گوندنشینەکان، یەکێک لەو خاڵانەی زۆر بە گرنگەوە بۆیان ڕوون دەکردنەوە، بوونی ئەو نیشانانە بوو کە لە کێڵگەی مینەکاندا دایان دەکوتین، ئەوەش بووە هۆی هۆشیار کردنەوەی گوندنشینەکان و پاراستنی ژیانیان لەو مەترسیە.

دوای ئەم دوو کارە گرنگەی ڕێکخراوی(MAG)، ڕێکخراوی (NPA) هاتە پاڵ، پێکەوە دەستیان کرد بە هەنگاونان بۆ قۆناغی دووەمی پرۆسەکە، واتە قۆناغی پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین، دوای دەرچوونی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک UN سێکتەری یونۆپسی دانا، ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە چووینە لای قائیمقام و بەرنامەمان بۆ دانا، دەبوو مافی لە پێشینە بدەینە ئەو کێڵگانەی ئاوەدان دەکرانەوە، بۆ نموونە: کەسێک لەگوندێک دەیگووت: ”من گوندم ئاوەدان کردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئاوەکە مینی لێ چێندراوە، پێمان ناکرێت بچین ئاو دابین بکەین“ منیش نوسراوێکم دەکرد بۆ (یونۆپس) و ئاگادارم دەکردنەوە لە جێگەیەک گرفتێکی لەو جۆرە هەیە، ئەوان هەرزوو دەچوون و پاکیان دەکردەوە.

حکومەتی بەعس هیچ ڕۆژێک ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتووە کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە، لە بەشی زۆری گوندەکانی شارباژێڕ و پێنجوێن جگە لەوەی کە گوندەکانیان هەمووی تێکدا بوو، سەرچاوەی ئاوەکانیان وشک کردبوو، مین ڕێژیشیان کردبوو. بۆ ئەوەی خەڵک جارێکی دیکە بیر لە ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان نەکەنەوە، بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی لە بەردەستدا بوون، بە ڕێژەی (٠/٦٠)ی مین لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەدا بوو، بەڕێژەی (٠/٤٠) لە سنوری هەولێر و دهۆک

و زاخۆدا بوو. واتە ئەو مینەی لە سنوری ئێمەدا چێندرا بوون، ئەوەندە و نیوێکی سنوری زۆنی زەرد بوو، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو هۆکارەی زۆربەی شەڕە قورسەکان لە سنوری شاری سلێمانیدا بوو.

کاتێک لەوێ بووم، گرنگییەکی زۆرم بەدوو خاڵ دەدا، یەکەم زیاد کردنی توانای خۆماڵی، ئەویش بە زیاد کردنی تیمەکان، چوونکە کێشەی پارەمان نەبوو، کاتێک هەفتانە لە گەڵ بەرپرسانی UN کۆبوونەوەمان دەکرد، داوای زیادکردنی پارەم دەکرد، لەبەر ئەوەی کێشەی (مین) بۆتە کێشەیەکی گەورە لە ڕوی ئابوری و ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیشەوە.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی زۆر گرنگیم پێ`دەدا، ڕاهێنانی کۆمەڵێک خەڵکی دیکە و بەتایبەت سنوری قەزا و ناحیە و گوندەکان بوو، بەم کارە دەمویست کەسانی شارەزا هەبن بۆ هەر دۆخێکی نەخوازراو، بەنمونە: کەسێک لە جێگەیەک گیر دەخوات، کەسانێکی شارەزا هەبن لە سنورەکە تا لە کەمترین ماوەدا و بە وریاییەکی زۆرەوە ڕێگەی بۆ پاک بکەنەوە.

لە دواجاردا تیمەکانی ئێمە بە جۆرێک ڕاهێنانیان پێکرا بوو، شارەزاییەکی زۆریان لە بوارەکەی خۆیاندا پەیدا کرد، بە جۆرێک هەندێک لەو تیمانەی ئێمە داوا کران بۆ پاککردنەوەی هەریەک لە وڵاتانی (لوبنان، ئەفغانسان و سودان). ئەو سەرکەوتنە گەورەیەش تەنیا لەسەر دەستی من نەبوو، بەڵکو لەسەر دەستی هەموو ئەو هاوڕێیانەمدا بوو کە بەشدار بوون لەو پرۆسەیەدا.

لەسەر ئەو پرۆسە گەورەیە، بە بەشداری زیاتر لە سەد وڵات هەموو ساڵێک سێ کۆبونەوەی گرنگمان ئەنجام دەدا، دوو جار لە کرواتیا و جارێک لە جنێڤی پایتەختی سویسرا کە بارەگای UNی لێ بوو.

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بوومە بەڕێوەبەری گشتی، ساڵانە هەردوو ڕێکخراوەکە پەیوەندیان پێوە دەکردین، تا ئەو کێڵگە مینانەی گرنگن لە کاتێکی زووتردا پاک بکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە نوسراوم بۆ سەرجەم بەڕێوەبەری ناحیە و قائیمقام و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرد، تا ناو و زانیاری شوێنە گرنگەکانمان بۆ بنێرن، لە دواتردا ناوی گوندەکان و سنوری کێڵگەکانم دەکردە سێ لیست و هەر یەک لە ڕێکخراوەکان لیستێکم دەدانێ، ئەوانیش هەریەک لە ڕێکخراوەکانی (OPS-NAP-MAG). جگە لەو ناوانەی بۆمان دەهات، هەندێک جار بە مەبەستی خستنە ڕووی

کێشە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لە زەویکانیاندا بەهۆی چاندنی مینەوە بۆیان دروست دەبوو، یان بەهۆی دەستنیشان نەکردنی کێڵگە مینەکانی سنورەکەیانەوە، گوندنشینەکان ڕاستەوخۆ خۆیان پەیوەندیان پێوە دەکردین.

یەکێک لەو گرفتانەی هاتبووە ڕێگەمان فراوانی کێڵگەکانی مین بوو بە ڕووبەرێکی زۆر، بەڵام لە دواتردا کارمان کرد بۆ دیاری کردنی سنوری ڕاستەقینەی کێڵگەکانی مین، چونکە ئەو نیشانانەی لە سەر ڕووبەرەکان چەقێنرا بوون، بە سنوری بیست مەتر دوورتر نیشانەی ئاگادارکردنەوەکان دانرا بوون، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، لە رێگەی بەکارهێنانی ئامێری تایبەتی و سەگی ڕاهێنراو توانیمان سنوری کێڵگە مین ڕێژکراوەکان بچوک بکەینەوە.

لەو پرۆسەیەشدا دووبارە گرفتی تر ڕوو بەڕوومان دەبۆوە، ئەویش ئەوە بوو، هەندێک جار ئامێرەکان ئاماژەیان بە بوونی مین دەکرد لە جێگەیەکدا، بەڵام کاتێک شوێنەکە هەڵدەدرایەوە دەبینرا (سیمی جگەرەیە) یان (قووتووە) یان ( قەوانە فیشەکە) یان (گولە دۆشکەیە)، ئەمەش پرۆسەکەی خاو دەکردەوە، چونکە لە ڕاستیدا هەردەنگێکی ئاماژەپێکەر لای ئەو کەسەی ئامێرەکە بەکار دەهێنێت (مینە).

جارێکی دیکە بیرم کردەوە چی بکەین بۆ خێراترکردنی ئەو پرۆسەیە، گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی بە پێی سیستمی جیهانی ئەو مینانەی دەچێندرێن، دە سانتیمەتر لە قوڵایی زەویەوە دورن.

لەو سەروەختەدا دوو کوڕی زۆر زیرەک و وریامان لەگەڵدا بوو، ئەوانیش (ئەردەڵان- ئەندازیار)بوو، لەگەڵ کوڕێکی دیکە بە ناوی (خەبات زەنگەنە)، خەبات شۆفلێکی هەبوو درعی لێدا بوو گووتی: "من بەو شۆفلە کێڵگەی مین پاک دەکەمەوە" بەڵام بۆ کارپێکردنی ئەو شۆفلە دەبوو ڕەزامەندی (یونۆپس) وەربگیرێت، چونکە هەتاکو دەستوری چۆنێتی بەکارهێنانەکەی بۆ نەنوسرایەتەوە، ڕەزامەندی دەستبەکار بوونی پێ نەدەدرا.

ئەوان کۆمەڵێک مەکائینی مینیان بۆ شۆفلە درعەکە دروست کرد و پاشان مۆڵەتی کارکردنیان پێدا، ئەوەی شیاوی باسە خاتوو (هێرو ئیبراهیم ئەحمەد) قردێلەی ناساندنەکەی کردەوە.

ئەو مەکائینانەی دروستیان کرد بوو، کۆمەڵێک کوتکی پێوە بوو، بە کۆنترۆڵ جوڵەی پێویستی پێ دەکرا، کوتەکەکان بە جۆرێک کاریان دەکرد، بەر هەرمینێک

بکەوتنایە دەیان تەقادنەوە بێ ئەوەی زیان بە خۆیان یان بە شۆفڵەکە بگەیەنێت، ئەوەش هاوکارییەکی باشی کردین لە بچوک کردنەوەی کێڵگەکانی (مین)دا.

لە ئێستادا سەرجەم ئەو ڕووبەرانە بە داتاو زانیاری هەیە، چەندی پاک کراوەتەوە و چەندیشی بچووک کراونەتەوە.

لە هەنگاوی بەرەو پێشچوونی کارەکانماندا، پاک کردنەوەی ئەو کێڵگانەمان کرد. چەندین کەسی پسپۆڕ و باش و پێگەیشتوو لەناو ئەو پرۆژەیەدا بەشداریان کرد. لەوانە (کاک توانا، کاک شێرکۆ، کاک فاروق، کاک نەوزاد، کاک بەهمەن، کاک سەلام لە MAG، کاک شوان لەڕێکخراوی سۆلیداریتی و چەند برادەرێکی دیکە) ڕۆژانە دادەنیشتین و گفتووگۆمان دەکرد، سودی زۆرم لە زانیارییەکانی ئەوان وەرگرت، چونکە هەموویان داتای خۆیان لە سەر ئەو بابەتە وەرگرتبوو، لە دوا جاردا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی ڕووبەری زەویەکان دیاری بکەین و پاشان سنورەکان دابەش بکەین بە پێی تەندەرەکان.

سالانە ڕووبەری زەوییەکانمان دابەش دەکرد و دەمانکردە تەندەر و بە ڕکابەری تەندەرەکان بۆ بەڵێندەرێک یان کۆمپانیایەک دەردەچوو، بەو شێوەیە ڕۆژانە ڕووبەرێکی زۆر زیاتر پاک دەکرایەوە.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، بەپێی یاسا مینەکان دە سانتیم دەخرانە ژێر زەوییەوە، ئەو شۆفلانەش بە کوتکەکانیان زەویەکانیان هەڵدەگێڕایەوە، دوای ئەوانە بیرمان لە دروست کردنی جۆرێک لە بێژنگ کردەوە، بۆ ئەوەی دوای کۆ کردنەوەی گڵەکان لەو جۆرە بێژنگە تایبەتە بدرێت و خۆڵ و خاشاکی لێوە بچێتە خوارەوە و لوغمەکەی تێدا بمێنێتەوە، کونەکانی بە جۆرێک بچووک بوون، بچوکترین جۆری لوغم کە (تایپ ٧٢) بوو، لێی نەدەچووە خوارەوە. لەم قۆناغەدا ڕووبەرێکی زۆرمان بە تێچوویەکی زۆر کەمتر پاک دەکردەوە. هەتا ئێستاش زۆرێک لە برادەران دەڵێن: «سەردەمی حاجی مەسیفی، سەردەمی زێڕین بوو بۆ هەڵگرتنەوەی مین».

ساڵی(٢٠١٠) بەئامادە بوونی ١٢٧ دەوڵەت لەگەڵ سیراج بارزانیدا، بەشداری کۆبوونەوەی سالانەی جنێڤم کرد. دوای خستنە رووی سەرجەم چالاکییەکان و کۆکردنەوەیان لە دووتوێی کتێبێکدا، سلێمانی وەک یەکێک لە شارەکانی عێراق لە فیگەری پاککردنەوەدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، بەشێکی زۆر لە نوێنەری وڵاتان دەهاتن بۆ لای ئێمە و سەیری بەرەوپێش چوونی ئامێرەکانی ئێمەیان دەکرد، هەرچەندە سادە و ساکار بوون، کرواتیا لە میکانیکدا زۆر لە پێشەوەن، بەڵام ئەوان

گووتیان: «تا ئێستا نەگەیشتوینەتە ئەو قۆناغە»، ئەوکارانەی تا ئەوکاتە کردبوومان بە بیرلێکردنەوەیەکی ناوخۆیی بوو، لە دواجاردا ئەو ئەزموونە سەرکەوتووەی خۆمان بردە چەندین وڵات و ئەوانیش سودیان لێ بینی، وەک (کرواتیا، سودان، لوبنان، ئوردن، ئەفغانستان و ئەڵمانیا) خەڵکانی بیانی زۆر دەهاتن بۆ سەیرکردنی کاری ئەو تیمانەی بە دەستی کاریان دەکرد، لە هەمان کاتدا دەهاتن بۆدینتی ئەو ئامێرانەی دروستمان کردبوون و لە چۆنێتی بەکارهێنانیان دەپرسی و دەڕوانی.

دەبێت ئەوەش بوترێت هەر لە سەرەتاوە کاک جەمال هاوکاری و دەستگیرۆییەکی باشی کردین. لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی لە چوارچێوەی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک لە کوردستان کاریان دەکرد، سەرجەم کەلوپەلەکانیان ڕادەست کردینەوە و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، سەبارەت بە ڕێکخراوی (یونۆپس) لە سلێمانی کەلوپەلەکانیان ڕادەستی ئێمە کردەوە و لە سنوری هەولێریش ڕادەستی سیراج بەرزانیان کردەوە، پەیوەندی نێوان من و سیراج بارزانی بەدەربوو لە سەرجەم پەیوەندییە حیزبایەتییەکان، بەرلەوەی حکومەت تێکەڵ بکرێتەوە، جارێک پەیوەندی پێوە کردم و گووتی: «دەمەوێت بێمە سلێمانی».

بۆ ئەو مەبەستە خۆم تا بازگەی دێگەڵە ڕۆیشتم بۆ پێشوازی، دوای ئەوەی بردمە سەر هەندێک لە کارەکان، پێکەوە دانیشتین و باسمان لە بەڕێوەچوونی کارەکان کرد، سودێکی زۆرمان بە یەکتری گەیاند، لە میانەی ئەو دیدارەدا گووتی: «کاک حاجی، زۆر بە خراپە باسی تۆیان بۆ کردبووم، بەس ئەتوو پیاوەکی گەلەک باشی»

لەدوای ئەو دیدارەوە پەیوەندی ئێمە زۆر باشتر بوو، هەمیشە پرس و ڕامان بە یەکتری دەکرد، ئەوانەی لەو کارەدا زۆر پشتگیری منیان کرد (د.جەمال فوئاد، کاک عوسمان شوانی، کاک ئاسۆ و کاک شێخ بایز) بوون، هەرگیز چاکەو پیاوەتی کاک شێخ بایز لەبیر ناکرێ، تاکەکەس بوو زۆر باش لە کارەکەم تێگەشتبوو، دوو بۆ سێ جار لەگەڵ خۆم بردم بۆ سەر کارەکانم، بەتایبەت بردم بۆ ناوچەی (مەحمود قەجەر، عەلی میر لەناوچەی خانەقین و سنوری شارباژێڕ( کارەکانی ئێمە تەنیا لە ناوچەیەکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو لە (چوارتا، ماوەت، گەرمیان، دەربەندیخان، سەنگاو، ناڵپارێز، پێنجوێن، خورماڵ، سەیدسادق، سەرتەکی بەمۆ و مەیدان ...) و گوندەکانی دەوروپشتی ئەو ناوچانە کارمان کردووە، بەرهەمی کار و ماندوو بوونەکانیشمان دیارن، گوندنشینەکان لەباتی ئەوەی لە زەویەکانیان بترسن، سەرقاڵی

چاندنی بەروبومی کشتوکاڵین، هەم زەویە بەراوەکان، هەم زەویە دێمییەکان. بەمجۆرەی باس کرا لە هەوڵی بەرەوپێشچوونی کارەکانماندا بووم و تا ساڵی ٢٠١٢ درێژەم بە خزمەتکردن دا

## ناکۆکی نێوان من و دکتۆربەرهەم

گەرچی لە سەرەتادا دوو حکومەتی جیامان هەبوو، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٥ حکومەت تێکەڵ کرابوونەوە و وەزارەتەکان یەکیان گرتبۆوە، ئێمەش وەکو بەڕێوەبەرایەتی مین، دوو بەڕێوەبەری جیامان هەبوو، لەو دانیشتنەدا کاک نەهرۆ و کاک ئیسماعیل بە رەوانشاد مام جەلالیان گووت: «کاک حاجی زۆر کاری لە بواری میندا کردووە، لە ئێستاشدا دەزگاکان تێکەڵ دەکرێنەوە و شایستەی ئەوەیە بیکەیتە بەرپرسی دەزگاکە» رەوانشاد مام جەلال جگە لەوەی هیچ لارییەکی لەو پێشنیارە نەبوو، پێشی خۆش بوو، گووتی: «بەسەر چاو» .
لەو سەروەختەدا کاک بەرهەم کرابووە سەرۆکی حکومەت لە هەولێر و ئازاد بەرواریش ببووە جێگری، بۆیە رەوانشاد مام جەلال نوسراوەکەی ئاراستەی کاک بەرهەم کرد و تێیدا ئاماژەی بەمن دابوو گووتبووی: «کاکی مەسیفی شارەزایە لەو بوارە، ماندوش بووە بەو حیزبەوە، حەزدەکەم بیکەیتە بەرپرسی کاروباری مین» .
کاغەزەکە لای کاک نەهرۆ بوو، من لەشوێنی خۆم بەردەوام بووم لە کارکردن، رۆژێک کاک نەهرۆ تەلەفۆنی بۆ کردم گووتی: «لە کوێی؟»
گووتم: «لە ماڵێمە «
گووتی: «باشە، من و کاک ئیسماعیل چاوپێکەوتنمان لە گەڵ کاک بەرهەم هەیە، خۆت ئامادە بکە دێین بەدواتدا، پێکەوە دەچینە هەولێر»

**( بەگرنگی دەزانم لێرەدا باسی بابەتێکی دیکە بکەم، تاڕادەیەک پەیوەندیدارە بە خراپی پەیوەندی نێوان من و کاک بەرهەمەوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی (خەبات زەنگەنە)م کردە لیستی ڕەشەوە، ئەو یەکێک بوو لەو بەڵێندەرانەی دەیویست پلەو پۆستی دکتۆر بەرهەمی کوڕە پوری بەکار بێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆیی و کارەکەی، هەندێک کاری نایاسایی بکات، منیش لە بەرامبەردا لەکارەکەی لامدا و خستمە لیستی**

ڕەشەوە، ئەوە ببووە مەراقێک لای خەبات زەنگەنە و چەند ڕاپۆرتێکی لەسەر من نوسی بوو، بەرزی کردبۆوە بۆ کاک بەرهەم بەوەی گوایە من گەندەڵم.

ئەوکات (جەلالی سام ئاغا) بەڕیوەبەری چاودێری دارایی بوو، ئەوان زۆر ورد بوون لە ڕایی کردنی کاروبارەکانی خۆیاندا و بەردوام چاودێریان دەکردین، مانگانە سێ جار دەهاتن بۆ بەدواداچوونی کارەکانمان و هێندە ورد بوون لە ژمێریاریدا دیناریکییش لەکەس خۆش نەدەبوون.

یەکێکی تر لە بیانووەکانی ئەوەبوو. گوایە من تەنیا کار بۆ هەولێرییەکان دەکەم و هەموو ئەوانەی لە دەوری منن هەولێرین، تەنانەت ئەو سەیارانەشی دام مەزراندوون هەموویان هی خەڵکانی هەولێرین.

بۆ ئەو مەبەستە کاک بەرهەم لیژنەیەکی لەسەر من پێکهێنا، (کاک سەڵاح ڕەشید) سەرۆکی لیژنەکە بوو (سەبیحە خانی خێزانی کاک جەبار) ئەندام بوو، کاک سەلاح بە دوایدا ناردم گووتی: « لیژنەت لەسەر پێکهاتووە، بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت لەسەر ئەو کارانەی کردووتن»

منیش هەموو دۆسیەکانم کردە لیست و ئامادەم کردن و چوومەوە لای کاک سەڵاح ڕەشید، هەرسێکیان دانیشتبوون، دۆسییەکەم خستە بەردەمیان و گووتم: «تەعقیببیش بکەن ئەگەر لەوەندە زیاتر و کەمتر هەبوو، من بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ دەگرم» دوای ورد بینییەکی زۆر بۆیان دەرکەوت تەنیا لە (٠/٠٣)ی کارمەندەکان و سەیارەکان هەولێری بوون، کاک سەڵاح هەر لەوێدا پەیوەندی بە کاک بەرهەمەوە کرد و گووتی: «کاک بەرهەم ئەو کەسەی ئەو ڕاپۆرتەی بۆ تۆ نوسیووە، پیاوێکی زۆر بێ ویژدانە و گوێی لێ مەگرە».

دواتر بەکاک سەڵاحم گووت: «دەزانم کێیە، لێی گەڕێ پێت دەڵێم مەسەلەکە چییە « لە دواتردا کارە نایاساییەکانی خەباتم بۆ باس کرد، لە دوای ئەو بابەتانەوە لەسەر خەبات، کاک بەرهەم کەوتە دژایەتی کردنم، هەرکاتێک لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیدا لە حکومەت بوایە، لە دژی من دەوەستایەوە، هەندێک جار بە مەبەست موچەی ڕادەگرتین، بەڵام کاک شێخ بایز زۆر بەرگری لە ئێمە دەکرد.

کاتێک لەگەڵ کاک ئیسماعیل و کاک نەهرۆ گەیشتینە ماڵی کاک بەرهەم لە هەولێر، کاک سەعدی ئەحمەد پیرە و هەرێمی کەمال ئاغاش لەوێ بوون، پاش کەمێک کاک ئەرسەلانیش هات.

به بەرچاوی هەمووانەوە کاک نەهرۆ نوسراوەکەی مام جەلالی دا بە کاک بەرهەم و خوێندیەوە، لە دەستپێکی قسەکانیدا گووتی: «من حاجی نانێرمەوە بۆ ئەوێ، ئیشێکی تری پێ دەبەخشم»

منیش گووتم: «کاک بەرهەم کەس لە من زیرەکتر و شارەزاتر نییە لەو بوارەدا، چونکە نزیک بە دەساڵ ئەزموونم هەیە، ئەگەر گلەییەکت لەسەر منە ڕوو بەڕوو پێم بڵێ، ئەگەر نا ئەو ئیشە نەبێت نایکەم و هیچ ئیشێکی ترم لە تۆ ناوێت»

هەرێمی کەمال ئاغا گووتی: «کاک بەرهەم ڕاستە من ئەندامی سەرکردایەتیم، بەڵام حاجی مەسیفی لە ڕێکخستن و لە پێشمەرگایەتیشدا بەرپرسی من بووە. سێ براشی لەپیناو خاک و یەکێتیدا شەهید بووە» کاک بەرهەم زۆر بە بێ هەستییەوە گووتی: «حاجی خەتای خۆی بوو، براکانی خۆی بە کوشتن دا».

زۆرم پێناخۆش بوو گووتم: «نەخێر من پیاوم لە بەرامبەر پارتی، من لەوانم قبوڵ نەکرد، ئەوانیش پیاو بوون لە منیان قبوڵ نەکرد، دوژمنایەتیمان بەو شێوەیە بوو، هەر بەرپرسیارێتیەکیش تۆش پێم بدەیت من نامەوێت، بەڵام عەیبە ئەو دەزگایە مەدەنە پارتی، لە بەر ئەوەی سەردەمی UN لە سەدا شەستی مەترسیەکانی مین بۆ سلێمانی بوو، تەنیا لە سەدا چلی بۆ هەولێر و دهۆک بوو" ئیدی هەستام و ڕۆشتم.

کاک بەرهەم ڕایکرد باوەشی پێداکردم و گووتی: "تۆ برای منی"

گووتم: "من برای تو نیمە، تو شعورت بریندار کردیمە" ڕۆیشتم، کاک ئیسماعیل و کاک نەهرۆش بەدوای مندا هاتن. من لە هەندێک مەجلیسدا باسی ئەو هەڵوێستەم کردووە، بەڵام لایرەوانشاد مام جەلال شکاتم لێ نەکرد.

کاک بەرهەم لە دوای من دەزگاکەی دا بە پارتی، کاک سیراج بارزانی کردە سەرۆکی دەزگاکە و کاک عەلی حەمەد بەگیشی کردە جێگری، کاک عەلی بە دکتۆر بەرهەمی گووتبوو: "من هیچ لەو کارە نازانم. بۆ کاک حاجی مەسیفی ناکەن بە جێگر؟ چونکە ئەو زۆر شارەزایی هەیە لە بوارەکەدا" بەڵام دکتۆر بەرهەم ئەوەشی رەت کردبۆوە.

دوای تەواو بوونی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی دکتۆر بەرهەم، کاک نێچیر بارزانی بووە سەرۆکی حوکمەت و کاک عیماد ئەحمەد بووە جێگری، ڕۆژێک من و کاک سیراج بانگێشتی ئەنجومەنی وەزیران کراین، کاتێک چووینە ژوورەوە کاک عیماد پیرۆزبایی پۆستە نوێکەی لە کاک سیراج کرد، ئەوان بێ ئاگاداری من کاک سیراجیان کردبووە سەرۆکی دەزگای مین، ئەوەش بۆ من جێگەی پرس بوو، لەبەر ئەوەی من

و کاک سیراج هەردووکمان لە بوارەکەدا کارمان کردبوو، پەیوەندی هاوڕێیەتیش لە نێوانماندا بوو، پێم خۆش نەبوو هیچ بڵێم، بەڵام دوای ڕۆیشتنی کاک سیراج بە کاک عیمادم گووت: "بۆ ئەو دەزگایەتان دا بە پارتی؟ لە کاتێکدا لە (٠/٦٠)ی پارە و داهات و کێڵگەی مین و مەترسییەکانیش لە سنوری یەکێتیدا بووە، گووتی: "کاک بەرهەم کردویەتی".

بەر لەو بانگهێشتە لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، چەند بابەتێکم ڕاستگۆیانە خستبووە ڕوو، بەڵام ئەوان قسەکانیان بە دیوێکی دیکەدا لە دژی من بەکارهێنا و لەسەری دوا بوون. بڕیاریان دابوو نابێت من لە حکومەتدا بمێنم. هەر بۆیە دوای ڕۆیشتنی کاک سیراج، کاک عیماد بەمنی گووت: "تۆ خانەنشین دەکرێیت"

گووتم: "باشە، بەڵام یەک ئیشم بۆ بکە، بە وەکیل وەزیر خانەنشینم بکە لەبەر ئەوەی مافی خۆمە ".

گووتی: "ناتوانم "

گووتم : "هەزار خەڵکی گەندەڵتان بە وەکیل وەزیر خانەنشین کرد، بەڵام من پاش ئەو هەموو خەباتە بە وەکیل وەزیر خانەنشینم ناکان؟"

گووتی: "پارتی ناهێڵێت"

گووتم: "تۆ فەرمانەکەم بۆ دەربکە، من لای پارتی جێبەجێی دەکەم" بەڵام نەیکرد.

دواتر بە بەڕێوبەری گشتی خانەنشینیان کردم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڵام من ئێستاش شانازی بە خۆم و ئەو هەڤاڵانەوە دەکەم پێکەوە کارمان کرد لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین، لەو بوارەدا کەسی باشم پێگەیاند، چوار لەو کارمەندانەی لەگەڵ مندا کاریان کردووە، ئێستا بوون بە بەڕێوەبەری گشتی، من هیچ کات نەمویستووە کەس بچەوسێنمەوە، هەمیشە پێم خۆش بووە توانایان بەرزتر بکەمەوە و پێیان بگەیەنم، ئێستاش کاتێ دەچمە بەڕێوەبەرایەتی مین لە سلێمانی، دەبینم کاک موحسین عەبدول کەریم کە ئەوسا بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو لەسەردەمی مندا، ئێستا بۆتە بەڕێوەبەری گشتی، کاک سەلام لەو دەزگایە بەڕێوەبەری گشتی دیوانە، کاک توانا بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە، کاک خالید جەمال لە ئەوقافە، ئەوانە هەموویان کارمەند بوون ئەوکاتەی من سەرۆکی دەزگاکە بووم، شانازییان پێوە دەکەم، هەموویان لەبەردەستی مندا دروست بوون و پەروەردە بوون، هەمیشە پێم خۆش بووە خوار خۆم لە خۆم زیاتر سەرکەوتوو بێت، هەر بەو شێوەیەش کارم کردووە.

## پاشکۆ

# پوختەی ژیانم

حاجی مەسیفی یان (جەمال نادرمحەمەد) لە کۆتایی پاییزی ساڵی ١٩٦٢لە شارۆچکەی سەلاحەدین لەدایک بووم، بەڵام لە ناسنامەکەمدا ساڵی (١٩٦٤) نوسراوە، ساڵی ١٩٩١ لە گەڵ ئامۆزایەکی خۆم بەناوی (بەهار) هاوسەرگیریم کردووە و لە ئێستادا خاوەنی (دوو کوڕو سێ کچین) بە ناوەکانی (سۆران، ئالان، ئاریان، ئاشنا و سەربەن).

بۆ پێم دەڵێن حاجی مەسیفی؟

ساڵی ١٩٨٣دوای ڕێکخستنەوەی تیپەکان، ئێمە خراینە سەر کەرتی دووی تیپی ٨٣ی هەورێ، هەر لەو سەروبەندەدا ڕۆژێک لە خوێندنگەی چێوێی سەرێ، کەرتەکەیان کۆکردینەوە، لەوێ کاک فارووق عەلی مەولود ڕابەرسیاسی تیپ بوو. کۆمەڵێک فۆڕمی پێ بوو، دەبوو لەو فۆڕمەدا زانیارییە کەسییەکانی خۆمانی تێدا تۆمار بکەین، لە چوارچێوەی ئەو زانیاریاندا، دەبوو نازناوێکیش بۆ خۆمان دیاری بکەین و بە هەمان شێوە ئەو نازناوەش تۆمار بکەین، کاتێک پڕکردنەوەی فۆڕمەکە هاتە سەرەی من، لە خانەی نازناوەکە نوسیم (حاجی) وەکو دیاریشە من هەر خەڵکی مەسیف بووم، نازناوەکەم بوو بە (حاجی مەسیفی). ئەو نازناوە بۆ هاوڕێکانم جێگەی پرس بوو، هەموو سەریان سوڕمابوو بۆ (حاجی!!!)، چونکە تا ئەو کاتە هەمووان یان بە ناوی خۆمەوە (جەمال) یان بە نازناوی (مەریوان)ەوە بانگیان دەکردم.

بەڵام سەبارەت بە نازناوەکەی خۆم، من دید و بۆچونێکی دیکەم هەبوو، نازناوی زۆرێک لە پێشمەرگەکان بۆ گوندنشینەکان زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوو، ئێمەش هەمیشە پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ گوندنشینەکاندا هەبوو، بۆیە پێم وابوو ئەو نازناوە لەبەر ئەوەی باکگراوندێکی دینی هەیە، خۆشەویستم بکات لای گوندنشینەکان، هەڵبەت هەرواش بوو، ئەو نازناوە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی لەزۆر کار و لە زۆر شوێن کارئاسانیمان بۆ بکات و زیاتر خۆشەویستم بکات لای گوندنشینەکان، هاوکات ڕێزێکی زیاترم بگرن. تا ئەمڕۆش ئەو نازناوە لەگەڵمدا هات و هەمووان بەو ناوەوە دەمناسن.

# بۆچیماڵی باوکم و خزمەکانم مەسیفیان بەجێهێشت؟

مانگی (١٠ی ١٩٨٥) لە بارەگای کەرت بووم لە زیارەتی بناری سەفین، نزیکی کاتژمێر دەی بەیانی بوو، دوو کەسی خەڵکی مەسیف بەدەرکەوتن، هەردووکیان سەر بە ڕێکخستنەکانی (کاک شێخ خالید) بوون و بۆ سەردانی ئەو هاتبوون، ئەویش ڕابەرسیاسی تیپ بوو، دوای گەیشتنی دوو ڕێکخستنە مەسیفییەکە، چووینە لایان و بەخێرهاتنمان کردن، یەکێک لەو دوو کەسە بە ئێمەی گووت: «دوێنێ شەو کارەساتێکی ناخۆش لەناو مەسیف ڕوویداوە»

کاتێک پرسیاری ڕووداوەکەمان لێکردن بەم جۆرە وەڵامیان داینەوە: «دوێنێ شەو لە نزیک حەمامی ناوکۆخان مام حاجی قادر لەگەڵ عەزیز مامۆ لەیەکیان داوە و هەردووک کوژراون»

کاتێک ڕووداوەکەیان باس کرد زۆرم پێ ناخۆش بوو، چوونکە (حاجی قادر) مامم بوو، جگە لەوەش دەیکردە باوکی خێزانم، ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەسدا نەبوو، جیا لەوە لایەنەکەی دیکەش هەر خزم و کەسی خۆمان بوون و خەڵکی یەک گوند بووین، بەڵام پاش بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت ئەو کێشەیە، کاتی خۆی لە نێوان دوولایەنی تردا لەسەر بوک گواستنەوە و شایی بووە لەناو مەسیف، ئەوانیش بەهەمان شێوە خزم و کەس بوون، بەڵام بە هۆی دەستی دەرەکی و خەڵکی خراپەوە کێشەکەیان زیاتر ئاڵۆز بووە، ئەو شەڕە لەسەر خواستی هیچ لایەکمان نەبوو، بەو هۆیەوە سەرجەم ماڵەکانی ئێمە لە مەسیف و بەشێکیان لە هەولێر باردەکەن و دەچنە بادینان، لە گوندی بامەڕزێی ناوچەی گۆران و لای مام مشیر سمایل ئاغای گۆران دەگیرسێنەوە، (مام مشیر) ئاغای گۆرانەکان و پیاوێکی کوردپەروەر بوو، لە شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمردا یەکێک بووە لە فەرماندە دیارەکانی ئەو شۆڕشە، بۆ ماوەیەکیش لەگەڵ شێخ مەحموود لە داری کەلی ماوەتەوە.

لەهەمان کاتدا لایەنەکەی تریش مەسیفیان جێهێشتووە و چوونەتە لای سەعید ئاغای زراری لەناوچەی زرارەت، ئەو لە یەکتری دوورکەوتنەوەیە کارێکی باش بوو، هەرچەند هەردوو لامان توشی خەسارەتی گیانی بووین، بەڵام باشتر بوو خەسارەتی زیاتری بەدوادا نەهات.

لەو ماوەیەدا خەڵکی خێرخواز و دۆستی هەردوولامان هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئاشتبوونەوەمان، ساڵی ١٩٩٠ لەسەر دەستی مام مشیر ئاغا و مام سەعید ئاغا و چەندین خەڵکی دڵسۆز، هەردوو لامان بە میوانداری کردنی مام مشیر ئاغا لە گوندی بامەڕزێ بۆهەردوولا کێشەکە کۆتاییهات، ئێستا هەردوو لامان وەک برا هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتری دەکەین و بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتری دەکەین.

## مام سەعدی گۆپتەپە و بیرەوەرییەك

یەکێک لەو دیدارانەی تائێستاش لەبیرەوەریمدا ماوەتەوە، دیداری (مام سەعدی) بوو، ئەو پیرەمێردێکی ڕووخۆشی گفتولفت شیرین بوو، لە گۆپتەپەی وڵاتی کۆیە دەژیا، ڕۆژێک ڕێمان کەوتە گۆپتە و ماڵی مام سەعدی، ئەو لەگەڵ خێزان وسێ کچەکەیدا دەژیا، تەنیا ئەو سێ کچەی هەبوو، کوڕی نەبوو. بەر لەوەی حکومەت ڕایان بگوێزێت لە تاڵەبان دەژیان. لەوکاتەوە ماڵەکەی خۆی هێنابووە گۆپتەپە و زەوی و زارێکی زۆری ماڵی شێخ حوسامەدینی باوکی ڕەوانشاد مام جەلالی لەبەردەستدا بوو.

کاتێک ئێمەی بینی گووتی : «کوڕم ئەنگۆ جەماعەتی کێن؟» ئێمە لەو سەردەمەدا خۆمان بە کۆمەڵە دەزانی، پێمان خۆش نەبوو سەر بەکەس بین، بۆیە پرسیارەکەمان لا خۆش نەبوو، تەنیا لە وەڵامـدا گووتمان: «ئێمە جەماعەتی کەس نین و پێش مەرگەی کوردستانین»

گووتی: «کوڕم دەزانم چ حیزبەکن؟»

گووتمان: «یەکێتی نیشتیمانی کوردستانین»

گووتی: «ئا..... عایدی مام جەلالینە»

گووتمان: «عایدی مام جەلالینە، مام جەلال ئەوڕۆ سکرتێرمانە، بەڵام ئێمە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانین»

گووتی: «کوڕم وەرە قسەکی خۆشی مام جەلالت لۆ بگێڕمەوە»

گووتم: «بەرێ»

گووتی: «مام جەلال گەنج بوو، ماریان لەکۆیە بوو، وراتی کۆیە (ڕۆژئاوای کۆیە) بەشی زۆری زەرعاتەکەی ئی بابی مام جەلالی بوو، ئەمەش سەپان بووین، هەمیشە مام جەلال ڕانک و چۆغەی لەبەردەکرد و دەمانچەی دەبەر پشتێنی دەنا، دەهات ئەمەی تەشجیع دەکرد و دەیگوت: «ئەنگۆ بۆ لێرە ئەو هەمووە هیلاک و ماندوون و ئارەقەتان ڕشتووە، شێخ حسامەدینیش لە تەکییە پاری دایتەوە، داوای حەقی خۆی لێ بکەن بەزیادەوە» ئێمەی لە دژی باوکی خۆی هان دەدا، هەر ئەوکات بیرم کردەوە ئەو کوڕەی بەو گەنجییە شتێکی لێ دەردەچێت، ئەو مام جەلالەی لێ دەرچوو».

ئەو شەوە لای مام سەعدی ماینەوە و بەیانییەکەی دوای نان خواردن ماڵئاواییمان لێ کرد و بەرەو گوندی بانی ماران بەڕێ کەوتین.

## ئەو پیاوانەی نابێت لەبیر بکرێت

مام ڕەحمان مەلازادەی کۆڕێ، پیاوێکی زۆر کوردپەروەر و خانەدان و هەبوو بوو. لەگەڵ یەکێتی زۆر دۆست بوو، کاری ئەو بە پیکابەکەی هێنانی ڕسق بوو، لە ناوچەی خۆشناوەتییەوە بۆ گومرگی هەولێر.

بەگشتی نێوانی لەگەڵ ئێمە زۆر خۆش بوو، مام ڕەحمان مەلا زادە لە کۆڕێ خانویەکی گەورەی هەبوو، بەڵام دەرگای بەڕووی سەرجەم حیزب و لایەنەکاندا بێ جیاوازی واڵا کردبوو، ئەو دەیزانی ئێمە لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆداین، بەڵام دڵی هیچ کام لە لایەنەکانی نەدەشکاند، جێگەی هەموومانی کردبۆوە، بێ ئەوەی بێڵێت گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ئێمەدا دروست ببێت، بە هۆی گەورەیی خانووەکەیەوە، هەرلایەنەی ڕێنمایی دەکرد بۆ شوێنێکی ماڵەکەی بێ ئەوەی کەسمان هەست بە بوونی ئەوی دیکەمان بکەین لەو ماڵەدا.

جگە لەو (خدربەگی خەیلانیان) لە گوندی سەرکەندی خەیلانیان دادەنیشت. هەمان سروشتی (مام ڕەحمان مەلازادەی کۆڕێی) هەبوو، دەیبردینە دیوەخانەکەی خۆی، ئەوەی دەچووە ماڵی ئەوان و گوندەکەی، نەدەبوو کەس تەقە لەکەس بکات و لە کەس بدات، ئەگەرنا نەیدەهێشت بێنەوە ئەو گوندە، هەمووشی چەکدار بوون، ئەو دوو پیاوەم زۆر بە کەسی گەورە دەهاتە بەرچاو و دەمگوت: «ئێمە خوێنی یەکتری دەڕێژین، بەڵام ئەوانیش چۆن بیر دەکەنەوە!!! «

جگە لەو دوو جوامێرە، ئازایەتی و دڵسۆزی چوار شێرەژنی خۆڕاگری کوردپەروەر بۆ هەمیشە لە یادەرەوی و بیرەوەریەکانمدا دەمێننەوە و ناکرێ لە یاد بکرێن، ئەوانیش مامۆژنم فاتم دایکی شەهید عەلی مەسیفی، کۆچکردوو پلکە زارێی مام حاجی حەمەد، پلکە حاجی گوڵیزار دایکی شەهیدان مامۆستا ئەمیر و رزگار، پلکە خەجیجی مام رەشید دایکی خەسرۆ.

## لەهەزاران یەك بیرەوەری

کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٣ بوو. لەسەر جادەکەی کاموسەک لەگەڵ عەلی مەسیفی پیاسەمان دەکرد، فیشەکێکی موختار کوژم (جۆرە فیشەکێکە تەنیا دەنگی تەقەی لێوە دێت) لەسەر مەخزەنم دانا بوو، بە عەلی مەسیفیم گووت: «دڵمان خۆشە با گەڵتەیەک لەگەڵ مامۆستا ئەمیر بکەم، بە قەستی گولەیەکی لێ دەدەم» عەلی مەسیفیش گووتی: «وازبێنە ئێستا جنێوت پێ دەدات و دەبێتە شەڕتان ئەوە مەکە لەگەڵ وی».

گوتم: «باشە لەگەڵ سامانی کوڕی پورم دەیکەم» سامان و سەنگەر و کاکە ڕەش و شێخۆ و دوو سێ پێشمەرگەی تر ئاگرێکیان کردبۆوە، مانگی دوانزە بوو، لەخوار گوندی کاموسەک بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتبوون، مامۆستا ئەمیریش لەولاوە ڕاوەستا بوو، منیش چووم، تفەنگم لەناو دەست بوو، بۆ لای کاک سامان چووم و ئەویش گوتی:»ها کوڕی پلکم دڵت خۆشە» پێکەنی، منیش کردم بەڕاست گووتم: « شەرم ناکەی پێدەکەنی؟» ڕاست چومەسەری و ڕامکێشا و گولەیەکم پێوەنا، هەموو پێشمەرگەکان وایانزانی گولەم پێوەناوە، کەس بڕوای نەدەکرد موختار کوژم پێوەناوە، بەڵام پێشتر بە عەلی مەسیفیم گووتبوو لەتەنیشت سامان ڕاوەستێت، چونکە دەمزانی لە تەنیشتی نەبێت دەست بۆ تفەنگەکەی دەباو دەمکوژێت، لە غیرەتدا کەس وەک سامان نەبوو، لە ئازایەتیدا کاک کۆسرەت ناوی لێ نابوو (دەبابەی کوردی) پیاوێکی گەلەک چاونەترس و ئازا بوو، ئیدی سامان تفەنگەکەی لە سەر زەوییەکە بوو، بۆ چەند ساتێک شۆک بوو، دەستی برد بۆ سەری خوێنی نە بوو، جوێنێکی زۆر خراپی پێدام و دەستی بۆ تفەنگەکەی برد لێم بدات، عەلی مەسیفیش پێی لەسەری دانا و

نەیهێشت، ئیتر برادەران گوتیان ئەوە سوعبەت بوو تۆ کردت!. هەموومان خەریک بوو لە هۆش خۆمان بچین، دواتر چووم ماچم کرد و ئاشتم کردەوە، بەس ئەو هەر خۆی ئامادە کردبوو ڕۆژێک تۆڵەم لێ بکاتەوە.

کاتێک ساڵی ١٩٨٣ بریندار بووم، دەستم وەک پێویست هێزی تێدا نەما بوو، پێویستم بە چارەسەری سروشتی (عیلاج تەبیعی) بوو، ئەو کاتە سەردەمی دانوستان بوو، لیژنەی هەماهەگی هەبوو، مامۆستا سەیفەدینی خۆمان ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو، لە خەلیفان دادەنیشت، ئەگەر بمانویستایە بچینە هەولێر دەبوو ئەو بەرگەمان بۆ بکات تا لە بازگەکان ڕێمان بدەن، بە مەبەستی چارەسەر داوام کرد و بەرگەی بۆ کردم، چوومە هەولێر بۆ نەخۆشخانەی جمهوری، لەوێ داخڵیان کردم و پانزە ڕۆژ (عیلاج تەبیعی) چارەسەری سروشتیان بۆ کردم، زۆر سوودم لێ بینی و چوومەوە لای مامۆستا سەیفەدین، پیاوێکی ئیستخبارات (هەواڵگر)ی لەگەڵ بوو، گووتم: «عیلاجەکەم تەواو بوو، دکتۆر یەک مانگ ئیسراحەتی دامێ» ئەو مانگە لە ماڵەوە بووم و سەردانی برادەرانم دەکرد، لەو ماوەیەدا کاک سامانی کوڕە پلکم موختار کوژی پەیدا کردبوو، بە برادەرانی گووتبوو: «لولەی تفەنگ لە ناو گوێی دەنێم و دەیتەقێنم!» نەیدەزانی بەو کارە مێشکم دەتەقێت، من لە دوورەوە تەقاندم و تەنیا هەواکەی بۆ چوو بوو، بەڵام ئەو بە نەزانی تەمای تۆڵەی گرتبوو، وا ڕێکەوت بەر لەچونم کەمێ کارم بۆ درووست بوو، درەنگ کەوتبووم، ئەوانیش لە گوندی قەرەموتک دەبن لەسەر بەستۆرە، دواتر هەواڵیان دامێ و گووتیان: «سامان گولەیەکی موختارکوژی بۆ تۆ حازر کردووە لە ناو کونی گوێت بیتەقێنێ» منیش گووتم: «لەو بێ ئەقڵەی!» تومەز خۆی پێ نەگیرایە تا من بچم، پێشمەرگەیەکی ترمان لەگەڵدا بوو بەناوی فەقێ، کوڕی خاڵم بوو، (یادی بەخێر بە هۆی کارەساتێکەوە شەهید بوو) کاک سامان گوتبووی: «فەقێ دەتکوژم» فەقێش لولەی تفەنگەکەی گرتبوو، کاک سامانیش تەقەی کردبوو، هەموو دەستی فەقێی هەڵزڕاند، خەبەریان دامێ و گووتم: «بابچم سەرێک لە فەقێ بدەم» دیتم کاک سامان بە پێکەنین هات و گوتی: «وەرە وەرە کوڕێ پلکێ، دەتزانی ئەمن بە تەمابووم ئەو لولە تفەنگەی لەناو کونی گوێت دەم و بیتەقێنم، جا خۆ دەیکوشتی!» گووتم :»ئەوە ئەقڵە تۆ هەتە؟ نازانی دەمکوژێت؟» گووتی: «ئەدی لۆ ئەوەی تۆ منی نەکوشت؟!» گووتم: «ئەوەی من سێ مەتر لەتۆ دور بوو، چی بتکوژێت، گولە نە بوو هەوا بوو» ئەو بەمجۆرە خۆی ئامادە کردبوو تۆڵەم لێ بکاتەوە.

# بەردەوامی دانم بە خوێندن

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، خوێندکارێکی زیرەک بووم و تا قۆناغی شەشی ئامادەیی ئەوکاتم خوێند، بەهۆی سەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕینی خوێندکارانەوە لە شارۆچکەی مەسیف، لە ڕێکەوتی (١٩٨٢/٥/١٠) دەستبەرداری خوێندن بووم و چوومە شاخ، دوای بڕینی قۆناغە سەخت و دژوارەکانی سەردەمی خەباتی چەکداری، کاک کۆسرەت پێشنیاری بۆ کردم دووبارە بەردەوامی بە خوێندن بدەم، یەک دووجار هەوڵمدا، بەڵام نەمتوانی، تا ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامە و نمرەکانی خۆم لە هەولێرەوە هێنایە سلێمانی و بەشداری تاقیکردنەوەکانم کرد، هەرچەندە بەر لەوەی ببمە پێشمەرگە لە ئامادەیی کوردستان و بەشی زانستی دەمخوێند، بەڵام بۆ ئەوەی ئاسان زاڵبم بەسەر وانەکاندا بڕیارم دا بەشی وێژەیی هەڵبژێرم، بۆ ئەو مەبەستە و بۆ داخڵبوونم بە تاقیکردنەوەی ویزاری، دەبوو پێشتر بەشداری تاقیکردنەوەیەک بکەم، لەو تاقیکردنەوەیەشدا سەرکەوتوو بووم و دواتر بۆ ماوەی (١٨) ڕۆژ هەموو هەوڵێکی خۆمم دا، تەنیا بۆ وانەی ئینگلیزی مامۆستا ئازاد هاوکاری کردم، بۆ تاقیکردنەوەی ویزاری لە خوێندنگەیەک ناوم هاتبۆوە دەکەوتە سەر شەقامی سالم نزیک سەهۆڵەکەی سلێمانی، بە تەنیا خۆم و بێ پاسەوان دەڕۆیشتم، وەک هەر خوێندکارێکی ئاسایی بە بێدەنگی وەڵامی پرسیارەکانم دەدایەوە و هیچ پرسیارێکیشم لە مامۆستاکان نەدەکرد، ئەو ڕۆژەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ئاشکرا کرا، من لەوڵاتی ئەڵمانیا بووم، ئاریانی کچم سەیری نمرەکانی کردم و پەیوەندی پێوە کردم و پیرۆزبایی دەرچوونی لێ کردم، بەماوەی ئەو (١٨) ڕۆژە توانی بووم کۆ نمرەی (٧٤) بەدەست بێنم.

بەو کۆ نمرەیە لە زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی وەرگیرام، بۆ ماوەیەک دەوامم کرد، بەڵام بەردەوام نەبووم و وازم لەوێش هێنا، هەمان ساڵ و دوای ماوەیەکی زۆر بەسەر دەوام کردنی خوێندکاراندا، داواکاری خوێندنم پێشکەش بە (زانکۆی دیجلە) کرد لە هەولێر، ئەو زانکۆیە یەکێکە لە زانکۆ بەناوبانگ و باوەڕپێکراوەکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان، ئەوانیش داواکەی منیان قبوڵ کرد و ساڵی (٢٠١٢) بە پلەی زۆرباشە، بەشی (یاسا)م لەوێ تەواو کرد.

# دیدارەکانم لەگەڵ
# ڕەوانشاد مام جەلال

**یەکەم** : سەرەتای شەڕی ناوخۆ هێشتا لە هەولێر بووین، هێشتا پەڕلەمان کارا بوو، سەیارەکەی کاک فرەنسۆ حەریری بە بازگەکەی مندا تێپەڕی بوو، پێشمەرگەکانی بازگە تەقەیان لێ کردبوو، هەرچەندە هیچ زیانێکی ئەوتۆی بەرنەکەوتبوو، تەنیا کەمێک ڕوومەتی رووشا، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی بابەتەکە گەورە بکات لەزگەیەکی گەورەی لێ دابوو.هەمان ڕۆژ سەیارەکەی خورشید شێرە کە بە کوڕەکەی دەبێت، لە بازگە لێی دەستێنن، هەر هەمان ڕۆژ هەردووئەندام پەڕلەمان (قادر قادر و فازیلی مەلیح) دەیانەوێت بە بازگەدا تێپەڕن، کەمالی برام دەست بەسەریان دەکات و لە پیرزین دەیانشارێتەوە.

کاتێک ڕەوانشاد مام جەلال بۆ بەردانی ئەو دوو پەڕلەمانتارە کاک ئەرسەلان بایز دەنێرێت، کەمال پێی دەڵێت: «تا ئەوان تەنیا بەرنەدەن، من ئەمانە ئازاد ناکەم».

پەیامەکەی کەمال و ئەو ڕووداوانەی ئەو ڕۆژە ڕوویاندا، ڕەوانشاد مام جەلالی زۆر تورە کردبوو، بەڵام من ئاگاداری هیچ کام لەو ڕووداوانە نەبووم، چونکە ئەو ڕۆژە من لە بازگەکە نەبووم، بەڵکو کەمالی برامی لێ بوو، کاتێک ڕەوانشاد مام جەلال ناردی بەدوامدا و چووم، بینیم هەموویانی لە ژوورەکەی خۆی ڕیز کردووە، بەڵام منی لەگەڵ ئەوان ڕیز نەکرد، بەڵکو بەتووڕەییەوە گووتی: «دانیشە» هیچ کاتێک بەو شێوەیە و بەو تورەییە نەمبینی بوو، جار جارە هەڵدەستایە سەرپێ و سوێندی دەخوارد و دەیگووت: «هەمووتان ئیعدام دەکەم» قسەی زۆری بەوانە گووت کە ئەو کارانەیان کردبوو، دواتر هەموویانی دەستگیر کرد.

دوای بردنی ئەوان، منی بانگ کردە بەردەمی مێزەکەی خۆیی و نوسراوێکی نوسی، سێ جار لەسەر یەک نوسی (هەرئێستا....بارەگاکەت لە پیرزین و شاوەیسەوە دەگوێزیتەوە ناو هەولێر) وەرەقەکەی دایە دەستم و گووتی: «خوێندەواریت هەیە؟»

گووتم: «بەڵێ مامە گیان»

وەرەقەکەی دایە دەستم و گووتی : «هەر ئێستا»
منیش بەر لەوەی بچمەوە بارەگاکەم لە پیرزین، لۆریم گرت و کەلوپەلەکانم کۆکردەوە و لە پیرزینەوە گوێزامەوە بۆ هەولێر، بۆ ڕۆژی دواتر کاتێک چوومە مەڵبەند گوتیان: «مام جەلال بروسکەی کردووە بۆ مەڵبەند، گوتوویەتی: «حاجی مەسیفی بێتە لام»».
منیش دەترسام بچم، بۆیە چوومە لای کاک کۆسرەت گوتم: «مام جەلال بەدوایدا ناردووم» گوتی: «بڕۆ.. ئەگەر خۆشی تورە کرد تۆ هێمن بە و بڵێ من لەو ڕوداوە لەوێ نەبووم»
کاتێک گەیشتم مەلا یاسینی سکرتێری گوتی: «دوو ڕۆژنامەنوسی تورک لەوێن، با بێنە دەرەوە تۆ بڕۆ»
هەر دوای ڕۆیشتنی ڕۆژنامە نوسەکان، ڕەوانشاد مام جەلال هاتە دەرەوە و گوتی: «مەلا ئەو خزمەی مەسیفی نەهاتووە؟»
گوتم : «مامە هاتووم»
گووتی: «وەرە»
کاتێک چوومە ژوورەوە گوتی: «چا دەخۆیتەوە یان قاوە ؟»
گوتم: «قاوە»
ڕەوانشاد مام جەلال گوتی: «کوڕم وەسفی تۆیان زۆر کردووە لەوەی کادیرێکی زۆر باشیت، من دەمزانی گەر تۆ لەوێ بویتایە ئەو کێشانە دروست نەدەبوو»
گوتم: «بە دڵنیایەوە، مام جەلال من هیچ کات دەرفەتی کاری خراپم نەداوە، لە ژیانی ئێستا و پێشمەرگایەتیشمدا خۆشت ئاگادار بووی، لە مەسیفیش تا ئەو شەڕەیان توش نەکردم هیچ کاردانەوەیەکی خراپم نەبووە»
گوتی: «دەزانم، لێت تێ دەگەم، بڕۆ سەر ئیش وکاری خۆت» دوای ئەو قسانە، نوسراوێکی نوسی بۆ مەلا یاسین.
مەلایاسین ڕۆیشت و کاتێک هاتەوە، عەلاگەیەکی ڕەشی پێ بوو، لەسەر مێزەکەی ڕەوانشاد مام جەلال داینا، ئەویش هەستایە سەر پێ و تەوقەی لەگەڵ کردم و گوتی: «کوڕم ئەوانە بۆ مەسرەفی خۆت ببە، دەزانم خۆت و براکانت لە مەسیف ئاوارە بوون»

گوتم: «زۆر سوپاس، بەس مام جەلال ناتوانی سەرفی نەزەر لەوانیش بکەیت؟»
گوتی: «واز لەوان بێنە» نەموێرا هیچی تر بڵێم، زەرفەکەم هەڵگرت ومالئاواییم لێکرد و هاتمە دەرەوە.

**دووەم**: جارێکی دی لەساڵی ١٩٩٥ڕۆژێک رەوانشاد مام جەلال هات بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی پێ کردین[٧٠]، هەندێکمان ڕابەر سیاسی لەشکرەکان بووین، وەک پلەی حیزبیش کارگێڕ مەڵبەند بووم، رەوانشاد مام جەلال لەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بەڕۆڵی ڕابەرسیاسی قسەی بۆ دەکردین، لەدواتردا، کاک مەلا برایم مەلا قەرە زۆر ڕەشبینانە قسەی کرد، بە جۆرێک زیاتر وورەی پێشمەرگەی دەڕوخاند، ئەوەش وایکرد رەوانشاد مام جەلال زۆر دڵگران و تووڕە بێ، دوای ئەو من دوو پێشنیارم خستە ڕوو، رەوانشاد مام جەلال ڕووی گەش بۆوە و قسەکانی منی زۆر پێ خۆش بوو، یەکێک لە پێشنیارەکانم سەبارەت بە ڕێکخستنی مووچەی پێشمەرگە سەڵتەکان و خێزاندارەکان بوو، رەوانشاد مام جەلال پێشنیارەکەی منی ئێجگار بەدڵ بوو، پشتگیری لێکرد و گووتی: «کوڕم ئەوە کادیرە و ئەو لە ئیشی پێشمەرگە تێ دەگات، ئەو دەزانێت ژیانی پێشمەرگە چییە، قسەکەت زۆر ڕاستە، مامۆستا سەیفەدین بەقسەی بکە»

یەکێکی تر لە پێشنیارەکانم سەبارەت بە دادگایی سەربازی بوو، گووتم: « ئێمە هیچمان شێخی سەنعان نین، پێشمەرگە لاسارە، بەرپرس لاسارە، کاری خراپ دەکەن، ناکرێت ئێمە لە دادگای مەدەنی دادگایی بکرێین، ئێمە سەربازین و دادگای سەربازیمان نییە، ئێمە وەک پێشمەرگە هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆمان نییە تا پێوەی وابەستە بین و بەپێی ئەو پەیڕەوە مامەڵە بکەین، ئێمە لەسەردەمی شاخ پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەمان هەبوو، ئێستا نیمانە».

دیسان رەوانشاد مام جەلال یەک دنیا مەتحی کردم و گوتی: «مامۆستا سەیفەدین لەگەڵ کاک کوردۆ قسە بکەن، کاکی مەسیفیشتان با لەگەڵ بێت

---

٧٠. ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون بریتی بوون لە: م. سەیفەدین جێگری مەڵبەندی پێشمەرگە. (حاجی مەسیفی، مەلا برایم قەرە، عەلی گەرمیانی و دەشتی حەمەد ئەمین)، هەمووومان لێپرسراوی کۆمیتەی لەشکرەکان بووین.

و لیژنەیەک دابنێن، پەیڕەوێکی باش بۆ هێزی پێشمەرگە بنووسنەوە و سزا دانەکانیش بنووسن».

دوای من کۆمەڵێکی تر لە هاوڕێیان دەرفەتی قسەکردنیان پێ دراو ڕەوانشاد مام جەلال بەوردی گوێی لە سەرجەم بیروڕاکان گرت.

**سێهەم**: ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆ ئێمە کۆمەڵێک دیلی پارتیمان لابوو، پارتیش کۆمەڵێک دیلی ئێمەی لا بوو، کوڕێکی کاک (محەمەد مەلازادە) بە ناوی بەهزاد، ئەو ڕۆژەی پارتیەکان هێرشیان کردە سەر کۆمیتەی مەسیف شەهیدیان کرد، هاوکات کوڕێکی تری بە ناوی ئومێد لای پارتی دیل بوو، کاتێک مەلازادە هاتە لام تا کارێکی بۆ بکەم، بە فەرمانی ڕەوانشاد مام جەلال دیل گۆڕینەوە ڕاگیرا بوو، بۆیە من هیچم پێ نەدەکرا، ئەوەندە نەبێت مەلازادەم بردە لای کاک کۆسرەت و گوتم: "کاک کۆسرەت مەلازادە کوڕێکی لە کۆمیتە شەهید بووە و کوڕێکی گیرایە".

کاک کۆسرەت نامەیەکی بۆ نووسیم بۆ ڕەوانشاد مام جەلال، منیش لەگەڵ مەلازادە و نەجاتی کوڕی کە شۆفێری تایبەتیم بوو، بەرەوماڵی ڕەوانشاد مام جەلال ڕۆیشتین، ئەو دەمە کاک ئارازی شێخ جەنگی سکرتێری بوو، نامەکەی لێ وەرگرتم و بەرلەوەی بیداتە دەست ڕەوانشاد مام جەلال خوێندیەوە، لە ژووری چاوەڕوانی پێشوازی لە مەلازادە کرد و منی لەگەڵ خۆیدا برد و لە ژوورەکەی خۆی دانیام، بەر لەوەی من بچمە ژوورەوە ئەو میوانی لابوو، بەڵام کاک ئاراز نامەکەی بۆ بردبوو، دوای بەڕێکردنی میوانەکان، ڕەوانشاد مام جەلال هاتە ژوورەکەی کاک ئاراز و گووتی: "ئەو مەسیفییە لە کوێیە واز لە ئیشی بێکەڵک ناهێنێت؟" بەو قسەیە سەرەتا زۆر ترسام و لەوەڵامی ئەودا گوتم: "بەڵێ مامە گیان" گوتی: "وەرە دەرەوە" بەدوایدا ڕۆیشتم و لەبەر دەمی ماڵەکەیاندا پیاسەمان دەکرد، گوتی: "وەزعت کوە؟" گوتم: "کەمالی برام سەرتیپ بوو، شەهید بووە، کاتێکیش دایکم هات بۆ سەر گۆڕی کەمالی برام گوتی: دوو برات گیراون و پارتی بێ سەروشوێنی کردوون" ڕەوانشاد مام جەلال گوتی: "چۆن گیراون و لە کوێ گیراون" منیش چۆنیەتی گیرانەکەیانم بۆ گێڕایەوە و باسی ئەوەشم کرد حەفتا کەسی تر لەگەڵ براکانم بێ سەروشوێنن و خانەوادەی شەهیدە بێ سەروشوێن کراوەکانیش لە کن منن"

گوتی: "ئاراز کاغەزێک بۆ کاوانی بنووسە و بڵێ ئەو کوڕەی کە داوایان کردووە بۆیان بەربدەن" هاوکات دەستی کرد بە گیرفانیدا، سەفتەیەک دۆلاری دەرهێنا و پێی دام و گوتی: "ئەوە بۆ مەسرەفی خۆت و بنەماڵەی شەهیدەکان" گوتم: "دەستت خۆش بێت" دوای ماڵئاوایی کردن هاتمە دەرەوە، لەگەڵ مەلا زادە ڕۆیشتین بۆ سجن لە زەڵێ، (ئیبراهیم فەقۆ) یەکێک بوو لە دیلەکانی پارتی لای یەکێتی، لەگەڵ خۆمان بردمان و لەگەڵ کوڕەکەی مەلازادە گۆڕینەوەمان پێ کرد.

**چوارەم**: یەکێکی تر لەو دیدارانەی لەگەل ڕەوانشاد مام جەلالدا ئەنجامم داوە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بوو، ئەویش سەبارەت بە چۆڵکردنی بینای سوسێ بوو، پێش ئێمە هی حکومەتی عێراقی بوو، دوای ئەوەی ڕەوانشاد مام جەلال بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، داوایان کردبۆوە تایبکەن بە زیندان، پوختەی باسەکە بەم جۆرە بوو: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، (UNOPS) و سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی لە چوارچێوەی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک کاریان بۆ خزمەت کردنی کوردستان دەکرد، ناوچەکەیان چۆڵ کرد، ڕێکخراوی یونۆپسیش سەرجەم کەل و پەلەکانیان ڕادەستی ئێمە کردەوە و خۆیان گەڕانەوە، بیناکەی ئێمە لەو سەردەمدا لەناو قەڵاکەی سوسێدا بوو، هاوکات دوای ڕۆیشتنی کاک جەمال فوئاد. کاک عەبدول ڕەزاق فەیلی بوو بە وەزیر. بەمەبەستی چۆڵکردنی قەڵاکە، کاک عەبدول ڕەزاق فەیلی بەناوی ڕەوانشاد مام جەلال ئاگادری کردمەوە لەوەی لە نزیکترین دەرفەتدا قەڵای سوسێ چۆڵ بکەم.

کاتێک کاک عەبدول ڕەزاق ئاگادری کردمەوە گووتم: «بە ملیۆنان دۆلار کەلوپەلی تێدایە و بەو خێراییە چۆڵ نابێت، دەبێت شوێنێک پەیدا بکەین.

دواجار چوومە لای کاک ئەرسەلان بایز گووتم: «بروسکەیەکم بۆ بکە بۆ مام جەلال دەمەوێت ببینم» دوای ئەو بروسکەیە کاتی دیدارێکیان لەگەڵ مام جەلالدا بۆ ڕێکخستم، ئەو دیدارە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٥/٢/١٦)دا بوو، کاتێک چوومە دیداری ڕەوانشاد مام جەلال لە قەڵاچوالان، بینیم لە حەوشەکەدا دوو کورسی دانرا بوو، پێش من (د. محەمەد خۆشناو) وەزیری تەندروستی لا بوو، چەند ڕۆژ پێشتر بەفر باری بوو، هەندێکی توابۆوە و هەندێکیش هێشتا بە حەوشە و باخەکەوە مابۆوە، کەش و هەوا سارد نەبوو، بگرە ئاسمان ساماڵ و خۆر بەتینێکی کەمەوە تیشکەکانی پەرش کردبوو.

کاتێک من دەچوومە لای ڕەوانشاد مام جەلال (د.محەمەد خۆشناو) خەریک بوو دەڕۆیشت، ڕەوانشاد مام جەلال هەر منی بینی گووتی: «کاکی مەسیفی وەرە دانیشە»

ویستم باسی قەڵاکە بکەم، ئەو قسەکەی لەدەم وەرگرتمەوە و گوتی: «جارێک واز لە قەڵاکە بێنە، تۆ چۆنی وەزعت چۆنە؟»

گوتم: «من باشم»

مام جەلال گوتی: «بۆیان باس کردووم چ ئیشێک دەکەی دەستت خۆش بێت، وەزعی مەعیشەتت چۆنە؟ خانوت هەیە؟»

گوتم: «بەڵێ خانوم هەیە، لەیەکێک لەو خانوانەی گەڕەکی ڕاپەڕین دام کە جەنابت دابووت بە برا شەهیدەکانم»

مام جەلالیش گوتی: «ئەی بە خۆت؟»

گوتم: « نیمە» هەر لە ڕاستیشدا ئەو کاتە خانوم نەبوو.

گوتی: «ئەدی سەیارەت هەیە»

گوتم: «سەیارەی دائیرەم لایە».

هەر لەوێدا گرفتی نەبونی خانوی بۆ چارەسەر کردم و بە تەنیاشی گووت: «سەیارەیەکی زۆر باش بۆ حاجی بکڕە»

جگە لە بابەتی قەڵاکە، بە دەرفەتم زانی دەرگای باسێکی دیکەی لەگەڵدا بکەمەوە، بۆیە پێم گووت: «وەک دەزانیت شەڕی ناوخۆ لێکەوتەی خراپی لێ دەکەوێتەوە و باشەی بەدووودا نایەت»

گووتی: «وایە»

گووتم: «لە شەڕی ناوخۆوە کۆمەڵێکی زۆر لە کادیرەکانی ئێمە گیراون و بێ سەروشوێنن، لە چوارچێوەی ئەو گیراوانەشدا دوو برای خۆمی تێدایە لەگەڵ ئامۆزایەکم و چەندین خزم و کەس و ناسیاودا، من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کەسیان نەماون، بەڵام زۆرینەی خێزانەکان هێشتا هەر چاوەڕێن، لە ئێستادا مووچەیەکی ڕەمزیان هەیە لە فەرماندەیی و زۆر کەمە»

هێشتا قسەم تەواو نەکردبوو داوای کرد شۆڕش ئیسماعیلی بۆ وەرگرن، ئەوکات بەرپرسی دەزگای شەهیدان بوو، پێی گووت: «کاکی مەسیفی لای منە،

لیستی ناوی هەموو بێ سەروشوێنکراوەکانی لایە ، دێتە لات و لە شوێنێکی باش هەریەکە و عەرزەیەکی باشیان دەدەیتێ»

منیش بەوپەڕی دڵخۆشیەوە گوتم : «زۆر سوپاس مامە گیان»

ڕەوانشاد مام جەلال دوای داخستنەوەی پەیوەندییەکەی، داوای کرد کاک عومەر فەتاحیشی بۆ وەربگرن.

گوتی: «کاکە هۆمەر کاکی مەسیفی لیستێکی لایە بۆت دەنێرم، هەر یەکەو هەزار دۆلاری بۆ سەرف بکە»

دواتر گوتی: «هیچی دیکەت پێویست نییە؟»

گوتم: «بەس خۆشیت»

مام جەلالیش گوتی: «ڕەسمێکی لەگەڵ مامەی خۆت ناگری؟»

گوتم: «بە دڵنیایەوە، بەس من شەرمم کرد وابڵێم»

بانگی وێنە گرەکەی کرد و پێکەوە وێنەمان گرت، دوای گرتنی وێنەکە گوتی: «باسی ئیشەکەی خۆت بکە»

گوتم: «کاک عەبدول ڕەزاق لە ئیشەکەی من ناگات، دەمەوێت تێی بگەیەنم، بەڵام ئەو پەلەپەلم لێ دەکات، دەزانم داوای ئەو قەڵایە لە جەنابت کراوە، بە سەرچاو، بەڵام ئەو قەڵایە بایی ملیۆنان دۆلار کەلوپەلی تێدایە، خۆم هیچ جێگەیەکم نییە لێی دابنێم، دەبێت شوێنێک پەیدا بکەم « گوتی: «ئەوان پەلەپەلیان نەکردووە، بەڵام پێویستیانە و هەوڵ بدە چۆڵی بکە»

گوتم: «بەسەرچاو»

هەر لەوێدا پەیوەندی کرد بە کاک دلێرەوە و گوتی:» کاکە دلێر ئەو مەغزەنانەی دروستت کردووە لە کوێن؟»

گوتی: «لە کەنەکەوەیە»

گوتی: «حاجی مەسیفی چەند مەغزەنی دەوێت بە کرێ بیاندەرێ»

دوای ئەوەی لای ڕەوانشاد مام جەلال ڕۆیشتمەوە، چوومە لای کاک دلێر و لەگەڵیدا ڕێککەوتم وسێ کۆگای گەورەم لێ وەرگرتن، هەر زوو قەڵاکەم چۆڵ کرد.

# لێکترازانی باڵەکانی ناو یەکێتی
# یەکەمین جیابوونەوە
# جیابوونەوەی حیزبی سۆشیالیتی کوردستان

یەکێتی هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاوازی تێدا بوو. حیزبێک نەبوو لەسەر بنەمای تاکە بیر بنیات نرابێت، هەر سەرەتا لە بەرئەنجامی یەکگرتنی سێ ڕێکخراوی دید جیاوازەوە دروست بوو، ئەوانیش هەریەک لە (ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردستان، بزوتنەوەی سۆسیالیستو هێڵی گشتی) ئەو سێ باڵە نیمچە بەرەیەکیان پێکهێنا و پێیان گوترا: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. دوای گەڕانەوەی رەوانشاد مام جەلال بۆ کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان تەشکیلاتی سەرکردایەتی و هەرێمەکان کرا..

بۆ ئەو سەردەمە دانانی بارەگا زۆر سەخت بوو، بە تایبەت دامەزراندنی حیزبێکی مارکسی، چونکە خەڵکی تەفسیرێکی جیاوازیان بۆ دەکرد و ڕاستەوخۆ پێیان وابوو ئەوە حیزبێکە بۆ دژایەتی کردنی دین و بەلاڕێدا بردنی خەڵک لەسەر ئاینی ئیسلام، بۆیە ڕاستەوخۆ لە لایەن هەرسێ دەوڵەتی (ئێران، عێراق و تورکیا) دژایەتی دەکرا و دەیانگووت: «بەرگری لە زەحمەتکێش و جوتیار دەکەن و کوفر بڵاو دەکەنەوە» هەربۆیە لەلایەن قیادەی مۆقەتە پڕو پاگەندەی زۆر خراپیان لەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڵاو دەکردەوە.

ساڵی ١٩٧٩ دوای کارەساتی هەکاری یەکەمین جیابوونەوەی (بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان) ڕووی دا، ئەوەش دوای شەهید بوونی هەریەکە لە (عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و شێخ حسێن باباشێخ)، هۆکاری جیابونەوەکە بەو شێوەیە نەبوو کە ئەوان کردبوویانە گرفت و دەیانگوت: «مام جەلال پشتمان ناگرێت و زیاتر پشتی کۆمەڵە دەگرێت، دەیەوێت ئێمە بتوێنێتەوە» بەڵکو هۆکاری سەرەکی دەستوەردانی کۆمەڵە کەسێکی ئاژاوەگێڕ بوو، مەبەستیان تێکدانی شیرازەی نێو ماڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لەو سەردەمەدا، یەکێک لەوانەی ڕۆڵی کاریگەری بینی لە جیابونەوەی سۆشیالیست (دکتۆر مەحمود عوسمان) بوو.

لە کۆتاییشدا مەرامەکانیان هاتەدی و لە ڕێکەوتی (١٩٧٩/٣/٢١) بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جودا بۆوە، ناوچەی زەڵێ

و نێوزەنگ و توژەڵە و قاسمە ڕەشیان بە جێهێشت و چونە گوندێکی لای ئێران بە ناوی گۆڕەشێر.

لەوێ کۆنفرانس و تەشکیلاتی خۆیان کرد، لە سەرەتاوە بوو بە حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتوی کوردستان، دواتر ناویان گۆڕی بۆ سۆشیالیستی کوردستان. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا یەکێک لەو کادیرانەی ببووە هۆکاری ئەو جیابوونەوەیە (دکتۆر مەحموود عوسمان) بوو، چونکە دەیویست خۆی بخاتە هاوشانی رەوانشاد مام جەلال و کاک مەسعود و رەحمەتی ئیدریس بارزانی. وای بیرکردبۆوە گەر بزووتنەوەی سۆشیالیست جیا ببێتەوە، خۆی دەبێتە سکرتێری ئەو حیزبە، بەڵام کاتێک کۆنفرانسیان کرد، کاک (ڕەسوڵ مامەند( بە سکرتێر هەڵبژێردرا، دووبارە دەستێکی باڵای هەبوو لە تێکدانی بەڕێوەبردنی ئەو حیزبەشدا.

جیا لەوەی ئەوانەی لە یەکێتی جیا ببوونەوە بە ژمارە زۆر بوون و بەشی زۆری پیاوە ئازاکان لەگەڵ ئەوان بوون، بەڵام دواجار بەهۆی نەبوونی سەرکردایەتییەکی لێهاتوو یەک یەک هاتنەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

دوای ڕۆیشتنیان، رەوانشاد مام جەلال بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە ناردی بەدوای هەموو ئەوانەدا کاتی خۆی لە باڵی مەکتەبی سیاسی دۆستی بوون و لە ڕێکخستنی بزوتنەوەدا بوون، ئەوانیش بەدەم داواکەی رەوانشاد مام جەلالەوە هاتن وهاتنە دەرەوە.

هەموویانی لە ڕێکخستنێکدا کۆ کردەوە، بەناوی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان). لە یەکەمین کۆنفڕانسی ئەو حیزبەدا، رەوانشاد مام جەلال خۆی بوو بە سکرتێر، لەدوای دەربڕینی نارەزایی لەلایەن هەندێک لە هەڤاڵانەوە کە دەیانگووت: " تۆ سکرتێری یەکێتیت، نابێت لە هەمان کاتدا سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانیش بیت". بۆیە رەوانشاد مام جەلال دەستبەرداری پۆستەکەی بوو، بە جێی ئەو دکتۆر (فوئاد مەعسوم) بوو بە سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

هەرچەند سەرەتا ئەو جیابوونەوەیە لە ڕووی هێز و وورە و شوێنی جوگرافیەوە زیانێکی گەورەی لە یەکێتی دا، چونکە ڕێکخستنێکی زۆر هەبوو لەناو شاردا و ئەو جیابوونەوەیە کاریگەری لەسەر ئەوانیش دانا و هەندێک لەو ڕێکخستنانەش جیابوونەوە، شیاوی باسە بوترێیت لە حاجی هۆمەرانەوە تا دەگاتە هەولێر ئەوانەی

چووبوونه ناو سۆشیالیستەوە، پێشمەرگە هەرە ئازا و چاونەترس و بوێرەکان بوون، ساڵی ١٩٨٣ کاتێک چووینە دەشتی هەولێر، پێشمەرگەکانی سۆسیالیست لە ناوچەکەدا زیاتر لە (٣٠٠) کەس بوون، لەبەرامبەردا ژمارەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سنورەکەدا نەدەگەیشتە (٥٠) پێشمەرگە.

بەڵام بە حەکیمی و لێهاتوویی رەوانشاد مام جەلال و بە هیمەتی برادەرانی سەرکردایەتی، توانرا هەموو ئەو کادیرە باشانەی لەناو حیزبی سۆشیالیستدا بوون بگەڕێنەوە ناو یەکێتی، یەکێک لە هۆکارە زەق و دیارەکانی گەڕانەوەی ئەو کادیرە ئازاو پێشکەوتووانە، نەبوونی سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی گونجاو بوو کە بتوانێت تەواوی هێزەکان ڕێکبخات، هەندێک لە برادەرانی سۆشیالیست دەیانگوت: "بریا ئێمەش مام جەلالێکمان هەبوایە" بەڵام نەیان بوو.

## جیابوونەوەی دووەم
## جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش

دووەم جیا بوونەوە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لە کاتی خۆیدا کاریگەریەکی زۆری هەبوو، ئەویش جیابونەوەی ئاڵای شۆڕش بوو. وەک پێشتر باسمان لێوە کرد، لە کۆنفرانسی سێهەمی کۆمەڵەدا کۆمەڵێک برادەر بۆ ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان کاندید کردبوو، بەڵام هیچ کامیان دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێنا و دەرنەچوون، جگە لە کاک مەلابەختیار، ئەویش بە پشتیوانی و هاوکاری رەوانشاد کاک نەوشیروان دەرچوو.

جیا بوونەوەی ئاڵای شۆڕش لەو سەردەم و دۆخە هەستیارەدا، کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر ڕیزەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەدوای ئەو جیا بوونەوەیە، کۆمەڵێکی زۆر لە پێشمەرگە چەکەکانیان دانا و خۆیان ڕادەستی حکومەتی بەعس کردەوە. دەبێت ئەوەش بگووترێت، هەموو ئەو جیابوونەوانەی لەناو یەکێتدا روویان داوە، پەیوەندییان بە جیاوازی بیر و بۆچوونەوە نەبووە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی پلەو پۆست و دەسەڵات بوو.

# جیابوونەوەی سێهەم
# جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان

بۆ مێژوو دەیڵێم، رەوانشاد کاک نەوشیروان مستەفا لەناو یەکێتیدا، پیاوێکی ئێجگار ماندوو بوو، زۆر مەیدانی بووە و سەرجەم تەشکیلاتەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دروست بوونیەوە تا ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ناو هێزی پێشمەرگەدا، رەوانشاد کاک نەوشیروان کردوویەتی.

جیا بونەوەی گۆڕانیش لە سەردەم وکاتی خۆیدا گورزێکی زۆر کوشندە بوو لە یەکێتی درا، من کەسێکی نزیک بووم لە کاک نەوشیروانەوە، زۆرم خۆشدەویست، پیاوێکی تێگەشتووی دووربین بوو، لە ئاستی باڵاشدا هەوڵێکی زۆر خرایە گەڕ بۆ ئەوەی کاک نەشیروان لیست ڕانەگەیەنێت و ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی بۆ ئاشت کردنەوەی، ئەوانیش کاک ملازم عومەر، هێرۆخان، دلێری سەید مەجید و حاکم قادر بوون، بەتایبەت هێرۆخان زۆری کاک نەوشیروان خۆشدەویست، وێڕای ئەمەش خودی رەوانشادان مام جەلال و کاک نەوشیروان بەپێی ئەو زەمەنە زۆرەی پێکەوە بوون، کاریان کردبوو بۆ بەرەوپێشچوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام هەندێک لە برادەرانی گۆڕان و برادەرانی یەکێتی هۆکاری سەرەکی ئەو لەت بوونە بوون، چونکە بەشێکی زۆر لە برادەرانی ناو یەکێتی بێ منەت بوون لەو جیابوونەوەیە و کاک نەوشیروانیان تەنگەتاو کردبوو، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێک لە لایەنگرانی کاک نەوشیروانیان هان دەدا بۆ جیابوونەوە.

رەوانشاد کاک نەوشیروان بەرلەوەی لیست ڕابگەیەنێت، بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری داوای هاوکاری لە مام جەلال کرد، رەوانشاد مام جەلال سەرجەم داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ کرد، بەڵام دواجار و لە (٢٠٠٧/٩/٢٥) سەنتەرەکە بوو بە بزووتنەوەی گۆڕان و لیستی ڕاگەیاند. گەر برادەرانی ناو یەکێتی مەبەستیان بوایە دەیانتوانی کاک نەوشیروان قایل بکەن بەوەی لیست ڕانەگەیەنێت، بەڵام ئەوکارەیان نەکرد.

بەر لە هەڵبژاردن، ڕۆژێک کۆمەڵێک کادیر لە ماڵی کاک کۆسرەت بووین، تاووتوێی ئەوەیان دەکرد ئاخۆ کاک نەوشیروان چەند کورسی دەهێنێت، یەکێک دەیگوت: «یەک» یەکێک دەیگوت: «چوار» کاک کۆسرەت بەمنی گوت: «تۆ دەڵێی چی حاجی ؟»

منیش گوتم: «بیست»

گوتیان: «حاجی بوویە گۆڕان؟»

گوتم : «نەخێر ، بەڵام نازانم ئەوانە ئەو حسابە کو دەکەن؟ من خەڵک دەبینم و لەناو خەڵکم و دەزانم»

دواجاریش لە ئەنجامی هەڵبژاردن (٢٥) کورسییان بەدەست هێنا.

جیابوونەوەی کاک نەوشیروان لە هەموو جیابوونەوەکانی دیکە تاڵتر و جەرگبڕتر بوو، ئێمە هەموو ڕۆژێک گریانمان دەهات، لەبەر ئەوەی دەمانزانی ئەو جیابوونەوەیە لە سود و قازانجی پارتیدایە، هەر واش بوو، چونکە کاتێک یەکێتی و پارتی بەلیستێک دابەزین و پێکەوە ( ٥٨) کورسیان بەدەست هێنا، پارتی دەیگووت: «٤٢کورسی هی ئێمەیەو ١٦کورسی هی یەکێتییە». من هەمووکاتێک گتوومە و دەیڵێم: «سیاسەت بە ڕق و کینە ناکرێت، لەسیاسەتدا نە موستەحیل هەیە نە موتلەق، بەڵکو ڕێککەوتنە».

تەنانەت دوای ئـەو جیابوونەوەیەش هەوڵێکی زۆر درا بۆ یەکخستنەوەی هەردوو لایەنەکە، کاک ملازم عومەر و دکتۆر بەرهەم مام جەلالیان بردە ماڵی کاک نەوشیروان و بەیەکەوە جێیان هێشتبوون، تا هەرچی گلەییەکیان هەیە ڕوو بەڕوو بیکەن و گرفتەکان پێکەوە چارەسەر بکەن، کاک نەوشیروان بە مام جەلالی گووتبوو: «هەمیشە تۆ براگەورەیت» مام جەلالیش پێی گووتبوو: «با ئەم جارە لە بەغداد بێمەوە، هەمووشتێک بە جۆرێک ڕێکدەخەین بە دڵی تۆبێت». بەڵام بەڕۆیشتنەوەی مام جـەلال بۆبەغداد و دووبـارە نەخۆش کەوتنی، گەڕاینەوە خاڵی سفر و ئەو ڕێککەوتن و یەکگرتنەوەیە نەکرا.

## جیابوونەوەی چوارەم
## ڕاگەیاندنی لیستی هاوپەیمانی

هۆکاری جیابوونەوەی دکتۆر بەرهەم و ڕاگەیاندنی (لیستی هاوپەیمانی) لەسەر دەسەڵات بوو، دوای بەدەست نەهێنانی دەنگی پێویست بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، دکتۆر بەرهەم قسەی لەگەڵ کۆمەڵێک لە برادەراندا کردبوو، دواجـار ئەولیستەی ڕاگەیاند.

خەباتی دکتۆر بەرهەم لە هیچ روویەکەوە بەراورد ناکرێ بە خەباتی کاک عوسمانی حاجی مەحمود و مامۆستا بەکر، ئەوان بەدرێژایی مێژووی یەکێتی لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشاندا بوون، لە پێناو یەکێتیدا گەلێک سەختی و دژواری و ماڵوێرانیان بینیوە، دکتۆر بەرهەم لە هیچ یەکێک لەو دۆخانەدا نەژیاوە. وێڕای ئەوەش پۆستی باشی پێ درا لە هەردوو حکومەتدا، لە کاتی دوو ئیدارەییدا و لە کاتی یەک گرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا رەوانشاد مام جەلال کردی بە سەرۆکی حکومەت، کردی بە جێگری خۆی، کردی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، دەبوو ئێمە گلەیی بکەین لەوەی بۆ دکتۆر بەرهەم ئەو پۆست و پلانەی پێ دراوە و نەدراوە بە ئێمە، بەڵام ئێمە قبوڵمان کرد و ئەو قبوڵی نەبوو!. کاک بەرهەم بە دەرنەچوونی دەیویست تۆڵەی خۆی لە یەکێتی بکاتەوە، هەستا بە کۆکردنەوەی ئەوانەی لێی نزیکن و لیستی هاوپەیمانێتی ڕاگەیاند، لە سەرەتاوە لەگەڵ کاک کۆسرەت و بەشی زۆری سەرکردە و مەکتەبی سیاسیەکان کۆبونەوە و پێکهاتن لەسەر ئەوەی دوای رەوانشاد مام جەلال، یەکێتی بە بێ بەرپرس ماوەتەوە و کەس نازانێ چۆن بڕیار بدات و چۆن بڕیارەکانی یەکێتی جێبەجێ بکرێن، بەو هۆیەوە ناوەندی بڕیاریان دروست کرد، ئەمەش بەو مەبەستەی یەکێتی شوێنێکی هەبێت بڕیاری تێدا بدرێت و ئیش و کاری هێزەکانی یەکێتی تێدا ڕێکبخرێتەوە، بەڵام سەرینەگرت.

بێ ڕەچاو کردنی ئەو دۆخە سەختەی یەکێتی، کاک بەرهەم هاوپەیمانێتی ڕاگەیاند و هەوڵ و کۆششێکی زۆری کرد و پارەیەکی زۆری سەرفکرد، تا ئەنجام دوو کورسی لە پەرلەمانی عێراق بەدەست هێنا، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنی (سەرۆک کۆمار)دا کاتێک بەڵێنی ئەوەیان پێدا وەک سەرۆک کۆمار دەنگی پێ دەدەن، جارێکی تر هاتەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەرچەند ئەو کرا بە سەرۆک کۆمار، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٥وە تا ئێستا کەس وەک رەوانشاد مام جەلال کاری بۆ عێراق و هەرێم نەکردووە، خەڵکی بەغداد و بەسرە و دیوانیە و سەرجەم شارەکانی دیکەی باشوری عێراق بەتایبەتی مام جەلالیان خۆش دەوێت، لەبەر ئەوەی مام جەلال خۆشی و تەبایی بۆ عێراق گەڕاندەوە.

# جیابوونەوەی پێنجەم

لە هەر جیابوونەوەیەکدا یەکێتی لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بەڵام دوای هەر جیابوونەوەیەک جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی بنیات ناوەتەوە و بە وورەیەکی بەرزترەوە ڕوو بەڕووی دۆخەکان بۆتەوە، جیابوونەوەی پێنجەمیش وەک هەر جیابوونەوەیەکی دیکە مایەی نیگەرانی بوو، هەرچەندە دەبوو کێشە و گرفتەکان بە گفتوگۆ و لێک تێگەیشتن چارەسەر بکرێن، وەک چۆن هەمیشە رەوانشاد مام جەلال باوەڕی تەواوی بە گفتووگۆ هەبوو دەیگووت: «هیچ کەس لە یەکێتی زیاد نییە، پێویستمان بە هەموو کەسێکە یەکێتی بێت و یەکێتیش بۆ هەموان بێت»، بەڵام بەداخەوە دەرئەنجامەکەی بە جیابوونەوە کۆتایی هات.

دەبێت بگوترێت جیابوونەوەی هەردوو ئامۆزا و لێکەوتەی ٨ی تەمووز، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیستمی بەڕێوەبردنی (هاوسەرۆکی) و بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەوە هەیە. چونکە هاوسەرۆکی خراپترین بژاردە بوو بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی یەکێتی و ڕایی کردنی سەرجەم ئەو کارو بارانەی دەهاتنە پێش.

پێش کۆنگرە ڕۆژێک لەگەڵ کاک لاهوری شێخ جەنگی لە هۆڵی لالەزار بووین و پێمگوت: «کاک لاهور، دەزانم چاوت لەسەر بەرپرسیارێتییە، کاری زۆر باشیشت بۆ یەکێتی کردووە، جیا لەوە خەڵکێکی زۆریشت لەگەڵدایە، من پێشنیار دەکەم دژایەتی کوڕەکانی مام جەلال نەکەیت، ئەوەندەی تێدا بێڵەوە ئەوان کوڕی مام جەلالن»، بە شێوەیەکی باش جوابی نەدامەوە من هەر ئەو کاتە زانیم ئەوان ناتوانن پێکەوە بن.

تەنانەت ڕۆژی کۆنگرەش وەک کادیرێکی ئەو حیزبە من لەوێ بووم، بۆ گفتوگۆکردنی ئەو پەیڕەوەی کە نوسرابۆوە، هەر یەک لە کاک سەرکەوت زەکی و کاک مستەفا چاوڕەش و کاک ڕزگار عەلی ئیدارەی دانیشتنەکەیان دەکرد، کاتێک گەیشتە بابەتی هاوسەرۆکی من هەستام و گوتم: «کاک سەرکەوت تکا دەکەم بابەتی هاوسەرۆکی مەخەنە دەنگدانەوە، یەکێتی هاوسەرۆکی پێ ناچێت بەڕێوە، ئەوە یەکێتی دەکاتە دوو لەت».

بەداخەوە پێشنیارەکەم ڕەت کرایەوە و بەهەند وەرنەگیرا، بابەتەکە خرایە دەنگدانەوە و دەنگی بەدەست هێنا و ئەو دەرئەنجامە خراپەی لێ کەوتەوە، من وەک خۆم ڕۆژی دەنگدان بۆ هاوسەرۆکی نەچووم.

من لەگەڵ ئەوەدا بووم قۆناغی یەکەم ماڵی مام جەلال سکرتێر یان سەرۆکی حیزب بن، کاک لاهوڕیش بکرێتە جێگر یان ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەڵام ئەو پێشنیارەی منیان قبوڵ نەکرد، بەر لەوەی جیابوونەوە ڕووبدات ڕۆژێک کاک کۆسرەت لە منی پرسی: «بارودۆخی یەکێتی و هاوسەرۆکی چۆنە؟»

گوتم: « زۆر خراپە «

گوتی: « بۆ؟»

گوتم : «ئەو دوو هاوسەرۆکە لەگەڵ یەکتری ڕێک ناکەون»

پێشبینیم کردبوو گرفت دروست دەبێت، دروستیش بوو، دەرئەنجامیش لە لایەن کاک لاهوری شێخ جەنگییەوە ڕاگەیاندنی لیستی بەرەی گەلی لێ کەوتەوە، هەڵبژاردنی ئەم جارە دەرئەنجامەکان یەکلا دەکاتەوە، پێشبینیم وایە هەڵبژاردنی ئەم جارە بەهۆی دروست بوونی حیزب و لایەنی نوێوە قورس بێت و دەبێت بەهەند وەربگیرێت.

# کۆنگرەکانی یەکێتی نیشیمانی کوردستان

## کۆنگرەی یەك

مایەی شانازیمە بەشداریم لە هەر پێنج کۆنگرەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کردووە، جا گەر ئەنجامەکان بەدڵی ئێمە بووبێت یاخود نا، دەمەوێت یەکەمین کۆنگرە بکەمە دەروازەی بەشداری کردنم بۆ کۆنگرەکانی دواتر.

ساڵی (١٩٩٢) لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بۆ دیاری کردنی ئەندامانی کۆنگرە شەهید حەسەن کوێستانی لیژنەی ئامادەکاری بوو، من وەک پیاو زۆرترین دەنگم بەدەست هێنا، لە ژنەکانیش (نشتمان شەقڵاوەیی، هەتاو مەسیحی کە خوشکی خێزانی کاک سۆران مەسیحی بوو، هەروەها ئاواتخانی خوشکی شەهید کارزان) زۆرترین دەنگیان بەدەست هێنا. ڕۆژی یەکەم، کۆنگرە لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی بەسترا، بەڵام بەهۆی گیان لەدەستدانی (مامە عومەر)ەوە ناسراو بە (عومەر دەبابە). ڕەوانشاد مام جەلال لە خۆشەویستیدا پێی دەگووت: «کاکی کاکان»، بۆماوەی چەند ڕۆژێک کۆنگرە ڕاگیرا. ڕۆژانی دەست پێکردنەوەی کۆبوونەوە چووینە هەولێر، لە کۆنگرەی یەکەمدا ناکۆکییەکی زۆر دروست بوو، چونکە لەو کۆنگرەیەدا و لەسەر ویستی هەموولایەک، هەردوو باڵی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان یەکیان گرتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی وردی بۆ نەکرابوو، هیچ زەمینەیەکیش بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە خۆشنەکرابوو.

پاش گفتو گۆکردن و خوێدنەوەی ڕاپۆرتەکان، گرفت کەوتە هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتییەوە، لە پێشتردا بڕیار لەسەر ئەوە درابوو هەموو ئەوانەی خۆیان هەڵدەبژێرن، دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا ڕێژەی دەنگەکانیان لە سەدا پەنجا کۆ یەکی ئەندامانی کۆنگرە بێت، جگە لە ڕەوانشاد مام جەلال بە دەنگدانی ئاشکرا هەڵبژێردرا، هەموو ئەوانی دیکە بە دەنگدانی نهێنی بوو، لە ئەنجامی ئاشکرا کردنی دەنگەکاندا (کاک کۆسرەت) دەنگی یەکەمی هێنا و هەریەک لە ( کاک عومەری سەید عەلی، کاک حەسەن کوێستانی و کۆمەڵێک کەسی دیکە) دەنگی پێویستیان بەدەست هێنا.

ئەوەی جێگی پرس بوو، بەشی زۆری ئەوانەی مەکتەبی سیاسی بوون دەنگی زۆر کەمیان هێنا بوو، کاتێک کاک جەبار فەرمان بۆردی دەنگدانەکەی بینی و زانی دەنگەکانی کەمە، زۆری پێ ناخۆش بوو، هەر بۆیە بابەتەکەی گەیاندە لای ڕەوانشاد مام جەلال، ئەویش زۆر حەکیمانە هەر یەک لە (کاک شاخەوان عەباس، کاک عوسمانی

حاجی مەحمود و مامۆستا جەلال جەوهەر)ی بانگ کرد. داوای لێ کردن لە خۆ کاندید کردنەکە پاشەکشێ بکەن، ئەوانیش لەبەر ڕێزی ڕەوانشاد مام جەلال و دروست نەبوونی کێشە، بە داواکەی قایل بوون. بەڵام کاتێک هاتنە سەر ستەیج کاک شاخەوان گووتی: «من لە سەرکردایەتی دابم و لە سەرکردایەتیدا نەبم هەر قائیدم» ئیدی لەو ڕۆژەوە نازناوی (قائید)ی بەسەردا بڕا، کاک عوسمانی حاجی مەحمودیش گوتی: «برادەران من هیچ گلەییم نییە، بەس دەڵێم بژی دیموکراسی» ئەو ڕستەیەی ئەو گووتی، مانا و مەغزا و پەیامی تری لە پشتەوە بوو. بەمجۆرە کارەکان بەڕێوە چوون و کۆنگرەی یەک بەکۆتا گەیشت.

## کۆنگرەی دوو

کۆنگرەی دووەم ساڵی ٢٠٠٠ بەڕێوەچوو، لەم کۆنگرەیەشدا کۆمەڵێک کێشەو گرفت هاتنە ئاراوە، هەرچەندە من ئەو کێشە و گرفتانەی لە کۆنگرەکاندا ڕوودەدەن بە نیشانەی زیندویەتی یەکێتی دەبینم، چونکە ئەو کێشە و ململانێیانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیروڕای سەرجەم ئەو کادیرانەی بوونەتە پشت و پەنای سەرکەوتن بۆ یەکێتی لە دۆخە سەخت و دژوارەکاندا، هەموویان بە پێگەیاندنییەوە ماندوو بوون، هەر بۆیە ئاساییە گەر بیروڕای جیاواز هەبێت و دواجار ڕەنگە دەرئەنجامەکان بەدڵی هەندێک بێت و بەدڵی هەندێکی تر نەبێت، چونکە لە کۆتاییدا هەمووان لە خەمی بەرەوپێشچوونی یەکێتی دان و دەیانەوێت زیاتر خزمەت بکەن.

هەرچەندە من بۆ کۆنگرەی دوو خۆم هەڵنەبژارد، ئەمەش لە پێناو سەرکەوتنی (کاک عوسمان بانی مارانی)دا تا دەنگی باش بەدەست بێنێت ، کاتێک کاک عوسمان هاتە لام و گوتی: «من خۆم هەڵدەبژێرم»

من گووتم: «گەر تۆ خۆت هەڵدەبژێری من خۆم هەڵنابژێرم» خۆشبەختانە ئەو وەک ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

ئەوەی شیاوی باسە لەو کۆنگرەیەدا، بەر لە گفتوگۆی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامانەی دانرابوو، هەڵبژاردن ئەنجام درا، جگە لەوەش دەنگەکان برانە ماڵی ڕەوانشاد مام جەلال و پاشان دوا ڕۆژی کۆنگرە سندوقەکان هێنرانەوە ناو کۆنگرە و لەوێ دەنگەکان جیا کرانەوە.

## بەسەرهاتێکی کاک عومەری سەید عەلی لە کۆنگرەی دوو

دەمەوێت قسەیەکی خۆشی کاک (عومەری سەید عەلی) بگێڕمەوە لە کۆنگرەی دوو...

سـەرەڕای بەهێز بوونی دووباڵی ناو یەکێتی لە بەدەستهێنانی پلە و پۆست لە کۆنگرەکاندا، بەڵام هەموویان بەرژەوەندییەکانی یەکێتیان پێ گەورەتر بوو لە بـەرژەوەنـدی باڵەکەیان، پاش دەرچـوونـی دەرئەنجامی ئـەو سەرکردایەتیانەی لەکۆنگرەی دوو دەرچـوون، پاش کۆنگرە و دەرئەنجامەکان، کاک عومەری سەید عەلی هاتە ماڵی کاک کۆسرەت، ئێمەش وەکو کۆمەڵێک سەرکردایەتی دەرچووی کۆنگرە و کادیری پێشکەوتوو لە ماڵی کاک کۆسرەت بووین، کاک کۆسرەت بەکاک عومەری گووت: «کاک عومەر بەخوێنی شەهیدان دەنگم پێداویت»

کاک عومەر گووتی: «بێگومانم تۆ دەنگت پێ داوم، بەڵام بە هەموو برادەرەکانی خۆتت گوتووە دەنگی پێ مەدەن» ئیتر هەمووان دایانە قاقای پێکەنین .

## کۆنگرەی سێ

ساڵی ٢٠١٠ یەکێتی نیشتمانی کوردستان سێهەمین کۆنگرەی خۆی بەست، من و چەند هاوڕێیەکی دیکە خۆمان کاندید کردبوو، بریتی بووین لە (بەندە، بورهانی سەعید سۆفی، نەهرۆ سەعید سۆفی، کاک وەیسی، جەمال هەروتی، جەلال ئینجاغی، جەلال سورکانی و قاسم عەزیز)، بە داخەوە دوای ئەوەی لەماڵی کاک دلێری سەید مەجید بە ئامادەبوونی دکتۆر بەرهەم، هێرۆخان، نوێنەری کاک کۆسرەت و چەند کەسێکی تر کۆبوونەوەیەک کرا، لیستێکیان دروست کرد و هەندێکیشیان لە لیستەکە کردە دەرەوە. بەرهەمی ئەو کۆنگرەیەش دەرچوونی کۆمەڵێک کەسی لێ کەوتەوە کە پێشتر بڕیاریان لەسەر درا بوو، لە هەمان کاتدا پەراوێز خستن و دەرنەچوونی ئێمە بوو، ئەمەش بۆ ئێمە بووە جێگەی پرسیار و ئەو بابەتە هەموومانی بێتاقەت کرد، بڕیاری وازهێنان و دانیشتنمان دا.

بۆ ئەو مەبەستە نامەی دەست لەکارکێشانەوەمان بۆ رەوانشاد مام جەلال نوسی، ئەویش بانگی کردین، لە کۆبونەوەکەدا کاتێک گەیشتە سەرەی من و یستم قسەبکەم مام جالال گوتی: «تۆ قسە مەکە، نەک مام جەلال هەموو کورد قەرزاری خانەوادەی تۆیە» پاشان لەسەر کورسیەکەی خۆی هەستا و گوتی: «بەس داوای کورسیەکەی مامی خۆت مەکە، گەرنا جگە لەوەی من سەرۆک کۆمارم لە عێراق، سکرتێری ئەو حیزبەشم، لە گەڵ کاک مەسعودیش زۆر ڕەفیقم، هەر چیت بوێت بۆت دەکەم»

منیش بە سێ ڕستە جوابم دایەوە گوتم: «مام جەلال تەمەن درێژی و تەندروستیەکی باش بۆ جەنابت، عەدالەت بۆ یەکێتی، ئەگەر عەدالەت لەناو یەکێتی هەبێت پێویستم بە واستەی تۆ نیە».

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، ساڵی ٢٠١٢ بێ ویستی خۆم خانەنشین کرام، بەڵام دوای چەند مانگێک، داوایان لێ کردم بچمە مەڵبەندی سێ و لەوێ وەک جێگری مەڵبەند دەست بەکار بم، منیش چووم، ئەو کات کاک ڕزگار عەلی لێپرسراوی مەڵبەند بوو، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤دا، بەگشتی نەک تەنیا ئەو، بەڵکو هەموو لایەکمان لەهەوڵی سەرخستنی پرۆسەکە و یەکێتیدا بووین، کاک شاڵاو و کاک دەرباز و بەشی زۆری کادیرەکانی سنورەکە، تا تەواو بوونی پرۆسەکە ماندوو بوون و لە ئەنجامی ئەو ماندوو بوونەش توانرا یەکێتی دەنگێکی زۆر کۆبکاتەوە و بەنزیکەی (١٧٠٠٠٠) دەنگ بوو لە هەولێر.

## کۆنگرەی چوار

لە کۆنگرەی چوار جارێکی دیکە خۆم کاندید کردەوە، بەڵام منیان لە هیچ لیستێک دانەنا، چونکە هەریەکە لە کاک لاهور و بنەماڵەی مام جەلال و کاک کۆسرەت لیستی تایبەت بەخۆیان دانا بوو. تیایدا کاندیدەکانیان دەستنیشان کردبوو، ئەوەش منی زۆر تورە کرد، چونکە بە منیان دەگووت: «دەبێت لەو خۆ کاندیدکردنە بکشێیتەوە»

گوتم: «بۆ بە من دەڵێن بکشێمەوە، بەوانی دیکە ناڵێن، من دەچمە ناو پرۆسەکە»، دوای تەواو بوونی سەرجەم کارەکان، پێش هەڵبژاردن لیژنەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەکە دروست کرد، دەبوو دوای هەڵبژاردن دەنگە پوچەڵەکان و ئەوانەی کەم وزیادیان هەیە جیا بکرێنەوە لەگەڵ دەنگە تەواوەکان، من لە بازنەی هەولێر بووم و لەو بازنەیەشدا، هەریەک لە ( ئاسۆی ئیسماعیل شوکور کارگێڕی مەڵبەندی هەولێر، سەنگەر عەبدول سەمەد و مەسعودی مەلا هەمزە) دانرابوون، لەو دەنگدانەدا ژمارە (٣٨)بووم، بەشێکی زۆر لە دەنگەکان جیا کرابوونەوە و بینیم دەنگی پێویستم بەدەست نەهێناوە، بێ تاقەت بووم و گووتم: «دەڕۆم».

مەسعودی مەلا هەمزە گوتی: «وەرە شتێکت پێ بڵێم، ئەو فۆرمانەی ماون (پێشمەرگە دێرینەکان، ئەنجومەنی ناوەند، مەکتەبی سیاسی و کەمئەندامانی سەنگەر)ن، ئەوانە هەموو ئەتوو دەناسن»

هەرچەند خۆشم باوەڕم بەو قسەیە هێنابوو، بەڵام نزیکەی (١٠٠) وەرەقیەک ما بوو، ئەوێم بەجێ هێشت و چووم لە میوانخانەی ئاشتی پشوو بدەم.

پاش ماوەیەکی کەم سۆرانی کوڕم پەیوەندی پێوە کردم و گوتی: «بابە ئەتو دەرچویت». هەرچەندە تا ئەو ساتەی من ڕۆیشتم دکتۆر مەجید لە پێش منەوە بوو، بەڵام ئەو فۆرمانەی مابۆونەوە فۆڕمی ئەو دەنگدەرانە بوون کە زۆرینەیان دەنگیان بە من دابوو.

لەو هەڵبژاردنەدا، بە ئەندامی سەرکردایەتی دەرچووم، بەڵام لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا دکتۆر ڕێبوار دەرچوو.

دوای هەڵبژاردن، من بوومە بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕێکخستن، کارەکەم چاودێری ڕێکخستنی ئیش و کارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بە مەکتەب ڕێکخستن و مەڵبەندەکانەوە. منیش بۆ بەدوادا چوون و ڕێکخستنی کارەکان بەوپەڕی توانامەوە هەوڵم دەدا کارەکان بە باشی رایی بکەم.

لەماوەی کارکردنمدا توانینم ١٧ سەردانی مەڵبەند بکەم و نزیکەی ١٥٠٠ کادیر ببینم، ڕاوبۆچوون و پێشنیارەکانیانم وەرگرت و کردم بە ڕاپۆرتێکی گشتگیر و لەناو سەرکردایەتیدا خوێندمەوە، بووە جێگەی خۆشحاڵی ئامادەبووان و دەستخۆشییان لێ کردم. بەگشتی ڕاپۆرتەکە خۆی لە دووخاڵی گرنگدا دەبینییەوە ئەوانیش (ئەو کێشە و کەموکوڕیانەی لە ناو ڕێکخستنەکاندا هەن، هەروەها چارەسەرەکانیشیان).

هەندێک لە خاڵەکان گفتووگۆی لە بارەوە کرا و دەنگیان لەسەر درا، بەڵام لە دواتردا هەندێک پێیان وابوو ئەو ڕاپۆرتە بەقسەی کاک لاهور نوسراوە، لە کاتێکدا خۆم مەیدانی کارم لەسەر کردبوو.

هەمان شەو لەماڵەوە بووم، کاک بافڵ پەیوەندی پێوە کردم و گووتی: «دەتوانی بەیانی کاتژمێردە بێیتە لام لە دەباشان؟»

گووتم: «بەڵێ»

گووتی: «ڕاپۆرتەکەش لەگەڵ خۆت بێنە»

من واتێگەیشتم بابەتەکەیان بە هەڵە لە کاک بافڵ گەیاندووە، کاتێک چووم و لای کاک بافڵ دانیشتم گووتی: «من باش لە ڕاپۆرتەکەی تۆ نەگەیشتووم، پێم خۆشە بۆم باس بکەیت»

منیش بەوردی هەموو بابەتەکانی ناو ڕاپۆرتەکەم بۆ خستە ڕوو، کاتێک تەواو بووم لە جێگەی خۆی هەستا و بەرەو لام هات، لە ئامێزی گرتم و ماچی کردم، بۆ نوسینی ئەو ڕاپۆرتە زۆر دەستخۆشی لێکردم و گووتی: «من بەردەوام پشتیوانت دەبم، تۆش بەردەوام بە لەوکارانەی دەتەوێت بیکەیت»

دوای ئەوە بۆ ڕێکخستنەوەی مەڵبەندەکان و دانانی کادیر مەکتەب ڕێکخستن پرۆژەیەکی پێشکەش کرد ،جارێکی تر و لەسەر ئەو بابەتەش ڕاپۆرتێکی ترم ئامادە کرد، دوای خوێندنەوەی کاک بافڵ پشتگیرییەکی زۆری کردم و پێی گووتم: «ئەم جۆرە ڕاپۆرتانەی تۆ بۆ دەوڵەمەند کردنی حیزبە» پشتگیرییەکانی کاک بافڵ بەردەوام بوو تا کۆنگرەی پێنج.

## کۆنگرەی پێنج

دوای چەند ڕۆژێک لە کۆنگرە و دەستکاری کردنی پەیڕەو و پرۆگرام و دەنگدان لەسەر دەرئەنجامی دەستکاری کردنەکە، لە ڕۆژی پێنجەمدا جارێکی تر هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشنیمانی کوردستان کرا، بەڵام ئەمجارەیان هەڵبژاردن بە لیستی داخراو، لەو سەروبەندەدا کەسێک پێی گووتم: «مومکین نیە تۆ دابنێن»

دوو ڕۆژ بەر لە پێشکەشکردنی لیستەکە، کاک بافڵم بینی گووتی: «دەیانەوێت غەدرت لێ بکەن، بەڵام من ناهێڵم غەدر لە تۆ بکرێ، من پشتت دەگرم».

هەرچەندی بیرم لێ دەکردەوە نەمدەزانی هۆکارەکەی چیە، چوونکە کاک شالاو و کاک دەرباز پێیان دەگووتم: «هیچ کەس لە تۆ باشتر نییە بۆ هەولێر!!!» دڵنیاش بووم هیچ کەسێک دژم نییە... بەڵام دواتر تێگەیشتم دوو برادەر نەیان هێشتبوو.

ڕۆژی دواتر لە کۆنگرەکە لە پشتی کاک بافڵەوە دانیشتبووم، پێم گووت: «کەمم نەکردووە بۆ ئەم حیزبە، گەربڕیاریشە بمکوژن خۆت بمکوژە، با کەسی تر نەمکوژێت»

ئەو لە وەڵامدا گووتی: «من ناتکوژم، بەڵکو پشتیوانت دەبم»

ڕۆژێک پێش پێشکەشکردنی لیستەکە، کوڕێکی بەناوی (عەلی کنانی) ناردە لام و گووتی:» کاک بافڵ دەیەوێت بتبینێت»

کاتێک چوومە لای گووتی: «ڕاستە سەرەتا من تۆم نەناسیوە، بەڵام بەڕاستی تۆ لەو کارەی پێت سپێردراوە، زۆر سەرکەوتوویت، من زۆر دلخۆش بووم بە ڕاپۆرتەکانت، خۆشت پشتگیرییەکانی منت بینیوە و هەموو کات پشتیوانت دەبم،....» لەو قسانەدابووین شالاوی کاک کۆسرەت هاتە ژوورەوە، ئەوان پێیان وابوو من ئینگلیزی نازانم، بۆیە بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد، بەڵام من لەهەموو قسەکانیان تێ گەیشتم، شالاو گووتی: «کێشەی حاجیمان چارەسەر کرد»

کاک بافڵ گووتی: «چۆن؟»

ئیتر کاک بافڵ گووتی: «وەرە بە کوردی تێی بگەیەنە»

کاک شالاو گووتی: «ڕاستە من و دەرباز کوڕی کاک کۆسرەتین، بەڵام کاک حاجی زۆر لە ئێمە زیاتری بۆ باوکم کردووە»

کاک بافڵ گووتی: «تۆ بەمن دەڵێی؟ من باش مامە حاجی دەناسم، حیزبایەتی لەو فێر بووم»

گووتم: «باشە کاک بافڵ هۆکار چیە من ناکەنە سەرکردایەتی؟»

باسکی خۆی هەڵکرد و گووتی: «من بە خوێن سەرکردایەتی بۆ تۆ دەنوسم، بەڵام حەزدەکەم ئەو ئیشە بکەیت کە کاک شالاو پێشنیاری کردووە، تۆ ئەو ئیشە بۆ من دەکەیت، لەو کارەدا کەس بەرپرسی تۆنییە لە من زیاتر، تۆ ناتەوێت هاوکاری من بکەیت؟»

گووتم:» بێگوومان»

گووتی: «ئەی بۆ نایەی هاوکارم بیت»

گووتم: «بە چاوان، بەڵام ئێوەش پشتگیر و پشتیوانم بن»

گووتیان: «بەسەر چاو»

ئەوە بوو بڕیاری بۆ دەرکردم ببمە (سکرتێری ئەنجومەنی پشتیوانی) یەکێکە لەو ئەنجومەنانەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاری لێ داوە.

# لە کۆتاییدا

هەمیشە حەزم کردووە دەروازەیەک هەبێت بۆ کردنەوە بەڕووی ئەو بیرەوەرییە کەڵەکە بووانەی وەکو مۆرانە ناخ دەخۆن، بارێکی قورسن بە سەر شان و پێویستە ڕۆژێک لە جێگەیەک دابگیرێن، بەتایبەت بۆ کەسانێکی وەک ئێمە کە لە دۆخ و زەمەنێکی نالەباردا ژیانمان کردووە، لە ئاگر و ئاومان داوە تا ئەمڕۆ، ئێمەیەک نزیکترین و ئازیزترین کەسەکانمان لەتەنیشت خۆمان و لە ئامێزی خوماندا گیانیان سپاردووە، ئێمەیەک بەدەستی خۆمان هاوڕێ و هاوسەنگەرانی خۆمان سپاردەی خاک کردووە، هێشتا بیرەوەرییەکانمان بۆنی باروتیان لێدێت، هاوارو ناڵە و دواین چپە و دواین گۆرانی و دواین قاقا و دواین گریانیان لە گوێچکەماندا وەک زەنگی کڵێسا دەزرینگێنەوە، لەبیر ناکرێن ئەو ڕۆژانەی هەمیشە زیندوون، لەبیر ناکرێن ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانەی ئێمەیان جێ هێشت و ئێمە ئەوانمان جێ نەهێشت، هەروەکو چۆن حەزرەتی مەحوی دەفەرمووێ:

شوکر تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەرچی من لە فکرت چووم

لە من غایب نەبی تۆ، بەسمە، با من بم لە تۆ غایب

بیرەوەریەکانیان زوو زوو سەردانم دەکەن، پێدەکەنن، دەگرین، بەڵام هەرگیز پیر نابن. ئەوان تا ئێستاش دێن و دەچن، پیاسە دەکەن، بەو جیاوازییەی مێشک و دەرونی منیان کردۆتە شەقام، ئەوانەی تا ئێستا لە بارەیانەوە دوام، تەنیا ئەوانەن کە هێشتا ماڵی بیرەوەرییەکانی منیان چۆڵ نەکردووە، تەمەنێکە لەنێو هەست و نەستی مندان و تەنانەت هەڵکشانی تەمەنیش لە یادەوەریمدا کاڵیان ناکاتەوە، بەڵام دەبوو بنوسرێنەوە، چونکە نوسین و گێڕانەوە ئەو دەروازەیەن هەم باری سەر شانی مرۆڤ سوک دەکەن، هەم بە نەمری دەهێڵرێنەوە...

لەدوایین دێڕەکانمدا دەڵێم: «سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان و ئەو هاوڕێ و هاوخەبات و هاوسەنگەرانەم دادەنەوێنم کە ڕۆژێک دەرفەتی پێکەوە بوونمان هەبووە.

هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ هەموو ئەو هەڤاڵانە دەخوازم کە ڕۆژگارێک لەگەڵم بوون و پاڵپشتم بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم وسەرکەوتنەکانم.


سوپاسی سەرجەم ئەو گوندنشینانە دەکەم کە هەمیشە دەرگای ماڵەکانیان بەڕووماندا والابووه»

داوای لێبوردنیش لەهەموو ئەو هەڤالانە دەکەم کەناوم نەهێناون، چونکە گێڕانەوەی بیرەوەری چل و یەک ساڵ بێگومان بیرچوونەوە و کەموکوڕی تێدەکەوێت، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموولایەک.

# ئەلبوومی
# وێنەکان



بەندە لەگەڵ ڕەوان شاد مام جەلال



بەندە لەگەڵ ڕەوانشاد کاک نەوشیروان



بەندە لەگەڵ کاک عمر شێخ موسی دامەزرێنەری یەکێتی



بەندە لەگەڵ برای گەورە و بەڕێز کاک کۆسرەت



بەندە لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی بەڕێز کاک پاڤڵ



بەندە لەگەڵ کاک دکتۆر بەرهەم لە کۆشکی کۆماری لە بەغداد



لە ڕاستەوە پەروین خان- کاک عدنان مفتی -بەندە



بەندە لەگەڵ کاک ئەرسەلان بایز



لەگەڵ کاک مەلا بەختیار لە کۆنگرەی دوو



بەندە لەگەڵ کاک شێخ جەعفەر



له ڕاستەوە کاک عمر سەید علی -کاک مستەفای سەید قادر-بەندە



له راستەوە کاک جاسم – کاک عومەر فەتاح – یرکۆ  سەفیری کرواتیا له عێراق –  بەندە



کاک شەفیق چاوشین یەکێک لە فەرماندە ئازا و بوێرەکان




لە ڕاستەوە شەهيد علی مەسيفی-شەهيد ديار ئاشگەيی- شەهيد د.هيوا- شەهيد سەنگەر-
شەهيد فوادە ڕەش- شەهيد خورشيد گڕاوی
دانيشتووەكان: نەناسراو- بەندە- هاوكار گڕاوی



كاك عمر غريبی ڕەحمەتی- بەندە- كاك سەرتيپ لە شارباژێڕ




وێنەی قوتابخانەی سەلاحەدینی کوڕان کە یەکەم وێستگەی خوێندنم بوو



بەندە لەگەڵ دوو کارمەندی مین هەڵگرتنەوە



لەڕاستەوە وەستاوەکان: عمر بەلەنجە- شەهید اسماعیل بچوک- شەهید سەنگەر.
دانیشتووەکان: بەشدار کەپو- بەندە- منداڵانی لادێ



ئەمەریکا ساڵی ١٩٩٩ دەنگی کوردی لە ئەمەریکا



لەڕاستەوە شەهید د.هیوا- شەهید علی مەسیفی- بەندە



کاک نەوزادی کاکە ڕەش- بەندە





کاک قەهار گەزنەیی- شەهید سەنگەر-شەهید دیار- بەندە- کاک مەریوان-نەناسراو



مستەفا ئامۆزام- حسن ئامۆزام-حاجی محمد ڕەحمەتی ئامۆزام-بەندە-جلیل برام.




مام ڕەحمان مەلا زادە کوڕێ پیاوێک
پڕ لە دڵسۆزی بۆ کوردایەتی



بەندە لە یادی بارزانی نەمر
لە مەسیف سەلاحەدین



کاک نەهرۆی سەعید سۆفی- مەلا شێخ محمدی ئاشگە-بەندە



بەندە لەگەڵ کاک کمال مفتی ڕەحمەتی



بەندە لەگەڵ کاک خەسرەو شێرەی ڕەحمەتی کۆنگرەی دوو



بەندە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی پشتیوانی
لەسەر گۆڕی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان



بەندە- کاک سعدی احمد پیرە- کاک نصرالله




بەندە لەگەڵ کاک قاسم مەلا ڕەشید ناسراو بە شێخۆ




لە ڕاستەوە جەنەڕاڵ سرنی  کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی وڵاتی کرواتیا
لە شەڕی ناوخۆی یوگسلافیا – بەندە – دوو هاوڵاتی کرواتی



له ڕاستەوە شەهید مامۆستا ئەمیر- کاک مزەفەر- بەندە



شەهید سردار سەعید سۆفی



مامۆژنم فاطمە لەگەڵ شەهید علی مەسیفی کوڕی



قۆناغەکانی خوێندم لە پۆلی یەک-تا شەشی سەرەتایی



لە ڕاستەوە مامۆستا علی عوێز-مەلا محمد بەحرکەی ڕەحمەتی-بەندە- کاک جمیل عیسا



له ڕاستەوە وەستاوەکان: کاک سیامەند گۆڕەشێری- نەجات قەرانجی-شەهید
صالح هەنارەیی-محمود شەمامکی-کاک سامان کۆڕێ
دانیشتووەکان: محمد بچکۆل- محمد سیخۆ -شەهید ئارام



کاک اسماعیل ڕەشید- کاک شێخ مەزهەر-بەندە



بەندە لە وڵاتی کرواتیا ساڵی ٢٠٠٧



بەندە لەگەڵ سەعدی پیرە کۆنگرەی دوو



بەندە لەبەردەم پەرلەمانی ئەمەریکا ساڵی ١٩٩٩



ستافی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی



لەڕاستەوە کاک طاهر خەیلانی- کاک صالح ڕەشکۆی ڕەحمەتی-بەندە-مامۆستا جبار



بەندە-لەگەڵ سیراج بارزانی ستافی هەردوولامان لای وەزیری
ناوخۆیی کرواتیا لە وڵاتی کرواتیا



بەندە لەگەڵ یان گرۆف-کاک عیماد احمد-کاک محمد قەرەداغی



لە ڕاستەوە کاک مستەفا کریم- بەندە-کاک مؤید لە وڵاتی ئەمەریکا
ویلایەتی ئۆریگۆن ساڵی ٢٠٠٠



دکتۆرە ڕێواز- بەندە



له ڕاستەوە مامۆستا حمدامین شێروانی-کاک زوبێر- بەندە-
شلێرخان- کاک نصرالله-کاک سەرکەوت ئاغجەلەری



سەردانی کاک دەرباز بۆ ئەنجومەنی پشتیوانی



ستافی ئەنجومەنی پشتیوانی



بەندە لەگەڵ کاک سەرکەوت کوبە



سەردانیمان بۆ قەڵای هەمەوەند لای کاک شێخەی مەمەند ئاغا
لەگەڵ هەڤاڵانی ئەنجومەن



بەندە لەگەڵ بلێسەخانی ڕەوانشاد جەبار فەرمان



کاک هەرێم کمال ئاغا



بەندە لەگەڵ پلکە زارێ شێرە ژنەکەی گەریاوە



حاجی گوڵیزار صادق دایکی
شەهیدان مامۆستا ئەمیر و
شەهید ڕزگار



پلکە خەجیجی مام ڕەشیدی
گەریاوە کە یەکێک بوو لە شێرە
ژنەکانی گوندی گەریاوە




لەڕاستەوە وەستاوەکان: شەهید شێرکۆ- شەهید سەنگەر-بەندە- شەهید سامان
دانیشتووەکان:شەهید علی مەسیفی-شەهید مامۆستا ئەمیر -کاک صلاح سەربەنی ڕەحمەتی



بەندە لەگەڵ شەهید تەحسین کاوانی



کاک عمر ناصر- بەندە- شالاوی علی عەسکەری



شەهید هاشم جیهاز- کاک کاروان- بەندە- کاک بێستون



کاک شێخ جعفر- کاک شاڵاو- بەندە- کاک نیار عوزێری لە بەخاک سپاردنی
کاک قادری حاجی علی



نەریمان باشتەپە- عبدالله ئامۆزام-بەندە- شەهید سەرباز گڕاوی- نەناسراو



بەندە لەگەڵ کاک قادر عزیز



بەندە لەگەڵ مامۆستا بەکر




بەندە- دایکی ڕەحمەتیم- کاک شێخ نەبەز




بەندە لەگەڵ شەهید شێرکۆ گراوی



وەستاوەکە شەهید کمال برام.
دانیشتووەکان: کاک قەهار
گەڕنەی-نەناسراو- کاک
مەریوان- بەندە- کاک انور
بەحرکە



کاک کارزان شەقلاوەیی



بەندە یەکەم وێنەی پێشمەرگایەتیم ساڵی ١٩٨٢ لە دۆڵە ڕەقە




ڕێگەی هاملتۆن



لە ڕاستەوە وەستاوەکان: کاک قەهار گەزنەیی-مەلا ابرایم ئاغا- کاک پیرۆت براغی-
شەهید علی مەسیفی-شەهید خارە واحید-شەهید کمال برام-کاک صابر بکر
دانیشتووەکان: شەهید بچووک- نەناسراو- کاک مەریوان- شەهید شێرکۆ- بەندە



دایکی ڕەحمەتیم کە زۆر ئازاری چێشت بەهۆی ئێمەوە



سیانزە پەپولەکەی کۆمیەتی مەسیف کە بە غەدر شەهید کران لە ١٩٩٤/٥/٥




بەندە لەگەڵ شەهید کمالی برام لە گوندی سوسێ ساڵی ١٩٨٦



شانۆگەری فایلی (٦٧) کە لەلایەن تیپی شانۆی شۆڕش نمایشکرا کە
بەندە ئەندام بوو لەو تیپە ساڵی ١٩٨٢




گوندی گەریاوە



شەهید خلیل برام کە پارتی بێ سەروشوێنی کرد




شەهید جەبار برام کە پارتی بێ
سەروشوێنی کرد.



بەندە لەسەر گۆڕی شەهید سامان کوڕی پلکم لە گوندی زیارەت لە ساڵی ١٩٨٦



باوکی ڕەحمەتیم ساڵی ١٩٨٦



شەهید کمال برام ساڵی ١٩٩٥



لە ڕاستەوە وەستاوەکان شەهید مجید – شەهید نەجات- شەهید عمر-
کاک فاروق- شەهید نەجات مەولود- بچووکەکە سۆرانی کوڕم





ڕۆژی دەرچونم لە زانکۆی دیجلە بەشی قانون ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢



چێشتخانەی سلێمانیە کە لە ساڵی ١٩٧٩ وەک کرێکار کارم تێدا
دەکرد ڕۆژانە بە ٥٥٠ فلس خاوەنەکەی مام حاجی حمدامین بوو



شاری یاری بەغداد کە لە ساڵی ١٩٧٥ چووم بۆ ئەو شارە




ڕۆژی هاوسەرگیریم لە شارۆچکەی شەقلاوە ١٩٩١/٦/١٤



شەهید سامانی کوڕی پلکم
لە شەوی ١٠-١٩٨٥/٤/١١ لە
شارۆچکەی مەسیف شەهید بوو




شارۆچکەی مەسیف نەجات حمدامین- فاضل قەصاب-سەرتیپ یەحیا-
خالد بارزانی-جمال ابراهیم-کاوانی انور ئەوەی ڕاکشاوە بەندە



مەسیف سەلاحەدین ماڵی خۆمان لە ڕاستەوە شەهید کمال برام-کاک
جمال ابراهیم-کاک نەجات رسول-شەهید تەنیا-کاک شکور بایز-بەندە



شەهید محمد مستەفا جوندی کە یەکێک
لە هاورێ خۆشەویستەکانم



مام حاجی ابراهیم باوکی
جمالی ڕەحمەتی



مام حاجی مستەفا جوندی
کە هاوسێ مان بوو




لە وڵاتی ئێران لە ڕاستەوە وەستاوەکان:
کاک سعید-بەندە-شەهید ئاسۆ معلم-کاک ابوزید
دانیشتووەکان: شەهید دکتۆر هیوا-کاک شکور-کاک شیروان صابر



بەندە لەگەڵ خۆشەویسترین هاوڕێی ڕەحمەتیم جمالی مام حاجی ابراهیم



بەندە لەبەردەم کۆشکی سپی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ١٩٩٩



شەهید هاشم جیهاز



بەندە و کاک سیراج بارزانی لە ولاتی کرواتیا ٢٠٠٧



ژن گواستنەوەی خەلیلی برام ساڵی ١٩٩٥



لە ڕاستەوە – ڕزگار هەوردیانی- مامۆستا تاهیری ڕەحمەتی- کاک شاخەوان ڕەحمەتی- بەندە- ئەوەی دواوە مامۆستا بەکر لە کۆنگرەی یەک ١٩٩٢



لەگەڵ هەڤاڵاَن وەستاوەکان: لە ڕاستەوە شێخ زاهیری ڕەحمەتی-نەناسراو- بایز ئاغای ڕەحمەتی-کاک احمد شریف-کاک عوسمان بانی مارانی-مامند ئاغای ڕەحمەتی
دانیشتووەکان: شێخ کمال-بەندە-کاک زراری قەرەنی ئاغا-نەناسراو



لەگەڵ کاک د.جمال فوئادی ڕەحمەتی لە گەشتی وەزارەت بۆ دەڤەری چوارتا



لەگەڵ کاک عبدالرزاق فەیلی ڕەحمەتی و کاک جوستی



لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێم لە سنوری ڕانیە



من و کاک عمر غریبی ڕەحمەتی ناوچەی شارباژێڕ ساڵی ١٩٩٩



من و کاک عوسمان بانی مارانی و شەهید فاروق ساڵی ١٩٩٥




بەندە و کاک هونەر خۆرانی گوندی قەڵا سنجی سەروو ساڵی ١٩٨٦



ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فڕۆکەخانەی فلۆریدا لە ڕاستەوە
مامۆستا اسعد گۆزێ -بەندە-مام قادر گۆزێ ڕەحمەتی





ساڵی ١٩٩٢ لە چلەی شەهیدی پێشمەرگە محمد فیدائی لە گازینۆی پیرمام لە مەسیف



ئەمەریکا-واشنتۆن لەگەڵ خاتوو شێری سەرپەرشتیاری خولی ئێمە



ئەمەریکا-ئۆریگۆن لە ڕاستەوە صلاح یەحیا-مستەفا کەریم-بەندە-نەجات قادر



لەگەڵ پیاوە بەڕێز و خۆشەویستەکەی سلێمانی ابو سنا



پەرلەمانی وڵاتی کرواتیا لە ڕاستەوە کاک جاسم-سیراج بارزانی-بەندە



لەگەڵ پێشمەرگەی بوێر و ئازا و دەنگ خۆش کاکە حەمە جەزای ڕەحمەتی




١٢٦. تیپی تۆپی پێی پیرمام لە ڕاستەوە:
علی نوری محمد- بەندە- خلیل شێخە- تەحسین قادر- صابر عثمان- نەبەز جواد- کاک عبدالله.
دانیشتووەکان: سلام ئادەم- فاضل قصاب- دارا قادر- ڕۆستەم.



دەوڵەتی ئیمارات لە ڕاستەوە کاک هەرێم-بەندە-کاک ڕێباز



ئەمەریکا-واشنتۆن لە ڕاستەوە کاک ڕۆژ بەهجەت عەونی-نەرمین خان-بەندە



وڵاتی ئێران ساڵی ١٩٨٩ لە ڕاستەوە شەهید د.هیوا-بەندە-
شەهید عبدالله مەلا قادر



ناو کۆمیتەی مەسیف ساڵی ١٩٩٣ لە ڕاستەوە کاک محمد خدر-مام حسێنی ڕەحمەتی-بەندە-مام قەرەنی زرگوزی



گۆڕەپانی وەرزشی مەسیف لەسەر ڕێگای سەری ڕەش ساڵی ١٩٩٣
لە ڕاستەوە: یەکەم و دووەم نەناسراو-فرعۆ محمد صالح-بەندە-شەهید کارزان شەقلاوەیی-جەلال سۆرکانی-صابر بکر-اسکندر مەسیفی




دەنگی ئەمەریکا لە واشنتۆن



خولی دووەمی کادیران لە مەکتەبی ڕێکخستنی هەولێر




بەندە لە گوندی گەریاوە ساڵی ١٩٨٤



لە ڕاستەوە جلیل برام-کاک ئاسۆ ئەڵمانی-بەندە-کاک بورهان



کۆنگرەی یەک لە ڕاستەوە: عبداللە کانی بەردی-بەندە-شەهید کارزان-خوشکی شەهید کارزان-خوشکی کاک مستەفای سەید قادر-هەتاو خان خوشکی خێزانی شەهید سۆران



لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵ و خزم



بەندە لەگەڵ مام حاجی فیصل کەتۆی گۆران



کاک علی شاماری ڕەحمەتی- بەندە



لە ڕاستەوە: کاک نصراللە-کاک عیماد احمد-سۆرانی کوڕم-بەندە



بەندە لەگەڵ کاک جەوهەر ئاغا هەرکی



بەندە لەگەڵ پیاوی ڕۆژانی سەختی خەبات مام زیاد خۆرانی



بەندە لەگەڵ حاجی محمد ئامۆزام



له ڕاستەوە شەهید حاکم شێرزاد- شەهید دیار ئاشگەیی- شەهید تەحسین کاروانی- شەهید شاخەوان- بەندە- کاک لادێ- دانیشتووەکە سعدی مزوری



بەندە لەگەڵ کاک سەعید مەسیفی ساڵی ١٩٨٧



ئامادەیی کوردستانی کوڕان لە هەولێر بەندە لەوێ خوێندکار بوو ساڵی ١٩٧٧-١٩٨٢



لە گۆڕستانی گوندی زیارەتی بناری سەفین


لەگەڵ سەربەنی کوڕە بچووکم



شەهید د.هیوا



بەندە لەگەڵ هەرسێ کچەکەم



گەشتی دوا ناوەندی پیرمام بۆ دەڤەری زاخۆ ساڵی ١٩٨١
لەڕاستەوە وەستاوەکان: عبدالخالق حسین-یاسین کوێخا سمایل-یاسین سۆرانی-شەهید مامۆستا ڕەفیق-مامۆستا ئەکرەم.
دانیشتووەکان:کاک محمد خدر-بەندە-قاسم مەلا ڕەشید.



بەندە لەگەڵ پیاوە جوان و نازدارەکەی مەسیف مام یەحیا مەلا هەمزە



ئەو پێشمەرگەیەی کە هەموو کات
لە سەنگەری پێشەوە بوو(شەهید تەنیا)



دوو کەڵە پیاو دوو قارەمان شەهیدان نەوزاد و شێرزاد



ژن و پیاوێک لە پێشی ڕاپەڕین و ڕۆژی ڕاپەڕین
ماڵەکەیان ببوو بە بارەگای شانە چەکدارەکانی
بروسک،ئەوانیش مامۆستا محمد و خاتوو
حەربیە،دایک و باوکی شەهیدان
(نەوزاد و شێرزاد)





وڵاتی ئەڵمانیا،کۆمپانیای ڤالۆن کە کاری دروستکردنی ئامێری مین دۆزەرەوەیە
لە ڕاستەوە: کاک توانا–سۆنیا–بەندە–گرهالد ڤالۆن–نەناسراو



شەهید فاقە مەخموری و – شەهید هاشم شەمامکی



لە ڕاستەوە شەهید سلیمان بیریێژی – شەهید سەید سەلیم



شەهید
هاشم شەمامکی



لە ڕاستەوە شەهید سلێمان بیرێژی – شەهید جەوهەر بەرەکەیی



مامۆستا چەتۆ حەوێزی



ڕادەستکردنەوەی کێڵگەی مینی پاکراوە لە مین بۆ خاوەن زەویەکە



خولی هاوینەی هۆشیاری مین بۆ لا دێکان



لە ڕاستەوە بەندە- جەوهەر بەحرکە– شەهید سەنگەر



ڕادەست کردنەوەی ژمارەیەک کێڵگەی مین لە ناحیەی بەرزنجە بە ئامادە بونی کاک عیماد



ئۆفیسی لێپرسراوی ئەنجوومەنی پشتیوانیی، ڕۆژانی تۆمارکردنی یادەوەرییەکان
ساڵی ٢٠٢٤









یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستن
بەشی ڕووناکبیری

پەیمانگای کادیران

بڕوانامە


هەڤاڵ جەمال نادر رحمد خولی پەیمانگای کادیرانی بەسەرکەوتوویی تەواو کرد .
بۆ ڕێز لێنانتان لە هەوڵ و کۆشش و خۆماندووکردنی ، ئەم بڕوانامەیەی پێ بەخشرا .

لێپرسراوی
مەکتەبی ڕێکخستن

لێپرسراوی
بەشی ڕووناکبیری



کۆمەڵەی ڕۆژ- لقی کۆیە
ROZH SOCIETY -- KOYA BRANCH
بۆ بەڕێز
ڕێکخراوی مین
بەرچاوکردنی چاوی یەکسانیتان و هاوکاری بەردەوامتان بۆ
کەم ئەندامان وگەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگاو
هەڵویستی جوامێرانەتان بەرامبەر کەم ئەندامان


المركز اللبناني للأعمال المتعلقة بالألغام
LMAC
من رئيس وضباط المركز اللبناني للأعمال المتعلقة بالألغام
الى
المركز العراقي الكردستاني لنزع الألغام
زيارة لبنان ٢٠٠٩


دیاری
کۆمەڵەی پیشەگەرانی چالاکی مین
Mine Action Professional Association
MAPA
کۆمەڵەی پیشەگەرانی چالاکی مین
Mine Action Professional
Gift From
Mine Action Professional
Association


مشروع الحكومة المحلية للعراق

IRAQ LOCAL GOVERNMENT PROJECT

RTI INTERNATIONAL

مێژوو : 5-4-2004

بۆ : بەڕێز حاجی مەسیفی

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەریتی گشتی مین

بەڕێز ..

بە نووسینی ئەم نامەیە سوپاسی خۆمتان ئاراستە ئەکەم بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوونەی کە لە ئەستۆتان گرت بۆ سەرخستنی یەکەمین کۆنفرانسی نیشتمانی بۆ کەمئەندامانی عێراق. ئەم کۆنفرانسە یەکەمین کۆبوونەوەی نیشتمانی کەمئەندامان و شارەزایانی ئەم بوارە بوو بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ڕۆڵی کەمئەندامان لە داهاتووی عێراقدا. ئێمە توانای ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گرنگەمان نەدەبوو ئەگەر یارمەتی ئێوە نەبوایە.

شارەزایی و لێهاتوویی‌تان جێگای پێزانین بوو لە کۆنفرانسەکەدا. شارەزای وەك ئێوە بەردەوام دەبن لە بینینی ڕۆڵی گرنگ کاتێك کە کەمئەندامان کار بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای خۆیان دەکەن لە عێراقدا.

شەرەفێکی گەورەبوو بۆ من کە کار لەگەڵ ئێوە بکەم وە بەشدار بم لەگەڵتان لەم ڕووداوە مێژووییەدا. هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم لە کاری داهاتووتاندا.

دڵسۆزتان ..

ئەندرو مالهارت

بەڕێوەبەری پرۆژەی حوکمڕانی ناوخۆیی

ڕێکخراوی RTI ، ئۆفیسی سلێمانی



# RONCO CONSULTING CORPORATION

2301 M. Street, N. W.
Suite 400
Washington, DC 20037
Tel: 202-785-2791
Fax: 202-785-2078
E-mail: [illegible]

1995 University Avenue
Suite 520
Berkeley, CA 94704
Tel: 510-548-3922
Fax: 510-848-1983
E-mail: [illegible]

## Letter of Appreciation

2 December 2004

Attention Kak Jamal Nader
Director
General Directorate for Mine Action
Ministry of Reconstruction and Co-operation
Kurdistan Regional Government
Sulaimani

**Dear Haji,**

Since November 2003, the creation of the Iraqi Kurdistan Mine Action Center, and the establishment of a partnership between the Kurdistan Regional Government, the US State Department and Ronco generated unique and excellent results in the field of Humanitarian Mine Action.

We would like to commend yourself, all your staff and the Ministry of Reconstruction and Co-operation for the exceptional dedication displayed during the execution of their duties, and the essential flexibility offered at critical times.


Your ability to protect the interests of the Iraqi Kurdistan Mine Action Programme, the understanding of relations between regional, national and international parties, the equipment made available to the technical assistance, for the largest indigenous mine action programme in the world in a timely and efficient manner is well recognized.

Ronco wishes GDMA great success and accomplishment of its humanitarian mission and the pursuit of excellence into 2005 and beyond.

I would like to personally thank you.

جێگای شانازیە کە لەگەڵ تۆ کار بکەم

Emmanuel Deisser
Ronco Senior Adviser to IKMAC


MUNITIONS • CONTAMINATION • REMEDIATION
FELLOWS INTERNATIONAL LIMITED
BFIJV
پێشکەشە بە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین
بەڕێز حاجی مەصیفی



HANDICAPPED UNION OF KURDISTAAN

General Center Sulaimany

یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان

مەڵبەندی گشتی ــ سلێمانی

بۆ بەڕێز / کاک حاجی مەسیفی

بابەت / سوپاس و پێزانین

بەناوی لێپرسراوی گشتی و ئەندامانی دەستەی کارگێری و سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەکەمانەوە ڕێکخراوی ( یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان ) سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین ، کە هەمیشە پشتیوانی ڕاستەقینەی تیمەی کەمئەندامانی کوردستان بوون

جارێکی تریش ڕێز و خۆشەویستی خۆمانتان بۆ دووبارەدەکەینەوە ، هیوای تەمەن درێژی و بەرەوپێش چوونی زیاترتان بۆ دەخوازین

هەرشاد و سەربەرزو سەرکەوتوو بن

عمر کریم [illegible]

لێپرسراوی گشتی

یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان



UNOPS

NORTHERN IRAQ MINE ACTION PROGRAM

PROJECT COORDINATOR COMMENDATION CERTIFICATE


Presented to Mine Coordination Office Sulaymaniyah

in recognition and appreciation for loyalty, dedication and outstanding wo[r]k performance in support of the Mine Action Program.

PROJECT COORDINATOR

Serial Number: ...

Date: 15th August 2002



GICHD | CIDHG

Geneva International Centre for Humanitarian Demining hereby certifies that

Jamal Nadir Hamad

Participated during the:

**Visit by IKMAA and GDMA to the GICHD**

In Geneva, Switzerland | 6-14 December 2010

Petr Lodhammar
GICHD

Ian Mansfield
Deputy Director/Head of Operations GICHD

**The visit covered the following presentations and activities:**

- An overview of the GICHD
- An introduction to IMAS and NMAS
- Land Release and Technical Survey
- Mechanical Demining Operations
- Information Management
- Evaluations
- The Convention on the Prohibition of the Use, Stockpiling, Production and Transfer of Anti-Personnel Mines and on Their Destruction
- Gender in Mine Action
- Landmine Action and Development
- Mini exercise: "Land release concepts and possibilities in the Kurdistan region
- Mine Action Technology – Emerging Technology
- A presentation from Mine Wolf
- A presentation from Swiss Demining Federation
- A study visit to Digger Foundation
- IMSMA Mobile



پەیمانگای بەدواداچوون و توێژینەوەی یاسایی
معهد المتابعة و البحوث القانونية

ollow-up and Legal Research Institute


FLRI

سوپاس و پێزانین

( حاجی مەسیفی )

بەناوی ( پەیمانگای بەدواداچوون و توێژینەوەی یاسایی ) سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەرێزیان دەکەین لەبـاری هەماهەنگی و دڵسۆزی بۆ کار و چالاکی یەکانـی پەیمانگاکەمـان .

سەرۆکی پەیمانگا



پەیامێک بۆ هاوڕێ خۆشەویستەکانم

Message to my Dear Friends

Dear friends & colleagues

Thank You, Thank You, Thank You!!



حکومەتی هەرێمی کوردستان

حكومة إقليم كوردستان



# Invitation to and concept statement 9MSP Geneva

Monday, October 27, 2008 1:35 PM
From:
To:
CONCEPT STATEMENT FOR THE STATES PARTIES MEETING
Dear Mr. Maarif,

The Ministry of Environment would like to present its greetings.

I would like to invite your good self to the upcoming 9th Meeting of the State Parties to the Ottawa Convention as a member of the Iraqi Delegation, I'm afraid you will have to cover all expenses for this participation.
Also, please find attached a concept statement, we would welcome your input, additions and suggestions.

Awaiting your reply.

Dr. Kamal H. Latif
Deputy Minister
Ministry of Environment

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین
ژمارە:
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٢٠
پەیوەست:

بۆ / وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری
ب / ئیفاد

داواکارە ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر ئیفادکردنم بۆ وڵاتی سویسرا بەمەبەستی بەشداربوونم لە کۆبوونەوەی نۆیەمی وڵاتانی بەشداربوو لە ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا لە جنێف وە بەجۆری دەعوەتنامەی وەزارەتی ژینگەی عێراقی فیدراڵ کە بۆی نادرێن ئێمەش ئەندامێکین لەو وەفدەی عێراقی بۆ وڵاتی سویسرا بەڵام هەرکەسە مەسرووفاتی خۆی دەکات ڕەسمەکەمان بەو شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٠ لە سلێمانی بۆ عەممان
شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٢ لە عەممانەوە بۆ جنێف
ڕۆژانی کۆبوونەوە لە جنێف لە ٢٠٠٨/١١/٢٤ بۆ ٢٠٠٨/١١/٢٨
ڕۆژی گەڕانەوە بۆ عەممان ٢٠٠٨/١١/٢٩

لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچ / دەعوەتنامە

جەمال نادر حەمەد
بەڕێوەبەری گشتی بەرنامەکان



GICHD | CIDHG

TO WHOM IT MAY CONCERN

The Geneva International Centre for Humanitarian Demining (GICHD) organises a Mine Action Training to be held in Geneva from 4 December 2010 to 15 December 2010.

The aim of the workshop is to provide the staff from the Iraqi Kurdistan Mine Action Agency (IKMAA) and the General Directorate of Mine Action (GDMA) from the Kurdistan Region with an overview of GICHD activities and training on various mine action related topics including mine action contracting, land release, mechanical demining, gender in mine action and more.

The GICHD confirms that Mr. Jamal Nadir HAMAD is invited to participate in the above-mentioned training and that the costs for travel and hotel accommodation will be covered by The Kurdistan Regional Government (KRG).

Any courtesy extended to Mr. Hamad in issuing a Schengen visa to enable attendance at the workshop will be greatly appreciated.

Marie-Christine Vaillot
Travel & Administrative Assistant

Geneva, 1 November 2010

بۆ لایەنی پەیوەندیدار
سەنتەری جنێفی نێودەوڵەتی بۆ کاری مین هەڵگرتنەوەی مرۆیی (GICHD) خولێکی ڕاهێنانی کاری چالاکی مین ڕێکدەخات لە جنێف لە ٢٠١٠/١٢/٤ بۆ ٢٠١٠/١٢/١٥.
مەبەست لە وۆرک شۆپەکە بۆ ئەوەیە کە زانیاری لە بارەی کاروچالاکیەکانی سەنتەری جنێفی نێودەوڵەتیەوە (GICHD) بدرێت بە ستافەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین ی کوردستانی عێراق (IKMAA) و ستافەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین (GDMA) لە هەرێمی کوردستان وە ڕاهێنانیان بۆ دابین بکەن لەسەر بابەتی جۆراوجۆری پەیوەندیدار بە کاروباری مینەوە، لەوانە گرێبەست کردن لە کاروباری میندا، پاککردنەوەی زەوی، مین هەڵگرتنەوەی میکانیکی، ڕەگەز (جێندەر) لە کاروباری میندا هەروەها بابەتی زیاتر.
سەنتەری جنێفی نێودەوڵەتی (GICHD) پشتگیری بەڕێز (جمال نادر حمد) دەکات کە بانگهێشت کراوە بۆ بەشداری کردن لەو خولە ڕاهێنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، پارەی تێچوونی گەشت کردن و شوێنی حەوانەوەی ئوتێل و خواردن لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (KRG) دابین دەکرێت.
هەر هاوکاری و یارمەتییەک بدرێت بە بەڕێز (حمد) بۆ بەدەست هێنانی ڤیزەی شینگن تا بتوانێت ئامادە بێت لە وۆرک شۆپەکەدا زۆر دەستخۆشیە.

ماری کریستین ڤایلۆ
یاریدەدەری گەشت و کارگێڕی
جنێف ٢٠١٠/١١/١

United Nations Development Programme

UNDP

Iraq

28 November 2007

STRATEGIC PLANNING MEETING FOR THE GENERAL DIRECTORATE FOR MINE ACTION IN AMMAN: UNDP AMMAN OFFICE, [illegible] 11 NOVEMBER 2007

[illegible]

Yours sincerely,

Senior Mine Action Advisor

[illegible]

---

حكومة إقليم كوردستان

[illegible]

حکومەتی هەرێمی کوردستان

[illegible]

---

Patriotic Union of Kurdistan

Suleimany Organization center

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان

مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی

ژمارە: ١٢/٤٨٤

بەروار: ٢٠٠٨/٢/١٩

بۆ بەڕێز/ بەڕێوەبەری گشتی مین

بابەت/ سوپاستامە

سڵاوێکی گەرم..

سوپاسی بەڕێزتان دەکەین سەبارەت بە هاوکاری کردن و کارئاسانی کردنتان بۆ چالاکی و کۆبونەوەکانی ڕێکخستن لە سنوری کۆمیتەی (١٠)ی ڕێکخستنی ئاشتی ، دووبارە سوپاستان دەکەین .

لەگەڵ ڕێزماندا

مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی

وێنەیەک بۆ :

- ئەرشیف
- کۆمیتەی (١٠)

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان /س
کارگێڕی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الاقتصاد
المديرية العامة للديوان / س
الادارة

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy

ژمارە: ٢٦١١٢
ڕێکەوت: ٥ /بەفرانبار/ ٢٧١٠ کوردی

NO: ٢٦١١٢
Date٢٠١٠/١٢/٢٦

هاتوو
ژمارە/ ٣٢٦٦
بەرواری ١٢/٢٦/ ٢٨٠

بۆ / بەڕێز / جمال نادر حمد / بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین بە وەکالەت

بابەت/ سوپاس و پێزانین

لەبەرئەوەی توانیوتانە کارەکانی ڕۆژانەتان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام بدەن ئەمەش نیشانەی دڵسۆزیتانە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانتان بۆیە (سوپاس و پێزانین)ی خۆمانتان ئاراستە دەکەین بە هیوای بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕێڕەوە بۆ زیاتر خزمەت کردنی فەرمانگەکەتان.

بایز سعید محمد
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠١٠/١٢/٢٦

وێنەیەک بۆ/
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/نووسراوتان بۆ کاری پێویست بە بەخشینی (١) مانگ قدم بە ناوبراوان لە بەرواری دەرچوونی ئەم نووسراوە بەپێی برگەی (١)ی ماددەی (٢١) لە قانون انضباط موظفي الدولة ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١.
- کارگێڕی /لەگەڵ سەرەتاکاندا.
- دۆسیەی کەسی.
- خولاو.

Kurdistan Region Sulimani
phon: 3210516
(975)22/12/ 2010

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان /س
کارگێڕی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الأقتصاد
المديرية العامة للديوان /س
الأدارة

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy

ژمارە: ٤٤٤
ڕێکەوت: / سەرماوەز/٢٧١٠ کوردی

NO: ٤٤٤
Date: ٢٠١١/٨/٨

بۆ / بەڕێزان

١-مليحە رسول خدر / بەڕێوبەری گشتی دارایی
٢- نەوڕۆز محمد سالح برهان / بەڕێوبەری گشتی گومرگ
٣- بیستون محمد کریم محمد / بەڕێوبەری گشتی باجەکان
٤- چالاک رفیق چالاک / بەڕێوبەری گشتی پلان دانان
٥- عبدالرحمن سالح رشید / بەڕێوبەری گشتی بانکی هەرێم
٦-جمال نادر حمە سلیم / بەڕێوبەری گشتی کاروباری مین

بابەت / سوپاس و پێزانین

لەبەر ئەوەی توانیوتانە کارەکانتان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ئەنجام بدەن ئەمەش نیشانەی دڵسۆزیتانە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانتان بۆیە (سوپاس و پێزانین) ی خۆمانتان ئاراستەدەکەین بەهیوای بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕێڕەوە بۆ زیاتر خزمەت کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

بایز سعید محمد
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠١١/٨/٥

بخزينة خاية تابيه ت

وێنەیەک بۆ/ .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکی هەرێم
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ
- خزیەتی
- کارگێڕی / لەگەڵ سەرەتاکاندا .
- دۆسیەی کەسی / ٦ .

بۆ کاری پێویست بە بەخشینی (١) مانگ (قدم) بەناوبراوان لەبەرواری دەرچوونی ئەم نووسراوە وە بەپێی بڕگەی (١) ی ماددەی (٢١) لە (قانون انضباط موظفي الدولة) ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٩١ .

حکومەتی هەرێمی کوردستان
هاتوو
ژمارە/ ٧١
بەرواری ٢٠١١/٨/١١
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین

Talisman (Block K39) B.V.
Number 371
English Village Compound
Gulan Street,
Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**TALISMAN**
ENERGY

تالیزمان (بلۆك K39) B.V.
هەرێمی کوردستان-عێراق
هەولێر-شەقامی گولان
کۆمەڵگای گوندی ئینگلیزی - (ماڵی ژمارە ٣٧١)

December 3, 2010

Mr. Jamal Nadir Hamad

Director General
General Directorate of Mine Action (GDMA)
Kurdistan Regional Government

Subject: <u>Thank you for your support to Talisman Operations regarding Block K9 Seismic Program</u>

Dear Sir;

I wanted to send you this letter of appreciation with regard to all of the great support you and your staff have given to our operations for the Block K9 seismic program. The manner in which your personnel interacted with Talisman's personnel was exemplary. There are many times that I have been informed of the extra effort made by your teams and staff to get the work done in a safe and professional manner. In a challenging environment this kind of mutual teamwork is very important to ensure a successful project. As you and I have discussed several times the GDMA provide a critical service to ensure the safety of our personnel, contractors, and stakeholders. We are very appreciative of the GDMAs efforts to having achieved the goal, and thereby ensuring the seismic program operation was a sucess.

In summary, Talisman is very grateful to you for your support. I know that this support has resulted in a mutual benefit to the Kurdish people as well as the personnel working for Talisman. Thank you.

Sincerely,

Helmut Gutsche
Country Manager
Talisman (Block K39) B.V.

Cc Mick Cane, Security Manager, Talisman (Block K39) B.V.

بەروار: ٢٠١٠/١٢/٣

بەڕێز: کاك جمال نادر حمد
بەڕێوەبەری گشتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین (GDMA)
حکومەتی هەرێمی کوردستان

بابەت: <u>سوپاسی هاوکاریتان بۆ کارەکانی تالیزمان لە بەرنامەی ڕووپێوی بوومەلەرزەیی بلۆکی K9</u>

بەڕێز کاك جمال،

ویستم ئەم سوپاسنامەیەت بۆ بنێرم سەبارەت بەو هەموو هاوکاریە گرنگەی کە تۆ و ستافەکەت پێشکەشی ئێمەتان کرد لە پرۆژەی بەرنامەی ڕووپێوی بوومەلەرزەیی (سایزمیك) ی بلۆکی K9. ئەم جۆرە لە هەماهەنگی کارمەندەکانتان کە لەگەڵ کارمەندانی ئێمە ئەنجامیاندا شێوازێکی نموونەیی بوو. زۆرجار جار پێم ڕاگەیەنراوە کە تیم و ستافەکەی ئێوە ڕەنجی زیاتریان داوە بۆ ئەنجام گەیاندنی کارەکە بەشێوەیەکی سەلامەت و پیشەگەرانە. لەژینگەیەکی هەڕەشە ئامێزدا، ئەم جۆرە کارکردنە لەچوارچێوەی تیمی هاوبەشدا زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی پرۆژە. هەروەك من و تۆ چەندین جار باسمان کردووە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین (GDMA) خزمەتگوزاری زۆر گرنگ پێشکەش دەکات بۆ دڵنیا بوون لەسەلامەتی کارمەند و بەڵێندەر و هاوبەشەکانمان. ئێمە زۆر ڕێز لە هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین (GDMA) دەگرین بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە و ئیتر بەمەش دڵنیابوون لە سەرکەوتنی بەرنامەی ڕووپێوی بوومەلەرزەیی.

بەکورتی، تالیزمان زۆر سوپاس هاوکاریتان دەکات و دەزانم کە ئەم هاوکاریە بووەتە هۆی سوودی هاوبەش بۆ خەڵکی کورد و ئەو کەسانەی کار بۆ تالیزمان دەکەن. دووبارە سوپاس

لەگەڵ ڕێزی

هێلمەت گوتچی
بەڕێوەبەری کۆمپانیا لە کوردستان
تالیزمان بلۆك (K39) B.V.
<u>وێنەیەك بۆ:</u>

میك کین، بەڕێوەبەری ئاسایی تالیزمان بلۆك (K39) B.V.

کارگێڕی

بەڕێز ناسۆ بۆ زانیاری
خوێندرایەوە لە ئەرشیف هەڵبگیرێت

General Center
Sulaimany

Tel : 3180335
Email :
nooribarzinjy@yahoo.com

Rozh Society

کۆمەڵەی ڕۆژ

مەڵبەندی گشتی
سلێمانی
تل : 3180335
ژمارە : 662
رێکەوت : 2007 / 12 / 22

بەڕێز : بەڕێوەبەرێتی گشتی چالاکی مین لە کوردستان / سلێمانی

بابەت : سوپاسنامە

سڵاو

بەناوی خۆم ئەندامانی کارگێڕی و گرووپی شانۆی کۆمەڵەکەمان سوپاسی بێپایانمان ئاراستەی بەڕێوبەرێتیەکەتان و بەتایبەتیش جەنابی کاک ( **حاجی مەسیفی** ) و بەڕێز ( **کاک سۆران مجید** ) دەکەین بۆ ئەو هاوکاریەی پێشکەشی کۆمەڵەکەماتان کرد لەرێی رێکخراوی ( کۆرد)ەوە ، بە بۆنەی سەفەرکردنمان بۆ بەشداریکردن لە فیستڤاڵی نێو دەوڵەتی شانۆی کەمئەندامان لە تاران ، بەڕاستی سەرەڕای ئەو زەحمەت و کێشمەکێشەی سنوورەکان بەسەرمان هات بەڵام هاوکاری بەڕێزتان بووە بەشێکی گرنگ لە فاکتەری سەرکەوتنمان لە نێوفیستیڤاڵدا ، هیواداریین هەر لە گەشەکردن و پێشکەوتندا بن بۆ خزمەتکردنی کەمئەندامانی کوردستان .

دووبارە ڕێزمان قبوڵ بکەن ..................

ئەندازیار
نوری شێخ ڕەزا ـ کۆێك
سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژ

سلێمانی _ بەختیاری 111 شەقامی 45 جەمال عیرفان _ خانووی ژمارە 79

٨

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
مەڵبەندی (٢)ی ڕێکخستنی هەولێر

ژمارە / -----
بەروار / / / ١٩٦٢

(( هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی مەڵبەندی (٢)ی ڕێکخستنی هەولێر ))

لیستی ژمارە (١)

ئەو هەڤالانەی کە ئەندیر دەکرێن

| ناوی سیانی | پلەی ڕێکخستن | بڕیار |
|---|---|---|
| ئەزل علی مصطفی (شیخ فەزل هیرانی) | ئەندام مەڵبەند | ئەندیر بکرێ... |
| خەسرەو هادی شێرە (خەسرەو شێرە) | کارگێڕی مەڵبەند | ئەندیر بکرێت |
| محمد حسن پیرداود (مەلا محمد بحرکەی) | کارگێڕی مەڵبەند | - - |
| عبداللە توفیق محمد | کارگێڕی مەڵبەند | - - |
| کاکە زیاد عومەر ئەحا (جەعفر) | کارگێڕی مەڵبەند | - - |
| جمال نادر حمد (حاجی مەسیفی) | لێپرسراوی کومیتەی مەسیف | - - |
| محمود حمد احمد | ل٠ کومیتەی تێکۆشەرە دێرینەکانی | - - |
| دیدەوان سید محمد | ل٠ کومیتەی کاسبکاران | - - |
| علی قادر بەرە مەیس | ل٠ کومیتەی کرێکاران | - - |
| فتاح رحمان حەمەصالح | ل٠ کومیتەی فرمانبەران | - - |
| عەزەدین عبدالله سعید | ئەندام مەڵبەند | - - |
| ابراهیم رسول (شاسوار) | ئەندام مەڵبەند | - - |
| کمال غریب فەرەج | ئەندام مەڵبەند | - - |
| علی رسول عبداللە | ئەندام مەڵبەند | - - |
| جبار مستەفا رەسول (جبارە ڕەش) | ئەندامی مەڵبەند | - - |
| عماد ناهر صالح (ئازاد چاوشین) | ئەندام مەڵبەند | - - |
| عبدالخالق محمد حمد (مام علی) | ئەندام مەڵبەند | - - |
| حسین عبدالرحمان احمد (ماموستا ڕێوار) | ئەندام مەڵبەند | - - |
| عبدالقهار عزیز علی | ئەندام مەڵبەند | - - |

MAG (Mines Advisory Group) 68 Sackville Street Manchester M1 3NJ UK
Tel: +44 161 236 4311
Fax: +44 161 236 8244
E-mail: info@maginternational.org

maginternational.org

MAG
saves lives builds futures

Mr Haji Masifi
Director General
General Director of Mine Activities
Sulaimaniyah
Kurdistan Region of Iraq

13th March 2009

Dear Mr Haji Masifi,

It was a pleasure to meet you at your Head Quarters during my visit to MAG Iraq last September.

As you will recall, we discussed the possibility of arranging a visit to the UK and I would very much like to welcome you to visit our Head Quarters, here in Manchester to discuss MAG' s work and future collaboration between the GDMA and ourselves. Furthermore, the visit will provide an opportunity to learn more about MAG, its structure, methodologies and procedures, and to meet some of our key staff.

I would like to propose a visit in April and my PA Sarah Walker is contactable by email: sarah.walker@maginternational.org or phone: +44 (0) 161 236 4311 to discuss your availability and the logistical arrangements. The MAG Country Programme Manager in Iraq, Chris Loughran, is also at your service to provide further information.

I would be honoured if you were to accept my invitation and I look forward to hearing from you.

Yours faithfully,

Lou McGrath OBE
Chief Executive
MAG